ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

گەشتێک بەناو فکر و فەلسەفەی جیهاندا

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

گەشتێک بەناو فکر و فەلسەفەی جیهاندا

خوێندنەوەیەک بۆ فکر و فەلسەفەی35 فەیلەسوفی جیهان

- گەشتێک بەناو فکر و فەلسەفەی جیهاندا
- ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
  - دیزاین: کەمال حامد
  - تیراژ: 500 دانە
  - ساڵی چاپ: 2025
  - چاپ: چاپخانەی پیرەمێرد
  - زنجیرە: (560 - 84)

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (١٨٢٤) ی ساڵی 2025 پێدراوە

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

www.hoshyary.com inf@puknow

ناوەڕۆک

پەیڤێک ٨
ئیبن روشد ١٢
سوهرەوەردی ٢٢
تاغور ٤٨
کریشنا مۆرتی ٧٠
ئۆشۆ ٨٤
داریوش شایگان ٩٧
فەلسەفەی یۆنانی ١٠٦
بۆچی فەلسەفە لە یۆنان سەریهەڵدا ١٠٦
سوکرات ١١٣
ئەفلاتون ١٢٩
ئەرستۆ ١٤١
مارتین لۆتەر ١٧١
دیکارت ١٩٠
سپینۆزا ٢٠٣
کانت ٢٢٢
وێستگە گرنگەکانی فەلسەفەی ئەوروپا (کانت، هیگل) ٢٣٣
دیدرۆ ٢٤٧
جان جاک رۆسۆ ٢٦٣
ڤۆلتێر ٢٨٨
دەیڤید هیوم ٣١٩
شۆپنهاوەر ٣٣٢
مارکس ٣٤٤

هۆسرڵ ٣٦١
مارتین هایدگەر ٣٧٤
کاریگەری نیتچە لەسەر فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ٣٨١
گرامشی ٣٩٥
جۆن دیوی ٤٠٦
ئەلبێر کامۆ ٤٢١
ئەرنست ماندڵ ٤٣٨
بێرتراند ڕاسڵ ٤٦٢
کلۆد لیڤی شتراوس ٤٦٦
هانا ئارێنت ٤٧٥
میشێل لیوقە ٤٨٣
فرانسیش فۆکۆیاما ٤٩٣
یوڤاڵ نوح هەراری ٥٢٦
سەرچاوەکان ٥٦٣

پەیژێک

هەمووکاتێک کە باسی فەلسەفە و فەیلەسوف دەکرێت، خەڵکی بەگشتی دیدێکی ئاڵۆز یان زۆرجار دەتوانم بڵێم، تێڕوانینێکی خراپیان لەبارەیەوە هەیە. بەشێکیان وا هەست دەکەن کە فەلسەفە تەنها کاری نوخبەیەکی تایبەتی کۆمەڵگەیە و لقێکی زانستە کە پەیوەندی بە زۆرینەی خەڵکییەوە نییە، بە واتایەکی تر فەلسەفە بۆ خەڵکی عەوام نابێت. بەگشتیش ئەوانەی کە خۆیان بە فەلسەفە خەریک دەکەن، لای خەڵکی بە کەسانی تایبەت دادەنرێن. ئەمەش لەدێرزەمانەوە ئەم دیدگا هەڵەیە لە مێشکی بەشێکی زۆری خەڵکیدا چەسپیووە.

بەڵام لەراستیدا فەلسەفە هیچ کاتێک لە ژیان و کار و گوزەرانی خەڵکییەوە دوور نەبووە، بگرە بەشێک بووە لە ژیانی خەڵکی. دەتوانم بڵێم کە هیچ شتێک لە ژیاندا بەبێ فەلسەفە نابێت، تەنانەت ئاساییترین کاریش، پێویستی بە فکرێک هەیە لە پشتییەوە بێت.

هەر لەسەرەتاوە فەلسەفە هێندەی خۆی بە «پرسیار» هوە خەریککردووە، کەمتر خەریکی وەڵامدانەوە بووە. سوکرات هێندەی پرسیاری دەکرد، کەمتر قسەی دەکرد. لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤی هۆشمەند و جێگیربوونی لە شوێنێکدا، مرۆڤ خۆی بە کۆمەڵێک پرسیارەوە خەریککردووە لەوانە: مانای ژیان، کات، شوێن، جوانی، سروشت و دەوروبەر، بوونی گیانلەبەران، چارەنووس، مەرگ، کارەساتی سروشتی. سەرەتاش ئایینەکان هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی داوە، ئەوەش لەرێگەی پێغەمبەرەکانەوە. دواتریش فەیلەسوفەکان هەوڵیانداوە رێگەیەکی نوێ یان وەڵامێکی نوێ بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزنەوەو زۆرجاریش پرسیاری نوێتریان کردووە.

ماوەی سی(٣٠) ساڵێک دەبێت دەستم کردووە بە خوێندنەوەی

فەلسەفە و کارو بەرهەمی فەیلەسوفان و بیرمەندانی جیهان. سەرەتا کتێبی فەیلەسوف و بیرمەندە چەپەکان، مایەی گرنگی پێدانم بوون بەتایبەتی «مارکس، ئەنگلس، بلیخانۆف، لینین، باکۆنین، بوخارین، ، » پێم وابوو فەیلەسوف و بیرمەندە چەپەکان دەتوانن وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەم بدەنەوە کە لەناو مێشکمدا دەهاتن و دەچوون.

هەمیشە خوێندنەوە ئاسۆی بیرکردنەوەمان زیاتر دەکات و لەئەنجامیشدا دەتوانێت کلیلی دەرگایەکی نوێمان پێ بدات و لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی نوێ تر بمانگوازێتەوە. کاتێک کۆچم بۆ ئەوروپا کرد و ماوەی شانزە ساڵێک لە ئەڵمانیا ژیام و خەڵکانی جیاوازم بینی و زمانی ئەڵمانیش دەرگای کتێبخانەیەکی گەورەی بە رووم کردەوە، ئینجا زانیم ئەو زانیارییەی من لەبارەی فەلسەفە هەمبوو، زۆرکەمە و پێویستە بەدوای سەرچاوەی مەعریفەی تردا بگەڕێم، تاوەکو بتوانم بەلایەنی کەمەوە، شارەزاییەکی ئاساییم لە بارەی فکر و فەلەسەفەوە هەبێت. هەربۆیە دەستمکرد بە خوێندنەوەی بەرهەمی بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی جیهان بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە بەرەی لیبراڵ و دژە کۆمۆنیستییشەوە.

وا بۆماوەی سی ساڵێک دەچێت خۆم خەریکردووە بە خوێندنەوەی بەرهەمی زۆرێک لەو فەیلەسوفانەی جیهان، کە جێ پەنچەیان بەسەر فکری جیهانەوە هەیە و مرۆڤایەتییان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر گواستۆتەوە.

دەربارەی ئەم کتێبە

ئەم کتێبەی بەردەستتان بریتییە لە گەشتێکی فکریی بەناو باخی فەلسەفەدا، هەوڵی زۆرمداوە لەناو باخەکەدا تەنها گوڵەکان هەڵبژێرم و خۆم لە درک و دەوەنەکە بەدوور بگرم. کام گوڵی بۆنخۆشە بیهێنمە بەردەستتان و ئێوەش هێواش هێواش بۆنی بکەن.

لەم گەشتەماندا دەمەتەقێیەک لەگەڵ فەیلەسوفانی جیهان دەکەین، لێیان نزیک دەبینەوەو گوێیان بۆ رادەگرین بزانین ئەوان چۆن وەڵامی پرسیارەکانی : بوون، مەرگ، ژیان، کات، شوێن، شەڕەنگێزی، ئاشتیخوازی، چارەنووس، ژیاندۆستی، مەرگدۆستی، کۆمەڵگە، تاوانکاری، دەدەنەوە.

دواتریش چۆن وەڵام یان چارەسەریان چییە بۆ کێشە گەورەکانی کە رووبەروی مرۆڤایەتی دەبنەوە بەتایبەتی لە ئێستاماندا لەوانەش: پیسبوونی ژینگە، گەرمبوونی زەوی، نایەکەسانی، پرسی پێشکەوتنی زانست و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤایەتی، تیرۆر، جەنگ و ئاشتی.

ئەم کتێبە باسی کارو بەرهەمی سی و پێنج فەیلەسوفی جیهان دەکات، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا. سەرەتا لە خۆرهەڵاتەوە دەستپێکردووە، باسی ژیان و کار و فکری فەیلەسوفانی ئیسلامی «ئیبن روشد، سوهرەوەردی» م کردووە کاریگەریی ئەم کەڵە فەیلەسوفانەم بەسەر فکری جیهانەوە بەگشیی و ئەوروپا بەتایبەتی باسکردووە. پاشان چوومەتە هیندوستان و باسی سێ عاریف و بیرمەندی گەورەی ئەم وڵاتەم کردووە کە ئەوانیش : تاغور، ئۆشۆ، کریشنا مۆرتی. پاشانیش هاتومەتە ئێران هەوڵمداوە تیشکێک بخەمەر سەر هزرو فکری بیرمەندی ئێرانی داریوش شایگان.

دواتر پەڕیومەتەوە بۆ کیشوەرە پیرەکە، سەرەتا لە یۆنانی کۆنەوە دەستمپێکردووە و بە سوکراتی باوکی فەلسەفەی کلاسیکی ئەوروپا دەستمپێکردووە، دوای ئەویش خوێندکارەکانی کە ئەوانیش «ئەفلاتون، ئەرستۆ». پاشان باسی مارتین لۆتەر و شۆڕشە فکریی و ئاینییە گەورەکەی لەسەدەکانی ناڤیندا. دوای ئەو باسی «دیکارت»م کردووە کە وەکو زۆرکەس دەڵێن، بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرنی ئەوروپا دادەنرێت. ئینجا سپینۆزا و فەیلەسوفانی رۆشنگەریی ڤۆلتێر و رۆسۆ و دیدرۆ، کانت و دەیڤید هیوم و هیگل و نیتچە. پاشانیش مارکس و کاریگەریی گەورەی بەسەر فکری چەپ و راستدا. پاشان باسی هۆسڕل دەکەم و کاریگەرییەکانی بەسەر فکر و فەلسەفەی خۆرئاوایی دەردەخەم بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە فینومینۆلۆژییەوە هەیە. دواتر دێمە سەدەی بیستەم باسی هایدگەر دەکەم کە تارمایی بەسەر تەواوی فەیلەسوفانی سەدەکەوە هەیە بەتایبەتی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و فەیلەسوفانی فەرەنسا. دواتریش باسی گرامشی و ئەلبێرت کامۆ و ئەرنست ماندڵ و میشێل لیوقە و شتراوس و هانا ئارێنتم کردووە. لە کۆتایشدا بازمداوە بۆ ئەمریکا و دیدوبۆچوونی ناسراوترین فەیلەسوفی ئەمریکام باسکردووە کە ئەویش فرانسیس فۆکۆیامایە. بۆچوونە سیاسی و فکرییەکانیم باسکردووە.

کتێبەکەشم بە گەنجترین فەیلەسوف کۆتایی پێهێناوە کە ئەویش فەیلەسوفی ئیسرائیلی یوڤال نوح هەراریە. بۆچوونەکانی لەبارەی مێژووی مرۆڤایەتیی و شۆڕشی کشتوکاڵیی و پیشەسازیی و تەکنۆلۆجی. هەروەها کێشەکانی مرۆڤایەتی لە ئیستادا چین و دەبێت چیبکەین.

هەموو ئەمانە بوونەتە میوانێکی ئازیزی ئەم کتێبەمان و هەریەکەیان حکایەتی خۆی لەگەڵ فکر و فەلسەفەدا بۆمان دەگەڕێنیتەوە.

بۆ نووسینی ئەم کتێبەش هەوڵمداوە بە زمانێکی سادەو ئاسان و دوور لە ئاڵۆزیی، باسی فکر و فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفە مەزنانە بکەم، بەو هیوایەی هەمووکەس بتوانێت لێی تێبگات.

هەوڵیشمداوە بە دوو شێوە ئەم کارە بکەم. لەلایەکەوە هەوڵمداوە بەشێکیان لەڕێگەی باسکردنی کتێبێکیانەوە، تیشک بخەمە سەر ژیان و فکریان، هەندێکی تریشیان لەڕێگەی وەرگێڕانی هەندێک تێکستی عەرەبی و ئەڵمانییەوە، هەوڵمداوە فکر و فەلسەفەی ئەو فەیلەسوفانە بە خوینەری کوردی ئاشنا بکەم.

ئامانجی سەرەکی منیش لەم کتێبەدا تەنها ئەوە بووە کە خوێنەر بەلایەنی کەمەوە ئاگاداری هەندێک فکر و فەلسەفەی جیهان بێت، چۆن ئەو فەیلەسوفانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکانی مرۆڤایەتی کردووە، هەروەها چ کاریگەرییەکیان بەسەر مرۆڤایەتی داناوە، هەروەها هیوادارم لەڕێگەی ئەم کتێبەوە، خوێنەری هێژامان، ئاشنا بێت بە تێزە کۆن و نوێکانی فەیلەسوفانی جیهان.

هەرچەندە ئەم هەوڵە خاکیانەی ئێمە زۆر سنووردارە، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی فکر و فەلسەفەی جیهان، بەڵام هیوادارم بەرچاوڕوونییەکی باشیان لەڕێگەی ئەم کتێبەوە دەستبکەوێت و دەرگایەکیش بێت بۆ تێکەڵبوون بە فکر و فەلسەفەی جیهان.

فەیلەسوف و عاریفانی خۆرهەڵات

ئیبن رشد

تێڕوانینی ئیبن روشد لەبارەی پەیوەندی نێوان ئایینی ئیسلام و فەلسەفە

لە ماوەی پێشوودا لە دیدارێکی تایبەتدا لەگەڵ کەناڵی «العربیة» موراد وەهبە فەیلەسوف و بیرەمەندی ناسراوی میسری وتی : ئیبن روشد کاریگەری گەورەی بەسەر فکری ئەوروپاوە هەبووە، بەتایبەتی لە رووی فکری جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و ئازادی تاکە کەسییەوە. ئەم قسەیەش بەلای منەوە سەیر بوو، بەڵام کاتێک سەیری بەرهەمەکانی ئەم کەڵە فەیلەسوفە دەکەین، ئەوجا لە گرنگی فکری تێدەگەی.

ئیبن روشد یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارو گرنگەکانی جیهانی ئیسلامی،

لـه سـاڵی ٥٢٠ کۆچـی لـه شـاری قوورتوبـه لـه باشـووری ئیسـپانیا لـه دایـک بـووەو لـه سـاڵی ٥٧٥ کۆچیـی دوایـی کـردووه. ئـەو جگـه لـەوەی زانایەکـی ئایینـی بـووه خۆشـی بـه فکـرو فەلسـەفەی یۆنـان و زانسـتی فەلەکناسـیی و پزیشکیشـەوه خەریـک کـردووه. هەروەهـا لـه پـاش خـۆی کۆمەڵێـک کتێبـی گرنگـی فکریـی و زانسـتی بەجێهێشـتووه گرنگترینیـان : (فصـل المقـال، تهافت التهافت، الکشـف عـن مناهـج الادلـة) هەروەهـا کتیبـی «الکلیـات» لـه بـواری زانسـتی پزیشـکیدا، کـه یەکێکـه لـه کتێبـه گرنگەکانـی بـواری پزیشـیکی.

یەکێکیـش لـه کتێبـه بەناوبانگەکانـی «فصـل المقـال»، کـه تێیـدا پرسـی پەیوەندی فەلسـەفه و ئایین و وەڵامدانـەوەی ئیمـام غەزالییـه. ئـەم کتێبـه لـه رووی فکریـی و فەلسـەفییەوه گرنگـی زۆری هەیـه. خۆشـبەختانه لەلایـەن وەرگێـڕی هێژامـان کاک مەریـوان عەبـدول کراوەتـه کوردیـی.[1] لـەم کتێبـەدا ئیبـن روشـد هەوڵیـداوه وەڵامـی ئـەو پرسـیاره گرنگـه بداتـەوه کـه ئایـا فەلسـەفه و ئایین دژ بـه یەکـن یـان تەواوکـەری یەکترین؟ هەروەهـا وەڵامـی بۆچوونەکانـی ئیمـام غەزالـی داوەتـەوه، کـه دژی فەلسـەفه بـووه، دیـاره ئەمـەش بـه پشتبەسـتن بـه ئایەتەکانـی قورئانـی پیـرۆز و وتەکانـی پێغەمبـەر.

ئێمـه لـەم کورتـه نوسـینەدا هـەوڵ دەدەیـن تیشـک بخەینـه سـەر فکـر و تێروانینەکانـی ئـەم کەڵـه فەیلەسـوفەی گێتـی ئیسـلامیی و لەهەمانکاتیشـدا خۆمـان بـەو پرسـیاره گرنگـه خەریـک بکەیـن، ئایـا ئاییـن و فەلەسـەف دژی یەکترن؟ هەروەهـا فەیلەسـوف و بیرمەنـد و زانایانـی ئیسـلامی چـۆن هەوڵـی وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیاره گرنگەیـان داوه.

---

١ ئیبـن روشـد. کتێبـی فەسـلول مەقـال. سـەبارەت بـه سـەلماندنی پەیوەندی نێـوان فەلسـەفه و شـەریعەت. وەرگێڕانـی: مەریـوان عەبـدول. پێداچوونـەوەی ڕێبـوار ئەحمـەد و عـادل عەبدوڵـلا. چاپـی دووەم. ناوەنـدی ڕەهەنـد. سـلێمانی. ٢٠١٩

پەیوەندیی ئایین و فەلسەفە

هەمیشە لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا جۆرێک لە ناکۆکی و دژ بە یەکییەک هەبووە، لەوەتەی فەلسەفەش سەریهەڵداوە، مشتومڕێکی گەورە لە نێوان فەیلەسوفان و زانایانی ئایینی بەرپا بووە. ئایا هەق بەلای فەلسەفەوەیە یان بە لای ئایینەوە هەیە. مەسەلەی تێگەیشتنی راستی و هەقیقەت و کێ لەسەر هەقە، هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. هەرچەندە ئەم نیقاشە لە سەرەتادا لە نێوان فەیلەسوفان و ئاینەکانی یەهودی و مەسیحی بەرپا بوو، دواتریش بە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، ئەم مشتومڕە ئیسلامیشی گرتەوە.

وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکردوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکان، کێشە دەکەوێتە نێوان فەیلەسوفان و زانایانی ئایینەوە. بەڵام دواتر هەندێک فەیلەسوفی ئایینی جوو ومەسیحی هەوڵ دەدەن، ئەم جەنگە خاوبکەنەوە.

وەکو کاک مەریوان عەبدولیش دەڵێت: هەرکات فەلسەفە هەبووبێت و بیرکردنەوەی فەلسەفیش لەناو خەڵکیدا جێگەی بایەخ بووبێت، ئەم پرسە هاتۆتە ئاراوە، چونکە هەریەک لە لایەنگرانی فەلسەفە و ئایین پێیان وایە ئەوی تریان دژیەتی، یان هەوڵی گونجاندنیان داوە لە نێوانیاندا و پێیان وابووە کە دوو ڕێگان بە شێوازی جیاواز بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، ل١٧

«فیلونی ئەسکەندەرانی، کە لە ساڵی ٥٠ زایینی کۆچی دواییکردووە» ئەم فەیلەسوفە جووە هەوڵیداوە شەریعەتی موسا بە شێوازێکی عەقڵی تەئویل بکات. پاش ئەمیش کۆمەڵێک فەیلەسوفی مەسیحی هەوڵیانداوە کە ئایینی مەسیحی و فەلەسەفە پێکەوە گرێ بدەن لەوانە «کلیمینتس و ئۆگستین «کە پێشەنگی فەیلەسوفانی مەسیحی بوون، دەیانویست مەسیحیەت و فەلسەفە بە یەکەوە گرێ بدەدن. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا لە ڕۆما، کۆمەڵێک قەشەی مەسیحی هەوڵیان دەدا پەیوەندی

فەلسەفە و مەسیحی کاتۆلیکی باشبکەن و بەتەواوکەری یەکتریان دادەنا، هەرچەندە لەم هەوڵەیان سەرکەوتوو نەبوون.

هەرچەندە فەیلەسوفە ماتریالیستەکان زۆر دژی ئەوە بوون کە ئایین و فەلسەفە تەواوکەری یەکتر بن، بەڵکە بە دوژمنی یەکتریان دادەنا. لەمەدا وتە بەناوبانگەکەی مارکس کە دەڵێت» ئایین تریاکی گەلانە»، لووتکەی دژایەتی فەلسەفە و ئایین رادەگەیەنێت.

ئایینی ئیسلام و فەلسەفە

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش، مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفە هاتە ئاراوە، هەندێک زانا و بیرمەندی ئیسلامی هەڵوێستی زۆر توند و خراپیان بەرامبە بە فەلسەفە هەبووە لەوانە «غەزالی» کە زۆر دژی فەلسەفە بووە، لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە تونەدەی غەزالی کۆمەڵێک فەیلەسوفی ئیسلامی پەیدا بوون، کە پێیان وابووە ئایینی ئیسلام و فەلسفە تەواوکەری یەکترین و دوژمنی یەکتری نین لەوانە» کیندی، فارابی، ئیبن نوفڵ، ئیبن روشد»

بۆچوونی فەیلەسوفانی ئیسلام

یەکەمین فەیلەسوفی ئیسلامی کیندی بووە کە باسی ئەم بابەتەی کردووەو کتێبێکی بەناوی «لە بارەی فەلسەفەی یەکەمینەوە» نووسیوەو پاشانیش ناردوویەتی بۆ خەلیفە «موعتەسەم باللە» کیندی لەم کتێبەیدا بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ڕەوایەتی کاری فەلسەفاندن و بە کارێکی راست و تەباو گونجاوی دادەنێت لەگەڵ ئایینداا. لەمبارەیەوە دەڵێت: مەبەستی فەیلەسوف لە زانستەکەیدا پێکانی هەقە، لە کارکردنیشیدا کارکردنە بە «هەق». کیندی پێشی وایە کە فەلسەفە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە هیچ جیاوازییەکی نییە.

هەروەها فەیلەسوفێکی تری ئیسلامی فارابییە، کە ئەویش هەوڵیداوە

گونجاندنێک لە نێوان ئیسلام و فەلسەفەدا بکات، ئەو لە کتێبی «کتاب الملة» هەوڵیداوە کە گونجاندن و نزیکی نێوان فەلسەفە و ئایین بدات. لەمبارەیەوە دەڵێت : ئایین و فەلسەفە لەیەک دەچن و شەریعەتە چاکەکان لەلایەن فەلسەفەوە پشتگیری دەکرێن و بەڵگەیان بۆ دەهێنرێتەوە.

ئیبن نوفلیش لە کتێبی «حی بن یقظان» کە چیرۆکێکی فەلسەفەییە، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە هیچ دژبەیەکی و جیاوازیی لە نێوان ئایینی ئیسلام و فەلسەفەدا نییە و بگرە ئەو پێی وایە کە ئایین و فەلسەفە هەردووکیان رێگەی بەرەو هەقیقەت چوونن. واتە دژی یەکتر نین.

غەزالیی و فەلسەفە

یەکێک لە زانا و بیرمەندە ناسراوەکانی ئایینی ئیسلام ئیمام ئەبو حامیدی غەزالییە، کە زۆر دژی فەلسەفە بووە، ئەمەش لە کتێبی «تهافت الفلاسفة» بە جوانی دەریخستووە. غەزالی پێی وابووە فەلسەفە و ئایین نەک لەگەڵ یەکتری ناگونجێن بگرە دژی یەکتریشن و فەلسەفەی بە دوژمنی ئایین داناوە. هەر لەناوی کتێبەکەشیەوە دیارە، چەندە ڕقی لە فەلسەفە بووە. جێگەی ئاماژەیە ئەم بۆچوونەی غەزالیش، هەتاوەکو ئەمڕۆ لەناو ئیسلامییە تووندڕەوەکاندا زۆر باوە.

ئیبن روشد و فەلسەفە:

(هەموو پێغەمبەرێک فەیلەسوفە، بەڵام هەموو فەیلەسوفێک پێغەمبەر نییە)

یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی ئیبن روشد ئەمەی سەرەوەیە، ئەو پێی وایە کە فەلسفە و ئایین پەیوەندییەکی ئێجگار توند و بەهێزیان هەیە. ئیبن روشد پێی وایە کە هەموو شەریعەتێک بە سروشە «وحی»

بـەڵام عەقڵ تێکەڵـی دەبێـت و فەلسـەفە دەبێتـە یارمەتـدەری ئایـین، خـۆ ئەگـەر ئاینێـک دوور لـە سـروش و تەنهـا بـە فەلسـەفە دابمەزرێـت ئـەوا کەموکـورت دەبێـت.

ئایا فەلسەفە دژی ئایینە؟

ئیبـن روشـد لـە تـەواوی ئـەم کتێبـە و کتێبەکانـی تریشـیدا جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە هیـچ کاتێـک فەلسـەفە دژی ئایـین نییـە، زۆرجار ئەو کەسـانەی کـە خەریکـی فەلسـەفەن بـە کەسـانی کافرو مولحید تاوانبـار دەکرێـن، بـەڵام ئیـن روشـد پێـی وایـە ئـەوە فەلسـەفە نییـە ئـەو کەسـانەی لـە رێگـە لاداوە، بەڵکـو هـۆکاری ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خـودی ئـەو کەسـانە خۆیـان، جـا بەهـۆی بیرتەسـکی خۆیانـەوە بێـت یـان خـراپ تێگەیشـتنیان لێـی بەهـۆی نەبوونـی مامۆسـتاوە.

دواتریـش دەڵێـت: شـتێک کـە لـە خـودی خۆیـدا سـوودبەخش بێـت، نابێـت وازی لێبهێنرێـت لەبـەر زیانێـک کـە بەهۆیەکـی دەرەکـی لێیکەوتووە..

پاشتر دەڵێت:

ئـەو کەسـەی کـە رێگـری دەکات لـە تێڕوانیـن لـە کتێبەکانـی فەلسـەفە لـەو کەسـانەی کـە شـایەنی ئـەوەن، وەکـو ئـەو کەسـەیە کـە رێگـری دەکات لـە کەسێکـی تینـوو لـە خواردنـەوەی ئـاوی سـاردی سـازگار تـا دەمرێـت لـە تینوێتیـدا، ئەمـەش لەبەرئـەوەی خەڵکانێـک پێـی خنکاون یـان مـردوون، لـە راسـتیدا مـردن بـە ئـاو شـتێکی لاوەکییـە، بـەڵام مـردن لـە تینوێتیـدا شـتێکی خودیـی و زەروورییـە.

سێ جۆر خەڵک

ئیبـن روشـد پێـی وایـە خەڵکـی لـە بەرامبـەر ئاییندا یـەک جـۆر نیـن و ئاییـنی ئیسـلامیش کـە ئاینێکـی خوداییـە ئاڕاسـتەی هەمـوو جـۆرە خەڵکێـک کـراوەو هەریەکەیـان بەپێـی ئاسـتی تێگەیشـتنی خـۆی لـە ئایـن

تێدەگات. دواتریش دەڵێت خەڵکی لە سێ ئاستدان : ١. گوتارییەکان. ٢. مشتومڕییەکان. ٣ بورهانییەکان.

١/گوتارییەکان ئەوانەن تەنها بە ڕێگەی گوتار و ئامۆژگاری باوەڕ دەهێنن، ئەمانەش خەڵکی گشتیی و ئاساییں.

٢/ مشتومڕییەکان، ئەمانە ئاستیان بەرزترە لە خەڵکی ئاسایی و گشتیی و گوتارییەکان، ئەمانیش بە مشتومڕ باوەڕ دەهێنن.

٣/ بەڵام بورهانییەکان ئەو کەسانەن کە بە فەلسەفە و بەڵگەی عەقڵیی و تێڕوانینی عەقڵی و بورهان باوەڕ دەهێنن.

ئیبن روشد بۆ ئەم بۆچوونەشی پشت بە ئایەتێکی قورئان دەبەستێت کە دەڵێت: ادع الی سبیل ربک بالحکمة و الموعظة الحسنة و جادلهم بالتي هي احسن، سورەتی النحل. ئایەتی ١٢٥ «ئیبن روشد ئەم ئایەتە دەکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بۆچوونەکانیی و بەکارهێنانی فەلسەفە بەتایبەتی دواییں وتەی خودا کە دەڵێت» موجادەلەیان بکە بە باشترین شێوە، و جادلهم بالتي هي احسن»

شەریعەت و فەلسەفە

بەشێکی تری کتێبەکەی ئیبن روشد تەرخانکراوە بۆ پەیوەندی نێوان شەریعەتی ئیسلام و فەلسەفە. ئەو دەڵێت: ئەگەر ئەم شەریعەتە هەق بێت و بانگخوازبێت بۆ تێڕوانین بۆ ناسینی هەق، ئەوا ئێمە گروهی موسڵمانان بە تەواوەتی ئەوە دەزانین کە فەلسەفە نابێتە هۆی سەرپێچی ئەوەی لە شەرعدا هاتووە. لە راستیدا هەق ناکۆکی نییە لەگەڵ هەقدا، بەڵکو تەبایە لەگەڵیدا و شایەتی بۆ دەدات..

ئامانجی شەریعەت

ئیبن روشد وەک زانایەکی ئایینی کە لەناو زانستی ئایینداقوولْ بۆتەوە بەتایبەتی شەریعەتی ئیسلامی، باسی ئامانجی شەریعەتمان بۆ دەکات و دەڵێت:

پێویستە بزانین مەبەستی شەریعەت بریتییە لە فێرکردنی زانستی هەق و کارکردن بە هەق، زانستی هەقیش بریتییە لە ناسینی خودای بەرز و بالا و سەرجەم هەبووەکان بەو شێوەیەی کە هەیە، بەتایبەتی ناسینی بەختەوەریی دوارۆژو بەدبەختی دوارۆژ.

پەیوەندیی زانست و ئایین

لە مێژوودا زۆرجار بەشێکی زۆری زانایانی ئایینی دژی زانست و پێشکەوتنی زانستی وەستاونەتەوەو هەندێکیشیان بۆچوونی توندڕەوانەیان لە دژی زانا و زانست دەربڕیوەو فەتوای کوشتنیان دەرکردووە. لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئیبن روشد دژی هەموو ئەو بۆچوونە توندڕەوانە دەوەستێتەوە کە پێیان وایە زانست و ئایین دژی یەکن بەڵکە بەپێچەوانەوە ئەو وەکو تەواوکەری یەکتری دادەنێت. لەمبارەیەوە ئیبن روشد لە کتێبەکەیدا وتارێکی بەناوی «چۆنێتی گونجاندن لە نێوان حیکمەت و شەریعەتدا» نووسیوە. لەم وتارەیدا بە ووردی باسی ئەو پەیوەندییە قوولّەی نێوان ئایین و زانست یان وەکو خۆی دەڵێت حیکمەت دەکات و دەڵێت:

حیکمەت هاوڕێی شەریعەت و خوشکی شیرییەتی. هەردووکیان «حیکمەت و ئایین» بە کرۆک هاوڕێی یەکترن و بە کرۆک و رەمەک «غەریزە» یەکتریان خۆش دەوێت.

قوورباني دەستى توندڕەويى ئايينى

هەميشە كەسە رووناكبيرەكان لە جيهاندا بوونەتە قوربانى دەستى كەسانى دەبەنگ و تونـدڕەو، ئـەو كەسـانەى كـە زيـرەك و بـە توانـان هەميشـە كۆمەڵێک دوژمنـى زۆرى بـۆ پەيـدا دەبێت، بەتايبەتـى كەسـانى دەبەنـگ، ئەوانـە ڕقـى شەخسـيان لـە كەسـە زيرەكـەكان، دەبێتـە ئاگرێكـى گـەورە لـە ناخيانـدا و دەبێتـە هاندەرێكـى بـاش تاوەكـو بـە بيانـووى پارێزگاريكردن لە ئايين يان نيشتمان، پەلامـارى خەڵكى زيرەک وبەتوانا بـددەن.

ئيبن روشد كە يەكێكە لـە فەيلەسـوفە مەزنەكانى خۆرهـەڵات و تەواوى خۆرئـاوا پێى سەرسـامە، كەچـى ئـەم زانـا مەزنـە دەبێتـە نێچيرێكـى بـاش بـۆ دەبەنگـە تونـدڕەوەكان و هەمـوو كتێـب و داهێنانەكانـى بـە لادان لـە ئايين دادەنێن. كاتێـک لـە مەراكيـش دەگەڕێتـەوە بـۆ قوورتوبـە زێـدى خـۆى، بۆچوونەكانـى لـە بـارەى فەلسـەفەوە بڵاوكـردەوە، ئەوەنـدەى پـێ ناچێت بـە (هرطقة) هەرتەقـە و دەسـتدرێژيكەر بـۆ سـەر ئايين دادەنرێت و فەتواى كافرى و لادان لـە ئايينى بـۆ دەردەچێت. ئەويش ناچـار دەبێت كـە قوورتوبـە بەجێبهێڵێت و ماوەيـەک خـۆى لـە شـارى فـاس بشـارێتەوە، بـەڵام دواتـر ئاشـكرا دەكرێـت و لەلايـەن دەسـەڵاتدارانەوە دەسـتگير دەكرێـت و زيندانـى دەكرێـت. بـەوەش ناوەسـتن، دەچـن لەنـاو بـازاڕدا خەڵكى كۆدەكەنـەوەو هەرچى كتێبييەتى بەديار خەڵكييـەوە دەيسـووتێنن . بـەڵام خۆشبەختانە چەند پياوچاكێک دەچن لاى دەسـەڵاتداران شـەفاعەتى بـۆ دەكـەن و بەرگريـى لێدەكـەن و دەڵێـن كابـرا كافـر نييـە. پاشـتر بـە هەوڵـى پياوچـاكان ئـازاد دەكرێـت و دەگەڕێتـەوە بـۆ مەراكيـش. بـەڵام ئـازارى زيندانييكـردن و پەلامـاردان و لـە هەمووشـى خراپتـر سـووتاندنى كتێبەكانى، دەبێتـە ئازارێكـى گـەورە لەدڵيدا و پاش سـاڵێک لـە ٥٩٥ كۆچييدا كۆچـى دوايـى دەكات.

دوا قسە

بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش ئەو گفتوگۆیە هەر بەردەوامە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە فکری تۆندڕەوی ئایینی لە بەهێزیدایە، دووبارە هەندێک بە ناوی پارێزگاریکردن لە ئایین، دەیانەوێت هەموو جوانییەکانی فکرو فەلسەفە لەناوبەرن، هەرچەندە ئەمەش مێژوویەکی ناشیرینی لە هەموو ئاینەکاندا هەیە.

بەدڵنییایەوە ئیبن روشد یەکێکە لە فەیلەسوف و زانا بەتواناکانی مێژوویی ئیسلامی، بەداخەوە ئەویش لەکۆتایی ژیانیدا دەبێتە قوربانی دەستی فکری تۆندڕەویی ئایینی. هەرچەندە بۆچوون و کتێبەکانی، کاریگەریی گەورەیان بەسەر خۆرهەڵات و خۆرئاوادا هەبووە.

سوهرەوەردیی شەهیدی هەقیقەت

فەیلەسوف و عاریفی گەورەی کورد شەهابەدین سوهرەوەردی، ئەم زانا مەزنە کاریگەریی گەورەی بەسەر فکری جیهانەوە هەیە، بەتایبەتی لە لایەنی تەسەوف و عیرفانییەوە، داهێنانی گەورەی کردووە، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەم فەیلەسوف و عاریفە مەزنە بە فەرمانی سەڵاحەدینی ئەیوبی دەکوژرێت.

بەداخەوە کوژرانی سوهرەوەردیی و توندڕەویی لە دژایەتییکردنی شیعە مەزهەبەکان لە ناوچەکە، بە دوو خاڵی خراپی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەم سەرکردە کوردە دادەنرێت.

دیارە ئەم پیاوە مەزنەی خۆرهەڵات نەک تەنها لای جیهانی ئیسلامی، بەڵکو لە خۆرئاوا و تەواوی جیهاندا مایەی گرنگی پێدانە، بەتایبەتی بۆچوونەکانی لەبارەی «مرۆڤ»ەوە. لەهەمانکاتیشدا شێوازی مردنەکەشی، هێندەی تر سەرنجی خوێنەرانی راکێشاوە و ئەویش وەکو سوکرات، بە شەهیدی ڕێگەی فکر و فەلسەفە دادەنرێت.

هیچ فەیلەسوف و زانایەکی خۆرهەڵات هێندەی سوهرەوەردی کاریگەریی گەورەی لەبواری فکرو مەعریفەدا بەجێنەهێشتووە، گرنگییەکەی لەوەدایە لەو سەردەمەدا کە سوهرەوەردی باسی کۆمەڵێک بابەتی گرنگی کردووە کە چ لەلایەن زانایانی ئایینی و خەڵکی عەوام و دەسەڵاتدارانەوە، بە حەرام دانراوە. هەر لەسەر وتنی هەقیقەتیش ئەم کەڵە فەیلەسوفە گیانی دەکاتە قوربانی.

لێرەدا هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی دوو بەشەوە باسی ئەم کەڵە فەیلەسوفە بکەم، لە بەشی یەکەمدا زیاتر باسی بنەما فکرییەکانی دەکەم، لە بەشی دووەمیشدا زیاتر باسی ژیانی شەخسی دەکەم، ئەوەش لە ڕێگەی باسکردنی رۆمانی «قەلەندەر و قەڵا «لە نووسینی نووسەری

ئێرانـی «یەحیـا یەسـرییبی» کـە یەکێکـە لـە شـارەزا باشـەکانی ژیـان و فکری سـوهرەوەردی، ئـازاد بەرزنجی لـە فارسـییەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر کوردی، ئـەم رۆمانـە زیاتـر باسـی ژیانـی شەخسـی دەکات، بـەڵام زۆر بـە جوانـی وێسـتگەکانی ژیانـی سـوهرەوەردی باسـکردووە.

منداڵێکی زیرەک و بەتوانا

سـوهرەوەردی نـاوی تەواوەتـی یەحیا حەبەش ئەمیرک سـوهرەوەردییە لـە سـاڵی ١١٥٤ ز لـە سـوهرەوەرد لـە هەرێمـی زەنجانـی ئێران لەدایکبووە، لـە سـاڵی ١١٩١ز بـە فەرمانـی سـەڵاحەدینی ئەیوبیـی سـزای مردنـی بەسـەردا دەسـەپێنرێت، ئەمـەش لـە پـاش دادگاییکردنـی لەلایـەن کۆمەڵێک لـە زانایانـی ئایینـی کـە تۆمەتـی کافریـی و دەرچـوون لـە ئاینـی ئیسـلامی بـۆ هەڵدەبەسـتن.

پاشـان دەخرێتـە زیندانـەوە بـۆ ماوەیەکـی زۆر، نـان و ئـاوی نادەنـێ ئیـدی بـەو هۆیـەوە گیـان لەدەسـتدەدات و دەبێتـە قوربانیـی دەسـتی و دواکەوتوویـی.

دواتـر زانایانـی ئایینـی دڵیـان ئـاو ناخواتـەوە و بـاوەڕ ناکـەن و دەڵێـن پێدەچێت زاهیـر شـا کـۆڕی سـەڵاحەدینی ئەیوبـی کـە والـی حەلـەب بـووە، شـاردبێتییەوە، چونکـە ئـەو هاوڕێـی سـوهرەوەردی بـوو، نەیدەویسـت سـزای بـدات، بۆیـە دەچـن لـە قەڵاکـە جەسـتە بـێ گیانەکـەی دەردەهێنـن و بەدیـار چـاوی خەڵکـەوە لـە سـێدارەی دەدەن.

سـوهرەوەردی، حەبەشـی باوکـی دەیخاتـە حوجرەی مزگەوتـەوە، بـەڵام هـەر زوو زیرەکیـی و بەتوانایـی ئـەم منداڵـە دەردەکەوێـت، حـەزی خوێندن تێیـدا زۆڕ لـە دوای زۆڕ زیاتـر و زیاتـر دەبێـت، هەربۆیـە لـە تەمەنـی دە سـاڵیدا باوکـی دەینێرێـت بـۆ شـاری مەراغـە و لەوێنـدەر لەسـەر دەسـتی شـێخ مەجدین جیلـی فێری قورئـان و حەدیس دەبێت و یاسـاکانی (نحو و صـرف) فێر دەبێت، ئەمـەش دەبێتـە سـەرەتایەک و کلیلێـک بـۆ کردنـەوەی

دەرگای مەعریفەت بۆ ئەم منداڵە دە ساڵەیە.

دوای ئەوەش زانا و بیرمەندی ئیسلامی شێخ فەخرەدینی ماردینی دەبینێت، لەسەر دەستی ئەویش فێری زانست و فکر و فەلسەفە دەبێت و دەرگای هزری فەلسەفی بۆ دەکاتەوە.

کاروانی خوێندن و زانست و فێربوونی لێرەوە بەتەواوەتی دەستپێدەکات و دەچێتە ئەسفەهان و حەلەب و دیمەشق و تەواوی وڵاتانی خۆرهەڵات دەگەڕێت و تا دواجار لە شاری حەلەب لە باکووری سوریادا دەگیرسێتەوە.

لێرەش بە فیتی کۆمەڵێک زانای کینە لەدڵ، تۆمەتی دەرچوون لە ئایین و کافریی بۆ دادەتاشن و بە کوشتی دەدەن.

ئاسۆی گشتی فکری سوهرەوەردیی

دەتوانین بڵێین سوهرەوەردی لە یەک کاتدا عاریف و فەیلەسوفێکی بەتوانا بووە، لە ژیانیدا خۆی بە کۆمەڵێک بابەتی گرنگەوە سەرقاڵ کردووە، لەپێش هەموشیانەوە مەسەلەی (مادە، بوون، جەستە، وێنە، زەمەن، جوولّە و گۆڕانکاریی، زانستی دەروون شیکاریی) هەروەها باسی مەسەلەی دۆناودۆنکردنی جەستە و رۆحی کردووە و گرنگیی زۆری بە ناخ و جەستەی مرۆڤ داوە.

لە بواری میتافیزیکیشدا گرنگی بە مەسەلەی «تاک و کۆ» داوە. لە کۆتایی ژیانیشیدا، قسەی تایبەتی هەبووە لەبارەی دواییین پێغەمبەرەوە «خاتم الانبیاء» کە ئەمەش تووشی کێشەی گەورەی کرد و نەیارانی زۆر بە خراپی لە دژی بەکاریانهێنا.

هەروەها گرنگیی زۆری بە فکر و فەلسەفەی پێش خۆی داوە بەتایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ و تەواوی فەیلەسووفانی یۆنانی کۆن.

سوهرەوەردی پێی وابوو کە فکری ئایینی و دونیایی هاوسەنگ بوون، لەهەمان کاتیشدا یەکەم زانا و بیرمەندی ئیسلامییە کە پاش ئەوەی

ئیمـام غەزالـی بەتەواوەتـی عەقـڵ و فەلسـەفەی حـەرام کـرد و داوایکـرد کەس توخنی فەلسـەفە نەکەوێت، بـەڵام سـوهرەوەردی دژی دەوەسـتێتەوە و دووبـارە گرنگـی بـە فکـر و فەلسـەفە دایـەوە. لـە هەمووشـی گرنگتـر سـوهرەوەردی پێـی وابـوو راسـتە عەقـڵ گرنگـە، بـەڵام هەمـوو شـتێکیش نییـە و نابێت تەنها پشت بـە عەقڵ و ناخی خۆمـان ببەسـتین، بەڵکو دەبێت هەوڵیـش بدەیـن خۆمـان فێـری شـتی نـوێ بکەیـن، ئـەوەش لـە رێگـەی خوێندنـەوەوە دەسـتمان دەکەوێت، هـەر ئەمـەش وای لێکرد هـەم «فکری باطنـی» ئەفلاتونـی قبـوڵ بێت، هەمیـش فکـری مەشـائیی«عەقڵانییەت»ی ئەرسـتۆی قبـوڵ بێت.

لەهەمووشـی گرنگتـر ئـەو تەسـەوف و فەلسـەفەی تێکـەڵ بەیـەک کـرد و لەمەشـدا حیکمەتـی ئیشـراقی لـێ بەرهەمهێنـا، کـە یەکێکـە لـە داهێنانـە گەورەکانـی بـواری تەسـەوف لـە مێژوودا.

ئـەو زیاتـر جەختـی لـە «نـور – رووناکـی» ناخـی مـرۆڤ دەکـردەوە، ئـەو رووناکییـەی کـە دەبێتـە رۆشـنکەرەوەی جەسـتە و رۆحـی مـرۆڤ.

حیکمەتی ئیشراق

زۆرجـار سـوهرەوەردی بـە «شـێخی ئیشـراق» نـاوی دەبـەن، ئیشـراق بـە مانـا فکرەییەکـەی زیاتـر دەچێتـە قاڵبـی تەسـەوف و عیرفانییـەوە، جگـە لـەوەش تـەواوی بۆچوونەکانـی لەبـارەی ئیشـراقەوە لـە کتێبـی «حکمـة الاشـراق» بـە رووونـی باسـکردووە، کـە یەکێکیشـە لـە کتێبـە گرنـگ و پـڕ بایەخەکانـی و لـەم کتێبەیـدا تـەواوی فکـرو بۆچوونەکانـی باسـکردووە، ئێمـەش زیاتـر پشـت بـەم کتێبـە دەبەسـتین.

نوور – رووناکی

سوهرەوەردی باوەڕی تەواوی بە ئیشراق یان مەسەلەی «نور- رووناکیی» ناخی مرۆڤ هەبوو. هەر ئەمەش دەبێتە کرۆکی سەرەکی فکر و فەلسەفەکەی.

حیکمەتی ئیشراق ئاماژەیە بۆ ئەو رووناکییەی کە لە ناخی نەفسە مردووەکاندا هەیە و لە ڕێگەی ئەو رووناکییەشەوە ناخی مرۆڤ ڕۆشن دەکرێتەوە و دواجاریش دەگاتە دواییین لووتکەی ڕۆشنایی یان نوری بالا، ئەوکاتەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی تێڕامانی ڕۆحیی و فێربوون و لێکۆڵینەوەوە دەگاتە ئاستی کاملبوون و تەواوی جەستە و ناخی بەو رووناکییەوە ڕۆشندەکرێتەوە. ئەمەش حاڵەتێکی تایبەتە لە عیرفانی خۆرهەڵاتیدا هەیە و هەرکەس و ئایینێک، ناوێکی لەم ئاستە یان قۆناغە ناوە کە مرۆڤ پێی دەگات، بەڵام سوهرەوەردی بە «ئیشراق» وەسفی کردووە، لەلای ئەو، ئەوانەی بەم قۆناغە دەگەن زۆر دەگمەنن.

جێگەی ئاماژەیە لە ئایینەکانی زەردەشتی و بودایی و هیندۆسییەکانیش، باسی ئەم ئاستەی مرۆڤ دەکەن و بە دواییین حیکمەت و تێگەیشتنی مرۆڤی دادەنێن، لای بوددییەکان حاڵەتی نێرڤانای پێیدەڵێن و هیندۆسییەکان «سامادیی» پێدەڵێن، کە مانای گەیشتنە بە دواییین قۆناغی عیرفانیی و بەهای بالا. ئەمەش یەکێکی تر لە کاریگەرییەکانی هزر و فکری خۆرهەڵاتی بەسەر سوهرەوەردییەوە.

رووناکی و تاریکی

سوهرەوەردی پێی وابوو کە رووناکی سەرچاوەی سەرەکی هەموو بوون و مەعریفەیەکە و لە هەمان کاتیشدا ئەسڵی هەموو شتێکە. ئەمەش بە جەدەلیەتی «رووناکیی و تاریکی» دەبەستێتەوە، هەرئەمەش دەبێتە کرۆکی سەرەکی بیرکردنەوە و نووسین و تێڕامانەکانی.

عەقڵی نەمر و رووناکی

سوهرەوەردی قسەی لە بارەی عەقڵی نەمر و رووناکییەوە کردووە، ئەو پێی وابوو کە مەشخەڵی ئاگری هەقیقەت کاتێک لە ناخی مرۆڤێکدا دادەگیرسێت، کە ئیتر بە تەواوەتی گەیشتبێتە لوتکە و کەماڵی خۆی، ئەمەش تەنها لە دەستەبژێرێکی کەمی زانا و عاریفەکاندا دەردەکەوێت.

عەقڵی سوور

چەمێکی تر کە سوهرەوەردی دایهێنا» عەقڵی سووره»، لەمەشدا مەبەستی لەو عەقڵەیە کە پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە و لە رووداوە مێژوویییەکاندا گەشە دەکات، پێشی وایە کە رەنگی «سوور» لە دەرەنجامی تێکەڵاوبوونی رەنگی رەش و سپی دروستبووە. ئەو عەقڵەی کە مرۆڤ هەیەتی، رەنگی سپیی و نورانییە، بەڵام کاتێک ئەم عەقڵە دەکەوێتە ناو دۆڵی تاریکیی رەش و دۆزەخی مێژوو، ئەم عەقڵە سپییە دەگۆڕێت بۆ عەقڵێکی سوور. دیارە لەمەدا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فکری ئەفلاتون، چونکە ئەو پێی وابوو مرۆڤ دەتوانێت لەناخی خۆیدا بە دوای وەڵامی هەموو پرسیارەکاندا بگەڕێت و دەستی دەکەوێت.

جێگەی ئاماژەیە یەکێک لە کتێبە باشەکانیشی بە ناونیشانی «عەقڵی سوور»ە. لەم کتێبەدا بە تەواوەتی شرۆڤەی ئەم چەمکەی کردووە، کە بە یەکێک لە چەمکە تەسەوفە گرنگەکانی سوهرەوەردی دادەنرێت.

جەستە

بابەتێکی گرنگی تر کە سوهرەوەردی قسەی لە بارەوە کردووە مەسەلەی جەستەیە، سوهرەوەردی پێی وابوو کە جەستە لە دوو رەگەزی سەرەکی پێکدێت» کرۆک و شێوە» ئەم دوو رەگەزەش جەستەیەکی

سروشتی دروست دەکەن، ئەم دووانەش لە مادە و جەستەی فێرخواز دروست دەبێت. پێشی وابوو کە جەستە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە هەستی پێدەکەین، ئەوەشی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە هەستی پێناکەین، لای ئەو گرنگ نەبوون.

هەر لە هەمانکاتیشدا ئەو پێی وابوو ئەو وێنەیەی کە ئێمە لە بارەی شتێکەوە دەیبینین ئەوە تەنها شکڵی شتەکەیە، ئەو بە وێنەی جەستەیی ناوی دەبات. هەربۆیە لای ئەو جەستە لە کرۆک و شێوە پێکهاتووە، ئەمانەش گوزارشت لە فکریی هیولیی و فکری فێرخوازیی دەکاتەوە. «هیوالی چەمکێکی ئەرستۆیە بۆ پێناسەکردنی شتێک، کە زیاتر مانای شێوە یان مادە دەگەیەنێت، بە یەکێکش لە چەمکە گرنگەکانی فکر و فەلسەفەی ئەرستۆ دادەنرێت». لەمەدا زیاتر سوهرەوەردی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی فکری ئەرستۆوە.

بینینی شتەکان

لە بارەی هەستی بینینی شتەکانیشەوە سوهرەوەردی خاوەنی تێزی خۆیەتی، ئەو پێی وابووە بینین ڕووناکییەک نییە کە لە چاوەوە دەربچێت، وێنەیەکیش نییە کە لە چاوەوە کێشرا بێت، کاتێک مرۆڤ شتێکی دەرەکی دەبینێت، لە ناخیدا کە ئەو ناوی لێناوە «نفس الناطق، نەفسی بگۆ» بۆچوونی پێشوەختی خۆی لەبارەی ئەو شتەوە هەیە. هەربۆیە دەڵێت: «ئەو شتەی کە ئێمە لە جیهانی دەرەکی دەیبینین، جیاوازە لەو بینینەی کە لە ناخماندا دەیبینین، چونکە هەریەکەیان جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوەی کە ئێمە لە جیهانی دەرەوە دەیبینین، گوزارشت لە شکڵی دەرەکیی شتەکان دەکات، بەڵام ئەوەی تریان لە ڕێگەی پەیوەندییکردن بە ڕۆحەوە دەستمان دەکەوێت.

جوولّه و گۆڕانکاریی

سوهرەوەردی یەکێکە لەو فەیلەسوفە دەگمەنانەی خۆرهەلّات و جیهانی ئیسلامییە، کە باسی جوولّە و گۆڕانکاریی کردووە، کە ئەم دوو پرسەش بە دوو پرسی گرنگی فکر و فەلسەفە دادەنرێت و کەم کەس قسەی لەبارەوە کردووە. سوهرەوەردی پێی وایە گۆڕینی وێنەی سەرەکی شتێک کاتێک بۆ وێنەیەکی تری سەرەکی یان جەوهەریی، کارێکە گوزارشت لە رۆحی بەرگریی ئەو شتە دەکات، هەروەها پێی وابوو کاتێک رەگەزێک دەگۆڕێت بۆ رەگەزێکی تر، دەبێت ئەو رەگەزە لە بنەمادا قابیلیەتی گۆڕانکاریی تێدا بێت.

زانستی دەروونناسیی

خاڵێکی گرنگی تر کە سوهرەوەردی کاری لەسەرکردووە و لەچاو زانا و فەیلەسوفانی تری خۆرهەلّاتی پێشەنگ بووە، قسەکردن بووە لەبارەی دەروون و ناخی مرۆڤ کە پاشتر بە زانستیی دەروونناسی دەناسرێت. ئەو لەم بوارەدا کۆمەڵێک شیکاریی زۆر وردی هەیە. لەبارەی ناسینی ناسنامەی مرۆڤەوە، سوهرەوەردی دەڵێت: «مرۆڤ ناتوانێت ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات لە ڕێگەی بەهای باڵاو وێنەوە، چونکە هیچ کام لەو دووانە جا گشتی بن یان تاک بن، یان بابەتیی بن یان دەرەکیی، لە ناسنامەی مرۆڤەوە دوورن و نامۆن پێی و ناشبنە سەرچاوەی ویژدان یان (من) ی مرۆڤ.

ئەمەش بە تەواوەتی لە کتێبی (کتاب التلویحات) ئەم باسە دەروونانیانەی کردووە. لەمبارەیەوە دەڵێت: من کاتێک سەیری خۆم دەکەم، تەنها بوونی خالیس و خۆپەرستی خۆم دەبینم.

ئەو پێشیوایە مرۆڤ کاتێک دەتوانێت بە تەواوەتی ناخیی خۆی ببینێت، تەنها لەڕێگەی چاودێرییکردن و کۆنترۆڵکردنی حەز و هەوەسەکانی

نەفسییەوە دەبێت. پێشیوایە کە نەفس شتێکە توانای قسەکردنی هەیە و بگۆیە، ئەوەش لە دەرەوەی ئەوەوەیە، گوزارشت لە بوونێکی پوخت و خودی تایبەتی دەکات.

هەروەک پێیوایە کە نەفسی ناتیق «بگۆ» خەلیفەی خودایە لەسەر زەویی، نەفسیش لە عەقڵی گشتی دروست دەبێت و پەیوەندییەکی سەربەخۆی لەگەڵ بەشەکانی تری جەستەدا هەیە.

ئەو پلەیەکی بااڵی هەیە لەناو جەستەی مرۆڤدا و بەشەکانی تری جەستەش روونـاک دەکاتەوە.

دیارە لەبارەی ناسینی ناخی مرۆڤەوە زۆر شتی تری وتوە کە لێرەدا تەنها ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد.

زیندووکردنەوەی فکرو فەلسەفە لەناو جیهانی ئیسلامییدا

یەکێک لە خاڵە هەر گرنگەکانی سوهرەوەردی ئەوەیە، کە دووبارە فەلسەفەی گەڕاندەوە بۆ ناو فکری ئیسلامی، لەپاش ئەوەی ئیمام غەزالی بەتەواوەتی فەلسەفەی حەرام کرد و داوای لە زانایانی ئایینی کرد کە خۆیان لە فەلسەفە بەدوور بگرن، هیچ زانایەکی ئیسلامی نەیوێرا خۆی لە قەرەی فەلسەفە بدات، بەاڵم سوهرەوەردی دەستی بە کاڵوەکەی خۆیەوە نەگرت و بەرەو بای فەلسەفە رۆیشت، ئەو دووبارە خۆی بە فەلسەفەوە خەریکردەوە بەتایبەتی فەلسەفەی یۆنانی لەپێش هەمووشیانەوە ئەفلاتون و ئەرستۆ. ئەمەش بە بڕوای زۆرێک لە میژوونوسان بە گرنگترین کاری سوهرەوەردی دادەنرێت، هەرچەندە لەبەر ئەم کارەشی بوو بە قوربانی لەلایەن هەڵگرانی فکری دواکەوتوویی و خێڵی بەغیلانەوە گەلەکۆمەکەی لێکرا و لە کۆتاییدا سزای مەرگیان بەسەردا سەپاند.

تێکەڵکردنی فەلسەفە و عیرفان

خاڵێکی جوان و داهێنەری تری سوهرەوەردی ئەوەیە کە ئەو فەلسەفە و عیرفانی تێکەڵ بە یەکتری کرد، راستە پێشتر چەند هەوڵێکی زۆر درابوو لەلایەن فارابی و ئیبن سیناوەو فەلسەفەی ئیشراقییان گەیاندبووە ئاستێکی باش، بەڵام کەسیان ئەو ئازایەتییەی ئەویان نەبوو بە ئاشکرا ئەم کارە بکەن. وەکو ژنە نووسەری عەرەبیش (انعام حیدورة) لە پێشەکی کتێبی «حکمة الاشراق» دا دەڵێت: کاتێک سوهرەوەردی هات، توانی گەشە بە حیکمەتی ئیشراق بدات، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی سروشتی بوو لەبارەی فەلسەفە و تەسەوف. هەروەها ئەو توانی پەیڕەوی دڵ و چاوی ناوەوە(عین الباطن)، لەگەڵ پەیڕەوی عەقڵ و تێڕوانین و ئیستدلال تێکەڵ بکات، لەم دووانەش «حیکمەتی ئیشراق» دروست بکات.

دابەشکردنی مرۆڤ بۆ سێ بەش

سوهرەوەردی مرۆڤی بۆ سێ جۆری تایبەت و جیاواز لە یەکتریی دابەشکردووە کە ئەوانیش بریتین لە :

١- مرۆڤی عەقڵانیی

٢-مرۆڤی نەفسانیی

٣-مرۆڤی جەستەیی

پێشیوایە کە پەیوەندیی نێوان ئەم سێ جۆرە یان جیهانە وەکو پەیوەندیی نێوان سێبەرێکە بە سێبەرێکی ترەوە، هەربۆیە هەموو ئەو هێزانەی کە پەیوەندییان بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە، تەنها بریتین لە تارمایی و گوزارشت لە پێگەی بەرزخی مرۆڤ دەکات» بەرزخ چەمکێکی ئاینییە کە زیاتر مانای ئەو قۆناغە دەگەیەنێت لە نێوان ئەم دونیا و ئەو دنیا، ئەمەش زیاتر لەناو فکری شیعە مەزهەبەکاندا هەیە».

کاریگەریی فکری یۆنانی بەتایبەتی ئەفلاتون و ئەرستۆ

سوهرەوەردی بە قسەی فەتواکەی غەزالی نەکرد و لە ژیانیدا خۆی بە خوێندنەوەی فەلسەفەی یۆنانی کۆنەوە سەرقاڵ کرد، بەتایبەتی کارەکانی هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون و ئەرستۆ، سوودی زۆریشی لە کارو بەرهەمەکانی ئەم دوو کەڵە فەیلەسووفە وەرگرتووە.

ئەفلاتون کاریگەری گەورەی بەسەرییەوە هەبوو بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە «رووناکی ناخی مرۆڤەوە هەیە» خۆشی نکوڵی لەم کاریگەرییە نەکردووە. هەروەکو ژنە نووسەری عەرەب انعام حیدورة-ش دەڵێت: راستە سوهرەوەردی بۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتە فەلسەفییەکان زیاتر پشتی بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەبەست، بەڵام لە هەمانکاتیشدا پشتی بە وانە و هەڵوێستە ئەکادیمییەکانی ئەفلاتونیش دەبەست.

سوهرەوەردی پێشی وابوو کە ئەفلاتون ئیمامی حیکمەتە و خاوەنی رووناکییە «نوورە»، هەر ئەویش خاوەنی حیکمەتی زەوقییە.

لەبارەی ئەرستۆشەوە، سوهرەوەردی پێیوابوو کە ئەرستۆ بەتەنها گوزارشت لە فەلسەفە ناکات، چونکە فەلسەفە مانای گەڕان و لێکۆڵینەوە بەدوای هەقیقەت دەگەیەنێت لەهەرشوێنێک بێت. بەڵام لە هەمانکاتشدا زۆر هۆگری کار و بەرهەمەکانی ئەرستۆ بوو، تەنانەت جارێکیش لە خەونیدا ئەرستۆ دەبینێت و دەکەوێتە مشتومڕ لەگەڵیدا بەتایبەتی لەبارەی زانست و زەحمەتی لە تێگەیشتن لێی، ئەرستۆش فەرمانی پێدەکات کە تێزەکانی ئەفلاتون بخوێنێتەوە، چونکە پێیوابوو پێویستە مرۆڤ بۆ ناخی خۆی بگەڕێتەوە لەوێوە بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا بگەڕێت و پشت بە زانستی ناخیی ببەستێت کە ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی درککردنی مرۆڤ.

جگە لەم دووانەش زۆر ستایشی فەیلەسوفەکانی تری یۆنانی

کردووه و پێیوایه که زانستی «مەنتیق، منطق» سەرچاوە سەرەکییەکەی یۆنانە و لەوێشەوە خۆرهەڵات فێری ئەم زانستە بووە. پێشی وابوو کە فەیلەسوفی یۆنانی (هرمس) باوکی هەموو حەکیمەکانە و (ئەمبادوفلیس و فیساگۆرسیش)، لە ئەفسانە مەزنەکانی حیکمەتی جیهانن.

کاریگەریی فەلسەفەی ئێرانیی و زەردەشتی

خاڵێکی تر کە زۆر لە مێژوونوسان باسی لێوەدەکەن، ئەویش کاریگەریی فەلسەفەی زەردەشتییە بەسەر سوهرەوەردییەوە، تەنانەت هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە بۆ ماوەیەک لای یەکێک لە موغە زەردەشتییەکان وانەی عیرفانییەتی خوێندووە. ئەمەش لە زۆر فکر و مەعریفەکانیدا رەنگیداوەتەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە مەسەلەی «رووناکیی و تاریکیی، دۆناودۆنکردنی رۆح و گەیشتن بە دواییەن قۆناغی عیرفانییەت کە ئیشراق»ە.

هۆکاری سزادانی و کوشتنی

لەبارەی هۆکاری سزادان و پاشان دەرکردنی فەرمانی کوشتنی لەلایەن سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبی، کۆمەڵێک قسەوباسی جیاواز هەیە. هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونە تایبەتییە فکریی و فەلسەفییەکانی سوهرەوەردیی، لەوکاتەدا ئەو بۆچوونانەی ئەو ببوونە مایەی بێزاریی لای زۆربەی پیاوانی ئایینی، ئەو شتانەی کە ئەو باسی لێوە دەکرد، شتێکی نامۆ بوو بە کۆمەڵی ئەوکاتە، ئەم سەرچاوەیە فکریانەش بوونە هۆی دروستکردنی بەرەیەکی گەورەی دوژمنکاریی بۆی کە زانایانی ئایینی پێشڕەوییان دەکرد.

هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ رق و کینە و ئێرەیی پێبردن کە وەکو پیرەمێردی نەمر ناوی لێناون «خێڵی بەغیلان» ئەمانە رقیان لە سوهرەوەردیی دەبۆوە، چونکە کەسێکی بەتوانا و بلیمەت بوو،

هەواداریکی باشی هەبوو، بەتایبەتی لەناو گەنجاندا، هەروەها لەلای فەرمانڕەواکانیش خۆشەویست بوو، بۆ نموونە زاهیر شای کۆڕی سەلاحەدینی ئەیوبیی زۆر ڕێزی دەگرت و ئەوی بە مامۆستا و پیاوێکی بلیمەت و زیرەک دادەنا، ئەمەش بە دڵی ئەو کۆمەڵە زانا ئایینیانە نەبوو، کە دەیانویست تەنها خۆیان لە کۆشکی پادشا بن و خەڵکی تر نەیەت.

لایەنێکی تر پەیوەندیی بە سیاسەتیی ئەوکاتی دەوڵەتی ئەیوبییەوە هەبوو، لەوکاتەدا سەلاحەدینی ئەیوبی لە جەنگێکی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکییدا بوو. لە ناوخۆدا دژی هەموو شیعە مەزهەبەکانی خۆرهەڵات دەجەنگا، لە دەرەوەش دژی دەوڵەتە مەسیحییە ئەوروپییەکان و ڕووبەڕووی هێرشی (خاچپەرستەکان) ببۆوە. شاری حەلەبیش شارێکی سەرسنوور بوو، سەلاحەدینی ئەیوبیش نەیدەویست زانا و پیاوە ئاینییەکانی لێ تووڕە ببێت، دەیویست ئەوان پشتگیریی تەواوی بکەن بۆ ئەم جەنگە نەبڕوانەی لە دژی شیعە مەزهەبەکان و خاچپەرستەکان لە ئارادابوو.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا فەرمانی کوشتنی، کارێکی خراپ بوو زەرەری گەورەی لە فکر و فەلسەفەی ئیسلامی داوە، جگە لەوەش خاڵێکی ناشیرین و قێزەونی بۆ سااڵنی فەرمانڕەوایی سەلاحەدینی ئەیوبی دروستکردووە.

کتێب و بەرهەمەکانی

سوهرەوەردیی لەپاش خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی فکریی و ئەدەبی گەورەی بەجێهێشتووە، نزیکەی پەنجا کتێب و دەستنووسی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، بە هەردوو زمانی فارسیی و عەرەبی نووسیویەتی. بەداخەوە هیچ دەستنووسێکی بە زمانی کوردی نییە، ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی سەرچاوەکان بەتایبەتی فارسییەکان باس لە کوردبوونی ئەم

فەیلەسوفە دەکەن.

بەگشتی بەرهەمەکانی باس لە عیرفان و تەسەوف و فکر دەکەن، بەتایبەتی دواییـن بەرهەمەکانی لەپێش هەمووشیانەوە «حیکمەتی ئیشراق»، بە یەکێک لە کتێبە بەهێزەکانی دادەنرێت. هەرچەندە خۆی داوایکردووە ئەم کتێبە بۆ دەستەبژێر بێت و کەسێک کتێبەکانی پێشتری نەخوێندبێتەوە، ئەم کتێبەش بخوێنێتەوە لێی تێناگات، یان لە مانای کتێبەکە تێناگات.

دەرئەنجام

بەدڵنییایەوە ئەمڕۆ لە جیهاندا گرنگی زۆر بە فکرو فەلسەفەی ئەم کەڵە فەیلەسووفە دەدرێت و خۆشبەختانەش لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، خەڵکانێکی زۆر خۆیان بە فکر و فەلسەفەی سوهرەوەردییەوە سەرقاڵکردووە، بەدوای کتێب و بەرهەمەکانیدا دەگەڕێن، ئەمەش گوزارشت لە راستیی و دروستی بۆچوونەکانی سوهرەوەردی دەکات، چونکە ئەمڕۆ کەس جەلادەکان، یان ئەو زانا ئاینییانەی کە دژی دەوەستانەوە و پیلانیان لە دژی دەگێڕا ناناسێت و مێژوو ناوی ئەوانەی تۆمار نەکردووە، تاکە ناو کە هێشتا بە رووناکیی و نەمریی ماوەتەوە، سوهرەوەردیی عاریف و فەیلەسوفە.

لەهەمان کاتیشدا هیوادارم ئەزموونی سزادان و کوشتنی سوهرەوەردیی ببێتە ئەزموونێکی باش بۆ دەسەڵاتی کوردیی بۆئەوەی ئەو هەڵەی سەڵاحەدینی ئەیوبی دووبارە نەکەنەوە، چونکە هیچ کاتێک دەسەڵاتداران چەندە بەهێزیشبن ناتوانن ئازادیی خەڵکی بەتایبەتی نووسەران لەناوبەرن و نووسین و بەرهەمە فکرییەکانیان بسووتێنن، چونکە فکر تاکە شتە کاتێک چووە سەر کاغەز، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت بیسڕێتەوە. [٢]

٢ سەرچاوەکان:

ژیانی سوهرەوەردی لە رۆمانی قەلەندەر و قەڵا

لە بەشی پێشوودا باسی بنەما فکرییەکانی سوهرەوەردیمان کرد، لەم بەشەدا لەرێگەی باسکردنی رۆمانی «قەلەندەرو قەڵا» وە، باسی هەندێک لایەنی شەخسی(کەسایەتی) ئەم فەیلەسوف و عاریفە گەورەیە دەکەم.

لەناو ژانری رۆماندا، رۆمانی بیۆگرافی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێش هەموو شتێک دەبێت ئەو کەسانەی کە ئەمجۆرە رۆمانانە دەنووسن، شارەزاییەکی ئێجگار باشیان لەبارەی مێژوو، کەسایەتیی، ژیانی شەخسیی و فکریی ئەو کەسەوە هەبێت کە لەبارەیەوە دەنووسن. ئەمجۆرە رۆمانانەش لەناو ئەدەبیاتی جیهاندا زۆرن و چێژی گەورەش بە خوێنەران دەبەخشن، لەهەمانکاتیشدا خوێنەر بەو کەسایەتیانە دەناسرێن کە پێشتر نەیاناسیون. لەوانەبێت زۆرجار لەرێگەی رۆمانێکەوە، باشتر لە فکری کەسێک یان فەیلەسوفێک ئاشناتر بین. یەکێک لەو رۆمانە جوانانەی کە لەم بوارەدا نووسراون، رۆمانی «قەلەندەر و قەڵا» یە لە نووسینی نووسەری ئێرانی یەحیا یەسریبی» یە، وەرگێڕی بەتواناش ئازاد بەرزنجی لە فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی.

نووسەر زۆر شارەزاییە لە فکر و فەلسەفە بە گشتیی و سوهرەوردەیش بەتایبەتی. ئەو پاشخانە فکرییەش هاوکارییکردووە تاوەکو لە نووسینی رۆمانەکەیدا سەرکەوتوو بێت. خۆشبەختانە وەرگێڕی رۆمانەکەش هەم لە بواری فکریی و فەلسەفیدا شارەزاییە، هەمیش لە زمانی فارسیدا،

– شهاب الدين السهروردي. حكمة الاشراق. مراجعة و تقديم: إنعام حيدورة. دار المعارف الحكيمة. ٢٠١٠

– المنطق الإشراقي عند شهاب الدين السهروردي، محمود محمد علي. دار مصر العربية للنشر و التوزيع.١٩٩٩

– محمود محمد علي. السهروردي المقتول.. رائد المنطق الإشراقي.
www.almothaqaf.com

هەرئەمەش وایکردووە کە لە وەرگێڕانەکەدا سەرکەوتوو بێت.

لێرەدا پێمخۆشە بەچەند دێڕێک ئەم رۆمانە جوانە بە خوێنەران بناسێنم، بەمشێوەیەش کەمێک باسی فکر و فەلسەفە و ژیانی شەخسی سوهرەوەردیش بکەین.[٣]

ناوەڕۆکی رۆمانەکە

وەکو لە پێشیشدا ئاماژەم پێکرد، ئەم رۆمانە باسی ژیانی شەخسیی و فکری فەیلەسوفی مەزنی کورد و خۆرهەڵاتیی و جیهانی سوهرەوەردیی دەکات. سەرەتای رۆمانەکە بە منداڵیی سوهرەوەردیی دەستپێدەکات، کاتێک شەو دایکی بەدیاریيەوە چاودێریی دەکات و تەواو نیگەرانە، چونکە منداڵەکەی تاییەکی بەهێزیی هەیە. گەرچی حەبەشی باوکی بەو شێوەیە نیگەران نییە. پاشان نووسەر ورده ورده دەزووی رۆمانەکە دەکاتەوەو سەرەتای ژیانی سوهرەوەردیمان بۆ باس دەکات. سوهرەوەردی هەر لەمنداڵییەوە نیشانەکانی بلیمەتیی و زیرەکی پێوە دیارە، بۆیە لە قوتابخانە لای شێخ عەبدولڕەحمانی مامۆستای گوند، خۆشەویست دەبێت و دەیکاتە سەرپەرشتیاریی قوتابییەکانی تر و بە شێخی قوتابییەکان ناوی دەبات.

سوهرەوەردی خەون دەبینێت و پاشان بۆ مامۆستا و هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە، لە خەونیدا باڵێکی هەیە و پاشان پیاوێکی پیر دەبینێت باڵێکی بەدەستەوەیە دەڵێت ئەمە باڵەکەی ترتە، تۆ ناتوانیت بە یەک باڵ بفڕیت، ئەویش دەیەوێت باڵەکەی دەستی بگرێت، بەڵام پیرەمێردەکە دوور دەکەوێتەوە دەفڕێت بۆ ئاسمان، ئەمیش بەدوایدا هاوار دەکات و داوای باڵەکەی دەکات.

دواتر مامۆستاکەی دەینێرێت بۆ لای خواجە عوبەید تاوەکو

---

٣ یەحیا یەسریبی. قەلەندەر و قەڵا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە : ئازاد بەرزنجی. ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ٢٠٢١

راڤەی خەونەکەی بۆ بکات. کە دەچێتە لای خواجە عوبەید ئەویش خەونەکەی بۆ راڤە دەکات و دەڵێت: تۆ خودا بەهرەیەکی پێداویت، ئەمە باڵێکیانە، ئەوەی تریشان دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت ئەویش لە رێگەی مامۆستا و رابەرێکەوە فێری دەبیت و دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت. ئەم خەونەش دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ ئەم منداڵە و بە تەواوی ژیانی دەگۆڕێت و حەزی خوێندن و گەڕان بە دوای باڵی دووەمیدا، دەبێتە ژیان و خولیای. هەرواش دەکات، تەواوی ژیانی بە دوای گەڕان بەدوای مەعریفە و زانستی نوێدا دەگەڕێت. سەرەتا دەچێتە شاری ئەسفەهان و لەوێ دەستدەکات بە خوێندن، لێرەشەوە کاروانی فێربوون و خوێندن دەستپێدەکات و پاشان دەچێتە مەراغە و ماردین و شام و دواجاریش لە شاری حەلەب دەگیرسێتەوە.

کێشەکە لەوەدایە ئەو قوتابخانانەی کە ئەو سەردانی دەکات، ناتوانن تینوێتی سوهرەوەردیی بشکێنن و خەون و خەیاڵەکانی زۆر لەوە گەورەترن. وەکو خۆشی لە دیالۆگێکیدا بە برادەرێکی دەڵێت:

«ئەوەی لە شەریعەتدا هاتووە و زاناکانی کۆن گوتوویانە، ئەو زانیارییانەن کە لە بەردەستماندان و بێ هیچ خۆماندووکردن و تەقەڵایەکی نوێ، خراوەتە بەردەستی ئێمە، کەواتە ئەرکی ئێمە و ئەوانەی دوای ئێمە، لە خزمەتکردن بە زانستەکانی مرۆڤدا چییە؟ ئەگەر بواری زانستە ئەقڵییەکان قەدەغە و حەرام بکرێن، کەواتە کاری زانایان، جگە لە هەڵگرتنی کتێبە کۆنەکانی پێشینان چی دەبێت؟»

ئەو هەمیشە خوێندکارێکی ئاساییی نەبووە، هەمیشە چەکی پرسیاری ئامادەبووە، ئەمەش زۆرجار رووبەروی کێشەوگرفتی زۆری کردووە. بۆ نموونە کاتێک لای مامۆستا زەهیرولدین فارسی بوو، رۆژێکیان پرسیاری زۆر دەکات، دوایی مامۆستاکە شێخ ئەحمەدی قوتابیی کۆنی خۆی دەنێرێتە لای سوهرەوەردیی، نیگەرانی مامۆستای پێ رادەگەیەنێت و پاشان ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت:

«ئەگەر دەتەوێت ڕێزت لێ بگرن، ئەگەر دەتەوێت بە ئارامی بژیت،

کەم قسە بکە، پرسیار مەکە، تا دەم بوەستێ، سەر سەلامەتە .ل ٥٥ «
بەڵام سوهرەوەردی ناتوانێت وەکو خوێندکارەکانی تر دەمی بگرێت و پرسیار نەکات، وەکو خۆشی دەڵێت:
«چۆن دەبێت مرۆڤ پرسیار نەکات! پرسیارکردن رۆحی مێشکی مرۆڤە، ئەگەر جەسارەت و توانای پرسیارکردن لە من بستێنەوە، دڵنیام هیچم پێ نابەخشن. «
کاتێک خوێندن لە ئەسفەهان تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، دایکی زۆر دڵخۆش دەبێت و دەیەوێت ژنی بۆ بخوازێت و لەپاڵ دایکیدا بژی، بەڵام وەکو دەڵێن ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لەخەیاڵێکی تر، سوهرەوەردیی لە خەون و خەیاڵێکی ترداید کە زۆر جیاوازە لەوەی دایکی. کێشەی سەرەکی ئەو ئەوەیە، هەمیشە وەکو دەرووێشێک بەدوای زانین و مەعریفەی نوێدا دەگەڕێت. وەکو خۆشی دەڵێت:
«تینوویێتییەکی لە رادەبەدەر و سەیرم بۆ مەعریفە هەیە، دەچم بۆ مەراغە، یان هەر شوێنێکی تر، کە سەرچاوەی زانین بن، ئەوەی بیری لێ نەکەمەوە سەروەت و سامان و پلەوپایە و ژن و منااڵە، هەست دەکەم ئەمانە دەبنە کۆت و لە جوواڵەم دەخەن. بۆ ساتێک چییە، سروەتم نییە، تینوێتیی بۆ زانین و گڕی حەزێک بۆ گەڕان، وا لەناو دڵمدا! بارەکەشی کۆاڵێک کتێبە. ونبوویەک هەیە، کە دەبێت بە دوایدا بگەڕێم و لەم رێیەشدا هیچ شتێک ناتوانێت بەرم لێ بگرێت، مەگەر تیغی ئەجەل یان شمشێری جەهل و ئێرەیی. »
هەربۆیە تەنها پشتی بە قوتابخانە ئیسلامییەکان نەبەست، بەاڵکو هەواڵیدا لەناو ئاینەکانی تریشدا بەدوای هەقیقەت و مەعریفەدا بگەڕێت، بەتایبەتی ئایینی زەردەشتیی. کاتێک لە سوهرەوەردەوە بەرەو مەراغە دەچێت، لەرێگەدا چاوی بە پیاوێکی پیر دەکەوێت و ئەویش باسی موغێکی زەردەشتی بۆ دەکات، یەکسەر سوهرەوەردی رازی دەبێت و دەچێتە لای ئەو موغە زەردەشتییە و ماوەیەک لەوێندەر دەمێنێتەوە فێری عیرفان و زانستی زەردەشتی دەبێت.

جگە لە مەسەلەی عیرفان و گەڕان بەدوای زانستدا، لێرە لای ئەو موغە زەردەشتییە، سوهرەوەردیی لایەنێکی تری خۆی بۆ رووناک دەبێتەوە ئەویش خۆشەویستییە، لێرە کچە شۆخ و شەنگی زەردەشتی «سیندوخت» دەبینێت و عاشقی دەبێت، ئەم عیشقەش وەکو نوورێکی نەمر وایە و هەمیشە کاتێک تاریکی بەسەر دەروون و ناخیدا زاڵ دەبێت، سیندوخت بە خۆشەویستی خۆی رووناکی دەکاتەوە. ئەم کچە و ئەم عیشقە هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی خەیاڵی، لەمەشدا نووسەر زۆر سەرکەوتوو بووە لە باسکردنی ئەو حاڵەتە تایبەتییە خۆشەویستیی و عیشقە.

دواتر نووسەر هەوڵیداوە کاروانی ژیانی سوهرەوەردیی باس بکات و لێرەشدا ناوی زۆر شوێن و کەسایەتیی مێژوویی دێن. هەتا دواجار رۆمانەکەی دەباتە شاری حەلەب ئەمەش دەبێتە دواییین وێستگەی رۆمانەکە، هەر لێرەش ژیانی سوهرەوەردی بەشێوەیەکی تراژیدیی کۆتایی پێدێت، کاتێک کۆمەڵێک زانای ئایینی گوشار بۆ سەر دەسەڵات دەهێنن، کە دەبێت سوهرەوەردیی سزا بدرێت، چونکە کەسێکی کافر و دەرچووە لە ئایینی ئیسلام. دواجار لەم پیلانەیاندا سەردەکەون و لەپاش دادگاییکردنی لەلایەن کۆمەڵێک زاناوە، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت. لەکاتێکدا زاهیر شای کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی زۆر هۆگری سوهرەوەردیی دەبێت و حەزیش ناکات سزای بدات، بەڵام ئەویش دواجار لە ژێر گوشاری باوکیدا بڕیارەکە جێبەجێ دەکات.

شێوازی نووسین

یەکێک لە خاڵە جوان و سەرکەوتووەکانی ئەم رۆمانە شێوازی نووسینێتی، بەڕاستی نووسەر زۆر جوان توانیوێتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکی جوانی ئەدەبییەوە، رۆمانەکەی بڕازێنێتەوە و زۆربەی رەگەزەکانی رۆمانی بە باشی بەکارهێناوە لە پێش هەموشیانەوە»

دیالۆگ، داڕشتن و شیکردنەوەی کەسایەتییەکان، کات و شوێن، مۆنۆلۆگ، فلاش باگ» لەهەمووشی گرنگتر نووسەر لە باسکردنی کەسایەتییەکەیدا شێوازی «ماگی- ریالیزم، ریالیزمی سیحریی» بەکارهێناوە، ئەمەش زۆر کەم نووسەر تێیدا سەرکەوتوو دەبن، کەمن ئەوانەی دەتوانن ئەم شێوازە بەکار بهێنن. ئەم شێوازی ماگی ریالیزمەش چێژی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت و زیاتر تێکەڵی دەکات لەگەڵ ناوەڕۆکی رۆمانەکە.

خۆشەویستی

جگە لە پرسی فکریی و فەلسەفیی، چیرۆکی خۆشەویستی بابەتێکی گرنگی تری ناو ئەم رۆمانەیە. نووسەر هەوڵیداوە لایەنێکی تری ژیانی ئەم کەڵە فەیلەسوفەمان بۆ باسبکات و کاریگەریی خۆشەویستی بەسەر ئەم کەسایەتییە فکریی و ئایینییەوە دەربخات. سیندوخت هەتا کۆتایی رۆمانەکە بەشیوەیەکی خەیاڵئامێز، دەبێتە تارماییەک و هەمیشە لە ناخ و دڵ و دەروونی سوهرەوەردیدا دەمێنێتەوە. ئەوەی نوێ بوو بۆ من، شیکردنەوە وشەی «عیشقە»، ئەم وشە عەرەبییە مانای گیاییەک دەگەیەنێت کە لە داریکەوە دەئاڵێت و تەواوی لق و پۆپەکانی دەگرێتەوەو هەموو ئاو و وزەی دارەکە دەبات و هەتا لەکۆتاییدا وشکی دەکات. پێدەچێت عەرەب لە هەڵبژاردنی ئەم وشەیەدا زۆر سەرکەوتووبن، چونکە لەراستیشدا عیشق وایە، هەتا کەسەکە نەسووتێنێت واز ناهێنێت، مەبەستم سووتانی رۆحییە.

چەند بابەتێکی گرنگ

وەکو وتم ئەم رۆمانە جگە لەوەی زیاتر باسی ژیانی تایبەتی سوهرەوەردیی دەکات، بەڵام لەپەنا ئەوەشدا باسی کۆمەڵێک بابەتی فکریی و فەلسەفییش دەکات، تارادەیەکی باش لەڕووی فکرییەوە سوهرەوەردیی بە خوێنەر دەناسێنێت.

کاتێک کە موغە زەردەشتییەکە دەبینێت، کۆمەڵێک قسەوباسی فکریی و ئایینی و فەلسەفیی باس دەکەن. موغەکە دەڵێت:

«لەفەلسەفەدا سەرچاوەی جیهان بوونە و وەهاش وەسف دەکرێت، کە خۆی پێویستە و پێویستی بە هیچیش نییە، لە حیکمەتی خوسرەوانیدا سەرچاوەی جیهان مینوی پاکە، مینووش واتە عەقڵ. لەم حیکمەتەدا جیهان لە رووناکیی سەرشار و رۆح و ئەقڵەوە پەیدا بووەو سەرچاوەی جیهانیش داناییە.

لە شوێنێکی تردا باسی گرنگی گەیشتن بە زانینی «حس»ی دەکات و چاوی ناخ، کە ئەویش حاڵەتێکی عیرفانیی و تەسەوفە. لە زاری موغەکەوە دەڵێت:

«کاتێک زانینی مەزنەیی دێتە ئاراوە، مەسەلەی کفر و ئیمان نامێنێت، چونکە باوەڕداریی و بێباوەڕیی، پەیوەستن بە جیهانی خودئاگاییەوە، لە جیهانی خودئاگاییدا مەودا هەیە لە نێوان ئاگامەندی و راستیدا. وەختێک ئینسان دەبێتە خاوەنی بینینی دەروونی یان بینین بە چاوی ناخ راستەوخۆ بە هەقیقەت دەگات، ئیدی شتێک نامێنێتەوە بۆ کوفر و ئیمان، چونکە ئەو زانینە خۆی دەبێتە زانراو نەک خەبەر لە زانراو بدات، ئەو زانستە زانین نییە بەڵکە بینینە، ئاگامانی دەبێتە خودی راستی خۆی، نەک شتێک کە لەڕاستیدا مەودای هەبێت.

جیهانی بوون

بابەتێکی گرنگی تر کە نووسەر ئاماژەی پێداوە مەسەلەی جیهانی بوونە، ئەمەش لەزاری موغەکە باسی لێوە دەکات و دەڵێت:

«جیهانی بوون بریتییە لە کۆمەڵێک رووناکیی و تاریکی، تەواوی گەوهەرە رووناکەکان، ئاسمانین و جەستە و مادده ناگرنەوەو ئەمانە جیهانی مینوو «عەقڵین» پێکدەهێنن. بەڵام جیهانی هەستپێکرا و، واتە جیهانی جەستەیی و ماددیی، تاریکە و پێی دەگوترێت گێتی. لەهەر

کوێیەک گیان هەبێت رووناکی هەیە، بەڵام لەم نێوەندەدا، ئینسان تایبەتمەندییەکی هەیە، کە خاوەنی بینیە بە دیدەی ناخ و توانای بەدەستهێنانی زانینەکانی هەیە لەرێی مەزەندەوە» حدس» هوە.ل ١١٦

جێگەی ئاماژەیە زۆرجار نووسەر هەوڵیداوە بۆچوونە فکرییەکانی سوهرەوەردی لە زاریی خۆیی و ئەم موغە زەردەشتییەوە باس بکات.

سەرچاوەی زانین خۆتی

بابەتێکی فەلسەفیی تر مەسەلەی ناخی مرۆڤە، ئەمەش بە پێی بۆچوونی ئەفلاتونی فەیلەسوفی یۆنانی بێت، سەرچاوەی زانین ناخی مرۆڤ خۆیەتی، ئەم کاریگەرییەش زۆر بە فکری سوهرەوەردیدا هەبووە. ئەمجارە لە زاری شێخ تاهیرەوە دەڵێت:

«تۆ خۆت مامۆستای خۆتیت، دواجار ئەوانی تریش هەر ئەوەندەی من و تۆ دەزانن، دەبێ سەرچاوەی کانیاوی زانین لە ناخ و دەروونی خۆتەوە هەڵبقوڵێت،

خۆت پزیشکی خۆت بە!

پاشان لە شوێنێکی تردا لەزاری دەرویشێکەوە درێژە بەم باسە دەدات و کاتێک سوهرەوەردی پێی دەڵێت: دەستم دامێنێت، یاریدەم بدە، ببە بە پزیشکم.

ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت:

«تۆ خۆت پزیشکی خۆتیت! کەس ناتوانێت ببێت بە پزیشکی کەسێکی تر، تینوو بە، بەڵام با تینوێتیت رووی لە خۆت بێت و ئاوی کارێزی دەروونی خۆت بخۆرەوە، هەرچییەکت بوێت، لە ماڵەکەی خۆتدا هەیە.

خەڵکی جاهیل و قسەکردن

بابەتێکی فکری تر مەسەلەی خەڵکی نوخبە و خەڵکی جاهیلە، لەهەمانکاتیشدا چۆنێتی مامەڵەکردنی نێوان ئەم دووانە باس دەکات. لە زاری شێخ تاهیرەوە ئەم بابەتە باس دەکات و دەڵێت:

«قسەکردن لەهەموو شوێنێک هەڵەیە، پرسیارکردنیش لەهەموو کەسێک هەڵەیە. مرۆڤ نابێت لە قسەکردندا بۆ خەڵکی شایستە درێخی بکات. بەڵام خەڵکی ناشایستە و نامۆ بە هەقیقەت، وەکو ئەو پڵیتەیە وایە، کە لەجیاتی زەیت، بە ئاو تەڕ بووبێت، چەند بتەوێت دایبگرسێنیت، داناگیرسێت، قسەی ئەهلی دڵ، لە ئاگر و رووناکی خاڵی نییە، وەلێ ئاگر و رووناکی لە مۆم بەر دەبێت نەک لە پڵیتەی تەڕ.

عەقڵ

عەقڵ تەوەری سەرەکی بیرکردنەوەی سوهرەوەردییە، لە زۆر شوێندا باسی ئەم بابەتەی کردووە. لە زاری سوهرەوەردییەوە دەڵێت:

عەقڵ تاکە ئامڕازە کە مرۆڤ لە گیانەوەر جیا دەکاتەوە، ژیریی واتە پەیبردن بەو یاسا و ڕێسا و بنەما روون و بەردەوامانەی دەکرێ لە ڕێیانەوە تەفسیری بوون بکەین. عەقڵ تاقە ڕێگە و ئامڕازی ئادەمیزادە بۆ ڕاڤەکردن و ڕێکخستنی ئەزموونە هەستییەکان.

پاشانیش دەڵێت:

من نرخی ئەقڵ و ئەنجامگیریی ژیان دەزانم، بەڵام لە هەمان کاتدا، نابێت زەوق و زانینە زەوقییەکانیش فەرامۆش بکەین.

حاڵەتی ڕۆحی تایبەت

کاتێک لەگەڵ دەرویش بەڵخی دەبێت ئەو داوای لێدەکات کە سەیری دواوە بکات، سەیر دەکات کەسێک هەمان سیما و دەموچاوی ئەوی هەیە، پاشان ڕێزێک جەستەی خۆی بینی، تا دەگاتە خۆر، تارادەیەک هەموویان لەیەک دەچوون.

ئەم حاڵەتەش زیاتر دەچێتە قالبی ماگی» سیحرئامێزەوە› هەرچەندە ئەمجۆرە حاڵەتانەش لەناو عالەمی تەسەوف و عیرفاندا بوونی هەیە.

بۆچوونی لە بارەی دەسەڵاتەوە

سوهرەوەردی خاوەنی دیدگای تایبەت بەخۆی بووە لەبارەی دەسەڵاتەوە، کە تەواو پێچەوانەی ئەو دیدگایە بووە کە لەوکاتدا زاڵبووە. لەکاتی ئامۆژگارییکردنی زاهیر شادا سوهرەوەردی دەڵێت:

سێ شت گرنگن:

یەکەم: ڕێز لە کەسایەتیی و پایەی هاوواڵاتییان بگریت. دەستماچکردن و کڕنووشی خەڵک بۆت، هیچ لە تۆ زیاد ناکات، بگرە ئەوە دەبێتە نیشانەیەک بۆ بچووکیی و جەهلی تۆ، کە بە سووککردنی خەڵکی، خۆت بە گەورە بزانیت. ئەو کەسەی کڕیاری ستایش و مەراییە، مرۆڤێکی خۆپەرستە و پڕە لە گرێی خۆ بەکەمزانین.

دووەم: هەموو میر و زانایەک دەبێت بیر لە پاراستن و پشتیوانیکردن لە خەڵک بکاتەوە، نەک پاراستن و پشتیوانیکردن لە خوا! چونکە خوا پێویستی بەپشتیوانیی کەس نییە و لە هیچی کەم نییە، بەڵکە ئەوە خەڵک و ئادەمیزادەکانن، کە پێویستیان بە میهرەبانیی و پشتوانییە، لەبەر ئەوە نابێت بە بیانووی بەرگرییکردن لە خوا و دینەوە، ستەم لە خەڵک بکەیت، یان بە بیانووی جیهاد و زەکاتەوە، دەست بەسەر ڕۆح

و سەر و ماڵی خەڵکیدا بگرێت.

سێهەم: ئەوەی پێیدەڵێن بەیتولمال. عومەر رۆژێکیان لە سەلمانی پرسی، من خەلیفەیەکی راستەقینەم یان نا؟ سەلمان لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر بە ناهەق درهەمێک لە خەڵک وەرنەگریت و بە ناهەقیش درهەمێک خەرج نەکەیت، ئەوا خەلیفەیەکی راستەقینەیت، ئەگینا نەخێر.

پاشان لە شوێنێکی تردا بەمجۆرە وەسفی فەرمانڕەوا دەکات و دەڵێت:

«ئەو کەسانەی دەسەڵات دەگرنە ئەستۆ دەبێت لەوانی تر داناتر بن و لەڕووی رەفتار و پەروەردەوە لەوانی تر بەئاگاتربن. ئەگەر دەسەڵات بکەوێتە دەستی کەسانێکی ناشایستە، وەکو ئەوە وایە گوێزان بدەیتە دەست کەسێکی شێت.

پاشگەزنەبوونەوە و داکۆکیکردن لە خۆی

یەکێک لە خاڵە جوانەکانی ژیانی سوهرەوەردیی مەسەلەی داکۆیکردن بووە لە بیروباوەڕی خۆی، ئامادە بووە لەپێناو ئەو بیروباوەڕانەی خۆی، ژیانی بکاتە قوربانی. لەهەموشی گرنگتر هیچ کاتێک سازشی لەو بۆچوونانەی نەکردووە. تەنانەت کاتێک دواجار بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، زاهیر شا لەرێگەی نێردراوێکەوە هەواڵی بۆ دەنێرێت کە بەڵکو پەشیمان بێتەوە، بۆئەوەی سزای مەرگی بەسەردا نەسەپێت، بەڵام ئەو رازی نابێت و لە وەڵامدا بە نێردراوی زاهیر شا دەڵێت:

«ئەگەر بە بارتەقای کێوەکان ئاڵتوون بخەنە بەر پێم، یان هەموو شمشێرەکانی دونیا بخەنە سەر ملم و هەموو تیرەکان دڵی من بکەنە نیشانە، تازە لەو رێیەی گرتوومەتە بەر، گەڕانەوەم نییە. ل٣٣٦

جێگەی ئاماژەیە نووسەر زۆر بەجوانی توانیویەتی وەسفی ئەو دادگاییە بکات کە بۆ سوهرەوەردیی دانرا بوو، کە لەپاش دادگاییکردنەکەی سوکراتەوە، بە یەکێک لە دادگا بەدناوەکانی مێژووی فکر و فەلسەفە

دادەنرێت. تێیدا فەیلەسوفێک لەبەر بۆچوونە فکرییەکانی سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێت.

دواقسە

دیارە ئەم رۆمانە جگە لەم بابەتانەی سەرەوە، کۆمەڵێک تەوەری کۆمەڵایەتیی و فکریی و سیاسیی تر لە خۆ دەگرێت کە لێرەدا ناتوانین باسی هەموویان بکەین. من تەنها ویستم بەرچاوڕوونییەک بە خوێنەر بدەم. بەگشتیش رۆمانەکە چ لەڕووی ناوەڕۆک و شێوازیشەوە مایەی دەستخۆشییە و نووسەر ئەوپەڕی لێهاتوویی خۆی بەکارهێناوە بۆ نووسینی ئەم رۆمانە و ناساندنی فکر و فەلسەفە و ژیانی شەخسی یەکێک لە فەیلەسوفە مەزنەکانی خۆرهەڵات و جیهان.

تاغور

ئەو چرایەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ڕووناک کردەوە



زۆرجار کە سەیری نەخشەی جیهان دەکەین و دەگەینە سەر ناوی هیندوستان، ناچارین وەستانێک بکەین. ئاخر ئەم شوێنە تەنها وڵاتێکی ئاسایی نییە، بگرە ئێمە خۆمان لەبەردەم شارستانییەکی دێرین ومەزندا دەبینینەوە، لەبەردەم مێژوویەکی گەورەی فکرو سیاسەت و کەلتوردا وەستاوین. من پێشتریش گوتومە، هیندوستان تەنها وڵاتێکی مەزنی ئاسیاو جیهان نییە، بەڵکە کیشوەرێکی ئێجگار گرنگ و پڕبایەخی جیهانە.

ئەم کیشوەرە مەزنە، مەنزڵگای چەندین ژن و پیاویی گەورەیە، کە

کارو بەرهەمەکانیان هەموو جیهانی سەرسام کردووە. هەمووماڵن ناوی گاندیی ونەهرۆ و ئەندێرا گاندییماڵن بیستووە، هەمووشمان ئاگادارین کە ئێرە مەڵبەندی شارستانییەکی کۆنە و شوێنی لەدایکبوونی حکایەت و داستانە مەزن و دێرینەکانی (مەهابهاراتا و رامایانا) یە. لێرەوە بووە کە (بودای) مەزن لەدایکبوو پاشانیش پەیامە مەزنەکەی بەناو جیهاندا بڵاوکردەوە. لێرە ئاینی (هیندۆسی، سیخی، بودی) لەدایک بوو. لێرەبوو کە زمانی (سەنسکریتی) کۆن لەدایکبوو.

بەڕاستی ئەم کیشوەرە لە ڕووی کەلتوورییەوە شتی زۆریی پێشکەش بە مرۆڤایەتیی کردووە، لەبەرئەوەشە هەموو مرۆڤایەتی بە چاوی ڕێزەوە سەیریی ئەم کیشوەرە مەزنە دەکات.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر ناوێکی گەورە، بیرمەندێکی مەزن، شاعیرێکی ئێجگار بەرز، شانۆنووس و چیرۆکنووس و مۆسیقار و پسپۆرێکی بواری پەروەردەو وێنەکێشێکی ئێجگار گەورەی هیندوستان و جیهان، کە ئەویش رابیندرانات تاغورە.

تاغور یەکێکە لە بیرمەند و شاعیر و نووسەرە گەورەکانی هیندوستان و جیهان. ئەم بیرمەندە مەزنە لە زۆر بواردا داهێنان و کاری دانسقەی ئەنجام داوە. تاغور زیاد لە هەزار بەیتی شعریی، ٣ هەزار گۆرانی و سرودی ئایینی و نیشتمانی، ٢٠٠٠ تابلۆی جوان و سەرنج ڕاکێشی کێشاوە، کە هەرهەموویان نیشانەی جوانیی و بەرزیی هونەرییان پێوە دیارە.هەشت ڕۆمان، هەشت مجەلدیی چیرۆک و بیست و چوار شانۆگەریی مەزنی نووسیوە[٤] .

بوونی ئەم هەموو داهێنان و دەستڕەنگینییە، دەوڵەمەندییەکی ئێجگار گەورەی بەم کەسایەتییە مەزنە بەخشیوە. کەم کەس لە میژوودا هەبوون، کە توانییێتیان لە زۆر بواردا داهێنەر و زانا بن. تاغور لە هەموو کارێکیدا، مەلی فکرێکی مەزن بەسەر سەریەوە بووە. ئەو لە

٤ Jose Punnamparambil. Rabindranath Tagore. Dichter, Philosoph, Maler, Sozial – und Bildungsreformer.www.nrhz.de

ڕێگەی ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ، شیعر، نووسین، تابلۆ، گۆرانییەوە، ویستوویەتی پەیامێکی پیرۆز و بەرز بگەیەنێت، کە ئەویش پەیامی مرۆڤایەتیی بووە، هەروەک خۆی ناوی لێنابوو (ئایینی مرۆڤایەتی)

گاندی مەزن لە وەسفی تاغوردا دەڵێت : (تاغور چرای هیندستانە). من لێرەدا لەگەڵ گاندی مەزندا هاوڕا نیم و دەڵێم : (تاغور تەنها چرای هیندستان نییە، بەڵکە ئەو چرایەیە کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو تەواویی سەر ڕووی زەمین ڕووناک دەکاتەوە.)

ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەم کەڵە بیرمەندەی هیندوستان، بۆ تەواویی زمانە جیهانییەکان وەرگێڕاون. لێ بەداخەوە هەتاوەکو ئێستا خوێنەری کوردیی، لە بەشێکی زۆری بەرهەمە جوانەکانی تاغور بێ بەشە. لەلایەکی تریشەوە دەتوانم بڵێم زۆر کەم خوێنەریی کورد هەن، کە شارەزایی و ئاگاداریی بەرهەم ونووسینەکانی تاغور بن.

کاتێک سەیری کتێبخانەی ئەڵمانیم کرد، کە چاوم بڕییە ناو سایتە ئەڵمانییەکان بەتایبەتی ئەدەبی و فکرییەکانیان، بەرهەمگەلێکی ئێجگار زۆری تاغورم دۆزییەوە. هەروەها سەدان نووسینی جۆربەجۆر لەبارەی تاغورەوە هەیە. هەروەها لە کتێبخانەی عەرەبیشدا، بەرهەمگەلێکی ئەم کەڵە نووسەرە کراونەتە عەرەبی. کە هەندێک خوێنەریی کوردیش توانیوویانە سوودیی لێوەربگرن و بە جیهانی تاغور ئاشان بن. من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند دێڕێک لە بارەی تاغورەوە بنووسم، بەو هیوایەی تیشکێک بخەمە سەر جیهانی پان و بەرینی تاغور.

منداڵێکی خوشگوزەران لەناو ملیۆنەها منداڵی هەژار و بەدبەخت

لە ٧ مایسی ساڵی ١٨٦١ لە کۆشکی بەرزی (جوروسنکۆ) کە دەکەوێتە شاری کەلکووتای باکووری هیندوستانەوە، مەهارش(کەبە زمانی بەنگالی مانای پیاوی ئایینی پیرۆز دێت) منداڵێکی جوانکیلەییان بوو، ناوییان لێنا (دافندرانات تاغور). حەوت براکەی تریی ناویان لێنا (رابەندرا) کەبە زمانی بەنگالی مانای (ڕۆژ) دەگەیەنێت. پێدەچێت هەر زوو براکانی تاغور زانیبێتییان، کە ڕۆژێکی مەزن لەدایک دەبێت و تیشکی بەتەواوی کیشوەری هیندوستان و جیهاندا بڵاودەبێتەوە[٥] .

دیارە بنەماڵەی تاغور بنەماڵەیەکی نەجیبزادەو گەورەو دێرینی بەنگالییە. باوکی یەکێک بوو لە مامۆستا دیارەکانی عەقیدەی (یوبانیشاد) کە ڕێچکەیەکی ئایینی سۆفی هیندۆسی بوو. باوکی بە دەنگە تەلیسماوییەکەی گۆرانی ئایینی دەووت و وانەی سۆقیزمی بەخەڵکی دەگوتەوە، جگەلەوەش یەکێک بوو لە نەجیبزادە گەورەکانی شاری کەلکووتا[٦] .

بەمشێوە تاغوری منداڵ لەناو کۆشکێکی گەورەو جوانی بەنگالیدا لەدایک دەبێت و ڕۆژانە گوێی لە موزیک و سرودی ئایینی و فکر و ئەدەب دەبێت. ڕۆژانە لەناو ئەم کۆشکە جوانەدا، خەریکی یاریکردن دەبێت و منداڵییەکی خۆش بەسەر دەبات. هەموو براکانی تاغور، هونەرمەند و ئەدەب دۆست بوون. واتە تاغور لەناو جیهانێکی مەزنی هونەر و فکر و ئەدەب دا گەورە دەبێت.

---

٥ رابندرانات تاغور.. البيت و العالم.ترجمة، د. شوكري محمد عياد. الطبعة الاولى. دار الهلال. مصر. ١٩٧٧. ص١٠

٦ هەمان سەرچاوە

منداڵە نازدارەکە

باوکی تاغور زۆر گرنگی بە خوێندن و پەروەردەی تاغور و منداڵەکانی تری دەدا. بۆ تاغوریش مامۆستای تایبەتی بۆ دەگرێت و فێری خوێندن و نووسین و زانستەکانی دەکەن. جێگەی ئاماژەیە لەو کاتەدا لە کەلکوتا قوتابخانەی ڕەسمی نەبوو، هەتاوەکو خەڵکی منداڵەکانی بنێرن بۆ ئەوەی فێریی خوێندن ببن، بەڵکە تەنها بنەماڵە دەوڵەمەند و نەجیبزادەکان، دەیانتوانی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان بنێرن و مامۆستای تایبەت بۆ منداڵەکانیان بگرن.

تاغور لەبارەی ئەم قۆناغەوە دەڵێت :

(تەنها هێندەم لە یادە ڕۆژێکیان منداڵ بووم زۆر گریام، خزمەتکارەکان نەیاندەهێشت منیش لەگەڵ براکانم بچم بۆ قوتابخانە. لەو کاتەدا یەکێک لە مامۆستا تایبەتییەکانم هاتە پاڵم پێی گوتم: ئێستا مەگریی بۆ قوتابخانە، گرنگ ئەوەیە پاشتر کە گەورە بوویت و چوویتە قوتابخانە، بۆ قوتابخانە بگریت و بەجێی نەهێڵیت .)[٧]

مردنی دایکی و چەشتنی یەکەمین ئازار

ماوەیەکی زۆر تاغور لەناو جیهانی خۆشیی و کامەرانیدا نوقم بووبو، لێ لەپڕ خۆی لەبەردەم گەورەترین کارەساتدا دەبینێتەوە، کە کاریگەریی زۆریی بەسەر ژیانی تاغورەوە دەبێت، ئەویش مردنی دایکییەتی. دیارە تاغور خۆشەویستییەکی زۆریی بۆ دایکی دەبێت و پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزیی لەگەڵدا دەبێت. نەمانی ئەم پەیوەندیی و ئەم کەسایەتییە مەزنە،

---

٧ رابندرانات تاغور. ذكرياتي. ترجمة. صلاح صلاح. منشورات المجمع الثقافي. الطبعة الاولى .ابو ظبي. الامارات العربرية المتحدة. ١٩٩٥. ص٨

تاغور تووشی شۆکێکی گەورەو تەنهاییەکی بێرەحم دەکات.

هەروەک خۆشی دەڵێت :

(قەدەر هەر زوو دایکمی لێ سەندمەوە لە کاتێکدا من هێشتا منداڵێکی چکۆلانە بووم، بەمشێوەیەش بە تەنها مامەوە. هەموو وەختێک پەنچەرەکەم دەکردەوەو سەیری سروشتم دەکرد، ئەمەش وێنای جۆراوجۆری لە میشکمدا دروست دەکرد. بەمشێوەیە لە پاش مردنی دایکم، تەنها سروشت بوو بە هاوڕێم و هەتا کۆتایی ژیانم لە لام مایەوە .)[٨]

ئەو دزەی تاغوری فێری شیعر و هەستی مرۆڤانە کرد

هەموومان ڕقمان لە خەڵکی دز و چەتە دەبێتەوە، بەڵام تاغور بەمشێوەیە سەیری ئەوان ناکات. چاوەکانی ئەو شتێکی تر دەبینن و جیاوازن لە چاوەکانی ئێمە. یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ژیانی تاغور کاریگەری بەسەر کەسایەتیی و فکریی هەبوو، گرتنی دزێک بووە لە کۆشکەکەی ئەوان. ڕۆژێکیان دزێک دێتە کۆشکەکەیان و پاشان یەکێک لە خزمەتکارەکانیان ئەو دزە دەگرێت. پاشان زۆر بە دڕندانە لەم دزە نەگبەتە دەدەن. تاغور بە پێچەوانەی تەواویی ئەندامانی خێزانەکەیەوە، زۆر دڵی بۆ ئەو دزە دەسووتێت و زۆری پێ ناخۆش دەبێت کە وا بەوشێوەیە سزای ئەو دزە دەدەن. تاغور زۆر بێزار دەبێت، بەڵام ئەمەش خێریی پێوە دەبێت، چونکە تاغور لەم ڕۆژەدا یەکەمین بەیتی شیعری خۆی دەنووسێت. هەروەک خۆشی دەڵێت :

(هەتاوەکو ئێستاش ئەو ڕۆژەم لە یادە، هێشتا هەر بەزەییم بەو دزەدا دێتەوە لە ڕووی ڕۆحییەوە زۆر ئازارم چەشت، کاتێک بینیم زۆر بێرەحمانە سزای دەدەن، لەهەمانکاتیشدا ئەو دێرە شیعرە سادەیەشم

٨ هەمان سەرچاوە

لەبیرە، کە لەو ڕۆژەدا لە دایک بوو)[٩]

بەم شێوەیە دزێک وا هەستی تاغوریی جوولاند، کە ببێتە هۆی تەقینەوەی سەرچاوەیەکی شیعریی مەزنی جیهانی.

سەفەر و گەڕان بەناو جیهاندا

سەفەر ڕۆڵێکی گەورەی بەسەر ژیانی تاغورەوە هەبووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی لەگەڵ خۆیدا بردویەتی بۆ سەفەر گەڕان و بەم شێوەیەش ویستوویەتی منداڵەکەی جیهان بە چاوی خۆی ببینێت. هەروەک خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی یەکەمین سەفەری دەکات، کە لەگەڵ باوکیدا چوون بۆ ناوچە شاخاوییەکانی هیمالایا. تاغور دەڵێت :

(یەکەمجاربوو جوانی سروشت ببینم، هەر لەوێشەوە یەکەمجار بوو بە باران ئاشنا بووم. باران بارین جۆرە مۆسیقایەکی خۆش و تایبەتیی هەیە، ئەم مۆسیقایەش چێژی وەزن و قافیەی شیعریی تێدا ڕوانم)[١٠]

تاغور لە ژیانیدا چەندین وڵات و کیشوەری جیهانی بینیوە. سەردانی ئینگیلتەرا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئەمریکا و ژاپۆن و میسری کردووە. لەناو هەموو سەفەرەکانیشیدا ڕێزی زۆریان لێگرتووە.

تاغور لە ڕێگەی سەفەر و گەڕان بەناو جیهاندا، توانیویەتی بە دوای ڕاستی و هەقیقەت و مرۆڤدا بگەڕێت. ئەو شتە شاراوانەی کە لە کتێبدا دەستی نەکەوتووە، توانیویەتی لە ڕێگەی سەفەر و بینینی جیهاندا بۆی دەربکەوێت.

---

٩ رجاء النقاش.شعراء العالميون. الطبعة الاولى. دار اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي. ٢٠٠٧. ص.١٣٨.

١٠ هەمان سەرچاوە

چوون بۆ ئینگیلتەرا

باوکی دەیەوێت داهاتوویەکی باش بۆ کوڕەکەی دابین بکات، هەربۆیە دەینرێت بۆ زانکۆی (برایلتون) لە ئینگیلتەرا بۆ ئەوێ لەوێ کۆلیژی یاسا بخوێنێت. بەڵام تاغور خۆی حەزی بە یاسا نەبووە، بەڵکە ئەو زیاتر حەزی بە جیهانی ئەدەب بووە، بەڵام مانەوەی لە ئینگیلتەرا ڕێگەی بۆ خۆش دەکات کە زمانی ئینگلیزی فێربێت و شارەزایی لە ئەدەبی ئینگلیزیی و جیهانی پەیدا بکات. بەمشێوەیەش دەتوانێت فەرهەنگی هیندی لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژئاوایی تێکەڵ بکات و شارەزایی لە ئەدەبی جیهانیش پەیدا بکات، کە ئەمەش لەڕووی مەعریفییەوە دەوڵەمەندییەکی گەورە بە فکری تاغور دەبەخشێت.

گۆرانی ئێواران

لە پاش گەڕانەوەی بۆ هیندوستان دیوانێکی شیعریی بەناوی (گۆرانی ئێواران) دەنووسێت. کە ئەم دیوانەی لەناو بازنەی ئەدیباندا دەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت و زۆری لەسەر دەنووسرێت. لەهەمانکاتیش بلیمەتی تاغوریش لە بواری شیعردا دەردەکەوێت. پاشتریش دیوانێکی تری بە دوادا دێت بەناوی (گۆرانی بەیانییان)، کەتێیدا شێوازی «سیمبۆلی، ڕەمزیی «بەکاردەهێنێت و ئەم شێوازە بەسەر ئەم دیوانە نوێیەیدا زاڵ دەبێت.

پێکهێنانی ژیانی خێزانی

لە پاش گەڕانەوەی لە ئینگیلتەرا لەتەمەنی بیست و دوو ساڵیدا لەسەر ویستی باوکی کچێکی منداڵی تەمەن دوانزە ساڵان دەهێنێت کەناوی (مرینالینی دیفی) دەبێت. لەوکاتەدا کەلتوری پاتریاکی زاڵ بووە

بەسەر خانەوادەکانداو منداڵان دەبواییە بە ویستی دایک وباوکیان خێزان دروست بکەن. لەهەمانکاتیشدا ئەو کچە منداڵەی کە هێشتا تەمەنی نەگیشتبووە دوانزە ساڵان، دەبوایە شوو بکات. هەرچەندە پاشتر تاغور زۆر دژی ئەم نەریتە دزێوەی هیندوستان وەستاوەتەوەو رەخنەی لێگرت. بەڵام تاغور لە ژیانی خێزانیدا زۆر بەختەوەربوو، هەروەها ژنەکەشی زۆر خۆشدەویست و چەندین بەیتی شیعریشی بۆ هۆنیوەتەوە. لەکاتی مردنیشیدا زۆر بۆی گریاوەو دەروونی هەژاندووە.

تاغور و جیهانی شیعر

تاغور هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی بەرینی شیعردا کرد و هەتا کۆتایی ژیانی وەکو سێبەرێک وابوو بەسەر کارو بەرهەمەکانییەوە دیار بوو. تاغور هەروەک پێشتریش باسمکرد، لەناو بنەماڵەیەکی ئەدەب و فەرهەنگ دۆستدا گەورە بوو، باوکی و خێزانەکەی کاریگەریی گەورەیان بەسەرەوە هەبووە. تاغور لە شیعرەکانیدا پرسە گرنگەکانی مرۆڤایەتی (چاکە و خراپە، ئازادیی، سەربەخۆبوون لەدەستی داگیرکەر، خەباتی نەتەوایەتیی، خۆشەویستی) باسکردووە. تاغور زیاتر لە جیهاندا وەکو شاعیرێکی مەزن ناسراوە، شیعرەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێراون. شیعرەکانیشی بە زمانێکی ئاسان نووسراون، زۆرجاریش پشتی بە شێوازیی سیمبۆلیزم بەستووە، بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت. لەهەمانکاتیشدا شیعرەکانی پڕیەتی لە فکرو مەعریفەیەکی قوواڵی مرۆڤانە.

رەخنەگرو وەرگێری عەرەبی (بدیع حقی) دەڵێت :

«لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکانی تاغوردا، خوێنەر لەجیاتی ئەوەی خوێنەر بەدوای فکری تاغوردا بگەڕێت، فکرەکە خۆی بەرەو پیری خوێنەرەوە دێت. شیعرەکانی تاغور، چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشن،

کە تێیدا خوێنەر هەتا ماوەیەکی زۆر ئەو چێژەی لا دەمێنێتەوە«[١١]

نووسەری فەرەنسیش (ئەندریی جید) لەبارەی شیعری تاغورەوە دەڵێت :

(لەناو شیعری جیهانیدا، لەڕووی قوواڵی و جوانییەوە هیچ شیعرێک ناگاتەوە بە شیعری تاغور)[١٢]

تاغور لە ژیانیدا زیاتر لە هەزار بەیتی شیعریی نووسیوە. بەشێکی زۆریی ئەم شیعرانەشی کراون بە گۆرانی و سروود. بۆ نموونە هەتاوەکو ئەمڕۆش سرودی نیشتمانی هیندوستان شیعرێکی تاغورە.

جێگای ئاماژەیە تاغور خۆی بەنگالیی بووە، هەر بە زمانی بەنگالیش نووسیویەتی، جیهانیش لە زمانی بەنگالییەوە شیعرەکانی وەرگێراون.

من بەیەکجاری خودا حافیزیت لێدەکەم
ئەمەش وەکو ڕاستییەک وەربگرە
وازیش بێنە باهەندێک فرمێسک
لە چاوانتەوە بێنە خوارێ
بەاڵم کاتێک دەگەڕێمەوە الت
پێبکەنە
پێکەنینێکی شێتانە [١٣]

جێگەی ئاماژەیەڕەخنەگری گەورەی عەرەبی (رجاء النقاش) لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت: (ئەم شیعرە کاریگەریی گەورەی بەسەر شیعری «أظن» ی نزار القبانی هەیە. نزار القباني زۆر لە ژێر کاریگەری تاغور بووە.)

١١ رابندرانات تاغور.روائع في المسرح و الشعر. ترجمة: بديع حقى. الطبعة الاولى.دار المدى للثقافة و النشر. ديمشق. ١٩٩٨.ص٢٨

١٢ هەمان سەرچاوە

١٣ Jose Punnamparambil. Rabindranath Tagore. Dichter, Philosoph, Maler, Sozial und Bildungsreformer. www.nrhz.de

بۆچی چراکه کوژایەوه ؟
چونکه خستمه ناو گیرفانمەوه، هەتاوەکو له شنەی با بپارێزم
لەبەرئەوه چراکه کوژایەوه.
بۆچی گوڵەکه وەری ؟
چونکه توند به دڵمەوه نووساندم، بۆئەوەی خۆم له دوودڵی بپارێزم،
لەبەرئەوه گوڵەکه وەری.
بۆچی ڕووبارەکه ووشکی کرد؟
چونکه لەسەر ڕووبارەکه بەنداوێکم دروستکرد،
بۆئەوەی تەنها خۆم سوودی لێوەربگرم
لەبەرئەوه ڕووبارەکه ووشک بوو.
بۆچی تەلی کەمانچەکه پسا ؟
چونکه دەمویست ئاوازێکی پێ لێبددەم، که زیاد له توانای ئەو بوو،
لەبەرئەوه تەلی کەمانچەکه پسا

تاغور و گۆرانی

هەروەک پێشتریش باسمانکرد تاغور کەسێکی فره داهێنەر بووه، ئەو جگه له شیعر پەلی بۆ گۆرانیش کێشاوه. تاغور هەر له منداڵییەوه عاشقی گۆرانی بووه. ماڵەکەیان ڕۆژانه گۆرانی سۆفیانەی تێدا گوتراوه، باوکی ئوستادێکی تەریقەتێکی سۆفیگەریی هیندۆسیی بووه. ئەم گۆرانییه ئاینییانه، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەییان هەبووه، له چاندنی حەزی گۆرانی له ناخیدا وئاشناکردنی به جیهانی جوان و پیرۆزی گۆرانی. لەلایەکی تریشەوه براکەی (جیوتیر یندرا) مۆزیک ژەنێکی زۆر بەتوانا بووه، ئەمیش هێندەی تر کاریگەریی هەبووه بەسەر چاندنی حەزی گۆرانی له لای تاغور، هەروەها لەم ڕووەشەوه زۆر یارمەتیی داوه. جێگەی ئاماژەیه تاغور له ژیانیدا زیاتر له ٣٠٠٠ گۆرانی داناوه. گۆرانییەکانیشی ستایلی جۆراجۆریی پێوه دیار بووه.

ئەو گۆرانی (خۆشەویستی، نیشتمانی، ئایینی) داناوە. جێگەی گوتنە هەتاوەکو ئەمڕۆش گۆرانییەکانی لەناو خەڵکیدا دەووترێنەوەو لەناو دڵ و دەروونی خەڵکیدا جێگایەکی تایبەتییان هەیە.

تاغور و شانۆ

تاغور لە ژیانیدا ٢٤ شانۆگەری نووسیوە. شانۆگەرییەکانی یەکێکن لە شانۆگەرییە جوان و مەزنەکانی جیهان. لەناو شانۆگەرییەکانیشدا هەوڵیداوە پرسە ئینسانییەکان بکاتە کرۆکی شانۆگەرییەکانی. تاغور هەوڵیداوە لە ڕێگەی شانۆشەوە، پەیامە ئینسانییەکانی خۆی بە جیهان بگەینێت. بۆ نموونە لە شانۆیی (مەکتەبی پۆستە)باسی منداڵێکی نەخۆش و هەتیو دەکات، کە پیاوێک تەبەنی دەکات. ئەم منداڵە نەخۆشە وزەییەکی ئینسانی گەورە لەو پیاوەدا دەچێنێت، هانی دەدات کە خەریکی کارکردن بێت تاوەکو بتوانێت پارەی چارەسەرکردنی ئەم منداڵە نەخۆشە دابین بکات. پاشان ئەم منداڵە نامەیەک بۆ مەلیک دەنێرێت و باسی وەزعی خۆی بۆ دەکات. بەڵام تا ماوەیەکی زۆر وەڵامی نابێت، بەڵام لە کۆتاییدا ڕۆژێکیان مەلیک خۆی دەکات بەماڵی منداڵە نەخۆشەکەدا.

بە دڵنیاییەوە تاغور لە بواری شانۆشدا دەستەڕەنگینیەکی ئێجگار گەورەی کردووە، هەروەها چەندین پرسی ئینسانی گرنگی تێدا وروژاندووە.

تاغور و چیرۆک و ڕۆمان

جگە لە شیعر و گۆرانی و شانۆ، تاغور پەلی بۆ جیهانی بەرینی چیرۆک و ڕۆمانیش کێشاوە. لەم بوارەشدا بلیمەتییەکی گەورەی نواندووە.تاغور کۆمەڵێک چیرۆکی زۆریی نووسیوە، کە لە پاش خۆی هەموویان کرانە هەشت بەرگی گەورە. هەروەها لە بواری ڕۆمانیشدا

دەستێکی بـاڵای هەبـووە، هەشـت رۆمانـی جوانیـی نووسـیوە.[١٤]

تاغور و وێنەکێشان

یەکێک لـەو شتە سەرنجڕاکێشـانەی ناو ژیانی هونـەری تاغـور ئەوەیە، کـە ئـەم بلیمەتـە مەزنـە لـە تەمەنی حەفتا سـاڵیدا دەسـتیکردووە بـە هونەری تابلۆکێشـان. واتـە لـە کۆتایی ژیانیدا حـەزی وێنەکێشـان تییدا دروستبووە. لـەم بوارەشدا دەسـترەنگینی و بلیمەتییەکی گـەورەی نواندووە. تاغـور لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی کۆتایـی ژیانـی، نزیکـەی ٢ هـەزار تابلـۆی کێشـاوە، کـە زۆربەیـان گوزارشـت لـە هونەرێکی بـەرزی وێنەکێشـان دەکـەن [١٥]

تاغور و داهێنانی سیستمێکی نوێ خوێندن

یەکێـک لـە داهێنانـە مەزنەکانـی تاغـور کـە کاریگەریەکـی ئێجـگار گـەورەی هەبـووە، داهێنانی سیسـتمێکی نـوێ خوێندن بـوو. تاغـور ویسـتی سیسـتمێکی نوێـی خوێنـدن دابهێنێـت، کـە زۆر جیاوازتـر و مۆدێرنتـر و باشـتربێت لـە سیسـتمە کۆنەکـەی جـاران. تاغـور دەیویسـت خوێنـدن و قوتابخانـە لای منـدااڵن خۆشەویسـت بـکات. ئـەو هـات قوتابخانەیەکـی دروسـتکرد، کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک دووربـوو لـە سیسـتمی ئایینـی و باوکسـاالریی و توندوتۆڵـی سـەربازی.

سـاڵی ١٩٠١ لـە کالکوتـا قوتابخانەیەکـی دامەزرانـد نـاوی لێنـا (شـانیتینیکیتان) واتـە دەروازەی ئاشـتی. ئـەم قوتابخانەیـەش دەکەوتـە نـاو دارسـتانێکی چـڕەو کـە پڕبـوو لـە دار و گژوگیـای سروشـتی جـوان. ئـەم قوتابخانەیـەش زیاتـر وەکـو دەروازەیـەک بـوو بـۆ منداڵـە هەژارەکانـی شـار، کـە تێیـدا هیوایەکـی گەشـی ژیانیـان پـێ ببەخشـێت.

سیستمی خوێندن بەم جۆرە بوو:

---

١٤ هەمان سەرچاوە.

١٥ هەمان سەرچاوە.

بەیانیان زوو قووتابییەکان لە خەو هەڵدەستن، یەکسەر دەچن بۆ ناو دارستانەکە و دەستدەکەن بە کۆمەڵێک وەرزشی هەمەجۆر. پاشان هەریەکەیان دەچێتە پەنا داریێکەوەو ماوەیەک بەتەنها دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەتەنها بیر لە سروشت و ژیان بکاتەوەو تێڕامان بکات. پاشان قووتابییەکان دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و دەچن ژوورەکان و قوتابخانەکە پاک دەکەنەوە، ئینجا دەستدەکەن بە گوتنی کۆمەڵێک گۆرانی و سرودیی هەمەجۆر. پاشان نان دەخۆن و ئینجا دەچن بۆ پۆلەکانیان و دەستدەکەن بە خوێندن. لەناو هەموو پۆلەکانیشدا لەسەر ریحلەی هەر قووتابییەک چڵێک دار یان گەڵا دانراوە، بۆ ئەوەی هەر کاتێک ویستیان قسەیەک بکەن چڵە دارەکە بەرز بکەنەوە، بەم شێوەیەش هەموو وەختێک سروشت لەبەردەمیان دەبێت و تێکەڵی سیحری جوانی سروشت دەبن.

سەعات دوانزەی نیوەڕۆ ماوەی خوێندنی تیۆریی تەواو دەبێت، دەچن نانی نیوەڕۆ دەخۆن، ئینجا قۆناغی عەمەلی دەستپێدەکات. هەموو قووتابییەکان دەچنە ناو باخچەکان و کێڵگەکان خەریکی چاندن و پاککردنەوەی گوواڵ و درەختەکان دەبن. هەندێکیشیان دەچن بۆ گوندەکانی دەوروبەر، هەتاوەکو یارمەتی جووتیارەکان بدەن و فێری خوێندنیشیان بکەن. بۆ ئێوارە دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و نانی ئێوارە دەخۆن. شەوان چیرۆک و کتێبی هەمەجۆر دەخوێننەوە، یان شانۆ نمایش دەکەن، یان گۆرانی هەمە جۆر دەڵێن. سەعات دەی شەویش هەموویان دەبێت بخەون.

بەم جۆرە تاغور دەیویست بەهەشتێکی جوان بۆ منداڵان دروست بکات. هەروەها سیستمی خوێندن لەم جۆرە قوتابخانەیەدا دووەم لە لێدان و سزادانی قووتابییان، بەڵکە ئەو دەیویست لە ڕێگەی هاوکاریی و برایەتی و خۆشەویستییەوە، منداڵان فێری خوێندن و پەروەردە بکات. جێگەی گوتنە ئەوروپییەکان زۆر سوودیان لەم تیۆرییە نوێیەی تاغور وەرگرت، لە کۆتایی سااڵنی شەستەکانەوە بەتایبەتی پاش شۆڕشی

١٩٦٨ خوێندکاران، سیستمی خوێندنی ئەوروپی پشتی بە تیۆرییەکانی تاغور بەست و هەتاوەکو ئەمڕۆش پێڕەویی دەکەن.

تاغور و ئینگلیزی کۆڵۆنیاڵ

تاغور لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری ئینگلاندی کردووە. لە لایەک وەکو سەرچاوەیەکی مەعریفی بەهێز سوودی لێوەرگرتووە، توانیویەتی شارەزایی زیاتر لە بارەی ئەدەب و فکرو فەلسەفەی جیهانیی لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزەوە پەیدا بکات. لەلایەکی ترەوە وەکو داگیرکەرێکی خوێنمژ و تاڵانچی وڵاتەکەی سەیری ئینگلیزی کردووە. ئەو بەهەموو شێوەیەک دژی کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیزی بووە لە هیندوستان و زۆر شیلگیرانە خەباتی لە پێناو ئازادیی وڵاتەکەیدا کردووە. ساڵی ١٩١٩ شۆڕشی بەنجاب لە هیندوستان سەرهەڵدەدات، ئینگلیزەکانیش زۆر بێرەحمانە ئەم شۆڕشە سەرکووت دەکەن. تاغوریش دەچێتە پاڵ شۆڕشگێران و بە وتارو شیعر بەشداریی هاوخەباتەکانی دەکات. هەروەها لە دژی ئەم چەتەگەرییەی ئینگلیزەکان، نازناویی (سێر) دەداتەوە بە مەلیکی ئینگلتەراو واز لەو نازناوە دەهێنێت کە پێشتر مەلیکی ئینگیلتەراپێی بەخشیبوو. جێگەی ئاماژەیەنازناویی (سێر) یەکێکە لە نازناو پلە گرنگەکانی سیستمی ئەرستۆکراتی ئینگلیزیی، کە مەلیکی ئەو وڵاتە تەنها بە خەڵکی تایبەت دەیبەخشێت. ئینگلیزەکان وایان دەزانی، گەر پلەو پایە بە تاغور ببەخشن، ئەوا تاغور پشت لە گەلی هیندی دەکات و دەچێتە بەرەی ئەوانەوە، بەڵام نەخێر هەڵە بوون، تاغور ئامادەنەبوو پشت لە گەلەکەی خۆی بکات و بچێتە بەرەی داگیرکەرەوە، بەڵکە وازیشی لەو نازناوە گرنگە هێناو خۆی خستە ناو بەرەی گەل و نیشتمانەوە.

لەم دێرە شیعرەدا زۆر بە جوانی وەسفی وڵاتەکەی دەکات:

«ئاخ ولّاتەکەم، داواکارم کە لە ترس ڕزگارت بێت،
ئەو دێوەزمە شەیتانییەی کە خەونەکانت تاڵ دەکات،
ڕزگاربوون لە نەگبەتی و بەدبەختی سەدەکان، ئەو سەدانەی کە
سەرت شۆڕ دەکەن و پشتت دەشکێنن و گوێت کەڕ دەکەن،
بۆ ئەوەی گوێت لە دەنگی داهاتوو نەبێت.»

تاغور و گاندی

گاندی که به باوکی مەزن و رۆحی هیندییەکان دادەنرێت، ئەو کەڵە پیاوە، سەرکردە مەزن و قارەمانەی کە کیشوەری هیندوستانی ڕزگار کرد. تاغوریش وەکو هەموو هیندییەکانی تر، پشتگیریی خەباتی گاندی کرد. ئەو بەهەموو شێوەیەک پشتگیریی خەباتی ڕزگاریخوازی هیندیی کرد، کە بە ڕابەرایەتی گاندی بوو. هەرچەندە ئەو لە زۆر شوێندا لەگەڵ گاندی جیاوازی فکریی و سیاسی هەبوو، بەڵام لە مەسەلەی ڕزگاربوونی هیندوستان لە دەستی داگیرکەری ئینگلیزی، بێ قەیدو شەرت لەگەڵیدا هاوهەڵوێست بوو. هەربۆیە گاندی لە وەسفی تاغوردا دەڵێت:

«تاغور چرای هیندوستانە.»

یەکەمین نووسەری ئاسیاویی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت

ساڵی ١٩١٤ بۆ یەکەمینجار لە مێژووی خەڵاتی نۆبڵ دا، ئەنستیتووی ستۆکهۆڵم بڕیار دەدات کە خەڵاتی نۆبڵ ببەخشنە تاغور. بەم شێوەیەش تاغور دەبێتە یەکەمین ئاسیاویی کە ئەم خەڵاتەی پێ دەبەخشرێت. دیارە ئەم خەڵاتەش هێندەی تر ناوبانگی تاغور بەناو جیهاندا بڵاودەکاتەوەو هێندەی تر لەناو جیهاندا دەناسرێت. لەکاتی سەردانی هەر وڵاتێک، خەڵکانێکی زۆر دەچنە پێشوازیی، بۆ نموونە کاتێک سەردانی رۆمای پایتەختی ئیتالیای کرد، لە گۆڕەپانی دێرینی رۆما(کۆلۆسیۆم) زیاتر لە٣٠ هەزار کەس پێشوازییان لێکرد و هوتافاتی زۆریان بۆ کێشا و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. هەروەها کاتێکیش ساڵی ١٩٢٦سەردانی میسر دەکات، لەلایەن ئەدیبان و نووسەرانی میسرییەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێدەکرێت و میری شیعریی عەرەبیش (ئەحمەد شەوقی)، ئاهەنگێکی گەورە لەسەر شەرەفی تاغور دەگێڕێت .[١٦]

١٦ رجاء النقاش.شعراء العالميون. الطبعة الاولى. دار اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي. ٢٠٠٧. ص.١٣٣.

تاغور و ئەلبێرت ئەنشتاین



هەروەک چۆن تاغور لەو کاتانەدا ناوێکی گەورە بوو، کە هەڵگری پەیامێکی ئینسانانە بوو، بەهەمانشێوەش زانای مەزن و ناوداری جیهان ئەلبێرت ئەنشتاین، ئەستێرەیەکی گەورەی ئەو کاتە بوو. ئەنشتاین کە بە باوکی فەلسەفەی (ڕێژەیی، زانستی فیزیکی نوێ، ئەتۆمی) دێتە ژماردن. ئەنشتانیش وەکو تاغور دێوانەیەکی هەقیقەت بوو، بەناو هەموو جیهاندا دەگەڕا، بۆ ئەوەی وەڵامی ڕاست و دروستی دەستبکەوێت. لە ١٤ تەموزی ١٩٣٠ تاغور وئەنشتاین یەکتریی دەبینن. لە نێوانیشیاندا، دیالۆگێکی ئێجگار جوان و گرنگ پەیدا دەبێت. کە چەندین پرسی فکری و فەلسەفی گرنگی تێدا دەوروژێنن. هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لە دیالۆگە مەزنەکان دێتە ژماردن و بۆ چەندین زمان ئەم دیالۆگە وەرگێڕاوە. هیوادارم لە ماوەیەکی تردا بتوانم دەقی تەواوی ئەم دیالۆگە بکەمە کوردیی. ئەمەش بەشێکە لەو دیالۆگە :

«ئەنشتاین: من لە بارەی بۆچوونتان بۆ جوانی هاوڕام، بەڵام لەبارەی بۆچوونتان بۆ هەقیقەت هاوڕا نیم.

تاغور : بۆچی باوەڕ بەوە ناکەیت کە هەقیقەت لەناو ناخی مرۆڤ دا هەیە ؟

ئەنشتاین : ناتوانم ڕاستی بۆچوونەکەممت بۆ بسەلمێنم بکەم، بەڵام ئەمە باوەڕ و عەقیدەی منە.

تاغور: ئێمە دەتوانین لە هەقیقت نزیک بینەوە، ئەویش لەڕێگەی : هەڵەکانمان، گەمژەیەکانمان، کۆی ئەزمونەکانم، هەستە بەرجەستەکانمان، بەبێ ئەمانەش ناتوانیت بە هەقیقەت بگەیت .» [١٧]

تاغور و حیکمەت و فەلسەفەی ژیان

دیارە تاغور جگە لەوەی کە شاعیر و نووسەر و تابلۆکێشێکی مەزن بوو، مامۆستا و فەیلەسوفێکی گەورەش بووە، بەتایبەتی لە بواری حیکمەت و زانستی مەنطق دا. تاغور داوای ئاینێکی ئینسانی دەکرد، کە تێیدا مرۆڤەکان هەوڵ بددەن یەکتریان خۆشبوێت و لە توندوتیژی، ئێرەیی، شەڕەنگێزی، چاوچنۆکی دوور بکەونەوە.

ئەو دەیویست گوڵی خۆشەویستی، مرۆڤدۆستی، هاریکاریی، برایەتی لەناو خەڵکیدا بڕوێنێت. تاغور لەمبارەیەشەوە کۆمەڵێک حیکمەت و قسەی جوانی نووسیوە، من لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەم:

«دەوڵەمەندترین کەس ئەوەیە، کە واز لە هەموو شتێک بهێنێت.»

«گەر ئێوە دەرگا بە ڕووی شێتییەکان دابخەن، ئەوا دەرگا بەڕووی هەقیقەتدا دادەخەن.»

«هەموو منداڵێک هەڵگری پەیامێکە بۆ جیهان، کەئەویش ئەوەیە هێشتا خودا خۆشەویستی بۆ مرۆڤ نەدۆڕاندووە «

«بۆ ڕۆژە خۆشەکان مەگرین کەبەسەر چوون،

بەڵکە پێبکەنن چونکە ئەم ڕۆژانەی هەبوون «

---

١٧ طارق طيب الامين. طبيعة الوجود – حديث بين رابندرانات تاغور وآينشتاين.سايتى دائرة المعرفة.

«ژیان ئەو خەڵاتەیە کە ئێمە دەستمان کەوتووە
بەڵام دوایی دەبێت بیدەینەوە [١٨]
«ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی زانستەوە بە دەسەڵات بگەین،
بەڵام لەڕێگەی خۆشەویستییەوە بە کامڵ بوون دەگەین «
«ئەوەی دەتوانێت بارزگانی باش بکات،
کاتی ئەوەی نییە کەسێکی باش بێت [١٩]

کۆتایی ژیانی

ئالەو کاتەی کە هێشتا جیهان خۆی لەناو شەڕێکی خوێناوییدا دەبینییەوە، کاتێک هیتلەر پەیامی نەگریسی خۆی بەسەر جیهاندا پیادە دەکرد، کاتێک کوورەی ئاگرینی بۆ ملیۆنەها جوو سازکرد بوو، ئالەو کاتەشدا مەرگ خۆی کردە میوانێکی ناشرینی تاغور و ژیانی لێسەندەوە. لە ١٩٤١,٠٨,١٧ لەم ڕۆژەدا تاغور چاوەڕێی هاتنی میوانە نەخوازراوەکەی دەکرد، بۆئەوەی بێت و خەڵاتی ژیانی لێ بستێنێتەوەو کۆتایی بە ژیانی بهێنێت. هەرچەندە تاغور دەمێک بوو خۆی بۆ ئەم میوانە ناحەزە ئامادەکردبوو، هەروەک خۆی لەم شیعرەدا باسی دەکات :

«ئای ئەی مەرگ، ئەی کۆتاییهێنەری ژیانم،
وەرەو بە گوێمدا بچرپێنە.
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، شەوانە چاوەڕوانم دەکردییت، لەبەر تۆ بوو چێژم لە خۆشی ژیان وەرگرت و بەرگەی ناخۆشیەکانیم گرت.
ئەو کفنەی کە بەسەر سەرمەوەیە، کفنی خۆڵ و مەرگە
من ڕقم لێیەتی، بەڵام بە خۆشیەوە لە ئامێزیی دەگرم. [٢٠]

١٨ Rabindranath Tagore.www.Zitate-online .de

١٩ Tagore-Rabindranath Sprüchewww.gratis-spruch.de

٢٠ رابندرانات تاغور.روائع في المسرح و الشعر. ترجمة: بديع حقى. الطبعة الاولى.دار المدى للثقافة و النشر. ديمشق. ١٩٩٨.ص٢٨

پێش کۆتایی

بەدڵنییایەوە تاغور کەسێکی فرە بەهرە بوو، داهێنەرێکی بێ وێنە بوو، شاعیرێکی مەزن بوو، بەڵام لە هەمووی گرنگتر مامۆستایەکی گەورە و زانای مرۆڤایەتی بوو. ئەو لەکاتێکدا ژیا، کە تەواوی زلهێزەکانی جیهان بەربوونە گیانی یەکتریی و دۆزەخێکی گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی خوولقاندبوو، لە ماوەی تەمەنی ئەودا مرۆڤایەتی تووشی دوو جەنگی خوێناویی بوو، کە مرۆڤ تێیدا بێ نرختریـن شت بوو، بە ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی ئەم جەنگە نەگریسە. بەڵام تاغور لەو شەوە زەنگەدا، چرای هیوای هەڵکرد. ئەو لە نووسین و کارەکانیدا، داوای لە خەڵکی دەکرد، کە لە هەستی چاکەی ناخی مرۆڤ بێ هیوا نەبن، مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی مرۆڤانە و دوور لەشەڕەنگێزی بژی.

بە دڵنییایەوە تاغورێک کە هەزاران بەیتی شیعری و چەندین رۆمان و چیرۆک و شانۆگەری نووسیبێت، هەزاران تابلۆی جوانی کێشابێت، چەندین حیکمەتی ژیانی نووسیبێت، بەم چەند دێڕە کەمەی من ناتوانرێت باسی ئەم بیرمەندە مەزنە بکرێت، لێ هیوادارم توانیبێتم تیشکێکی بچووک بخەمە سەر کارو بەرهەمەکانی ئەم بیرمەندە گەورەیە و بە خوێنەری هێژای کوردی ئاشنا بکەم.

کریشنا مۆرتی،
عاریفە گەورەکەی هیندوستان و جیهان



دەمێکە وتومە کە زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، ئاگاداری شارستانی هیندی بین. هیندوستان یەکێکە لەو دەوڵەتە مەزنانەی جیهان، کە لەڕووی فکری و فەرهەنگی و ئەدەبییەوە، جێ پەنچەی دیارە، بەتایبەتی لە بواری عیرفانیدا، ئەم وڵاتە گەلێک بیرمەندی مەزنی بەرهەمهێناوە.

یەکێک لەو زانا و عاریفە گەورانەی هیندو جیهان «کریشنا مۆرتی» یە. بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر درەنگ ئاگاداری هزر و تێڕوانینی، ئەم عاریفە گەورەیەی هیندوستان بووین، ئەمە لەکاتێکدا فکر و تێڕوانینە سیاسی و فەلسەفییەکانی مۆرتی، لەسەدەی پێشوودا تەواوی جیهانی بەخۆوە خەریککردبوو. لێ خۆشبەختانە لەماوەی پێشوودا چەند هەوڵێکدراوە، بۆ ناساندنی ئەم کەڵە بیرمەندە و بەشێکی کتێبەکانی

بۆسەر زمانی کوردی وەرگێڕاون.

ئێمە لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بە کورتی تیشکێک بخەینە سەر ژیان و هزری مۆرتی، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندی فکری ئەم عاریفە گەورەیە، بە میژووی فەلسەفی و فکری جیهانیەوە، هەروەها سەرنج و تێبینەکانی خۆشمان دەخەینە ڕوو.

منداڵە خەیاڵاویەکە

کریشنا مۆرتی لە ١٢ ئایاری ١٨٩٥ لە شارۆچکەی(Madanapalle) لە باشووری هیندوستان لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەری هیندۆسی لەدایکبووە، لە ١٧ ڤێبراوەری ١٩٨٦ لە ولایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا کۆچی دواییکردووە. کریشنا هەشتەیەمین منداڵی خێزانەکە بووە، ناوی «کریشنا» ناوی یەکێکە لە خوداکانی ئاینی هیندۆسی. لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا دایکی دەمرێت، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر ژیان و تێڕوانینەکانی ئەم منداڵە دادەنێت. پاشانیش باوکی لە دائیرەکەی خانەنشین دەکرێت، بەمەش ڕەوشی ژیانی خێزانەکە خراپتر دەبێت.

کریشنای منداڵ هەموو ئەم ناخۆشیانە کاریتێدەکەن و هەربۆیە هەمیشە دووڕەپڕێز دەبێت و زوو زوو خەیاڵی دەڕوات و بیر لە ژیان دەکاتەوە، هەروەک باوکی دەڵێت :

(کریشنا بە منداڵی ماوەیەکی زۆر سەیری ئاسمانی دەکرد و لە گەردوون تێڕادەما.)

لە ساڵی ١٩٠٥ بنەماڵەکەیان بەرەو شارۆچکەی «ئەدیار» دەگوێزنەوە. ئەم شوێن گۆڕینە کاریگەری گەورە دەکاتە سەر ژیانی مۆرتی و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەیگوێزێتەوە. مۆرتی هەتا تەمەنی ١٤ ساڵی وەکو منداڵێکی ئاسایی ژیاوەو هیچ چالاکیەکی وای نەبووە. بەڵام کاتێک زانا و بیرمەندی ئینگلیزی(C.W. Leadbeater) دەبینێت، تەواو ژیانی دەگۆڕێت. جێگەی گوتنە لەو کاتانەدا شاری «تشیانی» کە لە

ئەدیارەوە نزیک بووە، بنکەی ڕێکخراوی(– Theosophy Society Adyar) «تیۆسۆفی جیهان «ئەم ڕێکخراوەش لە ساڵی ١٨٩٥ لەلایەن ژنە بیرمەند و عاریفی گەورەی ڕووسی (Helena Petrovna Blavatsky) دامەزراوە. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە ئەوەبوو کە ئاشتی لە جیهان بڵاوبکرێتەوەو مەزهەب و ئاینەکان لە یەکتری نزیکبکرێتەوە و گرنگی بە زانست و فەلسەفە و لایەنی ڕۆحی مرۆڤەکان دەدا.

کریشنا و براکەی دەچنە ئەم ڕێکخراوەوە، هەر زوو مامۆستاکەی زیرەکی و توانای کریشنای بۆ دەردەکەوێت، ئاسۆیەکی ڕوونی تێدا دەبینێتەوە. لە ساڵی ١٩١١ دکتۆرە) ئانی بیزانت(کە سەرۆکی ڕێکخراوی «Theosophy Society «، یارمەتی کریشنا و براکەی دەدات کە بچن بۆ ئینگلتەرا و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد شوێنێکیان بۆ دابین دەکات.

ئینگلتەرا دەرگایەکی تر بە ڕووی کریشنا دەکاتەوە، لێرە هێندەی تر لە ڕووی زانستی و فەلسەفیی و ڕۆحییەوە خۆی پێشدەخات. لەهەمانکاتیشدا هەزرو تێڕوانینەکانی بەناو خەڵکیدا بڵاودەکاتەوە. لەوکاتەدا خەڵکی لەلایەکەوە سەرسام بوون بەم کورە گەنجە ڕۆح سووکە، لەلایەکی تریشەوە هەندێکیان گاڵتەو پێکەنیان بە هزرەکانی دەهات، زۆرجاریش بە کەسێکی خەیاڵی وەسفکراوە.

ساڵی ١٩٢٢ لەگەڵ براکەیدا دەچن بۆ ئەمریکا بۆ ولایەتی کالیفۆرنیا، زیاتر ئامانجی ئەم سەفەرەی کریشنا، بۆ چاککردنەوەی ڕەوشی خراپی تەندروستی براکەی بوو، بەڵام لە ئەمریکاش نەتوانرا چارەسەری نەخۆشی براکەی بکرێت و هەر لەهەمان ساڵدا براکەی دەمرێت. ئەمەش کاریگەری گەورە و قووڵ بەسەر هزر و تێروانینی مۆرتیەوە دادەنێت.

لەمبارەیەوە کریشنا دەڵێت:

(براکەم مرد، فرمێسکی تەنهاییش بەچاوانمدا دابارین، سەردانی هەر شوێنێکم دەکرد، جەستەی ئەوم تێدا دەبینیەوە، بەتەنها مامەوە، نوێژمکرد، دوعام دەکردو لە خودا دەپارامەوە، بەڵام خوداش هیچ

وەڵامی نەدامەوەو دەنگی نەبوو لێرەشەوە خەونە کۆنەکان مردن، بەڵام خەونی نوێ لەدایکبوون)

گەڕان بەناو جیهاندا

پاش ماوەیەک کریشنا مۆرتی دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی هزرو بۆچوونەکانی لە جیهاندا، سەفەرێکی درێژخایان بەناو جیهاندا دەکات و سەردانی «هۆڵەندا و ئیتالیا، ئوستڕالیا، فەرەنسا، کیشوەری ئەمریکای لاتین «دەکات. لەو کاتەدا هێشتا کریشنا ئەندامی ڕێکخراوی تیۆسۆفی جیهانی بوو. ئەم ڕێکخراوەش ئەندام و لایەنگری زۆری هەبوو، کاتێک کریشنا دەچووە هەر وڵاتێک، سەدان کەس کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ بۆ ڕاز و نیازەکانی ئەم مامۆستا گەورەیە بگرن. لە ساڵی ١٩٢٧ بە یەکجاری واز لە ڕێکخراوی «تیۆسۆفی» دەهێنێت، چونکە ئەو ئامادەنەبوو بەرگەی کاری ڕێکخراوەیی و دیسپلینی ئەم ڕێکخراوە بگرێت، چونکە ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە پێویستە مرۆڤ ئازاد بێت و بە هیچ یاسا و ڕێسایەکەوە نەبەستڕێتەوەو ئازادی لێ نەسەندرێتەوە.

لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کریشنامۆرتی لە ئەمریکا دەمێنێتەوەو سەفەر ناکات، لە کێڵگە بچووکەکەی لە کالیفۆرنیا دەژیی و مانگا و مریشکەکانی بە خێودەکات و ژیانێکی خاکەرایی و زۆر سادە دەژی.

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دەستدەکاتەوە بە چالاکی و گەڕان، سەردانی وڵاتانی «هیندوستان، سویسرا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، ئوستڕالیا» دەکات. بە بەردەوامی خەریکی کۆبوونەوەو سازدانی کۆڕ و سیمینار دەبێت، بۆ ئەوەی بۆچوون و هزرەکانی خۆی بە خوێندکارو هەوادارنی ببەخشێت. بەمشێوەیە بەردەوام دەبێت، هەتاوەکو لە ١٧ ڤێبراوەری ساڵی ١٩٨٦، لە کالیفۆرنیا لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

ئایا مۆرتی فەیلەسوف بووە؟

دیارە لە بارەی هزر و بۆچوونەکانی مۆرتیەوە زۆر گوتراوە، هەندێک کەس پێیان وایە مۆرتی فەیلەسوف بووە، چونکە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی لەبارەی ژیان و تاک و کۆمەڵگە کردووە، هەموو فەلسەفەیەکیش لە پرسیارکردنەوە دروست دەبێت. لێ خەڵکانێکیش بە پێچەوانەوە سەیری مۆرتی دەکەن و پێیان وایە، مۆرتی فەیلەسوف نییە، چونکە فەیلەسوف کۆمەڵێک بنەمای فکری بۆ ژیان دادەنێت، لەپەنچەرەی بنەما فکریەکانییەوە، پڕەنسیپێکی تایبەت بۆ بیرکردنەوە ژیان دادەنێت، بەڵام مۆرتی ئەم کارەی نەکرد، ئەو تەنها لە ڕێگەی کۆمەڵێک تێڕوانینی دەروونیەوە سەیری تاک و ژیانی دەکرد. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە هیچ کاتێک مۆرتی خۆی بە فەیلەسوف دانەناوە، تەنانەت بۆچوونەکانیشی نەخستۆتە قاڵبی کتێبێکی تایبەتەوە.

تیشکێک بۆ سەر هزری مۆرتی

بە گشتی مۆرتی جەختی لە (خود ناسی) مرۆڤ کردۆتەوە، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی تر، سروشت، گیانلەبەرەکان، ئەمانە پانتایی هزری مۆرتیان داگیر کردووە. لە ڕووی شێوازیشەوە، مۆرتی پێڕەوی شێوازی سوکراتی فەیلەسوفی یۆنانی کردووە، هیچ کاتێک خۆی بە مامۆستای کەسی تر دانەناوەو هزرەکانیشی لەناو کتێبێکدا کۆنەکردۆتەوە. بەڵکە ئەو زیاتر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، هزری خۆی پیشانی خەڵکی داوە، دیارە مۆرتی باوەڕی بەوە نەبووە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی کتێبەوە بتوانێت «خۆیی و دەوروبەرەکەی بناسێت.» ئەم پرسیاری خودناسییەش، وای لە مۆرتی کردووە، کە بکەوێتە ناو دەریایەکی گەورەی چەمکە گرنگەکانی هزر و ژیانی مرۆڤ لەوانە :

(خۆشەویستی، سێکس، جەنگ و ئاشتی، چاکە و خراپە، ، ، هتد)

مرۆڤ بە دوای چیدا دەگەڕێت؟

ئەمە یەکێکە لە پرسیارە گرنگەکانی ژیان، بەشێکی زۆری بیرمەند و فەیلەسوفانی جیهان خۆیان بەم پرسیارە گرنگەوە خەریککردووە، مۆرتی لەمبارەیەوە دەڵێت :

(زۆربەی ئێمە لەم دونیا پڕ لە ئاژاوەو شێواوی و شەڕ و ململانێیەدا، بە دوای جۆرێک لە بەختەوەری یان خۆشحاڵیدا دەچین و داوای شوێن و پەنایەک دەکەین کە لەوێدا ئارام و خۆشبەخت بین، بەڵام ئێمە بە دوای بەختەوەریی سەقامگیر یان ڕەزامەندیی سەقامگیرەوە نین، ئێمە شتێکمان دەوێت کە بەردەوام بمێنێتەوە و ڕازییمان بکات، زانستێک یان ئەزموونێکمان دەوێت کە چێژمان پێببەخشێت، ڕەزامەندییەک کە تا سەر ووشک نەبێت.)

خودناسی

مەسەلەی خودناسی یەکێک بووە لە بنەما بنەڕەتییەکانی هزری مۆرتی، دەتوانم بڵێم خودناسی کلیلی بیرکردنەوەو تێڕامانی مۆرتی بووە. ئەو پێی وایە کێشەی گەورەی مرۆڤایەتی لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تاک خۆی نانانسێت، دیارە لەم خۆنەناسینەش، دەوروبەر ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەیە. لەمبارەیەوە دەڵێت :

(گرفتی سەرەکی زۆرینەی ئێمە ئەوەیە، کە ئێمە ڕاستەوخۆ خۆمان ناسین، بەڵکو دەگەڕێین بە دوای سیستمێک، شێوازێک و ئامڕازیکدا بۆ کارکردن بە یارمەتی ئەو، هەر لەڕێگەی ئەویشەوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتە لە ژمار نەهاتووەکانی مرۆیی دەدەین.، ، ، هەمیشەش خاوەن دەسەڵات ڕێگرە لە تێگەیشتنی خود.)

تاک و کۆمەڵگە

پێگەی تاک لەناو کۆمەڵگە و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، پرسێکی گرنگی تره، کە مۆرتی خۆی پێوە خەریککردووە. لەمبارەیەوە دەڵێت: (گرفتێک کە لە بەرامبەر زۆرێک لە ئێمە دەوەستێت ئەوەیە، ئاخۆ تاک تەنیا ئامڕازی کۆمەڵگەیە یان ئامانجەکەیەتی ؟)

ئەم پرسەش زۆر گرنگی پێداوە هەوڵی شرۆڤەکردن و گەڕان بە دوای کۆدەکانی ئەم پرسیارە گرنگەوە بووە. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی شیکردنەوەی مانای کۆمەڵگەوە سەریهەڵداوە، لەمبارەیەوە مۆرتی دەڵێت : (کۆمەڵگە، لە پەیوەندی نێوان ئێوەو من و ئەویتر دروست دەبێت، ئەگەر پەیوەندی ئێمە شێواو، بیرتەسکانە و نەتەوەپەرستیانە بوو، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی پشێوی لە جیهاندا. جیهانیش هەر ئەوەیە کە ئێوە هەن، کەوابوو کێشەی ئێوە کێشەی جیهانە.)

شۆڕش و گۆڕانکاری

دیارە مەسەلەی شۆڕش و ڕیفۆرمی ناو کۆمەڵگەکان، خاڵێکی ئێجگار گرنگی بیرکردنەوەی مۆرتی بووە، لە جیاتی جارێک چەندینجار لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا باسی لێوەکردووە. دیارە ئەو زیاتر بایەخی بە شۆڕشی ناخی مرۆڤەکان دەدا و پێ وابوو پێویستە سەرەتا هەموو گۆڕانکارییەک لە تاکەوە دەستپێبکات، نەک بە پێچەوانەوە.

مۆرتی دەڵێت : (شۆڕش لە کۆمەڵگەدا، دەبێت بە ئاڵوگۆری دەروونی و دەروونناسی تاک دەسپێبکات، بە بێ ئەم شۆڕشە دەروونییەی ناخی مرۆڤ، ئاڵوگۆڕی تاکو تەنیای دەرەوە گرنگی ئەوتۆی نابێت، بە واتایەکی تر کۆمەڵگە بەم شێوەیە وەستاو دەبێت و خۆی لە ترسی لەتبوونەدا دەبینێتەوە، هەرچەندە یاسای زیاتر و بەهێزتریش دابنێت، بەڵام ئەم ترسە هەر بەردەوامە. دیارە کۆمەڵگەی وەستاویش، ئاڕاستەی گەندەڵی

دەگرێتـە بـەر، لەبەرئـەوە دەبێـت شـۆڕش لـە ناخـی مرۆڤەکانـی دەسـت پێبکات نـەک لـە دەرەوە.)

ترس و مەرگ

یەکێکـی تـر لـەو چەمکانـەی کـە جێگـەی بایەخـی مۆرتـی بـووە، چەمکـی تـرس و مـەرگ بـووە. دیـارە ئـەم پرسـەش، پرسـێکی گرنـگ و مێژوویـیـە و زۆربـەی عاریـف و فەیلەسـوفانی جیهانیـش، خۆیـان پێـوە خەریککردووە. مۆرتیش خاوەنی بیرکردنەوەو دونیا بینی تایبەتی خۆی بـووە لەمبارەیـەوە دەڵێت :(ترس چییـە؟ تـرس تەنیـا لـە پەیوەندی لەگـەڵ شـتێکدا کـە گۆشـەگیر نییـە پێکدێـت. چـۆن دەبێـت لـە مـەرگ بترسـین ؟ چـۆن دەبێت لـە شـتێک بترسـین کـە ناینناسـم ؟ کاتێـک دەڵێیـت لـە مـەرگ دەترسـم، ئایـا بـە ڕاسـتی لـە شـتێکی نەناسـراو دەترسـیت کـە مەرگـە یـان لەمـەی دەترسـیت کـە شـتێک دەیناسـیت لـە دەسـتی بددەیـت.؟)

خۆشەویستی

دیـارە پرسـی خۆشەویسـتی، خاڵێکـی تری بیرکردنـەوەی مۆرتـی بووەو لـە چەندیـن شـوێنی جیاجیـادا باسـی لێـوە کـردووە. ئـەم پرسـەش، پێـش هەمـوو شـتێک پرسـێکی گرنگـە پەیوەنـدی بـە مرۆڤـەوە هەیـە و بەشـێکی گرنگـی کەسـایەتیشـی پێکدێنێـت. لەبەرئـەوە هیـچ بیرمەنـد و فەیلەسـوفێک ناتوانێـت باسـی مـرۆڤ بـکات و ئـەم مەسـەلەیە فەرامـۆش بـکات. مۆرتـی لـەو باوەڕەدایـە کـە پرسـی خۆشەویسـتیی و مولکـداری، پەیوەندییەکـی ریشـەییان بـە یەکـەوە هەیـە.

لەمبارەیەوە دەڵێت : (کاتێک دەڵێین یەکێکمان خۆشدەوێت، مەبەستمان ئەوەیـە کـە ئێمـە خاوەنـی ئـەو کەسـەین، هـەر لـەم خاوەندارییەتەیشـەوە حەسـودی پێبـردن سـەرهەڵدەدات، چونکـە گـەر ئـەو کەسـە لەدەسـتبدەم، هەسـتدەکەم پووچـم و خۆم ون کردووە. بـەم خاوەندارییەتـەش ئـەو کەسـە

داگیردەکەم، ، گومانی تێدا نییە کە ئەڤین سۆز نییە، سۆزداری بوون ئەڤین نییە، چونکە ئەم دۆخانە هەستێک زیاتر نین.)

سێکس

بە پێچەوانەی زۆربەی عاریف و کەسە ڕۆحانییەکانی هیندوستان و جیهان، کە هەمیشە ئەم جۆرە کەسانە بۆچوونی نێگەتیڤانەیان بەرامبەر بە سێکس هەبووە، بەڵام بە پێچەوانەوە مۆرتی زۆر پۆزەتیڤانە بۆ سێکس دەڕوانێت.

لەمبارەیەوە دەڵێت : (بۆچی سێکس بووە بە گرفت؟ ئایا لەبەرئەوە نییە کە ئێمە لە ڕوانگەیەکی تایبەت بە بۆچوونێکی نەگۆڕەوە بۆ مەسەلەکان دەڕوانین؟ ئێمە هەمیشە لە ناوەندێکەوە بۆ دەوروبەرمان دەڕوانین. لەناو زەینی خۆتاندا ئایدیایەکتان خوڵقاندووە بەناوی داوێنپاکی و دووری لە کردەی سێکسی، دیارە ئەم زیهنەتەش لە ڕێگەی سەرکووتەوە ڕوو دەدات، کە ئەمەش لە دەوروبەرەوە پێمان گەیشتووە... ، بە بڕوای من کردەی سێکس شتێکی زۆر ئاساییە، ڕێک وەکو کردەی خواردن وایە.)

چاکە و خراپە

چەمکی چاکە و خراپە، دوو چەمکی گرنگن لە هزرو تێڕوانینەکانی مۆرتی. ئەو بە پێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوفەکانەوە، نەهاتووە ڕێگایەک یان پڕەنسیپێکی دیاریکراو بۆ چاکە یان خراپە دابنێت، بەڵکە پێی وایە کە چاکە و خراپە شتێکی ڕێژەییە و زیاتر ئەو کۆمەڵگە و کەلتوورە پێناسەی بۆ دادەنێن کە مرۆڤ تێیدا دەژی، بگرە مۆرتی دوورتر دەڕوات پێی وایە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان چاکە و خراپەدا نییە، بەڵکە زۆرجاریش وەکو دوو دیوی دراوێک وەسفی دەکات.

لەمبارەیەوە دەڵێت: (ئایا خراپە چاکەیەکی بچووکراوە ؟ ئایا چاکە لاوازکردنی خراپەیە ؟ یان بە تێپەڕبوونی کات چاکە بە لای خراپە و

خراپە بە لای چاکەدا دەڕوات ؟ ئەمانە هەردووکیان دوو دیوی دراوێکن دوو شتی لەیەک جیاواز نین. کاتی خۆی مەسیحیەکان لەکاتی(دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕ)، بەناوی کوفر و بێ باوەڕیەوە مرۆڤەکانیان دەسووتاند و ئەمەشیان بە چاکە لە قەڵەم دەدا. روسەکانیش بە شێوازی خۆیان ئەم کارەیان ئەنجام دا. ئەوان بە ناوی کۆمەڵەوە لە پێناوی کۆمەڵگەدا و بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ، ، ، ئەم کارەیان ئەنجام داوە.)

شەڕو ئاشتی

بێگومان مۆرتی ئازار و مەینتەییە گەورەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بە چاوی خۆی بینییووە، لە هەمانکاتیشدا ئەو نەوەی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤێت بوو، ئەو ساڵانەش تەواوی مرۆڤایەتی، ترسیان لە جەنگێکی گەورەی ماڵوێرانی دەبینی. لە هەمانکاتیشدا سەردەمی مۆرتی، سەردەمی ئایدۆلۆژیا و جەنگی گرووپە سیاسییە جیاوازەکان بووە. هەموو ئەمانەش کاری لە تێڕوانین و هزری ئەم عاریفە گەورەیە کردووە، کە تێڕوانییەکانی بۆ شەڕ لە جیهاندا بە شێوەیەکی تایبەت دابنێت.

مۆرتی لەمبارەیەوە دەڵێت:

(بێگومان باوەڕەکان هۆکاری هەموو شەڕێکن، چ باوەڕی ناسیۆنالیزم بێت، چ ئایدۆلۆژیەک بێت یان دۆگمێکی تایبەت و مەزهەبی و ئایینی بێت، ئەگەر باوەڕێک نەدەبوو، لە جیاتی ئەویش نییەتی خێر و عیشق لەناو خەڵکدا بڵاوبوایەتەوە، ئەوا لەو حاڵەتەدا هیچ کاتێک شەڕ ڕووی نەدەدا. بێگوومان ئەوەی دەبێتە هۆی شەڕ، حەز لە دەسەڵات، پۆست، پارەو پوول، هەروەها ئەوەی کە ناوی نەخۆشی ناسیۆنالیزم و پەرستنی ئاڵا و ئەم دۆگمانەیە، تەواوی ئەمانە هۆکاری شەڕەکانن.)

لە بارەی ئاشتیشەوە، مۆرتی تێڕوانینی جیاوازەو پێی وایە، دەبێت

ئاشتی لە تاکەکانەوە دەستپێبکات و پاشان هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە.

لەمبارەیەوە دەڵێت: (بۆ ئەفڕاندنی ئاشتی لە دونیادا و بۆ ڕاگرتنی هەموو شەڕەکان، دەبێت شۆڕشێک لە ناخی هەموو تاکەکان سەرهەڵبدات.)

پەروەردە

مەسەلەی پرۆسەی فێربوون و پەروەردە، خاڵێکی گرنگی تری هزری مۆرتییە. ئەو بەهەموو شێوەیەک دژی سیستمی پەروەردەیی تەقلیدیی بوو. پێی وانەبووە کە مرۆڤ لە ڕێگەی زانکۆ و قوتابخانەوە، دەستی بە زانست بگات.

لەمبارەیەوە دەڵێت : (پێکهێنانی تەکنیکی تەواو، مرۆڤ ناکات بە داهێنەر. ئێوە لەوانەیە شێوازی وێنەکێشان بە شێوازێکی نایاب بزانن، لە تەکنیکی تەواو بەهرەمەندن، بەڵام بە وێنەکێشێکی داهێنەر نەژمێردرێن.)

لە ڕووی پەروەردەکردنی منداڵیشەوە، زۆر دژی سیستمی کۆن و تەقلیدی پەروەردەکردنی منداڵان بوو.

مۆرتی دەڵێت:(ئەگەر دەتانەوێت منداڵ تێبگات، دەبێت ئەوتان خۆش بوێت، نابێت سەرکۆنەی بکەن، دەبێت یاری لەگەڵ بکەن، چاودێری جموجۆڵی بکەن، ئەگەر تەنها سەرکۆنەی بکەن و بە دوای هەڵەکانیدا بگەڕێن، تێگەیشتن و زیرەکی منداڵ پێکنایەت.)

ئەو هەڵگری بیرۆکەی ئازادی فێربوون و پەروەردە بوو، دژی لێپێچینەوەو سەرکۆنەکردنی منداڵان بوو. جێگەی ئاماژەیە، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوادا، پشت بەم جۆرە سیستمە دەبەستن و ئازادی ڕەها دەدرێت بە منداڵان، بۆ ئەوەی فێری زانست بن، بە هەموو شێوەیەک دژی سزادان و سەرکۆنەکردنی منداڵانن.

چەند سەرنجێک لەبارەی هزری مۆرتیەوە

دیارە مۆرتیش وەکو هەموو بیرمەندانی تری جیهان، بۆچوونەکانی دەکەونە بەردەم کۆمەڵێک رەخنەوە. مۆرتی لە چەندین شوێندا ئەم وتەیەی دووبارە کردۆتەوە: (هیچ کتێبێکی دەروونناسی یان مەزهەبیم نە خوێندۆتەوە، حەز دەکەم بە یارمەتی ئەو وشە سادانە کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا کەڵکیان لێوەردەگرین، چەمکێکی قوولّترتان پێ بڵێم.)

دیارە بەشێکی زۆری هزری مۆرتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە پێویستە زیاتر مرۆڤ خەریکی «خۆ خوێندنەوە، خۆناسین، میدتاسیۆن». هەروەها پێی وایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی کتێب و خوێندنەوە، ناتوانێت هیچ هوشیاری فێربێت و خۆی بناسێت.

دیارە ئەمە تێڕوانینێکی تایبەتی مۆرتییە، پێویستە ڕێزیش لە بۆچوونی جیاواز بگیرێت، بەڵام ئەم بۆچوونە دووڕە لە راستیی و واقعیەوە، چونکە گەر مرۆڤەکان لە ڕێگەی کتێبەوە فێری زانست و ئەزموونی پێش خۆیان نەبن، چۆن دەتوانن لە بواریکی تایبەتیدا زانا بن؟ بەمشێوەیە بێت نە دکتۆر، نە ئەندازیار، نە مامۆستا، تەکنیکار دروست نابێت، چونکە مۆرتی پێی وایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی کتێب و سیستمی خوێندنەوە، فێری هیچ نابێت و سوودی بۆ مرۆڤایەتی نییە، ئەم بۆچوونەش نا واقعی و نا زانستییە.

لەلایەکی تر مۆرتی ڕەتی دەکاتەوە، کە ئەو پێشتر هیچ کتێبێکی دەروونانسی و یان فکری خوێندبێتەوە، یان بیرمەندێک یان فەیلەسوفێک کاریتێکردبێت، لێ ئەمەش بەو شێوەیە نییە، چونکە هەموو فەیلەسوفێک خوێندکاری چەندین مامۆستای پێش خۆی بووەو لە ژێر تیشکی هزری ئەواندا، چرای ڕووناکی هزری خۆی داگیرساندووە.

کاریگەریی کەلتووری هیندی بەسەر مۆرتیەوە

دیارە هیندوستان وڵاتێکی فرە کەلتوور بووە، خاوەنی شارستانییەتێکی ئێجگار دێرین و مەزنە، هەروەها سەدان ئایین و مەزهەبی تێدا دروستبووە، ئەم فرە کەلتووریەش، دەوڵەمەندییەکی ئێجگار گەورەی بە هزری هیندیی و جیهان بەخشیوە. مۆرتی لە وڵاتێکیدا لەدایکبووە، کە خاوەنی کەلتوورێکی ئێجگار دەوڵەمەندبووە. بەتایبەتی سوودێکی ئێجگار گەورەی لە هەردوو ئایینی «هیندۆسی و بودی» بینییوە. بەشێکی گەورەی هزری مۆرتی، پەیوەندی بە «خودناسی» ەوە هەیە، ئەمەش زیاتر لە حاڵەتی «نرڤانا» ی بوددییەوە نزیکە. کە پێش ٢٥٠٠ ساڵ، باسی لە «خۆ پاککردنەوەو، خودناسی» کردووە. بە بڕوای من لەمبارەیەوە، هەروەها ئایینی بودی، زۆر گرنگی بە «مرۆڤ» داوەو، بە دوای پرسە گرنگەکانی ژیانەوە وێڵ بووە لەوانە : (جەنگ، ئاشتی، خۆشەویستی، چاکە و خراپە) مۆرتیش سوودێکی زۆری لە ئایینی بودی و هیندۆسیش وەرگرتووە.

کاریگەریی تاغور

تاغور (ساڵی١٨٦١ لەدایک بووەو ساڵی ١٩٤١کۆچی دواییکردووە) یەکێکە لە بیرمەند و عاریفە گەورەکانی هیندو جیهان. ئەم بیرمەندە گەورەیە، کاریگەری گەورەی نەک تەنها بەسەر هزری هیندی بەڵکە بەسەر تەواوی هزری جیهانییەوە داناوە. بە بڕوای بەندە کاریگەری گەورەشی بەسەر کریشنا مۆرتیەوە داناوە، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەییەوە.

یەکێک لە داهێنانە مەزنەکانی تاغور کە کاریگەریەکی ئێجگار گەورەی هەبووە، داهێنانی سیستمێکی نوێ خوێندن بوو. تاغور ویستی سیستمێکی نوێی خوێندن دابهێنێت، کە زۆر جیاوازتر و مۆدێرنتر و

باشتربێت لە سیستمە کۆنەکەی جاران. تاغور دەیویست خوێندن و قوتابخانە لای منداڵان خۆشەویست بکات. ئەو هات قوتابخانەیەکی دروستکرد، کە بەهەموو شێوەیەک دووربوو لە سیستمی ئایینی و باوکسالاریی و توندوتۆڵی سەربازی.

ئەو جۆرە سیستمە پەروەردەییەی کە مۆرتیش داوای دەکرد، هەمان ئەو سیستمە بوو، کە تاغور ساڵی ١٩٠١ لە قوتابخانەکەیدا پراکتیزەی کرد.

پێش کۆتایی

بە دڵنیاییەوە مۆرتی یەکێکە لەو بیرمەندە گەورانەی جیهان، کە کاریگەری گەورەی بەسەر هزری سەدەی بیستەمەوە هەبووەو هەتاوەکو ئەمڕۆش، کاریگەری هزری ماوە. قسەکردنیش لە بارەی مۆرتیەوە تەواو نابێت و ناشتوانین لەم چەند دێڕەدا، بە چڕو پڕی باس لە هزری ئەم کەڵە بیرمەندەی جیهان بکەین. ئێمە تەنها ویستمان تیشکێک بخەینە سەر هزری مۆرتی و کەمێک لە چەمکە گرنگەکانی بخەینە ڕوو. بەو هیوایەی لە ماوەیەکی تردا، بتوانین بە درێژی باسی هزر و کاریگەرییەکانی ئەم کەڵە بیرمەندە عاریفە گەورەیەی هیند و جیهان بخەینە ڕوو.

ئۆشۆ

هیندوستان وەکو مەڵبەندێکی شارستانی کۆنی جیهان، سەدان بیرمەند و زانا و خەڵکی بەتوانای لێ پەیدابووە. من پێشتر وامدەزانی کە لەسەدەی پێشوودا، لەم وڵاتە مەزنەدا تەنها «تاغور» یان هەبووە، کە زیاتر وەکو شاعیر و بیرمەند و حەکیمی مەزن ناسراوە. لێ پاشان ئاگاداری بیرمەند و حەکیمێکی تری ئەم وڵاتە مەزنە بووم، کە ئەویش ئۆشۆ یە.

ئۆشۆ یەکێکە لە بیرمەندو عاریفە گەورەکانی هیندوستان و جیهان. وانە و کتێبەکانی بۆ سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاون. خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییشدا، چەند کتێبێکی کراون بەکوردی. یەکێک لەو کتێبە نایابانەی کە لەسەر ئۆشۆ نوسراون، کتێبی «نهێنییەکانی ژیان» کە وەرگێڕی بەتوانا ئازاد بەرزنجی لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی.

لێرە پێمخۆشە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کاتێک ئۆشۆ خۆی ئامادە نەبووە، کتێب یان وانەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵکە پاشان ئەم وانانە لەلایەن خوێندکارەکانیەوە نووسراون. ئەو رێک وەکو سوکرات، باوەڕی بە نووسینەوەی وتەکانی خۆی نەبووە.

دەتوانم بڵێم لەم کتێبەدا، بەشێکی زۆری هزر و بۆچوونەکانی ئۆشۆمان بۆ دەردەکەوێت. لەم کتێبەدا ئۆشۆ باسی پرسگەلێکی زۆر دەکات، کە پەیوەندییەکی فرە نزیکیان بە ژیانی رۆژانەوەمان هەیە. ئەو پرسگەلانەشی ناوناوە «نهێنییەکانی ژیان «

ئۆشۆ لە رێگەی کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی چەند باسێکەوە، باس لە حیکمەت و مانای ژیان دەکات. لەم کتێبەدا باسی کۆمەڵێک تەوەر دەکات: (هونەری ژیان، خۆشەویستی، پەیوەندی، گرژی و خاوبوونەوە،

خودناسیی، تێڕامان، راست و هەڵە، ئازادی و بەرپرسیارێتی، خۆرهەڵات و خۆرئاوا)

ئۆشۆ و ژیان

ئۆشۆ لەبارەی ژیانەوە دەڵێت: (نابێت پشت بکەیتە ژیان، بەڵکو چێژی لێ ببینە، لەبەرئەوەی ژیان خۆی لە خۆیدا دیاریەکی یەزدانییە.

لەلایەکی ترەوە پشت بە حیکمەتی بوودییەکان دەبەستێت و دەڵێت : (هەر شتێک مەرگ بتوانێت لێتی بستێنێتەوە، ناگرنگە، بەڵام ئەو شتەی کە مەرگ نەتوانێت لێتی بستێنێتەوە، گرنگە.)

(ئەم ژیانە لە کاروانسەرایەک دەچێت، شەوێک تێیدا دەمێنیتەوەو بۆ بەیانی بەجێیدەهێڵێت)

(ئامانج لە ژیان، ژیان خۆیەتی. ژیان ناوێکی تری خودایە.)

(ژیان گۆمێک نییە ئاوەکەی وەستاو بێت، بەڵکە رووبارێکە ئاوەکەی راناوەستێت.ل٢٢٥.)

ئۆشۆ و خۆشەویستی

دواتر ئۆشۆ پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ خۆشەویستی دەکات و دەڵێت :

-خۆشەویستی بۆن و بەرامەی خۆناسینە و خۆبوونە. شادییەکی لێوانلێوە. خۆشەویستی ئەو ساتەیە کە تێیدا دەزانیت تۆ کێیت.

دواتر شرۆڤەیەکی ئێجگار تایبەت بۆ ترس و ڕق و خۆشەویستی دەکات :

- ڕق پێچەوانەی خۆشەویستی نییە، وەکو خەڵکی وا دەبینن، بەڵکە ڕق بریتییە لە خۆشەویستی، بەڵام بە ئاوەژوویی. پێچەوانەی خۆشەویستی ترسە. لە خۆشەویستیدا مرۆڤ دەکرێتەوە و ئاوەڵا دەبێت، لێ لە ترسدا، گرمۆڵە و داخراو دەبێت. لەترسدا مرۆڤ گومان دەکات، بەڵام

لـه خۆشەویستیدا متمانـه دەکات.

ئۆشۆ و پیاوانی ئایینی

ئۆشـۆ بـه پێچەوانـەی عاریـف و بیرمەندەکانـی تـری هیندوسـتانەوە، شـەڕێکی ئاشـکرا دژی پیاوانـی ئایینـی دەکات و هەمیشـه لـه دژی ئـەوان قسـەی کـردووە.

–پیاوانـی ئایینـی بەدرێژایـی ژیانـت، وەکـو مۆتەکـه بـه دواتـەوەن و دەیانەوێت بێنـه نـاو ڕۆحتـەوە. مۆتەیـەک کـه ناهێڵێت بحەسـێیتەوە، ناهێڵێت خاوبیتـەوە، بـەردەوام هەرچییـەک بکەیـت، لۆمـەت دەکات و مەحکومـت دەکات.

– لـه ڕاسـتیدا ئـەو قەشـەو پیـاوە ئاینییانـه گەورەتریـن دوژمنـی خـودا بـوون.)

ئۆشۆ ئازادی

پاشـان ئۆشـۆ وەکـو بیرمەندێـک و حەکیمێکـی بەتوانـا، دیـدی تایبـەت خـۆی هەیـە، بەرامبـەر بـه ئـازادی دەردەبڕێـت و دەڵێـت:

–ئازادیـی و بەرپرسـیارێتی دوو ڕووی هەمـان دراون. ئەگـەر ئازادیـت دەوێـت، دەبـێ خـۆت بـه بەرپرسـیار بزانیـت لەهـەر شـتێک کـه دەیکەیـت، بـەڵام ئەگـەر بەرپرسـیاریت نەوێـت، واتـه ئازادیشـت لەدەسـت دەدەیـت.

پاشان دێت وشەو مانای بەرپرسیارێتی ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت:

– بەرپرسیارێتی، واتە هەرچییەک دەیکەیت، خۆت لێی بەرپرسیاریت.

لەبەرامبـەر ئازادیـدا، وشـەی کۆیلایەتـی هەیـە. کـه دوو ووشـەو چەمکی دژ بەیەکـن. کـه بـه بـڕوای ئۆشـۆ، کۆیلایەتـی لـه ترسـەو دروسـت دەبێـت، بـەڵام ئـازادی لـه باوەڕ بـه خۆبوونـەوە، لەمبارەیـەوە ئۆشـۆ دەڵێـت:

–هەمـوو لـه ئـازادی دەترسـن، هەربۆیـه دەبینیـن کۆیلایەتـی لەناخـی کەسـەکاندا خـۆی حەشـار داوە. کۆیلایەتـی بـۆ دایـک و بـاوک، بـۆ ئایینـ،

بـۆ دەولـەت، بـۆ دراوسـێ.

ئۆشۆ و هیندوستان

یەکێک لەو خاڵە جوانانەی بیری ئۆشـۆ ئەوەیە، کە هیچ دەمارگیرییەکی نەتەوەیی یان ئایینی و مەزهەبی بەسـەریدا زاڵ نییـە. لەم کتێبەدا ڕەخنەی تـوند لـە هیندییـەکان دەگرێت، هیـچ نەتەوەیـەک هێندەی نەتەوەکـەی خـۆی، بـەر هێرشـی ڕەخنـەی ئـەو ناکـەون. کـە ئەمـەش مانـای ئـەوە دەگەیەنێت، کـە ئـەم بیرمەنـدە، بـە تێڕوانینێکـی تەسـکی نەتەوەیـی و ئایینیـەوە، بـۆ ژیـان نارِوانێت.

– پێنـج هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر، مانـوو ڕاسـت و هەڵـەی بۆ هیندۆسـەکان دیاریـیکـردووە. بـە درێژایـی ئـەو پێنـج هـەزار سـاڵە و تـا ئەمـڕۆش، هیندۆسـەکان بـە دەسـتوور و ڕێنماییەکانیـەوە پابەنـدن. دوای ئـەم پێنـج هـەزار سـاڵەش، لـە هیندوسـتان ملیۆنەهـا مـرۆڤ هـەن، کـە وەکـو مـرۆڤ ڕەفتاریـان لەگەڵـدا ناکـرێ، بگـرە وەکـو مێگـەل سـەیر دەکرێـن، کەچـی هێشـتا خەڵکانێکـی زۆر هـەن، کـە مانـگا دەپەرسـتن.....

بـەڵام هـەر ئـەو خەڵکانـە خۆیـان لـە ئاسـتی کۆشـتنی هـەزاران مـرۆڤ و دەسـتدرێژیکردنە سـەر ژنـان و کوشـتنی منداڵانـدا بێدەنگـن. شـارانێک وێـران دەکرێـن و ئـەم مانـگا پەرسـتانە نقەیـان لـێ نایـەت.

ئۆشـۆ بـە پێچەوانـەی خەڵکانـی تـرەوە، کـە خەڵکـی هیندوسـتان وەکـو خەڵکانێکـی ناتوندوتیـژ و ئاشـتیخواز ناسـراون، ئـەو بـە جۆرێکـی تـر سـەیری نەتەوەکـەی خـۆی دەکات و دەڵێـت:

_ سـەدان سـاڵە لـەم وڵاتـەدا وانـەی ناتوندوتیـژی دەوترێتـەوە، بـەڵام خەڵکەکـەی بەهیـچ جۆرێـک ناتوندوتیـژ نیـن. لـە ڕاسـتیدا زەحمەتـە وڵاتێـک هەبێـت، هێندەی ئـەم وڵاتـە خەڵکـی توندوتیـژی تێدا بێـت. ڕۆژانـە توندوتیـژی بەرچـاو دەکەوێـت. سـادەترین بیانـوو بەسـە بـۆ ئـەوەی پـاس بسـووتێنرێ و خەڵـک بکـوژرێ و پۆلیـس بکەوێتـە تەقەکـرد.

خۆرهەڵات و خۆرئاوا

لە دواییین بەشی کتێبەکەدا، ئۆشۆ قسە لەبارە تەوەرێکی گرنگ دەکات، ئەویش پرسی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتە. بە بڕوای ئۆشۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا، دوو جیهانی تەواو جیاوازن لەیەکتری.

ئۆشۆ دەڵێت :

-خۆرئاوا بریتییە لە تەرکیزی عەقڵ. خۆرهەڵات بریتییە لە تێڕامانی عەقڵ. خۆرئاوا بیر دەکاتەوە. خۆرهەڵات بیرناکاتەوە. خۆرئاوا ئەقڵە، خۆرهەڵات نائەقڵە...

پاشتر زیاتر شیدەکاتەوەو دەڵێت:

-ئەم دابەشبوونی خۆرئاوا و خۆرهەڵات هەر بەتەنها زەویش ناگرێتەوە، بەڵکو ئەقڵ و مێشکیش دەگرێتەوە. مێشک دەبێت بە دوو کەرتەوە. خۆرهەڵات و خۆرئاوا. بەشی چەپی مێشک بریتییە لە خۆرئاوا، بەلای ڕاستەوە بەستراوەتەوە، بەشی ڕاستیش بریتییە لە خۆرهەڵات، بەلای چەپەوە بەستراوەتەوە. بەشی چەپی مێشک» خۆرئاوا» حساب دەکات، بیردەکاتەوە، لۆجیکییە. زانستەکان لەڕێی ئەمەوە بەرهەم دێن. بەشی ڕاستی مێشکیش «خۆرهەڵات» شاعیرە، عاریفە، بە هەست شت دەزانێت، پڕ هەستە، تەمومژاویی و نارِوونە. هەموو شتێک تێیدا کابوسە» فەوزا و ئاشووبە». بەڵام ئەو کابوسە جوانی خۆی هەیە، شیعری گەورە و گۆرانی تێدایە. ئەقڵی حسابگەرا، دیاردەیەکی بیابان ئاساییە. بەڵام ئەقڵی ناحسابگەرا، باخچەیە. باڵندەکان لێرەدا دەخوێنن و گوواڵەکان لەوێدا شکۆفە دەکەن..

ئەمریکا گەورەترین مەترسییە بۆ سەر جیهان

ئۆشۆ شرۆڤەی تایبەتی خۆی بۆ ئەو زلهێزەی جیهان دەکات، کە

ئەمڕۆ بەتەواوەتی هەژمونی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووە. ئۆشۆ بە پێچەوانەی حەکیمانی تری هیندوستان، بۆچوونێکی تایبەتی بەرامبەر بە ئەمریکا هەیە.

-ئەمریکا گەورەترین مەترسییە بۆ سەر جیهان. چی چەکی ئەتۆمی هەیە، وا لە دەستی منداڵاندا. رووسیا ئاقڵانەتر ڕەفتار دەکات، چونکە مێژوو و ئەزموونێکی درێژیان هەیە. لە ئەمریکا مێژوو نییە..

بەر کۆتایی

بەدڵنییایەوە مەرج نییە زۆربەی ئەو بۆچوونانەی ئۆشۆ لەبارەی ژیانەوە گوتویەتی، راست و دروست بن. بگرە ئەو خۆشی هەمیشە داوای تێڕامان و بیرکردنەوەی نوێ دەکات. بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا گرنگە، کە ئۆشۆ دەتوانێت، کۆمەڵێک کلیلی بیرکردنەوەت دەداتێ، تاوەکو خۆت بە دوای نهێنییەکان ژیاندا بگەڕێیت.

ئۆشۆ لە ڕێگەی حکایەتەوە بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو «حکایەتەکانی ئۆشۆ»

ئۆشۆ یەکێکە لە عاریف و ڕووناکبیرە گەورەکانی هیندوستانو جیهان، ئەو بەیەکێک لەو سەد کەسە دادەنرێت کە لە سەدەی پێشوودا، کاریگەری گەورەیان بەسەر خەڵکی جیهانەوە هەبووە. هەرچەندە ئێمە زۆر درەنگ بە هەزرو بۆچوونەکانی ئەم کەڵە بیرمەندە ئاشنابووین، لێ خۆشبەختانە لەماوەی پێشوودا لەلایەن چەند وەرگێرێکی هێژاوە، بەشێک لە کتێبەکانی ئۆشۆ کراوەتە کوردی، جێگەی ئاماژەیە ئۆشۆ هەتا لەژیانیدا مابوو، هیچ کتێبێکی نەنووسیوە، بگرە دژی نووسینی پەیامەکانیشی بوو، ئەوەی کە هەیە بریتییە لەو وانانەی کە لە مەجلیسەکانی خۆیدا بەخوێندکارەکانی وتووە، دواتریش لەلایەن خوێندکارەکانییەوە، ئەم کتێبانە بڵاوکراونەتەوە.

پێش چەن ساڵێک کاک محەمەد کەریم کتێبێکی نوێی خۆی پێشکەشکردم کە بریتییە لە «حکایەتەکانی ئۆشۆ»، بەدڵنیاییەوە کتێب جوانترین دیارییە لای ئێمە، کتێبەکەش هەتابڵێیت نایاب و گرنگ بوو، هەرئەمەش وای لێمکرد کە ئەم چەند دێڕەی لەبارەوە بنووسم.

حکایەت

دیارە حکایەت ژانرێکی گرنگی ئەدەبیە، کە مێژووی لە ڕۆمان و نۆڤلێت و زۆرێک لە ژانرەکانی تری ئەدەبیش پێشترە. زۆرجاریش لە مێژووی فکری و فەلسەفیدا، فەیلەسوفەکان هانایان بۆ ئەدەب بردووە بۆئەوەی بۆچوونە فکرییەکانیان بگوازنەوە بۆ خەڵکی، بۆ نموونە نیتچە ئەم میتۆدەی بەکارهێناوە لە کتێبی «وەهای گوت زەردەشت»

کـه گرنگتریـن کتێبـی فەلسـەفی نیتچەیـە، بـەڵام بەزمانێکـی ئەدەبـی تێڕوانینەکانـی خسـتۆتە ڕوو. بـەڵام ئۆشـۆ هاتـووە پشـتی بـە حکایـەت بەسـتووە بۆئـەوەی لەڕێگـەی حکایەتـەوە، بۆچوونـە فکریـیو سیاسـییو کۆمەڵایەتییەکانـی خـۆی بـە خوێندکارو خوێنەرانـی بگەیەنێت.

بەدڵنیییایـەوە ئـەم حکایەتانـە لـە حکایەتـی تر جیـاوازن، هـەروەک کاک محەمەدیـش لەپێشـەکی کتێبەکـەدا دەڵێت: ئـەم حکایەتانـەی ئۆشـۆ قوولـن زۆرجـار بابەتێکـی ڕۆحـی قـوولـ ڕووندەکەنـەوە، حکایەتـی گـوێ ئاگـردان نین! بۆیـە پیویسـتە خوێنـەر بـە قوولـی و ووردی بیانخوێنێتـەوەو دەرکیـان پـێ بکات.

ئۆشـۆ هەولێـداوە لەڕێگـەی گێڕانـەوەی حکایەتەکـەوە، باسـی کرۆکـی بابەتـە هەمەجۆرەکانـی بـکات، لەڕێگـەی ئـەو حکایەتانـەوە، دەیەوێـت پەیامەکانـی خـۆی بگەیەنێت، ئەمـەش گوزارشـت لـەوە دەکات، کـە ئۆشـۆ شـارەزایی و ئاگادارییەکـی زۆری ئەدەبـی هیندی و جیهانـی بـووە. دیـارە بەشـێکی زۆری ئـەم حکایەتانـەش، زۆربەیـان دەچنـە قاڵبـی حکایەتـی فۆلکلۆرییـەوە، بـەڵام ئۆشـۆ لەڕێگـەی گێڕانـەوەی ئـەو حکایەتانـەوە، پەیامەکانـی خـۆی بڵاوکردۆتـەوە، لێرەدا ئۆشـۆ زانیویەتـی، ئەمـە باشـترین و ئاسـانترین ڕێگایـە، بۆئـەوەی پەیامەکانـی خـۆی بگەیەنێت.

مەسیح

دیـارە لـەم کتێبـەدا و لـە کتێبەکانـی تریشـیدا مەسـیح و مەسـیحییەکان جێگـەو پانتاییەکـی زۆری فکـری ئۆشـۆی داگیرکـردووە. ئـەو لەلایـەک هۆگریـی خـۆی بـۆ مەسـیح ناشـارێتەوە، لەهەمانکاتیشـدا ڕەخنـەی توند لـە مەسـیحییەکان دەگرێت، کەبەناوی مەسـیحییەتەوە، تاوانـی گەورە دەکەن.

لەبـارەی مەسـیحیەوە ئۆشـۆ دەڵێت: عیسـا مەسـیحییەک نەبـوو، تەنیـا تاوانـی ئەوەبـو تاکـە کەسـێک بـوو، خـۆی بـوو، شـێوەی خـۆی ئەزمـوون دەکـرد، گوێـی بەنەریت نـەدا، ، ئـەو لەسـەر خـاچ مـرد، چونکـە پێـی لەسـەر

وجوودی فەردی داگرت. .

بەڵام دواتر رەخنەی توند لە پیاوانی کڵێساو پاپا دەگرێت و دەڵێت:

خەڵک قەتلوعام کراون، قەسابخانەیان لی دروستکردوون، بەزیندوویی لەلایەن مەسیحییەکانەوە سووتێنراون، ئەمانەش هەموویان پەیڕەویان لە مەسیح دەکەن! لەراستیدا ئەمانە پەیڕەوی لەو جوولەکانە دەکەن کە مەسیحیان لە خاچ دا.

کۆمۆنیزم

دیارە وەکو هەموو کتێبەکانی تری، کۆمۆنیزم پانتاییەکی گەورەی فکری ئۆشۆی داگیرکردووە، نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت لە کاتی ئۆشۆدا، بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە جیهاندا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، لەهەمانکاتیشدا فکری کۆمۆنیزمی تارمایی خۆی بەسەر تەواوی جیهاندا بڵاوکردبوویەوە. بەڵام ئۆشۆ هەروەک چۆن رەخنەی لە سەرمایداریی و ناعەدالەتی هەیە، بەهەمانشێوەش دژی فکری کۆمۆنیزم بووەو رەخنەی توندی لێگرتوون. لەم کتێبەشدا رەخنە لە کۆمۆنیزم دەگرێت و دەڵێت:

– کۆمۆنیزم فکرەیەکی هێناوەتە دنیاوە، کە ئینسانەکان هەموویان یەکسانن، ئەمە درۆیەکی شاخدارەو قسەی قۆرە. هەرمرۆڤێک هێندەی بێوێنە و بێهاوتایە کە ناتوانێ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا یەکسان بێت، هیچ مرۆڤێک پلەبەرزتر یان پلەنزمتر نییە لەوی دیکە، هیچ کەسی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا یەکسان نییە.

مرۆڤ و چاکە و خراپە

مرۆڤ و هەستی چاکە و خراپە، پانتاییەکی گەورەی لە فکری ئۆشۆدا داگیرکردووە، لەم کتێبەشدا بەهەمانشێوە ئەم پرسەی وروژاندووە. دیارە ئۆشۆ پێناسەیەکی تەواو جیاوازی بۆ مرۆڤ و چاکە و خراپە هەیە، کە

زۆر لە فکر و بۆچوونی خەڵکی تردا جیاوازە ئۆشۆ دەڵێت:
ژیانی هەر مرۆڤێک دوو ڕووی جیاوازی هەیە، لەهەر مرۆڤێکدا هەم خواوەند هەیە و هەم ئەهریمەن. لەهەر مرۆڤێکدا هەم ئەگەری بەهەشت هەیە، هەم دۆزەخ. لەهەر مرۆڤێکدا هەم گوڵی خێرو جوانی شکۆفە دەکات، هەم گەندوگوو و پۆخڵەوات و دزێویی و خۆی دەنوێنێ، بەردەوام مرۆڤ لە نێوان تونددڕەویی و نەرمڕەویی و تونتیژیی و نیانیدا دێت و دەچێت.

ڕێزداریی و بێ ڕێزی

بەحکومی ئەوەی مرۆڤ لای ئۆشۆ نە فریشتەیە و نە شەیتان، بۆیە دەکرێت هەموو شتێک لەمرۆڤ چاوەڕوان بکرێت. هەروەها ئۆشۆ بەوەش ناسراوە لەکاتێکدا کە زۆر ڕێزی مرۆڤ دەگرێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا زۆر دژی ستایشکردنو موجامەلەکردنی ناو خەڵکی بوە. لەمبارەیەوە دەڵێت:
لەناخی ئەو کەسەدا ئافەرین و دەستخۆشی دەکات، هەمیشە سەرزەنشت خۆی حەشارداوە. ئەو کەسانەی وەکو ڕێز دەست لە قاچی یەکتری دەدەن، دەتوانن لەماوەی یەک دەقەدا دەستبکەن بەسەر بڕینی ئەو کەسە. جیاوازی لەنیوان ڕێز و بێ ڕێزیدا نییە، دوو ڕووی یەک دراون.

هیندوستان

دیارە ئۆشۆ خۆی خەڵکی هیندوستانە، بەڵام لەهەموو کەس زیاتر ڕەخنەی لەو وڵاتە گرتووە، هەر ئەم زمانە زبرو تونددەشی بوو، کەوایکرد دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە شاربەدەری بکەن. لەبارەی هیندوستانەوە دەڵێت:
بۆچی لە هیندستان زیاتر لە هەموو دنیا ئاموژگەریکەر و رابەری

هەیە؟ لەبەرئەوەی ئەم ولاتە نا مەزهەبیترین و بێ ئەخلاقترین ولاتی دونیایە، بۆیە ئامۆژگەرییکەران هەلی زێرینیان بۆ رەخساوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری پەتای نەژادی هیندی .

ترس و کۆیلایەتی و ژن

پرسێکی گرنگی تر کەهەمیشە مایەی تێڕامانی ئۆشۆ بووە، پرسی ترس و کۆیلایەتییە. ئۆشۆ پێی وایە هۆکاری کۆیلەبوونی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هەستی ترس لەناخیاندا هەربۆیە دەڵێت: ئەوە ترسە کە دەتکات بە کۆیلە، تەنیا ترسە کە ئەو کاریگەرییەی دەبێت، کاتێک ترس نەبێت، ئیتر نابیتە کۆیلە.

لەبارەی کێشەی ژنانیشەوە هەر بە بوونی ترسەوە بەستوویەتییەوەو دەڵێت:

ژنان بەهۆی ترسیانەوە بوونەتە ژێردەستە، ئەوان زۆر ئامادەن، ئارەزوومەندی ژێردەستەیی و کۆیەلایەتی بوون.

دیارە ئەو ترسەی ژنانیش هۆکاری مێژوویی خۆی هەیە پەیوەندی بە جەستەی ژنانەوە نییە، لەمەدا هەست دەکەم ئۆشۆ هەڵەیکردووە.

ڕاستی و هەڵە

لەبارەی راستی و هەڵەشەوە، ئۆشۆ زیاتر باوەڕێکی ڕێژەیی هەیە و لە هزری بیرمەند و زانای گەورەی جیهان» ئەنشتاین»وە نزیکە. ئۆشۆ دەڵێت: ئەو شتەی ئەمڕۆ راستە، لەوانەیە سبەی هەڵە بێت، ئەو شتەی ئێستا هەڵەیە، لەوانەیە دواتر راست بێت.

عەشقو سێکس

دیارە بەپێچەوانەی عاریف و راهیبەکانی هیندوستان و خۆرهەڵاتەوە، ئۆشۆ تێڕوانینی تەواو جیاوازی لەبارەی سێکس و عەشقەوە هەبووە، دەتوانین بڵێیین زیاتر بۆچوونی خۆرئاوایی و مۆدێرنانەی بۆ سێکس و عەشق هەبووە، ئەو پێی وایە ئەم دووانە بەیەکەوە بەستراون ناتوانین لەیەکتریان جیابکەینەوە، لێرەدا ئۆشۆ وەکو غەربزەدەیەک(لایەنگری خۆرئاوا، غەرب) قسە دەکات و دەڵێت:

هەتا زەمانێ ئاساییبوونی سێکس بە تەواوی قبوولّ نەکرێت، کەس ناتوانێت کەسی خۆشبوێت.

چەند پەندێکی گرنگ

دیارە لەم کتێبەدا ئۆشۆ باسی زۆرشت دەکات و کۆمەڵێک پەندو مەنتقی زۆری تێدایە، لەزۆربەی لاپەڕەکاندا، قسەی گرنگی زۆری تێدایە، لێرەدا تەنها هەندێکیان دەنووسمەوە:

لە تەنیاییدا گوومانو دووددڵی سەرهەڵدەدەن.

خۆت تووشی ئەو وەهمە مەکە کە گوڵ تەنیا لەبەر خاتری تۆ بۆنخۆشی خۆی بڵاودەکاتەوە.

کۆشکی پیاوی دەوڵەمەند هەمیشە جێگەی کەمە.

پیاوی عاقڵ لەناو شێتەکاندا هەمیشە وەکو شێتێک دێتە بەرچاو.

تەنیا کاتێک ئامۆژگاری خێری هەیە، کە خەڵک لەتاریکیدا سەرگەردان بن.

پێش کۆتایی

بەگشتی لەم کتێبەدا زۆرێک لە هزرو بۆچوونەکانی ئۆشۆی تێدایە و ئەوەشی مایەی خۆشحاڵییە، کە بەزمانێکی ئاسانی ئەدەبی نووسراوە، هەرئەمەش وا لەخوێنەر دەکات، کە چەندجارێکی تریش بیخوێنیتەوە. لێرەدا ئۆشۆ بەزمانیکی ئاسان دەدوێت، خۆی لەزمانێکی قورس و فەلسەفی دوورخستۆتەوە، هەرئەمەش وادەکات کە خوێنەر بۆلای خۆی رابکێشت.

بەلام ئەوەی گرنگە نابێت بکەوینە ژێر هەژموونی هەموو فکرەکانی ئۆشۆوە، بەتایبەت بۆچوونەکانی لەبارەی ژن و هیندوستانەوە زۆر توندڕەوانەیە و زۆرجاریش راست نییە، هەندێک لەبۆچوونەکانی، کەم یان زۆر لەگەڵ واقعی کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی جیهاندا ناگونجێت، بەڵام خوێندنەوەو ئاشنابوون بە فکری ئەم عاریفە، گرنگە و پڕبایەخە و مێشکی مرۆڤ دەکاتەوەو کلیلی زۆری پرسیاری لا بەجێدەهێڵێت.

داریوش شایگان

لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا بوو کاتێک من و زۆرێک لە هاوڕێکانم، زۆر هۆگری تێڕوانین و بەرهەمەکانی بیرمەندی گەورەی عیراقی «هادی عەلەوی» بووین، هادی عەلەوی لە بیرمەندە چەپەکانی ئەوکات جیاواز تر بوو، دژی هەموو کەلتوری خۆرهەڵات و ئیسلام نەدەوستایەوە، بگرە بە پێچەوانەوە زیاتر دژایەتی کەلتوری خۆرئاوایی دەکرد. یەکێک لەو قسانەی کە من لێوەی فێربووم ئەوە بوو: پەیامی زۆربەی فەیلەسوفانی خۆرئاوا بە مارکسیشەوە، بۆ مرۆڤی خۆرئاواییە و کەلتور و نەتەوەکانی غەیرە ئەوروپی ناگرێتەوە. پاشتر کەچووم بۆ ئەوروپا ئەمەم بە مومارسە باشتر بۆ دەرکەوت.

بەهەرحاڵ لە نەوەتەکانەوە لە خۆرهەڵاتدا کۆمەڵێک بیرمەند و نووسەر پەیدابوون کە هەموو شتێکی خۆرهەڵاتییان رەت نەدەکردەوەو

هەموو شتێکی خۆرئاواشیان قبووڵ نەبوو، بگرە دژی فکری خۆرئاواش دەوەستانەوە. لە ئێرانیش کۆمەڵێک نووسەر و بیرمەند لەسەر ئەم ڕێچکەیە پەیدابوون، یەکێکیش لەوانە «داریوش شایگان»ە کە یەکێکە لە بیرمەندە مەزنەکانی ئێران لە سەدەی نوێدا. ئەو لە ساڵی ١٩٣٥ لەدایک بووەو ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دواییکردووە.

کتێبی «ئاسیا لە بەرامبەر خۆرئاوادا» یەکێکە لە کتێبە باشەکانی نووسەر و کۆمەڵێک تێڕوانینی خۆی لەبەرامبەر خۆرهەڵات و خۆرئاوا دەرخستووە. نووسەر لەم کتێبەیدا خاوەنی چەند تێڕوانینێکی تەواو تایبەتە، لەوانە : داریوش شایگان پێی وایە کە کەلتوری ئاسیایی زیاتر عیرفانییە و کەلتوری خۆرئاواییش زیاتر فەلسەفییە. لای ئەویش ماوتسیتونگ مێژووی تەواوی چین و ئاسیاشی گۆڕی، چونکە بۆیەکەمجار لەمێژووی چینیدا، فکرێکی خۆرئاوایی بەسەر وڵاتێکدا دەسەپێنێت کە خاوەنی دێرینترین کەلتوری جیهانە. هەروەها گاندیش لای داریوش شایگان، نموونە و رابەرێکی مەزنی ئاسیاوییە کە هەڵگری فکری ئاسیاوییە و بە تیرۆرکردنی گاندیش، زیانی گەورە بەر فکر و کەلتووری هیندی و ئاسیاویی کەتووە.

لە هەمانکاتیشدا داریوش شایگان دەڵێت: فکری ناسیۆنالیزم فکرێکی تەواو نامۆیە بە خۆرهەڵات و لەگەڵ کەلتوری خۆرهەڵاتیی و ئاسیاویدا ناگونجێت. هەروەها فکری مارکسیزم و فاشیستی لەیەک ئاستدا گوزارشت لەفکری نهیلیزم دەکەن.

لێرەدا هەوڵ دەدەم کورتەیەک لە فکری ئەم بیرمەندە دەربخەم لە هەمانکاتیشدا چەند سەرنجێکی خۆم لە بارەی فکری ئەم بیرمەندە، دەخەمە ڕوو.

چوار شارستانییە گەورەکەی ئاسیا

داریوش شایگان پێی وایە لە ئاسیادا چوار شارستانی گەورە هەیە کە ئەوانیش بریتین لە : شارستانی هیندی، شارستانی چینی، شارستانی ژاپۆنی، شارستانی ئێران و ئیسلامی. نووسەر پێی وایە تەنها لەم چوار شوێنەدا شارستانی ئاسیاویی و خۆرهەڵاتی لەدایک بووە.

خاڵی هاوبەشی هەر چوار شارستانیەتەکە

لەگەڵ ئەوەی لە رووی ئاینییەوە هەر چوار شارستانییەتەکە لەیەکتریەوە دوورن، بەڵام لەناو ئەم جیاوازیەشدا نووسەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەناو ئەم چوار شارستانییە دەدۆزێتەوە، یەکێکیش لەو خاڵە هاوبەشانەی کە لە چوار شارستانییەکەدا کاری لەسەر کراوە، مەسەلەی گەڕان بەدوای خود و ئیشراقە. لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت:

ئامانجی مرۆڤ ئەوەبوو گشتێتی شاراوەی بونیادەکە بەدیبهێنێت و یان لەدەریای سامسارا بپەڕێتەوە هەروەک لە هیند و لە ئاینی بودادا هەیە، یان بە پلەو پایەی مرۆڤێکی کامڵ بگات و هێمای هەقیقەتی محەمەدی لێبکەوێتەوە، هەر بەو جۆرەی لە عیرفانی ئیسلامیدا وەهابوو، یان هەروەک لە چیندا لە تائۆدا نغرۆبێت، بەکورتی لەتەک ئەو نهێنیەدا بێت کە لە پشت روخساری جیهاندا دەدرەوشێتەوە.

نووسەر لەم کتێبەیدا هەوڵیداوە خاڵی هاوبەش لەنێوان هەر چوار شارستانییەکە بدۆزێتەوە تاڕادەیەکی باشیش لەمەشدا سەرکەوتووبووە، ئەو پێی وایە کە عیرفانییەت هەموو چوار شارستانیەتەکە کۆدەکاتەوە ئەمەش لەهەر ئایینە و بەشێوەیەک دەرکەوتوە.

لەمبارەیەوە دەڵێت:

ئەم ئەزموونە «ساتوری» بێت لای ژاپۆنیی، «مۆکشا» ی رزگاری بێت لای هیندۆسەکان، «نغرۆبوون» بێت لەلای ئاینی تائۆی چینی. «فناء

اللـه» بێت لـەلای موسڵمان و ئاینـەکان. مەبەستی سـەرەکی عیرفانییەتـە، کـە لـە هـەر چـوار ئاینەکـەدا بـە شـێوەیەک دەردەکەوێت.

شکستی ئاسیا لە هەمبەر خۆرئاوا

دیـارە پرسـی خۆرهـەڵات و خۆرئـاوا پرسـێکی کۆنـە و لەنـاو زۆربـەی ناوەندە سیاسـی و رۆشـنبیریی و فکرییەکانی هەردوولادا باسـی لێوەکراوە. بـە حکومـی پێشـڕەویی دەوڵەتانـی ئەوروپـا لـە چەنـد سـەدەی پێشـوودا، ئەمـەش جـۆرە رۆحێکـی لووتبـەرزی و راسـیزمی لەنـاو خۆرئاواییـەکان دروسـتکرد و زۆربەیـان پێیـان وابـوو، کـە کەلتـوری خۆرئاوایـی بەهێزتریـن کەلتـوری جیهانـە و دەبێـت تـەواوی جیهانیـش پێـڕەوی ئـەوان بـکات، تاڕادەیەکـی زۆریـش لەمـەدە سـەرکەوتووبون، چونکـە لـە زۆربـەی شـوێنەکانی تـری جیهـان، پێـڕەوی کەلتـوری خۆرئاواییـان کـرد. گەرچـی نووسـەر لەمبارەیـەوە بۆچوونێکـی تـری هەیـە و دەڵێت:

دواکەوتنـی وڵاتانـی ئاسـیا، دواکەوتـن نییـە بەرامبـەر بـە پێشـکەوتنێکی تایبـەت، چونکـە لەگەمـەی گەڕانـی جیهانـدا پێـش و پـاش نییـە، ئێمـە لـە بەرامبـەر مێـژوودا دواکەوتوییـن، واتـە مێـژووی خۆرئـاوا..

پاشانیش دەڵێت:

تێگەیشـتن لـەوەی کـە داخۆ ئـەم دواکەوتنە باشـە یان خراپە، سـودمەندە یـان زیانبەخشـە، بەنـدە بـەو تێگەیشـتنەی کـە هەمانـە لەسـەر مێـژووی بیرکردنـەوە خۆرئـاوا. ل٥٤

جیاوازی شارستانی ئاسیا و خۆرئاوا

نووسـەر پێی وایـە تـەواوی بیرکردنـەوەی ئاسـیاویی، بیرکردنەوەیەکـی عیرفانـی بـووەو ئامانجـی رزگاری مـرۆڤ بـووە، ئەمـەش بـە پێچەوانـەی بیرکردنـەوەی خۆرئاواییەوەیـە کـە بیرکردنەوەیەکـی فەلسـەفییە. پێشـی

وایـە، ئیسـلام کەوتۆتـە ژێـر کاریگـەری فەلسـەفی یۆنانییـەوە.

پاشان دەڵێت:
بیرکردنـەوەی خۆرئـاوا نـەک تەنهـا پرسـیارکەرە، بەڵکـو لەهەمانکاتـدا وەڵامێکـە کـە هەرجـارە بناغـەی بـوون بـە بەهایەکـی دیکـەوە پەیوەسـت دەکات.

دواتر لە جیاوازی ئەم دوو قوتابخانەیە دەدوێت و دەڵێت:
بیرکردنـەوەی ئاسـیایی خـۆی لـە شـتەکان دوور نەدەخسـتەوە، بەڵکـو لەناویانـدا نغـرۆ دەبـوو، لەبەرئـەوە بەڵگەنەویسـترین پڕەنسـیب بریتـی بـوو لـە رزگاری. لەبنەڕەتیشـدا تـەواوی بیرکردنـەوەی ئاسـیاوی «ئیسـلامی لێدەربچێـت کـە کەوتـە ژێـر کاریگـەری فەلەسـەفی خۆرئـاوا» هەمووییـان ئامانجیان ئایینی رزگاری، ئیشراق و ڕێگای دانایی و پاکێتییە، بەپێچەوانەوە بیرکردنـەوەی فەلسـەفی کـە دیاردەیەکـی لەسـەدا سـەد خۆرئاواییـە.

ناسیۆنالیزم

خاڵێکـی تـر کەمایـەی سـەرنجم بـوو تێڕوانـی نووسـەرە بـۆ فکـرەی ناسـیۆنالیزم، داریـوش شـایگان پێـی وایـە، فکرەی ناسـیۆنالیزم فکرەیەکـی نامۆیـە بـە شارسـتانی ئاسـیاویی، لەلایەکـی تـرەوە فکـرەی ناسـیۆنالیزم بـەوە تاوانبـار دەکات کـە ڕێگای خۆشـکردووە بـۆ بڵاوبوونـەوەی فکرەی خۆرئاواییی و یـان وەکو خـۆی دەڵێت : لەرێگـەی فکرەی ناسـیۆنالیزمەوە، خۆرئاوازەبوونـی لەئاسـیادا تەشـەنەی کـرد. »
لەلایەکـی تـرە پێـی وایـە جگـە لـە «ژاپـۆن» کـە ناسـیۆنالیزم تێیـدا سـەرکەوتووبوە، لـە شارسـتانییەکانی تـر بیـری ناسـیۆنالیزم نەیتوانییـەوە ئـەو گەشـەیە بـکات.

دەشڵێت : ئیسلام بازنەیەکی گەورە بوو کە هەموانی دەگرتەوە «ناسنامەی ئێرانی، عەرەب و تورک» حوکمی بازنەگەلێکی بچووکتریان هەبوو کە لەناو بازنە گەورەکاندا پێکەوە دەبوونە یەک و دەنگی تایبەتی خۆشیان دەپاراست.

ماوتستیونگ و گاندی

ماتوستیونگ رابەری مەزنی چین و گاندی رابەری مەزنی هیندی، بوونەتە مایەی گرنگی نووسەر، لەهەمانکاتیشدا تێڕوانینی جیاوازی بۆهەریەک لەم دوو کاریزما مەزنەی ئاسیاش هەیە.

لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: رەنگە بکرێت چارەنووسی ئاسیا لە چارەنووسی دوو پیاوی گەورەی هاوچەرخ، واتە گاندی و ماودا ببینین. هەردووکیان رۆڵەی شایستەی سەردەمی خۆیانن، ، ، هەردووکیان پیاوانی چارەنووساز و ئەویندارى سەرزەمینی خۆیانن.

بەڵام دواتر نووسەر جیاوازی فکریی و سیاسیی ئەم دوو پیاوە مەزنەی ئاسیا دەردەخات و دەڵێت:

یەکێکیان بەهیندۆیی مایەوەو ئەویدیکەشیان رزگاری وڵاتەکەی لە هەڵبژاردنی دواهەمین چەکی خۆرئاوا دیتەوە.ل٧٦، ، لێرەدا مەبەستی نووسەر مارکسیزمە، چونکە ئەو پێی وایە ئەم فکرەیەش، فکرێکی نائاسیاوییە.

نووسەر بەچاوێکی ڕێزەوە سەیری گاندی دەکات و بەپیاوێکی گەورەی دادەنێت، چونکە لە کەلتوری هیندی دوورنەکەوتەوە، لێ ماوتیستونگ بە پێچەوانەوە، مێژوویی چین و ناوچەکەشی بەرەو غەرەبزادەیی(لایەنگری خۆرئاوا) بردووە.

نووسەر دەڵێت: چین ئایینی خۆی گۆڕیوە، مارکسیزم تەنها ئامانجێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئاینێکە، ، ، ل ٧٤. دیارە ئەمەش بۆچوونی تایبەتی نووسەرە.

سەرنج

دیارە لەگەڵ ئەوەشدا کە داریوش شایگان یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی ئێران و خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی گرنگە، لێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە کوێرانە دوای بۆچوونەکانی بکەوین و بەچاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری بەرهەمەکەی نەکەین. لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند سەرنجێکی خێرای خۆم لەبارەی ئەم کتێبەوە بخەمە روو.

زاڵبوونی رۆحی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

من زۆر لەگەڵ ئێرانی برادەریی و هەڵسووکەوتم کردووە هەروەها کتێبی زۆرێک لە نووسەرە کۆن و نوێکانیشیم خوێندۆتەوە، لێ ئەوەی جێگەی سەرنجم بوو، بە چەپ و راست، بە لیبڕال و ئیسلامیانەوە، بەشێکی زۆریان رۆحێکی ناسیۆنالیزمی فارسیان تێدا زاڵە. ئەمەشم لەم کتێبەی داریوش شایگاندا بەدیکرد، هەرچەندە داریوش شایگان جیاواز لە فارسە ناسیۆنالیزمەکانی تر، کە ئەوان دژی ئیسلام و قۆناغی ئیسلامی ئێرانن، بە قۆناغێکی تاریکی ئێرانی دادەنێن، لێ ئەم بە پێچەوانەوە، دەڵێت: ئێران رۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە شارستانی ئیسلام دا. تەنانەت تۆندڕەوتریش چووە، ئەو پێی وایە، ئەوە تەنها ئێرانە بەشداری فعلی(کردەیی) هەبووە لە شارستانی ئیسلامدا. ئەمەش نەک لە رووی فکریەوە، بگرە لە رووی ئەکادیمیشەوە هەڵەیەکی گەورەیە، ئاخر خۆ دەبێت ئەوە بزانین، جارێک پێش هەموو شتێک ئەم ئایینە لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە، پێغەمبەرەکەی عەرەب بووە، کتێبە پیرۆزەکەی بە زمانی عەرەبی نووسراوە. ئیتر چۆن دەتوانین نکوڵی لە ڕۆڵی عەرەب بکەیت؟!. پاشان مێژووی هەزاران ساڵەی ئیسلام، کە سەدان نەتەوە و ئێتنی جۆراجۆر لەخۆ دەگرێت، هەریەکیان بەشداری لە شارستانی ئیسلامی کردووە، بە بڕوای من قەتیسکردن و کورتکردنەوەی

شارستانی ئیسلامی تەنها لە ئێراندا، هەڵەیەکی کوشندەیە کە نووسەر تێیکەوتووە.

دژایەتیکردنی کەرتی(گەشتیاری)

یەکێک لەسیما باشەکانی گلۆبالیزم بەهێزبوونی کەرتی (گەشتیاری یان توریستی)ییە لە جیهاندا. دیارە ئەمەش لە چەند لایەکە باشە بۆ مرۆڤایەتی، لەرووی ئابووریییەوە داهاتێکی باشە بۆ گەلانی جیهان بەتایبەتی جیهانی سێهەم، هەروەها ژمارەیەکی زۆری هەلی کاریش دەرەخسێنێت، کە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سوود بەگەلان دەگەیەنێت، لەرووی دیالۆگی نێوان کەلتورە جیاوازەکانیشەوە، کاریگەری باشی هەیە، گەلان و شارستانییە جیاوازەکان بە یەکتری دەناسرێن و لەو دێوزمە نامۆییە لەیەکتری رزگاریان دەبێت. کەچی ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە نووسەری ئەم کتێبە زۆر دژی کەرتی توریستییە و دەڵێت: توریست دواهەمین بەڵایە کە هەڕەشە لە شارستانییە زیندووەکان دەکات. ل ٩٨،

نووسەر بۆ ئەم تێڕوانینە سەیروسەمەرەشی هانا بۆ هۆکارێکی زۆر لاواز دەبات و دەڵێت: شیمانەی ئەوە دەکرێت، کە شارستانییە ئاسیاییەکان وردە وردە جێی مۆزەخانە بگرنەوە و بەکورتی شێوەی فۆلکلۆر وەربگرن. ئەمەش شیمانەیەکی زۆر دوورە لەراستییەوە.

لەهەمووشی سەیرتر داریوش شایگان خۆی سەردانی ئەوروپای کردووەو ماوەیەکی زۆریش لەوێ ژیاوەو خوێندنی تەواوکردووە، کەچی دژی گەشت و گەڕانی خەڵکی تڕە!

بەهێزکردنی رۆڵی ئەڵمانیا

خاڵێکی تر کەبووە مایەی سەرنجم، ئەو شەیدایییە بێ سنوورەیە کە داریوش شایگان بە ئەڵمانیا هەیەتی، ئەوە راستە ئەڵمانیا کۆمەڵێک

فەیلەسوفی گرنگی گەورەی بەرهەم هێناوە لێ ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەوڵ و داهێنانەکانی نەتەوەکانی تری ئەوروپا نەفی(سفر) بکەیتەوە.

داریوش شایگان دەڵێت: پەیامی بیرکردنەوەی خۆرئاواییی لە چەرخی نوێدا هی ئەڵمانییەکانە..

ئەمەش لەرووی میژوویی و ئەکادیمییەوە هەڵەیە، چونکە قەتیسکردنی فکر و فەلسەفەی نوێی ئەوروپا لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا، هەڵەیەکی گەورەیە. بەڵام پەلەتان نەبێت، پاشتر هەر نووسەر خۆی دەڵێت: فکرەی هاوچەرخی ئەوروپا لە گوومانەکانی دیکارتەوە دەستپێکرد.

دیکارتیش فەیلەسوفێکی فەرەنسییە.

بە بڕوای من نووسەر لە هۆگریی و شەیدابوونی بە قوتابخانەی ئەڵمانی، زیاد لەپێویست بووە.

فکری خۆرئاوا و مەسیحیەت

خاڵێکی تر کەمایەی سەرنجم بووە، دابەشکردنی تەواوی بیرمەندە ئەورپییەکان بوو بەسەر ئاینی مەسیحیدا، نووسەر دەڵێت:

بیرمەندە ئەوروپییەکان بەرلەوەی «ریالیست «بن یان «ئایدیالیست «ی چەپی یان راستی بن، یان هەر «ئیست» یێکی تر، هەر مەسیحین.

ئەم قسەیەش بە بڕوای من هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە بەگشتی فکرەی چەپ، تەواو پێچەوانەی نەک ئاینی مەسیحییە، بگرە دژی هەموو ئاینێکیشە.

دوا قسە

بەدڵنیاییەوە گەر بمانەوێت قسە لەبارەی ئەم کتێبەوە بکەین زۆرمان دەوێت، راستە من چەند سەرنجێکم لەسەر نووسەر هەبووە، لێ ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی کە پێویستە خوێنەری کورد بیخوێنێتەوە، چونکە زانیاری زۆر گرنگی لەبارەی فکرو فەلسەفەی ئاسیاویی و ئەوروپا باسکردووە.

فەلسەفەی خۆرئاوایی
یۆنانی کۆن

بۆچی فەلسەفە لە یۆنان سەریهەڵدا؟

کاتێک سەیری مێژووی فەلسەفە دەکەین، بەتایبەتی فەلسەفەی خۆرئاوایی، یۆنان دەبێتە دایکی هەموو فکر و فەلسەفەی خۆرئاوا و لێرەوە سەرەتای گومان و پرسیارەکان لەبارەی بوون و مرۆڤ و سیستمی سیاسیی و ئابووریی و زانست سەریهەڵدا. لەکاتێکدا یۆنان وڵاتێکی بچووکە، بەڵام کۆمەڵێک فەیلەسوف و زانای گەورەی بۆ جیهان بەرهەمهێناوە. ئەمەش بۆتە مایەی پرسیار و لێکۆڵینەوە لای زۆربەی مێژوونووسان و فەیلەسوفەکانی جیهان، بۆچی لەم وڵاتە بچووکەی ئەورووپاوە، فکرو فەلسەفەی ئەوروپا لەدایک بوو؟ ئەو هۆکارانە چین کە وایکردووە کە یۆنان ببێتە دایکی فکر و فەلسەفەی خۆرئاوا؟ بۆچی تەنها لە یۆنان لە شوێنێکی تر فەلسەفە سەریهەڵنەدا؟

دیارە لەمەشدا کۆمەڵێک هۆکاری جوگرافیی، مێژوویی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان.

ئێمە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئاماژە بە هەندێک هۆکار و فاکت بدەین، کە رۆڵی بەرچاوییان هەبووە لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی فەلسەفە و فکری یۆنانی کۆن.

مانای فەلسەفە

سەرەتا پێمخۆشە لە مانای وشەکەوە دەستپێبکەم، چونکە ئەویش لە زمانی یۆنانی کۆنەوە هاتووە. وشەی Philosophy فیلۆسۆفی لە دوو وشەی لێکدراوی یۆنانی پێکدێت کە مانای خۆشەویستی بۆ حیکمەت دەگەیەنێت، بۆ یەکەمجاریش وشەی فەلسەفە یان فیلۆسۆفی لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی فیساگۆرسەوە بەکارهات و چووە ناو فەرهەنگی فکری جیهانەوە. فەیلەسوفیش ئەو کەسانە بوون کە بە دوای راستیدا دەگەڕان ئەوەش لە ڕێگەی تێڕامانەوە.

لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە، وشەی فەلسەفە و فەیلەسوف لە یۆنان سەریهەڵدا، بەڵام دووبارە با پرسین بۆچی لێرە نەک لە شوێنی تر ئەم دوو وشەیە سەریان هەڵدا؟

پێگەی جوگرافی

هەمیشە جوگرافیا و کەشوهەوا کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەکانەوە هەیە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە و ژیان. ئەم خاڵە زیاتر فەیلەسوفی ناسراوی فەرەنسی مۆنتسکیۆ داکۆکی لێدەکات. کاتێک سەیری یۆنان دەکەین، دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و باشووری کیشوەری ئەوروپاوە. هەمیشە کەشوهەوایەکی مام ناوەندی هەبووە. یۆنان سروشتێکی جوانی هەیە، دەتوانیت شاخ و کێوی بەرز ببینیت، هەروەها پێدەشتی کاکی بە کاکی، دەریایەکی شینی پاک و بێگەرد، بوونی چەندین دوورگەی جوان. هەموو ئەمانەش کاریگەریان لەسەر کەسایەتی مرۆڤەکان دەبێت. وەک (وێلی دیورانت) مێژوونوس و بیرمەندی ناسراوی ئەمریکاییش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «مێژووی شارستانییەتەکان» دەڵێت: بوونی کەشوهەوایەکی مام ناوەند و رووبار

و دەریایەکی گەورە، وایکرد کە مرۆڤ وڵاتی یۆنان هەڵبژێرێت و تێیدا بژیی و شارستانی یۆنانیش سەریهەڵدا.

دیارە جوگرافیا کۆمەڵێک سیفاتی باشی تری بە یۆنانییەکان بەخشی، بەتایبەتی لە رووی کەلتوورییەوە.

نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز

ئەم پێگە جوگرافییەشی کۆمەڵێک خاسیەتی باشی تری پێ بەخشیووە. یۆنان بە حوکمی بوونی کۆمەڵێک دوورگەی بچووک، وایکردووە کە دەوڵەتی بەهێز و ناوەندی وەکو لە ناوچەی میزۆپۆتامیا یان چین یان میسر دروست نەبێت، بەڵکو کۆمەڵێک دەوڵەتشاری بچووک هەبوون وەکو ئەسینا، تا لە کۆتاییدا ئەسکەندەری مەکدۆنی و باوکی هەموویان دەگرن و ئیمپراتوریەتی یۆنانی بەهێز دروست دەکەن.

یۆنان وەکو میسر نەبوو کە فیرعەونێکی ستەمکار حوکمی بکات ژیان و ئازادیی تاکەکان پێشێل بکات، نەبوونی ئەم حوکمە ستەمکارەش وایکرد کە خەڵکی ئازادانە بژین و پرسیار لەبارەی هەموو شتێکەوە بکەن و ترسی کوشتن و سزادانیان نەبێت، بە واتایەکی تر «وشە یان قسە» سزای لەسەر نەبوو.

بوونی جۆری دەوڵەتشاریی وایکردووە کە جۆرە سیستمێکی ئازاد و دیموکرات لە یۆنان دروست بێت بەتایبەت لە ئەسینادا، بەپێی بۆچوونی وێلی دیورانت بێت، باشترین نموونەی دیموکراسی بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بوونی سیستمی ئازاد و دیموکراتیش وایکردووە کە خەڵکی ئازاد بن لە پرسیارکردن و قسەکردن، هەرئەمەش وایکردووە کە بە گومانەوە سەیری هەموو شتێک بکەن. وەکو دەشزانین سەرەتای هەموو فەلسەفەیەکیش بە پرسیار و گومان دەستپێدەکات.

هەرچەندە هەندێک کاتیش دەوڵەتشاری بەهێزیش دروستبووە و خەڵکی چەوساندۆتەوە بەتایبەتی لە ئەسینادا، بۆ نموونە لەسەردەمی

سوکراتدا. کە لەسەر بۆچوونە فکرییەکان سزای کوشتنی بەسەردا سەپێنرا، هەرچەندە تا ئەمڕۆش یۆنانییەکان لەو کارەیان پەشیمانن و خۆیان بە تاوانبار دەزانن بەرامبەر بە فەلسەفە.

نزیکی لە شارستانییە جیهانییەکانی تردە

دووبارە جوگرافیا سوودێکی تری بە یۆنان گەیاندووە، ئەوەش ئەوەیە کە یۆنان خۆی لە نزیک کۆمەڵێک شارستانیدا دەبینێتەوە، لە باشوورەوە دراوسێی شارستانی میسری بووە، کە یەکێکە لە شارستانییە مەزنەکانی جیهان، لە خۆرهەڵاتیشەوە دراوسێی شارستانییە مەزنەکانی میزۆپۆتامیا و ئێران بووە، هەر لە ڕێگەی ئەمانیشەوە ئاشنایەتی بە شارستانیی هیند و چین هەبووە.

لە کۆندا یۆنان ببووە چەقی هەموو شارستانییە مەزنەکانی ئەوکاتی جیهان، ئەمانەش چ لە ڕووی فکریی و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگییەوە، کاریگەریی گەورەیان بەسەر یۆنانەوە هەبووە.

گەشەسەندنی لایەنی ئابووری

لە سەدەی پێنج پێش زایینداً یۆنان گەشەیەکی ئابووری گەورەی بەخۆوە بینی، جگە لە لەلایەنی کشتوکاڵی، لایەنی بازرگانیش زۆر بەهێز بوو، لەوکاتەدا یۆنان بووە کاروانسەرایەکی گەورە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا. ئەمەش وایکرد کە کۆمەڵگەی یۆنانی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا بێت، جگە لە خانەدانەکان، چینی بازرگان و خەڵکی دەوڵەمەند پەیدا بێت. چینێک پەیدا بوو، کە دەیتوانی دەستی بە زانست و کتێبی گرنگ بگات، کەمێک خۆشگوزەران بژی. بەحوکمی گەشەسەندنی بازرگانی، بواری کەشتیوانیش پێشکەوت، ئەمەش وایکرد کە گرنگی زیاتر بە زانست بدرێت بەتایبەتی لە بواری فەلەکناسییدا. نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت، کە بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی یۆنان، پێشتر

زانا بوونە لەوانە تالیس و فیساگۆرس، کە بە باوکی فەلسەفەی یۆنانی ناودەبرێن.

کاریگەریی ئەفسانەکان

یۆنان پێش ئەوەی ببێتە مەڵبەندی فکرو فەلسەفە، مەڵبەندی کۆمەڵێک ئەفسانەی گەورەیە کە هەتا ئەمڕۆش بە ئەفسانە مەزنەکانی جیهان دادەنرێن بەتایبەتی ئەفسانەی ئەلیادەو ئۆدیسە. ئەم ئەفسانانە رۆڵی گەورەیان لە سەر ئەندێشە و بیرکردنەوەی تاکی یۆنانی هەبوو، چونکە ئەم ئەفسانانە باسی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیستمی سیاسی و ئیداریی و تارادەیەکیش ئابووریییان کردووە. ئەم ئەفسانانە بوونە بەردی بناغە بۆ قسەکردن لەبارەی مرۆڤ، سیستمی کۆمەڵایەتی، بوون، خودا و زۆر شتی تریش. یۆنانییەکان لە رێگەی ئەفسانەکانەوە توانییان پەرە بە هونەری گێڕانەوە و نووسین و توانا فکرییەکانی خۆیان بدەن.

نەبوونی دەسەڵاتێکی ئایینیی بەهێز

هەتا ئایینی مەسیحی بڵاونەببۆوە لە یۆنان، کۆمەڵێک ئایینی سروشتی لەناو خەڵکیدا بڵاوبوو، ئەو ئایینانەش نەبوونە هۆی دروستبوونی چینێکی بەهێزی پیاوی ئایینی، کە ببنە پاسەوانی زمان و جەستەی خەڵکی و خۆیان بکەن بە وەکیلی خودا لەسەر زەوی. وەکو نووسەر و بیرمەندی میسریش «محمەمەد زەکەریا تۆفیق» دەڵێت: بۆ ماوەی هەشت سەدە قوتابخانەی لیسیومی ئەرستۆ بەردەوام بوو لەسەر خوێندن و وانە وتنەوە بە خوێندکارانی، هەتاوەکو کاتێک ئایینی مەسیحی بڵاوبۆوە بە فەرمانی کوستەنتین قوتابخانەکە داخراوە و فەلسەفەش حەرام کراوە. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، زۆرجار پیاوانی ئایینی بوونەتە رێگر لە گەشەسەندنی فکر و فەلسەفە، بەڵام یۆنان پێش ئەوەی ببێتە مەسیحی، ئەم کێشەیەی نەبووە.

بوونی قوتابخانەی فکریی و زانستی بەهێز

هەمیشە بۆ پێشکەوتنی هەر شتێک پێویستیت بە ژێرخانێکی بەهێز هەیە، جا شتی فکریی بێت یان تەنانەت پیشەیی بێت، بۆ هەموو شتێک پێوستیت بە مامۆستا و قوتابخانە هەیە تاوەکو خوێندکارانی وانەی تێدا بخوێنن و ئەزمونی خۆیان تاقیبکەنەوە و توانا فکریی و جەستەییەکانی خۆیان تێدا بەرجەستە بکەن. هەر لە دێر زەمانەوە بەتایبەتی لەسەردەمی فیساگۆرسەوە قوتابخانەی فکریی و زانستی پەیدابوو، دواتریش لە سەردەمی ئەفلاتوندا بۆ یەکەمجار قوتابخانەی تایبەت بە فکر و فەلسەفە کرایەوە کە بە ئەکادیمای ئەفلاتون دەناسرێت.

جێگەی ئاماژەیە تائیستا لە تەواوی زمانە ئەوروپییەکاندا وشەی«ئەکادیمی» بۆ خوێندنی زانکۆیی دادەنرێت. لە دوای ئەفلاتونیش، ئەرستۆ قوتابخانەی لیسیومی فەلسەفی دانا، ئەویش هەمان ڕێچکەی مامۆستاکەی دەگرتە بەر.

بوونی ئەم قوتابخانە زانستیی و فکریی و فەلسەفییانە ڕۆلی ئێجگار گەورەیان هەبوو لە بەرهەمهێنانی زانا و فەیلەسوفی مەزن لە یۆنانداا. چونکە لە ڕێگەی ئەو قوتابخانانانەوە، خوێندکارانی فێری زانست و فکری نوێ دەبوون، هەروەها لە ڕێگەی ڕەخنە و مشتومڕ و دیالۆگیشەوە، فکری نوێ لەدایک دەبێت. ئەگەر کەسێک نەبێت تۆ فکرەکانی خۆتی بۆ باس بکەیت و کەسیش نەبێت ڕەخنەت لێبگرێت، ناتوانیت بیری ڕاست و دروست بەرهەم بهێنیت.

دەرئەنجام

دیارە کۆمەڵێک خاڵی گرنگی تر رۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێشخستنی زانست و فکر و فەلسەفە لە یۆنان، لەپێش هەمووشیانەوە بوونی ئاشتیی و ئارامیی، بەڵام بەداخەوە لەپاش داگیرکردنی یۆنان لەلایەن تورکەکانەوە، چرای فکر و فەلسەفە بەتەواوەتی لەم وڵاتە دەکوژێتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە تورکەکان چ زیانێکی لەو وڵاتانە داوە کە داگیری کردووە.

راستە یۆنان لە سەدەکانی پێشوودا مەڵبەندی فکر و فەلسەفە و زانست بوو، چراییەک بوو کە هەموو ئەوروپا و جیهانیشی رووناک کردەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم چرایە بە داگیرکردنی ئەم وڵاتە لەلایەن تورکیاوە، دەکوژێتەوە، پاشان وڵاتانی تری ئەوروپایی جێگەی یۆنان دەگرنەوە لەپێش هەمووشیانەوە ئیتالیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا.

سوکرات یەکەمین شەهیدی فەلسەفە



من هیچ نازانم،
تاکە شتێکیش کە دەیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم، ، ،
من هەرگیز ئامادەنیم ڕێبازەکەی خۆم بگۆڕم،
تەنانەت گەر پێویستیش بکات چەندجارێکیش بمرم.، ، ، سوکرات

سوکرات یەکەمین فەیلەسوفی یۆنانی نەبوو، بەڵکە پێش سوکراتیش فەلسەفە لە زەوی بە پیتی یۆناندا سەوز بوو بوو. لێ هیچ فەیلەسوفێکی یۆنانی هێندەی سوکرات ناوبانگی نەبووە. لە هەمانکاتیشدا هیچ فەیلەسوفێک هێندەی ئەو، کاریگەری بەسەر نەوەکانی پاشتر و هزری فەلسەفی جیهانەوە نەبووە. هەربۆیە پێویستە گرنگی بە ژیان و کاروبەرهەمەکانی بدەین، لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر ئەم فەیلەسوفە مەزنەی یۆنان و جیهان.
سوکرات لە ساڵی ٤٦٩ ی پێش زایین لە «ئەلپێکۆ» لە یۆنان لەدایک

بـووه، لـه سـاڵی ٣٩٩ ی پێـش زایـین لـه ئەسـینا کۆچـی دوایـی دەکات. سـوکرات لەسـەردەمی دیموکراسـیی یۆنانیـدا دەژیـا. لەوکاتانـەدا ئەسـینا خـۆی لەنـاو تەنگەژەیەکـی گـەورەی سیاسـی و فکریـی گـەورەدا دەبینییـەوە. ئالـەو کاتـەدا ژمـارەی دانیشـتوانی ئەسـینا دەگەیشـتە ٤٠٠ هـەزار کـەس. لـەم ژمارەیەشـدا نزیکـەی ٥٠ هەزارییـان کۆیلـە بـوون. [٢١]

لەوکاتەدا دوو دەسـەڵاتی گرنگ حوکمی ئەسـیئنای دەکرد.» ئەکسـلیزیا، کۆمەڵـەی گشـتیی»، کـە بریتیـی بـوو لـە دەسـەڵاتی سیاسـی، دانیشـتوانی ئەسـینا نوێنـەری خۆیـان بـۆ ئـەم کۆمەڵەیـە دیـاری دەکـرد. هەروەهـا «دیکاسـتیریا، دادگای بـاڵا» کـە پتـر لـە هـەزار ئەنـدام پێکهاتبـوو، بەپێـی ئەلف و بێ، ئەندامانی هەڵدەبژێران. هـەروەک ویلی دیورانتی مێژوونـوس و نووسـەری ئەمریکـی دەڵێـت :

رژێمێکـی دیموکراتیتـر نابینیـن لـەو رژێمـەی ئەسـینا زانیوویەتـی، هـەروەک نەیارانی ئـەو رژێمـەش دەڵێن: لـەو بـێ تامترین و پووچترینیش نییـە. [٢٢]

دادگاییکردنـی سـوکرات لەسـەر بیروباوەرەکـەی، هەتاوەکـو ئەمـڕۆش لـە جیهاندا بـاس دەکرێت. سـوکرات توانـی ببێتـە مەشـخەڵێکی گـەورە، بـۆ نەوەکانی پـاش خۆیـی و ببێتـە مامۆسـتاییەکی بەئەمـەک بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە هەتـا دواهەناسـە و شـێلگیرانە بەرگـری لـە بیروبۆچوونـی خۆیـان دەکـەن.

دیـارە دادگاییکردنی فەیلەسـوفان پێش سـوکراتیش هەبـووە. بـۆ نموونە فەیلەسـوفی مەزنی یۆنانی(Anaxagoras ئاناکساگۆراس ٥٠٠,٤٢٨ پێش زایین).ئـەم یەکەمیـن فەیلەسـوف بـوو، کـە عەقڵـی کـردە رەگـەزی بنەڕەتـی فەلسـەفە. دیـارە پێشـتر تەنهـا هـەوا و ئـاوو ئاگـر، بەرەگـەزی بنەرەتـی فەلسـەفە دادەنـران. ئـەو لەبەرئـەوەی گوتـی: خـۆر جگـە لەبەردێکـی گـەرم

٢١ وێل دیورانت.سـەربردەی فەلسـەفە. بەرگـی یەکـەم. وەرگێرانـی «تاریـق کاریـزی. دەزگای چـاپ و بلاوکردنـەوەی موکریانـی. چاپـی یەکـەم.٢٠٠٧. لاپـەرە٦.

٢٢ هەمان سەرچاوە

و مانگیش تەنیا خاکێکە و هیچیتر دەخرێتە زیندانەوە.

بەڵام سوکرات یەکەمین فەیلەسوفی یۆنانی بوو، کە لەسەر بیروباوەڕیی خۆی «ژەهرخوارد دەکرێت». دیارە لەوکاتەدا «ژەهر خواردن» وەکو حوکمی لەسێدارەدانی ئێستا وابووە. هەربۆیە هەروەکو «ویلی دیورانت» دەڵێت «سوکرات یەکەمین شەهیدی فەلسەفەیە لە مێژوودا.»

پیاوە ئاڵۆزەکەی مێژوو

یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەم فەیلەسوفە مەزنە ئەوەبووە، کە هیچ نووسینێک یان کتێبێکی لەپاش خۆی بەجێنەهێشتووە، بەڵکە دواتر جیهان لە ڕێگەی خوێندکارانیەوە، ئاگاداری مەزنی ئەم فەیلەسوفە بوو. بەتایبەت لە ڕێگەی «ئەفلاتون «پلاتۆن»»ەوە. دیارە لەکاتی ژیانی خۆیدا، شانۆنووسی مەزنی یۆنانیش Xenophon (٤٢٦، ٣٥٥.پ.ز)، لە شانۆگەری «هەوردا» باسی بیروبۆچوونی سوکراتی کردووە. دیارە بە شێوازێکی زۆر نێگەتیڤانە باسی سوکراتی کردووە. بەشێوەیەکی گاڵتەجاری باسی کردووە. سوکراتی وەکو پیاوێکی پیری خەرەفاو داناوە، کە دەیەوێت مێشکی گەنجانی ئەسینا تێکبدات.

لەبەرنەبوونی دەستنووسی سوکرات، تاڕادەیەکی زۆر، زەحمەتە بەتەواوەتی لە هەزری ئەم فەیلسووفە بگەین، چونکە خەڵکی تر لەبارەیەوە شتی نووسیوە. لەبەرئەوە هەروەک فەیلەسوفی مەزنی بەریتانیی «بێرنارد ڕاسڵ «دەڵێت :

«سوکرات ئاڵۆزترین قۆناغە بۆ مێژوونووسانی جیهان[٢٣] «

٢٣ Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes. Die Übertragung aus dem English.Elisabeth Fischer –Ruth Gillischwski. Europa verlag.10. Auflage.2001. Wien.S.104

میتۆد و هزری سوکرات

سوکرات خاوەنی میتۆدێکی تایبەت بوو، کە پاشتر بە میتۆدی «سوکرات» ناسرا. سوکرات هەروەکو دەڵێن: «هێندەی پرسیاری دەکرد، هێندە قسەی نەدەکرد.»ئەو میتۆدەی ئەو بریتیی بوو لە پرسیار و وەڵام. لە ڕێگەی داهێنانی میتۆدی «دیالۆگی دیالێکتیکی، جدل» وە دەیویست پەرە بە فەلسەفە بدات. ئەو توانی فەلسەفەیەک لەسەر عەقڵ و دیالۆگی ئاڵۆز(جدل) و بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی بۆ هەندێ فەزیلەتی سیاسی، بنیاد بنێت. دەتوانین بە مامۆستای «ئەخلاق یان فەزیلەت و زانست «دابنێین. ئەو هەروەک فەیلەسوفی بەریتانی بێرنالد راسڵ دەڵێت: «توانی فەزیلەت و زانست پێکەوە گرێبدات، کە پاشتریش پلاتۆنی خوێندکاری پەرەی پێدا .» [٢٤]

دیارە سەرەتا سوکرات دژ بە فەیلەسوفە سۆفیستەکان بوو. ئەو کەوتە جەدەلێکی گەورە لەگەڵ ئەوان، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لە ڕێچکەی ئەوان دوورنەکەوتەوە. سۆفیستەکان داوای فەزیلەتی سیاسییان بۆ دەوڵەت دەکرد، هەوەها جەختییان لە جیاکردنەوەی یاسای دەوڵەت لە یاسای سروشت دەکرد. بەڵام ئەوان کێشەیان ئەوەبوو، چ یاسایەک جێگای ئەمە دەگرێتەوە. هەربۆیە سوکرات هاتە مەیدان و توانی لەناو ناخی مرۆڤدا بەدوای ئەو یاساییە بگەڕێت، ئەویش وەکو ئەوان داوای پسپۆری و زانستیی سیاسیی دەکرد .[٢٥]

هەروەک خۆی دەڵێت : «پینە دۆز و دارتاش پێویستی بە پسپۆری هەیە، کەوایە چۆن دەوڵەت پێویستی بە پسپۆر نییە .» [٢٦]

---

٢٤ هەمان سەرچاوە

٢٥ د. کەمال پولادی. میژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا. وەرگێرانی.ئازاد وەلەدبەگی، سیروان جەبار زندی. دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم.هەولێر. ٢٠٠٥.لاپەرە ٣٦

٢٦ هەمان سەرچاوە

ئەویش داوای ئەوەی دەکرد کە پێویستە ئەو کەسانەی کە دەوڵەت بەڕێوە دەبەن، خاوەنی پسپۆریی بن لەهەمانکاتیشدا خاوەنی فەزیلەتێک بن.

لەلایەکی ترەوە، سوکرات وەکو سۆفیستەکانی نەکرد، ئەوان دژ بە نەریتی کۆنی یۆنانی بوون، لێ سوکرات دەیویست لەسەر ئەم نەریتە کۆنە، فەزیلەت بدۆزێتەوەو نەریتێکی نوێ بنیاد بنێت . [٢٧]لەلایەکی ترەوە ئەو یەکەم کەس بوو، کە گومانی خستە سەر سیستمی دیموکراسی ئەسینا. هەروەک وێلی دیورانت دەڵێت: «ئەو کاتەی مرۆڤ فێری گومان بێت، ئەو کاتەش فەلسەفە دەستپێدەکات.».بە بۆچوونی دیورانت، سوکرات دوو پرسیاری ئێجگار گرنگی فێری مرۆڤایەتی کرد. یەکەمیان : مرۆڤی جوامێر کێیە؟. دووەمیان باشترین دەوڵەت کامەیە ؟[٢٨] .

ئەم دوو پرسیارەش بەس بوو کە ببێتە کلیلی بیرکردنەوەو شرۆڤەکردنی هەزری هەموو فەیلەسوفانی جیهان. گەڕان بەدوای وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە، بوو بەهۆی دروستبوونی چەندین فەیلەسوفی تر. دیارە هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم دوو پرسیارە دەکرێت، لەهەر سەردەم و قۆناغێکیشدا، فەیلەسوفانی جیهان، وەڵامی خۆیان داوەتەوە.

خاڵێکی گرنگی تر کە سوکرات گرنگی پێدا، مەسەلەی باوەڕبوون بە یەک خودایی بوو. دیارە لەوکاتەدا لە ئەسینای کۆن، کۆمەڵێک خودا هەبوو. کە خەڵکی باوەری پێیان هەبوو. بەڵام بیری یەکتاپەرستی، پانتاییەکی گەورەی لە هزری سوکراتدا داگیرکرد، جێگەی ئاماژەیەسوکرات هەر لەسەر ئەم بۆچوونەشی دادگایی کرا .[٢٩]

خاڵێکی گرنگی تری بۆچوونەکانی ئەوە بوو، کە ئەو دژی سیستمی

---

٢٧ هەمان سەرچاوە

٢٨ وێل دیورانت.سەربردەی فەلسەفە. بەرگی یەکەم. وەرگێرانی «تاریق کاریزی. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی. چاپی یەکەم.٢٠٠٧.ل.٨.

٢٩ هەمان سەرچاوە

دیموکراسی ئەسینا بوو. دیارە ئەمە بە مانای ئەوەنەبوو کە ئەو دژی دیموکراسی بێت، بەڵکە ئەو زیاتر داوای پسپۆری لە حوکمڕانی دەکرد. ئەو سیاسەتی وەکو زانستێکی گرنگ سەیر دەکرد.

خاڵێکی گرنگی تر کە پانتاییەکی باشی لە هزری سوکرات داگیرکردووە، مەسەلەی «مەرگ و ژیانە». ئەو خۆی زۆر بەم پرسیارەوە خەریککردبوو. دەتوانین بە ڕوونی ئەم بۆچوونەشی لەکاتی داکۆکیکردنەکەی لە دادگا بۆمان دەربکەوێت.

سوکرات دەڵێت : کەس نازانێت مردن کە هێندە مرۆڤ لێی دەترسێت و بەگەورەترین خراپەی دادەنێت، کێ نازانێت گەورەترین چاکە نییە .[٣٠]

کەسایەتی و تایبەتمەندیی سوکرات

گەر سەیری ئەو پەیکەرە بکەین کە بۆ سوکرات کراوە، دەبینین کە سوکرات لە ڕووی سیماوە کەسێکی ناشرین بووە. کابرایەکی کەچەڵی لووت زل، دوو چاوی زەق. سیمایێک کە هیچ جوانییەکی پێوە دیار نییە، لێ لەپشت ئەم پەیکەرە ناشرینەوە، عەقڵێکی جوان و مەزن خۆی شاردۆتەوە.

لە ڕووی سیفاتی کەسایەتییەوە، سوکرات کەسێکی تابڵێیت خاکی بووە. هەموکاتێک جلی هەژارانەی لەبەر کردووە. خاکی بوون یەکێک بووە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم فەیلەسوفە. ئەو وەکو فەیلەسوفەکانی سەردەمی خۆی، پارەی لەکەس وەرنەدەگرت. هەروەک خۆشی لە دادگاییەکەیدا دەڵێت: ئەو کەسە دەوڵەمەند بووبێت یان هەژار، من پارەم لەکەس وەرنەگرتووە.

لەلایەکی ترەوە، ئەو زۆر دژی ژیانی مەسرەف زیادی و کەشخەیەتیی بووە. یەکێک لە ڕستە بەناوبانگەکانی دەڵێت: کاتێک بەناو بازاڕی

---

٣٠ ئەفلاتون. پۆزش.وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە. ئاوات ئەحمەد. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.چاپی یەکەم.٢٠٠٢.لاپەرە.٥٢

ئەسینادا دەگەڕێم، دەبینم پڕیەتی لەو شتانەی کە من هیچ پێویستیم پێی نییە . [٣١]

ئەمە گەورەترین نیشانەی خاکیی بوونی سوکراتە. دیارە ئەم قسەیە لە جیهانی ئەمڕۆماندا، کە پڕیەتی لە شمەکی زۆر، کەم کەسمان هەیە، خۆی لە حزوری شمەکە زۆرەکاندا ڕابگرێت. سوکرات لەوکاتانەدا، دژی زیادە مەسرەفیی بووە، ئەو لەکاتێکدا کە خەڵکی لەناو بازاڕدا هەڵپەی شتکڕینیان بووە، ئەو بەم شێوەیە قسەی کردووە. لەلایەکی تڕەوە سوکرات هێندە بەدوای خواردن و خواردنەوە نەبووە، هەروەک ڕاسڵ دەڵێت: سوکرات زۆر بەکەمی شەرابی دەخواردەوە، هیچ کاتێکیش ئەویان نەدیوە سەرخۆش بێت . [٣٢]

خاڵێکی تری کەسایەتی سوکرات ئەوەبوو، کە تەداخوولی زۆر شتی خەڵکی کردووەو زۆرجار سنووریشی تێپەڕاندووە، هەربۆیە خەڵکانێکی زۆر ئەو بەکەسێکی «فزولی» دایدەنێن.دیارە ئەو هەمووکاتێک زمانی ڕەخنەی لەسەرپێ بووە بۆ خەڵکی، بەتایبەت کاتێک دیاردەیەکی دزێوی دیبێت. لەلایەکی تریشەوە هەمووکاتێک قسەلەڕوو بووەو هیچ سڵی لە کاردانەوەی بەرانبەری نەکردووە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، بەهیچ شێوەیەک سازشی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی نەکردووە، هەربۆیە ئامادەبوو، ژیانی خۆی بکاتە قووربانی بۆچوونەکانی.

سوکرات لەکاتی دادگاییکردنیدا، ڕستە بەناوبانگەی خۆی دەڵێت :

«من هەرگیز ئامادەنیم ڕێبازەکەی خۆم بگۆڕم، تەنانەت ئەگەر پێویستیش بکات چەند جارێکیش بمرم. [٣٣]»

دیارە ئەمەش پاش خۆی بووبە دروشمێک بۆ هەموو ئازادیخوازێکی

---

٣١ رجاء النقاش.فلاسفة و فنانون. دار اطلس للنشر و الاعلام. الطبعة الاولى.٢٠٠٥. ص ٢٥

٣٢ Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes. Die Übertragung aus dem English.Elisabeth Fischer –Ruth Gillischwski. Europa verlag .١٠.Auflage .٢٠٠١.Wien.S ١٠٤

٣٣ ئەفلاتون. پۆزش.وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە. ئاوات ئەحمەد. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.چاپی یەکەم.٢٠٠٢.لاپەرە.٥١

مەزنی جیهان.

خاڵێکی تر کە جێگای تێڕامانە ئەوەیە، کە سوکرات کەسێک بووە زۆر حەزی بە هاتووچۆکردن و پیاسەکردن بووە. تەنانەت کاتێکیش وانەی گوتۆتەوە، بە پیاسەکردنەوە وانەی بە خوێندکارەکانی گوتۆتەوە. دیارە پاشتریش ئەرستۆ بەهەمان شێوەبوو، ئەویش کاتێک وانەی دەگوتەوە، لەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. [٣٤]

خوێندکارانی سوکرات

دیارە سوکرات خەڵکانێکی زۆر حەزییان بە گوێگرتن لە قسەکانی بووە. کۆمەڵێک کەسیش بوونەتە خوێندکاریی ئەو. وێڵی دیورانت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا» سەربوردەی فەلسەفە» زۆر بەجوانی وەسفی ئەم خوێندکارانە دەکات و ئامانجە جیاوازەکانیان دەردەخات.

دیورانت دەڵێت :

«لەنێو ئەو لاوانەدا پیاوانی دارایی وەکو ئەفلاتون و ئەلسبیادسی هەبوون، کە چێژیان لە شیکردنەوەو هێرش و تانەکانی وەردەگرت، کە دەرهەق بە حکومەتی دیموکراسی ئەسینا دەیکرد. هەروەها لەناو ئەو لاوانەدا هەندێ سوسیالیست خوازی وەکو ئەنتیسیناس هەبوون، کە ئالوودەی گوێ نەدانی سوکرات بوون بەهەژارییەکەی. هەروەها یەک یان دوو کەسانی وەکو ئەرستیپۆسیش ئامادەبوون بوون، کە شەیدای جیهانێکی بێ ئاغا و کۆیلە بوون، دەیانویست هەموو دانیشتوانی جیهان، وەکو سوکرات ئازاد و دوور لە ڕارایی بژین [٣٥] «

دیارە ئەم لاوانە سوودێکی گەورەیان لە سوکرات و گفتوگۆکانی بینی. هەروەک دیورانت دەڵێت: پاشتر ئەم لاوانە توانییان فەلسەفەیەکی نوێی ئەوروپی دابمەزرێنن.

---

٣٤ رجاء النقاش.فلاسفة و فنانون. دار اطلس للنشر و الاعلام. الطبعة الاولى.٢٠٠٥. ص ٢٢

٣٥ هەمان سەرچاوە

بۆچی سوکرات سزا درا

سوکرات ساڵی ٣٩٩ پ.ز لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لەلایەن دادگای ئەسیناوە سزای «ژەهرخواردنی «بەسەردا دەسەپێنرێت. تۆمەتی فەرمی دادگاش ئەوەیەکە، سوکرات «باوەڕی بەخودا نییە، هەروەها گەنجانیش بەرەو فکری خراپ دەبات»

لێ هەموکاتێک لەپشت هەر تۆمەتێکی فەرمییەوە، کۆمەڵێک هۆکاری تر خۆی شاردۆتەوە. مێژوونوسان و نووسەرانی جیهانیش، ماوەیەکی زۆرە بەدوای ئەو هۆکارانە گەڕاون و شرۆڤەی جیاوازییان لەو بارەیەوە هەیە.

«وێل دۆرانت» لە کتێبە مەزنەکەیدا «سەربوردەی شارستانی » دەڵێت :

هۆکاری سەرەکی لە سزادانی سوکرات، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابووری. ئالەوکاتەدا لە ئەسینادا خەڵکی باوەڕی بە چەندین «خودا» هەبوو. خەڵکیش لە ئەسینا و دەوروبەری دەهاتن، لە بازاڕی ئەسینا ئاژەڵیان دەکڕیی و دەیانکردە قوربانیی بۆ ئەو «خودا» یانە. بیری یەکتاپەرستی سوکراتیش، بەزەرەری بازرگانەکانی ئەسینا دەشکایەوە، چونکە ئەوان سوودمەندی سەرەکی بوون لەم خودایانە و بازاڕی ئاژەڵ کڕینی لاواز دەکرد و بەمشێوەیەش بازار تووشی قەیران دەبوو. یەکتاپەرستیش، زەرەری گەورەی بەوان دەگەیاند، هەربۆیە پلانی کوشتنی سوکراتییان داڕشت. [٣٦]

بەڵام بیرمەندی ئێرانی دکتۆر کەمال پوولادی دەڵێت :

«تێکچوونی سوکرات لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی ئەسینا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە لەوکاتەوە فەلسەفە وازی لە پرسە سروشتییەکان هێنابوو، ڕوویکردبووە کاروباریی مرۆیی، واتە پرسە

---

٣٦ هەمان سەرچاوە

سیاسییەکان و گەڵاڵەکردنی فەزیلەتی سیاسیی. هەربۆیە پێکدادانی سوکرات لەگەڵ دەوڵەتدا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە دەوڵەت ئامادە نەبوو هیچ پێوەرێک بەدەر لەخۆی پەسەند بکات» [٣٧] بەڵام نووسەر و رەخنەگری بەناوبانگی عەرەبی «رجاء النقاش «بۆچوونێکی تری هەیە. ئەو پێی وایە زیاتر «ئێرەیی پێ بردن. حسد» هۆکاری کوشتنی بووە. لەوکاتەدا، کۆمەڵێک نووسەر وەکو «میلوتوس»، کۆمەڵێک بازرگان و سیاسی، رقی گەورەییان لە سوکرات بووە، هەربۆیە پلانی کوشتنیان داوە. .[٣٨] جێگەی ئاماژەیە سوکرات بە ڕاشکاوانە باسی ئەمە دەکات و دەڵێت :

«من باش دەزانم کە چەند دوژمنایەتیم بۆخۆم خولقاندووە.هەر ئەمەش دەبێتە هۆی رووخاندنم، ئەگەر بروخێم. میلوتۆس نا، هەروەها ئانیتۆسیش نا، بەڵکو ئەو ڕق و ئێرەییەی جیهانە، کەبۆتە هۆی مردنی چەندان پیاوی باش، هەروەها رێی تێدەچێت کە ببێتە هۆی مردنی زۆری تریش، مەترسی ئەوە لە گۆڕێ نییە کە من دواهەمینیان بم» [٣٩]

ئایا سوکرات نەیدەتوانی خۆی رزگار بکات ؟

زۆربەی مێژوونوسان و نووسەران لەو باوەڕەدان کە سوکرات چەندین هەلی لەبەر دەستدا بوو، بۆ ئەوەی خۆی لە سزای مەرگ قورتار بکات. لێ ئەو خۆی ڕازی نەبوو. هەر لەکاتی دادگاییکردنیدا، ئەفلاتون و چەند هاوڕێیەکی ئامادەبوون، کە سزاکەی بۆ بگۆڕن و بیکەنە «سزای دارایی».ئامادەبوون لەجیاتی ئەو سی میانی» دراوێکی

٣٧ د. کەمال پولادی. مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا. وەرگێرانی.ئازاد وەلەدبەگی، سیروان جەبار زندی. دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم. هەولێر. ٢٠٠٥.لاپەرە ٣٧

٣٨ رجاء النقاش.شخصیات و تجارب. دار اطلس للنشر و الاعلام. الطبعة الاولی. ٢٠٠٤.ص ٢٥٦

٣٩ وێل دیورانت.سەربردەی فەلسەفە. بەرگی یەکەم. وەرگێرانی «تاریق کاریزی. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی. چاپی یەکەم.٢٠٠٧. لاپەرە١٢.

یۆنانـی کـۆن بـوو.» بیـدەن، بـەڵام ئـەو ڕازی نابێـت.
هەروەهـا پاشـتریش هـەر خوێندکارەکانـی پلانـی رزگارکردنییـان لـە زینـدان بـۆ دانـا، ئەویـش لـە ڕێگـەی بەرتیـل دان بـە پاسـەوانانی زینـدان، کەچـی سـوکرات ڕازی نەبـوو. [٤٠]

بەڵام بۆچی ڕازی نەبوو خۆی ڕزگار بکات ؟
دیـارە بـە رای زۆربـەی نووسـەران، سـوکرات بۆیـە ڕازی نەبـوو خـۆی رزگـار بـکات، چونکـە گەیشـتبووە تەمەنێکی زۆر کـە سـەرو «حەفتـا سـاڵ «بـوو. هەربۆیـە بـە هێواشـی چاوەڕێـی مەرگـی دەکـرد. مردنێکـی لـەو جـۆرەش بـۆ ئـەو، زۆر شـەرەفمەندەتر بـوو تـا لـە حوکمـی مێژوو ڕابکات. ئـەو بـاش داهاتـووی خوێنـدەوە، دەیزانـی کـە بـەم شـێوە مردنـەی زۆر گەورەتـر دەبێـت لـە چـاوی خوێندکاران و نـەوەی پـاش خـۆی. پاشـان بـۆ کـوێ ڕابـکات ؟ خـۆ ئـەو لـە هـەر شـوێنێک بێـت، ناتوانێـت زمانـی بگرێـت، هـەروەک خـۆی لـە دادگاییەکـەدا گوتـی.

دادگاییەکی مێژوویی

لـە مێژووی مرۆڤایەتییدا گەلێک کەسـی مەزن و ڕووناکبیر و فەیلەسـوف بەنـاڕەوا دادگاییکـراون. زۆریشـیان بوونەتـە قوربانـی حوکمـی ملهـوڕی دەسـەڵات و جەهلـی میللـەت. لـێ هیـچ دادگاییـەک هێنـدەی دادگاییکردنەکـەی سـوکرات لـە مێژوودا دەنگـی نەداوەتـەوە. دیـارە ئـەم دادگاییـە لـە ڕووی مێژوویـی، فکریـی، مۆڕاڵییـەوە، گرنگیـی و بایەخێکـی ئێجگـار گـەورەی هەیە.
دیـارە ئێمـە لـە ڕێگـەی خوێنـدکارە بەئەمەکەکـەی سـوکراتەوە، واتـە ئەفلاتوونـەوە ئـاگاداری ئـەم دادگاییـەیـن. یەکێـک لـەکارە نایابەکانـی ئەفلاتـوون، گێڕانـەوەی ئـەو دادگاییـەیـە کـە بۆسـوکرات کـراوە. لـە کتێبێکـی

٤٠ رجاء النقاش.شخصيات و تجارب. دار اطلس للنشر و الاعلام. الطبعة الاولى. ٢٠٠٤.ص ٢٥٦

بەناوبانگدا بەناوی « Apology, کە بە زمانی کۆنی یۆنانی مانای داکۆکیردن دەگەیەنێت». ئەو دادگاییکردنەی نووسیوەتەوە.

لەم دادگاییەدا سوکرات جگە لەوەی کە زۆر شیلگیرانە بەرگری لە خۆی دەکات، لەهەمانکاتیشدا هەر لەرێگای ئەم کتێبەوە، خوێنەر ئاشناییەتیەکی زۆری هزری ئەم کەڵە فەیلەسوفە دەبێت. هەروەک ئەفلاتوون وەسفی سوکراتی مامۆستای دەکات و دەڵێت : «لە دەستدانی سوکرات بۆ ئێمە وەکو لە دەستدانی باوکێک وابوو کە پاش کەمێکی تر لە دەستی دەدەین، ئێمەش پاش ئەو هەموو ژیانیانمان بە هەتیوویی دەبەینە سەر.»

دیارە زۆر نووسەر و بیرمەندی جیهان پێیان وایە کە سوکرات لەو دادگاییەدا دەیتوانی خۆی لە سزای مەرگ رزگار بکات، چونکە لەو کاتەدا تەنانەت دادوەرەکانیش سۆزیان هەبوو بۆی، هەندێکی تریشیان ترسیان لە سزادانی ئەو هەبوو. لێ سوکرات شێوازی داکۆکیکردنەکەی لە خۆی، وایکرد کە خەڵکی و دادوەرانیش لە خۆی تووڕە بکات. نووسەری مەزنی ئیرلەندی «بێرناندشۆ » دەڵێت:

«سوکرات لە دادگاییکردنەکەیدا توانی سەرکەوتوانە داکۆکی لە بیروبۆچوونەکانی بکات، بەڵام هەر لەسەر ئەمەش ژیانی خۆی دانا و واشیکرد کە پیاوانی تر هێندەی تر ڕق و ترس و ئێرەییان زیاتر بکات. لەکاتێکدا کە سوکرات هیچ خراپەیەکی بۆ ئەوان نەدەویست تەنها چاکەی بۆ دەخواستن.[٤١]

سوکرات بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە داوای لێبووردن یان بەزەیی لە دادوەران بکات، هەتاوەکو سزای نەدەن و ببەخشن. ئاخر ئەو باش دەیزانی کە ناتوانێت واز لە فەلسەفە بهێنێت و دەمی خۆی بگرێت. سوکرات دەڵێت :

«پیاوانی ئەسینا من ڕێزتان لێدەگرم و خۆشم دەوێن، بەڵام من

٤١ ئەفلاتون. پۆزش.وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە. ئاوات ئەحمەد. دەزگای چاپ و پەخشی

هەتا تینم تێدا مابێت، دەستبەرداری فێربوونی فەلسەفە نابم [٤٢] «

لەلایەکی تریشەوە سوکرات خۆی وەکو دێوانەیەکی ڕاستی دادەنا، ئەو نەیدەتوانی چاوی لە ئاست ڕاستییە تالەکان بنووقێنێت و زمانی بگرێت. هەربۆیە دەڵێت :

من ناتوانم زمانم بگرم، من ئەوەی ڕاستە دەیڵێم، تەنانەت ئەو شتانەش کە زەحمەتە بتوانم ئێوەی پێ قایل بکەم [٤٣]

سوکرات پێی باشتربووە بمرێت، نەک خۆی لە ڕاستی لابدات.

«هاوڕێیانم، ناخۆشیی ئەوە نییە کە خۆت لە مردن لابدەیت، بەڵکە ئەوەیە کە خۆت لە ڕاستیی و دروستی لابدەیت.»

ئەو بەهیچ کلۆجێک ئامادەنەبوو سازش لە بیروبۆچونەکانی بکات.تەنانەت ئامادەش نەبوو، بەو شێوازە باوە بدوێت کە خەڵکی لە دادگاکاندا لێی دەدوان و داوای پارانەوەیان دەکرد و ژن و منداڵەکانیان دەهێنا بۆ دادگا، تا شەفاعەتییان بۆ بکەن.

«من پەشیمان نیم لەو شێوازەی کە لە داکۆکیردنەکەمدا گرتمە بەر، چونکە من وام پێ باشە بە شێوازەکەی خۆم بدوێم و بمرم، نەک ئەو شێوازەی ئێوە بەکاربهێنم هەتا بژیم.»

سوکرات کەسێک نەبوو ڕقی لە گەلەکەی خۆی بێت، بەڵکە ئەو هەموکاتێک داوای چاکەی بۆ گەلەکەی دەکرد و دەیویست گەلەکەی باشترین ڕێگە بگرێتە بەر و دیاردە دزێوەکانی خۆی بگۆڕێت و چاکییان بکاتەوە.

«ئەگەر ئێوە من بکوژن، ئەوا بە ئاسانی یەکێکی وەکو منتان دەستناکەوێت کە جێگای من بگرێتەوە، ، ، ، ، ، ، ، ئەگەر ئێوە پێتان وابێت کە کوشتنی من کەسێک قەدەغە دەکەن کە سەرکۆنەی ژیانە دزێوەکەتان بکات، ئەوا بە هەڵەدا چوون، چونکە ئەوە ڕێگایەکی شیا و شەرەفمەندانە نییە بۆ هەڵاتن، باشترین ڕێگا ئەوەیە، کە ئێوە خۆتان

٤٢ هەمان سەرچاوە

٤٣ هەمان سەرچاوە

چاک بکەن.»

هەروەها ئەو پێی وابوو گەر ئەوان ئەو بکوژن، ئەوا خۆیان زەرەر دەکەن، مێژووش ئیسپاتی کرد، کە قسەکەی سوکرات راست دەرچوو، چونکە هەتاوەکو ئەمڕۆش گەلی یۆنانی، خۆیان بە تاوانبار دەزانن بەرامبەر بە کوشتنی سوکرات.

«ئەگەر ئێوە من بکوژن ئەوا خۆتان بریندار دەکەن زیاتر لەوەی من بریندار بکەن.»

سوکرات بەو پەڕی ئازایەتییەوە بەرەو مەرگ دەچوو، تەنانەت کاتێک هاوڕێکانیشی لەکاتی سەرەمەرگیدا بۆی دەگریان، ئەو لێیان تووڕە بوو.

« ئەو هەرایە چییە ؟ من بۆیە ژنانم لەخۆم دوورخستەوە، بۆ ئەوەی هەست بە سووکایەتی نەکەم، کاتێک ئەوان دەگرین.هەربۆیە رێگام بە ئێوە داوە بێنە لام، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئارام بمرم.هەربۆیە ئارام ببنەوەو خۆتان بگرن [٤٤]

پاش دووهەزار پێنج سەدساڵ سوکرات بێ تاوان دەرچوو

ساڵی ٢٠١٢ هەواڵێکی سەیر لە ئەسیناوە بەناو جیهاندا بڵاوبوویەوە، ئەویش سەرلەنوێ دادگاییکردنی سوکرات بوو. ئەم جارەیان دادگاکە تەنها لە خەڵکی ئەسینا و دادوەریی ئەسینا بەشدارنەبوون، بەڵکە دادگاییکردنێکی نێودەوڵەتیی بوو. بەڵام ئەمجارەیان سوکرات بێ تاوان دەرچوو، هەموو ئەو تۆمەتانەی کە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا بۆ سوکرات دانرابوون، هەموویان پووچ بوونەوە. [٤٥]

بەڵام بەداخەوە ماوەیەکی زۆریی پێچوو، هەتاوەکو گەلی یۆنانی تێگەیشتن کە هەڵەیەکی گەورەییان دەرهەق بە پیاوێکی مەزنیی خۆیان

---

٤٤ هەمان سەرچاوە

٤٥ پاش دووهەزار پێنج سەدساڵ سوکرات بێ تاوان دەرچوو. سایتی سبەی.٢٨,٠٥,٢٠١٢

کردووە. لێ گرنگ ئەوەیە کە یۆنانییەکان گەرچی درەنگیش بێت، بەڵام دان بەهەڵەی خۆیاندا دەنێن. لەلایەکی تریشەوە بێ تاوانیی سوکرات لە دادگاییکردنێکی نێودەوڵەتییدا، خۆی لەخۆیدا گەورەییەکیی زیاتر بەم کەڵە فەیلەسوفە دەبەخشێت.

ئەو وانانەی کە لەم دادگاییەوە وەرگیران

دیارە لەپاش سزادانی سوکرات، مرۆڤایەتی بەگشتی و دەسەڵات بەتایبەتی وازی لە سزادان و سەرکووتکردنی دەنگی بیرمەندان و فەیلەسوفان نەهێنا.پاش ٤٠٠ ساڵ لەم دادگاییکردنە، لە خۆرهەڵات لە فەلەستین، مەسیح لەسەر بۆچوونەکانی لە خاچ درا. هەروەها پاشتریش سوهرەوەردیی و حەلاجیش هاوشێوەی سوکرات، لەسەر بیروڕاکانیان شەهیدکران.

لە ئەوروپاش، کۆپەرنیکۆس و سەدانی تر بەر حوکمی دادگایی جەهل و کۆپەرستی کەوتن. لێ ئەوروپا پاش چەندین ساڵ تێگەیشت کە پێویستە واز لە دادگاییکردنی فکر بهێنێت.دیارە ئەویش پاش ئەوەی سەدانی وەکو سوکرات بوونە قووربانی، دوای ئەوەی شۆڕشێکی گەورەی رۆشنگەری سەریهەڵدا، پاش ئەوەی چەندین شۆڕش و راپەرینی مەزن لە پێناوی ئازادییدا کران.واتە پاش مێژوویەکی درێژ لە خوێن بەخشین بۆ ئازادی، ئینجا خۆرئاوا لە گرنگی مەسەلەی ئازادی تێگەیشت.

ئەفلاتون (پلاتۆن)

یەکێکی تر لە باوکە گەورەکانی فەلسەفەی یۆنانی کۆن، خوێندکارێکی زیرەکی سوکرات، ئەفلاتون یان وەکو ئەوروپییەکان پێی دەڵێن» Platon، پلاتۆن». ئەفلاتون لە ساڵی ٤٢٧ پ.ز لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٤٧ پ.ز کۆچی دواییکردووە. ئەم فەیلەسوفە مەزنەی یۆنان خاوەنی بۆچوون و تێڕوانین و ڕێبازی تایبەتی خۆیەتی کە بە «ئەکادیمیای

ئەفلاتون» دەناسرێت و هەر لێرەشەوە وشەی ئەکادیمی پەیدا دەبێت. بەرهەمە گرنگەکانی لەپێش هەموویانەوە «کۆمار» تەواوی جیهانی سەرسام کردووە.

ئێمە هەوڵ دەدەین لەڕێگەی وەرگێڕانی ئەم وتارەوە کە لەلایەن بیرمەندی میسریی د. محەمەد تۆفیق زەکەریا

نووسراوە، تیشکێک بخەینە سەر ژیان و فکری ئەم کەڵە فەیلەسوفە و بە خوێنەری کوردی بناسێنین.

فکر و فەلسەفەی ئەفلاتون

د. محەمەد تۆفیق زەکەریا [٤٦]

ئەفلاتون «یان وەکو بە زمانی لاتینیی پێی دەڵێن پلاتۆن» لە ساڵی ٤٢٧ پ.ز لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٤٧ پ.ز کۆچی دواییکردووە. ئەفلاتون یەکێکە لە باشترین خوێندکارەکانی سوکرات، هەروەها مەزنترین بیرمەندە لە مێژوودا، جگەلەوەش ئەو یەکەمین زانکۆ» ئەکادیمیا»ی دامەزراند، کە تێیدا خوێندکارەکان دانیشتن و کۆبوونەوەکانی سوکراتیان وەکو وانەی زانستی دەخوێند.

ئەفلاتون لە ئەسینا لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکراتی لەدایک بووە، ناوی راستەقینەی خۆی «ئەرستۆ کلیس» پاشتر ناویان لێناوە» پلاتۆن، ئەفلاتون»، چونکە لە رووی جەستەییەوە کەسێکی چوارشانە و بەهێز بووە، ئەو سەرباز و زۆرانبازێکی بەهێز بووە و لە تەمەنی لاوێتیدا، چەندین خەڵاتی وەرزشی بردۆتەوە.

دیارە زۆر زەحمەتە جیاوازی لە نێوان فەلسەفەی سوکرات و ئەفلاتوندا بکەیت، بەڵام دەتوانین بڵێین کە فەلسەفەی ئەفلاتون زیاتر میتافیزیکی و سۆفییگەری بووە تاوەکو فەلسەفەی سوکرات.

کۆمارەکەی ئەفلاتون

لە کتێبی کۆماردا، ئەفلاتون ئەفسانەی «هاوڕێیانی ئەشکەوتی» بەکارهێنا، کە ئەویش بریتییە: باسی کۆمەڵێک زیندانی دەکات کە هەر بە منداڵی بە زنجیر دەبەستڕێنەوە و لە بەردەم دیوارێکدا لەناو

٤٦ محمد زکریا توفیق. افلاطون. سایتی الحوار المتمدن. www.ahewar.org

ئەشکەوتێکێدا زیندانی دەکرێن، ئەوانیش لە رەوشێکی زۆر خراپدان، هیچ ئاگایان لە دۆست و خزم و بنەماڵەکانیان نییە و نازانن چی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دەگوزەرێت.

لە پشتیشیانەوە ئاگرێک کراوەتەوە کە لە سەر شوێنێکی بەرزەوە دەگەشێتەوە، لە نێوان ئاگرەکە و زیندانییەکانیش ڕێگەیەکی بەرز هەیە کە دیوارێکی بچکۆلانەی لەسەر بنیاتنراوە. لەسەر تەواوی دیوارەکەش، کۆمەڵێک پیاو وەستاون، هەندێک شتیان هەڵگرتووە کە لە بەرد و دارو شتی تر دروستکراوە. ئەوکاتە زیندانییەکان تەنها ئەو تارماییانەیان دەبینی کە ئاگرەکە لەسەر دیوارەکەی بەرامبەریان دروستیکردبوو.

ئەگەر زیندانییەکانمان ئازاد بکرایە بۆئەوەی ئەشکەوتەکە بەجێبهێڵن، ئەوا ڕووبەڕوی تیشکە بەهێزەکانی ڕووناکی دەرەوە دەبوون و بەمشێوەیەش نەیاندەتوانی تەنانەت تارمایی ئەو شتانەش ببینن کە پێشتر لە ناو ئەشکەوتەکەدا دەیانبینیی و لەسەری ڕاهاتبوون، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا بەمشێوەیە باشە یان زیندانییەکان هەر لەناو ئەشکەوتەکەدا بمێننەوە؟!

ئەگەر فشارمان بخستایەتە سەر زیندانییەکان کە دەبێت بێنە پێشەوەو لەبەر ڕۆشناییی ڕووناکی ئاگرەکە سەیری شتەکان بکەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە چاوەکانیان ئازاریان دەکێشا و ڕایاندەکرد و دووبارە دەگەڕانەوە سەیری سێبەری تارمایی شتەکانیان دەکرد، چونکە بەمشێوەیە ئاسانتر و باشتریش شتەکانیان هەست پێدەکرد تاوەکو لەبەر ڕۆشنایی ڕووناکی ئاگرە بەهێزەکە. جێگەی ئاماژەیە ئێستا زانستی نوێ، ڕاستیی و دروستیی ئەم تێزەی ئەفلاتونی سەلماندووە.

ئەگەریش بە زۆر بیانبەینە دەرەوەی ئەشکەوتەوە و بیانخەینە بەردەم خۆرەتاوەکەوە، ئەوا زیاتر ئازار دەکێشن و هەوڵیش دەدەن ڕا بکەن، چونکە ناتوانن هەروا بە ئاسانی خۆیان لەسەر ئەم ڕەوشە نوێیە بگونجێنن.

ئەوان پێش ئەوەی هەقیقەتی جیهانی نوێ ببینین، دەبێت بە هێواشیی

لەسەر واقیعە نوێیەکە خۆیان بگونجێنن، سەرەتا بە ئاسانی دەتوانن تەنها تارمایی شتەکان ببینن و لەسەریشیان رابێن، پاشانیش بەئاسانی دەتوانن وێنەی مرۆڤ و درەختەکان لەسەر ئاوەکە ببینن، هەروەک چۆن ئێمە وێنەی خۆمان لەبەرامبەر ئاوێنەدا دەبینینەوە.

پاشانیش دەتوانن هەموو شتەکانی تر وەکو خۆیان ببینین، درەختەکان، رووبارەکان، باڵندەکان، شتی تریش. دەتوانن سەریان بەرز بکەنەوە و تەماشای رۆشنایی ئەستێرەو مانگ بکەن، لە کۆتاییشدا دەتوانن بە رۆژی رووناک سەیری خۆرەتاو بکەن، لێرەشەوە ئیتر بە تەواوەتی هەموو شتەکان ببینن و چاوەکانیان بە رووناکی تێکنەچن.

درککردن بە هەقیقەت

سێبەرەکانی کە لە سەر دیوارەکە بوون، هەقیقەتیان دەشاردەوەو هەقیقەتی راستەقینە نەبوو، وەکو ئەو وێنەیەی کە لە گۆڤار و دراماى تیڤییەکان و فیلمە سینەماکاندا هەیە. بەهەمان شێوەش ئێمە زۆر مەزهەب و هزر هەیە رووی راستەقینەیان نابینین، بەڵکو تەنها سێبەرەکانیان دەبینین، ئەمەش بەهۆی لایەنگرییمان بۆیان و هەروەها بەهۆی بوونی کۆتوبەندی نەریتەکانمان.

تێگەیشتنەکانمان بۆ چاکە و خراپە، گرێدراوی پەروەردەی ئاینییەکەمانە. جیاوازییە رەگەزیی و ئاینیی و ئێتنییەکان، رەگوریشەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە هەڵەکەمان لەسەردەمی منداڵیدا.

بۆ ئازادبوون لەو کۆت و زنجیرانە و دەرچوون بۆ جیهانی دەرەوە، پەروەدە و فێرکردنێکی باش هاوکاریمان دەکات، بەداخەوە هەمووشمان لەمەدا هەژارین. هەروەکو چۆن زیندانەکان لەسەر ئەوە راهاتوون کە سەرەتا تارماییەکان ببینین، بۆیە دەبێت بە هێواشی خۆیان لەسەر بینینی رۆشنایی رابهێنن و بەیەکجاریش ناتوانن ئەوە بکەن.

کاتێک زیندانییەک کە ئازاد بووەو بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە

بۆئەوەی هاوڕێکانی رزگار بکات و ڕێگەی ڕاستییان پێ پیشان بدات، ئەوا لەلایەن هاوڕێکانییەوە ڕووبەڕوی بەرەنگاری دەبێتەوە، چونکە ئەو کەسە دەیەوێت لەو وەهمەی کە ئەوان لەسەری ڕاهاتوون و باوەڕیان پێیەتی، بێبەشیان بکات، ئەمەش زۆرجار ژیانی ئەو کەسە دەخاتە مەترسییەوە، چونکە پێدەچێت هەوڵی کوشتنی بدەن.

ئازادکردنی زیندانییەکان لەو تاریکیی و درۆ و ناڕاستییەی کە تێیدا دەژین، لەگەڵئەوەشدا کە ئەمە وەکو گەشتێکی قورس و دژوارە بۆ ناو ڕووناکیی و گەرمی هەقیقەت، بەڵام ئەمە ببووە مەرام و ئامانجی سەرەکی زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەند و پێشەوایانی جیهان لە مێژوودا. دیارە لەمەدا ئەفلاتون مەبەستی تەنها دەستەواژەیەکی وێژەیی و خەیاڵێکی شاعیری نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستی فکرەکەیە.

دوو جیهانی جیاواز

ئەفلاتون جیاوازی دەکرد لە نێوان ئەو جیهانەی کە بەهۆی هەستەکانمانەوە هەستی پێدەکەین و ناوی لێناوە «جیهانی هەستپێکراو»، لەگەڵ جیهانێکی مەعقوڵ کە ناویلێناوە «جیهانی بەها بااڵکان» هەزرە نەگۆڕە ئەزەلییەکان. ئامانجی سەرەکیشی لەم تێزە ئەوە بوو، ڕەتدانەوەو دژایەتییکردنی فەیلەسووفە سەفساتییەکان بوو، چونکە ئەوان پێیان وابوو کە مەعریفە شتێکی جێگیر نییە و هەمیشە لە گۆڕاندایە و تەنها پشت بە هەستەکانی مرۆڤ دەبەستێت کە ئەویش لە گۆڕانی بەردەوامدایە.

ئەو شتانەی کە ئێمە هەستی پێدەکەین و لەدەوروپشتمانن، لە سیما تایبەتییەکانیاندا جیاوازن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەندێک شتی هاوبەشیشیان لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە ڕاستە زەید» لە «عەبید» لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێک شتی ئینسانی پێکەوە گرێیان دەداتەوەو هاوبەشن لەگەڵ یەکتریی. ئەمەش مرۆڤایەتییە، ئەو

شتێکی نەگۆڕە، هەرچەندە ئەو شتێکیشە کە هەستی پێناکەیت.

ئەمەش ماکی مرۆڤە کە تەنها لە ڕێگەی عەقڵەوە دەتوانیت هەستی پێبکەیت و بوونی بناسیتەوە. مرۆڤ شتێکە لەناودەچێت و جەستە و ڕەوشی داراییشی لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بەڵام ئینسانییەتی یان «بەها باڵەکانی، «وەکو خۆی دەمێنێتەوە و شتێکی ئەزەلییە و ناگۆڕێت و لەناوناچێت. لە هەمانکاتیشدا هەمووشتێکی ناو جیهانی هەستپێکراو «بەهای بالا» ی خۆی هەیە لەناو جیهانی مەعقوڵدا، هەروەها شتە جوانەکان بەهای بالای خۆیان هەیە لەناو جواناسیدا، بەهەمانشێوە بەهای بالا هەیە بۆ فەزیلەت و خێر و چاکە، ئەمانە بوونی هەقیقین. دەتوانین بەمشێوەیە ڕوونیبکەینەوە، بۆ نموونە گوڵ لەناودەچێت و نامێنێت، بەڵام جوانی گوڵەکان دەمێنێتەوەو ئەوەش بوونی هەقیقییە.

ئەفلاتون تیۆری مەعریفەی خۆی لەسەر بنەمای «بەها بالاکان» بنیاتناوە. ئەو پێی وایە کە بوونی هەقیقی واتە بوونی «بەها بالاکان» بەڵام بوونی هەستپێکراو، هەستێکی ساختە و درۆیە.

مەعریفەی هەقیقی

مەعریفەی هەقیقی کە دەکرێت پشتی پێببەستین، لە ڕێگەی عەقڵەوە دەستمان دەکەوێت، بەڵام مەعریفەی هەستپێکراو، تەنها دەمانگەیەنێتە وەهم و ساختە، چونکە ئەمان پشت بە هەست دەبەستن کە ئەوانیش سنووردێکی دیارییکراویان هەیە لە توانا و هەمیشەش لە گۆڕاندان و لەناودەچن. ئەزموونیش، تەنها بەرەو گومان و باوەڕبوون دەمانبات، کە ئەمەش ناتوانێت بگاتە ئاستی مەعریفەی هەقیقی.

کاتێک بە چاوەکانمان تیشکێکی بچووک لە ئاسمانەوە دەبینین، واهەست دەکەین کە ئەوە تەنها ئەستێرەیەکە، بەڵام ئەگەر بە تەلیسکۆپێکی نوێ سەیری بکەین، دەبینین کە ئەو تیشکە بریتییە لە کۆمەڵێک ئەستێرە کە زۆر لە ئێمەوە دوورن و ژمارەیان دەگاتە سەدان

ملیۆن ئەستێرە.

کاتێکیش بە چاوەکانمان سەیری تەنها دڵۆپێک باران دەکەین، وا هەست دەکەین کە ئەمە زۆر پاکە و بۆ خواردنەوە دەشێت، بەڵام ئەگەر ئەم دڵۆپە بخینە ژێر مایکرۆسکۆپێکەوە، ئەوا هەزاران گیانلەبەری زیندووی تێدا دەبینینەوە، کە دەجوڵێن و مەلە دەکەن و زاوزێ دەکەن و بەدوای نێچیری خۆیاندا دەگەڕێن، کاتێک سەیریان دەکەیت، جیهانێکی تر‌ە لە گیانلەبەران و زیندەوەران.

ئەمەش مانای وایە کە بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەبارەی هەستەکانەوە راست دەرچوون. ئەمەش رێگەیەکی گریمانەییە بۆ زانینی تارمایی مەعریفەی هەقیقیەت، بەڵام ناتوانێت بمانگەیەنێتە خودی هەقیقەت.

پاشان ئەفلاتون مەعریفەی «ئەپستیمۆلۆژیا» ی بۆ چوار بەش دابەشکرد کە ئەوانیش بریتین لە :

١- هەستکردن، مانای بینین و گریمانەکردن، کە ئەمەش مانای هەستکردنە بە جەستە و تارماییی شتەکان.

٢ - گومانکردن، بە مانای باوەڕ بوون. کە ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی دوودڵی، کە ئەویش بەرەو ئەوەمان دەبات کە ئێمە بەدوای زانستدا بگەڕێین.

٣ - بەڵگەهێنانەوە و تێگەیشتن، کە لەمەشدا پشت بە ڕێچکەی ماتماتیکی ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٤ - عەقڵانییەت، ئەمەش مانای هەستکردنە بە ماک و کرۆکی شتەکان، کە ئەمەش دواییین پلەی مەعریفەیە.

ئەگەر هەستە گۆڕاوەکان ببنە هۆکارێک بۆ مەعریفەی هەقیقەت، ئەوا دەبێت بەدوای ئەڵتەرناتیفێک بگەڕێین بۆئەوەی پشتی پێببەستین بۆ بوونی «بەها بااڵکان» مرۆڤیش کاتێک دەتوانێت بگاتە «بەها بااڵکان» کە تێکەڵی بوونی بێت.

بۆیە ئەفلاتون پێی وایە کە مرۆڤ نەفسێکی موجەردە و لە جیهانی «بەها بااڵکان» دا دەژی، پێش ئەوەی دابەزێتە ناو جیهانی

هەستپێکراو. مرۆڤ لە ژیانی پێشوویدا دەیتوانی درک بە زانین و مەعریفەی «بەها بالاکان» بکات، هەربۆیە پێویستە مرۆڤ هەوڵ بدات ئەو مەعریفەیەی بیربکەوێتەوە لە بارەی «بەها بالاکان» کە پێشتر زانیوویەتی یان درکی پێکردووە.

لە یەکێک لە دانیشتنەکانی لەژێر ناونیشانی «مینو» کۆڕی کۆیلەیەکیان هێنا کە پێشتر هیچ نەیخوێندبوو، ئەو وای لە کۆڕەکە کرد کە بابەتێکی ماتماتیکی ئالۆز چارەسەر بکات، ئەمەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سوکرات بە «بەڵێ یان نەخێر».

لەمەوە ئەفلاتون گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو کۆڕە پێشتر هەر لەسەرەتاوە وەڵامی پرسیارەکانی زانیوە، بەڵام نەیزانیوە کە دەیزانێت. ئەو پێی وابوو کە مەعریفەی هەقیقی لە ناخەوەیە، لە «نەفس» . مرۆڤ ئەو شتانەی لەبیردەچێتەوە کە دەیزانێت، لە تەواوی ژیانیدا مرۆڤ لەناو ناخی خۆیدا دەگەڕێت بە دوای ئەو مەعریفەیەی کە پێویستییەتی.

مەعریفە لای ئەفلاتون مانای کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کەلەناو ناخی مرۆڤدا هەیە، هەرئەمەش دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی و ئیلهامبەخشین، بە زانای دەروننناسی نەمساوی ناسراو سیگمۆند فرۆیدا کە چەمکی «عەقڵی ناوەوە، عقل الباطن» ی داهێنا.

میتۆدی مەعریفە

میتۆدی مەعریفەی ئەفلاتون، پشت بە تیۆری «ئەنترۆپۆلۆژیا» دەبەستێت، ئەمەش پێی وایە کە نەفسی مرۆڤ بوونێکی سەربەخۆیی هەیە و لە جەستەی جیایە. بەستنەوەی «ڕۆح، جیهانی بالا» بە جەستەوە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ هەموو خراپە و ڕەزیلەیەک. وەهم و بەدگومانیی و نەزانینی مەعریفەی هەقیقی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستەکان لەلایەن ڕۆحەوە.

کرۆکی مرۆڤ بریتیە لەو ڕۆحە موجەردەی کە لەناو جیهانی

«بەهـای بـاڵا» دا دەژی، پێش ئـەوەی بێتـەوە خـوارەوە بـۆ نـاو جیهانـی هەسـتپێکرا و بەسـتنەوەی بـە جەسـتەوە.

جەسـتە بریتییـە لـە دیواریکـی گـەورە کـە ڕێگـە لـە ڕۆح دەگرێـت بۆئـەوەی نەگاتـە مەعریفـەی ڕاسـتەقینە، هەروەهـا ڕێگریشـی لێدەکات کـە فەزیلـەت بەدەسـتبهێنێت.

ئەفلاتـون ڕۆح بەسـەر چەنـد ئاسـتێکی جیـاوازدا دابـەش دەکات کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە : ڕۆحـی غەریزەیـی، ڕۆحـی شـەڕەنگێزیی، ڕۆحـی عەقڵانییـەت. مرۆڤـی چاکەخـواز ئـەو مرۆڤەیـە کـە دەتوانێـت بالأنسـێک لەنێـوان ڕۆحـە جیاوازەکانـدا دروسـتبکات، بەشـێوەیەک کـە هیـچ کامیـان سـنووری ئاسـتی ئـەوی تریـان نەبەزێنێـت.

ئەخلاق

ئەفلاتـون فەزیلـەت بـە مەعریفـە دەبەسـتێتەوە، ئـەو کەسـەی کـە کارێکـی شـەڕەنگێزی دەکات، ئـەو کارە دەکات چونکـە نازانێـت، یـان بـە واتایەکـی تـر سـەرچاوەی شـەڕەنگێزی» جەهلـە». ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە تەنهـا عەقـڵ سـەرچاوەی ئەخلاقـە. هەربۆیـە تێڕامان(تأمـل) و فەرامۆشـکردنی جەسـتە، ڕێگایەکـە بـۆ گەیشـتن بـە مەعریفـەی هەقیقـەت و ئەخلاقـی جـوان.

سیستمی دیموکراسیی و حوکمی زۆرینە

لەپـاش شکسـتی ئەسـینایییەکان لـە جەنگیـان لـە دژی ئەسـپارتە و سـەرکوتکردنی ئـەو شۆڕشـەی کـە سـوکراتییەکان(هەوادارانی سـوکرات) ڕابەرایەتیـان دەکـرد، جارێکـی تـر سیسـتمی دیموکراسـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەسـینا، دواتریـش سـوکرات دەسـتگیردەکرێت و حوکمـی ژەهرخواردنـی دەردەکرێـت.

لەپـاش لـە کوشـتنی سـوکرات، ئەفلاتـون لـە ترسـی دەسـتگیرکردنی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە، ئەسـینا بەجێدەهێڵێـت و ڕادەکات، لـەو کاتـەدا تەمەنـی ٢٨ سـاڵ بـووە. هەربۆیـە لەوکاتـەدا گەیشـتە ئـەو قەناعەتـەی کـە

سیستمی دیموکراسیی و حوکمی زۆرینە، هۆکاری سەرەکی بوون بۆ کوشتنی سوکرات، هەروەها هۆکاری هەموو ئەو کارەسات و بەڵایانە بوون، کە بەسەر ئەسینا هاتووە.پاش گەڕان بە وڵاتان و خوێندنەوەی فەلسەفەیان و چوونە ژێر کاریگەرییان، لە تەمەنی چل ساڵیدا گەڕایەوە بۆ ئەسینا.

ئەفلاتون پێی وایە زۆرینەی خەڵکی، ناتوانن درک بە بەرژەوەندیی بااڵی دەوڵەت و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بکەن، ئەمەش لەبەرئەوەی کە زۆرینەی خەڵکی لە رووی مەشق و راهێنان و خوێندن و حیکمەتی باش بۆ گەیشتن بە مەعریفەی هەقیقەت و جیاکردنەوە لە نا هەقیقی «ناڕاستیی» لاوازن. زۆرینەی خەڵکی تەنها گرنگی بە بەرژوەندیی تایبەتی خۆیان و هەست و خواستە راستەوخۆکانیان دەدەن. تەنهاش سۆزە لاوازەکانیان دەیانجووڵێنێت، هەرئەمەش وا دەکات کە تاک ببێتە قوربانییەکی ئاسان بۆ دیماگۆگیەت(گەوجاندن).

لە سایەی دیموکراسیی و حوکمی زۆرینەدا، خەڵکانی شەڕەنگێز، رابەرایەتی خەڵکی کوێر دەکەن، هێزە زاڵم و خراپەکان، خۆیان دەبەستنەوە بە کاروانی جەهل و دەبەنگیی. زۆرینەی خەڵکی کاتێک گوێیان لە دەنگی دەهۆڵێک دەبێت، یەکسەر بە بێ عەقڵ و بیرکردنەوە دوای هەموو شتێک دەکەون کە روو دەدات.

ئەفلاتون و سیستمی حوکمڕانیی

ئەفلاتون متمانەی بە سیستمی دیموکراسی نەما بوو. هەربۆیە دواتر تیۆری «پادشای فەیلەسوف» یان فەیلەسوفی پادشای داهێنا، یان دیکتاتۆرێکی دادپەروەر هەروەکو محەمەد عەبدە ناوی لێناوە.

پادشای فەیلەسوف، مەعریفەی هەقیقەتی بە دادوەری هەیە و دەشتوانێت چاکسازیی لە شێوازی حوکمڕانی بکات. هەتا وەکو پادشایەکی فەیلەسوف یان فەیلەسوفێک نەبێتە پادشاو حاکم، کۆمەڵگەی دادوەر

دروست نابێت، ئەفلاتونیش تەواوی ژیانی بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووەو کاری بۆ کردووە. ئەفلاتون دەوڵەت لە کۆمارەکەیدا، وەکو «تاک» دادەنێت و سەیری دەکات، هەروەک چۆن تاک «مرۆڤ» لە سێ بەش پێکهاتووە کە ئەوانیش: جەستە، سۆزەکان، عەقڵ. دەوڵەتیش لە سێ بەش» چین» پێکهاتووە، کە ئەوانیش بریتین لە :

چینی بەرهەمهێن، کە ئەوانیش زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. چینی سەربازەکان، چینی حوکمڕان یان پاسەوانەکان، کە لەمانیشەوە فەیلەسوف یان حاکم بەرهەم دێت. پاشان لە کتێبەکەیدا باسی چۆنێتی هەڵبژاردنی چینی حوکمڕان لەناو چینەکانی تردا دەکات، هەروەها چۆن دەبێت ئەو چینە بۆ ماوەی چەندین ساڵ مەشق و راهێنانیان پێبکرێت، هەتاوەکو لە رووی رۆحیی و دەروونییەوە بگاتە ئاستی «کاملبوونی تەواوەتیی».

کاتێک ئەو کەسانە دەگەنە تەمەنی پەنجا ساڵی، پاشئەوەی کە هەموو مەشق و راهێنانەکان بە سەرکەوتوویی تەواو دەکەن، ئەوا دواتر بۆیان هەیە کە ببنە ئەندامی چینی حوکمڕان یان پاسەوان.

ئەم چینە بۆیان نییە کە خاوەنی هیچ جۆرە سامانێک بن، هەروەها بۆیان نییە کە ژن بهێنن و خێزان دروست بکەن، هەروەها نابێت ئاڵتون و زیو و سامانیان هەبێت. بە کۆمەڵ دەژین و وەکو سەربازەکانیش پێکەوە نان دەخۆن، ژیانی سێکسیش تەنها بۆ باشترینیان دەبێت کە لە رووی جەستەیی و عەقڵییەوە لە هەموویان باشترن، ئەمەش تەنها بە ئامانجی لەدایکبوونی باشترین جۆری منداڵی زیرەک و ژیر.(واتە تەنها ئامانج لە کردەی سێکسیی و جووتبوون، لەدایکبوونی باشترین و زیرەکترین منداڵە).

ئەو منداڵانەش دەبێت لە خێزانەکانیان جیابکرێنەوە و بەپێی سیستمێکی تایبەتی پەروەردە بکرێن، کە ئامانج لێی ئامادەکردنیانە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاتێک گەورە دەبن، ببنە فەیلەسوف و حاکمی ولات. لەبەرامبەردا چینەکانی تری کۆمەڵگە، بۆیان هەیە ژیانی ئاسایی

بژین و ژنبهێنن و خێزان دروستبکەن و مافی مولّکداریی و میراتگیریان هەبێت.

کۆمارەکەی ئەفلاتون، کۆماریّکی دیموکراسی نییە، تاک لە سایەی دەولّەتێکی دیکتاتۆریدا دەژیی و ئەو دەولّەتەش بە شێوەیەکی شمولی مافی پەروەردەکردن و چاودێرییکردنی هاوولّاتیانی هەیە، ئەفلاتون پێی وابوو کە ئەم جۆرە حوکمڕانییە و کۆمارەکەی لەسەر بنەمای مەعریفەی راستەقینە بنیاتنناوە. لەسەر بنەمای دادوەریی رەها(مطلق) دروست بووە. ئەفلاتون کۆمارەکەی لەسەر بنەمای رەگەزپەرستیی یان هێز یان سامان بۆ چینێکی دیاریکراو دروست نەکردبوو، هەروەک چۆن لە سیستمی کۆمۆنیستیدا هەیە، هەروەها لەسەر بنەمای تاکیش دروستی نەکردبوو، هەورەکو چۆن فاشیزم باوەڕی پێیەتی. ئەفلاتون کۆمارەکەی لەسەر بنەمای مەعریفەی هەقیقی دروستکردبوو. پاشتریش ئەو دەولّەتە مافی دەسەلّاتی رەهای هەیە، چونکە ئەمە لەبەرژەوەندیی تاکە.

بەلّام با لێرەدا ئیستێک بکەین و بپرسین، ئایا هەموو حاکمێکی ملهوڕ و دیکتاتۆرێک کە خاوەنی دەسەلّاتی رەهایە، ئەویش پێیوانییە کە تەنها ئەو دەزانێت مەعریفەی راستیی چییە، هەرئەمەش دەبێتە بیانوو بۆ دەسەلّاتە دیکتاتۆرییەکەی بەسەر گەلەکەیەوە؟

ئایا هەقیقەتێکی رەها بوونی هەیە وەکو ئەفلاتون دەلّێت؟ لەکاتێکدا هیچ هێلّێکی راستەوخۆ لەنێوان دوو خالّدا نییە، چونکە تیۆری رێژەیی گشتی پێیوایە هیچ هێلّێکی راستەوخۆ نییە بەهۆی چەمانەوەی بۆشایی، ئەوەی کە تەنها هەیە، بوونی دوو کەوانەیە. لەلایەکی ترەوە چ گرەنتییەک هەیە کە چینی حوکمڕان یان چینی پاسەوانەکان کە وەکو ئەفلاتون ناوی لێناون، تووشی گەندەلّیی و خراپی بەکارهێنانی دەسەلّات نابن.

پاشان ئەی کێ چاودێریی پاسەوانەکان بکات؟ کێش بۆی هەیە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لەگەلّ پاسەوانەکاندا بکات، کاتێک گەندەلّیی یان رێگەیان هەلّە کرد؟ پاشان ئەی چۆن دەتوانین لایبەرین، کاتێک

کە دەستیان کرد بە دزین و تالانیی و چەوساندنەوە و زوڵمکردن لە خەڵکیی و پاشانیش نەوەکانیان کرد بە جێگرەوەی خۆیان و دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆیان رادەستی منداڵەکانین کرد.

بەڵام ئاخۆ ئەمە خەوشێک نییە لە فکری ئەفلاتون؟ هەربۆیە فەیلەسوفی مەزنی بەریتانی ئەلفرید نۆرس وایهید دەڵێت: مێژووی فەلسەفە تەنها بریتییە لە قسەکردن و شرۆڤەکردن و سەرنجدان لە کتێبی کۆماری ئەفلاتون.

ئەرستۆ

لەپاش ئەفلاتون خوێندکارێکی زیرەکی پەیدا دەبێت، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە، تارمایی بەسەر تەواوی فکرو فەلسەفەی ئەورووپیدا دەسەپێنێت، ئەویش ئەرستۆ تالیسە. ئەرستۆ لە ساڵی ٣٨٤ پێش زایین لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٢٢ پێش زایین کۆچی دواییکردووە.

دەتوانم بڵێم ئەرستۆ گەورەترین شۆڕشی فکریی و فەلسەفیی لە مێژووی فەلسەفەدا تۆمارکردووە، راستە خوێندکاری ئەفلاتون بوو، بەڵام بۆچوونە فکرییەکانی تەواو پێچەوانەی مامۆستاکەی بوون. هەربۆیە کاتێک باس لە مێژووی فەلسەفە دەکەین بەتایبەتی ئەورووپی، ناچارین سەرەتا دەستبکەین بە خوێندنەوەی ئەرستۆ، دەنا باش لە ڕێرەویی فکری ئەورووپی ناگەین.

ئێمە لە ڕێگەی وەرگێڕانی دوو وتارەوە کە لەلایەن بیرمەندی میسری د. محەمەد تۆفیق زەکەریا نووسراوە، هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر ژیان و فکر و فەلسەفەی ئەم کەڵە فەیلەسووفەی جیهان. هەروەها لە بەشێکی تردا باسی پەیوەندیی نێوان ئەرستۆ و ئەسکەندەری مەکدۆنی» گەورە» دەکەین.

ئەرستۆ

د. محەمەد تۆفیق زەکەریا [٤٧]

هەرکەسێک ئەفلاتون بناسێت، ئەوا خوێندکارێکیشی دەناسێت کە ناوی ئەرستۆ بوو، کە ئەویش دواتر دەبێتە فەیلەسوف، دەتوانم بڵێم کە لە مامۆستاکەی زیاتر ناوبانگی پەیداکرد و هەروەها لەرووی بەرهەمی فکریشەوە لەو زیاتر کتێبی نووسیوە.

ئەوەش دەزانین کە دواییین خوێندکاری ئەرستۆ ناوی ئەسکەندەری گەورە (زۆرجاریش بە ئەسکەندەری مەکدۆنی دەناسرێت) ئەمیش هەر کە قۆناغی منداڵی تێپەڕاند و بووە گەنجێکی کامڵ، بوو بە مەزنترین سەرکردەی سەربازیی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها توانیشی گەورەترین ئیمپراتۆریەت دروست بکات کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە.

زنجیرەیەک لە مرۆڤی نا ئاسایی، لە سوچێکی بچووکی گۆی زەویدا لەدایک بوون کە ئەویش وڵاتی یۆنانە، بەتایبەتی لە سەدەی چوارەمی زایینیدا. زۆرجار خوێندکار هەمان ڕێچکەی مامۆستاکەی ناگرێتە بەر، ئەرستۆ قوتابخانەیەکی تایبەت بە خۆی لە شاری ئەسینا دروستکرد، کە زۆر لە ئەکادیمیەکەی ئەفلاتونی مامۆستای باشتر بوو.

ئیمپراتۆریەتەکەی ئەسکەندەری گەورە، کۆتایی بە شارستانی ئەسینای هێنا، کە خۆی لە شێوازی «دەوڵەت شاری» دەبینییەوە، ئەمەش باشترین شێوازی حوکمرانی بوو لە لای ئەرستۆ. ئیمپراتۆریەتەکەی ئەسکەندەر، بریتیی بوو لە کۆمەڵێکی زۆر لە ئێتن و مەملەکەتی جیاواز،

٤٧ د. محمد زكريا توفيق. ارسطو. سايتى الحوار المتمدن. www.ahewar.org

کە لە یۆنانی کۆن» ئیغریق» دەسپێدەکات و بەرەو خۆرهەڵات درێژ دەبێتەوە هەتاوەکو دەگاتە نزیکی سنووری هیندستان.

لەناو ئەو ئیمپراتۆریەتەدا، شارە یۆنانییەکان کە ئەرستۆ هەموو هیوایەکی پێیان هەبوو کە ببنە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، هەموویان ئازادیی و شکۆمەندیی خۆیان دۆڕاند، کە هیچ کاتێک نەیانتوانی جارێکی تر ئەو شکۆمەندییەی جارانیان بگەڕێننەوە.

کوڕی دکتۆرێک

ئەرستۆ لە ساڵی ٣٨٤ پێش زایین لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٢٢ پێش زایین کۆچی دواییکردووە. کاتێک سەیری چیرۆکی ئەرستۆ دەکەین، دەبینین کە تێکەڵە لەگەڵ ئەو رووداوانەی کە لە مەکەدۆنیا رووياندەوە لەو کاتەدا، ئەو وڵاتەی کە دەکەوێتە باکووری یۆنان لەسەر کەناری دەریای ئیجە، نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکە تێکەڵەیەکن لە یۆنانیی و بەربەر، لەوکاتەدا وشەی «بەربەر» بۆ ئەوانە بەکاردەهێنرا، کە یۆنانی نەبوون و خەلکی وڵاتانی تر بوون.

ئەرستۆ وەکو سوکرات و ئەفلاتون لە ئەسینا لەدایک نەبووە، باوکی دکتۆر بووە لە کۆشکی پادشای مەکەدۆنیا، کاتێک منداڵ بوو، لە جەوێکی تەواو زانستیدا دەژیا، باوکی دەیویست وەکو خۆی ببێتە پزیشک.

لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، کاتێک باوکی دەمرێت، وڵاتەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت و بەرەو باشووری وڵات دێت بۆ ئەسینا، پایتەختی شارستانی یۆنانی، ئەمەش بۆئەوەی پەیوەندی بکات بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون و لەسەر دەستی ئەو فێری زانست بێت.

لەوێندەر ماوەی ٢٠ ساڵ دەمێنێتەوەو فەلسەفە و ماتماتیک و زانستی ئەخلاق و سیاسەت و جواناسی دەخوێنێت و فێر دەبێت. بەڵام ئایا جوانیی زانستە؟ بەڵێ ئەویش بەشێکە لە بەشەکانی فەلسەفە.

بەسێ سەدە پێش لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح، لە ئەسینادا

ئەرستۆ فەلسەفە و جواناسی دەخوێنێت، ئێمەش ئێستا لە سەدەی بیست و یەکدا دەژین، تازە قسەوباس لە بارەی سزای قەبر و رەجمکردنی مەیمونی زیناکەر دەکەین و دادگای پشکنینیش بۆئەوانە دادەنێین، کە دژی ئەم بۆچوونانە دەوەستنەوە.

خوێندکارەکەی ئەفلاتون

ئەرستۆ خوێندکارێکی زیرەکی ئەفلاتون بووە، هەربۆیە وەسفی ئەرستۆی دەکرد و پێی دەگوت «عەقڵی» ئەکادیمیاکەم، بەڵام لەپاش مردنی، کەسێکی تریان کرد بە سەرۆکی ئەکادیمیاکە، هەربۆیە ئەرستۆش ئەسینا بەجێدەهێڵێت و بەرەو باکوور دەڕوات بۆ ئاسیای بچووک و کەناری دوورگەی لیسبوس و لەوێ جێگر دەبێت و ماوەیەک لەوێندەر دەژی.

ئەرستۆ ماوەیەک لەلای برادەرێکی سەردەمی خوێندکاری دەمێنێتەوە، کە بووبوە حاکمی ئەم دوورگەیە و پاش ماوەیەکیش کچی برای ئەم حاکمە دەخوازێت و خێزان دروست دەکات. پاشان دووبارە حەزی بۆ زانستە سروشتییەکان دەجوڵێتەوەو دەستدەکاتەوە بە خوێندن و سەرنج و تێبینی نووسین، بەتایبەتی لەبارەی ئەو گیانلەبەرانەی کە لە کەناری دەریاکەدا رۆژانە دەیانبینێت، ئەمانە دەبنە ماددەیەکی باش بۆ لێکۆڵینەوە و سەرنجدان.

خەونی پادشا فلیپی مەکدۆنی

لەوکاتەشدا فلیپ پادشای مەکەدۆنیا، پیاوێکی ژیر و بلیمەت و خاوەنی توانا و فکری بەهێز بوو، ماوەی چەندین ساڵ بوو کاری بۆئەوە دەکرد، کە هەرێمی مەکەدۆنیا، کە ناوچەیەکی هەژار و داماو بوو، زۆرینەی خەڵکەکەی خەریکی ماسیگرتن بوون، ئەم وڵاتە هەژارە بگۆڕێت بە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی بەهێز و ببێتە خاوەنی سوپایەکەی

بەهێز و تۆکمە.

سوپاکەی فلیپ زۆر ڕێکوپێک و بەهێز بوو، مەشق و ڕاهێنانی زۆریکردبوو، ئامادەبوو بۆ جەنگ، سوپاکە لە کۆمەڵێک هێزی سوارەو پیادەی بەهێز پێکهاتبوو، بەم سوپا و سامانە نوێیەوە، فلیپ دەیویست سەرنج و سۆزی شارەکانی تری یۆنان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بۆئەوەی بێنە ناو سوپاکەیەوەو پێکەوە پەلاماری ئیمپراتۆریەتی فارسی کۆن بدەن، چونکە لەو کاتەدا بوبووە مەترسییەکی گەورەو بەردەوام بۆ وڵاتی یۆنانی کۆن.

بەڵام شارەکانی یۆنان، گومانیان لە ئامانج و خواستەکانی فلیپی مەکدۆنی بوو. بۆ نموونە لە ئەسیاندا، دیمۆتینیس کە یەکێک بوو لە بەناوبانگترین وتاربێژی ئەسینا، هەمیشە دژ بە فلیپ وتاری دەدا و بە «حاکمێکی دیکتاتۆر و ملهوڕ و زاڵم و ستەمکار» وەسفی دەکرد، دەیوت فلیپ بە بیانوی ئەوەی هاوکاری گەلەکەی بکات، هاووڵاتیانی وڵاتەکە کردۆتە کۆیلەی خۆی.

هەرلەهەمانکاتیشدا پادشا فلیپ بە دوای مامۆستایەکی یۆنانی تایبەتدا دەگەڕا، بۆئەوەی کوڕە تاقانەکەی» ئەسکەندەر» فێری خوێندن و نووسین و زانستی بکات. لەوکاتەدا ئەسکەندەر تەمەنی ١٣ ساڵ بوو. لە ساڵی ٣٤٣ پ.ز. دا، پادشا فلیپ پێشنیازی بە ئەرستۆ کرد، کە ببێتە مامۆستای تایبەتی کوڕەکەی. پاش ماوەیەکیش ئەرستۆ پێشنیازەکەی قبوڵ دەکات و دەبێتە مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەری کوڕی پادشا ڤلیپ، کە دواتر بە ئەسکەندەری مەکدۆنی دەناسرێت.

هەرچەندە لەوکاتەدا فلیپ هیچ ئاگای لە بۆچوونی سیاسی نەبوو لەبارەی چی دەگوزەرێت لە یۆنانی کۆندا. لە ساڵی ٣٤٠ پ.ز تەمەنی ئەسکەندەر تەمەنی بووە پانزە ساڵ و لەجیاتی باوکی حوکمی مەکەدۆنیای دەکرد، لەوکاتەدا خەریکی هەڵمەتی پەلاماردانی شارو ناوچەکانی یۆنانی کۆن بوو.

لەساڵی ٣٣٨ پ.ز سوپای فلیپ ڕووبەڕوی سوپای ئەسینا بوەوە،

بەڵام یۆنانییەکان توشی شکستێکی گەورەبوونەوە بەتایبەتی لە مەیدانی خیرونیا، پاشانیش تەواوی وڵاتی یۆنانی کۆن، کەوت ژێردەستی سوپای مەکدۆنی.

دوو ساڵ دواتر، پادشا فلیپ دەکوژرێت، لەکاتێکدا خەریکی هێرشێکی گەورەبوو بۆسەر وڵاتی فارسی کۆن، ئەسکەندەری کوڕی جێگەی باوکی گرتەوە، ئەمەش لەباوکی زیرەکتر و بلیمەت تر و ئازاتر بوو.

یەکەمین کاری ئەسکەندەر ئەوەبوو کە یۆنانییەکان ناچار بکات، ملکەچی حوکمی بن، پاشان دەستیکرد بە پەلاماردانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین، یەک لەدوای یەک، سەرەتا وڵاتی میزۆپۆتامیا و دواتریش میسر و ئێرانی کۆن.

ئەو وەکو رزگارکەرێکیش هاتە ئەم وڵاتەنەوە کە داگیری دەکردن، گەلانی ناوچەکەی لە رەگەزپەرستیی و تایەفەگەریی رزگارکرد و دەستیکرد بە دروستکردنی شاری نوێ لەسەر شێوازی یۆنانی کۆن، ئەم شارانەشی کردە سەنتەرێکی باش بۆ رووناکبیریی و شارستانیی و فەرهەنگی.

بۆ نموونە شاری ئەسکەندەرییە لە میسر و کۆمەڵێک شاری تر لە تورکستان و سنووری هیندوستان. لە ساڵی ٣٢٣ پ.ز بەشێوەیەکی کتوپڕ، ئەسکەندەر تایەکی بەهێز دەگرێت و پاشانیش دەمرێت. لەپاش خۆی ئەوانەی کەبوونە جێگرەوە، لەپاش جەنگ وململانێی بەردەوام لە نێوانیاندا، ئیمپراتۆریەتەکە لە نێوان خۆیاندا دابەشدەکەن و بەتەواوەتی وێرانی دەکەن.

قوتابخانەکەی ئەرستۆ

پاشئەوەی ئەسکەندەر دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەسینا داگیر دەکات، ئەرستۆش دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا، لەوێ خانوویەکە بەکرێ دەگرێت، کە پێشتر بۆ خودا» ئەپۆلۆ لیسیوس» دانرا بوو. ئەپۆلۆ مانای میری رووناکی دەگەیەنێت. لیسیوس وشەیەکەی لێکدراوی یۆنانییە، مانای رووناکی دەگەیەنێت، ئەرستۆ ناوی قوتابخانەکەیە نابوو» لیسیوم».

لە قوتابخانەی لیسیوم، ئەرستۆ دەستیکرد بە کۆکردنەوەی کتێب و دەستنووسەکان، بەتایبەتی لە بارەی زانست بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئامانجیش لەمە خوێندن و لێکۆڵینەوە بوو، هەروەها ئەرستۆ باخچەیەکی تایبەتی بە رووەکەکان و باخچەیەکیش بۆ ئاژەڵ و باڵندەکان دروستکرد، کە ئامانج لەمەش، تەنها بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر کردن بوو.

بەشێک یان زۆربەی خوێندکارەکانی ئەرستۆ، لەگەڵ سووپاکەی ئەسکەندەر بوون، بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتەکانی بۆ وڵاتانی خۆرهەڵات، ئەوانیش هەرچییەکیان دەستبکەوتایە لە ڕووەک و ئاژەڵ و باڵندەی تایبەت و بیانی، ڕاستەوخۆ دەیانناردبۆ قوتابخانەکەی ئەرستۆ لە ئەسینا.

ئەرستۆ لە قوتابخانەکەیدا، خۆی کاری بەڕێوبردن و گەڕان و پشکنین و لەهەمانکاتیشدا وانە گوتنەوەی دەکرد، لەهەموو زانستە جۆربەجۆرەکانی کە ئەوکاتە ناسراو بوون. هەروەها ئەو لە هەیوانەکەی کە دەیڕوانییە سەر باخچەکە، لە هەوای پاکو بێگەردا دەهات و دەچوو، وانەکانی بە خوێندکاترانی دەتووەوە.

ئەم شێوازە نوێیە لە خوێندن، وای لە قوتابخانە لیسیوم کرد، ببێتە سەنتەرێکی گەورە بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لە زانستی نوێ لەوانە: زانستی سروشتی، فەلسەفە، زانستی سیاسی و هی تریش. بەنیسبەت

چالاکییەکانی قوتابخانە و ماوەی مانەوەو دەوام و ژمارەی خوێندکارەکانی، قوتابخانەکەی ئەفلاتونی مامۆستای تێپەڕاندبوو، ئەکادیمیای ئەفلاتون، کە لەپاش خۆشی هەر بە پێی ئەو بەرنامەیە کاری دەکرد، کە پێش مردنی ئەفلاتون داینا بوو.

بەڵام مردنی زووی ئەسکەندەری گەورە کۆتایی بە کار و چالاکییەکانی ئەرستۆ لە ئەسینا هێنا. لەوکاتدا هەستی نیشتمانی لەدژی داگیرکاری مەکدۆنی لەناو ئەسینادا زۆر بەهێز دەبوو، ئەوانیان بە داگیرکەر دادەنا، لەپاش مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنیش، هێندەی تر ئەم ڕقە بەهێزتر بوو وای لێهات گەلی ئەسینا ڕقیان لە هەموو ئەوانەش دەبوویەوە کە پەیوەندییان بە ئەسکەندەرەوە مەکدۆنییەکانەوە و هەبووە.

ئەرستۆ کە پێشتر مامۆستای ئەسکەندەر بوو، کاتێکیش گەڕایەوە کە مەکدۆنییەکان ئەسینایان داگیرکرد، هەربۆیە کەوتە بەر هەڵمەتی چاودێرییکردن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەسیناوە، هەر لەوکاتەشدا لێرەو لەوێ دەنگ بەرزدەبوویەوە، داوایان دەکرد، کە ئەویش وەکو سوکرات سزا بدرێت و لەسێدارە بدرێت وەکو پێش ٨٠ ساڵ کە ئەمە ڕوویدا.

بەڵام پێش ئەوەی ئەرستۆ دادگایی بکرێت، جارێکی تر رایکردەوە بەرەو باکوور، ئەمەش وایکرد کە ئەسینایییەکانیش بۆ دووەمجار تاوان بەرامبەر بە فەلسەفە نەکەن، پێویستە باسی ئەوەش بکەین، کە ئەرستۆ پاش دوو ساڵ لە کالییس دەمرێت، لەپاش خۆی وەسیەتی کردبوو کە هەموو کۆیلەکانی ئازاد بکرێن.

قوتابخانەی لیسویم لەپاش ئەرستۆ

قوتابخانەی لیسویم بۆماوەی هەشت سەدە بەردەوام بوو، لەلایەن خوێندکارانی ئەرستۆوە بەڕێوە دەبرا، هەتاوەکو پاشتر لەلایەن ئیمپراتۆری مەسیحی قوستەنتین ئەم قوتابخانەیە و ئەکادیمیەکەی ئەفلاتون، قوفڵی لێدار و داخرا، چونکە بە فەرمانێک فەلسەفە حەرام کرا

و بـووه کارێکـی قەدەغەکـراو.

لێرەشـەوە ئیتر ئایین جێگەی فەلسـەفە دەگرێتەوەو مەسـیحیش جێگەی ئەفلاتـون دەگرێتـەوە، هەرلێرەشـەوە پەردەیەکی قایم و تـۆخ بەسـەر عەقڵ و فکردا دەدرێت. لێرەشـەوە کاروانـی هـەزار سـاڵەی سـەدە کانـی ناڤین و سـەدەی تاریکی و دواکەوتوویی دەستپێدەکات.

مـاوەی ژیانـی ئەرسـتۆ، گوزارشت لـە قۆناغێک دەکات کە تێیدا ئازادیی و شـێوازی تایبەتـی ژیانـی یۆنانییـەکان بـوو، دژی هێرشـی بەردەوامـی داگیرکاریـی فارسـی دەوەسـتانەوە.

پـاش ئـەوە شـارە یۆنانییـەکان نەیانتوانـی پارێزگاریـی لـە شـکۆمەندیی و شارسـتانیی خۆیـان بکـەن و، سـەربەخۆیی خۆیـان لەدەسـتدا و قوتابخانەکانیـان داخران، ئیتر لـەم وڵاتـەدا، مەشـخەڵی رووناکیش دەسـتی بەکوژانـەوە کـرد، تەنهـا هەندێـک قۆناغـی یۆنانـی کـۆن نەبێـت، ، دەبینیـن تـەواوی سـاڵەکانی تر، یۆنـان لەحاڵەتێکی زۆر خـراپ دا بـوو، خەڵکەکەشـی توشـی هێزی داگیرکاریـی و ناخۆشـی بوونـەوە، ئـەم رەوشـەش هەتاوەکو سـەدەی نـۆزدە بـەردەوام بوو.(واتـە تاوەکـو سـەربەخۆبوونی یۆنـان لـە چنگـی داگیـرکاری تورکـی لـە سـاڵی ١٨٣٢).

ئەرسـتۆ لەسـەردەمانێکدا دەژیـا، کـە پاڵەوانەکانـی سـەردەمەکەی دەناسـی، هەروەهـا لەپـاش خۆشـی فکرێکـی مـەزن و قوواڵـی بـۆ بەجێهێشـتین لەهەمـوو بوارەکانـی مەعریفـەدا، لـە هەمووشـی سـەیرتر بـە تەنهـا وشـەیەکیش باسـی رووداوەکانـی سـەردەمی خـۆی نەکـردووە و هیـچ هەڵوێسـتێکی دەربـارەی رووداوەکان یـان پاڵەوانەکانـی دەرنەبڕیـوە. (مەبەسـت لـە پاڵەوانـەکان، زیاتـر حاکـم و پادشـاکانی ئـەو کاتـە بـووە لەپێـش هەمووشـیانەوە ئەسـکەندەری مەکدۆنـی)

ئەرسـتۆ هیـچ باسـی ئـەو شۆڕشـانەمان بـۆ نـاکات کـە لـەو سـەردەمەی ئـەودا لـە دەروپشـتیدا ڕوویـان دەدا، ئـەو بـە چـاوی خـۆی داگیرکردنـی شـارەکانی یۆنـان و هێرش و پەلاماردانـی ئەسـکەندەری بینیـووە، هەمـوو ئەمانـەش مایـەی گرنگـی پێـدان و بایەخـی ئـەو نەبـوون، هەمـوو ئـەم

ڕووداونەی هیچ بایەخێکیان نەبووە لای ئەرستۆ.

ئەو زیاتر جەختی لە زۆر شتی قوڵتر و گرنگتر دەکردەوە، بە واتایەکی تر ئەو زیاتر جەختی لەسەر پڕەنسیپ و یاساکانی سروشت دەکردەوە کە ناگۆڕێت، هەروەها گرنگی دەدا بە بوون و هەڵسووکەتی مرۆڤ و مەنطیق و مەعریفە و هونەر.

ئێمە بیرەوەریی وانەکانیمان بینیوە کە بە خوێندکارەکانی دەدا لە قوتابخانەکەی لیسیوم لەماوەی ١٣ ساڵی کۆتایی ژیانیدا، بەڵام بەداخەوە سێ یەکی کار و بەرهەمە فکرییەکانی ئەرستۆ بەهۆی ئەو جەنگانە لەناوچوون و سوتێنران، کە لە پاش مردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە نێوان جێگرەوەکانی پەیدا بوو، جەنگی دەسەڵاتی میراتگرەکانی.

لەناو ئەو کتێبانەی کە بزر بوون، وانە و دیالۆگەکانیەتی، کە بە هەمان شێوازی ئەفلاتون نووسرا بوون، ئەم کتێبەی بریتی بوو لە هەموو ئەو شتانەی کە نووسیبوونی و بەسەر خوێندکارەکانیدا دابەشیکردبوون، لەم وتارانەشدا تەنها لێکۆڵینەوەیەکی کورت نەبێت لەبارەی دەستوری ئەسینا نەبێت، کە لە ساڵی ١٨٩٠ دا لە میسر دۆزرایەوە، کە ئەویش لەسەر کاغەزی دارین نووسرابووەوە.

بە ڕێکەوتێکی زۆر سەیریش، کۆمەڵێک دەستوونوسی تری دۆزرایەوە کە زیاتر ئەوانیش بیرەوەریی و سەرنجەکانی خۆی بووە، کە کاتی خۆی لە قوتابخانەی لیسیوم نووسیویەتی و ئەم دەستنووسانەشی بۆ کاتی جیاواز دەگەڕێتەوە، کە لە ئاسیای بچووک، لە بیرێکدا لە ژێر ئەرزداهەڵگیرابوون، خەڵکی ئەمانەی شاردبۆوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو پادشاکانی «بیرگامون» دەستی بەسەردا بگرن و بیبەن بۆ خۆیان و لەکتێبخانەی خۆیان دایبنێن، جێگەی ئاماژەیە مەملەکەتی بیر گامون، دەکەوێتە نزیک شاری ئەنتالیای ئێستای تورکیا.

ئەم دەستنووسانە بۆ ماوەی دوو سەدە لەژێر زەویدا بوون، بەشێکی زۆری بەهۆی کەڕوو ئاوی ژێرزەویی و خواردنی لەلایەن گیانلەبەرانەوە لەناوچوون، پاش هێرشی بەربڵاوی رۆمانەکان بۆ

ئاسیای بچووک، ئەم دەستنووسانە دۆزرانەوە دواتریش گوازرانەوە بۆ رۆما. کاتێک برانە رۆما، زانایەک ئەم دەستنووسانەی بینیبوو، لە بەهای گرنگی تێگەیشتبوو، هەرچەندە دەستنووسەکان لەحاڵەتێکی زۆر خراپدا بوون، بەڵام ئەو دووبارە دەستیکردووە بە نووسینەوەیان و هەوڵیشیداوە بەپێی توانای خۆی لەوکاتدا، ئەو شوێنانەی خراپبووە، باشیان بکاتەوەو بۆشاییەکان پڕبکاتەوە.

لەساڵی ٧٠ پ.ز لەلایەن فەیلەسوفی یۆنانی ئەندرومیکوس رودس، کە هەواداریێکی فەلسەفەی ئەرستۆ بوو، جارێکی تر لەم دەستنووسانەی ئەرستۆ کۆڵیەوەو دووبارە نووسینیەوە، ئەمەش دەبێتە نووسخەی فەرمی و راستی کارەکانی ئەرستۆ. هەر ئەم نووسخەیەش نووسەر و فەیلەسوفی رۆمانی شیشرۆ دەیخوێنێتەوەو کاری لەسەر دەکات، هەر ئەم نووسخەیەش لە کارەکانی ئەرستۆ لەبەردەستی ئێمەیە، لەپاش ئەمە ئیتر بۆ ماوەی هەزار ساڵ، کاروبەرهەمەکانی ئەرستۆ لەبیر دەکرێن.

هیچ شتێک هێندەی دۆزینەوەی چیرۆکی زانست و مەعریفی کۆن، سەرنجراکێش و گرنگ نییە، زۆرکەس پێی وابوو کە ئەمانە بۆ هەتا هەتایە نەماون، ئەم زانستانەش بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

بەشی یەکەم: مەعریفە و چەمکەکان، هیچ شۆڕشێکی گەورە لە مەعریفە و چەمکەکانمان ناکەن، وەکو ئەوانەی کە لە دەریای مردوو دۆزرانەوە.

بەشی دووەم: ئەو مەعریفە و چەمکانەی، کە پانتاییەکی گەورە لە فکر و شارستانیی پێکدەهێنێت.

بەرهەمەکانی ئەرستۆ، بۆ مەسیحییەکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناڤیندا، وەکو نامەیەک وابوون کە لە هەسارەیەکی تردوە هاتبێت بۆیان. بەرهەمەکانی نزیکەی سێ هەزار لاپەڕە دەبن، کە لە رووی ناوەڕۆکیشەوە پانتاییەکی زۆرباشی زانست و مەعریفەی تێدایە، کاریگەرییەکی ئێجگار گەورە مەزنی هەبوو، کە پێشتر هیچ فەیلەسووفێک بەو شێوەیە کاریگەریی نەبووە لەسەر فکری ئەوروپا. پێشم وایە بەرهەمەکانی

ئەرستۆ بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین، تاکە رزگارکەرە بۆئەوەی لەم حاڵەتە ناخۆش و خراپەی ئێستامان کە تێیدا دەژین، هەرئەمەش وایکردووە کە ئەم زنجیرە وتارە لە بارەی ئەم فەیلەسوفەوە بنووسم.

کارەکانی ئەرستۆ

ئەرستۆ کەسێکی فرە بەهرە بووە، کارەکانی زانستی بیۆلۆژیا و فیزیا و مەنطق و زانستی دەروونناسی، ئەخلاق و فەلەسەفە و زانستی سیاسی گرتۆتە خۆی و باسی هەموو ئەمانەی کردووە، رێک دەڵێیت لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووە، کە زۆر پێشکەوتووتر و گەشەسەندوو تر بووە لە هی هەسارەکەمان.

کاروبەرهەمەکانی ئەرستۆ کە دۆزرانەوە، بە زمانی ئەسڵی خۆی نەنووسراون کە ئەویش «یۆنانی» یە، هەروەها لەسەر باشترین قوڕیان بەردی گرانبەها نەنووسراوە، هەروەها لەناو کۆشکێکی فەخفوریدا نەپارێزراوە وەکو هەموو ئاسەوارە گرنگەکانی مێژوو، بەڵکە ئەوانەی کە دۆزراوەنەتەوە، بریتی بوون لە کۆمەڵێک دەستنووسی کاغەزی کە بە زمانی عەرەبی نووسراون، ئەم دەستنووسانەش کاتی خۆی لە سەنتەرەکانی مەعریفە لە کاتی خۆیدا لە شارەکانی بەغدا و قاهیرە و قورتوبە بڵاوەکرانەوە.

لەپاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیی و هەرەسهێنانی سیستەمی سیاسی ئەوروپا، کارەکانی ئەرستۆ و هەموو فەیلەسوفانی تری یۆنان، بوونە مولکی شارستانی عەرەبی تازە لەدایک بوو، کەلەوکاتەدا حوکمی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین و وڵاتی فارس و باکووری ئەفریقا و ئەندەلوس دەکەن، لەکاتێکدا ئەوروپا لە خەونێکی قووڵ و تاریکیدا بووە لە سەدەکانی ناڤیندا.

تەنها دەتوانین قسە لەبارەی ئەو ئەو دەستنووسانە بکەین کە دۆزراونەتەوەو لەبەردەستان، دەتوانم بڵێم ئەوانە بەسن بۆ ئەوەی

بڵێین کە ئەم پیاوە قوولّی بیرو هزری، بۆتە کۆڵەکەیەکی گەورە بۆ ئەو چادرەی کە شارستانی خۆرئاوایی مۆدێرن لەسەری بنیاتنراوە ئەمڕۆ تێیدا دەژین.

ئەرستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتونی مامۆستایەوە، خاوەنی عەقڵێکی مەنهەجی بوو، کارەکانی مەعقوڵ و لۆژیکین، وتارەکانی زانستین، هەر هەموویان باسی بابەتێکی تایبەت دەکەن، بەپێچەوانەوەی کارو بەرهەمەکانی ئەفلاتونەوە، کە زیاتر زانست و مەعریفەکانی لە میانەی گفتوگۆ و قسەکانیدا دەردەکەوتن، هەرجارەشی لە بابەتێکەوە باز دەدات بۆ بابەتێکی تر، بە واتایەکی تر هزر و بۆچوونەکانی رێکنەخرابوون، بەپێچەوانەی ئەرستۆوە، کە فکری رێکخراو مەنهەجیی بوو.

بەڵگەنامەکانی ئەرستۆ کۆمەڵێک بابەت لەخۆیان دەگرن کە ئەوانیش بریتین لە: منطق، میتافیزیک، فەلەکناسی، فیزیا، بیۆلۆژی، فیسۆلۆژی، زانستی دەروونناسی، ئەخلاق، سیاسەت و بەلاغە و شیعر.

لە هەموو بوارەکاندا، ئەرستۆ کۆمەڵێک رێگا و داهێنانی نوێمان بۆ باس دەکات، پشت بە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی نابەستێت، بەوەی بەڵێنی بەهەشت و حۆری جوانیان دەستبکەوێت، هەروەها ناشیانترسێنێت بە عەزابی دۆزەخ و قەبر و ئەژدیهای حەوت سەرە، بۆئەوەی خەڵکی باوەڕ بە بۆچوونەکانی بهێنن.

هەموو کەسێک دەتوانێت بە زانستی ئەرستۆ بگات

ئەرستۆ پێمان نالّێت کە ئەو ئەم زانیاریانە بە وەحی لە ئاسمانەوە بۆی هاتۆتە خوارەوە، کاتێک لە یەکێک ئەشکەوتەکاندا لە خەڵوەتدا بووە، بەڵکە ئەو پێمان دەڵێت ئەمانە زانیاری گشتین و هەموو کەسێکیش کە حەز بە زانست و مەعریفە بکات، دەتوانێت ئەم زانستانەی دەستبکەوێت.

هەموو کەسێک دەتوانێت لەرێگەی ئەزموون و بینین و خوێندنەوەو سەرنجدان، ئەم زانیاریانەی دەستبکەوێت، گەر قبوولّت بێت یان رەتی

بکەیتەوە، مافی خۆتە و کەسیش ناچارت ناکات یان ناتکوژێت و سزات بدات، ئەوەی گرنگ و پێویستە کە تۆ خاوەنی عەقڵ و هەستو سۆزێکی باش بیت.

جیاوازی نێوان ئەرستۆ و ئەفلاتون

ئەوەی ئەرستۆ لە ئەفلاتون جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەرستۆ کۆڕی پزیشکێک بوو، لە باوکییەوە فێری ئەوەبوو کە زانستی سروشتی خۆشبوێت و فێری سەرنج و لێکۆڵینەوە بێت لەبارەی گیانلەبەرە زیندووەکانەوە.

دەتوانین ئەوەشی بۆ زیادبکەین، کە ئەرستۆ خوێندکارێکی زیرەک و نەجیبی ئەفلاتون بوو، لە مامۆستاکەیەوە فێری تێڕوانینی فەلسەفی قوڵ بووە بە شێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر جیهان، فێری ناسینی سروشتی مرۆڤ و ناخی بووە، هەموو ئەمانەش دونیابینی ئەرستۆی قوڵتر و فراوانتر کردووە.

ئەو لە ئەفلاتونەوە فێری بەکارهێنانی میتۆدی هۆکار و پڕەنسیب و پەند بوو، بەتایبەتی کاتێک کە بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەزموون و سەرنجدان دەردەچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرستۆ ئامادەبوو کە واز لە تیۆریەکەی بهێنێت، کاتێک ئەزموون دەریبخستایە، کە بۆچوونەکەی هەڵەیە.

ئەرستۆ لەیەک کاتدا بیرمەندێکی مەزن بوو، لەهەمانکاتیشدا زانایەکی ئەزموونگەرایی مەزن بوو، ئەو زۆرجار دەیگوت، کە ئەم نموونەیە تەواو کامڵ نییە بۆئەوەی دەرئەنجامی کۆتاییت دەستبکەوێت، گەر لە داهاتوودا ئەزموون دەریخست کە ئەو بۆچوونەی ڕاست دەرنەچووە، ئەوا دەبێت بۆچوونەکەت بگۆڕیت.

فکر و فەلسەفەی ئەرستۆ

د. محەمەد تۆفیق زەکەریا [٤٨]

لەپاش شکستی سوپای ئەسینا لەبەرامبەر ئەسپارتە لە کۆتایی جەنگی بیلوبونیزیە لە ساڵی ٤٠٤ پ.ز، دەوڵەت شارییەکانی یۆنان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدا و بوونە کۆمەڵێکی ناکۆک و وڵاتەکە وێران بوو، ئەم ڕەوشەش بەردەوام بوو هەتاوەکو هێرشی فلیپی مەکدۆنی باوکی ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٣٨ پ.ز، دواتریش تەواوی یۆنان بووە بەشێک لە خاکی ئیمپراتۆریەتی مەکدۆنی. لەم قۆناغەشدا کە جەنگ و نا ئارامی بەسەریدا زاڵ بوو، ئەفلاتون کتێبی دیالۆگەکانی سوکراتی نووسیی و پاشانیش خوێندکارە زیرەکەکەی کە ئەویش «ئەرستۆ تالیس «بوو، توانی تیۆرییە فەلسەفییەکانی خۆی دابنێت.

ئەرستۆ تالیس لە ساڵی ٣٨٤ پ.ز لە شاری ستاجیرا لە دایک بووە، ئەم شارەش بەشێک بووە لە ولایەتی مەکدۆنیا و شارێکی کۆنە دەکەوێتە نزیکی شاری سالۆنیکی ئێستاوە. بنەماڵەی ئەرستۆ هەمووی پزیشک بوون و لە کۆشکی پادشای مەکدۆنیدا کاریان کردووە. باوکی نیکوماخوس، پزیشکی شا ئەمینتاس بووە. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا واتە لە ساڵی ٣٦٧ پ.ز، ئەرستۆ دەچێت بۆ ئەسینا لە ئەکادیمییەکەی ئەفلاتون دەخوێنێت.

ئەرستۆ بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لە ئەکادیمییەکەی ئەفلاتون وانە دەخوێنێت و بەردەوام دەبێت هەتاوەکو ساڵی ٣٤٧ پ.ز کاتێک ئەفلاتون دەمرێت، لەپاش مردنی ئەفلاتون، ئەکادیمیا و شاری ئەسینا بەجێدەهێڵێت و دەچێتە کۆشکی شا فلیپ کە پادشای مەکەدۆنیا بووە، لەوێندەر دەبێتە مامۆستای کوڕەکەی، کە ئەویش ئەسکەندەری مەکدۆنی دەبێت. پاشان

٤٨ د. محمد زکریا توفیق. ارسطو. سایتی الحوار المتمدن. www.ahewar.org

ساڵی ٣٣٥ دووبارە ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا و قوتابخانەیەکی هاوشێوەی ئەکادیمییەکەی ئەفلاتونی مامۆستای دروست دەکات، بەڵام ئەم ناوی لێدەنێت «لیسیوم»

لە قوتابخانەی لیسیوم ئەرستۆ بەردەوام دەبێت لە وانە وتنەوەو سەرپەرشتییکردنی لێکۆڵینەوەی زانستیی و هەرلێرەش زۆربەی کتێبەکانی نووسیوە، بەڵام کاتێک ئەسکەندەری گەورە لە ساڵی ٣٢٣ دەمرێت، دووبارە ئەرستۆ لە ئەسینا بەجێدەهێڵێت، ئەمەش لەبەر ترسی رقی ئەسینییەکان لە دژی خەڵکی مەکدۆنییەکان. وەکو خۆشی دەڵێت: بۆیە ڕامکرد، بۆئەوەی دووجار ئەسینییەکان بەرامبەر بە فەلسەفە تاوان نەکەن، جارێکیان بە کوشتنی سوکرات، جاری دووەمیش بە کوشتنی ئەو گەر دەستیان بکەوتایە. هەرچەندە پاش ساڵێک لە دەرچوونی لە ئەسینا، کۆچی دوایی دەکات.

چۆن بتوانین فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆ لە یەکتری جیابکەینەوە؟!

لەمبارەیەوە زۆرکەس هاوڕای فەیلەسوفی بەریتانی (ئەلفرید نورسن وایهدن)، کاتێک وتی: مێژووی فەلسەفە تەنها بریتییە لە سەرنجدان و شیکردنەوەی فەلسەفەی ئەفلاتون، ئەم بۆچوونەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەرستۆ تەنها خوێندکارێکە و شرۆڤەی فەلسەفەی ئەفلاتونی کردووە.

بەڵام هەندێکی تر دژی ئەم بۆچوونەن و پێیان وایە کە ئەرستۆ پێگەیەکی بەهێزتری لە ئەفلاتون هەیە، بەتایبەتی لە بواری زانستی میتافیزیکیی و مەنتیق دا، لەبەرئەوە بە مامۆستای یەکەم دادەنرێت، چونکە ئەو یەکەم مامۆستای زانستی مەنتقی بوو، هەرئەویش بوو بە یەکەم مامۆستای زانست لە مێژوودا.

گرووپی سێهەمیش پێیان وایە هیچ جیاوازییەک لە نیوان ئەفلاتون و ئەرستۆدا نییە، هیچ کامیان لەوی تر زیرەکتر نەبووە، بەڵکە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی وتێڕوانینی هەریەکەیان بۆ جیهان، هەربۆیە دەگوترێت مرۆڤ کە لەدایک دەبێت یان ئەفلاتونییە یان ئەرستۆییە.

ئەگەر تۆ ئەفلاتونی بیت ئەوا تیۆری پەتی و زانستی ماتماتیک و مەنتیق و ژیانی سیاسی و بەها بالاکانت بەلاوە گرنگە. بەلام ئەگەر تۆ ئەرستۆیی بیت، ئەوا زیاتر گرنگی بە زانستەکان دەدەیت و هەست بە گۆڕانی سروشت و رۆحی مرۆڤایەتی دەکەیت، هەروەها باوەڕت زیاتر بە زانستی بیۆلۆژی و زانستی ئەزموونگەرایی دەبێت.

میتافیزیکا

میتافیزیکا مانای ئەوەی لە سەروسروشت یان ماددە دەگەیەنێت. ئەم ناوەش لە سەردەمانی ئەرستۆ یان ئەوانەی پێش ئەو بوون، بەکارنەدەهات، ئەو ناوەشی کە بەکاردەهات بریتی بوو لە «فەلسەفەی یەکەم» یان وەکو لە فەلسەفەی کندیدا هاتووە «یەکەم مەسەلە» . میتافیزیکا ئەو زانستەیە کە لە بنەما سەرەکیی و گشتییەکانی جیهان دەکۆڵێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە : مەعریفە، بوون، ئەخلاق، جواناسی، زانستەکانی تریش بەلای ئەوەوە دەبنە زانستێکی لاوەکیی.

وشەی میتافیزیکا هەتاوەکو نیو سەدە پێش زایین بەکارنەدەهات، کاتێکیش کتێبەکەی ئەرستۆ بلاوبۆوە، بەشی (لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی یەکەم) ی خستە پاش (لێکۆڵینەوە لەبارەی سروشتەوە) واتە ئەم بابەتە لەپاش بابەتی سروشتەوە دێت، هەرلێرەشەوە وشەی «لەپاش سروشت، میتافیزیک» هاتە ئاراوە.

بوون

مەسەلەی بوون لای ئەفلاتون بەوشێوەیە، ئەو پێی وایە کە دوو جیهان هەیە: یەکەمیان جیهانی بالا «کە خۆی لە بەها بالاکان دەبینێتەوە» جیهانی نزم «خوارو» کە ئەمەش شتە هەستپێکراوەکانە دەگرێتەوە، کە ئەمەش وەکو وێنەیەکی تەقلیدی خراپی ئەسڵی شتەکانە.

بەلام ئەرستۆ لەمبارەیەوە دژی مامۆستاکەی دەوەستێتەوە، ئەرستۆ

پێی وایە تیۆرییەکەی ئەفلاتون لەبارەی بەها بااڵکانەوە هەڵەی تێدایە، ئەو پێی وایە ئێمە لە جیاتی دووان تەنها یەک جیهانمان هەیە، تەنها یەک جیهانمان هەیە و ئێمەش تێیدا دەژین. (بەڵگەی) ئەرستۆش بۆ ڕەتکردنەوە یان دژوەستانەوەی تیۆریەکەی ئەفلاتون ئەمەی خوارەوە بوو:

(تیۆرییەکەی ئەفلاتون هیچ باس لە چۆنێتی دروستبوونی جیهان ناکات، هەروەها باس لە سەرەتا و چۆنێتی و بوونی شتەکان ناکات لەسەر ئەم گەردوونە، زیادکردنی جیهانێکی تر بۆ ئەم جیهانەش، هیچ چارەسەری ئەم کێشەیە ناکات، بەڵکە هێندەی تر شتەکان زیاد دەکات و ئااڵوزکاریی زیاتر دروست دەکات، ئەمەش نوکتەیەکم بیردەهێنێتەوە کە پێش ماوەیەک بیستوومە.)

دووکەسی سادەوساکار، دەیانەوێت پێکەوە کاسبی شوتی فرۆشتن بکەن، دەچن پیکابێک شوتی دەکڕن، هەر شووتییەک بە پێنج جونەی» دراوی میسرییە، » دەکڕن و پاشان دەچن لەسەر شەقامێک دەستدەکەن بە فرۆشتنی شووتییەکان بەهەمان نرخ واتە بە پێنج جونەی دەیفرۆشنەوە. کاتێک ئێوارە لە شووتی فرۆشتن تەواو دەبن، سەیردەکەن هیچ شتێکیان قازانج نەکردووە، یەکێکیان زلەیەک لە پەنا گوێی ئەویتریان دەدات و پێی دەڵێت: پێم نەوتیت با دوو پیکاپ بهێنین! لەبەرئەوە کێشەکە لە ژمارەی پیکاپەکان یان ژمارەی جیهانەکان نییە، هەروەکو ئەرستۆ دەڵێت.

ئەفلاتون پێی وایە کە ڕەنگی سپی، نموونەیەکە کە بەهیچ شێوەیەک لە جیهانێکی تردا ناگۆڕێت، بەاڵم پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا چۆن ئەم شتە سپیانەی تر لە جیهانی ئێستاماندا دروست بوون؟ لە کاتێکدا ئەوان هەموویان لە گۆڕانی بەردەوامدان و لەسەر یەک حاڵەت ناوەستێت.

ئەفلاتون پێی وایە بەها باااڵکان، کۆمەڵێک شتی موجەرد و ئەزەلین، ناتوانرێت لەڕێگەی هەستەکانەوە هەستی پێبکەن، بەاڵم ئەرستۆ پێی وایە نەخێر ئێمە دەتوانین لەڕێگەی هەستەکانەوە هەستیان پێبکەین.

بەهـا بـاڵاکان لای ئەفلاتـون، وەکـو سـیفەتی شـتەکان وان، سـیفەتی شـتێکیش وەکو ئەرستۆ دەڵێت، لەناوخۆی شتەکەدایە نـەک لـە دەرەوەی. بـەڵام ئەفلاتـون بەهـا باڵاکانـی لـە شـتەکان جیـا کردۆتـەوەو جیهانـی سـەربەخۆی پێـداون، پێشـی وابـووە کـە بەهـا بـاڵاکان بوونێکـی تـەواو سـەربەخۆی خۆیـان هەیـە.

دادوەریی و گەرمیی و ساردیی و مرۆڤدۆستی، کۆمەڵێک چەمکن کە هیـچ بوونێکیـان لـە دەرەوەی خـودی شـتەکانەوە نییـە. ئـەوەی کـە بوونـی هەیـە کۆمەڵێـک چەمکـی وەکـو ئاسـنێکی گـەرم یـان شـتێکی سـارد یـان مـرۆڤ، مرۆڤایەتـی هیـچ بوونـی نییـە تەنهـا لـە زەینـی خۆمانـدا نەبێـت، هیـچ سـەربەخۆش نییـە، بەڵکـە لـە بیـری کەسـەکاندایە.

مـەرج نییـە ئـەوەی ئەفلاتـون دەیڵێـت، کـە ئـەوەی ئێمـە ئەندێشـەی دەکەیـن، وێنەیەکـی موجـەردی هەبێـت، بـۆ نموونـە چونکـە زۆرجـار ئێمـە ئەندێشـەی شـتێک دەکەیـن کـە بوونێکـی دەرەکـی نییـە، بـۆ نموونـە شـاخێکی ئاڵتـون، یـان دەریایـەک لـە جیـوە.

عیلەت(هۆکار) و حیکمەت

فەیلەسووفانی مۆدێرن جیاوازی دەکەن لە نێوان «عیلەت و حیکمەت»، (عیلـەت) واتـە هـۆکاری میکانیکییـە کـە دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی شـتێک، بـۆ نموونـە سـاردی دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـاو بیبەسـتێت و ببێتـە بەفـر، ئـەم عیلەتـە» هاوکێشـەیەکی میکانیکییـە» بـەڵام ئەمـە حیکمەتـی گۆڕینـی ئـاو بـۆ بەفرمـان پیشـان نـادات.

بـەڵام عیلەتـە» یـان هـۆکاری کێشـەکان» لای ئەرسـتۆ، ئـەوا عیلەتـی میکانیکیـی و حیکمـەت پێکـەوە دەگرێتـەوە. بـەلای ئەرسـتۆوە، عیلـەت چـوار جـۆرە، هەمووییـان پێکـەوە لـە حاڵەتـی بوونـی شـتێکدا کار دەکـەن، کـە ئەمـەش هەمـوو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە سـروشـت و مـرۆڤ دروسـتی دەکات یـان بەرهەمـی دەهێنێـت، ئـەو چـوار عیلەتـەش بریتیـن لـە:

١/ عیلەتی ماددی: بۆ نموونە ئەو ماددەیەی کە پەیکەرێکی لێدروست دەکەین، چونکە بە بێ بوونی ئەو مادەیە، ناتوانین پەیکەرێک دروست بکەین یان بوونی هەبێت.

٢/ عیلەتی گۆڕاو، ئەمەش ئەو هێزەیە کە دەتوانێت گۆڕان لە شتەکان دروست بکات و سیما و شێوازێکی نوێیان پێببەخشێت.

٣/ عیلەتی وێنەدار، ئەمەش وێنەی شتێک دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی کە پەیکەرێک دروستی دەکات و وێنەی پەیکەرێکە نەک شتێکی تر.

٤/ عیلەتی مەبەستدار، یان ئامانج لە دروستکردنی شتێک بۆ نموونە ئامانج لە دروستکردنی پەیکەرێک چییە.

پاشان ئەرستۆ هاتووە هەر چوار عیلەتەکەی لە دوو عیلەت کۆکردۆتەوە و ناوی لێناون (عیلەتی ماددە و عیلەتی وێنە) ئەو وشەی «هیولی» بۆ بەکارهێناوە، بەمشێوەیەش هیولیی و وێنە دەبنە بنەمای فەلسەفەی ئەرستۆی میتافیزیکی، هەر بەم دووانەش شرۆڤەی جیهان دەکاتن.

هەربۆیە وشەگەلی هیولیی و میتافیزیکیا، بە وشەی خەڵکی رۆشنبیر دادەنرێت، دەکرێت لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەکاربهێنرێت، ئەمەش زیاتر بۆ مەبەستی خۆدەرخستن و سەرنجراکێشانی خەڵکی تر بێت بۆ لای ئەو کەسە.

هیولی و وێنە لەیەکتری جیا ناکرێنەوە، هەموو بوونێکیش هەردووکیانی تێدایە، ئەوانیش تەنها لە میشکی خۆماندا بە جیا دەیانبینین، وێنەی شتەکان بەتەنها بوونی نییە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەفلاتونە.

وێنە لای ئەرستۆ تەنها شکڵ نییە، بەڵکە هەموو سیفاتەکان لەخۆدەگرێت وەکو کێش و ڕەنگ و بۆن و جوانی و بەرگی دەرەکی، بەڵام هیولی ئەو شتەیە کە دەکرێت هەموو ئەم سیفاتانەی تێدا بێت.

هەقیقەت لای ئەرستۆ

هەرشتێکیش کە هیولیی و وێنەی هەبێت، ئەرستۆ ناوی «جەوهەر، کرۆکی» لێناوە، لە کۆمەڵێک کرۆکی جیاوازیش، هەقیقەت دروست دەبێت، هەقیقەتیش لای ئەرستۆ، لەناو ئەو جیهانەدایە کە ئێستا تێیدا دەژین، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو هەقیقەتەیە کە ئەفلاتون باسی لێوە دەکات، کە لە دوو جیهان پێکدێت «جیهانی بەها بااڵکان، جیهانی ماددە، یان خواردن» کە ئەویش تەقلیدێکی ناشیرینی بەها بااڵکان دەکاتەوە.

هەقیقەت لای ئەرستۆ هەمەجەشنە، بۆ نموونە ماڵ و کتێبی زۆر، بەاڵم هەقیقەت لای ئەفلاتون دوو لایەنەیە، کە دەتوانین بڵێین لە میسالییەتەوە نزیک دەبێتەوە، چونکە تەنها جیهانی بەهابااڵکان لای ئەو جیهانی هەقیقییە.

هیولی خۆی لە خۆیدا نە وێنەی هەیە نە سیفەت، لەبەرئەوە پێویستی بە وێنەیەکە هەتاوەکو بتوانرێت وەسف بکرێت و دەربکەوێت، هەروەها هیولیش لە رەگەزە کیمیاییەکان جیاوازە، چونکە رەگەزە کیمیاییەکان خاوەنی سیما و سیفەتی تایبەت بە خۆیانن، بەاڵم هیولی هیچ سیفاتی نییە و بە تەنهاش بوونی نییە.

ئەرستۆ بەم شێوەیە گوزارشتی دەکات و دەاڵێت: هیولی شتێکە (دەکرێت دروست ببێت) ئەمەش لەرێگەی گۆڕینی وێنەیەک بۆ شتێکی پراکتیکی، پاشان ئەم کردارەی (کاری کردە)ی ناویلێناوە(شتێک کە بەهێزێک بکرێت، یان پراکتیکی، یان کرداریک)

بوون بەرهەمی گۆڕینی «کاریکردە» یە بۆ پراکتیزەکردنی شتێک، هەموو جوواڵەیەک یان گۆڕینێکیش بریتییە لە گۆڕینی(کاریکردە) بۆ پراکتیزەکردنی شتێک، یان گۆڕینی هیولی بۆ وێنە، هەموو جوواڵەیەکیش لە هیولییەوە بۆ وێنە، ئامانج و مەبەست دەیباتبەرێوە، ئەم ئامانجەش وادەکات کە فکر پێش بوون بێت.

ئەرستۆ پێی وایە کە جیهان بریتییە لە زنجیرەیەک گواستنەوەی وێنە بۆ وێنەیەکی باشتر لەوەی پێشووتر، جیهانیش لە جوولّەیەکی بەردەوامدایە، هێزی ئامانج و مەبەستیش بۆلای خۆی رادەکێشێت، یان وەکو خۆی ناویلێناوە (عیلەتی مەبەستدار، ئامانجدار).

ئامانج و مەبەست لووتکەی بالّای بوونەکانن، ئەمەش ئەرستۆ ناویلێناوە (خودا، اللە)، ئەمیش بوونی هەیە، چونکە کاملّترین وێنەی هەیە، هەموشتێکیش کە لە وێنەیەکی کەمالّەوە نزیک بۆوە، هێندەش لە هەقیقەتەوە نزیک دەبێتەوە، (خودا) شتێکە کە موجەرد نییە، هەرئەویش هۆکاری بوونی ئەم جیهانەیە.

بەواتایەکی تر عیلەتی مەبەستدار جوولّێنەر و بزووێنەری ئەم جیهانەیە، ئەگەر خودا عەقلّ بێت، ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئەو مەبەستی هەموو مەبەستەکانە، ئەمەش مەبەستی هەموو بوونەکانی سەر زەمینە، ئەگەر عیلەت بزوێنەر بێت، وەکو بلّێیت ئەو جوولّێنەری یەکەمی ئەم جیهانەیە و سەرچاوەی هەموو جوولّەیەکیشە.

جیهان لەپێش زەمەن نەبووە، بەلّکە خودا لەپێشەوە بووە، هەروەک چۆن پێشەکی لەپێش دەرئەنجامە، هەروەها جیهانیش کۆتایی نییە، چونکە ئەگەر کۆتایی هەبوایە، ئەوا وێنەیەکی موجەرد دەبوو، وێنەیەکی موجەردیش، بەبێ ماددە خاوەنی هیچ بوونێک نییە.

ئەفلاتون واپێشبینی دەکرد کە نەفس «رۆح» پێش ئەوەی بێتە ناو جەستەوە، مەعریفەی پێشوەختەی لەبارەی بەها بالّاکانەوە هەیە، بەلّام ئەرستۆ پێی وابوو کە مەعریفە لەناو جیهانی ئێستاماندا هەیە، تەنها ئەوەی لەسەرمانە کەلەو شتانەی دەربهێنین کە لە نزیکمانەوە بوونیان هەیە.

زانیارییمان لەبارەی جیهانەوە، لەرێگەی هەستەکانمانەوە دەستدەکەوێت، پاشان دەستدەکەین بە جیاکردنەوەیان لە یەکتری هەتاوەکو بگەینە مەعریفەیەکی عەقلّی، هەموو فکرەیەک لە عەقلّدا، سەرچاوەو بنەچەکەی لە هەستەکانەوەیە.

نەفس لای ئەرستۆ

نەفس لای ئەرستۆ پاڵنەری سەرەکیی یەکەمە لەناو هەموو گیانلەبەرێکدا، ئەمیش لە دەرەوە نایەت، وەکو هەموو گیانلبەرەکانی تر، مرۆڤ بریتییە لە ماددە کە ئەویش جەستەیە، وێنە کە ئەویش نەفسە.

مرۆڤ بۆئەوەی وەکو گیانلەبەرێک توانای گەشەسەندنی هەبێت، دەبێت دوو جۆر نەفسی هەبێت: یەکەمیان، نەفسی پێگەیشتوو، دووەمیان: نەفسی خۆراکیی. ئەم دوو نەفسەش لەناو هەموو گیانلەبەرێکدا بوونیان هەیە. لەناو هەموو گیانلەبەرێکیشدا نەفسێکی هەستدار هەیە، بەڵام مرۆڤ جگە لەو نەفسە هەستدارە، نەفسێکی عاقڵیشی هەیە، کە دەتوانێت دەرک بە شتە مەعقوڵەکان بکات و لەیەکتری جیایان بکاتەوەو گرنگی و هەقیقەتی ئەو شتانەش دەرک پێبکات.

ئەخلاق لای ئەرستۆ

ئەخلاق لای ئەرستۆ مانای دۆزینەوەی باشترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی، هەرئەویش ناونیشانی مەبەستەکانە، بەڵام هەموو شتێکی تر بۆ نموونە سامان و دەسەڵات و زانست، ، هتد، هەموو ئەمانە داوادەکرێن وەکو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی.

بەختەوەریی

بەختەوەریی لای ئەرستۆ، گوزارشت لە حاڵەتێک یان رەوشێکی تایبەت ناکات، بەڵکە گوزارشت لە کارو کرداریک و مومارەسەیەک دەکات، ئەرستۆ مەرجی میانڕەویی و خاکەڕایی دەکاتە مەرجی سەرەکی بەگەیشتن بە بەختەوەریی.

بەختەوەریی مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بەخودێتیی خۆی بگات، خودی

مرۆڤیش «عەقڵە»، لەبەرئەوە باشترین ژیان، ژیانی فکر و رۆشنبیرییە. گەر مرۆڤ توانی خۆشگوزارەیی و زانست و ژیانێکی پڕ بیرکردنەوەو تێڕامان کۆبکاتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەیشتۆتە پلەی کاملّیی کە هەمان کاملّی خوداییە.

ئەخلاق لای ئەرستۆ، هەروەکو لە کتێبەکەی «ئەخلاق نیقوماخوس» دا هاتووە، گوزارشت لە تیۆرییەکەی لەبارەی «هۆکار»ەوە دەکات، هەموو کردارێک لەبەر هۆکارێک یان مەبەستێک دەکرێت، ئێمە کارێک دەکەین چونکە هەست دەکەین کە ئەم کارە، شتێکی باشە، کۆی گشتی ئەنجامدانی ئەم کارانەش ئەمانەی خوارەوەی لێ بەرهەم دێت:

یان ئەوەتا مرۆڤ لەناو بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە ئێمە بەیانیان لەخەو هەڵدەستین، نانی بەیانی دەخۆین، دەچین بۆسەرکار، ئەمەش بۆئەوەی مووچەیەکەم دەستبکەوێت، ئەمیش بۆئەوەی خواردن و خۆراکی پێبکرین بۆئەوەی بەیانیان بیخۆین، هەموو ئەمەش بازنەیەکی داخراو دروست دەکات. یان وەکو تر ئێمە دەخۆین بۆئەوەی بژین، دەژین بۆئەوەی بخۆین. لەم حاڵەتەدا ژیان زۆر ڕۆتین و بێ ئامانج دەبێت.

یان ئەوەتا مرۆڤ ئامانج و مەبەستێکی پیرۆز و جوانی هەبێت، کە هەموو کردارو کارەکانیشی لەمەوە سەرچاوە بگرێت، ئەگەر ئامانجێکی وا هەبێت ئەوا دەبێت دەرکی بکەین و هەموو کارو کردارەکانیشمان بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەرین، ئەمەش بۆئەوەی ڕووبەروی ناخۆشیی و نارەحەتی ژیان نەبینەوە کە ژیانێکی بێ ئامانجمان نەبێت.

بەلای ئەرستۆوە ئامانجی جوان و کۆتایی ژیان کە دەبێت هەموومان هەوڵی بۆ بدەین، بریتییە لە بەختەوەری، دەبێت داوای بەختەوەریی لەبەر بەختەوەریی بکەین، نەک لەبەر شتێکی تر، بەڵام لەهەمانکاتیشدا، دەبێت لەمانای بەختەوەری تێبگەین و بشزانین چۆنی پێدەگەین، نابێت تەنها هەر بە قسە بێت و بڵێین شتێکی باش و چاکە.

ئەرستۆ بۆئەوەی مانای بەختەوەرییمان بۆ شیبکاتەوە، ئەم

پرسیارەمان رووبەرو دەکاتەوە کە ئەویش بریتییە لە: ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا چییە؟ لای ئەرستۆ ئەرکی مرۆڤ لە ژیاندا بریتییە لە کاری چاکە و بوونی رۆحێکی باش و پابەندبوون بە کۆمەڵێک بەهای پیرۆز و جوانەوە کە ئەمانیش پشت بە بنەمای عەقڵانی دەبەستن.

بەڵام مەبەستی ئەرستۆ لە بەهای ئەخلاقی و جوان چییە؟ بەها جوانەکانیش لای ئەرستۆ بۆ دووبەش دابەش دەبن: بەهای عەقڵی، بەهای سلوکیی، ئەم دووانەش پێویستین بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی.

بەهای عەقڵانیی و سلوکیی (رەفتاری)

بەهای عەقڵانی لە ڕێگەی میرات و خوێندنەوە چنگی مرۆڤ دەکەوێت، بەڵام بەهای سلوکی (رەفتاری) لە ڕێگەی تەقلید و مەشق و ڕاهێنان و نەریتەوە چنگی مرۆڤ دەکەوێت، نەریت و ئولفەتیش دەبێتە بەشێک لە سیمای تایبەتی مرۆڤەکان.

ئەگەر کەسێک سیمایەکی تایبەتی هەبێت کە زیاتر خاکەڕایی و هێمن بێت، ئەوا ئەم جۆرە سیمایە دەچێتە قاڵبی سیمای چاکەخوازیی، بۆ نموونە کاتێک ڕووبەڕوی مەترسییەک دەبیتەوە، زیادەڕۆییکردن لە مەترسییەکە، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوەیی، هەروەها زیادەڕۆییکردن لە ترسیش، دەبێتە هۆی دروستبوونی گیانی ترسنۆکیی.

نێوانی سەرەڕۆیی و ترسنۆکی برتییە لە ئازایەتیی، ئەمەش بەهایەکی جوانی پێویستە، هەروەها سەخاوەتییش، بریتییە لە خاڵی نێوان زیادەمەسرەفیی و ڕەزیلی.

بەها عەقڵانییەکان، ئەمانیش میراتیین و لە ڕێگەی خوێندنی نوێیەوە دەستمان دەکەوێت وەکو خوێندنی (فەلسەفە و حیکمەت) ئەمانەش زۆر گرنگ و پێویستن بۆئەوەی حوکمدانمان لەبارەی ڕووداوەو شتەکانەوە ڕاست و دروست بێت. هەروەها واشمان لێدەکات کە لە مانای ژیان تێبگەین و بەباشترین شیوەش ژیان بکەین.

هونەر

هونەر لای ئەرستۆ، مانای وێنەگرتنی جوانی شتەکانە، بەڵام نەک تەقلیدکردنی شتەکان، بۆ نموونە وەکو ئاوێنە کە جوانیی و ناشیرینی شتەکانمان بۆ دەردەخات، هونەریش دەبێت ئاوابێت. جوانی مانای یەکێتیی و هاوکاریی نێوان بەشەکانە لەگەڵ یەکتریی لەناو کۆیەکی شتەکاندا دەگەیەنێت.

(پلۆت) یەکێتی لەناو کاری شانۆییدا مانای یەکێتی کار دەگەیەنێت، بە واتایەکی تر دەبێت چیرۆک کارێکی یەکانگیر بێت، هەموو کارێکی شانۆیش دەبێت بە دەوروخولی چیرۆکە سەرەکییەکە بسووڕێتەوەو هەوڵی شیکردنەوەی بدات. کارێکی هونەری بۆئەوەی مەزن و سەرکەوتوو دەربچێت، دەبێت بابەتە سەرەکییە یان مەسەلەکە پەیوەندی بە جوامێریی و پاڵەوانێتییەوە هەبێت.

ئەرستۆ داهێنانی گەورەی لە بواری فەلسەفە و کۆمەڵێک زانستی تردا کردووە، هەتاوەکو ئەمڕۆش کارەکانی لە بواری میتافیزیک و ئەخلاق و مەنتق و جواناسیدا، چیاییەکی بەرز و مەزنە، گوزارشت لە مەزنی فکری مرۆڤایەتیی دەکات بە باشترین شێوە.

پەیوەندیی نێوان ئەرستۆ و ئەسکەندەری گەورە

لەوانەیە زۆر لە خوێنەران کاتێک ئەم ناونیشانە دەبینن بەلایانەوە سەیر بێت، ئاخۆ چ شتێک فەیلەسوفێکی مەزنی وەکو ئەرستۆ، بە سەرکردەیەکی ناوداری جیهانی وەکو ئەسکەندەری گەورە دەبەستێتەوە؟ جیهانی فکر و فەلسەفە چ پەیوەندییەکی بە جیهانی سیاسەت و جەنگ و سەربازییەوە هەیە.؟ بەڵام کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی فکریی و سیاسیی یۆنانی کۆن هەڵدەدەینەوە، دەبینین پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەم دوو پیاوە مەزنەدا هەبووە. پەیوەندییەکەش زیاتر پەیوەندیی مامۆستا و

خوێندکار بووە، ئەرستۆ بۆ ماوەیەکی زۆر مامۆستای ئەسکەندەری مەزن بووە، زۆرێکیش لە مێژوونوسان مەزنی ئەسکەندەر بۆ مامۆستاکەی دەگەڕێننەوە.

مامۆستا و خوێندکار

ئەسکەندەری مەزن لە ساڵی ٣٥٦ پ.ز لە مەکدۆنیا لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٢٣ پ.ز لە کۆشکەکەی نەبوخزنەسر لە بابل کۆچی دوایی کردووە. گەرچی ئەرستۆ لە ٣٨٤ پ.ز لە دایک بووە و لە ساڵی ٣٢٢ پ.ز کۆچی دوایی کردووە. باوکی ئەرستۆ پزیشکی تایبەتی پادشا فلیپی شای مەکدۆنیا بووە. شا فلیپ بە دوای مامۆستایەکی یۆنانی تایبەتدا دەگەڕا، بۆئەوەی کوڕە تاقانەکەی «ئەسکەندەر» فێری خوێندن و نووسین و زانست بکات. لەوکاتەدا ئەسکەندەر تەمەنی ١٣ ساڵ بوو. لە ساڵی ٣٤٣ پ.ز. دا، شا فلیپ پێشنیازی بە ئەرستۆ کرد، کە ببێتە مامۆستای تایبەتی کوڕەکەی. پاش ماوەیەکیش ئەرستۆ پێشنیازەکەی قبوڵ دەکات و دەبێتە مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەری کوڕی شا فلیپ، کە دواتر بە ئەسکەندەری مەکدۆنی یان مەزن دەناسرێت. بەمشێوەیەش پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵ و رۆحی بەهێز لە نێوان ئەم دوو پیاوە مەزنەی یۆنانـدا دروست دەبێت.

لەمبارەیەوە نووسەرو مێژوونووسی ناسراوی ئەمریکی وێڵی دیۆرانت لە کتێبی مێژووی فەلسەفەدا دەڵێت:

ئەسکەندەر تاماوەیەک ئەرستۆی وا خۆشدەویست کە هیچی کەمتر نەبوو لە خۆشەویستییەکەی بۆ باوکی. دەیگوت : سەرەڕای ئەوەی باوکی هێناویەتە ئەم دنیایەوە، بەڵام ئەرستۆ تیاییدا هونەری ژیانی فێرکردووە.

دوو جیهانبینی جیاواز

کاتێک سەیری مێژوویی ئەم دوو پیاوە دەکەیت، هەریەکەیان خاوەنی جیهانبینی قوولّ و جیاوازی خۆیان بوون. ئەسکەندەری مەکدۆنی لە باوکییەوە هەڵگری خەونێکی گەورە بوو، ئەویش یەکخستنی تەواوی خاکی یۆنان و دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و روبەڕووبوونەوەی سوپای فارسی بە سەرۆکایەتی داریوش. پاشان ئەسکەندەر ئەم خەونەی هێنایەدیی و هەموو خاکی یۆنانی رزگار کرد و پاشان پەلاماری ئێرانی دا و سوپای داریوشی شکاند و تەنانەت ئاسیای ناوەڕاستیشی داگیر کرد. لە باشووریشەوە تەواوی خاکی میسری داگیرکرد، کە لەوکاتەدا یەکێک بوو لە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان. لەبەری خۆرئاواشەوە، خاکی رۆمانی» ئیتالیای ئێستای» داگیرکرد. بەم شێوەیە گەورەترین ئیمپراتۆریەتی لە مێژوودا دروست کرد. بەڵام ئەرستۆ ئیمپراتۆریەتەکەی بە شێوەیەکی تر بوو، ئەو توانی لە جیهانی فکر و فەلسەفە و زانست و ئەدەبدا، ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دروست بکات.

پاشئەوەی ئەسکەندەر دەسەڵات دەگرێتە دەست و ئەسینا داگیر دەکات، ئەرستۆش دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا، لەوێ خانوویەک بە کرێ دەگرێت، کە پێشتر بۆ خودا(ئەپۆلۆ لیسیوس)دانرا بوو. کە مانای میری رووناکی دەگەیەنێت. لیسیوس وشەیەکی لێکدراوی یۆنانییە، مانای رووناکی دەگەیەنێت، ئەرستۆ ناوی قوتابخانەکەی نابوو(لیسیوم).

لە قوتابخانەی لیسیوم، ئەرستۆ دەستیکرد بە کۆکردنەوەی کتێب و دەستنووسەکان، بەتایبەتی لە بارەی زانست بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئامانجیش لەم قوتابخانەیە خوێندن و لێکۆڵینەوە بوو، هەروەها ئەرستۆ باخچەیەکی تایبە بە رووەکەکان و باخچەیەکیشی بۆ ئاژەڵ و باڵندەکان دروستکرد، کە ئامانج لەمەش، تەنها بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر کردن بوو.

ئەرستۆ توانی بنەما سەرەکییەکانی لۆژیک، زانستی سروشتی، میتافیزیک، ئەدەب و رەوانبێژی دابنێت. ئەرستۆ زیاتر لە(٤٠٠)کتێبی نووسیوە، لە رێگەی ئەم بەرهەمە زۆرانەشەوە کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە بەتایبەتی «فەلسەفە و زانستی سروشتی و لۆژیک و ئەدەب» بۆماوەیەکی زۆر، توانی لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەتی زانست و فکر و فەلسەفی جیهان دابنیشێت و هەتا ئەمڕۆش بە یەکێک لە فەیلەسووف و زانا مەزنەکانی جیهان دادەنرێت، ئەو جگە لە پەرەپێدانی فکر و فەلسەفەی کۆنی یۆنانی، توانی بنەما سەرەکییەکانی زانستی سروشتیش دابنێت. ئەمەش لە رێگەی کۆکردنەوەو زانیاریی لە بارەی جۆری «ئاژەڵ، رووەک» پاشان دانانی بنەمایەکی سەرەکی بۆ زانستی سروشتی و لۆژیک.

پەیوەندییەکی تایبەت

ئەم پەیوەندییە تایبەتە لە نێوان ئەم دوو پیاوە مەزنە بە سوود بۆ هەردوولا و جیهانیش شکایەوە، ئەسکەندەر لە رێگەی مامۆستاکەیەوە، دەرگا داخراوەکانی جیهانی فکر و فەلسەفە و زانستی بۆ کرایەوە، هێندەی تر جیهانبینی فراوانتر بوو. لەبەرامبەریشدا ئەرستۆش زۆر سوودمەند بوو لە ئەسکەندەر، بەتایبەتی کاتێک دەبێتە ئیمپراتۆرێکی گەورە، لەرووی داراییەوە، هاوکارییەکی زۆری دەکات، جگەلەوەش زیاتر لە دوو هەزار کەس کاریان بۆ قوتابخانەکەی ئەرستۆ دەکرد، کاتێک ئەسکەندەر پەلاماری هەر وڵاتێکی بدایە، سەربازانی سوپاکەی، زانیاریی زۆریان لەبارەی رووەک و، گژوگیا و جۆری ئاژەڵ و زانستی فکر و فەلسەفیی ئەو وڵاتانەی کە داگیری دەکردن، بۆ دەناردەوە. ئەمەش هێندەی تر قوتابخانەکەی ئەرستۆی دەوڵەمەند کرد و هێندەی تریش لە رووی زانیارییەوە گەشەی بە فکری خۆی داوە. هەرئەم زانیارییە زۆرانەش بوو کە وایکرد کە ئەرستۆ ببێتە گەورەترین فەیلەسوف و

زانـای جیهـان.

هەر لەمبارەیەوە وێڵی دیۆرانت دەڵێت:

ئـارەزووی ئەسـکەندەر بـۆ یەکبـوون و یەکخسـتنی هەنـدێ هێـز و توانـا و مەزنایەتـی، لـە مامۆسـتاکەیەوە فێربـوو، ئەرسـتۆش کـە مەزنتریـن مامۆسـتای پێکهێنـان و یەکخسـتن بـووە لـە مێـژووی فکـردا، هـەردوو داگیرکردنەکـە، دوو ڕووکاری جیـاوازی یـەک پـڕۆژەی بـەرز و بەنرخـی گـەرم و گـوڕن، کـە دوو مەکدۆنیـای مـەزن، دوو دنیـای پڕ لە بێسـەروبەری و بـێ سیسـتەمی یەکدەخـەن.

دوو کۆتایی جیاواز

خاڵێکـی گرنگـی تـر کۆتایـی ئـەم دوو پیاوەیـە، لـە سـاڵی ٣٢٣ پ.ز بەشـێوەیەکی کتوپـڕ، ئەسـکەندەر تایەکـی بەهێـز دەگرێـت و پاشـانیش دەمرێـت. لەپـاش خـۆی ئەوانـەی کـە بوونـە جێگـرەوە، لـە پـاش جەنـگ و ململانێـی بـەردەوام لـە نێوانیانـدا، ئیمپراتۆریەتەکـە لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشـدەکەن و بەتەواوەتـی وێرانـی دەکـەن. بەپێچەوانـەوە ئەرسـتۆ، لەپـاش مردنـی هێندەی تـر لەنـاو جیهانـدا ناسـراوەو تـەواوی بەرهەمەکانـی، بـە یەکێـک لـە کتێبـە گرنگەکانـی فکـری مرۆڤایەتـی دادەنرێـت و تـا ئێسـتاش لەسـەر عەرشـی دەسـەڵاتی فکر و فەلسـەفە دانیشـتووە. لێرەوە مەزنی کتێب و بەرهەمـی فکـری دەردەکەوێـت. هەرچەنـدە لـە مێـژوودا ئەسـکەندەر بـە پیاوێکـی مـەزن وەسـف دەکرێـت، بـەڵام ئەمـڕۆ هیـچ شـتێک لەو دەسـەڵاتەی نەمـاوە، بـە پێچەوانـەوە، ئەرسـتۆ هەتاوەکـو ئەمـڕۆش رۆڵـی گـەورەی هەیـە لـە فکـر و فەلسـەفەدا، هەرکەسـێک بیەوێـت لـە فکـر و فەلسـەفە و ئـەدەب بکۆڵێتـەوە، ناچـار دەبێـت، کتێبەکانـی بخوێنێتـەوە.

دوا ووتە

بەدڵنیاییەوە پەیوەندی ئەم دوو پیاوە مەزنەی جیهان، پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆز بووەو هەتا ئەمڕۆش لە تەواوی جیهاندا لێکۆڵینەوە و کتێب و وتاری لەبارەوە دەنووسرێت، هەوڵ دەدەرێت لە هۆکار و گرنگی ئەم پەیوەندییە بکۆڵرێتەوە. ئەوەشی روون و ئاشکرایە، کە ئەم پەیوەندییە بە ویستی هەردوولا بووە، لەهەمانکاتیشدا بە سوود بۆ مرۆڤایەتیش گەڕاوەتەوە. پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکارێک، کە پاشتر مامۆستاکە دەبێتە فەیلەسوفێکی مەزنی جیهان و خوێندکارەکەش دەبێتە گەورەترین سەرکردەی جیهان.

مارتین لۆتەر
شۆڕشگێڕێک لە بەرگی ریفۆرمخوازێکدا

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا چەند کەسێک هەبوون، کە توانیویانە لە ڕێگەی پەرەنسیب و بۆچوونەکانیانەوە، تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی لە قۆناغێکەوە بگوازنەوە بۆ قۆناغێکی تر، یەکێک لەو کەسایەتییانەش، زانای ئایینی و بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی، مارتین لۆتەر کینگە.
ساڵی ٢٠١٧ لە تەواوی جیهاندا، یادی ٥٠٠ ساڵەی یادی بڵاوبونەوەی

کتێبە بەناوبانگەکەی مارتین لۆتەر کرایەوە کە بە پڕەنسیبە(٩٥) بەندەکە ناسراوە، لە ئەڵمانیا و جیهاندا ئەم یادە بەرز راگیرا . [٤٩] ئیتر لێرەوە و لە ڕێگەی تێزەکانی مارتین لۆتەرەوە، کڵێسای مەسیحی جیهان درزی تێکەوت و دواتریش پاش سەد ساڵ، جەنگ لە نێوان برا مەسیحییەکان لەسەر مەزهەبی کاتۆلیکی و پرۆتستانتی دروستبوو، کە بە جەنگی سی ساڵە دەناسرێت. بەڵام بەکۆتایی هاتنی ئەو جەنگە، قۆناغێکی نوێ لە پێکەوە ژیانی ئایینەکان سەریهەڵداو تێزی لێبوردەییش، بەناو ئەوروپادا بڵاوبوویەوە.

لە تەواوی جیهاندا یادی تێزەکانی مارتین لۆتەر کرایەوە، بەڵام لە ئەڵمانیادا یادەکە لەچاو وڵاتانی تری جیهان بەهێزتر بوو، چونکە مارتین لۆتەر کورِی ئەم وڵاتەیە. هەربۆیە بەچەندین شێوە ئەم یادە کرایەوە. ئەنجیلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا لە یادەکە جگە لەوەی ستایشی ڕۆڵی مارتین لۆتەری کرد لە بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئایینەکان، لەهەمانکاتیشدا رایگەیاند: لێبوردەیی ڕۆحی ئەوروپایە .[٥٠]

لێ پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئەم هەموو گرنگییە چییە کە بەم پیاوە درا؟ مارتین لۆتەر چیکردووە تاوەکو تەواوی جیهان بەمێشوەیە ڕێز لە تێزو بۆچوونەکانی بگرن؟ هەروەها ئەو بۆچوونانە کامانەن، کە وایکردووە ئەم هەموو ڕێزە بەم پیاوە ببەخشرێت؟ لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی و پوختی وەڵامێکی دروستی ئەم پرسیارانە و کۆمەڵێک پرسیاری تریش بدەینەوە

٤٩ . Jahre Luther-Bann: Neuer Anlauf der Ökumene 500

٥٠ هەمان سەرچاوە.

مارتین لۆتەر کێیە؟

مارتین لۆتەر لە ساڵی ١٤٨٣ لە شارۆچکەی ئایسلیبین لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە. لە ساڵی ١٥٠٥ چۆتە قوتابخانەی کڵێسای ئۆگوستینی لە شاری ئیرفۆرت. هەر لەمندالییەوە مارتین لۆتەر، باوەڕێکی تەواوی بە خودا و مەسیحییەت هەبووە، لەهەمانکاتیشدا خاوەن شارەزایی و زانیاری زۆری لە بارەی ئایین و لاهوت و زانستەکانی ترەوە هەبووە[٥١].

پیاوێکی ئەکادیمی پلە بەرز

لەساڵی ١٥١٢ لە زانکۆی فێتینبێرگ، بڕوانامەی دکتۆرا لەبارەی ئوسوڵی ئاینەوە دەهێنێت، دواتریش لەساڵی ١٥١٧ نازناوی پرۆفیسۆر دەهێنێت و لەهەمان زانکۆدا دەبێتە مامۆستای لاهوت و زانستە ئاینییەکان[٥٢].

سەرەتای گومانەکانی

بەڵام لەگەڵ کاملبوون و خوێندنەوەی زیاتر، لای ئەم گەنجە مەسیحییە کێشەیەک دروست دەبێت، ئەویش گومانکردن لە بارەی ئەوەی، ئایا چۆن دەکرێت خودا لە ڕێگەی چەکی غوفرانەوە(سک الغفران) لە کەسێک خۆشبێت؟! کە لەوکاتەدا تەواوی پیاوە ئایینەکانی ئەوروپا، ئەم چەکی غوفرانانەیان بە خەڵکی ئاساییان دەفرۆشتەوە. هەروەها چۆن دەبێت قسەو وتەکانی پاپای فاتیکان لەسەر هەموو شتێکەوە بێت و تەنانەت لە ئینجیلیش گەورەتر بێت؟ هەمووئەمانە بوونە سەرەتای گومانی لۆتەر لەسەر کڵێسای کلاسیکی مەسیحی و دەسەڵاتی پاپای فاتیکان.

---

٥١ de.www.luther٢٠١٧

٥٢ هەمان سەرچاوە

رووبەروبونەوە لەگەڵ پاپای فاتیکان

لە کۆتایی ساڵی ١٥١٦ دا، پاپای فاتیکان قەشە دۆمینیکان وەکو نوێنەری خۆی بۆ ئەڵمانیا دەنێرێت، تاوەکو کۆمەڵێک چەکی غوفران بفرۆشێت، بەو ئامانجەی کە پارەیەکی باش کۆبکاتەوە، تاوەکو دواتر بتوانن کڵێسای (کاتیدرائی قەدیس بوتروس) لە رۆما نۆژەن بکەنەوە. جێگەی ئاماژەیە لەوکاتەدا کڵێسای پاپایی فاتیکان، باوەڕی تەواوی بە فرۆشتنی ئەم چەکی غوفرانە هەبوو، هەروەها پێیان وابوو، ئەوە ئەرکی سەرشانی ئیماندارانە، کە کڵێسا دروستبکەن و یان کار لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی بێ بەرامبەر بکەن، ئەم کارەشیان، بەکارێکی پیرۆزیان دادەنا.

دیارە پێشتر لۆتەر لەناخی خۆیدا گومانی لەبارەی فرۆشتنی چەکی غوفران پەیدا کرد بوو، ئەو لەو باوەڕەدابوو، کە تەنها خودای مەزن دەسەڵاتی لێخۆشبوون و بەخشندەیی هەیە و هیچ کەسێکی تر مافی ئەوەی نییە بەناوی خوداوە ئەم کارە بکات. ئەوەبوو لە ٣١ ئۆکتۆبەر ١٥١٧ نامەیەکی بۆ قەشە ئەلبێرت ماینزی کە قەشەی باڵای شار بوو نارد، لەو نامەیەدا ناڕەزایی خۆی دەربری بەوەی کە قەشە ئەلبێرت چەکی غوفرانی پاپاویی فرۆشتووە. لە نامەکەیدا مارتین لۆتەر ناڕەزایی لەم کارە دەربڕیی و جگەلەوەش، نوسخەیەکی لە کتێبە بەناوبانگەکەی کەبە «پرەنسیبە (٩٥) بەندەکە» ناسراوە بۆ نارد. [٥٣]

لەنامەکەیدا لۆتەر لە قەشە ئەلبێرت دەپرسێت: بۆچی پاپای فاتیکان دەیەوێت لە رێگەی پارەی خەڵکی هەژارو دەستکورتەوە کڵێسای قەدیس بوتروس نۆژەن بکاتەوە؟!، ئەی باشە بۆچی ناچێت لە پارەی خۆی یان پارەی فاتیکان ئەو کارە بکات؟!

دیارە خۆی لەخۆیدا ئەم پرسیارە کوفرێکی گەورە بووە لەوکاتەدا،

٥٣ Jahre_Reformation__Luther_und_die_Revolutionaere_٥٠٠/www.ard.de/home/wissen/

هەربۆیە تەواوی پیاوانی ئایینی لەم کارەو لەم پرسیارەی لۆتەر تووڕە دەبن. ئیتر لێرەوە سەرەتای راپەڕینی لۆتەر دەستپێدەکات و لەهەمانکاتیشدا غەزەبی پاپا و پیاوانی ئایینی لەناو ئەڵمانیا و دواتریش ئەوروپا، سەرهەڵدەدا و رووبەروی کێشەی گەورە دەبێتەوە[٥٤] .

کتێبی ٩٥ بەندەکە

لۆتەر لە ساڵی ١٥١٧ دا لە هەموو رووبەکەوە تەواو کامڵ بوو بوو، لێرەشەوە هەوڵیدا بۆچوون و گومانەکانی هەمووی کۆبکاتەوە لە کتێبە بەناوبانگەکەی دا کە لە ٩٥ بەند پێکدێت و باس لە ئایینی مەسیحیی و زانستی لاهوت دەکات، هەروەها ڕەخنە تونەدکانی خۆی ئاڕاستەی دەسەڵاتی پاپایی و کڵێسای ئەوکاتە بکات.

ئەمە یەکەم هەنگاوی لۆتەر بوو بۆ دەرچوونی لە قۆناغێکی پڕ لە گومان و دوودڵی، بۆ قۆناغێکی تر کە ژیانی بەرەو ئاڵۆزیی و نارەحەتی دژواریی برد.

کۆبوونەوەی شاری فۆرمز

دیارە ڕەخنەگرتن لە کڵێسا و پاپا و پیاوانی ئایینی لە سەدەکانی ناڤیندا، یەکێک بووە لە کوفرە هەرە گەورەکان و زۆرجاریش مرۆڤەکانیان لەسەر سووتاندووە، لێ مارتین لۆتەر بە حوکمی ئەوەی زانایەکی گەورە بووە، هێندە سزای تونديان نەداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووبەروی ئاڵۆزکاریی گەورە دەبێتەوە.

لەسەر داوای خۆی، لە ساڵی ١٥٢١ دا لە شاری فۆرمز، داوای بەستنی ئەنجومەنێک دەکات کە تێیدا کۆمەڵێک پیاوی ئایینی لەشاری فۆرمز و دەوروپشتی ئامادە دەبن، هەروەها قەیسەر کارڵی پێنچەمی ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆزیش ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت، تاوەکو

٥٤ Barbara Beuys.Luthers Glaube und seine Erben.Rowohlt Verlag. Hamburg ١٩٨٢.

تێزو بۆچوونەکانی خۆی بۆیان بەیان بکات، ئەم کۆبوونەوەیە لە دادگاییکردن نزیک بوو.، تاوەکو کۆبوونەوەی پیاوانی ئایینی [٥٥].

تەواوی پیاوانی ئایینی لەو کۆبوونەوەیەدا دژی لۆتەر دەوەستنەوەو دواتر وەکو کەسێکی (مورتەد، لادەر) دادەنرێت و لە کڵێسا دەریدەکەن، هەربەمەش وازی لێناهێنن و دواتریش شاربەدەری دەکەن، دواتر قەیسەر بڕیار دەدات کە مارتین لۆتەر لە قەڵای فۆرتینبێرگ دەستبەسەر بکات.

لێ ئەم زیندان و دەستبەسەرکردنە بەخێر بۆ خۆیی و مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، چونکە لێرەوە هێندەی تر کاتی زیاتری دەستدەکەوێت، تاوەکو هەنگاوی گەورەتر بنێت.

یەکەمین ئینجیل بە زمانی ئەڵمانی

لە ساڵی ١٥٢١ کاتێک لە قەڵای فۆرتینبێرگ دەستبەسەر دەکرێت، لەم قەڵایەدا داهێنانێکی ئێجگار گەورە دەکات، ئەوەش وەرگێڕانی کتێبی پیرۆزی ئینجیل لە زمانی لاتینییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی، ئەمەش یەکەمجارە کارێکی لەوجۆرە بکرێت[٥٦] .

جێگەی ئاماژەیە پێشتر لە تەواوی جیهاندا، ئینجیل تەنها بە زمانی لاتینی بڵاودەکرایەوە، زمانی لاتینیش، زمانی نووسین و نوخبەی رۆشنفکری ئەوروپا بوو. هەروەها وەرگێڕانی کتێبی ئینجیلی پیرۆزیش، بەکارێکی کوفر دادەنرا، پێشتر لە سەدەی سیانزەدا لەئینگیلتەرا هەوڵێکی لەمجۆرە درا، بەڵام هەر زوو شکستی هێنا[٥٧] .

ئەمەش چ لە رووی ئایینی و فکریی و ئەدەبی و زمانیشەوە، دەبێتە گەورەترین شۆڕش، چونکە لێرەوە ئیتر زمانە لۆکاڵییەکان برەویان پێدەدرێت و جێگە بە زمانی لاتینی لەق دەکەن و زمانی ئەڵمانیش

٥٥ هەمان سەرچاوە

٥٦ مارتن لوثر، الإصلاحي. سایتی.www.deutschland.de/ar

٥٧ هاشم صالح.من الإصلاح الديني إلى التنوير الفلسفي. رۆژنامەی «شرق الاوسط» الجمعة – ١٥ ذو الحجة ١٤٣٥ هـ – ١٠ أكتوبر ٢٠١٤ مـ رقم العدد [١٣١٠٠]

بەمشێوەیە لەدایک دەبێت.

داهێنانی ئامێری چاپ

زۆرکەس لە مێژوونوسانی جیهان، هۆکاری سەرکەوتنی پەیامەکەی مارتین لوتەر دەگەڕێننەوە بۆ داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن زانای ناسراویی ئەڵمانی گوتینبێرگ، چونکە لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە ئیتر توانرا کتێب نووسخەی زیاتری لێ چاپ بکرێت.

لەوکاتەدا کتێبەکەی مارتین لوتەر لە ئەڵمانیادا، زیاتر لە ٦٠ هەزار دانەی لێفرۆشرا، هەروەها کتێبەکانی تریشی، لە ڕێگەی ئامێری چاپەوە، زیاتر بڵاوکرایەوەو بووە هۆی ئەوەی کە پەیامەکەی باشتر بەناو ئەڵمانیا و ئەوروپادا بڵاوبێتەوە. ئەمەش یەکەمجارە کە داهێنانی تەکنیکی خزمەتی داهێنانی ڕۆحیی و فکری بکات[٥٨] .

بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی

بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی لە سەدەکانی ناڤینەوە لەناو کڵێساکانی ئەوروپادا پەیدا بوو، سەرەتای ئەم بزووتنەوانەش بە گومان و پرسیارکردن بوو لە بارەی دەسەڵاتی پاپا و دەسەڵاتی خودا دەستیپێکرد، دواتریش دروستبوونی چەکی غوفران ئەم پرسیار و گومانانەی زیاتر کرد. لە ئەوروپادا تێزەکانی لوتەر بەسەر وڵاتانی «ئەڵمانیا و ئەسکەندەنڤیا و دەوڵەتانی بەلتیق و هۆڵەندا» زاڵبوو. «لە سویسرا و فەرەنسا و تارادەیەکیش بەریتانی» تێزەکانی قەشەی ریفۆرمخوازی فەرەنسی یوهانس کالڤین زاڵبوو، کە دواتریش تەوژمی ئەم بزووتنەوەیەوە گەیشتە باکووری ئەمریکا.

ئەم بزووتنەوە ئایینیە ریفۆرمخوازانە هەموویان دژی دەسەڵاتی پاپا و چەکی غوفران وەستانەوە، لەهەمانکاتیشدا پێیان وابوو، کە لە نێوان

٥٨ هەمان سەرچاوە

عەبد (بەند) و خودادا هیچ کەسێکی تر نییە و مرۆڤ دەتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ خودای خۆی بدوێت و هەر خوداش لەکارو چالاکییەکانی مرۆڤ بەرپرسە. هەروەها پێیان وابوو، مرۆڤ لە رێگەی کاری چاکەوە، دەتوانێت بەخشندەیی خودای دەستبکەوێت، نەک لە رێگەی چەکی غوفران و پیاوە ئایینیەکانەوە. جگە لە وەستانەوە بەرامبەر هەندێک سروتی ئەو سەردەمە کە بریتیی بوو لە زیارەتکردنی قەبری پیاوە ئاینییەکان. هەروەها پرۆتستانتەکان تەنها ئینجیلیان بە مەرجەعی ئایینی مەسیحی دادەنا و دژی دەسەڵاتی پاپا و فاتیکان وەستانەوە[٥٩] .

هەموو ئەمانەش ئاگرێکی گەورەی لەناو کۆمەڵی ئەوروپیدا دروستکرد. ئەم بیروبۆچوونانە بەتایبەتی کتێبەکانی لۆتەر لەسەرووهەموشیەوە، (٩٥) تێزەکەی، لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا بەناوتەواوی ئەوروپادا بڵاوبوویەوە، هەرئەمەش وایکرد لە پاش سەد ساڵ لە بڵاوبونەوەی تێزەکانی لۆتەر، لە ساڵی ١٦١٨ تاوەکو ١٦٤٨، جەنگێکی خوێناوی سی ساڵە لە تەواوی ئەوروپادا لە نێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان سەرهەڵبدات و ئەم جەنگەش بووە هۆی کوژرانی ملیۆنان کەس و وێران بوون و سوتاندنی سەدان شارو گوند. لێ دواتر لە ساڵی ١٦٤٨ جەنگەکە کۆتایی پێهات و لێرەشەوە لێبوردەیی ئایینی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا.

بۆچوونەکانی مارتین لۆتەر

ئەوەی وایکردووە کە مارتین لۆتەر کینگ بە مەزنی بمێنێتەوە، بۆچوونە فکریی و ئایینی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانیەتی، کە توانی گەورەترین شۆڕشی فکریی و ئایینی لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دروستبکات، کە دواتر کاریگەری گەورەی بەسەر تەواوی جیهانەوە هەبووە.

گەورەترین شۆڕشی فکری ئایینی کە مارتین لۆتەر کردی، بریتییە

٥٩ Luther der Große. /www.faz.net

لە وەستانەوەو دژایەتیکردنی فرۆشتنی چەکی غوفران لەلایەن کڵێساوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا لەو سەردەمەدا وەکو کوفرێکی گەورە سەیر دەکرا، چونکە هەر دژایەتییکردن یان رەتکردنەوەی شتێکی لەو جۆرە لەلایەن خەڵکی، مایەی قبووڵکردن نەبوو، بگرە تەواوی خەڵکی لە رێگەی ئەو چەکانەوە، دڵیان بەوەخۆشبوو کە ئەوان دەچنە بەهەشتەوە.

خاڵێکی گرنگی تر وەستانەوەو داژیەتیکردنی دەسەڵاتی رەهای پاپای فاتیکان و قەشەکانی بوو. لە پاش بڵاوبونەوەی مەسیحییەت لە ئەوروپادا و دروستبوونی دەسەڵاتی پاپا لە رۆما، تەواوی کۆمەڵگەی ئەوروپی بە مەلیک و ئیمپراتۆر تاوەکو خەڵکی جووتیارو کۆیلەکان، هەرهەموویان لەژێر فەرمانی پاپای رۆمادا بوون. هیچ کەسێک نەیدەتوانی دژی فەرمانەکانی بوەستێتەوە. لێ کاتێک مارتین لۆتەر هات، تەواوی ئەو دەسەڵاتەی رەتکردەوەو رایگەیاند: لە نێوان مرۆڤ و خودادا، هیچ لایەنێکی سێهەم نییە و مرۆڤی مەسیحی دەتوانێت لە رێگەی خودا پەرستییەوە بە ئامانجی خۆی بگات و چارەنوسی خۆی دیاریبکات. ئەمەش چ لە رووی ئایینی و چ لە رووی فکریی و عەقڵییەوە، لەو سەردەمەدا گەورەترین شۆڕش بووە[٦٠] .

بیرمەندی ناسراوی عەرەبی (هاشم سالح) لەبارەی لۆتەرەوە دەڵێت: مارتین لۆتەر دژی دەسەڵاتی ڕەهاو پیرۆزی پاپا و کڵێسا و پیاوانی ئایینی وەستایەوە، تەنها دانی بە دەسەڵاتی ڕەها و پیرۆزی خودا دانا و ئەوانی تری ڕەتکردەوە.

لۆتەر گوتی: دەستبکەن بە پشکنین و لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو توراسێکی کڵێسایی، تەنها توراسە چاکەکان قبووڵ بکەن، واتە: ئەوانەی کە لەگەڵ ووتە و فەرمایشتەکانی خودا یەکدەگرنەوە.

بە واتایەکی تر هیچ یاساییەکی ئایینی نامانبەستێتەوە بە فەرمان و فەرمایشتەکانی پاپاوە، واتە مەسیحیەکان مافی ئەوەیان هەیە کە

٦٠ ٥٠٠ سنة على انشقاق مارتن لوثر عن الكنيسة الكاثوليكية.رۆژنامەی النهاری لوبنانی: newspaper.annahar.com

هەموو فەتوایەکی کڵێسای پاپاوی ڕەتبکەنەوە، گەر بزانن ئەو فەتوایە هیچ پەیوەندی بە ڕۆحی ئینجیلەوە نییە[٦١]

هەرلەبەرئەوە لۆتەر هەموو نوێنەرایەتییکردنی پیاوانی ئایینی بەسەر خەڵکەوە ڕەتکردەوە یان بە شێوەیەکی تر، هەموو شێوە واسیتەکردنی نێوان مرۆڤی مەسیحی و خودا ڕەتکردەوە، کە زیاتر پیاوانی ئایینی دەیانوسیت خۆیان وەکو پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤی مەسیحی و خودا دابنێن، بەڵام لۆتەر دژی ئەمە وەستایەوە. بگرە لۆتەر پێی وابوو، کە هەموو مەسیحییەک بۆ خۆی «پیاوێکی ئایینیە» هەروەها ئەو کەسە دەتوانێت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خودای پەروەردگارەوە بکات، بە بێ ئەوەی پێویستی بە واسیتەکردن و پردی پەیوەندی هەبێت [٦٢].

هەروەها کەسێکی مەسیحی بۆ خۆی دەتوانێت، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کتێبی ئینجیلی پیرۆز بخوێنێتەوەو هیچ مەرجیش نییە کە دەبێت سەردانی پیاوێکی ئایینی بکات، هەتاوەکو فێری بکات و شرۆڤەی ئایەتەکانی بۆ بکات، یان پرس بە پیاوانی ئایینی بکات، ئینجا کتێبی ئینجیل بخوێنێتەوە. ئەو (واتە مرۆڤ) وەکو ئەوان (پیاوانی ئایینی) مەسیحییە و هەمان پلە و پایەشی لای خودا هەیە، بگرە ڕەنگە لەوانیش باشتر و شەریفتریش بێت.

بەمشێوەیە لۆتەر هەموو پلە هەرەمییەکانی ناو کڵێسای کاتۆلیکی لە پاپا سەندەوە و پاشانیش هێنایە خوارەوە. هەربەمشێوەیەش گەورەترین زلەی تۆندی لە ملهووڕیی و دواکەوتوویی کڵێسا وەشاند و کۆتایی بە بازرگانیکردن بە ئیمان و چەکی غوفران هێنا، کە لەو کاتەدا پیاوانی ئایینی دەستکەوتی زۆریان لەم بازرگانییە وەردەگرت[٦٣] .

---

٦١ هاشم صالح.من الإصلاح الديني إلى التنوير الفلسفي. ڕۆژنامەی «شرق الاوسط» الجمعة – ١٥ ذو الحجة ١٤٣٥ هـ – ١٠ أكتوبر ٢٠١٤ مـ رقم العدد [١٣١٠٠]

٦٢ هەمان سەرچاوە.

٦٣ هەمان سەرچاوە.

پرسی ژن

خاڵێکی گرنگی تر ئەویش پرسی ژنهێنان بوو. هەتاوەکو مارتین لۆتەر نەهات، دەبوایە قەشەکان هەموویان ڕەبەن بوونایە و دژی فکرەی ژنهێنان یان ژنانی پاکیزە دەبوایە بە پاکیزەیی بمانایەتەوە، لێ مارتین لۆتەر دژی ئەمە وەستایەوەو ساڵی ١٥٢٥ لەگەڵ ژنە پاکیزە (کاترین ڤۆن بورا) خێزانی دورستکرد. ئەمەش بووە سەرەتای جیاکردنەوەی قەشەی پرۆتستان و کاتۆلیکی، چونکە کاتۆلیکەکان بەتوندی دژی شووکردنی پاکیزەکان و ژنهێنانی قەشەکانن[٦٤] .

جێگەی ئاماژەیە لۆتەر لەمەشدا شۆڕشێکی گەورەی کرد، چونکە لە ڕووی فکرییەوە ئەوەی سەلماند، کە هیچ کەسێک ناتوانێت بەبێ سێکس بژی تەنانەت کەسە ئاینییەکانیش. لەلایەکی ترەوە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی ئەوەی کە قەشەکان ڕەبەنن و ژن ناهێن، زۆرجار حاڵەتی دەستدرێژیی و پەلاماردانی کوڕە منداڵەکان دەدەن لەناو کڵێسادا، هەرئەمەش بووتە مایەی نیگەرانی بۆ کڵێسای کاتۆلیکی لەجیهاندا و ساڵانەی چەندین سکاندالی لەمجۆرە لەناو کڵێساکاندا ڕوو دەدات. هەربۆیە ئەمەش بە خاڵێکی جوان و گرنگی تری پەیامەکەی لۆتەر دادەنرێت.

کاریگەریی لۆتەر بەسەر ئەدەب و هونەری ئەوروپییەوە

دیارە مارتین لۆتەر لە بارەی هونەرەوە بەتایبەتی ڕازاندنەوەی کڵێساکان بە وێنە و تابلۆی هەمەڕەنگ بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی هەبوو، ئەو دژی ئەم دیاردەیە بوو، هەربۆیە هەتاوەکو ئەمڕۆش کڵێساکانی پرۆتستانەکان بەپێچەوانەی کڵێسا کاتۆلیک و ئەرتەدۆکسەکانەوە، دژی

---

٦٤ de.www.luther٢٠١٧

رازاندەوەی کڵێساکانن، بگرە زیاتر قاڵبێکی ئاسایی لەخۆدەگرێت. بۆیە زۆرکەس لۆتەریان بەدوژمنی هونەری تابلۆکێشان وەسفکرد.

بەڵام لەرووی هونەری گۆرانی ئایینییەوە، مارتین لۆتەر شۆڕشێکی گەورەی خوڵقاندوە، چونکە دەیان ئاوازی بۆ گۆرانی ئایینی داناوە، ئەمەش لە رووی هونەرییەوە شۆڕشێک بووە لەگۆرانی ئایینی کەلەو کاتەدا کراوە[٦٥] .

لەلایەکی ترەوە لۆتەر کاریگەری گەورەی بەسەر لایەنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی ئەڵمانییەوە هەیە، چونکە کاتێک ئینجیل کرا بە زمانی ئەڵمانی، ئیتر لێرەوە زمانی ئەڵمانی پێشکەوت و گەشەیکرد و لەژێر هەژموونی زمانی لاتینی رزگاریی بوو، هەروەها بووە زمانی ئەدەب و فکر و هونەر و زمانی فەرمی وڵات و خوێندن و پەروەردە. هەربۆیە لەمەشدا لۆتەر شۆڕشێکی گەورەی لە رووی زمان و فەرهەنگی ئەڵمانیی و ئەوروپیشدا کرد، چونکە نەک زمانی ئەڵمانی، بگرە تەواوی زمانەکانی ئەورووپا لەژێر هەژموونی زمانی لاتینی رزگاریان بوو، لەهەمانکاتیشدا گەشەی گەورەیان بەخۆوە بینی و پێشکەوتن.

کاریگەریی لۆتەر بەسەر فکری ئەڵمانیی و ئەوروپییەوە

هەموو مێژووناسان و بیرمەندانی جیهان لەسەر ئەوە کۆکن، گەر ریفۆرمی ئایینی لە ئەوروپادا نەکرایە، ئەوا بە هیچ شێوەیەک رێنیسانس سەری هەڵنەدەداو دواتریش شۆڕشی فکری لەدایک نەدەبوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە پێش ئەوەی فەیلەسوفانی قۆناغی رێنیسانس لەسەروو هەمووشیانەوە» دیکارت، سپینۆزا، رۆسو، ڤۆلتێر و لۆک و کانت، هیگل» دەستبکەن بە شرۆڤەکردنی جیهان و پەیوەندیی مرۆڤ بەسروشتەوە، لە سەدەکانی ناڤین، مارتین لۆتەر سەرەتا دەستیکرد بە رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی پاپایی، کە هەتاوەکو دەسەڵاتی پاپای فاتیکان

٦٥ هەمان سەرچاوە

نەخرایە ژێر گومانەوە، نەتوانرا، رەخنە لە دەسەڵاتەکانی تر بگیرێت.

لەم بوارەشدا کتێبەکانی مارتین لۆتەر بەتایبەتی کتێبی «ئازادی مرۆڤی مەسیحی» کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر فکری ئەوروپیی بەتایبەتی لە رووی ئازادیی سیاسیی و فکریی و ئایینییەوە. بگرە زۆرێک لە مێژوونوسان ئەم کتێبە بەسەرەتای بڵاوبونەوەی فکری ئازادی سیاسیی وئایینی دادەنێن[٦٦] .

لە لایەکی ترەوە لۆتەر زۆر دژی توندڕەویی ئایینی بووە لەهەمانکاتیشدا داوای لێبوردەیی و فکری ئازادی ئایینی کردووە. هەربۆیە دیسانەوە فکری ئازادیی سیاسیی و ئایینی و لێبوردەیی دەگەڕێتەوە بۆ لۆتەر، کە دواتر بووە یەکێک لە بنەماکانی فکری مۆدێرنی ئەوروپا، هەروەک ئەنجیلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا لەپاش سوپاسکردنی لۆتەر، رایگەیاند: ئەمڕۆ فکری لێبوردەیی بۆتە رۆحی ئەوروپا.

لەلایەکی ترەوە کاریگەریی گەورەی بەسەر بڵاوبوونەوەی فکری ئازادی هەبووە، هەروەک هاشم سالّح دەڵێت: ئامانجی یەکەمین پرۆسەی ئازادی ئەوە بوو، کە مەسیحیەت لە بیروباوەڕی خراپ و خورافات پاک بکاتەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی گشتی ئایین دەربچێت، هەرلەبەرئەمەشە ناویان لەم پرۆسەیە نا (پرۆسەی ڕیفۆرمی ئایینی) بەڵام پرۆسەی دووەمی ئازادی کە خۆی لە فەلسەفەی ڕۆشنگەریی دەبینێتەوە، خۆی لە مەسیحیەت ڕزگارکرد و سەربەخۆیی فەلسەفی ڕاگەیاند و لە لاهووتی مەسیحی خۆی جیاکردەوە .[٦٧]

---

٦٦ Luther der Große. /www.faz.net

٦٧ هاشم صالح.من الإصلاح الديني إلى التنوير الفلسفي. ڕۆژنامەی «شرق الاوسط» الجمعة – ١٥ ذو الحجة ١٤٣٥ هـ – ١٠ أكتوبر ٢٠١٤ مـ رقم العدد [١٣١٠٠]

لێبوردەیی و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت

لەلایەکی تردەوە زۆرێک لە نووسەران و مێژوونوسان و بیرمەندان، تێزەکانی مارتین لۆتەر و ریفۆرمەکانی، بەسەرەتای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی دادەنێن، ئەو بە یەکەم کەس دادەنێن کە داوای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایینی کردبێت. پێشتر جۆرێک تەزاوج لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی پاپای فاتیکان هەبوو، لێ کاتێک لۆتەر دژی دەسەڵاتی فاتیکان وەستایەوە، وایکرد کە دەسەڵاتی ئایینی لەناو ئەو شوێنانەی کە مەزهەبی پرۆتستانن هەڵبژاردووە، کەمتر بێت. لێرەشەوە ئیتر فکرەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین لە ئەوروپادا سەریهەڵداوە و دواتریش بەناو تەواوی جیهاندا بڵاوبۆوە.

لۆتەر و گەلی جوو

یەکێک لەو رەخنانەی کە ئاڕاستەی مارتن لۆتەر دەکرێت ئەوەیە کە دژی گەلی جووەکان بووە، هەرچەندە سەرەتا دۆستیان بووە، بەڵام دواتر دژیان دەوەستێتەوەو هەمان فکری ناحەزی کاتۆلیکی بەرامبەر بە جووەکان هەبووە. بگرە سەرەتا ئەو داوای لەناوبردنی تەواوی جووی ئەڵمانیا کردووە، واتە پێش هیتلەر داوای لەناوبردنی جووی ئەوروپای کردووە.

لە ساڵی ١٥٤٠ واتە بە شەش ساڵ پێش مردنی لە وتارێکیدا بەمشێوەیە دژایەتی جووەکان دەکات :

«جووەکان کەسانی مشەخۆر و خائینن، هەربۆیە پێویستە سیناگۆگەکانیان «کڵێسا» ماڵ و قوتابخانەکانیان بسووتێنرێت و کۆمەڵگە، لێیان پاکبرێتەوە [٦٨]»

٦٨ Julia König. Judenfeindschaft von der Antike bis zur Neuzeit. www.bpb.de

واتـه مارتـن لۆتـەر بـه پێنـج سـەد پێـش هیتلـەر، داوای سـووتاندنی جووەکانی کردووە. ئەمـەش لـه کاتێکدا ئـەم کابرایـه چـرای رزگاریخوازیـی و عەدالـەت و دژایەتیکردنـی سـتەمی پاپایـی هەڵگـردووە. بەداخـەوە بۆچوونـی لەبـارەی جووەکانـەوە، یەکێکـه لـه خاڵـه دزێـو ناشـیرینەکانی فکـرو بەرهەمەکانـی لۆتـەر.

لۆتەر و سیستمی بازرگانیی و سەرمایەداریی

یەکێـک لـه جیاوازییـه بنەڕەتییەکانـی نێـوان کاتۆلیـک و پرۆتسـتانەکان ئەوەیـه، مەزهەبـی پرۆتسـتانت زۆر گرنگـی بـەکاری تایبەتـی مرۆڤـەکان دەدات و داواش لـه مرۆڤـەکان دەکات، سـوود لـه سـامانی سـەرزەویی و ژێـرزەوی وەربگـرن بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی، ئەمـەش بەکارێکـی چاکـەی دادەنێـت بـۆ مەسـیحییەکان، بەتایبەتـی لای کالڤینـەکان. بەپێچەوانـەی کاتۆلییکیەکانـەوە، زیاتـر دەیانەوێـت مرۆڤـەکان لـه خۆشـی ژیـان دووربخەنـەوەو گۆشـەگیربن. هەربۆیـه لـه زۆربـەی ئـەو ناوچانـەی کەسـەر بەمەزهەبی پرۆتسـتانت بـوون گەشـەیەکی ئابووریی و بازرگانی گـەورەی تێدا بەدیدەکرا، بەتایبەتـی لـه هۆڵەنـدا، کـه دواتـر بـووه بووکـی بازرگانی ئەوروپا و بەهێزترین ناوچـەی ئابووری جیهانی ئـەوکات بـووه. بـه پێچەوانـەوە وڵاتـه کاتۆلییکـەکان، لـه رووی بازرگانـی و ئابووریـەوە دواکەوتووبـون. هەربۆیـه زۆرێـک لـه فەیلەسـوفەکان، یەکێـک لـه خاڵەکانی بەهێزبوونـی سیسـتمی سـەرمایەداری، دەگەڕێننـەوە بـۆ بڵاوبوونـەوەی مەزهەبـی پرۆتسـتانتی، بەتایبەتـی «ماکـس ڤیبـەر»

تێڕوانینی ماکس ڤیبەر لەسەر لۆتەر

ماکس ڤیبەر(سـاڵی ١٨٦٤ لەدایک بـووەو سـاڵی ١٩٢٠ کۆچـی دوایـی) کـردووە. بـه یەکێـک لـه زانـا گەورەکانـی بـواری زانسـتی سۆسـیۆلۆگی دادەنرێـت و زۆرجاریـش بـه یەکێـک لـه دامەزرێنەرانـی ئـەم زانسـتەش

دادەنرێت. دیارە ئەم کەڵە فەیلەسوفە ئەڵمانییە، کۆمەڵێک کتێبی گرنگی لە بارەی فەلسەفە و ئابووریيەوە هەیە، لێ یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی «ئەخلاقی پڕۆتستانیی و ڕۆحی سەرمایەداری» کە لە ساڵی ١٩٠٥ چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە بە یەکێک لە سیما گرنگەکانی فکری ماکس ڤیبەر دادەنرێت .[٦٩]

ماکس ڤیبەر پێی وایە، پەیوەندییەکی ریشەیی لە نێوان مەزهەبی پڕۆتستانتیی و سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، دەشڵێت: بزووتنەوە ریفۆرمیستەکان لە بواری ئایینی و مەزهەبی پڕۆتستانتی، کاریگەری گەورەیان بەسەر بەهێزبوون و پێشکەوتنی سیستمی سەرمایداری لە ئەورووپادا هەیە. بەڵگەشی بۆئەمە ئەوەیە، مەزهەبی پڕۆتستانتی داوا لە مرۆڤەکان دەکات ڕێز لە کارکردن بگرن و هەوڵ بددەن لە ڕێگەی کارەکانیانەوە، لە خودا نزیک ببنەوە، هەروەها داوای ئاوەدانکردنەوەی زەوی دەکات بەتایبەتی مەزهەبی کالڤین. ئەمەش لەگەڵ ڕۆحی سیستمی سەرمایەداریدا دەگونجێت، چونکە لای سیستمی سەرمایەداری، کارکردن سەرچاوەی داهات و سوودە .[٧٠]

ڤیبەر پێی وایە، مەزهەبی پڕۆتستانتی زیاتر مەزهەبێکی دونیاییە و داوا لە مرۆڤ دەکات، کە خۆشی لە ژیانی ئێستا ببینن ئەوەش لە ڕێگەی کارکردنەوە، بە پێچەوانەی مەزهەبی کاتۆلیکییەوە، کە زیاتر داوا دەکات، مرۆڤەکان خۆشی ژیان هەڵیانەخەڵەتێنێت و زیاتر کار بۆ خوداپەرستی و ئەودونیا بکەن. واتە مەزهەبێکی «ئاخرەتە» بۆ ئەودونیا دەشێت نەک بۆ ئەم دونیا.

هەربۆیە ماکس ڤیبەر پێی وایە، گەر مەزهەبی پڕۆتستانی و ریفۆرمی ئایینی لە ئەورووپادا دروست نەبوایە، ئەوا سیستمی سەرمایەداریش سەرنەدەکەوت، بگرە ریفۆرمی ئایینی بە پێویستی ریشەیی سیستمی

---

٦٩ . www.zeno.org/Soziologie/M/max weber/

٧٠ Die protestantische Ethik und der Geist des Kapitalismus. Max Weber. c.h.beck verlag.2013

سەرمایەداری دادەنێت . [٧١]

بۆچی مارتین لۆتەر توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت؟!

دیارە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد پێش مارتین لۆتەریش چەندین بزووتنەوەی تر لە ئەورووپادا هەوڵی ریفۆرمخوازیان لەبواری ئایینیدا دەدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبون. بەڵام ئەوەی کەوایکرد مارتین لۆتەر سەرکەوێت، کۆمەڵێک فاکتەری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وتەکنیکی بوون.

پێش هەموو شتێک دەتوانین بڵێین، دۆزینەوەی ئامێری چاپ، گەورەترین سوودی بە بزووتنەوە ریفۆرمخوازییەکەی لۆتەر گەیاند، چونکە توانی کتێبەکانی بە ڕێژەیەکی زیاتر چاپ و بڵاوبکاتەوە، چونکە پێشتر کتێب بەشێوەی دەستنووس هەبوو.

لە لایەکی ترەوە زۆرێک لەمیر و میرزادەکانی ئەورووپا، لە ناخیاندا دژی دەسەڵاتی ڕەهای پاپا بوون، ئەوانیش زۆریان نەیاندەویست بۆئەوەی ببنە مەلیک بگەڕێنەوە بۆ ڕۆما، بگرە دەیانویست هەموو دەسەڵاتەکان لەلای خۆیان بێت، کاتێک پیاوێکی ئایینیش لەناو دەزگای ئایینی مەسیحیدا دەربکەوێت و بیەوێت کۆتایی بەدەسەڵاتی پاپا بهێنێت، ئەمە تاڕادەیەکی باش وەکو بیتاقە وابوو بۆیان دەرچووبێت، هەربۆیە لە زۆر شوێندا، میرەکان و پیاوە ئایینەکانی سەر بە مەزهەبی پرۆتستانی، دژی پاپا ڕاپەڕین .[٧٢]

لە لایەکی ترەوە لەوکاتەدا کیشوەری ئەورووپا بەهۆی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی و بەتایبەتی تالانکردنی کیشوەری ئەمریکا بە هەردوو بەشەکەیەوە وایکرد، سامانێکی زۆر بکەوێتە ئەورووپاوە، ئەمەش چینێکی بازرگانی گەورەی لێدروستبوو، زۆربەشیان پێشوازییان لە بۆچوونەکانی

٧١ هەمان سەرچاوە

٧٢ هاشم صالح.من الإصلاح الديني إلى التنوير الفلسفي. ڕۆژنامەی «شرق الاوسط» الجمعة – ١٥ ذو الحجة ١٤٣٥ هـ – ١٠ أكتوبر ٢٠١٤ مـ رقم العدد [١٣١٠٠]

لۆتەر کرد، چونکە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوانی دەکرد.

لە رووی کۆمەڵایەتییشەوە، کۆمەڵگەی ئەوروپا بەتایبەتی چینی هەژاران و جووتیاران، زۆر لە حاڵەتێکی خراپدا دەژیان، بۆچوونەکانی لۆتەریان بەکارهێنا، تاوەکو کۆتایی بەو وەزعە خراپەی خۆیان بیهێنن و ڕۆش و ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی کڵێسا و میرەکان بکەن، هەرچەندە لە جەنگی جووتیاراندا، لۆتەر دژیان وەستایەوە، چونکە ئەو لەگەڵ خۆێن ڕشتندا نەبوو.

هەموو ئەمانە بوونەهۆی ئەوەی کە سوود بە بزووتنەوەی مارتین لۆتەر و مەزهەبی پرۆتستانی بگەینن .[٧٣]

کاریگەریی بەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمانیاوە

ئەمڕۆ تەواوی ئەڵمانییەکان بەچاوی ڕێزو حورمەتەوە سەیری ئەم پیاوە دەکەن و بە یەکێک لە پیاوە گەورەکانی ئەڵمانیای دادەنێن. مارتن لۆتەر لە دوولاوە سوودی گەورەی گەیاند بە ئەڵمانیا، یەکەم لە رووی زمانەوە، چونکە ئەو یەکەمین کەس بووە کە کتێبی بەزمانی ئەڵمانی نوسیوە، لێرەوە ئیتر ئەڵمانەکان توانیان بەزمانی خۆیان بنووسن، چونکە پێشتر نوخبەی ڕۆشنفکری ئەڵمانی، بە چاوی کەمەوە سەیری زمانەکەیان خۆیان دەکردو هەر بەلاتینی دەیانووسی.

دووەم شتیش لە رووی سیاسیی و فکریەوە، مارتن لۆتەر بە دژایەتییکردنی دەسەڵاتی پاپا، جارێکی تر دەسەڵاتی ناوچەیی بۆ میرەکانی ئەڵمانیا زیادکرد، هەروەها لە رووی فکریشەوە، لۆتەر توانی بۆچوونی ڕەخنەگرانە لەناو مێشکی ئەڵمانەکان بچێنێت و بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ژیان بکەن، ئەمەش سەرەتایەکی باشبوو بۆ لەدایکبوونی سەدان فەیلەسوفی ئەڵمانی.

---

٧٣ هەمان سەرچاوە

دەرئەنجام

دەتوانین بڵێین، مارتین لۆتەر شۆڕشگێرێکی گەورە بووە لە بەرگی ریفۆرمخوازێکدا، چونکە ئەو کارانەی کە ئەو لەوکاتەدا کردوویەتی، شۆڕشێکی گەورە بووە. هەرلەبەرئەمەشە هەموو جیهان، بەچاوی رێزەوە سەیری ئەم پیاوە دەکەن.

بەدڵنییایەوە مارتن لۆتەر تەنها زانایەکی ئایینی نەبوو، هەروەها تەنها رابەرایەتی ریفۆرمی ئایینی نەکردووە، بگرە کاریگەریی گەورەی بەسەر فکر و سیاسەت و فەرهەنگ و فەلسەفەی ئەوروپا و جیهان هەبووە، هەربۆیە زۆرکەس لەو باوەڕەدان کە ریفۆرمی ئایینی بەردی بناغەی بۆ قۆناغی رێنیسانس و رۆشنگەریی ئەوروپی داناوە و هەرئەمەش وایکرد کە رێگا بۆ کۆمەڵێک فەیلەسوفی ئەوروپی خۆشبکات، تاوەکو بتوانن شۆڕشێکی گەورەی فکریی و سیاسی دروست بکەن، لەپێش هەمووشیانەوە دیکارت و دیدرۆ و رۆسۆ و ڤۆلتێر، کە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرنی فەرەنسی و جیهان دادەنرێن.

فەلسەفەی مۆدێرنی ئەوروپا

دیکارت باوکی فەلسەفەی مۆدێرن

Ren Descartes ڕێنە دیکارت فەیلەسوف و زانای ماتماتیک و فیزیاییەکی فەرەنسی بوو. لە ٣١ مارتی ١٥٩٦ لەدایک بووەو لە ١١ ڤێبریوەری ١٦٥٠ کۆچی دوایی کردووە. دیکارت بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن و عەقڵانیەت دادەنرێت. تێزە گرنگەکانی لە بارەی فکر و فەلسەفەوە بە بەردی بناغەی فەلسەفە دادەنرێت و هەتاوەکو ئەمڕۆش لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێت، بەتایبەتی کتێبە گرنگەکەی «تێڕامانەکان لە بارەی فەلسەفەوە «کە لە ساڵی ١٦٤١ چاپ و

بڵاوبکردەوە.

بۆیە کاتێک کە باسی فەلسەفەی مۆدێرن و عەقڵانییەت دەکەین، گەر باسی دیکارت نەکەین، ئەوا باسەکە تەواو نابێت، چونکە ئەو بە پێشەنگی ئەو فەلسەفەیە دادەنرێت. بە گومانەکانی لە عەقڵ و فکری کۆن بەتایبەتی سەدەکانی ناڤین، فکر و فەلسەفەی جیهانی پێش خست. هەتاوەکو ئێستاش وتە بەناوبانگەکەی «من بیردەکەمەوە کەواتە هەم «بە یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی فکر و فەلسەفەی جیهان دادەنرێت.

بیرمەندی عەرەبی هاشم سالح، لەم وتارەیدا، زۆر بە جوانی باسی ژیان و فکری ئەم کەڵە فەیلەسوفەی کردووەو کاریگەرییەکانی بەسەر فکر و فەیلەسوفانی پاش خۆی دەرخستووە. هەربۆیە پێم باشبوو بیکەمە کوردی و لەم کتێبەدا بڵاویبکەمەوە تاوەکو خوێنەری کورد، بەم فەیلەسوفە مەزنەی فەرەنسا و جیهان ئاشنابن.

دیکارت و شەڕێکی ترسناک لەگەڵ خودی خۆی

هاشم صالح [٧٤]

پێشتر وتمان پاش فرانسیسی بیکۆن، دووەمین مامۆستای خۆرئاوا دیکارتە، دیارە یەکەمینجار برادەرە پاریسییەکانی خۆی هەستیان بەم راستییە کرد، بەتایبەت پاش ئەوەی چەند سیمایەکی گەورەی بلیمەتییان تێدا بەدیکرد. هەربۆیە یەکێک لە هاوەڵەکانی پێی ووت :

(ئێمە هەموومان پشت بە تۆ دەبەستین، بۆ ئەوەی پرۆژەکەی بیکۆن تەواو بکەیت و جێگەی ئەو بگریتەوەو ڕێگەی ڕاست پیشانی کۆمەڵگەی ئەوروپی بدەیت)

هەروەها ئامۆژگاریان کرد کە زۆر ئاگای لەخۆی بێت و بگرە باشترە کە وڵات بەجێبهێڵێت چونکە دڵنییان کە پاشتر ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە کەسێک کە خاوەنی ئەو هەموو زیرەکی وبلیمەتییە بێت، ناتوانێت بە ئاسوودەیی لێرە بژی. درەنگ یان زوو کەشفی دەکەن و دەستدەکەن بە گێچەڵکردن پێی. دواتریش ناچار دەبێت لەگەڵ باوەڕی زۆرینە کە هێزە دەسەڵاتدارەکان پشتگیری دەکەن، بکەوێتە شەڕێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆوە.

ئەویش هەر ئەمەی کرد کە ئەوان پێیان ووت، زۆربەی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵاتە ئەسڵیەکەی خۆی کە «فەرەنسا»یە بەسەربرد، چونکە ئەوکات وڵاتێکی کاتۆلیکی و ملهوری ئوسوڵی بوو. فەرەنسا بەهیچ شێوەیەک وەکوو هۆڵەندا و وڵاتانی باکووری ئەوروپا کە زۆربەیان پرۆتستانت بوون، باوەڕی بە ئازادی بیروڕا نەبوو.

---

٧٤ دیکارت و معرکة خطرة مع الذات. هاشم صالح. سایتی الاوان.

مەزنی دیکارت لە کوێدایە ؟

مەزنی دیکارت لەوەدایە کە توانی شەڕێکی گەورە لەگەڵ خودی خۆی بکات، بەم شێوەیەش گەورە بوو و لەشەڕەکەش سەرکەتوو بوو.! خەڵکانێکی زۆر هەر لەهەمان ڕێگەی ئەودا گووم دەبن و ناگەنە هیچ ئەنجامێک. ئاخر هەموو کاتێک بەسەلامەتی گۆزەکە ناگەڕێتەوە.

بەڵێ ئەو پێش ئەوەی شەڕ لەگەڵ جیهانی دەرەوەی سەدە ناوەڕاستیی و یەقینیە سەپاوەکاندا بکات، توانی بەئازاترین شێوە، گەورەترین شەڕ لەگەڵ خودی خۆی بکات. ئەو توانی پاش گومانێکی زۆر و بێ سنوور کە خەریک بوو لەناوی بەرێت و بەتەواوەتی مێشکی لەدەستبدات، بگاتە «یەقینێکی سارد». بەمانایەکی تر، ئەو کەسەی کە بنەڕەتی عەقڵانیەتی مۆدێرنی دامەزراندن، لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا لە لێواری شێت بوون نزیک بووە.

کێ باوەڕ بەمە دەکات؟ ئەو خودی خۆی دانی پێدادەنێت، بەهۆی ئەو گومانە زۆرەوە، گومان ناخی وێرانکرد و زۆر ئازاری چەشت و بەرەو دۆزەخی گومانی برد، بەشێوەیەک خەریک بوو پێی خۆی لەسەر زەوی ڕانەگرێت. بەم شێوەیە سەیر دەکەین، کە دامەزرێنەری عەقڵانیەتی فەرەنسی و ئەوروپی بە گشتی، بەو شێوەی ئێمە بۆی دەچین، کەسێکی عەقڵانی نەبووە، بەڵکە لە هەندێک کاتدا، ئەگەری ئەوە هەبووە کەبەرەو سنووری شێتی بڕوات.

بەڵام لە دواییدا ساتدا توانی خۆی رزگار بکات، کاتێک راستی لەبەردەم چاویا دۆزیەوە.ئەو هەروەک عاشقێکی گەورە، هەموو ژیانی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بەخشیبوو. لەکۆتاییدا دیکارت گەیشتە جێ. گەیشتە سەر زەوی وشک، گەیشتە سەر کیشوەرێکی نوێ. ئای چەندە لەوکاتەدا دڵخۆش بوو، چەندە بە ئاسوودەیی هەناسەی هەڵمژی، چەندە سووپاسگوزاری خودای کرد(پێدەچێت لێشی ترسابێت)٢.

ئالـەم کاتـەدا ئینجـا زانـی، کـە ئـەو بەرپرسـە لـە سـەرۆکایەتییکردنی خۆرئـاوا و بـەرەو ڕێگـەی ڕزگاری بەرێت و کلیل و مەنهەجێکی ڕاستی پێدان، بۆئـەوەی لـەو تاریکییـە قوولّـە و سەرلێشـێواویە رزگاریـان بـکات. بـەم شـێوەیە وانەیەکی باشی پێداین دەربارەی پێویستییبوون بـەوەی کە شـەڕێکی گەورە لەگەڵ خودی خۆمان بکەین، هەرچەندە نرخی زۆریشمان دابێـت. لێـرەدا مەبەسـت لـە خـودی تـاک و خـودی کۆمـەڵ یـەک شـتە. ڕاسـتی هیـچ نییـە جگـە لـە ئەنجامگیـری ئـەم شـەڕە ناوخۆییـەی خـودی خۆمـان، وەحی(سـروش) بریتییـە لـە تەقینەوەیەکـی ناوخۆیـی، کـە هەمـوو نـاخ و دەروونمـان دەهەژێنێـت. لـێ دیـکارت وەکـو هەمـوو پەیامبەرێـک و فەیلەسـوفێکی گـەورە، هەسـتی کـرد کـە ئەمـەش وەکـو (وەحیـەک) لـە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوەو ڕزگارییکرد، هەربۆیـە سوپاسـی خـودای کـرد، بـۆ ئـەم دیاریـیە گرنگـەی کـە بەهیـچ شـێوەیەک بەهاکـەی ناپێورێـت.

بۆئـەوەی باشـتر لـە بۆچوونەکـەم تێبگـەن دەڵێـم : ئێمـە بەگشـتی حـەز دەکەیـن کـە خەڵکـی تـر بـە دواکەوتوویـی و تونـدڕەوی و تائیفـی ڕەگەزپەرسـتی و هەمەجـی، ، ، هتـد تاوانبـار بکەیـن، لـێ زۆر بەدەگمـەن خۆمـان بـەم تۆمەتانـە یـان بەشـێکی بچووکـی تۆمەتبـار دەکەیـن. بەدەگمەن بـە مێشـکماندا ئـەم پرسـیارە دێـت: چـی ڕوویـدەدا گـەر ئێمـە تائیفـی یـان ڕەگەزپەرسـت بیـن؟ چـی دەبێـت گـەر بڵێیـن پـەروەردەی ماڵەوەمـان، پـەروەردەی باوک و باپیرانمـان هەڵەیـە و پڕیەتـی لـە یەقینیاتی(باوەڕ)ی سـەپێنراو حوکمـی پێـش وەختـە ؟ هەمـوو ئـەم کەلتووڕە تەنها بە شـانوبالّی تائیفەکـەی خۆیـی و ڕق و کینـەی دژ بـە تائیفەکانـی تـر بڵاودەکاتـەوەو وا پیشـان دەدات کـە ئێمـە خاوەنـی ڕاسـتییەکی ڕەهایـن.

هێنـدە ئازانیـن کـە بتوانیـن ئـەم باسـە بکەیـن، چونکـە لەناخـەوە دەمانهەژێنێت و لەگـەڵ خودی خۆمـان لەگـەڵ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە لـە هـەر لەمندالّیـەوە ناخمانـی پڕکردووە و کـە خۆشەویسـترین شـتن لامـان، دەمانخاتـە شـەڕێکی گـەورەوە.

زۆر ئاسـانە کـە خەڵکـی تـر تاوانبـار بکەیـن، لـێ زۆر زەحمەتـە بتوانیـن

خۆمان تاوانبار بکەین، ئەم کارە زەحمەتەش دیکارت کردی. لە ساتێک لە ساتەکانی ژیاندا بڕیارێکی زۆر شێتانەی دا: ئەویش ئەوەبوو کە گومان لە هەموو ئەو فکرانەی پێشووی خۆی بکات، کە هەر لە ساواییەوە تا ئەو فکرانەی کە لەگەڵ خێزان و قوتابخانە و مامۆستاکانی فێر بووە. بڕیاریدا هەموو ئەو فکرانەی کە لە میشکیدان بە شێوەیەکی تەواوەتی بشواتەوە و پاشان کۆمەڵێک یەقینی نوێ لەسەر زەوی نوێ دابمەزرێنێت، زەویەک کە کۆمەڵێک کۆڵەکەی بەهێزی هەیە.

هەربۆیە هیگل وەسفی دەکات و دەڵێت :

(دیکارت پێشەنگ و پاڵەوانی فکر بوو)

هیگل باش دەیزانی چی دەڵێت، چونکە ئەو بۆ خۆشی هەمان ئاستی ئەوی هەبوو.

گومانکردن

گومان بەشێوەیەکی زۆر سەیر کاری لە دیکارت کرد، بۆ نموونە گومانی لەو کورسیە دەکرد کە لەسەری دانیشتووە یان ئەو مێزەی کە لەبەردەمیدایە !. لە هەندێک ساتدا گومانکردن وایلێدەکرد کە خەریک بوو مێشکیشی لەدەستبدات. ٣.

وایلێهات گومانی لەهەموو جیهانی دەرەکی دەکرد. لێ لەدوا وێستگەدا و پاش شەڕێکی ئێجگار توند لەگەڵ خودی خۆی، توانی بگاتە ئەم یەقینەی خوارەوە :

(ئەگەر تۆ گومان بکەیت و گومانیش ناخت بهەژێنێت و ئازار و نارەحەتت بکات، کەواتە نابێت گومان لەوە بکەیت کە تۆ بە گومانیت ! هەر لێرەشەوە گەیشتە سەر ڕستە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت : من گومان دەکەم، کەواتە بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)

ئەمەش ئەو ڕاستییە تۆکمەیە، کە دیکارت پێی گەیشت و هەموو سیستمی فەلسەفی خۆشی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراند. ئەو بە

ڕاستییەک گەیشت کە سەرچاوەکەی لە گومانەوە دروست دەبێت تەنانەت گومانی رادیکاڵیش. ئەو گەیشتە ئەم سنوورە :

(ئەگەر من بیربکەمەوە، تەنانەت گەر گومانیش بکەم، ئەوا پێویستە من شتێک بم، هەربۆیە پێویستە من هەبم بۆ ئەوەی گومان بکەم)

پێدەچێت من بە بەردەوامی هەڵەبم یان هەڵخەڵەتێنراو بم، پێدەچێت هەموو فکرەکانم هەڵە بن، پێدەچێت من لەلایەن بلیمەتێکی پیس و ساختەچیەوە گاڵتەم پێکرابێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵە بکەم یان هەڵبخەڵەتێم، پێویستە بەلایەنی کەمەوە من بوونم هەبێت! من ناتوانم هەڵبخەڵەتێم ئەگەر بوونم نەبێت. کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هیچ گومانی (تەنانەت گومانی رادیکاڵانەش) ی پێ ناوێت : کەمن کەسێکم بەڕاستی بوونم هەیە ! ئەمەش ڕاستییەکی پتەوە کەهیچ نالەرزێت و ناگۆڕێت : ئەویش تیۆری کوجیتۆیە، کە دەڵێت :

(من هەم، کەواتە من بوونێکم کە دەتوانم بیربکەمەوە، من بوونێک دەتوانم بە ڕاستی بگەم، ئەویش گەر هاتوو بە شێوەیەکی مەنهەجی باش مێشکم بەکارهێنا)

هەروەک لۆک فیری دەڵێت: (لە ئەنجامی ئەزموونی گومانی ڕادیکاڵی کە دیکارت تێیدا دەژیا، بۆیەکەمجار لە مێژووی فکری جیهاندا، سێ فکری گەورە دروست دەبێت، کە دەبنە بنەڕەتی فەلسەفەی مۆدێرن. ئەو فکرانە کە دەبنە خاوەنی داهاتوویەکی پرشنگدار..٤)

فکرەی یەکەم :

دیکارت زۆر خۆی بە گومانەوە خەریک کرد و هەموو دڵ و دەروونی لای ئەم بابەتە بوو، دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمە تەنها فکرەیەکە بۆ کات بەسەربردن یان یاریکردنی سێرک، بەڵکە ئەو دەیویست دۆزەخی گومان بەجێبهێڵێت، پاش ئەوەی نرخێکی زۆر گەورەی دا، بۆئەوەی بگاتە ڕاستی و یەقینێکی نوێ یان بۆ ئەوەی کیشوەرێکی نوێی مەعریفە

کەشف بکات. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەو سەردەمەی دیکارتی تێدا دەژیا، سەردەمی داڕمانی هەموو یەقینە پتەوە کۆنەکان بوو.

هەر لەوکاتەدا کۆپەرنیکوس و کیبلەر و گالیلۆ و هەموو شۆڕشە زانستییە نوێکان پەیدابوون، کە کۆتایی بە یەقینەکانی عالەمی کۆن هێنا: یان بە واتایەکی تر کۆتایی بە زانستی «ئەرستۆتالیستی – بەتلیموسی «هێنا، ئەو زانستەی کە مەسیحیەت پرۆژە لاهووتی و خودایییەکەی لەسەر داڕشت.

ئەمەش پێیدەڵێن فەلسەفەی سکولائي» المدرسية» ئەو فەلسەفەیەی کە قەدیس تۆما ئاکوینی و خەڵکانی تر دایانڕشت، کۆنترۆڵی هەموو سەدەکانی ناوەڕاستی دەکرد هەتاوەکو دیکارت پەیدابوو کۆتایی بەمە هێنا. ئەم فەلسەفەیەش خۆی وەکوو ڕاستیەکی پیرۆز دەبینیەوەو هەرکەسێکیش گومانی لێبکردایە، مانای گومانی لە مەسیحەت هەیە، نەک تەنها گومان لە فەلسەفەی ئەرستۆ و بتلیموس. هەرکەسێکیش ئەم کارە بکات سزای سەربڕینە. هەرلەبەر ئەم هۆیە هاوڕێکانی ئامۆژگاریان کرد کە فەرەنسا بەجێبهێڵێت، چونکە ئەوان پێشتر دەیانزانی کە ئەو لەگەڵیان «مەبەست کەنیسەیە» تووشی پێکدادان دەبێت و پاشان گەر لاهووتیەکان کەشفی بکەن، ئەوا یەکسەر تیرۆری دەکەن.)

لەکاتێکدا مرۆڤایەتی بەدرێژایی ٢ هەزار ساڵ هەڵەی کردبێت، چونکە پێی وابووە کە هەتاو بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە نەک بە پێچەوانەوە، کەواتە بۆچی لە هەموو شتێکدا هەڵە ناکات؟ هیچ شتێک بەشێوەیەکی تەواوەتی زامن نییە. وامان لێهاتووە کە باوەڕ بە هیچ شتێک نەکەین. جێگەی ئاماژەیە ئەزمونی گومان شتێک نەبوو لە خۆرا پەیدابووبێت، بەڵکە لەوکاتەدا کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی پاساوی بۆ بهێننەوە. چیتر باوەڕ بەهیچ شتێک ناکەین پاش ئەوەی کە هەموو ڕاستی و یەقینەکانی پێشوو، کە هێندەی چیاکان پتەوبوون، تووشی داڕمان بوون.

ئێستا ئێمە ناچارکراوین لەمەودوا گومان لە هەموو فکرەیەک و

دەستەواژەیەک بکەین و زۆرباش شیبکەینەوەو لەهەموو ڕوویەکەوە بیخەینە ژێر پرسیاری جۆربەجۆر و ئینجا پاشان بڕیار بدەین ئاخۆ پێی ڕازین یان نا ڕازیین. ئەمەش یەکەمین وانەبوو کە ڕێنیە دیکارت فێری کردین.

فکرەی دووەم:

دووەمین فکرە کە ئەم فەیلەسوفە مەزنە دایهێنا، کە زۆر لە یەکەمیان ترسناکتربوو، ئەویش ئەوەبوو : کە دەبێت مێژوو بە شێوەیەکی تەواوەتی بسڕیتەوەو لە خاڵی سفرەوە دەستپێبکەینەوە. لێرەوە ڕادیکاڵیزمی دیکارت و مەیلی کودەتایی دەردەکەوێت، بەشێوەیەک کە کەس لەوکاتەدا نەیدەتوانی قبووڵی بکات.

ئەمڕۆ بەلامانەوە ئەم فکرەیە واقعیە، عەقڵانییە، ڕەسەنە، تەنانەت نموونەییشە، ئەمە شتێکی ئاساییە پاش ئەوەی سێ سەدە و نیو بەسەر مردنی تێپەڕیوەو پاش ئەوەی خۆرئاوا فەلسەفەکەی هەڵمژیوە. لێ گەر کەمێک خۆمان بۆ ئەو سەدەیە بگەڕێنینەوە: ئەم فکرەیەی ئەو وەکو بۆمبێکی چێنراو وابووە کە لە پڕدا بە ئاسمانی ئەوروپادا دەتەقێتەوە. ئەو دەستیکرد بە پرسیارکردنی لەم جۆرە :

چی دەبێت گەر هەموو فکرەکانمان وەهمێک بن لە وەهمەکان ؟ چی دەبێت گەر هەموو ئەو فکرانەی کە لە ماڵەوەو قوتابخانە و کڵێسە و قەشە وەرمانگرتووە هەرهەموویان هەڵەن.؟

بەڵام لەوکاتەدا پرسیارێکی تر دروست دەبێت :

چۆن دەتوانین ئەمانە هەموویان بگۆڕین یان وازیان لێ بهێنین، پاش ئەوەی هەر لە ساواییەوە لەگەڵ ئەم فکرانە ژیاوین و سەردەمانێکی زۆرمان لەگەڵدا بەسەر بردوون ؟.

ئەم فکرانەمان خۆش ویستووەو کردوومانن بە بەشێک لە خۆمان کە ناتوانین وازیان لێ بهێنین. ئێمە لەکاتێکدا وا دەڵێین، کە هەموومان

دەزانین کە فێربوونی زانستێک بە منداڵی وەکو نەخشێک وایە بەسەر بەردێکەوە، بە مانای ئەوەی کە زۆر زەحمەتە یان هەر ناتوانین بیسڕینەوە. چونکە هەموو مرۆڤەکان فەیلەسوف نین، هەتاوەکو ئەم شەڕە قورسە بکەن، کە ترسی زۆری بۆ باری سایکۆلجی مرۆڤ هەیە. هەموو کەسێک رینە دیکارت نییە. بەڵکە تەنانەت ئەویش وەکو پێشتر باسمانکرد، کە لەساتێک لە ساتەکانی ژیانییدا، ترسی ئەوەی هەبوو کە مێشکی لەدەست بدات و شێت بێت. ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو شەڕە قوورسەوە بوو کە لە ناخی خۆیدا کردی.

دیکارت و شۆڕشی فەرەنسا

خەڵکی واڕاهاتوون کە بڵێن جان جاک ڕۆسۆ باوکی ڕۆحی شۆڕشی فەرەنسایە، دیارە لەگەڵ ئەمیشدا باس لە ڤۆلتێر و مۆنستکیۆ و بەشی زۆری فەیلەسوفانی تری ڕۆشنگەری دەکرێت. دیارە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام نابێت باوکی فکری هەموو ئەم فەیلەسوفانە ژبیربکەین کە ئەویش دیکارت بووە. گەر جان جاک ڕۆسۆ بە باوکی نزیک و ڕاستەوخۆی شۆڕشی فەرەنسی دابنرێت، ئەوا بەدڵنیایەوە دیکارت باوکی دوور و ناڕاستەوخۆی ئەم شۆڕشە بووە. ۷. چونکە دیکارت داهێنەری چەمکێکی نوێی شۆڕشی ڕادیکاڵی بووە، کە هەموو مێژوو بەشێوەیەکی تەواوەتی دەسڕێتەوە خۆی لە یەقین و پاشخانەکانی ئازاد دەکات. لەبەرئەوە توکفیل هیچ هەڵەی نەکردووە کاتێک ووتی :

یەعقووبیەکان هەڵگیرسێنەری شۆڕشی فەرەنسی بوون و ئەوان قەڵای باستیلیان شکاند و کۆتاییان بەسەردەمی پاشایەتی و ئوسوڵی و ملهووری کۆن هێنا. بە واتایەکی زۆرئاسان ئەوان بریتیی بوون لە «دیکارتیی «کە لە قوتابخانەکاندا دەرچوون و دابەزینە سەر شەقامەکان.

چۆن لەم قسەیەی توکفیل تێبگەین ؟ ئەو نوێکاریەی کە شۆڕشگێرە فەرەنسییەکان لە بواری مێژوویی و سیاسییدا کردیان، هەمان نوێکاریی

بوو کە دیکارت لە بواری فکردا کردی.

پاشان ئەو ئازایەتییەکی گەورەی نواند، کاتێک وتی: پێویستە هەموو باوەڕە بەجێماوەکۆنەکان لەلایەن مرۆڤەوە بخرێنە ژێر گومان و شرۆڤە بکرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێت، چونکە مرۆڤ توانی بوونی سەربەخۆی خۆی لە کلێسە و پیاوانی ئایینی بسەپێنێت. تەنها مرۆڤ خۆی کە خاوەنی میشکە، دەتوانێت بڕیارِ لەسەر ڕاست و هەڵە و چاکە خراپە بدات. هەروەک (رابوو سانت ئایتیین) کە یەکێک بوو لەسەرکردەکانی شۆڕشی فەرەنسی دەڵێت :

نابێت چیتر میژوو هەتا کۆتایی زەمەن حوکمان بکات، میژوومان بریتیی نییە لە یاسایەکی میراتگیر کە نەتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. بەواتایەکی تر: دەتوانین میژوو بسڕینەوەو کۆتایی پێ بهێنین، دیارە بۆ ئەوەی ئیستایەک و داهاتوویەکی تر دروستبکەین، کە بە تەواوەتی لە میژوو جیاواز بێت. بە واتایەکی تر ناکرێت لەبەرئەوەی لەژێر سیستمێکی دەرەبەگایەتی و ئەرستۆکراتی و ئوسوڵی تایەفی ژیاوین، کە سیمای نایەکسانی و بوونی تایبەتمەندی بۆ منداڵانی بنەماڵەکان پێوە دیاربووە، کە بۆ ماوەی ١٠٠٠ساڵ درێژەی کێشا و حوکمی دەکردین، دەبێت هەر لەسەر ئەم سیستمەش هەتاهەتایە بەردەوام بین، چونکە هیچ شتێک وامان لێ ناکات کە ئێمە هەتاهەتایە بە فەرهەنگی کۆنەوە ببەسترێینەوە.

فکرەی سێهەم:

سێیەمین فکرەی گەورە کە دیکارت لەگەڵ خۆی بۆی هێنایین، کە تاڕادەیەک بە بابەتی پێشوەوە پەیوەندی هەیە، ئەویش ئەمەی خوارەوە:

مافی ئەوەمان هەیە هەموو ئەو فکرانە ڕەتبکەینەوە کە بەسەر سەرماندا سەپێنراون، بە مانایەکی تر ئەو فکرانەی کەلەسەرووی خۆمانەوە بەبێ گفتووگۆ بەسەرماندا سەپێنراون. دیارە لێرەشدا مەبەستی دیکارت ئەو

باوەڕانە بوو کە کڵێسەی مەسیحی بەسەر هەموانی سەپاندبوو، وەکو بڵێیت ئەمانە ڕاستیەکی تەواون و هیچ جێگەی گفتووگۆ و قسەکردن نین، گەر قەدیسێک قسەیەکی کرد، دەبێت دەستبەجێ باوەڕی پێ بکەین و بەتەواوەتی تەسلیمی بین. گەر پاپای فاتیکان فەتوایەکی دەرکرد، ئەرکی سەرشانمانە یەکسەر بەبێ بیرکردنەوەو گفتووگۆکردن قبوڵی بکەین، چونکە ئەو کەسێکی پاکوبێگەرد و پایەبەرزە و هیچ هەڵە ناکات. بەواتایەکی تر بۆ ڕاستی هەر قسەیەک بەپلەی یەکەم پشت بە شوێنی کۆمەڵایەتی کەسەکە دەبەستریت نەک بە ناوەڕۆکی قسەکە.

لەبەرئەوە دیکارت داهێنەری رۆحی ڕەخنەگرتنە، چونکە هیچ فکرەیەکی بەبێ گومانکردن و شرۆڤەکردنی قبوڵ نەدەکرد. گەر ئەو فکرەیە لە تاقیکردنەوەی دیکارت ڕزگاری بوو، ئەوا قبوڵی دەکات، گەر نا ئەوا قبوڵی ناکات، تەنانەت گەر مەسیحیش ئەو فکرەی هێنابێت، قبوڵی ناکات.

ئەو داهێنەری ئازادی فکرە لە کەلتوری ئەوروپایی. ئەمەش جۆرە ئازایەتییەکی گەورەیە چونکە پێش ئەو لەم جۆرە ئازایەتییە نەبووە. دیارە بۆ ئەم کارەشی نرخێکی زۆری داوە. هەربۆیە بەماوەیەکی کەم پاش مردنی کتێبەکانی خرانە ناولیستی کتێبە حەرامکراوەکان.

بوسوییە کە رابەری بیری ئوسوڵی ئایینی فەرەنسی بوو دەڵێت :

«بەر نەفرەتی خودا بکەوێت، ئەم کابرایە میکرۆبی گومانی لەهەموو باوەڕ و شتە پیرۆزەکانمان چاند. «

لەڕاستیدا دیکارت خودی خۆی نەیتوانی ئەو ئازایەتییە بنوێنێت، کە گومانی خۆی لەسەر باوەڕە ئایینیەکان ڕابگەیەنێت. بەڵکە بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی ڕەها ئیمانی خۆی ڕاگەیاند، سوێندیشی خوارد کە وەکو کەسێکی ئیماندار باوەڕی بە ئایینی باوباپیران هەیە. لێ ئەو ڕێگەی گومانە رادیکاڵانەیەی کە ئەو دایهێنا، لەداهاتوودا باوەڕە ئایینیەکانیشی گرتەوە. ئەمەش سپینۆزا کردی، کە یەکێک بوو لە شاگردەکانی دیکارت. دیارە جگە لەمیش لایبنتز و لامبرانشیش هەمان کاریان کرد. ڕاستە

ئەمان بۆچوونیان لەگەڵ مامۆستاکەیان جیاواز بوو، بەڵام هەموویان لە پاڵتۆکەی دیکارتەوە هاتنە دەرێ.

ئەو پێشەنگی فەلسەفەی عەقڵانی مۆدێرنە، سەیر دەکەیت لە دواییین قۆناغیدا، دیکارت توانی گومان لە خودی گومانیش بکات. بەمانایەکی تر ئەو توانی ئەو هێزە نێگەتیفە وێرانکارییەی گومان، بۆ هێزێکی پۆزەتیفی بنیاتنەرانە بگۆڕێت، کە دەتوانێت ڕاستییەکان بەشێوەیەکی تۆکمەی تەواو دروستیان بکات، کە سوودی زیاتری بۆ مرۆڤایەتی دەبێت. لێرەدا بلیمەتی و مەزنی دیکارت دەردەکەوێت، چونکە گومان خەریک بوو زاڵ بێت بەسەریدا و پاشان بۆ کەسێکی نائومێد و بێ هیوای بگۆڕێت.

دیارە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت ئەم حاڵەتەش بەسەر زۆر لە نووسەرانی تریشدا هاتووە، بەڵام ئەو لە دواییین ساتدا، توانی خۆی لە پریشکی ئاگرەکە بپارێزێت، دیارە ئەمەش تەنها بلیمەتە گەورەکان توانای ئەم کارەیان هەیە. پێدەچێت هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت، کاتێک هیگل دەڵێت:

دیکارت پاڵەوانێک بوو پێشکەشی فکر کرا.

دیارە وێرانکردن زۆر کارێکی ئاسانە، بەڵام ئاوەدانکردنەوە زۆر زەحمەتە، بەدڵنیایەوە دروستکردنی شتێکی سوودمەند لەسەر زەوی، کارێکی ئاسان نییە.

سپینۆزا

Baruch Spinoza باروخ سپینۆزا یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی هۆڵەندا و جیهان، لە ٢٤ نۆڤێمبەری ١٦٣٢ لەدایک بووەو لە ٢١ ڤێبریوەری ١٦٧٧ کۆچی دوایی کردووە. ئەو خوێندکارێکی زیرەکی دیکارت بوو، بەڵام پاشتر دژی تێزەکانی مامۆستاکەی دەوەستێتەوەو ڕێچکەی خۆی دەگرێتە بەر. سپینۆزا بە یەکێک لە باوکەکانی ڕەوتی فەلسەفی عەقڵانیەتی و ماتریالیستی و دژە ئایین دادەنرێت. ئەو لە بواری ئەخلاق و مەعریفە و ئایین و مرۆڤ، کۆمەڵێک تێزی گرنگی هەیە، یەکێکیش لە کتێبە گرنگەکانی بە ناونیشانی «ئێتیک» کە ساڵی ١٦٧٧ نوسیویەتی، بە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی فەلسەفە دادەنرێت لە جیهاندا.

جگە لەوەش کاریگەریی گەورەی بەسەر فەیلەسوفانی ڕۆشنگەرییەوە هەبووە بەتایبەتی ڕۆسۆ و ڤۆلتێر. هەتاوەکو ئەمڕۆش تێزەکانی ئەم

کەڵە فەیلەسوفە، لە زانکۆکانی جیهاندا دەخوێنرێت.

ئەم وتارەی نووسەری عەرەبی «ئەحمەد عەلەمی» بەرچاوڕوونی زۆری تێدایە لەبارەی فکر و تێڕوانینەکانی سپینۆزا، هەربۆیە پێمخۆشبوو وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، بەو هیوایەی خوێنەری کورد ئاشنابێت بەم کەڵە فەیلەسوفەی هۆڵەندا و جیهان.

بەراوردێک لە نێوان فەلسەفەی سپینۆزا و ئیبن روشد [٧٥]

بەشێکی زۆری پسپۆران و شارەزایان لە بواری فەلسەفەی عەرەبی و خۆرئاوایی، لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی سپینۆزا، هەمان ڕێچکەی ئیبن روشدی هەیە. بگرە هەندێک لەو باوەڕەدان کە فەلسەفەی سپینۆزا، لە ڕووی تیۆری و ماناوە بەگشتی قەرزاری فەلسەفەی «ئیبن روشدە». هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە هزری ماددی لە فەلسەفەی ئیبن روشدا زۆر دیارەو هەنگاوێکی گەورەشی لەم بارەیەوە ناوە، بەتایبەت کاتێک ئەو سروشتی لە هەموو هزرێکی غەیبی و ئایینی دوورخستۆتەوە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە جیهان بوونێکی ماددیانەی هەیە، هەر ئەویش سەرچاوەکەیەتی، هەروەک سپینۆزا دەڵێت.

لێ ئەوەی من دەیبینم پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیە. فەلسەفەی سپینۆزا، وەڵامدانەوەیەکی بەهێزە بۆ فەلسەفەی ئیبن روشد و بۆچوونەکانی دەربارەی (بوون). ئەم وەڵامدانەوەیەش لە چەندین ئاست و مەفهوومی جیاواز ڕەنگی داوەتەوە. من لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم لێکۆڵینەوەیەک و شرۆڤەیەکی تایبەت بە دەستەواژەی (چاودێریی، گرنگی پێدان) باس بکەم، چۆن هەردوو فەیلەسوف (ئیبن روشد و سپینۆزا)، شرۆڤەو بۆچوونی خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕیوە.

---

٧٥ احمد العلمي. سيبونزا و ابن رشد. سايتى الاوان

چاودێریی (العناية)

دیارە ئیبن روشد بۆچوونی خۆی دەربارەی دەستەواژەی (چاودێریی) کردووە، بەتایبەت لە کتێبی (الكشف عن مناهج الادلة) لێرەدا باسی بەڵگەی بوونی خودای کردووە. بە پێچەوانەی ڕووناکبیرانی پێش خۆی کە زیاتر پشتیان بە بەڵگەی فیزیکی دەبەست، بۆئەوەی بوونی خودا بسەلمێنن، هەروەها بە پێچەوانەی (ابن سينا)ش، کە دەیویست پشت بە بەڵگەی بوونی دەبەست.(ابن سینا دەڵێت : بوونی خودا، بوونێکی پێویستە) ئیبن روشد بە پێچەوانەی ئەمانەوە، پشت بە دوو بەڵگەی تایبەت بە خۆی دەبەست ئەوانیش: (بەڵگەی چاودێریی و بەڵگەی دزەپێکردن، الاختراع). لێرەدا تەنها باسی بەڵگەی چاودێریی دەکەین، باسی بەڵگەی دووەمیان ناکەین چونکە ئەمەمان لا گرنگترە. هەروەها ناچینە سەر ئەوەی کە ئیبن روشد چەندە سوودی لە بۆچوون و کارەکانی بیرمەندانی پێش خۆی یان (ابن سينا) وەرگرتووە. چونکە ئەم مەسەلەیە لە باسە سەرەکیکەمان دوورەدەخاتەوە و ئەوەش مەبەستی ئەم وتارەی من نییە. ئەوە گرنگە تەنها باسی بەهێزی و سروشتی ئەم بەڵگەیە چییە واتە بەڵگەی چاودێریی.

دیارە ئیبن روشد بۆ سەلماندنی بەڵگەی چاودێریی، پێی وایە بوونی (خاڵقێکی حەکیم) پێویستییەکی گرنگە، چونکە (ئەو دەتوانێت ئاگاداری مرۆڤ بکات و هەموو شتەکانیش «مەبەستی ئەو شتانەی کەلەسەر زەوی بوونیان هەیە «بۆ خزمەت و بەرژەوەندی مرۆڤ دروستکردووە). هەروەها بۆ ئەم بەڵگەیەش پشت بە دوو بنەڕەتی سەرەکی دەبەستێت.

یەکەمیان : هەموو ئەو شتانەی کە لێرەدا «مەبەستی سەر زەوی» هەن، هەموویان لەگەڵ بوونی مرۆڤ دا دێتەوە(یان یەک دەگرنەوە).

دووەمیان : ئەم یەک هاتنەوەیە (یەکگرتنەوەیە) بە دڵنییایەوە لەلایەن کەسێکەوە «خوڵقێنەرێکەوە» ئەنجام دراوە، چونکە هیچ ڕێی تێناچێت،

کە ئەم یەککرتنەوەیە هەروا لە خۆرا هاتبێتە کایەوە.

لێرەدا مەبەست لەم یەککرتنەوەیە ئەوەیە، کە هەموو شتەکانی سەر زەوی، بۆ ژیانی مرۆڤ گرنگن و لەهەمانکاتیشدا پێویستین بۆ ئەوەی لە ژیان بەردەوام بێت. پاشان ئیبن روشد لەسەر بۆچوونەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، بەتایبەت لەسەر بوونی بەڵگەی پێویست بۆ یەکبوون و ئاوێتەبوونی ڕاستی بوونی خودا. کاتێک هەموو شتەکان (بوونەکان، موجودات) لەگەڵ بوونی مرۆڤ دا یەکدەگرێیتەوە، ئەمەش دەبێتە یەقینێکی گەورە، بەتایبەت کاتێک سەیر دەکەین کە شەو و ڕۆژ، هەتاو، مانگ لەگەڵ بوونی مرۆڤ یەک دەگرێتەوە.

هەروەها یەککرتنەوەی هەر چوار وەرزەکەی ساڵ و ئەو شوێنەی کە مرۆڤ لەسەری دەژی واتە زەوی، لەهەمانکاتیشدا ئاژەڵ، ڕووەک و شتە بێگیانەکان، دڵۆپە بچووکەکانی باران، ڕووبارەکان، دەریاکان. هەوا، ئاگر، ئاو، هەموو شتەکانی تری سەر ئەم زەوییە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا یەکدەگرێتەوەو بۆ بەرژەوەندی ئەو دروست بووە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە بەم شێوەیە بەڵگەی (چاودێریی) پشت بەو ڕاستیە دەبەستێت، کە هەرچوار ڕەگەزە سروشتیەکان (زەوی، ئاگر، هەوا، ئاو) لەگەڵ بوونی مرۆڤ دا یەکدەگرێیتەوە. سروشت بەگشتی، بەهەر چوار ڕەگەزەکەیەوە (زەوی، ئاگر، هەوا، ئاو) لەگەڵ مرۆڤ دا یەکدەگرێیتەوەو لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەبەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤ و تەنانەت خزمەتی خۆشی و پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤیش دەکات.

بەمشێوەیە مرۆڤ لە ناو گەردوون و سروشتدا دەبێتە سەنتەرێکی گرنگ، هەروەها هەموو ڕەگەز و پێکهاتەکانی لە خزمەتی ژیانی مرۆڤدا دەبن. تەنانەت ئاژەڵەکانیش هیچ مانایەکیان لە بوون دا نییە، تەنها بۆ ئەوە دروست کراون، کە لە خزمەتی مرۆڤ دا بن. ئاژەڵەکان بەگشتی وەکو دیاریەک بۆ ژیانی مرۆڤ دروستکراون. سروشت و پێکهاتەکانی خۆی لەخۆیدا هیچ نرخێکی نییە، تەنها نرخەکەی لەوەوە

سەرچاوە دەگرێت، کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ دا یەکدەگرێتەوە. تەنانەت مرۆڤ خۆشی سوود لەم یەکگرتنەوەیە دەبینێت. بۆ نموونە مرۆڤ سەیر دەکات، کە بوونی شەو رۆژ لەبەر خۆشی و کار و کامەرانی ئەو دروست بووە. هەروەها بۆ خۆشی دەبینێت، کە بوونی ئاژەڵەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە بۆ ئەوە دروست بوون، کە ببنە خۆراک بۆ مرۆڤ، هەتاوەکوو بەردەوامی بە ژیانی مرۆڤ بدەن.

هەروەها ئەم یەکگرتنەوەیە تەنها لە نێوان سروشت و مرۆڤ دا نییە، بەڵکە کاتێک سەیری لەشی مرۆڤ دەکەین، دەبینین ئاوێتەبوون و یەکگرتنەوەو هاوئاهەنگیەک لەنێوان دروستبوون و پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ داهەیە. ئیبن روشد دەڵێت :

(بەهەمان شێوە چاودێریی لە ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤ و ئۆرگانەکانی جەستەی ئاژەڵیش بوونی هەیە. من زیاتر مەبەستم لەوەیە، کە هەموویان لەگەڵ ژیان و بوونی مرۆڤ یەکدەگرنەوە.)

کاتێک سەیری ئۆرگان و پێکهاتەکانی ناو لەشی مرۆڤ دەکەین، دەبینین هەمووی بۆ خۆشی و بەردەوامی ژیانی مرۆڤ و بوونی دروستبووە. بۆنموونە کاتێک سەیری ئۆرگانی هەناسەدان دەکەین، دەبینین ئەم ئۆرگانە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆئەوەی هەوای پاک هەڵمژێت. ئۆرگانەکانی تریش بەهەمانشێوە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستبوون. بەمشێوەیە دەبینین هەموو ئۆرگانەکانی لەشی مرۆڤیش، بۆ سوودی مرۆڤ دروست بوون. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە مرۆڤ تەنها نابێتە سەنتەرێکی گرنگی گەردوون، بەڵکە لەناو لەشی خۆشیدا، بۆتە سەنتەرێکی گرینگ. هەروەک چۆن هەموو شتەکان و پێکهاتەکانی تری سەر زەوی و سروشت، هەموو بۆ سوودی مرۆڤ دروست بوون، دەبینین بەهەمانشێوەش هەموو ئۆرگان و پێکهاتەکانی تری ناو لەشی مرۆڤیش بۆ خزمەتی ژیانی مرۆڤ و بەردەوام بوونی ئەو دروستکراون. هەموو شتێک لەم گەردوونەدا ئامانج و هیوای تەنها مرۆڤە. لەم گەردوونەدا مرۆڤ دەبێتە دەسەڵاتدار و لووتکەی هەرەمی

هەموو بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی.

لێ ئامانجی ئیبن روشد لەم هەموو بۆچوونانەی دەربارەی ئەوەی کە مرۆڤ سەنتەری گەردوونە، مەبەستی لە بەرگریکردن لە باری ئینسانی گەردوونەوە نەبووە، بەڵکە ئیبن روشد دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ئەم سەنتەریی(ناوەندی بوونی) مرۆڤ لە گەردوون، ئەم یەکگرتنەوەی نێوان سروشت و مرۆڤ، لە ڕێگەی مرۆڤەوە نایەت، هەروەها لە ڕێگەی چانس و ڕێکەوتەوە نەهاتووە، بەڵکە هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی بکەرێکی زانا و حەکیمەوە هاتووە. (مەبەستی خودایە). ئەو دەڵێت لێرەدا بکەرێک بوونی هەیە، چونکە هەر ئەو بکەرە وایکردووە، کە سروشت بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لە خزمەتی مرۆڤ دا بێت، سوود بە پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤ ببەخشێت. ئاخۆ چۆن دەبێت ئەم هەموو یەکگرتنەوەیە بەبێ بوونی بکەرێکی ژیر هاتبێتە ئاراوە؟.

پاشان دەڵێت، گەر سروشتێک بە بێ بکەرێک بوایە، ئەوا هەموو گەردوون تووشی فەوزایەکی گەورە دەبوویەوەو مرۆڤیش نەیدەتوانی کەشێکی وای دەستبکەوێت بۆئەوەی لە ژیان بەردەوام بێت. هەروەها لاشە و دەروونی مرۆڤیش نەیاندەتوانی بەردەوامی و ژیان بە مرۆڤ ببەخشن.

بەمشێوەیە ئیبن روشد دەیەوێت لەڕێگەی بەڵگەی (چاودێریی) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بمانباتە سەر کرۆکی مەبەستەکەی، کەئەویش ئەوەیە، کە بوونی بکەرێکی ژیر و ڕێکوپێک کە مەبەستی خودا بسەلمێنێت.

با لێرەدا بە ووردی باسی ئەو بەڵگە و بنەڕەتە بکەین، کە ئیبن روشد پشتی پێ بەستووەو کەزۆر لە نووسەران و توێژەر بە بنەمای سەرەکی فەلسەفەکەی دەزانن، ئەمەش بەتایبەت لە کتێبی (الکشف عن مناهج الادلة) دەردەکەوێت. دیارە ئەم بەڵگەیەش (مەبەستی چاودێریی) لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراوە، ئەویش تیۆری (مەبەستداریی، الغائیة). (الغائیة، مەبەستداریی) دەبێتە هۆکاری سەرەکی ئیبن

روشـد بـۆ دامەزراندنـی فەلسـەفەکەی خـۆی. لێرەدا هـەوڵ دەدەم ئـەم دەستەواژەیە(مەبەسـتداریی) شـرۆڤە بکـەم.

جێگـەی ئاماژەیـە گرێی (مەبەسـتداریی) دەردێکی ئەرسـتۆییە، ئەمـەش ئەرسـتۆ جارێکـی تـر گیانـی بەبەرداهێنایـەوە، چونکـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر لەنـاو مێژووی فەلسـەفەدا نەمابـوو. هەروەهـا ئەمەشـی کـردە چەکێـک و لـە دژی هەوادارانـی فەلسـەفەی مـاددی _ سـروشـتی، کـە فەیلەسـوفانی پێـش سـقرات پەیڕەوییـان دەکـرد.

جێگـەی ئاماژەیـە فەلسـەفەی پێـش سـوکرات، بـە شـێوەیەکی بێگـەرد و ئـازاد و کـراوە بـووە و دووربـووە لـە رەگـەزی (مەبەسـتداریی). ئـەم ڕەوتـە زۆر بەڕوونـی و ئاشـکرایی لـە دیـدی فەیلەسـوفی دیـاری یۆنانـی هیراکلیتیس دەردەکەوێت. دیـارە ئەم فەیلەسـوفە یەکێکە لە فەیلەسـوفەکانی پێـش سـوکرات. جێـگای ئاماژەیـە هیراکلیتیـس مافێکـی گـەورەی بـە فەلسـەفەدا هەیـە، کاتێک گەیشـتە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە (بـوون) مانایەکـی بەردەوامـی هەمیشـەیی هەیـە و هیـچ ئامانـج و مەبەسـتێکی نییـە. ئـەم بوونـە مەزنـە، کەبەبـێ وەسـتان و دابـڕان دەڕوات، هیـچ ئامانـج و مەبەسـتێک لـەم بوونـە بەردەوامـە نییـە. جێـگای ئاماژەیـە ئەمـە تەنهـا دیـدی هیراکلیتیـس نەبـووە، بەڵکـە زۆربـەی فەیلەسـوفەکانی پێـش ئەویـش، شـرۆڤەی سـروشـت و یاسـاکانیان کـردووە، بەبـێ ئـەوەی پشـت بـە ڕەگـەزی (مەبەسـتدار) ببەسـتن. لـێ هیراکلیتیـس هـات، تۆنێـک و ئاوازێکـی باشـی (پۆزەتیفـی) دایـە ئـەم نەبوونییـە.

بەدڵنییایـەوە هیراقلیتیـس هەنـگاو و تەوژمێکـی گـەورەی بـەم بۆچوونـە دا، کـە پێـی وایـە سـروشـت و بـوون، بەبـێ هـۆ و مەبەسـت دروسـت بـووە. لـێ نەمانـی دیـدی (مەبەسـتدار) مانـای نەمانـی بوونـی چانـس و لەخۆرابوونـی سـروشـت ناگەیەنێت، هـەروەک هەندێک وای بۆدەچـن، بەڵکـە بـە پێچەوانـەوە نەمانـی دیـدی (مەبەسـتدار)، بوونێکـی (ذاتـي و تەلقائـي)، عەفەوی(هەڕەمەکـی) و سـاکار دەداتـە سـروشـت.

بەدڵنییایـەوە فەلسـەفە بەخێرایـی کەوتـە داوی موهاتەراتـی دیـدی

(مەبەستدار) و کەوتە پاشەکشەکردنەوە. جێگەی ئاماژەیە فەلسەفەی ئەرستۆ هۆکاری دروستبوونی ئەم پاشەکشەو داڕمانەی فەلسەفە بوو. لەکاتێکدا ئەو (ئەرستۆ) پێی وابوو داهێنانی ڕەگەزی (مەبەستدار) لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا، ئیمتیازو پێشکەوتنێکی گەورە دەداتە فەلسەفە. ئەرستۆ زۆر بەداخ بووە بۆ ئەوەی کەفەیلەسوفەکانی پێش خۆی، دیدی جوواڵە(حرکة) بوونی نەبووە، پاشان دەڵێت (ئێمە ناتوانین گۆڕان لە سۆنگەی بوونەوە ببینین) لە حاڵەتێکدا ئێمە ئەم دیدەمان لای هیراکلیتیس لە جوواڵەی بەردەوام دا هەیە. لەکاتێکدا ئەرستۆ ئاماژە بە ئامانج دەکات، مەبەستیش دەکاتە پڕەنسیبێکی زۆر قووڵ. مەبەست دەبێتە پڕەنسیبێک جێگیر بوونی خۆی لە ناو خۆیدا دەبینێتەوە، هەر لەناو خۆشیدا بریاری دەرچوونی دەدرێت. بەمشێوەیە مەبەست دەکرێتە هەق و بە شێوەیەکی ڕاستی و ساکار بۆ خۆی دەبێت، وە بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی بوونی هەموو شت و بوونەکانی تری جیهان.

ئەرستۆ ڕەخنە لە فەلسەفەی پێش سوکرات دەگرێت، چونکە پڕەنسیبی (مەبەستداریی) بوونی نییە. ڕاستیەکەی ئەرستۆ تیری ڕەخنەی خۆی ئاراستەی هیراقلیتیس کردووە، هەرئەمەش وای لێکردووە کە لەگەڵ ئەودا بەشێوەیەکی تۆند بکەوێتە موجادەلەیەکی گەورەوەو دژی بوەستێتەوە. هەرئەمەش بابەتی بەردەوامی خۆبەخۆ و ساکاری بەرەو هەنگاوێکی زۆر پاڵناوە. لای هیراکلیتیس (هەموو جوڵەیەک بەبێ پەنا و مەبەستێک هەنگاو دەنێت).

لەگەڵ ئەرستۆدا فەلسەفە بوو بە جێگرەوەی پڕەنسیبی (مەبەستداریی). لای ئەرستۆ جوڵەی بوون ناکرێت جووڵەیەکی خۆبەخۆ و (اعتباطي) بێت. ئەو بەبێ (مەبەست) ناتوانێت دروست ببێت. لەبەر ئەوە ئەرستۆ هۆکاری (مەبەست) ی بە دایکی هۆکارەکانی داناوە. چونکە هیچ هۆکارێکی ماددی یان وێنەیی تەنانەت هۆکاری بکەریشی هەموویان لەبەر هۆکاری (مەبەست) دروست بوون (واتە ئەو بە سەرچاوەی هەموو هۆکارەکان دادەنرێت).

لەبەرئەوە دەبینین فەلسەفە نەیتوانی لەژێر چەپۆکی بیری مەبەستداریی ڕزگاری بێت. لەحاڵەتێکدا ئەم پڕەنسیبە بووەتە هۆی بێ هێزی فەلسەفەو بیری فەلسەفی، چونکە جووڵەی بوون سەربەرەوخوار دەبێت. لێرەدا مەبەست دەبێتە پڕەنسیب، هەر ئەویش دەبێتە سەرەتای بەردەوامی. لێرەدا ئامانج و هۆکاری بەردەوامی لەخۆیدا نییە، بەڵکە لە مەبەستەکەیدایە. هەربەم شێوەیەش بوون دیلی پڕەنسیبێکە کەلەخۆی بڵندترە و پێشکەوتووترە. لێرەدا مەبەست لە بوون بڵندترە، چونکە ئەو دەیجووڵێنێت و مانای پێدەبەخشێت.

دیارە زاڵبوونی بیری (مەبەستداریی) لەسەر لێکۆڵینەوەی مانای بوون(الوجود)، تەنها ئەم بوارەی نەگرتەوە، بەڵکە بوارەکانی تریشی گرتەوەو ئەوانیش سزاو دەرئەنجامی خراپیان بینی. بەتایبەت تیۆری مەعریفە زۆر ئازاری بەدەستی زاڵبوونی پڕەنسیبی مەبەستداریوە بینیوە.

بەم شێوەیە مەعریفە، هەتا مەبەستی بوونەکەی دیاری نەکەین، هیچ مانایەک نابەخشێت. هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە هزر و هەستەوە هەیە، هیچ مانا و بەهایەکیان نییە، هەتا مەبەست و ئامانجیان دیاری نەکەین. بەم شێوەیە مەعریفەیەک گەر مەبەستەکەی نەزانین، بە مەعریفەیەکی ناتەواو و شێواو دادەنرا. زانین و تێگەیشتنی مانای شتەکان تەنها لەڕێگای زانینی مەبەستەکانیانەوە دەبێت. لێرەوە مەبەست، لەپشتی هەموو کارو کردارێکەوە دادەنرێت. ئەوەشی مەبەستێکی نەبێت، هیچ کارو کردارێکیشی نابێت. کار کاتێک دیاری دەکرێت و مانایەک دەبەخشێت، لەوکاتەی کە مەبەستەکەی دەردەکەوێت. گرێی مەبەستداریی دەبێتە هۆی دروستبوونی پرۆسەی مەعریفە، هەر ئەویش هەلی ئەوە دەداتە ئەندێشە و هزری مرۆڤ، هەتاوەکو مەعریفەیەکی تەواو و باشی دەربارەی کردارێک دەستبکەوێت.

جێگەی ئاماژەیە ئیبن روشد یەکێک بوو لەو کەسانەی کە شرۆڤەی فەلسەفەی ئەرستۆی کردووە. لێ ئەمە لە گرنگی ئیبن روشد کەم

ناکاتـەوە. توانـای ئیبـن روشـد لـە ڕووی فەلسـەفییەوە، تەنهـا لـە ڕووی شـرۆڤەکردن و لێکدانـەوە نەبـووە، تەنهـا شـرۆڤەی کتێبەکانـی مامۆسـتای یەکەمـی نەبـووە. بەڵکـە کارەکانـی ئیبـن روشـد بـە پلـەی یەکـەم توانـی بنەڕەتێکی تـەواو بـۆ فەلسـەفەی مامۆستای یەکەمی دابڕێژێت. بە واتایەکی تر ئـەو توانـی بەشـداری لـە پێکهاتـن و پێشـکەوتنی بکات و لەهەمانکاتیشـدا توانـی فەلسـەفەکەی لەگـەڵ شـێوە نوێکانـی ئـەو سـەردەمەی فەلسـەفە بگوونجێت. ئـەم گوونجاندنـەی فەلسـەفەی مامۆسـتاکەی، لـەزۆر چەمـک و کاتـدا بەدیاردەکەوێت. ئێمـە ئـەم گونجاندنـە لـە چەمکـی چاودێریـی و پەیوەنـدی بـە گرێـی مەبەسـتداری (الغائیـة) بـە دیدەکەیـن.

ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە کـە ڕەگوڕیشـەی بەڵگـەی (چاودێریـی)، دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەرسـتۆ و ئـەو بـە داهێنـەری ئـەم ڕەگـەزەی فەلسـەفە دادەنرێت. جێگای ئاماژەیە بەڵگەی (چاودێریی) بەبێ گرێی (مەبەستداریی)، هیـچ مانایـەک و گرنگیەکـی نابێـت. ئـەم ڕەگـەزەی فەلسـەفەیە پێـی وایـە کـە گـەردوون بۆیـە دروسـت بـووە، چونکـە مەبەسـتێکی دیاریکـراو لـەم دروستبوونەدا هەیـە ئەویش بەرژەوەندیی مرۆڤە. ئیبن روشد لە یەکێک لـە وتەکانیـدا، کـە باسـی پەیوەندیـی نێـوان بەڵگـەی (چاودێریـی) گرێـی (مەبەسـتداریی) دەڵێـت :

(ئـەوەی بـە دوای بوونـی گـەردوون دا بگەڕێـت، مەبەسـتم ئەوەیـە هـۆی دروسـبوونی چییـە و چ ئامانجێکـی مەبەسـتە، تەنهـا لـە ڕێـگای چەمکـی (چاودێریـی) و دەتوانیـن لـەم حاڵەتـە تێبگەیـن).

لـە ڕێگـەی زانینـی ئامانـج و مەبەسـتەوە، دەتوانیـن لـە بەڵگـەی (چاودێریی) بـە شـێوەیەکی باش و تـەواو تێبگەیـن. گرێـی (مەبەسـتداریی) بنـەڕەت و کۆڵەکـەی سـەرەکی فەلسـەفەی ئیبـن روشـد دادەنرێـت. هەمـوو دەردێـک دەمانگەڕێنێتـەوە بـۆ دەرد و پڕەنسـیبی یەکـەم.

ئیبن روشد دەڵێت :

(هەمـوو دەردێکـی کاریگـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ بکـەری یەکـەم، دەردێکـی وێنەیـی بـۆ وێنـەی یەکـەم، گرێـی مادەی، بـۆ یەکەم ماددە. گرێـی مەبەسـتدار،

بۆ مەبەستی یەکەم و بەمشێوەیەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو ئەم چوار گرێیەش (بکەری، وێنەیی، مادەی، مەبەستداری) هەموو دەگەڕێنەوە بۆ گرێی یەکەم).

بەمشێوەیەش دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو گرێی (مەبەستداریی) لەپشت دروستبوونی هەموو بوونەوەرەکانە. هەموو بوونێکیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، هەر ئەویش سەرچاوەی هەموو بوونەکانە. هەموو دەردێک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەرد و سەرچاوەی یەکەمی. هەر ئەمەش بنەڕەتی بیرکردنەوەی ئیبن روشدبووە و بۆ ئەوەی بگاتە مەبەستی کۆتایی کە بریتیی بووە لە رەگەزی (ئاگاداربوون).

بەم پێیە ئیبن روشد پێی وایە کە فەلسەفە و حیکمەت، سەرچاوەو بنەڕەتی سەرەکین بۆ ئەوەی بوونی خودای پێ بسەلمێنین. بەمشێوەیەش فەلسەفە دەکەوێتە پێش ئایین، چونکە بەڵگەی تەواوەتی پێیە بۆ ئەوەی بوونی خودا بسەلمێنێت. ئەمەش بەیەکێک لە هەڵوێستە ناسراوەکانی ئیبن روشد دەربارەی پەیوەندی فەلسەفە و ئایین دادەنرێت. بەپێی بۆچوونی ئیبن روشد بێت، فەلسەفە خوشکی ئایینە و هیچ دژایەتی و ململانێیەک لە نێوانیاندا نییە، بەڵکە بە پێچەوانەوە، تەواوکار و تێکەڵاوی یەکترین.

فەلسەفە پێش ئایین دەکەوێت ئەویش بەهۆی ئەوەی دەتوانێت ئامرازی مەنتقی بۆ سەلماندنی بیروباوەرەکانی بەکاربهێنێت. هەر ئەم تێکەڵی و تەواوکاریی نێوان فەلسەفە و ئایینیش، دەربارەی بەڵگەی (چاودێریی) لە ئایینداا ئاماژەی پێکراوە. هەر ئەم بەڵگەیە و هۆکاری مەبەستدار، کە ئەرستۆ گۆڕانکاریی و نوێکاری تێداکرد، بە شێوەیەکی زۆر دیار لە قوورئان دا ئاماژەی پێکراوە. بە دڵنیاییەوە ئیبن روشد ئەم بەڵگەیەشی لە قورئان دەرهێنابوو. هەروەک خۆشی دەڵێت :

(ئەو ڕێگایەی کە کتێبی پیرۆز ئاگادارمان دەکات و بەشێوەیەکی دیاریش هەموو ڕووەکانی ئەم بابەتەی دیاریکردووە. هەربۆیە یەکسەر

کتێبی پیرۆز دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە بوون لە دوو رەگەزی سەرەکی پێک دێت : ڕاوەستان لەسەر ڕێگای چاودێرییی مرۆڤ، ڕێگای دووەمیش، چی دەبێتە هۆی دروسبوونی شتەکان)

دیارە سپینۆزا لە ڕێگای کتێبی (نامەیەکی کورت) هوە لە دەرگای باسی (چاودێرییی) داوە. لێ پرسیاری گرنگ لەوەدایە، ئایا ئەمە مانای ئەوە دەبەخشێت، کە ئەویش هەمان ڕێگای ئیبن روشدی گرتۆتە بەر ؟ ئایا بەتەواوەتی بۆچوونی فەلسەفییانەی ئیبن روشدیانەی بوو ؟یان بەواتایەکی تر وەکو ئەو بیری دەکردەوە. ؟ هەروەک هەندێک پسپۆر و زانای وای بۆ دەچن.

بائێستا بگەڕێینەوە سەر کتێبی (نامەیەکی کورت) و سەیری ئەو دەقە بکەین کە تێیدا بابەتی (چاودێریی) باسکراوە. سپینۆزا دەڵێت :

(چاودێریی، بەلای ئێمەوە هیچ نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە بریتییە لە هەوڵدانێک کە لە ڕێگایەوە هەموو سروشت و هەموو بوونەوەرە بچووکەکان بوونی خۆیان دەپارێزن. ئەمە زۆر بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت، چونکە سروشتی هیچ شتێک هەوڵی لەناوبردنی خۆی نادات، بەڵکە بە پێچەوانەوەیە. هەموو شتێک لەناوبوونی خۆیدا «خودی خۆیدا» کار بۆمانەوەی خۆی دەکات، لەهەمانکاتیشدا هەوڵی بەرەو باشتر بوون دەدات. هەرلەسەر ئەم ڕاستییەش دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە تێیدا دەتوانین «چاودێرییی گشتی و چاودێرییی بەشەکی «جیابکەینەوە. چاودێرییی گشتی ئەو چاودێرییەیە کە لە ڕێگایەوە هەموو شتەکان وەکو یەکەیەکی پتەو بەشێکن لە کۆی گشتی، لێ چاودێرییی بەشەکی ئەوەیە کە بەشەکان هەوڵ دەدەن نەک وەکو ئەوەی بەشێکن لە کۆی گشتی، بەڵکە هەر بەشەو هەوڵی مانەوە خۆی دەدات)

بەمشێوەیە دەبینین کە سپینۆزا چەمکی چاودێریی بەکاردەهێنێت، لێ ئەو شێوەوچوارچێوەیەی ناداتێ کە ئیبن روشد پێشتر پێی داوە. چاودێریی ئەو شتە نییە کە لە کۆمەڵێک خەیراتی سروشتی بێت کە

خـودا بـۆ مرۆڤـی بەخشـیبێت، بەڵکـە مانـاو مەبەسـتی خـودی سروشـت دەگەیەنێـت. چاودێریـی هێـزی بوونـی شـتەکان دەگەیەنێـت. ئـەو توانـای گشـتی لـە مەبەسـت و مانـاو بـوون و مانـەوەی هەمـوو شـتێک دەگەیەنێت. لەهەمانکاتیشـدا ئـەم رەگـەزی چاودێرییـە مرۆڤ(واتـە بەشـە بچووکـەکان) و خـودا (واتـە سروشـتیش) دەگرێتـەوە.

رەگـەزی چاودێریـی ئـەو سـوودەی نییـە کـە لـەلای ئیبـن روشـد هەیەتـی. ئـەو پێـی وابـوو، چاودێریـی بریتییـە لـە دیاریـی و فەزڵێکـی خـودا بـۆ مرۆڤ، گـەر کاتێـک مـرۆڤ لـەم دیـاری و فەزڵـەی خـودا پـێ بزانێـت ئـەوکات لـە بوونـی خـوداش تێدەگات. بـە پێچەوانـەوە چاودێریـی لای سـپینۆزا مانـای هێزێکـە کـە هەمـوو بەشـەکانی سروشـت دەگرێتـەوە.

هەمـوو تاکێـک لـە تاکەکانـی سروشـت بەشـدارە لـە بـوون و هەوڵـی مانـەوەی بوونـی خۆشـی دەدات. لای سـپینۆزا ئـەم هەوڵـدان و چالاکییـە، مانـای گشـتی رەگـەزی چاودێرییـەوە دەگەیەنێـت. سـپینۆزا دەڵێـت :

(پێشـتر ئێمـە لـەو بڕوایەدابووین کـە چاودێرییـی خودایـی و ئـازادی مـرۆڤ هەردووکیـان ئاوێتـەی یەکتریـن و لـە یـەک چوارچێوەدان، لەکاتێکدا گـەر ئـەم دوو مەفهوومـە لـە مانـا خەیاڵـی و نەرێتیەکـەی دەربکەیـن، واز لەوە دەهێنیـن کـە چاودێرییـی خودایـی لـە دەرەوەی بوونـە، ئـازادی مرۆڤیـش هێزێکـی سـەربەخۆی بوونـە. ئـەو کـردارەی کـە لـە ڕێگایـەوە خـودا لەنـاو سروشـتی خۆمانداییـە، ئـەو کـرداره لەنـاو خۆماندا بوونـی هەیە. بەمشـێوەیە دەگەیەنـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە :ئێمـە چەندە بـە خـوداوە بەسـتراوینەتەوە هێنـدەش بـە خۆمانـەوە دەبەسـترێینەوە، بـە پێچەوانەشـەوە، چەنـدە بـە خۆمانـەوە ببەسـترێینەوە هێنـدەش بـە خـوداوە دەبەسـترێینەوە)

چەمکـی چاودێریـی لـە فەلسـەفەی سـپینۆزادا بریتییـە لـە، یەکێتیـەک لـە نێـوان سروشـتی مـرۆڤ و جەوهـەری ڕەها(مطلـق) بـە مانایەکـی تـر (خودا). لێـرەدا لەنێـوان ئـەم دوانـەدا ڕووبەڕووبونـەوە نییـە، بەڵکـە تەواوکـەری یەکتریـن. هەریەکەیـان ئـەوی تـر تـەواو دەکات و هەریەکەیـان شـرۆڤەی ئـەوی تـر دەکات. بـۆ نموونـە بـە پێـی ئـەو بۆچوونـەی سـپینۆزا، کاری خـودا

شتێکە کە لە سروشتەوە، نامۆ و دوور نییە، کاری خودای گەورە ئەوە نییە کە بەخششەکانی خۆی بەسەر مرۆڤ دا ببارێنێت بۆئەوەی دان بە بوونیدا بنێت و سووپاسگوزاری بێت. لەبەرئەوە ئێمە لێرە لە فەلسەفەی سپینۆزادا، لەبەرامبەر بۆچوون و دیدێکی ئەنتۆلۆجی تەواودایین.

بەمشێوەیە زۆر بەڕوونی رەگەزی «چاودێریی» لە کتێبی (نامە کورتەکاندا) هاتووە، دووەم لەهەموو سۆنگەیەکی لاهوتی، هەروەها لە هەموو سۆنگەیەکی مرۆڤی و لێکچوونەوە دووەم، هەروەک لای ئیبن روشد زۆر دیارە. بەمشێوەیە دەبینین کە بۆچوون و دیدی سپینۆزا تەواو لە بۆچوون و دیدی ئیبن روشد جیاوازە. کاتێک کە ئیبن روشد پێی وابوو چاودێریی کارێکە لەلایەن خوداوە هاتووە. هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە بوونی خودا تێبگات و هەتاوەکو بەڵگەیەکی باشی بەرچاو نەکەوێت (لێرەدا نووسەر مەبەستی لە بەڵگەی مەبەستداریییە کە پێشتر بە درێژی باسمان لێوە کرد، ، ، ، ، وەرگێڕ)

کارەکانی خودا لە بواری چاودێرییدا کە پێشکەشی مرۆڤی دەکات، ئەوان دەتوانن مرۆڤ لەماناو بوونی خودا پیشان بددەن. بەڵام لای سپینۆزا ئێمە بۆچوونێکی تر دەبینین، لێرەدا چەمکی چاودێریی، سروشت، خودا، بەشە بچووکەکان بۆ نموونە مرۆڤ، هەموو ئەمانە جەمکی چاودێریی دەگرێتەوە. لای سپینۆزا چاودێریی کارێکی خودا نییە، بەڵکە بریتییە لە کاری بەکۆمەڵی سروشت.

دیارە کتێبی (نامە کورتەکان) یەکێکە لە کارە کۆنەکانی سپینۆزا. بە مانایەکی تر، ئەم کارەی سپینۆزا دەگەڕێتەوە بۆ تافی گەنجی تەمەنی. لەهەمان کاتیشدا سپینۆزا هەمان هێڵی بیرکردنەوەی ئیبن روشدی نەگرتۆتە بەر، هەروەها هەمان بۆچوون و تەشبیهاتەکانی ئەوی بۆ چەمکی چاودێریی بەکارنەهێناوە، بەڵکە تەواو جیاوازە. ئەو توانی هێڵی خۆی دیاری بکات، هەر لەسەرەتای قۆناغی گەنجی خۆیدا، توانی ڕێچکەیەکی نوێ دابنێت و تەقە لە دەرگایەکی داخراوی فەلسەفی بدات، کەپێشتر ئیبن روشد پەی پێ نەبردبوو، هیچ بەلاشیدا نەچووبوو، بەڵکە

بـه پێچەوانـەوە ئـەو خـۆی لـێ دوورخسـت و خـۆی نەخسـتە نـاو ترسـی ئـەو بابەتانـەوە.

لـێ ئـەم بۆچوونـە نوێییـە کـە لـە کتێبـی (نامـە کورتـەکان) دا دەربـارەی چەمکـی چاودێریـی نووسـرابوو، هیـچ هیـوا و ئاواتەکانـی سـپینۆزای تێـر نەکـرد، بەتایبـەت لـە بوارەکانـی سـروشت و مرۆڤ شـتی زیاتری دەویسـت. لەبەرئـەوە لەکارەکانـی داهاتوویـدا وازی لـە چەمکـی چاودێریـی هێنـا، چونکـە شـاراوەیی و ئاڵۆزییەکـی بـێ تامـی پێـوە دیـار بـوو. هەرلەبەرئـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی پەیوەندی خـۆی نـەک لەگـەڵ ئـەو چەمکـە تەقلیدیانـەی کـە ئیبـن روشـد رەواجـی پێـدان، بەڵکـە لەگـەڵ خـود و چوارچێـوەی ئـەم چەمکەش بـڕی. ئـەم پرۆژەیـەش لـە کتێبـە گرنـگ و پـر بایەخەکەیـدا (ئیتیـک، ئەخـلاق) دەبینیـن، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی هێرشـی کردۆتـە سـەر هەمـوو چەمکـە تەقلیدیەکانـی پێـش خـۆی.

کاتێـک کتێبـی (ئیتیـک) دەخوێنیتـەوە هەڵویسـتێکی زۆر دژی بـە فەلسـەفەی ئیبـن روشـد دەبینیـت. بەتایبـەت ئـەم هەڵوێسـتێکی ڕەخنەگرانەی تووندی دەربـارەی کۆڵەکەکانـی چەمکـی چاودێریـی ئیبـن روشـد نووسـیوە. سـپینۆزا لەکتێبـی (ئیتیـک) هـەوڵ دەدات لـە ڕێگـای لەناوبردنـی چەمکـی مەبەسـتداریەوە کار بـکات، کـە ئیبـن روشـد بـۆ چەمکـی چاودێریـی پشـتی پێدەبەسـت. سـپینۆزا لـە کتێبـی ئیتیـک پێـی وایـە کـە چەمکـی مەبەسـتدار هـۆکاری سـەرەکی حوکمـی بڕیاردانـی پێـش وەختـە و هـەر ئەمـەش دەبێتـە هـۆی تێکدانـی زیهنـی مـرۆڤ.

سپینۆزا لە سەر حوکمی بڕیاردانی پێش وەختی دەڵێت :

(زۆرن دەیانەوێـت ئەوەمـان بەسـەردا بسـەلمێنن، کـە هەمـوو شـتێکی «سروشت»، وەکـو ئـەوان کار بـۆ ئامانجێـک دەکات، لـەوەش زیاتـر دەڕۆن دەڵێـن، خـودا هەمـوو شـتێکی لەبـەر ئامانجێـک دروسـتکردووە، خـوداش هەمـو شـتەکانی بـۆ بەرژەوەندی مـرۆڤ دروسـتکردووە، هەروەهـا خـودا بۆیـە مرۆڤیشـی دروسـت کردووە، هەتاوەکـوو مـرۆڤ خـودا ببپەرسـتێت.)

سپینۆزا پێی وایە هەموو ئەم وەهمە مەبەستداریيە لەوەوە سەر هەڵ دەگرێت، کە ئەو مرۆڤانە نەزانن و لە راستی و هۆی سەرەکی بوونی شتەکان چییە ئاگادارنین.

سپینۆزا دەڵێت :

(هەموو مرۆڤێک هۆکاری سەرەکی شتەکان نازانێت، هەربۆیە هەموویان تەنها ئاواتەخوازی ئەو شتانانەن کە سوودی بۆ خۆیان هەیە، بەمشێوەیەش هۆشیاری خۆیان لەسەر ئەو شتانە دادەنێن)

ئەم بێ ئاگایی و نەزانینە لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مرۆڤ هەموو وەختێک بەدوای سوودو بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، هەر ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کە ئەو باوەڕە توندو گەرمەی لادروست بێت کە ئازادە لە هەڵبژاردنی شتەکاندا. تێنەگەیشتن لە هۆی کار و باوەڕەکانی، شوێنێک لە وەهمی ئازادی لا دروست دەکات. لێ ئەم نەزانینە بەرەو ئەنجامێکی ترمان دەبات، ئەنجامێک کە بۆ لێکۆڵینەوەی مەفهوومی چاودێریی زۆر بە لامانەوە گرنگ و پێویستە. ئەم ئەنجامە پەیوەندی بە باوەڕی مرۆڤەوە هەیە، کە پێی وایە، بوونی ئامانج و مەبەستەکان، لە پشت هەموو شتێکەوەن.

سپینۆزا دەڵێت :

(هەموو کاتێک مرۆڤەکان کرداریک دەکەن، لەبەر مەبەستێک، بە واتایەکی تر لەبەر سوودێکی تایبەت بە خۆیان. لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەوان هیچ هەوڵی ئەوە نادەن لە هۆی ئامانجی ئەو شتانە بزانن، ئەوان کاتێک کە زانییان مەبەستەکە چییە هێور دەبنەوە، لەبەرئەوە هیچ گومانیان نامێنێت. ئەگەر هاتوو نەیانتوانی لە ڕێگای کەسێکی ترەوە ئەم زانیاریە بزانن، ئەوا ناچاردەبن بگەڕێنەوە بۆلای هزرو تێڕامانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستانەی کە ناچاریان دەکات کە بەم کارانە هەڵسن. بەمشێوەیەش حوکمی خۆیان لەسەر کاروکرداری خەڵکی

تر دەردەکەن. لەلایەکی تریشەوە، مادام ئەوان لەلایەن خۆیان دەتوانن لە ڕێگای هەزرو تێگەیشتینی خۆیان و دەروبەریان، کۆمەڵێک ئامراز بدۆزنەوە کە یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بزانن چی بەسوودەو باشە بۆیان، بۆ نموونە چاو بۆ بینین، ددان بۆ خواردن، ڕووەک و گژووگیاو ئاژەڵەکان بۆ خواردن، خۆر بۆ ڕووناکی، دەریا بۆ بەخێوکردنی ماسی، ، بەمشێوەیە ئەوان بۆچوونیان بۆ شتە سروشتیەکان بەو شێوەیە کەهەموو ئەم شتانە ئامرازێکن بۆ سوودی ئەوان دروست بوون.)

سپینۆزا پێی وایە بێ ئاگایی و نەزانین لە هۆکاری ڕاستی شتەکان، دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە بوونی مەبەستەکان لە پشت دروستبوونی هەموو شتەکانەوەیە. باوەڕبوونیش بەم مەبەستانەش وامان لێدەکات کە باوەڕ بە بەڵگەی ئاگاداربوون بهێنین.

پاشان سپینۆزا دەڵێت :

(مادام زانیان کە ئەم ئامرازانەی کە دۆزیانەوە خۆیان دروستیان نەکردووە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە دەبێت بکەڕێک یان کەسێک ئەم ئامرازانەی دروستکردبێت. گەر کاتێک نەتوانن سەیری شتەکان بکەن وەکو ئامراز، باوەڕکردن بەوەی کە ئەم شتانە خۆی لەخۆیدا دروستبووە، بەڵام ئەو ئامرازنە کە فێربوون بۆ خۆیان بەدەستیبهێنن، بوونێکی ئاسان و سادەی سروشت دەبینین.

بەمشێوەیەش چێژ لە ئازادی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەو کەسە خۆشباوەڕانە، باوەڕیان وایە هەموو شتەکان بۆ سوودی خۆیان بەکاردەهێنن، بەڵام کاتێک ئەوان لە ئامانجی دروستکردنی ئەم شتانە نازانن، ئەوان یەکسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە دەڕوانن، تەسلیمی ئەو بۆچوونە دەبن، کە خودا هەموو شتەکان بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکردووە تا بەکاریبهێنن، لەهەمان کاتیشدا تا خودا ببپەرستن و باوەڕی پێ بهێنن)

جێگەی ئاماژەیە لێرەدا مەبەستی سپینۆزا ئەو شتەیە کە ئیبن ڕوشد

ناوی لێناوە (چاودێریی)

سپینۆزا پێی وایە، نەزانین هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی شتەکان و خزاندنە ناو بیری (مەبەستداری)، دەبێتە هۆی دروستبوونی بەڵگەی (چاودێریی) لێ کاتێک بزانین کە ئەم بەڵگانە لەسەرچاوەیەکی بۆشەوە هاتوون، بەمانایەکی تر نەزانینی هۆکاری راستەقینەی شتەکان، بەرەو ئەنجامی بۆشمان دەبات. بگرە ئەو کەسانەی کە پێیان وایە بەڵگەی (چاودێریی). بەرەو وەهم و گەمژەیمان دەبات و زەرەریشی بۆ سروشت دەبێت و زانینی تەواوەتیمان دەستناکەوێت. سپینۆزا دەڵێت :

(ئەوانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن تێمانگەیەنن کە دروستبوونی سروشت هیچ مانایەکی نییە «بە واتایەکی تر هیچ سوودی بۆ مرۆڤ نییە «ئەوانە هیچیان تۆمار نەکردووە، جگە لەوەی کە سروشت و خودا وەکو مرۆڤ بەهۆی سەرلێشاوەییەوە لەناودەچێت.) تکاتان لێدەکەم سەیری ئەم شتەی کۆتایی بکەن.

دیارە مەسەلەکە تەنها بەمەشەوە ناوەستێت، بگرە ئەوە فەیلەسوفانەی کە بوونەتە قووربانی وەهمی بیری (مەبەستداریی)، گەیشتوونەتە ئەو بیروبۆچوونە کە خوداش بەهەمان شت بشووبهێنن. واتە خوداش وەکو مرۆڤ هەموو کارێک بۆ ئامانج و مەبەستێک دەکات. دەنا چۆن دەبێت هەموو کارەکانی بەخت و ڕێکەوت بێت؟ دیارە ئیبن روشد خودای وەکو مرۆڤ نەشووبهاندووە، بەڵام بۆچوونی بۆ مەبەستی شتەکان وەکو ئەو داناوە.

سپینۆزا پێی وایە سەرلێشێواوی بیری (مەبەستداریی)، گەورەترین وەهم و شتی هیچی هێناوەتە کایەوە، چونکە دەربارەی سروشت و خودا، بۆچوونێکی هەیە، کە زۆر لە ڕاستی و یەقینەوە دوورە. مادام خودا هیچ کارێک بەبێ مەبەست ناکات، کەواتە هەتا مەبەستێکی نەبێت کارەکانی تەواو نییە. بۆچوونی (مەبەستداریی) مەعریفەیەکمان پێشکەش دەکات کە پێی وایە خودا و سروشتیش سیفەتی کاملیان نییە، لەهەمانکاتیشدا بۆچوونێکی نادیار و تەڵخمان پێشکەش دەکات. هەربۆیە

سپینۆزا پێی وایە دەبێت بۆچوونی (مەبەستدار) نەمێنێت، چونکە کەمترین پلەی مەعریفەی پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات. هەروەها پێشی وایە دەبێت بۆچوونی ئیبن روشدی دەربارەی چەمکیی (مەبەستداریی) لابببرێت، چونکە ئەم بۆچوونە زۆر نادیارو ناڕۆشنە و مەعریفەیەکی بۆش دەربارەی سروشتی خودا پێشکەش دەکات.

بەم شێوەیە دەبینی کە بۆچوونی سپینۆزا نەک هاوڕای ئیبن روشد نییە، بەڵکە لە زۆر شوێنیشدا دژی دەوەستێتەوە.

فەلسەفەی رۆشنگەریی
کانت باوکی ئایدیالیزمی ئەڵمانی

یەکێک لە باوکە مەزنەکان فکرو فەلسەفەی ئەڵمانیا ئیمانوێل کانتە. ئەو لە ساڵی ١٧٢٤ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٨٠٤ کۆچی دواییکردووە.

کانت رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشخستنی فکرو فەلسەفە لە ئەڵمانیادا، لەهەمانکاتیشدا بە یەکێک لە باوکە گەورەکانی قۆناغی رۆشنگەریی ئەوروپی دادەنرێت. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی ئێجگار مەزنە لەوانە : رەخنە لە عەقڵی پەتی، رەخنە لە عەقڵی پراکتیکی، ئاشتی هەمیشەیی» کۆمەڵێک کتێبی تر.

ئێمە لە رێگەی ئەم وتارەی بیرمەندی عەرەبی هاشم سالح، هەوڵ دەدەین تیشکێک بخەینە سەر فکرو فەلسەفەی، ئەم کەڵە فەیلەسوفەی ئەڵمانیا و جیهان.

کانت گەورەترین فەیلەسوفی سەدەی مۆدێرن

ئەو پڕەنسیبانەی کە داوای دەکرد، بوونە پڕەنسیپی گەلی ئەڵمانی و هەموو گەلانی ئەوروپا[٧٦]

ئەو پرسیارەی کە دێتە بەردەممان بریتیە لەوەی، کێ گەورەترین و مەزنترین فەیلەسوفی سەردەمی مۆدێرنەیە؟ پێدەچێت بڵێن دیکارتە» فەیلەسوفی فەرەنسی «یان لەوانەبێت بڵێن نیتچە یان هایدگەر، بەڵام

---

٧٦ هاشم صالح. كانط... أكبر فيلسوف في العصور الحديثة؟. المبادئ التي دعا إليها أصبحت مبادئ للشعب الألماني والشعوب الأوروبية رۆژنامەی الشرق الاوسط. الخميس - ٢ شهر رمضان ١٤٣٩ هـ - ١٧ مايو ٢٠١٨ مـ رقم العدد [١٤٤١٥]

زۆرینەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کانتە. بەڵام بۆچی کانت بێت و هیگل نەبێت؟ هەست دەکەم لەمەدا کەمێک زوڵم دەکرێت، باشترە لەیەککاتدا بڵێین کانت و هیگلە، هەردووکیان مەزنن، هەریەکەیان کیشوەرێکی نوێ و جیاوازیی لە کێشوەرەکانی فکری مرۆڤایەتی کەشفکردووە. بەڵام ئەی لەبارەی دیکارتەوە چی بڵێین، ئەی ئەو دامەزرێنەری فەلسەفەی مۆدێرنە نییە؟ یان چی لەبارەی سپینۆزاوە بڵێین، ئەو کەسەی کە دامەزرێنەری رەخنەی فەلسەفەیی قوواڵە لە ئوسوڵیەتی یەهودی؟

کانت کێیە؟

کانت لە ٢٢ ئەپریلی ١٧٢٤ لە شاری کونیگسبیرگ لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە، جێگەی ئاماژەیە ئێستا ئەم شارە ڕوسییە و چیتر ئەڵمانی نییە. ئەو لە بنەماڵەیەکی هەژار و کەمدەست لەدایک بووە، بەڵام هەر لە منداڵییەوە لەسەر ئەخلاق و خورەوشتی باش پەروەردەیان کردووە، ئەمەش هەتاوەکو کۆتایی ژیانی کاریگەریی گەورەی بەسەرەوە هەبوو. خۆشی باشتر دەڵێت: ئەو پەروەردە ئەخلاقییە باشەم کە لە ماڵەوە فێریان کردم، لەهیچ شوێنێکی تر دەستنەکەوت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دایکی، کە ژنێکی زۆر میهرەبان و ڕۆحسوک و زیرەک و خانەدان بووە. ئەمەش چانسێکی گەورەیە بۆ هەموو منداڵێک.

خوێندنی فەلسەفە

کاتێک تەمەنی گەیشتە شانزە ساڵ، چوو ناوی خۆی لە زانکۆی شارەکەیان نووسیی و دەستیکرد بە خوێندنی فەلسەفەی لایبنتز، کە ئەوکاتە بە گەورەترین فەیلەسوفی ئەڵمانیا دەژمێرا. کاتێکیش تەمەنی گەیشتە سی ساڵ، بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا. پاشان هەر لە

زانکۆکەی خۆی بووەوە بە مامۆستای زانکۆ. پاشان ئیتر کانت دەستیکرد بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵ و گشتی فەلسەفیی و کە زیاتر فکر و فەلسەفەی نیوتن و جان جاک رۆسی دەگرتەوە، بەڵام ئەو زیاتر خۆی بە جان جاک رۆسۆوە خەریک دەکرد.

کاریگەری رۆسۆ

دواتر خۆی دان بەوەدا دەنێت کە خوێندنەوەی ئەوەی دواییانی «مەبەستی جان جاک رۆسۆیە» خستوویەتییە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست و لەناخیشیدا جۆرە شۆڕشێکی فکریی تێدا خوڵقاندووە. بەڵام بۆچی؟ چونکە رۆسۆ ئەخلاقیی خستە سەرو زانست، فێری ئەوەشیکردین کە زانست بە بێ ئەخلاق یان وێژدان یان مەیلێکی مرۆڤانە، بەهای تۆکڵە پیازێکی نییە. بەداخەوە دواتر شارستانی خۆرئاوایی لەڕێچکەی خۆی لایدا و کەوتە ناو ئەو زۆنگاوە گەورەیەوە، هەرئەمەش وایکرد ئەو شارستانییەتە، لە چاو گەلانی تردا، ڕەونەق و مسداقیەتی خۆی لە دەستبدات.

پاشان کانت بۆ پلەی بەرزتری ئەکادیمی بەرزبوویەوە هەتا گەیشتە بەرزترین پلەو بووە گەورەترین ڕۆشنبیریی و بیرمەندی ئەڵمانیا بەبێ ڕکابەر. پاشان ساڵی ١٧٨٦ بووە ڕاگریی زانکۆی شارەکەی. لەوکاتەشدا مەزنترین بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئەو سەردەمەی بڵاوکردەوە کە ئەوانیش بریتی بوونە لە کتێبی «ڕەخنەی عەقڵی پەتی، ڕەخنەی عەقلی پراکتیکی» ڕەخنە لە مولکداریی دادگا و جوداکاریی و ئایین تەنها لەڕێگەی عەقڵەوە، ، ، کۆمەڵێک بابەتی فەلسەفی گرنگی تر.

تێکەڵبوون بە باتگەلی فکریی و فەلسەفیی

پاشتر لەگەڵ گەورە بیرمەند و فەیلەسوفانی ئەوروپا لەبارەی ئەم بابەتانەوە دەکەوێتە گفتوگۆی فەلسەفیی گەورە. لەوکاتەدا ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکردن زیاتر پەیوەست بوون بە مەسەلەی رۆشنگەریی و چۆنێتی دەرچوون لە فکر و تێگەشتنی عەقڵیەتی تاریکبینی ئایینی مەسیحیی. ئەمەش هەمان مەسەلەیە کە ئێستا بیرمەندانی عەرەب پێوەی خەریککن.

پاشان لە ساڵی ١٧٨٤ دا لە رۆژنامەی بەرلین وتارە بەهێزەکە بەناونیشانی «رۆشنگەریی چییە» بڵاوکردەوە. باوەڕبوونی فەلسەفی بە بوونی خودا، رزگارییکردبوو لە دوودڵیی و گومانی کۆتاییەکی خراپ یان ترس لە مەرگ. دواییین وانەی زانکۆشی لە ساڵی ١٧٩٦ پێشکەشکرد و پاشانیش لە ساڵی ١٨٠٤ دا لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دواییکرد. ئەو تەمەنەش بۆ ئەو سەردەمە زۆر زۆر بوو، وەکو بڵێیت ئێستا کەسێک تەمەنی سەد ساڵ یان زیاتر بێت وایە.

چوار تەوەری گرنگی ژیانی

هەرکەسێک بیەوێت بزانێت ئاخۆ کانت لەماوەی ژیانیدا زیاتر خۆی بە چ بابەتێکی فکرییەوە خەریکردووە، ئەوا دەبێت خۆی بە چوار پرسیاری سەرەکییەوە خەریک بکات، ئەوانەی کە خۆی لە ساڵی ١٧٩٣ دا بڵاویکردەوە، ئەوکاتە تەمەنی حەفتا ساڵ بوو، ئەو پرسیارانەش بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١/من دەبێت چی فێربم؟
٢/ من دەبێت لەم ژیانەمدا خۆم بە چییەوە خەریک بکەم؟

٣/ سنووری خەون و ئاواتەکانم چەندەو تا کوێیە؟
٤/ مرۆڤ چییە؟
تەواوی کارە فەلسەفییەکانی خۆی بە وەڵامدانەوەی ئەم چوار پرسیارەوە خەریککردووە.

کتێبی رەخنە لە عەقڵی پەتی

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم لە کتێبە ناسراوەکەیدا وەڵامی داوەتەوە ئەویش کتێبی «رەخنە لە عەقڵی پەتی». لەم کتێبەدا رووونیکردۆتەوە سنووری عەقڵی مرۆڤ چەندە و تا کوێ دەتوانێت بڕوات. ئەو لەم کتێبەدا دەیەوێت بڵێت: زانست ئەوەی دەرخستووە کە عەقلی مرۆڤ توانای ئەوەی نییە کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بێت، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئێمە پێشبینیمان کردووە یان باوەڕمان پێیەتی. بەڵام لەهەمانکاتیشدا عەقڵ توانای زۆر شتی هەیە. هەروەها دەتوانین بزانین کە ئەو شتانە چین کە عەقڵ دەتوانێت بە توانا تایبەتییەکانی خۆی کەشفیان بکات، ئەوانەش چین کە ناتوانێت. ئەوەی عەقڵ دەتوانێت درکیان پێ بکات و لێیان تێبگات، بریتییە لە دیاردەو بەرگی دەرەوەی جیهانی ماتریاڵ و ئەو یاسایانەی کە گەردوون بەڕێوەدەبەن و کۆنترۆڵی دەکەن. ئەمەش شتێکی کەم نییە.

عەقڵ ناتوانێت لەپشت دیاردە مادییە هەستپێکراوەکان یان وەکو پێیدەڵێن جیهانی میتافیزیکی، لە جیهانی بوون تێبگات. ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی فەیلەسووفانی پێش خۆیەتی. هەربۆیە کانت ناوی کتێبەکەی نا «رەخنە لە عەقڵی پەتی» کە لە راستیدا زیاتر مەبەستی رەخنەگرتن بوو لە عەقڵی میتافیزیکی. ئەو عەقڵەی کە پێی وایە کە دەتوانێت لەهەموو شتەکان تێبگات بە دونیای ئاخریشەوە یان ئەو دونیا. ئەم وەهمە گەورەیەش کانت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا تێکیشکاند و لەناویبرد.

ئەو بە مرۆڤی وت: گرنگیی و بایەخ بدەن بەو شتانەی کە لە تواناتانداید تێبگەن و دەتوانن بەشێوەیەکی لۆجیکیی و زانستی بیسلەمێنن، ئەوەشی لێی تێناگەن وازی لێبهێنن. کاتی خۆتان بە شتێکەوە بەفیڕۆ مەدەن کە بنەماکەی بۆشە. خۆتان مەخەنە ناو گێژاوی غەیبیات و میتافیزیکییەوە، تەنها تێگەیشتن لە جیهانی ماتریاڵی هەستپێکراوتان بەسە و خۆتان بەشتی تر‌ەوە خەریک مەکەن.

ئێمە تەنها ئەوەمان بەسە کە شانازی بە عەقڵەوە بکەین چونکە توانی لەسەر دەستی ئیسحاق نیوتن، یاساکانی گەردوونمان بۆ ئاشکرا بکات، بەتایبەتیی تریش یاسای هێزی راکێشان» موگناتیزیی» زەوی. ئەگەر ئەم داهێنانە زانستیانە نەبوونایە، ئەوا ئەمڕۆ دەستمان نەدەگەیشت بەو داهێنانە گەورانەی بواری ئامێرەکانی تەکنۆلۆجیای مۆدێرن، کە یارمەتی مرۆڤی داوە بۆ ئەوەی بەهەموو ئاواتەکانی خۆی بگات و تەواوی سروشتیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت.

بەمێشوەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە عەقڵی مرۆڤ دەتوانێت زۆر شت بکات، هەروەها دەشتوانێت شارستانییەتێکی گەورەش دروست بکات. ئەوروپییەکانیش ماوەی چوار سەدەی پێشووە، هەر ئەمەیان کردووە.

بەڵام عەقڵ ناتوانێت وەڵامی پرسیارە میتافیزییکییە بنەڕەتییەکان بداتەوە هاوشێوەی وەکو: لەپاش مردن چی روو دەدات؟ ئایا رۆح و جەستە پێکەوە لەناودەچن یان نا؟ لێرەوە سنووری تواناکانی عەقڵ رادەوەستێت و لێرەوە سنووری ئیمان و باوەڕداریی دەسپێدەکات. ئایین بەتەنها خۆی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

کتێبی ڕەخنە لە عەقڵی پراکتیکی

بەڵام پرسیاری دووەم بریتییە لەوەی، ئایا دەبێت چی بکەین؟ کانت لە کتێبە گەورەکەیدا وەڵامی ئەمەی داوەتەوە دەڵێت: ڕەخنە لە عەقڵی پراکتیکی «عەمەلی» هەر لەمەشەوە ئەخلاق بە مانا مۆدێرنەکەی وشە، لەدایک بووە. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە دەڵێت: ئەو شتە بەرامبەر بە خەڵکی تر مەکە، کە خۆت پێتناخۆشە بەرامبەرت بکەن. ئایا هیچ کەسێک هەیە لەسەر زەوی حەزی بەوە بێت کە خەڵکی تر لێیبدەن و سامانی بدزن و بیکوژن و ئازاری بدەن و بیچەوسێنەوەو ڕقیان لێبێت؟ بەدڵنیاییەوە کەس نییە. کەواتە تۆش نابێت ئەم کارانە ناشیرینانە بەرامبەر بە خەڵکی تر بکەیت.

بە واتایەکی تر ئەو کارانە بەرامبەر بە خەڵکی بکە، کە خۆت حەز دەکەیت خەڵکی تر بەرامبەرت بکات. بەمشێوەیەش کۆمەڵگە ڕێکدەخرێت و دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقیی و پێشکەوتوو. ئەمەش لە داهاتوودا لە کۆمەڵگە ئەورووپییە پێشکەوتووەکان هاتە دی، کاتێک مرۆڤە شارستانییەکان بەوپەڕی ڕێز و ئیحترامەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن. چیتر کێشە و ناکۆکییەکانیان لە ڕێگەی هێزی جەستەیی و لێدانەوە چارەسەر ناکەن، هەروەکو مرۆڤی سەرەتایی و هەمەجی دەیکات، بەڵکە ئەوان لە ڕێگەی وابەستبوونیان بە یاساکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی یاساوە، کێشەکانی ناوخۆیان چارەسەر دەکەن.

ئەو پڕەنسیپانەی کە کانت باوەڕی پێیان هەبوو، بە ڕەنگی سەر کاغەز نەمانەوە، بەڵکە بوونە ئەمرێکی واقعیی و بوونە شێوە بنەمایەکی پیرۆز کە ئێستا گەلی ئەڵمانیا و گەلانی تری ئەورووپی پێشکەوتوو، پێڕەویی دەکەن و لەسەری دەڕۆن. ئەمەش مانای وایە کە فەلسەفەکەی بە شێوەیەکی پراکتیکی لەسەر ئەرزی واقع بەرجەستە کراوەو بەشداربووە لە بونیاتنانی شارستانی مۆدێرن بەشێوەیەکی

گشتی. ئەمەش بەو مانایە دێت کە کانت، بە شێوەیەکی گشتی لە پاش دیکارت و جان جاک رۆسۆوە، بووە مامۆستای شارستانی ئەورووپی.

کتێبی ئایین تەنها لە سنووری عەقڵدا

لەبارەی وەڵامی پرسیاری سێهەمیشەوە: لەم ژیانەدا خەون و ئاوات بە چییە ببینم؟ کانت وەڵامی ئەم پرسیارەشی داوەتەوە، ئەوەش لەکتێبە بەناوبانگەکەی : ئایین تەنها لە سنووری عەقڵ. لەم کتێبەدا هێرشی توند دەکاتە سەر فکری ئوسوڵی مەسیحی تەقلیدیی و لەهەمانکاتیشدا تێگەیشتنێکی عەقڵانی بۆ ئایین دەهێنێتە ئاراوە، بە واتایەکەی تر تێگەشتنێک کە لەگەڵ کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا دەگونجێت.

کانت پێی وایە کە تۆندرەویی ئایینی هۆکاری هەموو جەنگ و شەڕەنگێزیی و جەنگێکی مەزهەبییە، کە ئەڵمانیا و تەواویی ئەورووپای وێران کرد، ئەو جەنگانەی کە بە جەنگی سی ساڵە دەناسرێت لە نێوان ساڵانی ١٦١٨ بۆ ١٦٤٨ رووياندا. ئەو جەنگەی کە لە نێوان هەردوو مەزهەبی کاتۆلیکیی و پرۆستانیدا رووید و بووە هۆی کوژران و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لە هەردوو مەزهەبەکە.

هەربۆیە پێویستە واز لە تێگەیشتنی کۆن و تاریکبینی بۆ ئایین بهێنین و تێگەیشتنێکی ترمان بۆ ئایین هەبێت، کە ئەویش لە چوارچێوەی عەقڵدا بێت. تەنها لەم کاتەشدا دەکرێت ئاشتبوونەوەی مێژوویی لە نێوان زانست و ئیمان، یان فەلسەفە و ئایین رووبدات. کانتیش لە رێگەی بەرهەمەکانییەوە توانیی ئەم ئاشتبوونەوە گەورەیە بکات. نابێت ئەوەشمان لە یادبچێت کە کانت دامەزرێنەری فەلسەفەی میتافیزیکی ئەڵمانییە، واتە ئەو فەلسەفەیەی کە باوەڕی بە گرنگی فکر و بەها باڵاکان و خوداپەرستی هەیە و پێی وایە پێکەوە دەتوانن گۆڕانکاریی لە ژیان بکەن و بەرەو باشی هەنگاو بنێن. کەواتە هاوڕێیان ببنە هەواداری فکری میتافیزیکیی و دژییان مەوەستنەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا واقعیش

بـن.

باوەڕبوون بە توانای عەقڵی مرۆڤ

کانـت بـاوەڕی تەواوەتـی هەبـوو بـە تواناکانـی عەقڵـی مـرۆڤ و پێـی وابـوو کـە عەقڵـی مـرۆڤ دەتوانێـت پەرجـوی گەورە لەسـەر زەوی دروسـت بـکات، ئەمـەش لـە رێگـەی زانسـتی فیزیایـی و ماتماتیکییـەوە، ئـەو دوو سـەرچاوەیەی کـە ئیسـحاق نیوتینـی لێـوە پەیدابـوو. جێگـەی ئاماژەیـە کانـت سـوودی زۆری لـە تیۆرییـەکان ئـەم زانـا گەورەیـە وەرگرتـووە بـە شـێوەیەک هەندێک کەس دەڵێن: ئەگـەر نیوتـن نەبواییـە، ئـەوا کانتیـش نەدەبـوو! چونکـە نیوتـن توانـی تـۆوی بـاوەڕ بەخۆبـوون و بەهێزیـی و بەتوانایـی زانسـتی نوێـی بـۆ دەرخسـت، ئـەو زانسـتەی کـە دەتوانێـت چارەسـەری کێشـەکانی گـەردوون بـکات و نهێنییەکانـی بـۆ ئاشـکرا بـکات.

جێگـەی ئاماژەیـە کانـت لـە سـەدەی هـەژدەدا لەدایک بـووەو ژیـاوە، بـە واتایەکـی تـر ئـەو لـە سـەردەمی رۆشـنگەریی مەزنـدا ژیـاوە. لەبەرئـەوە ئەویـش بەشـداربووە لـە نەهێشـتنی عەقڵـی دواکەوتوویـی و تاریکبینـی کـە لـەو سـەردەمەدا دەوروپشـتی عەقڵـی دابـوو یـان دایپۆشـیبوو. هەروەهـا ئـەو دژایەتـی تونـدڕەویـی ئایینـی و لەقاڵبـدان و زیندانییکردنـی عەقڵ دەکـرد. لەهەمانکاتیشـدا دژایەتـی تەمبەڵـی عەقڵیـی و خۆتەسـیلمکردن بـە فکـری قـەزاو قـەدەر دەکـرد.

پێناسەکردنی رۆشنگەریی

کانت بەمشێوەیە پێناسەی رۆشنگەریی دەکات و دەڵێت:

رۆشـنگەریی مانـای دەرچوونـی مرۆڤـە لـە قۆناغـی کورتهێنانـی عەقڵیـی و گەیشـتن بە قۆناغی باڵقیی و و گەورەبوون و پێگەیشـتن، ئـەو پێناسـەی «کورتهێنانـی عەقڵـی» بـەوە کـردووە کـە مانـای پشتبەسـتنە بـە خەڵکـی

تر و نەتوانیت خۆت بیربکەیتەوەو خۆت هەڵسووکەوتی خۆت دیاریی بکەیت. هەربۆیە ئەو داوای ئەوە دەکات کە خاوەنی بڕیاری خۆت بیت و بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بکەیت بە وەسی بەسەر خۆتەوەو ئەو کەسە هەمیشە بەسەر سەرمانەوە بوەستێت وەکو باوک و شێخ و قەشە و مەلا و، ، هتد. ئەمەش مانای وایە هەرچەندە گەیشتوویتە قۆناغی گەورە بوون و پیاوەتی، بەڵام لە رووی عەقڵییەوە هێشتا منداڵێکی بچووکیت و پشت بەخەڵکی تر دەبەستین.

هەربۆیە کانت هاوار دەکات:

ئەی خەڵکینە، عەقڵی خۆتان بەکاربهێنن! تکایە ئازایەتیی ئەوەتان تێدابێت کە عەقڵی خۆتان بەکاربهێنن! خودا بۆیە عەقڵی پێبەخشیووین بۆئەوەی بەکاریبهێنن و نەکەونە هەڵە و کێشەی گەورەوە. بۆئەوەی مافتان نەخورێت و نەچەوسێنرێنەوەو خۆتان رادەستی تەمبەڵیی و قەزاو قەدەر مەکەن. هیچ شتێک یەکسەر قبووڵی مەکەن، پێش ئەوەی نەیخەنە ژێر دادگاییی عەقڵ و پشکنین و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە.

رۆشنگەریی دژی ئیمان و باوەڕی ئایینیی نییە

کانت پێی وابوو کە رۆشنگەریی شتێک نییە کە دژی ئیمان و باوەڕی ئایینیی بێت. بەڵکە ئەو لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: لەو سنوورەی کە عەقڵ تەواو دەبێت، لەوێوە ئیمان دەستپێدەکات. هەروەها ئەو هیچ کاتێک داوای ئەوەی نەکردووە کە خەڵکی بەشێوەیەکی کوێرانە ملکەچی پیاوانی ئایینی بن، کە دواتر لە پروسیادا وایان بڵاودەکردەوە کە کانت داوای ئەمەی کردبێت، بەڵام لەراستیدا ئەو نەک وای نەوتوە بەڵکە دژی ئەو کەسانەش وەستاوە کە بەو شێوەیە بیردەکەنەوە.

ئەو دژی زیندانییکردنی فکریی یان سنووردارکردنی فکری وەستایەوە، بەڵام بەداخەوە چەندجارێک ئەڵمانیا ئەم پڕەنسیپانەی پێشێلکردووە کە

کانتی مەزن داوای کردووە، بەتایبەتی لە قۆناغی نازییەت و هیتلەریدا. لەم قۆناغەدا «واتە قۆناغی دەسەڵاتداریی نازییەکان، ، ، و.ک» ملکەچی کوێرانە بەسەر تەواوی خەڵکیدا سەپێنرا، لەو کاتەدا ئەڵمانییەکان ملکەچی هەموو بڕیارێکی دەسەڵات دەبوون، تەنانەت گەر ئەو بڕیارەش دژی بیروباوەڕەکانیشیان بوایە، لەوکاتەدا میتودی «جێبەجێبکە و هیچ دژ مەوەستەوە» بەسەر تەواوی ئەڵمانیادا سەپێنرا.

فەلسەفەی پەروەدەریی کانت

کانت فەلسەفەی پەروەردەیی خۆی لەسەر ئەم بنەمانە سەرەکییانە داڕشتبوو:

نابێت مرۆڤ وەکو ئامڕازێک سەیر بکرێت، بەڵکە دەبێت هەموکاتێک مرۆڤ ئامانج بێت نەک ئامڕاز. نابێت بەهیچ شێوەیەک کەرامەتی مرۆڤێک لەلایەن مرۆڤێکی تردەوە پێشێلبکرێت، تەنانەت ئەو کەسەش خزمەتگوزارێکی ئاسایی ماڵەوەشتان بێت. دەبێت هەمیشە رێز لە کەرامەت و کەسایەتی خەڵکی بگیرێت.

وێستگە گەورەکانی فەلسەفەی ئەورووپا

کانت، هیگل، کیرگهارد، ئۆگست کۆنت، ئێرنس رینان، ولیەم جویس، جۆن دیوی، قوتابخانەی فرانکفورت .[۷۷]

کاتێک سەیری مێژووی فەلسەفی ئەورووپا دەکەین، کۆمەڵێک فەیلەسوفی مەزن دەبینین کە رۆڵی بەرچاویان لە پێشخستن و گەشەپێدانی فکرو فەلسەفەی ئەورووپا و جیهاندا هەبووە، بەتایبەتی : کانت، هیگل، ئۆگست کۆنت و کیرکگهارد و جۆن دیوی، کۆمەڵێکی تر.

هاشم سالح وەکو شارەزاییەکی باشی مێژووی فکرو فەلسەفەی ئەورووپا، لەم وتارەیدا هەوڵیداوە بە شێوەیەکی کورت و پوخت، باسی هەندێک فەیلەسوفی مەزنی ئەورووپا بکات، کە لە قۆناغە گرنگەکانی هزری ئەورووپیدا، رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

ئەم بەشەش بەرچاوڕوونییەکی باش دەداتە خوێنەری کورد و زانیاریی باشی تێدایە لەبارەی قۆناغە گرنگەکانی فکر و فەلسەفەی ئەورووپی، هەربۆیە پێمباشبوو لەم کتێبەدا بڵاوبکرێتەوە وەکو بەشێکی سەربەخۆ.

زۆر ئەو کتێبانەم بە دڵە کە بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی زانکۆ نووسراون، کە وەکو وانەیەکی بنەڕەتیش وان، بۆ ئەوەی سنووری زانیاری خوێندکاران فراوانتر بکات. ئەم کتێبەی کە لە لایەن لێکۆڵەوەری فەرەنسی (دوومینیک فولشید) نووسراوە، خۆی مامۆستایە لە زانکۆی (مارن لافانی) لە نزیک پاریس. ناونیشانی کتێبەکە بەم جۆرەیە:(وێستگە گەورەکانی فەلسەفەی کلاسیک و مۆدێرن و ئێستا). ئەم کتێبە لەلایەن چاپخانەی زانکۆکانی فەرەنساوە چاپکراوە. نووسەر لەم کتێبەیدا باسی ئەو کتێبە فەلسەفییە گرنگانە دەکات، کە لە ئەورووپا لە سەدەی سیانزەوە تا ئەمڕۆ نووسراون. هەروەها نووسەر باسی ناوی ئەو کتێبانە

۷۷ هاشم صالح. محطات الكبيرة في فلسفة الاوروبية. سايتى الاون.

دەکات، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر فکری مرۆڤایەتی هەبووە.

دیارە ئێمە لێرەدا ناتوانین باسی هەموو ئەو ناوانە بکەین، چونکە ئەوە بە چەندین وتاریش ناکرێت نەوەک ئەم وتارەی من. لێ من لە هەندێک وێستگەدا وەستانێک دەکەم، بەتایبەت ئەوانەی کە بەلای منەوە بنەڕەتین. هەربۆیە سەرەتا داوای لێبوردن لە خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم، چونکە ئەم گەشتە خێراو زاڵمەی من، تەنها لەچەند وێستگەیەکدا دەوەستێت و زۆر بە خێرایی دەڕوات و وێستگەکانی تر پەراوێز دەخات، بەڵام هەر ئەمەم لەدەست دێت و چارەی ترم نییە.

پێش ئەوەی دەست بە بابەتەکە بکەم، پێمخۆشە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم، کە نووسەری ئەم کتێبە، پێشتر بەچەندین کتێب، کتێبخانەی فەرەنسی دەوڵەمەند کردووە، کە جێگەی بایەخن لەوانە : فەلسەفەی ئەڵمانی لە کانتەوە بۆ هایدگەر. رۆحی ئیلحاد و چارەنووسی، فەلسەفە گەورەکان، ، ، هتد.

کانت

کانت(لە ساڵی ١٧٢٤ لەدایک بووەو ساڵی ١٨٠٤ کۆچی دواییکردووە)

سەرەتا لەسەر کانت دەوەستم، کە بە شێوەیەکی تایبەتی بە دامەزرێنەری تازەگەری فەلسەفە دادەنرێت. کتێبە ناسراوەکەی (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی) کە لە ساڵی ١٧٨١ نووسراوە. جێگەی ئاماژەیە مێژووی فەلسەفە لێرەوە بۆ دوو بەش دابەشدەکرێت، پێش و پاشی ئەم کتێبە. دیارە سەرەتا کە کتێبەکە بڵاوبوویەوە، پڕبوو لە دەستەواژەی قوورس و ئاڵۆزو نادیار. هەتا ماوەیەکی زۆر گرنگی و مەزنی ئەم کتێبە بۆ خەڵکی دەرنەکەوتبوو. کتێبەکەی کانت وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجی وایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە «: من چی دەتوانم لە ژیان فێربم ؟. من دەتوانم چی بکەم؟. من دەتوانم چ خەون و هیوا و ئاواتێکم هەبێت ؟.

لەڕاستیدا کانت دەیوویست سنووریک بۆ ئەو دوو ڕەوتە فەلسەفییە باوەی کە لە سەردەمی ئەودا ڕەواجیان هەبوو دابنێت: یەکەمیان ڕەوتێکی دیماگۆگی و میتافیزیقی بوو، کە پشتی بە کۆمەڵێک یەقینی ڕەهایی و کۆتایی دەبەست، کە هیچ جۆرە نیقاشێک قبووڵ ناکات. دووەمیشیان، ڕەوتێکی بێگومانی و بێباوەڕی بوو، کە باوەڕی بە هیچ شتێک نەدەکرد.

دیارە ئەم دوو ڕەوتە، هەردووکیان شکستیان هێنا، چونکە خۆیان بە کۆمەڵێک نیقاشی قووڵی میتافیزیقی خەریکردبوو، کەهیچ سوودێکی نەبوو. لەم کاتەدا، کانت پەیدابوو، بۆ ئەوەی دەرگاییەکی نوێ بۆ فەلسەفە بکاتەوە، لەهەمانکاتدا واش لەفەلسەفە بکات، کە سوودی بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەبێت. ئالەم خاڵەشدا، گرنگیی و مەزنی ئەم فەیلەسوفە دەردەکەوێت.

بە بڕوای ئەو، گرنگترین شت کە لە سەردەمی ئەودا ڕوویدابێت، زانستی سروشتی و فیزیایی و ماتماتیکییە. بە واتایەکی تر، زانستی «نیوتن» کە پشت بە ئەزمونگەرایی و گەڕان بەدوای کەشفکردنی یاساکانی گەردوون دەبەستێت. بە واتایەکی تر، پاش ئەوەی زانستی نیوتن پەیدابوو، چیتر ناتوانین باسی فەلسەفە بە شێوەیەکی میتافیزقی بکەین (واتە هەروالەخۆوە باسی فەلسەفە بکەین).

لەمڕۆ بەدواوە فەلسەفە دەبێت تێڕوانینێک بێت لەبارەی زانست و ئەنجام و میتۆدەکەی، هەروەها چیتر نابێتە وەهێمێکی بۆشی میتافیزیقی، کە هیچی تێدا بەسەر نییە. بە واتایەکی تر، ئێمە چیتر ناتوانین هەموو شتێک بڵێین، هەروەک پەیڤی فەلسەفی کۆن دەیکرد، بەڵکە لەمڕۆ بەدواوە، دەبێت پەیڤی فەلسەفە، لەگەڵ پەیڤی زانست بێتەوە، چونکە تەنها زانست ڕاستەو یەقینە.

بە مانایەکی تر، ئەو سەردەمە بەسەرچوو، کەهەموو شتێک لەبارەی هەموو شتێکەوە بڵێین، هیچ شتێکیش لەبارەی هەموو شتێکەوە نەڵێین. تەنها بە زمانی زانست دەتوانین قسە بکەین. دیارە مەبەستی کانت،

زانستی فیزیا و ماتماتیک بوو که نیوتن به شێوەیەکی بنەڕەتی دایمەزراند، پاش ئەوەی کەشفی یاساکانی جاذبیەتی (هێزی راکێشان) گەردوون و چەند یاساییەکی سروشتی تری کرد.

کانت شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی لە بواری فەلسەفەدا کرد، ڕێک وەکو ئەو شۆڕشەی کۆپەرنیکۆس وابوو، کە لە بواری زانستی گەردووناسیدا کردی. کۆپەرنیکۆس گوتی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەک بە پێچەوانەوە، کانتیش گوتی کە فەلسەفە دەبێت بە دەوری زانستدا بسووڕێتەوە. زانستی فیزیا و ماتماتیک دەتوانێت کەشفی یاساکانی سروشت بکات، ئەمەش بنەڕەتی مەعریفەیە. بەمشێوەیە کانت فەلسەفە و زانستی لە یەکتری جیاکردەوە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە تێکەڵ بوون، هەروەها زانستیشی پێش شتەکانی تر خست، دەتوانین بڵێین کانت ئەبستمۆلۆژیای داهێنا.

هیگل

هیگل (ساڵی ١٧٧٠ لەدایک بووەو ساڵی ١٨٣١کۆچی دواییکردووە.)

بەڵام دووەمین وێستگەی گرنگی تر لە مێژووی فەلسەفە، بە دڵنیایەوە هیگلە. پاش کانت یەکسەر هیگل دێت، کتێبە ناسراو پڕ بایەخەکەی (فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح) لە کتێبەکەی کانت (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی) کەمتر نییە. دیارە هیگل ساڵی١٨٠٧ تێکستێکی بەناوی (یاسای زانست) بڵاوکردەوە. تێیدا گوتی : کە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، بەشی یەکەمی ئەم سیستەمە، بەڵام کتێبی دووەم کە هیگل بڵاویکردەووە بەناوی (فەرهەنگی زانستی فەلەسەفی، ساڵی ١٨١٧) بوو. تێیدا دەڵێت : فەلسەفە خۆی لە خۆیدا پێش دەکەوێت و پێش هەموو شتێکیش دەکەوێت. هەروەها دەڵێت : مێژووی فەلەسەفە ڕەگێکی درێژی هەیە و هەربۆیە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی هەر فەلسەفەیەکەوە، دەبێت ڕەچاوی ئەو زەمەنە مێژوویییەی خۆی بکەین کە تێیدا فەلسەفەکە

لەدایک بووە، چونکە فەلسەفەکە نەوەی سەردەمەکەی خۆیەتیی و ئامانجی فەلسەفەش چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانە لە سەردەمەکەی خۆیدا.

بەڵام لاهوت (زانستی ئایینی) چ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەوە هەیە ؟ چۆن دەتوانین لە نێوانیاندا ڕێکەوتن چێ بکەین ؟ جێگەی ئاماژەیە لاهوتییەکان دەڵێن، کە راستی ڕەهای ئایین، دژی هەموو ڕاستییەکی چکۆلانە و نا یەقینی عەقڵ دەوەستێتەوە، بەڵکە سووکایەتی بە ڕاستییەکانی ژیانیش دەکەن، چونکە ژیان هەتا هەتا نییە و نامێنێت و ماوەیەکە.

بەڵام هیگل پێی وایە کە فەلسەفە و ئایین، هەردووکیان یەک ناوەڕۆکیان هەیە، هەردووکیشیان باسی یەک کێشە دەکەن، بەڵام بە ڕێگای جیاواز. ئایین باسی ڕاستییەکی ڕەها دەکات، بە شێوەیەکی مەجازی و پشت بەستن بە وتەکانی پێغەمبەر بە شێوەیەکی خراپ، لەکاتێکدا فەلسەفە پشت بە ڕێگایەکی (مەنطقی و عەقڵانی) دەبەستێت. بەمانایەکی تر، تێڕوانینی فەلسەفی واتە گواستنەوە لە قۆناغی تێڕوانینی خەیاڵییەوە، بۆ قۆناغی تێگەیشتن و عەقڵانی سەیرکردنی شتەکان. بەهیچ جۆرێک فەلسەفەو کرۆکی ئایین دژی یەکتری نین، بەڵام فەلسەفە دژی تێڕوانینی ڕووکەشی و ساکاری ئایینە، ئالەم حاڵەتدا زۆر دژی یەکترن و ڕووبەڕوی یەکتری دەبنەوە.

لێرەدا دەبێت بەکورتی باسی کتێبەکانی هیگل (فەلسەفەی مێژوو، مێژووی فەلسەفە) بکەم.

لەبارەی یەکەمیانەوە، هیگل پێی وایە کە مێژوو بریتیی نییە لە فەوزاییەکی خۆرایی، یان تێکەڵوپێکەڵکردنی کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز بەبێ هۆ و ئامانج، بەڵکە ئەمە کارێکی عەقڵانییەوە هۆکار و ئەنجامی خۆی هەیە (خودا)، مێژوو دەبات بەڕێوەو سەرپەرشتی دەکات، بەڵام فەیلەسوف کاری ئەوەیە، پاش ئەوەی ڕووداوەکە ڕوویداوەو تەواو بووە، شرۆڤەی مێژوو بکات. ڕووداوە گەورەو ئاڵۆزەکانی مێژوو،

پێویستییان بە فەیلەسوفێک هەیە بۆ ئەوەی شرۆڤەی بکات و تێی بگات، هەروەها دەزووی پەیوەندی نهێنی ئەم ڕووداوانە بدۆزێتەوە. خەڵکیش لەڕێگای کارەکانیان لە بواری مێژووداً، دەتوانن لە پلانە گەورەکانی خودای گەورە تێبگەن، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن.

بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوان ملکەچی ئامانج و هەڵچوونە بێ ماناکانیان و بەرژەوەندییە شەخسیە تەسکەکانیانن. هەرچەندە مێژوو کۆمەڵێک شێوەی نا عەقڵانیی و فەوزەوی و جەریمەکاری تێدا ڕووەددات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو شتێکی عەقڵانییە.

بەڵام لەبارەی کتێبی «مێژووی فەلسەفە» هیگل دەڵێت : ڕۆحی ڕەهای مێژوو لە ڕێگای فەیلەسوفە گەورەکانەوە بەرجەستە دەبێتم بۆ نموونە لەڕۆحی کەسانی وەکو سقرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، دیکارت و کانت بەرجەستە دەبێت.

لەهەموو سەردەمێکدا فەیلەسوفێکی گەورە پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی عەقڵانی بوونی فەلسەفە لەخۆیدا بەرجەسستە بکات، دیارە هەموو کاتێک عەقڵانییەت پلەیەکی زیاتر سەردەکەوت و پێدەگەی، هەتا لەفەلسەفەی هیگل دا بەتەواوەتی پێگەیشت. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ڕۆحی (موطلەقی) ڕەهایی فەلسەفە لە خودی خۆیدا شێوەیەکی کاملّی هەیە و بەمشێوەیە هیگل باسی مێژووی فەلسەفەی دەکرد، لە دێر زەمانەوە هەتاوەکو ئێستا، بەڵام ئەم بەشێوەیەکی زاتی نەک بابەتیانە باسی فەیلەسوفەکانی دەکرد، چونکە ئەو بەپێی دیدی تایبەتی خۆی و پرۆژە فەلسەفییەکەی خۆی لێکدانەوەی دەکرد. هەربۆیە هیگل «مێژووی فەلسەفی «فەلسەفەی پێشخست نەک مێژوو (مێژووی فەلسەفە).

بەڵام ئەمە هیچ لە گەورەیی و مەزنی کارەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵکە بە پێچەوانەوە ئێمە لەکارەکەی ئەودا کۆمەڵێک سەرنجی ووردو درشت و گرنگ دەبینین. (سەیری ئەوە بکە چی لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت، یان لەبارەی فەیلەسوفەکانی تر و ئەو رۆڵە گرنگەی کە لە مێژووداً

گێڕاوییانە، بۆ پێشوەچونی باری مەعریفی مرۆڤایەتی.) ئەو تەنها بە نووکە قەڵەمێک یان بە دەستەواژەیەکی کورت توانیوویەتی گوزارشت بکات، بۆ نموونە لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت: ئەو دامەزرێنەر و مامۆستای فەلەسەفەی مۆدێرنە، ئەو فەلسەفە مۆێدرنەی، کە دەرگا بەڕووی سەدەی ناوەڕاست و فەیلەسوفە سیکولائی و تیکراریيە وشکەکان داخست.

یان دەڵێت: (ئەو پاڵەوانێکە کە پێشکەشی فکر کرا.). دیارە ئەم گوزارشتە پڕ بە پریەتی بۆ دیکارت، چونکە ئەو تەنها زانایەکی مەزن نەبوو کە خاوەنی زایارییەکی ئێجگار زۆر بوو، بەڵکە ئەو زۆر ئازاو جوامێریش بوو، چونکە زۆر ئازایانە توانی گەورەترین کودەتای فەلسەفی لەسەردەمەکەی خۆیدا بکات. واتە کودەتای بەسەر فەلسەفەی ئەرستۆ کرد و لاپەرەیەکی نوێ لە مێژووی فەلسەفە کردەوە.

من لێرەدا ساتێک دەوەستم بۆ ئەوەی بڵێم کە فەیلەسوفە گەورەکانی وەکو دیکارت وکانت و هیگل، گوزارشت لە دیاردە گەورەکانی مێژوو دەکەن، ڕێک وەکو پێخەمبەرەکان وان*. چونکە ئەوان لەهەر سەردەمێکدا زۆر دەگمەن و دانسقەن، بە پەنچەکانی دەست دەژمێرێن. کاتێک فەیلەسوفێکی مەزن دەردەکەوێت، خەڵکی واهەست دەکەن کە شتێک ڕوویداوەو دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە.

واهەست دەکەن کە گرێ کوێرەکانی مێژوو چارەسەرکراون، پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە هەر وا مابوونەوە. یان بە واتایەکی تر، شتە داخرا و شاراوەکان کرانەوە و نەجات بوو. بەمشێوەیە مێژوو، پاش ماوەیەکی زۆر ناخۆش، هەناسەی ئازادی و مورتاحی هەڵدەمژێت.

بەم شێوەیە کاتێک کانت پەیدابوو، ئەڵمانییەکان دەستیانکرد بە گێرانی شایی و هەل هەلە لێدان، گوتیان ئەمە پێخەمبەرێکی تازەیە و ڕێگای ڕاست و سەرفرازیمان پێ پیشان دەدات. هەروەها لە خۆیان دڵنیا بوون و چیتر ترسیان لە داهاتوو نەما، چونکە ئەو پیاوەی چاوەڕێیان دەکرد لەدایک بوو. ئەو پیاوەی کە دەتوانێت ڕاستی کەشف بکات، ئێستا لەبەر دەستیانە.

هـەر هەمانشـتیش دەتوانین لەبارەی هیگلـەوە بڵێین، بـەڵام لـە عـەرەب دا، کـەس پەیدانەبـوو و کەسـیش دڵگـران نەبـوو، یـەک ڕووناکبیریشـی نییـە بتوانێت کـە بـە قوڵی شـرۆڤە بـۆ ڕووداوەکان بـکات و پێمـان بڵێت چـی دەگوزەرێت. هەموومـان لـە دەوری خۆمـان و بازنەیەکـی بەتاڵـدا دەخوولێینـەوە. هەموومـان لەنـاو سـەردەمێکی هیچ و پووچدا نووقم بووین، چونکـە کەسـایەتی فکـری مەزنمـان نییـە، نالێـم بـە قەبـارەی دیـکارت یـان جـان جـاک ڕۆسـۆ یـان کانت، هیگل، چونکـە ئەمـە کارێکـی نەکردەیـە، بەڵکـە بـە قەبـارەی خوێندکارەکانیـان یـان خوێندکاری خوێندکاریەکانیشـمان نییـە.

ئۆگست کۆنت

ئۆگوسـت کۆنـت (سـاڵی١٧٩٨ لەدایـک بـووەو سـاڵی ١٨٥٧ کۆچـی دواییکـردووە.)

بـەڵام وێسـتگەی سـێهەم کـە تێیـدا وەسـتانێک دەکەیـن، بریتییـە لـە (ئۆگسـت کۆنـت) و کتێبـە بەناوبانگەکـەی : «وانەگەلـی فەلسـەفەی ئەزموونگەرایـی (١٨٣٠-١٨٤٢) لـەم کتێبـەدا کۆنـت دەڵێـت :

(مەعریفـە بریتیـی نییـە لـە لێکۆڵینەوەیەکـی خۆرایـی، بەڵکـە ئامانجـی ئەوەیـە کـە سـوود بـە مرۆڤایەتیـی بگەیەنێت و پێشـیبخات و بـاری ژیانـی باش بکات.) دیـارە ناتوانیـن دیـدی ئەزمونگەرایـی تەنهـا وەکـو پڕەنسـیبێکی زانسـتگەرایی سـەیری بکەیـن : واتـە لـە پەرسـتنی زانسـت و باوەڕبـوون پێـی، تونـدڕەو بیـن.

فەلسـەفەی ئەزموونگەرایـی پێـی وایـە کـە گەیشـتن بـە مەعریفـەی ڕەهایـی، کارێکـی ئەسـتەمە و نابێـت، لەبەرئـەوە زانسـت ناتوانێـت دەرک بەهەموو شـتەکان بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی دیدی زانسـتگەراییەکانە. ئەمـەش ئەوەمـان بـۆ دەردەخـات، کـە جیـاوازی لـە نێـوان ئەزمونگەرایـی و زانسـتگەرایی هەیـە، بـە واتاییەکـی تـر هەردووکیـان یـەک شـت نیـن، هـەروەک هەندێکجـار وا هەسـت دەکەیـن.

کیرکگهارد

لێرەوە دەپەڕێمەوە بۆ لای (کیرکگهارد. ساڵی١٨٥٥ لەدایک بووەو ساڵی ١٩١٣ کۆچی دواییکردووە). ئەمیش وەکو مارکس، خوێندکاری هیگل بوو، بەڵام ئەمیش وەکو فەیلەسوفی کۆمۆنیستەکان، کودەتای بە سەر مامۆستاکەی کرد، هەرچەندە لەبەر هۆ و ئامانجی جیاواز بوو. کیرکگهارد جەختی خۆی لە فەلسەفەی بوونیادگەری و تاکگەرایی دەکرد و نکوڵی لە فەلسەفەی بابەتی سارد دەکردەوە کە پشت بە زانست دەبەستێت (واتە فەلسەفەکە هیگل). کیرکگهاردر هیچ لە زانکۆ نەیخوێند، هەروەک مامۆستاکانی « شیلینیگ و هیگل «. دیارە لە کاتی خۆیدا زۆر دژایەتی دەکرا، چونکە بە پێچەوانەی ڕەوتی باوەوە (ڕەوتی فەلسەفی ئەو کاتە) هەڵدەسووڕا، بەڵام کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، چونکە هەندێک کەس پێیان وایە، کە ئەمە یەکەمین فەیلەسوفی فەلسەفەی بوونیادگەراییە.

دیارە لەپاش خۆی فەلسەفەی بوونیادگەرایی بوو بە دوو بەشەوە : بەشێکیان بوونە هۆگر و هەواداری ئەو، ئەویان بە پێشەوای خۆیان دادەنا، بەشێکی مولیحدیش کە (هایدگەر و سارتەر) ڕابەرایەتییان دەکرد.

کیرکگهارد هەوڵی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، کە کۆمەڵێک دەستەواژەو چەمکی نامۆی فەلسەفی داهێنا، وەکو: بونیاگەرایی، تاک، دژیەکی، دووبارەبوونەوە، تاکگەرایی، ترس، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی...هتد. هەموو فەلسەفەکەشی لە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکان تەرخانکرد، بەتایبەتی کێشەی دڵەڕاوکێی ترسناک، کە بە تەواوی ناخی کەسەکە داگیر دەکات و ناهێڵێت ئەو کەسە یەک دەقیقە مورتاح و ئاسوودە بێت، هەروەها بوونی هەستێکی قووڵ بە تاوان و هەڵەکردن. جێگەی ئاماژەیە پاشان نەخۆشی دڵەراوکێ و هەروەها

بڵاوبوونەوەی فکری نامۆیی و نامەعقوڵ، بوو بە کێشەیەکی گشتی هەموو خۆرئاوا. هەر بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین کەپشکەکانی کیرکگهارد زۆر بەرزبوویەوە هەتا بوو بە یەکەمین فەیلەسوفی خۆرئاوا.

بەڵکە ئەو زۆر لە وڵاتە بچووکەکەی خۆیدا گەورە بوو، واتە (دەنیمارک) بە پێچەوانەی هیگلەوە، کیرگهارد رووناکبیرێکی زاتی بوو نەک بابەتی، ئەو رووناکبیرێکی تەواو تراژیدی بوو، هەربۆیە هەست بە تازەگەریی و نزیکی دەکەین لێی، چونکە ئێمە نەوەی سەردەمێکی تراژیدین. ئەو لە دڵەوە بۆ دڵ قسەمان لەگەڵ دەکات. هایدگەر بە یەک ڕستە گوزارشتی لێ دەکات و دەڵێت : ئەو تاکە رووناکبیری مەسیحی بوو لەسەردەمەکی خۆیدا. ئەو ئەم پرسیارەی دەکرد : چۆن دەتوانیت ببیت بە مەسیحی لە وڵاتێکدا کەهەموویان مەسیحین ؟. دیارە لێرەدا مەبەستی کرۆکی ئایینی مەسیحی بوو، نەک (طقووسات و خرافات) و لادانەکان و کۆت و بەندەکانی. لەبەرئەوە، ئەو یەکەمین دوژمنی پیاوانی ئایینی بوو لە سەردەمەکەی خۆیدا، چونکە زۆر ڕووکەش و مونافیق و ئوسوڵی بوون، ڕێک وەکو پیاوانی ئایینی ئێستای لای خۆمان.

گرگنترین کتێبی بریتییە لە : (ترس و لەرزین، چەمکی دڵەڕاوکێ، چەند وێستگەیەکی ژیان، پەیامێک بۆ خەمۆکی.، ، ، هتد). ئەوەی کە لە سەردەمی ئەودا زۆر ئازاری دەدا، بوونی هەستکردن بە خەمۆکی یا زۆرجار خەریک بوو شێت دەبوو.

ئێرنست رینان

ئێرنست رینان(ساڵی ١٨٢٣ لەدایک بووەو ساڵی ١٨٩٢ کۆچی دواییکردووە) ساڵی ١٨٦٣ کتێبی (ژیانی عیسای پێغەمبەر) چاپ و بڵاوکردەوە. کە بۆ خوێندنەوەی دەقە ئاینییەکان، مەنهەجی مێژوویی بەکارهێنا. ئەمەش بوو بەهۆی پەیدابووی هەڵمەتێکی گەورەی ناڕەزایی لەلایەن ناوەندە ئاینییە توندڕەوەکان، ئەوانەی کە لەسەر پیرۆزکردنی

شتەکان ڕاهاتوون. لەبەرئەوە دیدە مێژوویییەکەی زۆر بە قوواڵی ئەوانی تووشی شۆک کرد، بەاڵم لەڕووی فەلسەفییەوە کتێبی گرنگی «رینان»، کتێبی (چارەنووسی زاستە) کە لە ساڵی ١٨٤٨ نووسی، بەاڵم هەتاوەکو ساڵی ١٨٩٠ نەیتوانی چاپی بکات. تێیدا ڕینان باوەرێکی موطلەقی بە زانست هەیە و پێشی وایە دەتوانێت چارەسەری هەموو کێشەکان بکات. لەوکاتەدا زۆر کەس تاوانباریان کرد بەوەی، کە زۆر مەیلێکی زانستیی تۆندڕەوی هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی زۆر گرنگی بە زانستی فیزیا، ماتماتیک، بیۆلۆژی دەدا. هەروەها دەشڵێن گوایە ڕینان گوتوویەتی کە لە کۆتاییدا لەئەوروپادا زانست جێگای ئایین دەگرێتەوە، بەاڵم ئاخۆ لەم بۆچوونەیدا هەڵە بوو؟. ئایا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان نەبوونە بەهەشتی خودا لەسەر زەوی، بەتایبەت لە ڕووی زانست، عیلمانییەت، مۆدێرنیتە، بوونی ئازادییەکی ڕەها بۆ تاک و گرووپەکان ؟.

ولیەم جیمس

ولیەم جیمس (١٨٤٢لە ساڵی لەدایک بووەو ساڵی١٩١٠ کۆچی دواییکردووە)

لەسەدەی بیستدا، دەبێت باس «فەلسەفەی پراگماتیکی» ولیەم جیمس بکەین. ساڵی ١٩٠٧ کتێبەکەی چاپ بوو، کە بوو بەهۆی ئەوەی ناوبانگێکی گەورە بۆ ئەم فەلسەفەیە پەیدابێت و هەژموونی خۆی بەسەر عەقڵیەی ئەمریکی بسەپێنێت. جیمس پێی وابوو، بۆ هەڵسەنگاندنی هەربیرێک بۆ ئەوەی بزانین باشە یان خراپە، پەیوەستە بەوەی کە ئاخۆ ئەو فکرەیە لە ئەرزی واقعیدا چەندە سوودی هەیە، ئیتر هیچ ڕاستی و دروستی ئەم فکرە گرنگ نییە.

دیارە ئێمە دەزانین کە «ڕاستی «گوزارشت لە پرۆسەیەکی بەردەوامی دەکات و مانایەکی حازردەستی نییە. هەروەها ناشتوانین لێی دڵنییا بین هەتا ئەو کاتەی تاک لێی ڕازی نەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە

ئەو دەرئەنجامەی کەلەیەک کاتدا ڕووبەڕوی کۆمەڵێک راستی ببینەوە، ئەمەش پەرەنسیبی فرەیی «التعددية» پێکدەهێنێت.

جۆن دیوی

جۆن دیوی)ساڵی١٨٥٩ لەدایک بووەو ساڵی ١٩٥٢ کۆچی دواییکردووە) دووەمین فەیلەسوفی گەورە کە کاریگەری بەسەر عەقڵیەتی ئەمریکییەوە هەبوو، جۆن دیوی بوو. وەکو دیارە ئەم تەمەنێکی زۆر ژیا، کە دەگاتە نزیکەی یەک سەدە. گرنگترین کتێبی بریتییە لە (سروشت و هەڵسووکەوتی مرۆڤ). کە لە ساڵی ١٩٢٢ چاپکرا. دیوی زیاتر لەناو فەلسەفەی پراگماتیکیداناوبانگی دەرکرد، بەتایبەت پاش ئەوەی ڕەوتێکی نوێی دانا، کەبە «فەلسەفەی ئامێری» ناودەبرێت. دیوی پێی وایە پێویستە مەعریفە وەکو ئامێرێک وابێت بۆ مومارەسە عەمەلی، گەر وانەبێت ئەوا هیچ سوودی نیە. گەر فەلسەفەیەک نەتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕومان دەبێتەوە، ئەوا هیچ پێویست ناکات خۆمانی پێوە خەریک بکەین.

هەروەها دیوی بە فەیلەسوفی سیستمی پەروەردەی ئەمریکی دادەنرێت، زیاتر بەوەش ناوبانگی دەرکرد. هەموو قوتابییەکانی ئەمریکاش لەسەر بنەمای تیۆرییە پێداگۆگییەکانی ئەو گۆشکران. ئەزمونیش سەلماندی، کە باشترین و سەرکەوتووترین تیۆرین.

هەروەها ئەم فەیلەسوفە گەورەیە، بەشداربوو لە دامەزراندنی «زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمریکی». جێگەی ئاماژەیە ڕیشەی تیۆرییەکەی جۆن دیوی، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفە گەورەکانی پێش خۆی بەتایبەتی «ئەرستۆ و هیگل». هەندێک کەسیش پێیان وایە کە تیۆریەکەی جۆن دیوی، وەکو شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسیی وایە لە بواری زانستی سایکۆلۆژی و پەروەردەدا.

ئەم فەیلەسوفە، گرنگییەکی زۆری بە دەوروپشتی کۆمەڵایەتی ئەو

منداڵـە یـان ئـەو قوتابییـە دەدا، کەتێـدا دەژی، هەروەهـا پێـی وابـوو کـە دەوروبـەر رۆڵێکـی گـەورەو یەکلاکـەرەوەی هەیـە، لـە پەروەردەکـردن و دروسـتکردنی کەسـایەتی منـداڵان. بـە شـێوەیەکی گشـتی، عەقڵییەتـی ئەمریکـی پەیوەسـتە بـە فەلسـەفەی پراگماتیکییـەوە، بـەڵام مەرجیـش نییـە مەبەسـت لەمـە تەنهـا مانـا هەلپەرسـت و هەرزانەکـەی فەلسـەفەی پراگماتیکـی بێـت.

فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

لـە سـاڵی ١٩٤٧ کتێبێکـی گرنگـی دامەزرێنەرانـی قوتابخانـەی فرانکفـۆرت «هۆرکهایمـەر (سـاڵی ١٨٩٥ لەدایـک بـووەو سـاڵی ١٩٧٣ کۆچـی دواییکردووە) و تیـۆدۆر ئادرنـۆ (سـاڵی ١٩٠٣ لەدایـک بـووەو لـە سـاڵی ١٩٦٩ کۆچـی دواییکردووە)، لـە ژێـر ناونیشـانی (جەدەلیەتـی عەقڵـی) بڵاوبوویـەوە. لـەم کتێبـەدا رەخنـەی تونديـان لـە عەقڵیەتـی خۆرئاوایـی گـرت، کـە بۆتـە ئامرازێـک بـۆ هەژمونگـەری و کۆنترۆڵکردنـی نـەک تەنهـا سروشـت، بەڵکـە مرۆڤیـش. پاشـان هۆرکهایمـەر کتێبێکـی تـری بەنـاوی (خۆرئاوابوونـی عەقـڵ)، تێیـدا گوتـی : عەقـڵ بـۆ ئامرازێکـی حسـابی و بێگیـان گـۆڕاوە، کـە تەنهـا ئامانجـی قازانـج و هەژمونگەرییـە، هەرئەمـەش بنەمـای خراپەیـە لـە جیهانـی مۆدێرنـدا.

جیهانـی بۆرجوازیـی یـان سـەرمایەداریی، عەقـڵ وەکـو ئامرازێـک بـۆ ئـازادی بەکارناهێنێـت، بەڵکـە وەکـو ئامرازێـک بـۆ چەوسـاندنەوەی خەڵکـی تـر، یـان کۆڵنیالیزەکردن و سـەپاندنی هەژمونـی خـۆی بەسـەریاندا بەکاردەهێنێـت. بەڵکـە ئـەو (چینـی سـەرمایەداری) عەقـڵ، لەکۆمەڵگـەی خۆرئاوایشـدا بەکاردەهێنێـت بۆئـەوەی چینـی کرێـکارو زەحمەتکێشـان بچەوسـێنێتەوە، ئەمەش بۆ مەبەسـتی کەڵەکەبوونی سـەرمایەداری لەلایەن چینـی بۆرجـوازی بـەرزەوە. لەبەرئـەوە عەقـڵ ئامرازێکـە لەرێـگای چاکـە و خراپـە بەکاردێـت، هەروەهـا عەقـڵ ئامرازێکـی چـالاک و کوشـندەیە، بـۆ

گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان.

جێگای ئاماژەیە رەخنەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە بەهێزترین و جددیترین ڕەخنە دادەنرێت کە لە کۆمەڵگەی خۆرئاوا گیراوە. لێ هەندێک روونا‌کبیر لەو باوەڕەدان کە قوتابخانەی فرانکفۆرت، زیاد لە پێویست ڕەخنەی لە عەقڵ و عەقڵانییەت گرتووە، بەو شێوەیە کە وایکردووە کە فکری عەقڵ لەناوببات. دیارە بەهەمانشێوە ئەم رەخنەیە لە میشێل فۆکۆ دەگیرێت، کە ئەویش هەمان ڕێچکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی دەگرتەبەر.

لێ ئەم بابەتە پێویستی بە وەستانێکی باش هەیە، لەوانەبێت ئەمە ترسناکترین بابەتی فکری بێت کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا، فەیلەسوفەکانی خۆرئاوا پێوەی خەریکن. هەربۆیە لەبارەی ئەم بابەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێین، کە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەم بابەتەم.

دیدرۆ
فەیلەسوفە ناوداركەی فەرەنسا و جیهان



Denis Diderot دەنیس دیدرۆ یەکێکە لە باوکە گەورەکانی فکر و فەلسەفەی مۆدێرنی فەرەنسا و جیهان، ئەو لە ٥ ئۆکتۆبەری سالّی ١٧١٣ لەدایک بووەو لە ٣١ تەموزی سالّی ١٧٨٤کۆچی دوایی کردووە. ئەو لەپەنا رۆسۆ و ڤۆلتێردا، بە باوکی رۆشنگەریی و فکری مۆدێرنی فەرەنسا و جیهانیش دادەنرێت. ئەم فەیلەسوفە فەرەنسیەش بەتایبەتی لە رووی فکریی و ئەنسکلۆپێدیاییەوە رۆلّی ئێجگار گەورەی هەبووەو بە مامۆستای یەکەمی بواری زانستی ئەنسکلۆپێدیا دادەنرێت لە جیهاندا.

لەم وتارەی بیرمەندی ناسراوی عەرەبی هاشم سالّح دا، زۆر

بەجوانی باسی ژیان و فکری ئەم کەڵە فەیلەسوفەی فەرەنسا دەکات، هەربۆیە پێمخۆش بوو وەکو بەشێکی تر لەم کتێبەدا بڵاوبکرێتەوە.

یادی سێ سەد ساڵەی لەدایکبوونی

فەیلەسوفی مەزن دیدرۆ [٧٨]

ماوەیەک لەمەوپێش بۆ یادی سێ سەدساڵەی لەدایکبوونی جان جاک رۆسۆوە جەژنمان گێڕا، یان دەتوانم بڵێم فەرەنسا و سویسرا ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونیان گێڕا. ئێستاش نۆرەی هاوڕێی خۆشەویستی رۆسۆ «دیدرۆ» یە. یان باشترە بڵێم کە هاوڕێی بوو، چونکە پاشان بۆچوونیان لەیەکتری جودا بوو، ئەمەش وایکرد هەتاوەکو کۆتایی ژیانیان، قسە لەگەڵ یەکتری نەکەن و زۆر لەیەکتری تووڕە بوون. دیارە ئەمەش کێشەی هەموو رۆشنبیرانی فەرەنسی و عەرەبە. ئەوان هیچ وەختێک بەرگەی یەکتری ناگرن ئەویش لە بەر ئێرەیی و غیرە و کێبرکێکردنی یەکترییە.

«غیرە «لەناو دڵیاندا زۆر لە «غیرە» ی دڵی ئەو ژنانە پیسترە، کە هەوڵ بۆ دڵی پیاوێک دەدەن.(سەیرکەن چۆن ڕەوشەکە بەو شێوەیە ناشیرین و بەبێ مەبەست تەواو پێچەوانەبۆتەوە. جێگەی گوتنە من لەم ماوەیەی کۆتاییدا زۆر بێ تاقەت دەبم، کاتێک باس لەم بابەتە ستراتیژی و حەساسانە بکەم !).

هەرلەبارەی جەژنی لەدایکبوونی دیدرۆ وە، چەندین کتێب لەبارەیەوە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: کتێبی «دیدرۆ «کە لە نووسینی «جاک ئەتالی» ییە. بەڵام من زیاتر کتێبێکی ترم زۆر پێ باشە، کە بەشێوەیەکی بابەتییانە پەیوەندی بە دیدرۆوە هەیە، ئەویش کتێبی «دیدرۆ» کە لە نووسینی پرۆفیسۆر «ریمۆن ترۆسون» ە، کە مامۆستای زانکۆی ئازادە لە بروکسێل، هەروەها ئەندامی(ئەکادیمیای مەلەکی بەلجیکییە).

٧٨ هاشم صالح. ذکری مرور ٣٠٠ عاما علی مولد ديدرو. سايتی الاوان.

لێرەدا خۆمان لە دەستێکی ئەمیندا دەبینینەوە و زانستێکی زۆریشمان پێدەبەخشێت. لێ ئەمە مانای ئەوە نییە کە کتێبەکەی «جاک ئەتالی» باش نەبێت و سوودبەخش نەبێت. هەروەها نابێت کتێبی مامۆستای زانکۆ ژنێف پرۆفسیۆر «جان ستاروبنسکی» لەبیربکەین، کە تەمەنی «٩٢» ساڵە، ئەویش یەکێکە لە عەقڵە مەزنەکان کە هێشتا لە ژیاندا ماوە.

بەدڵنیایەوە ئەمسااڵ چەندین کتێبی تر لەمبارەیەوە دەردەچن. دیارە دیدرۆ لەلای فەرەنسا و فەرەنسییەکان خۆشەویستە، ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە شارستانی ڕۆشنگەری ئەوانی پێشخست و ئەو لەگەڵ «دیکارت و ڤۆلتێر، ، هتد» بە یەکێک لە شانازییە فکرییە مەزنەکانیان دێتە ژماردن.

جێگەی ئاماژەیە» ریمۆن ترسون» یەکێکە لە پسپۆرە مەزنەکانی مێژووی ئەدەبی فەرەنسی بەتایبەتی سەردەمی ڕۆشنگەری: واتە سەدەی هەژدەهەم، ئەو لەم کتێبەیدا باس لە چۆنێتی سەرهەڵدانی بۆچوونی ڕەخنەگری فەرەنسی دەکات لەو سەردەمە بەناوبانگەدا، هەروەها باسی ئەو ڕێگریی و کێشانە دەکات کە فەیلەسوفە مەزنەکانی سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕووبەرویان دەبوویەوە و چۆن توانیان ڕووبەڕویی ببنەوە و زاڵبن بەسەریاندا.

نووسەر لەمبارەیەوە دەڵێت:

(هەموو مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵانە دروستبێت و بە شێوەیەکی ڕیشەیی لێکۆڵینەوەی وورد ودروست لەبارەی پڕەنسیب و بەها کۆنەکانی سەدەکانی ناڤینی پێشوو بکرێت.)

هەتاوەکو ئەو کاتە، هیچ کەسێک نەیدەوێرا ڕەخنە لە کەلتووری مەسیحی و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە و مێژوویانەیان لەبارەوە بکات.

هیچ کەسێک نەیدەوێرا ڕەخنە لە بڕیارەکانی پێشوو بگرێت، چ بڕیارە مەزهەبی و تایەفییەکان، کەلەناو کۆمەڵگە بڵاوبوون، بەتایبەتی کە بەشێوەیەکی قوواڵ و ڕیشەیی، خۆی لەناو عەقڵی زۆربەی خەڵکی نەخوێندەوارو دواکەوتوو داکوتیبوو، هەموویان بەشێوەیەکی کوێرانە و ئۆتۆماتیکی ملکەچی بڕیار و فەرمانەکانیان بوو.

جێگەی ئاماژەیەئەم بۆچوونانە «مەبەستی بۆچوونی ئاینی مەسیحی کۆنە»» هەموویان تووندڕەو بوون وەک هەقیقەتێکی ڕەها و پیرۆز سەیر دەکران، هیچ بواری گفتوگۆکردنی تێدا نەبوو. دیارە ڕاستە دیکارت ڕەخنەی لە بۆچوونی باو لە سەردەمەکەیدا کرد و گەورەترین کودەتای فەلسەفی و زانستی لە فەلسەفەی سلوکیاتی باو کرد، لێ باسی ئاینی نەکرد.بەڵکە بە پێچەوانەوە ئەو خۆی بە ئیماندارێکی تەواوەتی دادەنا. دیارە دیکارت ڕەخنەی لە تیۆرییەکانی ئەرستۆ و بەتلیمۆس لەبارەی چۆنێتی دروستبوونی گەردوون و دیاردە سروشتییەکان گرت، لێ بەهیچ شێوەیەک خۆی لە قەرەی پرەنسیبە مەسیحییەکان نەدا.

ئەو لەوکاتەدا زۆر لەژیان خۆی دەترسا و، ترسی ئەوەی هەبوو کەبەر سزای تووندی کڵیسا و پیاوەکانی بکەوێت، بەڵام هەموو ئەم ترسە زۆرەش دادی نەدا و سوودی نەبوو، چونکە ئەمڕۆ دەرکەوتووە، کە دیکارت لەلایەن قەشەیەکی کاتۆلیکی ئوسوڵی تووندڕەو بەناوی «فرانسۆ فیوگیە» کوژراوە. ئەویش لەڕێگای ژەهرخواردنیەوە لە جەژنی قوربانی پیرۆزدا!.

بەڵام فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەریی کە پاش سەد ساڵ لە دوای ئەو هاتوون، ئەوان هەمان ڕێچکەی «فەلسەفەی گوماناوی» ئەویان گرتە بەر و هەنگاوێکیش ئەوانی بردە پێشەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، ئەوەی لە سەردەمی دیکارتدا، کارێکی نەکردە بوو، لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەکرا بکرێت. ئەوان هاتن ڕێچکەی عەقڵانییەتی ئەویان بەکارهێنا، بۆئەوەی ڕەخنەی تووند لە کەلتووری مەسیحی بگرن.

ئەم کارەی ئەوانیش، بوویە هۆی دروستبوونی گۆڕانکارییەکی ئێجگار ریشەیی لە مێژووی فکری ئەوروپیدا. بەم شێوەیە دەتوانین جیاوازی لەنێوان سەردەمی دیکارت، واتە سەدەی حەقدە، هەروەها سەردەمی فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەریی، واتە سەدەی هەژدەدا، بکەین. دیارە لە نێوان ئەم دوو سەدەیەدا، پێشەکەوتنێکی گەورەی فکری ڕوویدا.

ئەوەی لە پێشوودا کارێکی نەکردە بوو، ئێستا ئاساییە بکرێت. لێ ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە کارەکە شتێکی ئاسان بووەو بەبێ سزادان بەڕێکراوە. لەڕاستیدا فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری، لەپای ئازایەتی فکریی و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی خۆیان، باجێکی گەورەیان دا. ڤۆلتێر کە مەزنەکەیان بوو، نزیکەی سی ساڵ لە دەرەوەی وڵات ژیا، ئەو سەفەر و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، لێ قەدەغەکرابوو: «مەبەست پاریس و دەوروپشتیەتی «. هیچ ڕێگای پێ نەدار کە بگەڕێتەوە، تەنها بۆ سێ یان چوار مانگ نەبێت، کە پاشان کۆچی دواییکرد.

لێ کاتێک گەڕایەوە، هەموو جەماوەر هاتە پێشوازیی و بەگەرمییەکی زۆرەوە بەخێرهاتنیان کردەوە، بەجۆرێک کە خودی مەلیک ئێرەیی پێبرد. جان جاک ڕۆسۆش، ئەویش لە دەرەوەی ژنێف ژیا، بگرە لەهەموو شتێک دوورخرایەوە و خۆی دوورەپەرێز دەگرت، چونکە لەهەموو شوێنێکدا بە دوایدا دەگەڕان، بەتایبەتی لە نیوەی کۆتایی ژیانی، ئەویش بەهۆی بۆچوونەکانی پێشوویەوە، کە لە دژی ئایین و سیاسییەکان نووسیبوی.

ئەو هەتا ماوەیەکی زۆر لە ژێر هەڕەشەی مەرگدا دەژیا، دەتوانم بڵێم هەتاوەکو کۆتایی ژیانی. زۆر چاویش، چەندینجار خۆیان لێ سوورکردەوە، بگرە خەریکیش بوو تیرۆری بکەن، هەر خوا خۆی پاراستی و لە غەزەبی نەیارانی ڕزگاریکرد. بەڵام ئەو لەو شەڕو شۆڕانەدا زۆر هیلاک بوو، کە ئەمەش وایکرد تەمەنی زۆر کورت بێت. بەڵام دیدرۆ کە نووسەر لە کتێبەکەیدا زۆر جەختی لەسەر دەکات،

بەر سزای زیندانییکردن کەوت و لە یەکێک لە پیسترین و دڕندەترین زیندانی فەرەنسیدا، زیندانیکرا. دیدرۆیان بردە ژێر زەمینە تاریکەکانەوە، هەتاوەکو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و هەموو بەرەنگاریی و وڕەی بڕووخێنن. گەر پشتگیریی هەندێک کەسایەتی باڵا دەست نەبوایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەناو زیندانیدا دەیانکوشت.

هەموو ئەمەش بەهۆی هەندێک کتێبی ڕەخنەگرانەیەوە بوو، کە پێشتر چاپ و بڵاوکردبوونەوە، کە تێیدا زۆر بە ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نابوو، کە باوەڕی بە ئوسوڵیەتی مەسیحی تەقلیدیی نییە.

بەڵکە لەو کتێبانەیدا هەندێک بۆچوونی عەقڵانی ئازایانەی خۆی دەرخستبوو، کە دژ بە پڕەنسیبە خورافییەکانی ناو کتێبە مەسیحییە تەقلیدییەکاندا دەوەستایەوە.

پاشان نووسەر لەمبارەیەوە دەڵێت:

(لەپاش ئەم ئەزموونەی ناو زیندانەوە، دیدرۆ زۆر وریا و بەئاگا بوو، وەکو جاران بە ڕاشکاوانە و ئاشکرایانە، بۆچوونەکانی خۆی دەرنەدەبڕی، بەڵکە هانای بۆ شێوازی سیمبۆلیزم و شانۆ و چیرۆکی لە کتێبەکانیدا گرتە بەر. بەڵکە زۆرجاریش ئەو قسە سیمبۆڵی ئامێزانەشی، بەزمانی کەسێکی ترەوە دەردەبڕی، هەتاوەکو بەرپرسیارێتی نەگرێتە ئەستۆی خۆی. بەم شێوەیە دیدرۆ بوو بە کەسێکی «ئاڵۆز» کە بە زەحمەت بۆچوونەکانی دەردەبڕی. ئەویش بەهۆی زاڵبوونی جەماوەری ئوسوڵی کە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئەوکاتەیان پێکدەهێنا. نوخبەی ڕۆشنبیر و ڕووناکبیریش، ژمارەیان کەم بوو، کەمینەیەک بوون لەناو کۆمەڵگەدا.)

لەبەرئەوە دیدرۆ پشتی بە شێوازێکی نوێ و هونەرێکی جیاواز بەست بۆ نووسینی کتێبە فەلسەفییەکان، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی لە ژێر ڕەحمی شمشێری چاودێریکردن ڕزگار بکات، کەهەمیشە بە سەرسەرییەوە بوو. بگرە زۆرجاریش ئامادەنەبوو، ئەو نووسینانەی بڵاوبکاتەوە، کە

زۆر زەق و ئازایانە دەردەکەوت. بگرە ئەو نووسینانەی لەناو کون و قووشبنەکانی کتێبخانەکەیدا شاردیەوە، وەسیەتی بۆ هاوڕێیانی نزیکی خۆی کرد، کەتەنها لە پاش مەرگی خۆی، ئینجا بڵاویبکەنەوە. دیارە ئەم شێوازەش، پێشتر «سپینوزا و هیگل» پەیڕەویان لێکرد. (واتە نووسینەکانیان لەپاش مردنیان بڵاوکردەوە.).

لەبەر ئەم هۆیە بوو، کە نیوەی بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفە مەزنە، لەژیانیدا نەناسراو بوون پاشتر بڵاوکرانەوە. لەبەرئەوە لەکاتی ژیانیدا، هێندە ناسراو نەبوو، هەروەها هێندەش ڕێزیان لێ نەنا، تەنها لەپاش ماوەیەکی زۆر دریژ، ئینجا بووە جێگای ڕێز و شانازی خەڵکی و ناوبانگی دەکرد، ئەویش لەپاش بڵاوکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی لەپاش خۆی. لەبەرئەوە دیدرۆ هەتاوەکو سەدەی نۆزدە ناوبانگی دەرنەکرد، بە پێچەوانەی ڕۆسۆ و ڤۆلتێرەوە، کە ئەمان لە سەردەمەکەی خۆیاندا (لەژیاندا)، ناوبانگێکی مەزنیان دەکردبوو.

تەنانەت دەگوترێت، لەکاتێکدا کە کتێبێکی دەنووسی، زوو زوو سەیری پەنچەرەکەی دەرەوەی دەکرد، بۆئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە ئاخۆ پۆلیس چاودێری ناکات، یان پۆلیس نەهاتووە تاوەکو بیگرێت. بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەویش وەکو هەموو فەیلەسوفەکانی تری سەردەمی ڕۆشنگەریی، لە ژێر فشاری دوودڵی و دڵەڕاوکێ و ترسدا دەژیا.

پرۆژە گەورەکەی کە بریتی بوو لە نووسینی ئەنسکلۆپیدیایەکی «زانستی و فەلسەفی»کە لە جیهاندا ناوبانگی پێ دەرکرد، لەبەر پەلاماری یەسووعییەکان(واتە ئیخوانە یەسوعییەکان!)، چەندینجار ناچاربوو کە لەم پرۆژە مەزنە وازبهێنێت و بۆ ماوەیەک ڕایبگرێت. هەرلەبەرئەوە داوایان لە دەسەڵاتدارانی سیاسیی کرد، کە ئەم پرۆژەیە ڕابگرێت، چونکە ئەم پرۆژە فکرییە، کەلتووری مەسیحی لەناودەبات و ڕەخنەی زۆر توند دژیان نووسیوە. دیارە وەکو پێشتریش باسمانکرد، ئەو ڕەخنانەش هەندێکیان بە ناڕاستەوخۆ و خۆی لەپەنا شێوازی

سیمبۆلیزمی شاردۆتەوەو زۆرجاریش بە ئاشکرا ئەم ڕەخنانە دیاربوون.

جێگەی ئاماژەیەزۆربەی پیاوانی ئایینی زۆر ڕقیان لە دیدرۆ دەبوویەوە، بەڵکە ئەویان وەکو زەندیق و کافر و کابرایەکی بێ ئایین و ماددیی سەیر دەکرد. دەگوترێت کە براکەی دیدرۆ، پیاوێکی ئایینی بوو، ئامادە نەبوو قسەی لەگەڵدا بکات و سڵاوی لێبکات، هیچ وەختێک ئامادە نەبوو کە تەوقەی لەگەڵدا بکات، چونکە دەترسا پیس و کافر بێت!.

گەر براکەی خۆی (ئۆلیفییە دیدرۆ) ئامادە نەبوو بێت سڵاوی لێبکات، ئینجا ئاخۆ خەڵکی تر هەڵوێستیان چۆن بووبێت بەرامبەری!. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژە مەزنە ئەنسکۆلۆپیدییە فەلسەفییە مەزنەکەی، لەکاتی خۆیدا سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەخۆوە بینی. لەپاش ئەم پرۆژەیەوە، دیدرۆ بووە قەڵەم و هێزێکی گەورەی ڕۆشنبیری، کە هەموو کەس حسابی بۆ دەکرد. هەروەها توانیشی کۆمەڵێک پەیوەندی باش، لەگەڵ چەند کەسێکی ئەرستۆکراتی گەورە ببەستێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بەرگری لێبکەن. دیارە گەر ئەو کەسانەش نەبوایە، نەیدەتوانی بۆ ماوەی بیست ساڵ خەریکی پرۆژە مەزنەکەی بێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو ڕێگریی و کێشە و هەرەشانەی کە لێیکران.

دەتوانم بڵێم پێشەکی ئەنسکلۆپێدیاکەی، وەکو مانیفێستێکی فکری وابوو، بۆ سەردەمی ڕۆشنگەریی. لە نووسینی ئەم کتێبەشدا، هاوڕێی هەمیشەیی و یاریدەدەری سیاسیی خۆی (دالامیر) یارمەتییەکی زۆریدا.

لە پێشەکییکەدا دەڵێت :

(تەنها میتۆدی عەقڵانی ئەزموونگەرایی دەتوانێت بمانگەیەنێتە مەعریفەیەکی ڕاستیی و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە دیاردەکانی جیهان و گەردوون تێبگەین. لەبەرئەوە پێویستە واز لە هەموو فکرە کۆنەکان و خورافاتە باوەکان و تێڕوانینە غەیبییەکان بهێنین، ئەوانەی کەلە سەردەمی پێشوو بۆمان ماوەتەوە، پێویستە تێڕوانین و بۆچوونی

نوێ دابنێین. داهاتوو بۆ زانستە نەک بۆ جەهل.)

پاشان وەکو لە مانیفێستەکەدا دەردەکەوێت، دیدرۆ دەیەوێت بڵێت:

(ئەم سەردەمە سەردەمی زانست و فەلسەفەیە، ئەم سەردەمەمان، سەردەمی «جۆن لۆک و رینیە دیکارت و گالیلۆ» و کۆمەڵێک زانای تر، کە لە رێگای بەرهەمەکانیانەوە، توانیان تێڕوانینەکانمان بۆ جیهان و گەردوون بگۆڕن. هیچ وەختێک وەکو ئێستا، مەعریفەی زانستی وا بڵاونەبۆتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە هەموو ئەم زانستە لە فەرهەنگێکی گەورەدا یان لە ئەنسکلۆپیدیایەکی قەبەدا، پێشکەش بە خەڵکی بکەین، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکان بگرێتەوە: لە فیزیاوە بۆ ماتماتیک و سیاسەت و فەلسەفەو تەکنەلۆژیا، ، هتد.هەموو مەعریفەیەکی مرۆیی، پێویستە لە رێگای ئەم ئەنسکلۆپیدیایەوە بگاتە دەستی فەرەنسییەکان، کە دەیان بگرە سەدان زانا و بیرمەندی سەردەمەکەمان تێیدا بەشداری دەکەن.)

لێرەدا مانیفێستەکەی دیدرۆ تەواو دەبێت.

بەم شێوەیە دیدرۆ توانی سەردەمێکی مەعریفی نوێ لە مێژووی فەرەنسادا دابنێت، دەتوانم بڵێم کە گەشەسەندن و پێشکەوتن و ڕووناکردنەوەی مێشکی فەرەنسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەم پرۆژە فەلسەفییە مەزنە دەگەڕێتەوە. هەروەک لەپێشدا گوتمان، لەپەنا دیدرۆدا، بیرمەندێکی گەورە هەبوو، کە ئەویش دالامیر بوو.

ئەویش لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی بواری ماتماتیک و فەلسەفە. دیارە جگە لەمیش دەیان بگرە سەدان لێکۆڵەوەر و بیرمەندی هەموو بواره جیاجیاکانی مەعریفە، بۆ نموونە ڤۆلتێر لە نووسینی ئەم ئەنسکلۆپیدیایەدا بەشداریکردووە. هەروەها جان جاک ڕۆسۆ، زۆربەی زاناکانی ئەو سەردەمە، بەشداریان کردووە. جێگەی ئاماژەیە ئەنسکلۆپیدیا، تەنها کەسێک ناتوانێت بینووسێت، بەڵکە پێویستی بە لەشکرێکی گەورەی، لە لێکۆڵینەوەر و زانای هەمەجۆر هەیە.

بەڵام ئاخۆ لەم سەردەمەماندا، کێ ئامادەیە ئەنسکلۆپیدیای عەرەبی ڕۆشنگەریی بنووسێت ؟.

لەلایەکی تـرەوە جـاک ئەتالی پێی وایـە، کـە ئـەم پـرۆژە فەلسـەفییە مەزنـە، توانـی نـەک تەنهـا فەرەنسـا ڕووناک بکاتـەوە، بەڵکـە هەمـوو ئەورووپـا و جیهانیشـی ڕووناک کـردەوە. دیـارە شۆڕشـی فەرەنسـی کـە بـوو بـە چرایـەک بـۆ ڕووناک کردنـەوەی هەمـوو گـەلان، بریتیـی بـوو لـە تەرجوومەکردنی ئـەو بۆچوونـە سیاسـیانە، کـە لـە ئـەرزی واقعیـدا هەبوون.

جـاک ئەتالی پێی وایـە، دیـدرۆ یەکەمیـن کـەس بـوو کـە بانگەشـەی بـۆ چەمکی مافەکانی مـرۆڤ کـردووە. ئـەو پێـش ئـەوەی شۆڕشـەکە ڕووبـدات، بیـری لـە شـۆڕش دەکـردەوە، بگـرە هەڕەشـەشـی لـە لویسـی شـانزە کـردوو گوتـی: (گـەر وەڵامـی داخوازییـەکانی گـەل نەدەیتـەوە، ئـەوا گـەل دەتکـەن بـە دوو پارچـەوە!.) پـاش بیسـت سـاڵ، هـەر ئەمـەش بەسـەر ئـەم دامـاوەدا ڕوویـدا، ئەوەبـوو کـە ملیـان لـە لاشـەی جیاکـردووە، ئەویـش لـە ڕێگـای «ئامێـری پەڕاندن، المقصلة، » ی کـە وەکـو ئامێرێکـی بـاو لەوسـەردەمەدا.

لێـرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە پێشـبینیەکەی ڕاسـت دەرچـوو. ئـەو بـە هـەردوو چاویـی جوانـی ئـەوەی دەبینـی، کـە چۆن جیهانـی کـۆن لەناودەچێت و جیهانێکـی نـوێ لەدایـک دەبێـت. ئـەو پێـش ئـەوەی زەمینلـەرزە گەورەکـە «واتـە شۆرشـی فەرەنسـی «ڕووبـدات، ئەمـەی بینـی، چونکـە ئـەو بـە پێنـچ سـاڵ پێـش شۆڕشـەکە کۆچیـی دواییکـرد. هەرئەویـش بـوو کـە باسـی یـەک ڕەگـەزی مرۆڤـی کـردووە، ئـەو بـاوەڕی بـەو تیۆرییـە نەبـوو، کـە مرۆڤـەکان بـۆ ڕەگـەزی بـاڵا و ڕەگـەزی نـزم دابەشـبکات. هەروەهـا دژایەتـی تایەفەگەریـی و ڕەگەزپەرسـتی و کۆڵۆنیالیـزم و بازرگانیکـردن بـە ڕەشپێسـتەکانەوە دەکـرد. لەبەرئـەوە ئـەو کەسـێکە لـەم سـەردەمەدا لەگەڵمـان دەژی و ناکرێـت تەنهـا بیخەینـە نـاو سـەردەمەکەی خۆیـەوە.

بەدڵنیاییـەوە ئـەو ئەسـنکلۆپێدیایەی کـە داینـا و هەمـوو ژیانـی بـۆ تەرخانکرد، بـووە گەورەتریـن کۆڵەکـەی ئـەو شۆڕشـە فەلسـەفی و سیاسـی و ئابووریـیەی کەهەمـوو ئەورووپـای گرتـەوە. ئـەو بـووە سـەرچاوەیەکی بنەڕەتـی بـۆ بەهارێکـی ئەورووپـی نـەک تەنهـا بـۆ فەرەنسـییەکان. لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە سـەرەتا دەبێـت گۆڕانکارییـەکی فکـری ڕووبـدات،

بـۆ ئـەوەی ڕێـگا بـۆ گۆڕانکاریـی سیاسـیی خۆشـبکات. هەرلەبەرئـەم هۆیەشـە، کـە بەهـاری فەرەنسـی، پاشـان نەبوویـە پایزێکـی ئوسـوڵی.

ئاخۆ ئەم پرۆژە فەلسەفییە گەورەیە چۆن لەدایک بوو ؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ریمون تروسون دەڵێت :

(سـەرەتا دیـدرۆ و دالامیـری هاوڕێـی دەیانوویسـت ئەنسـکلۆپێدیای ئیگلیزیـی بـۆ زمانـی فەرەسـنی وەربگێڕن، هەتاوەکـو خوێنـەری فەرەنسـی سـوودی لێوەربگرێـت و ئاگاداریـی دواییـن گۆڕانکارییـە مەعریفییەکانـی ئـەو سـەردەمە بێـت. جێگـەی ئاماژەیـە ئینگلیـزەکان لـە بوارەکانـی گەشەسـەندنی زانسـتی و پیشەسـازیی و سیاسـییدا، پێـش فەرەنسـییەکان کەوتـن. ئەنسـکلۆپێدیای ئینگلیزیـی» شـامبر» ی نـاودار کـە بـە زمانـی ئینگلیزیـی نووسـراوە، لـە نێـوان سـاڵانی ١٧٢٨ تـا ١٧٤٢ دا نووسـراوە و هەمـوو زانسـت و مەعریفییەکانـی گرتۆتـە خـۆی.)

لێ دیدرۆ، پاش بیرکردنەوەیەکی قوڵ و نیقاشێکی زۆر، گەیشتە سـەر ئـەو بۆچوونـەی، کـە ئەنسکلۆپیدیایەکی نـوێ دابنێت و واز لـە وەرگێڕانـی ئەنسـکلۆپیدیای ئینگلیـزی بهێنێت. ئـەو دەیویسـت، بـاس لەهەمـوو داهێنـان و زانسـتە مرۆییـەکان و فکـری مرۆیـی بـکات، کـە لـە بوارەکانـی زانسـت و پیشەسـازیی، کـە لـە مـاوەی چەندین سـەدەی پێشـوودا هەبـووە، هەموویـان لـەم پرۆژەیـەدا بنووسـێتەوە.

ئامانجـی ئـەو ئەوەبـوو، کـە عەقڵیەتـی فەرەنسـییەکان لـە ڕێـگای پشـتگیریکردن و هاندانـی بیـری نوێـی و بڵاوکردنـەوەی فەلسـەفەی نوێـوە بگۆڕێـت، ئەمـەش لـە وڵاتێکـدا، کـە مەملەکەتێکـی ملهـووڕ و ئوسـوڵی و تاریکبیـن بـوو. لەوکاتـەدا فەرەنسـیەکان لـە بوارەکانـی زانسـت و فەلسـەفە دا، زۆر دواکەوتووبـون، شـارەزاییەکی زۆر کـەم و سـنووردارییان هەبـوو، بـە پێچەوانـەی ئینگلیـزەکان. لێرەدا جێگای خۆیەتـی کـە دەسـتەواژەیەکی ڤۆلتێـر لەبـارەی گەلـی فەرەنسـی لەوکاتـەدا بهێنێنـەوە، ئەویـش پـاش

ئەوەی سەردانی ئینگلتەرای کرد، بەم شێوەیە وەسفی گەلی فەرەنسا دەکات و، دەڵێت «زۆربەیان»مەبەستی فەرەنسییەکانە» جووتیارن و نەخوێندەوارن، ئەوان لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، ڕێک وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.»

لەبەرئەوە ئەم فەیلەسوفە مەزنە، دەستیکرد بە ڕۆشنبیرکردن و دەرهێنانیان لەناو تاریکی جەهل و هێنانیان بۆ ناو ڕووناکی زانست. بەڵام ئەمەش تەنها لە ڕێگای مەعریفەیەکی نوێوە دەبێت، کە جیاوازبێت لەو مەعریفەیەی کە لە کڵێسادا هەبووە: واتە ئەو مەعریفەیەی کە لە ڕێگای قەشە و پیاوانی ئاینییەوە لە ڕۆژی لەدایک بوونەوە تاوەکو مردن، بەناو خەڵکی عامدا بڵاودەکرایەوە. ئەمەش مەعریفەیەکی ئایینی ڕوونە، کەهیچ بایەخ بە زانستی مۆدێرن نادات. لەوکاتەدا پیاوانی ئاینیی زاڵبوون بەسەر عەقڵیەتی زۆربەی فەرەنسییەکاندا، ڕێک وەکو چۆن ئێستا شێخە ئاسمانییەکان بەسەر عەقڵیەتی عەرەبیدا زاڵن» مەبەستی لەو شێخانەیە کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، وانەی ئایینی بەخەڵکی دەڵێنەوە.» .

بەمشێوەیە ئەنسکلۆپیدیاکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو نوخبەیەک ئاڕاستەکرابوو، کە دەیتوانی بخوێنێتەوەو بنووسێت و حەزی لە فێربوونی شتی نوێی مەعریفی بێت و دەتوانێت کتێب بکڕێت. هەموو ئەم شتانە پێویستە بە هەند وەربیگرین، گەربمانەوێت لە ڕەوشی گشتی ئەو کاتە بگەین. ئەمەش دیدرۆ زۆر بەباشی لە ژمارەی یەکەمی پێشەکی کتێبەکەیدا بۆی ڕوونکردووینەتەوە.

دیدرۆ دەڵێت :

(ئامانجی ئەم ئەسکلۆپیدیایە ئەوەیە، کە هەموو شێوەیەکی مەعریفی کۆبکاتەوە، ئەوەی کە مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی زانستە هەمەجۆرەکان لە ماوەی چەندین سەدەی پێشوودا، دایهێناوە. هەروەها ئامانجمان ئەوەیە کە ڕەخنە لە تۆندڕەویی دینی کوێرانە بگرین،

هەروەها دژایەتی توندڕەویی سیاسیی یان بە مانایەکی تر ملهوورِی سیاسیی بکەین. لەهەمانکاتیشدا ڕێز لە ڕۆحی ڕەخنەگرانەی عەقڵی و ئازادی فکری بگرین. ئەمڕۆ فەرەنسا پێویستی بەوەیە، کە ئازادانە هەناسە هەڵمبژێت، هەتاوەکو بتوانێت ڕۆحی ڕەخنەگرانەی داهێنەرانە بخوڵقێنێت.)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانجی ئەم پرۆژەیە، دژایەتیکردنی ئوسوڵیەتی مەسیحی بوو، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بەسەر عەقڵیەتی خەڵکیدا زاڵبووە. ئەم هەژموونە گەورەییە، وایکردووە کە توندڕەویی و عەقڵیەتی تاریکبینانە لەناو کۆمەڵگەدا بڵاوبێتەوە، بەتایبەتی لەناو زۆرینەی جەماوەردا.

جێگەی ئاماژەیە دیدرۆ لێکۆڵینەوەی لە هەموو پەرەنسیبەکان دەکرد، بەبێ ئەوەی موجامەلە یان خاتری یەکێکیان بگرێت. هەموو شتێک پێویستە بەر چەکی ڕەخنە و چرای عەقڵ بکەوێت، تەنانەت پرەنسیبە ئاینییەکانی دینی مەسیحی کە زۆر بە پیرۆز دادەنران. هەرلەبەرئەمەش، ئەم فەیلەسوفە مەزنە، ڕووبەڕوی پیاوانی ئایینی بوویەوە، کە دەیانویست پرۆژەکەی پەکبخەن و زۆرجاریش توانیان ڕایبگرن و نەیاندەهێشت بەردەوامی بە کارەکانی خۆی بدات. دەڵێن گوایە لە دەرئەنجامی ئەو هەموو هەڕەشە و گورەشانەی کە لەگەڵیدا کرا، تووشی نەخۆشی «قورحەی مەعیدە» گەدە» بوویەوە.

لەبەرئەوە ئەم ئەسکنلۆپیدیا ناوداراە، تووشی کۆمەڵێک شەڕی فکریی بوویەوە، فەرەنساشی کرد بە دوو بەشەوە: بەرەی فەلسەفیی و عەلمانی گەشەسەندوو، بەرەی مەسیحی و لاهوتی، کەبۆ ماوەی چەنیدن ساڵە، هەژموونی ڕەهای خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە. بەمشێوەیە ئوسوڵییە مەسیحیەکان لەگەڵ فەیلەسوفە عەلمانییەکان، زۆر بە توندی شەڕیان بوو.

جێگەی ئاماژەیە یەکەم بەرگی ئەم ئەسنکلۆپیدیایە ساڵی ١٧٥١ چاپ و بڵاوکرایەوە، واتە نیوەی سەدەی هەژدەهەم. نووسەخەیەکیشی بۆ

هەموو چینە دەسەڵاتدارەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگەی فەرەنسی نارد، کە بریتیبوون لە : ئەرستۆکراتییەکان، ئەو پیاوە ئاینیانەی کە ڕووناکبیرن، پەرلەمانتارەکان و هەموو ئەوانەی کە حەزیان لە خوێندنەوەی کتێبە، نزیکەی دوو هەزار دانەی لێ چاپکرا.

لە وتاری «دەسەڵاتی سیاسیی یان بە واتایەکی تر پڕۆژەی سیاسی» دا، دیدرۆ هێرشێکی توندی کردە سەر گەورەترین کەسایەتی مەسیحی ناوداری فەرەنسای ئەوکاتە، مەبەست لە «بوستویە». ئەم پیاوە لەسەدەی حەڤدەدا ژیاوە، زۆر دژایەتی فەلسەفەی دیکارتی دەکرد و هەروەها دژایەتی هەموو زانستێکی مۆدێرنی تریش دەکرد. ئەوەی ڕوون و ئاشکراشە کە ئەم پیاوە، چاودێریکەر و مامۆستای، جێنشینی» وەلی عهد» فەرەنسا بوو.

لەبەرئەوە دیدرۆ هێرشیکردە سەری، چونکە بووبوە قەڵایەکی فکری کۆنەپەرستی فەرەنسی و دەیگوت کە مەلیکەکانی فەرەنسا هەقێکی خودایانەیان هەیە و شەرعیەتییان لەلایەن گەلەوە بۆ نەهاتووە، بەڵکە شەرعیەتییان لەلایەن خوداوە بۆ هاتووتە خوارەوە. ئەمەش ئەو بۆچوونە ئاینیەی ئیستامان بیردەخاتەوە، کە حاکمیەت لەلای سونەکان و ولایەتی فەقیهی شیعی، هەر هەمان شتە.

هەموو ئەوەی کە ئەوروپا پێش سێ سەد ساڵ شەڕیان لەسەرکردووەو گفتوگۆیان تێداکردووە، ئەمڕۆ ئێمە تووشی دەبینەوە. ئەمەش ئەو مەسافە مێژوویە یە کە لە نێوان ئێمە و ئەوروپاییەکاندا هەیە. من زۆرباش دەزانم کە ئەم قسەیەی من زۆر کەس تووڕە دەکات، لێ ناچارین هەردەبێت ڕاستیەکە بەڕوون و ئاشکراییانە بڵێین.

بەدڵنایەوە هێرشکردنی دیدرۆ بۆ سەر ئەم کەسایەتییە ناوداره» بوستویە» بووە هۆی شێتبوونی ئوسوڵییە مەسیحیەکان و پیاوانی کۆشکی مەلکی، بەڵام دیدرۆ لەلایەن چەند ئەرستۆکراتێکی ڕووناکبیر، پشتگیریی لێکرا وەکو «کمالزریب» کە وەزیری ڕۆشنبیری فەرەنسی بوو لەوکاتەدا، هەروەها مۆنتسیکۆ و ڤۆلتێر و چەندینی تر، پشتگیریان

کرد.

هەروەک پێشتریش باسمانکرد، کە لەوکاتەدا بڵاوکردنەوەی ئەسنکلۆپیدیاکە، نەک تەنها لە فەرەنسا، بەڵکە لە هەموو ئەوروپادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە وڵاتانی سویسرا، ئیتالیا، ئینگلتەرا و روسیا، بڵاوکرایەوە، بەڵام بۆ بەرگی دووەمی، هەرایەکی گەورە لەناو ئوسوڵیی و پیاوانی کۆشکدا نایەوە، یەکسەر دەستکرا بە ڕاگرتنی و دەستبەسەرداگرتن و قەدەغەکردنی، بەم شێوەیەش دیدرۆ ژیانی کەوتە هەڕەشەوە.

هەرلەبەرئەوە ماوەیەک خۆی شاردەوە هەتاوەکو، بەردەستی نەیارانی نەکەوێت. لەوکاتەدا ڤۆلتێری هاوڕێی، پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد، کە کتێبەکەی بهێنێتە بەرلین لەژێر سایەی حاکمێکی ملهووری ڕووناکبیردا «مەبەستی فریدریکی گەورە، مەلیکی بروسیایە» چاپ بکات. بەڵام دیدرۆ لەبەر چەندین هۆکاری خێزانی و شتی تریش، پێشنیارەکەی ڤۆلتێری ڕەتکردەوە.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە کە خەڵکی ژیاننامەی ئەم فەیلەسوفە مەزنە بخوێنێتەوە، بەتایبەت گەر ئێوە فەرەنسی بزان، شتێکی زۆر خۆش دەبێت بەلاتانەوە. ئەمەش واتان لێدەکات، کە لەو ڕەوشە ناخۆشەی عەرەب کە ئێستا تێیدا دەژی، باشتر تێبگەن. لەوانەبێت هاوار بکەن و پێم بڵێن:

(دوێنێ چ پەیوەندی بە ئەمڕۆوە هەیە!)

جێگەی ئاماژەیە ریمون تروسون، هەموو ڕەوشەکانی ئەو کاتە، بە بەرهەمەکانی دیدرۆوە دەبەستێتەوە، زۆر بە ووردری باس لە ژیانی و دەکات و بەشێوەیەکی زۆر جوان شروۆڤەیەکی زۆر ووردی، بچووکترین قۆناغی ژیانی دیدرۆ دەکات، هەر لەسەردەمی منداڵییەوە هەتاوەکو کۆتایی ژیانیی و مردنی. لەبەرئەوە زۆر بەباشی لەوە تێدەگەین، کە قۆناغەکانی ژیانی چ پەیوەندی بە بەرهەمەکانییەوە هەیە.

ئـەم سـیفەتەش لـە کتێبەکـەی جـاک ئەتالـی جیـای دەکاتـەوە، بـەڵام ئەتالـی دیـدرۆ لـە ڕێگـەی ئـەم سـەردەمەوە دەخوێنێتـەوە کـە ئێمـە تێیـدا دەژیـن، نـەک ئـەو سـەردەمەی کـە ئـەو تێیـدا ژیـاوە، ئـەم سـیفەتەش لـە کتێبەکـەی تروسـون جیـای دەکاتـەوە. بـەم شـێوەیە هەردووکیـان دەبنـە تەواوکـەری یەکتـری.

لێرەدا ئەوەی ماوەتـەوە بیڵێـم، ژیانـی دیدرۆ، هەمـووی ڕاونـان و گرتـن و ئازاردان نەبووە، وەکو ژیانـی جـان جـاک ڕۆسـۆ، بەڵکـە بـە پێچەوانـەوە، دیـدرۆ وەکـو بۆرجوازییەکـی خۆشـگوزەران ژیـاوەو خۆشـی لـە ژیـان بینیـوە. هەروەهـا تووشـی چەندیـن ئەزموونـی خۆشەویسـتیی بـووەو زۆرجاریـش خیانەتـی لـە ژنەکـەی کـردووە. هەروەهـا چەندیـن نامـەی خۆشەویسـتی بـۆ «سـۆفی فـولان» نووسـیوە. ئـەم نامانـەش هەتاوەکـو ئێسـتا دەخوێنرێتـەوەو بڵاودەکرێتـەوە.

جان جاک ڕۆسۆ
ئەو پیاوەی جیهانی فێری مافی مرۆڤ و ئازادی کرد





سویسرا یەکێکە لە وڵاتە بچووکەکانی ئەوروپا وجیهان، وڵاتێکە کە لە هەموو شەڕوپێکدادانەکانی ئەوروپادا، خۆی بێ لایەن کردووەو لە ئاگری هەردوو جەنگە گەورەکەی جیهانیش، هیچ پریشکێکی بەر نەکەوت.

ئا لەم وڵاتە بچووکەی جیهاندا، فەیلەسووف و بیرمەندێکی ئێجگار گەورە لەدایکبوو، کە توانی تەواویی مێشکی جیهان ڕووناک بکاتەوە. سێ سەدسالّ پێش ئێستا، کاتێک هەموو ئەوروپا و تەواوی جیهان، لەناو تاریکی و شەوەزەنگی ئوسولّی توندڕەویی ئاینیدا دەژیا، لەکاتێکدا کە ئەوروپا بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکی ئاینی دابەشکرابوو،

مرۆڤەکان بەسەر دوو وشەدا (ئێمە، ئەوان) پۆلێنکرابوون، ئالەم کاتە ترسناک لەهەمانکاتیشدا گرنگ و پڕ بایەخەدا، چرای مۆمێکی بچووک، لەناو ولاتێکی چکۆلانەی جیهاندا داگیرسا و تەواوی جیهانیشی ڕووناک کردەوە ئەویش «جان جاک رۆسۆ» یە.

ماوەی سێ سەدسالّە تەواوی بیرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی جیهان، خۆیان لەناو دەریای هزرە مەزنەکانی رۆسۆدا دەبینەوە. بەسەدان بگرە هەزاران کتێب و لێکۆلّینەوەو وتار و سیمینار، لەبارەی هزری رۆسۆوە کراوە. هەتاوەکو ئەمڕۆش رۆسۆ و هزرە مەزنەکەی، وانەیەکی گرنگی تەواویی زانکۆکانی جیهانە.

لێرەدا ئێمە خۆمان لەبەردەم ئەم پرسیارە دەبینینەوە: ئاخۆ ئەم پیاوە خاوەنی چ جۆرە بیرکردنەوەیەک بووە، هەتاوەکو بەم شێوەیە جیهان گرنگی پێ بدات؟. ئاخۆ جان جاک رۆسۆ، چ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئەمڕۆمانەوە هەیە؟ ئەو کاریگەرییانە کامانەن، کە هزری رۆسۆ لەسەر کۆمەلّگەی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی داینـاوە؟.

بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاش، ئێمەی کورد بەشێوەیەکی پێویست ئاگاداریی هزر و بۆچوونەکانی ئەم کەلّە فەیلەسووفە نین، ئەمە لەکاتێکدا ئەمڕۆ ئێمە لەهەموو کاتێکی تر، پێویستیمان بەو هزرە مەزنەی رۆسۆ هەیە. لەکاتێکدا کە ئێمە خۆمان لەبەردەم گۆڕانێکی کۆمەلّایەتی گەورەدا دەبینینەوە، هەنگاو بەرەو دامەزراندنی کۆمەلّگەیەکی نوێ و دیموکرات و مۆدێرن دەنێین، لەبەرئەوە زۆر گرنگە ئاگاداریی هزرو بۆچوونەکانی ڕۆسۆی مەزن بین.

لێرەدا من هەوڵ دەدەم، تیشکێکی بچووک بخەمە سەر، ژیان و هزرو بۆچوونەکانی ئەم کەلّە فەیلەسووفە، بەدلّنیاییەوە ئێمە ناتوانی تەنها لە وتارێکی ئاوادا، هەموو لایەنەکانی هزریەکانی رۆسۆ باس بکەین، چونکە بۆ ناساندنی رۆسۆ، پێویستیمان بە چەندین لاپەڕە وکتێب و لێکۆلّینەوەی زۆر هەیە.

کۆپە هەژارێک

جان جاک ڕۆسۆ لە ٢٨ یونی ١٧١٢ لە شاری جنێڤی سویسرا لەدایک بووە .[٧٩] ڕۆسۆ لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەو دەوڵەمەند لەدایک نەبووە، بگرە لە بنەماڵەیەکی هەژارو دەستکورتی جنێڤ، چاوی بە جیهان کەوتووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا، کاریگەریی زۆریی لەسەر هەزرو بۆچوونەکانی کردووە، چونکە بەشێوەیەکی واقعی، ئاگاداریی ژیانی هەژاران و نەداران بووە، بۆ خودی خۆی، برسێتی و سەرما و هەژاریی چەشتووە.

لەبەرئەوە هەتاکۆتایی ژیانی، بەشێوەیەکی شێلگیرانە، داکۆکی لە مافی هەژاران و یەکسانی کۆمەڵایەتیی کردووە. هەروەها خۆی وەکو پارێزەرێکی چینی هەژاران داناوە، هەمیشە داوای کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان ژیانی چینە دەوڵەمەندەکان و چینە هەژارەکان کردووە.

یەکەمین چرکەی نەهامەتی

بۆ هەموو منداڵێک دایک، ئەو دارەیە کە لەژێر سێبەریدا دەحەسێتەوە، ئەو سەرچاوە گەورەیەیە، کەهەتا کۆتایی ژیانی، ئاوی لێ دەخواتەوە. لێ ئەم کەڵە فەیلەسووفە مەزنە، هەر کە چاوی بە دونیا هەڵهێنا، دایکی کۆچیی دوایی دەکات. ئەمەش سەرەتاییەکی ناخۆش و پڕ ئازار بۆ ئەم منداڵە هەژارە دروست دەکات. لەناو کوردەواریی خۆشماندا دەگوترێت:(منداڵ بە دایک هەتیو دەکەوێت). ڕۆسۆش بە مردنی دایکی هەتیو دەکەوێت. پاشان باوکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆ و لەهەمانکاتیشدا هەوڵ دەدات کە فێری نووسین و خوێندنەوەی بکات.

---

٧٩ د. عبدالجبار المنديل. روسو و عصر التنوير في اوربا. ڕۆژنامەی المدی. ٢٠١٢،٠٦،١٩ .

مەلەکردن لەناو دەریای هەژاریدا

بەحوکمی دەستکورتی و هەژاریی باوکی، هەرزوو رۆسۆ تێکەڵی ژیانی ناخۆشی هەژاران دەبێت. هەر زوو دەست دەکات بە کارکردن و پەیداکردنی بژێویی ژیان. رۆسۆ لەتەمەنی منداڵیدا، کۆمەڵێک کاری هەمەجۆریی کردووە. پاشان خۆی ئازاد دەکات و بەپێ بەشێکی زۆریی شارو ولاتان دەگەڕێت. هەر بەپێ لە سویسراوە دەچێت بۆ شاری تورینۆی ئیتالیا و پاشانیش لەوێوە بە پێ دەچێت بۆ فەرەنسا.

وازهێنان لە مەزهەبی کاتۆلیکی و هەلێکی باشی ژیان

رۆسۆ هەر لەمنداڵییەوە، هێندە خۆی بە ئایینەوە وابەستە نەکردبوو. لەبەرئەوە پاش ماوەیەک واز لە مەزهەبی کاتۆلیکی دەهێنێت و دەچێتە سەر مەزهەبی پرۆتستانت.

کاتێک تەمەنی دەگاتە شانزە ساڵ، دەرفەتێکی باشی بۆ دروست دەبێت، بۆئەوەی ژیانێکی باشتر بژی، ئەویش کاتێک یەکێک لە ژنە خێرخوازەکان بەناوی (مەدام دی وارانس)، تەبەنی دەکات(دەیگرێتەخۆی) و ئامادەگەیی خۆی بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی دەردەبڕێت. [٨٠]

جێگای گوتنە ئەم ژنە پێشتر کاتۆلیکی بوو، دوایی لەژێر کاریگەریی ئەو مسیۆنارە پرۆتستانەوە کە مەلیکی سەردینیا پشتگیریی دەکردن، ئەم ژنە مەزهەبی خۆی بۆ پرۆتستانتی دەگۆڕێت. پاشان ئەم ژنە رۆسۆ دەنێرێتە قوتابخانەیەکی (ئیکلیری، پرۆتستانی) یەوە.

بەڵام جان جاک رۆسۆ زۆر لەلای ئەم ژنە نامێنێتەوە، دیسانەوە دەست دەکاتەوە بەژیانی گەڕۆکی و ماڵی ئەم ژنە خێرخوازە بەجێدەهێڵێت.رۆسۆ وەکو جاران بەناو شارو لادێکاندا دەگەڕێت، هەر

---

٨٠ هەمان سەرچاوە

بەپێ دەچێت بۆ شاری لیۆنی فەرەنسا. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک کاری هەمەجۆر دەکات، بۆ نموونە: کارکردن لە تیپێکی موسیقی، هەروەها وەکو کارمەندێک لە دائیرەی (مساحە) لە شاری لیۆن، هەروەها وەکو سکرتێری سەفیری فەرەنسا لە شاری (ڤینیسیا/ئیتالیا) کاردەکات. لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژانە کاردەکات بۆ پەیداکردنی بژێوی، بەڵام قورسی بژێویی ژیان، نابێتە ڕێگر لەبەردەم خوێندنەوەو نووسین و فێربوونی موسیقا، کە ڕۆسۆ زۆر حەزی لێبووە.

پاریس و یەکەمین هەنگاو بەرەو لووتکە

ساڵی ١٧٤٢ ڕۆسۆ بەرەو پاریسی پایتەختی فەڕەنسا دەچێت. ئەوکاتە پاریس تەنها پایتەختێکی سیاسیی ئاسایی نەبوو، بەڵکە بووبوە پێتەختێکی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی هەموو فەرەنسا و ئەوروپا. کاتێک ڕۆسۆ دەچێتە پاریس، سەرەتا ژیانێکی زۆر ناخۆش دەژیی، لەوپەڕی هەژاریی و دەستکورتیدا دەژیا.

لێ ئەم تاریکستانی هەژاریی ونەداریی پەراوێزخستنە زۆری نەخایاند، بەتایبەتی کاتێک ڕۆسۆ چاوی بە بیرمەندی گەورەی فەرەنسی دیدرۆ (١٧١٣_١٧٨٤) دەکەوێت. دیدرۆ داوای لێدەکات کە وتار لەبارەی هونەرو مۆزیکەوە بنووسێت، هەتاوەکو بیخاتە ناو ئەنسکلۆپێدیایەکەیەوە. جێگەی ئاماژەیە دیدرۆ، یەکەمین ئەنسکلۆپێدیای فەرەنسی نووسی.

ڕۆسۆش لەم پڕۆژە مەزنەدا بەشداربووە. دیارە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی باش و هەنگاوێکی گرنگ لە ژیانی ڕۆسۆ دەستپێدەکات[٨١].

٨١ دینا مندور. فیلسوف تنویر في عشر الكلمات. ڕۆژنامەی المدی. ٢٠١٢,٠٦,١٩

یەکەمین ناوبانگ

ساڵی ١٧٥٠ ئاکادیمیای (دیگۆن) لەپاریس، پێشبڕکێیەک سازدەکات، کە تێیدا دەیانەوێت باشترین وتار لەبارەی هونەر و زانستەوە دیاریبکەن و پاشان خەڵاتێک بەو کەسە ببەخشن، کە باشترین وتار لەمبارەیەوە دەنووسێت. ڕۆسۆش ئەمە بە هەڵێکی باش دەزانێت و وتارێک بەناونیشانی (وتارێک لەبارەی هونەر و زانستەوە) دەنووسێت[٨٢]

پاشان لیژنەکە ئەم وتارەی ڕۆسۆ بە باشترین نووسینی ناو پێشبرکێکە دیاریدەکەن و ڕۆسۆش خەڵاتی باشترین وتار وەردەگرێت. بەم شێوەیەش ڕۆسۆ ناوبانگێکی باش بۆ خۆی پەیدا دەکات و یەکەمین هەنگاو بەرەو لووتکە دەنێت.

لە پاش ئەم وتارەوە، ڕۆسۆ تێکەڵاویی و پەیوەندی لەگەڵ ئەهلی قەڵەم و ڕۆشنبیر و نووسەرانی ئەوکاتی پاریس پەیدادەکات و دەچێتە ناو جیهانی ڕووناکبیرانی ئەوکاتی پاریسەوە.

بەرهەمەکانی

هەرچەندە ڕۆسۆ لەچاو فەیلەسووفانی تردەوە، خاوەنی کتێبی زۆر نییە، لێ ئەو چەند کتێبەی کە نووسیویەتی، هەتاوەکو ئەمڕۆش کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەیان بەسەر هزری جیهانەوە هەیە.

ساڵی ١٧٥٥ ڕۆسۆ یەکەمین کتێبی خۆی لەژێر ناونیشانی (وتارێک لەبارەی بنەچە و ڕەگەزی نایەکسانی لەنێو مرۆڤەکاندا) دەنووسێت. لەم کتێبەیدا ڕۆسۆ هەوڵیداوە، نایەکسانی لەنێو مرۆڤەکاندا بکاتە کڕۆکی سەرەکی کتێبەکەی. دیارە ڕۆسۆ وەکو هەژارێک، ئازارێکی زۆریی ئەم دەردەکۆمەڵایەتییەی چەشتبوو، هەرلەبەرئەوەشە یەکەمین هەنگاوی

---

٨٢ د. عبدالجبار المنديل. روسو و عصر التنوير في اوربا. ڕۆژنامەی المدی. ٢٠١٢،٠٦،١٩ .

خۆی، بەم مەسەلە گرنگ و پڕبایەخەوە خەریک دەکات.

ساڵی ١٧٦١ پاش ئەوەی کە نێوبانگێکی باش پەیدا دەکات، رۆسۆ وەکو رۆشنبیرێکی پێشکەوتنخواز هەوڵ دەدات دژ بە دیاردە دزێو و نەریتە قێزەونەکانی ناو کۆمەڵگەی فەرەنسی، قسەی خۆی بکات. بەمشێوەیە کتێبێکی نوێی لەژێر ناونیشانی (هیلویزی نوێ) دەنووسێت.

لەم کتێبەدا رۆسۆ بە تونـدی هێرش دەکاتە سەر ئەو نەریتە دزێو درۆیانەی کە لەو کاتەدا لەناو کۆمەڵگەی فەرەنسی بەگشتی و پاریسی بەتایبەتی باوە. لەهەمانکاتیشدا هەوڵ دەدات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی شەفاف و شاعیریانە وەسف بکات. ئەو دژی ئەو نەریتانە دەوەستێتەوە کە دەبێتە هۆی کوشتنی هەموو هەست و سۆزە مرۆڤییەکان.

رۆسۆ یەکەمین ڕیفۆرمخوازیی بواری پەروەردە

(منداڵەکان دەپرسن بۆچی ئێمە لە وێنەی بەیتی شعریدا قسە دەکەین و بەشێوەی پەخشان قسە ناکەین، ، ، ، ، ڕۆمانی ئیمێل.)

رۆسۆ یەکەمین کەس بوو کە دژ بە پەروەردەی تەقلیدیی قسەیکرد و ڕەخنەی توندیشی لەو نەریتانە گرت، کە دژ بە ویست و ئیرادەی منداڵان هەیە. لە ساڵی١٧٦٢ دا، رۆسۆ رۆمانی (ئیمێل) ی نووسی. دیارە ئەم ڕۆمانە بە کارێکی پەروەردەیی و زانستی دەروونیش دێتە ژماردن. رۆسۆ پێی وابووکە نابێت منداڵ بە زۆرەملێ فێری خوێندن بکرێت، هەروەها ناشبێت مامۆستای قوتابخانە منداڵان سزابدات و وانەی ناخۆش و بێ تامیان پێ بڵێت، بگرە بە پێچەوانەوە پێویستە مامۆستا لەگەڵ وییست و حەزەکانی منداڵان بێتەوەو ڕێز لە کەسایەتی و ئیرادەی منداڵان بگرێت.

لەلایەکی ترەوە رۆسۆ پێی وایە کە مرۆڤەکان هەر بە" سروشتی خۆیان» کەسایەتییەکی دڵ ناسک و میهرەبانن. هەروەها هیچ

پاڵنەرێک یان مەیلێکی ناوخۆیی تیایاندا نییە، بۆئەوەی جۆرە هەستێکی دوژمنکاریی و شەڕەنگێزی بەرامبەر خەڵکی تر یان بێت، بەڵکە رۆسۆ پێی وایە، ئەوە کۆمەڵگەیە کە مەیلی شەڕەنگێزیی و خۆپەرستی فێری مرۆڤەکان دەکات، هەر کۆمەڵگەشە کە دەبێتە هۆی گەندەڵ بوونی مرۆڤەکان[٨٣]

جێگەی ئاماژەیە ئەم بەرهەمەی ڕۆسۆ، بە یەکێک لە کتێبە نایابەکانی بواری زانستی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی دێتە ژماردن. دەبێت ئەوەش بڵێم، جان جاک ڕۆسۆ، یەکەمین کەس بووە لە فەرەنسا و ئەوروپادا، کە داوای چاکسازی بواری پەروەردەی منداڵانی کردووە، هەروەها داوای پەیوەندییەکی مۆدێرنی لە نێوان مامۆستا و قووتابی کردووە. دیارە ئەوروپا پاش نزیکەی دووسەد پەنجا ساڵ، ئینجا توانییان لە چەمک و پەیامەکانی ئەم کەڵە فەیلەسووفە بگەن.

لەلایەکی ترەوە رۆسۆ لەم کتێبەیدا داوای تاکێک یان هاوڵاتییەکی نوێ دەکات. رۆسۆ داوای پەروەردەکردنی تاکێکی ئازاد دەکات، دەیەوێت لە کەسێکی نوێ لە وێنەی (ئمیل) ی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بخوولقێنێت. هەروەک ڕووناکبیری فارسیش ڕامین جەهانبەگلو دەڵێت:

(ڕۆمانی ئمیڵ، هەوڵێکە بۆئەوەی تاکێک بە ئەخلاقێکی سەربەستەوە پەروەردە بکرێت)[٨٤]

بەهەرحاڵ ئەم کتێبەی ڕۆسۆش، هەوڵدانێکی گەورەیە، بۆ داواکردنی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی و دژایەتیکردنی نەریت و یاسا کۆن و دزێوەکان.

---

٨٣ هەمان سەرچاوە

٨٤ ڕامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریان.هەولێر.٢٠٠٩. لاپەڕە.٨٨.

پەیمانی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام لەهەموو شوێنێکدا لە بەندیدا دەژی، ، ، ، ، پەیمانی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە کارە نایاب و گرنگەکانی ئەم کەڵە فەیلەسووفە، کە بۆتە پاسپۆرتێک بۆ رۆسۆ، کتێبە بەناوبانگەکەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یە. رۆسۆ لە ساڵی ١٧٦٢ ئەم کتێبە دەنووسێت. لێ وا بۆ ماوەی دووسەدوپەنجا ساڵە، ئەم کتێبە هەر لەسەر زاریی مامۆستایانی زانکۆ، فەیلەسووفان، نووسەران، ڕۆشنبیرانی جیهانە.

هیچ کتێبێک هێندەی ئەم کتێبە قسەوباسی لێوە نەکراوە. بەڵام لێرەدا گرنگە لەخۆمان بپرسین، ئاخۆ بۆچی ئەم کتێبە هێندە گرنگ و پڕ بایەخە؟ تۆ بڵێیت رۆسۆ شتێکی گوتبێت کە فەیلەسووفانی تر نەیانگوتبێت؟ یان تۆ بڵێیت ئەم کتێبە کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بێت؟.

بیرمەندی ناسراوی میسری(د. زەکریا ئیبراهیم) لە بارەی ئەم کتێبە و مانای پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە دەڵێت:

(پەیمانی کۆمەڵایەتی، واتە هەرکەس لە ئێمە خۆیی و هێزو تواناکانی بخاتە خزمەت هەموانەوە، یان بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیرادەی گشتییەوە. بەمجۆرەش کۆمەڵگە هەموو ئەندامانی وەک بەشێکی گرنگ و جیانەکراوە لەگشت تەماشا دەکات)[٨٥]

رۆسۆ دەیویست هەوڵێک یان ڕێگە چارەیەک بۆ کێشە ئاڵۆز و قوورسەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بدۆزێتەوە. ئەو داوای جۆرە ڕێکەوتنێکی نوێی کۆمەڵایەتی دەکرد، کە لە ڕێگایەوە مرۆڤ بە ئازادییەکانی خۆی بگات. لەهەمانکاتیشدا چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی،

---

٨٥ د. زەکریا ئیبراهیم. کێشەی ئازادیی سیاسی. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد. چاپی یەکەم. خانەی وەرگێران. سلێمانی.٢٠١١. لاپەڕە.٤٩.

گوزارشت لە جۆرە پەیوەندییەکی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات، تاک و کۆمەڵگە دەکات.

ڕۆسۆ خۆی بە مەسەلەی (ئازادیی، یەکسانی، یاسا و دەسەڵات، تاک لەناو کۆمەڵگە) وە خەریک دەکرد. ئەویش وەکو فەیلەسووفانی تر، شەیداییەکی بێ سنووری (ئازادیی تاک) بوو.

لەلایەکی ترەوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوەی ئازادیی بۆ تاک لەناو کۆمەڵگەدا. لەهەمانکاتیشدا شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی گشتی. ڕۆسۆ پێی وایە تاکە دەسەڵاتی شەرعی ئەوەیە، کە ڕەزامەندی تەواویی کۆمەڵگەی لەسەرە. لەڕاستیدا «پەیمانی کۆمەڵایەتی» ئەو بڕیارەیە کە هەموان واتە هەر کەسەو بەتەنیا دەیدەن، دەربارەی پێکهێنانی کۆمەڵگە و لە ئەستۆگرتنی شتەکانیش بەهەموو چاک و خراپییەوە .[٨٦]

دانپیانانەکان

یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی تری ڕۆسۆ «دانپیانانەکان «ساڵی ١٧٧٢ ڕۆسۆ دواین کتێبی خۆی لەژێر ناونیشانی (دانپیانانەکان) نووسی. ئەم کتێبە زیاتر دەچێتە قاڵبی ژانری بیرەوەرییەوە، لێ ڕۆسۆ بە پێچەوانەی فۆرمە کۆنەکانی نووسین، جۆرە فۆرمێکی نوێی لە ژانری بیرەوەری داهێنا. هەروەک خۆشی لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت:

(دەمەوێت جۆرە نووسینێک دابهێنم، کە پێشتر خەڵکی تر ئاوای نەکردبێت. من بەوپەڕی ڕوون و ئاشکراو بێ پەردە، قسە لەگەڵ خوێنەر دەکەم، تەنها خۆم مێژوو، ناخی خۆم دەزانم.)

ڕۆسۆ لەم کتێبەیدا باس لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکات، بەوپەڕی ڕوون و ئاشکراو بێ پەردەوە، ڕووداوەکانی ژیانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، هەست و نەستەکانی ناخی دەنووسێت. لەلایەکی

---

٨٦ هەمان سەرچاوە

تریشەوە، بەوپەڕی ئازادانە و ئازایانە، باس لە ڕووداوەکان دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ سڵ لە نەریت و یاسا وڕێساکانی ئەوکاتی کۆمەڵگە بکاتەوە.

بەدڵنیاییەوە لەم کتێبەشدا، ڕۆسۆ بیرمەندیی خۆی پیشان دەدات و داهێنانێکی زۆر نوێش لە بواری ژانری بیرەوەریدا دادەهێنێت، کە پێشتر هیچ نووسەرو فەیلەسووفێکی پێش خۆی، نەیوێراوە ئاوا بەو پەڕی ئازادییەوە، قسە لەسەر ژیانی شەخسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بکات. ئەم کتێبەشی وەکو ئەوانی تری، هەتاوەکو ئێستا مایەی مشتومڕ و قسەوباسی ناو بازنەی بیرمەندان و نووسەرانی جیهانە.

ڕۆسۆ و چەمکی ئازادیی

کە باس لە چەمکی ئازادیی دەکەین، یەکسەر مەلی هزرمان بۆ لای ڕۆسۆ دەفڕێت. جان جاک ڕۆسۆ بە یەکێک لە مامۆستا گەورەکانی چەمکی ئازادیی دێتە ژماردن. لە تەواوی زانکۆکانی جیهان، وەکو ئوستادێکی گەورە سەیردەکرێت. ڕۆسۆ چ لە ژیانی ڕۆژانە، چ بە نووسین، چالاکوانێکی گەورەبووە لە بواری بەرگریکردن لە چەمکی ئازادیی.

ڕۆسۆ دەڵێت:

(وازهێنان لە ئازادیی، وازهێنانە لە مرۆڤ بوون، پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانە... ئەم وازهێنانەش لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناتەبایە.)[٨٧]

دیارە پێش ڕۆسۆش چەمکی ئازادیی، جێگای مشتومڕی زۆربەی فەیلەسووفان بووە، هەر لە سوکراتەوە هەتاوەکو دەگاتە پێش

٨٧ ئایزایا بێرلین. ئازادیی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسور تەیفووری. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی. ساڵی ٢٠١٠. لاپەڕە.٤٠

رۆسۆش، ئەم چەمکە کرۆکی بیرکردنەوەی فەیلەسووفان بووە. لێ رۆسۆ هەوڵیداوە بەپێی تێگەیشتنی خۆی، بۆ ئەم چەمکە بڕوانێت و مامەڵەی لەتەکدا بکات.

لەلایەکی تریشەوە رۆسۆ هەوڵیداوە کە چەمکی ئازادیی، لە (ئاژاوە، بێ سەروبەریی) دووربخاتەوە، کە زۆرجار هەوڵدراوە، ئەم دوو مەسەلەیە پێکەوە گرێبدرێت، بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

رۆسۆ دەڵێت:

«ئازادیی پشت ئەستوور نییە بەوەی، کە مرۆڤ هەرچی بوێت بیکات و تەنها بە ئیرادەی خۆی کار بکات، بەڵکە چەمکی ئازادیی پشت ئەستوورە بەوەی، کە مرۆڤ نەکەوێتە ژێر هەژمونی کەسێکی ترەوە.»[٨٨]

لە لایەکی تریشەوە لای رۆسۆ ئازادیی (هەم ئەرکە و هەم مافیشە). شتێکی بەزۆر سەپێنراو یاخود باربێکی قورس نییە کە بتوانین خۆمانی لێ قوتار بکەین، بەڵکو شتێکی ئۆرگانی و سەرەکی کەسایەتیمە. لەبەرئەوە لەمبارەیەوە دەڵێت:

«دەستبەردارببوونی مرۆڤ لە ئازادیی، واتە دەستبەردابوونە لە خەسڵەتی مرۆڤ بوون و مافەکانی مرۆڤ و ئەرکەکانی مرۆڤیش... دەستبەردارببوون لەم شتانەش، هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا ناگونجێت. سەندنەوەی ئازادیی لە ئیرادەمان، واتە سەندنەوەی هەموو خەسڵەتێکی مۆراڵی لە ڕەفتار و کردەوەکانمان.»[٨٩]

رۆسۆ پێی وایە دۆراندنی ئازادیی، یەکسانە بە وەستان و سڕکردنی مرۆڤییەتی و هەربۆیەش ناتوانێت خۆی وەکو کۆیلە بفرۆشێت، چونکە مرۆڤ کە بووە کۆیلە، چیدیی مرۆڤ نییە و هەربۆیەش نە ئەرکی

---

٨٨ نصير الخزرجي. مفهوم الحرية من الفلسفة اليونانية الى جان جاک روسو. ڕۆژنامەی

٨٩ جان جاک رۆسۆ. پەیمانی کۆمەڵایەتی.. وەرگێرانی: محمد صابر. چاپی یەکەم.لە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی ڕێنما. سلێمانی.٢٠٠٥.لاپەڕە.٦٠.

هەیە و نەماف.

لە بەشی چوارەمی کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتی، لەبارەی کۆیلایەتییەوە دەڵێت:

«کاتێک هەر تاکێک بتوانێت دەستبەرداریی خۆی بێت، ئەوا ناتوانێت دەستبەرداریی منداڵەکانی بێت، چونکە ئەوان بە ئازادیی و وەک مرۆڤ لە دایک دەبن و ئازادییان مولکی خۆیانە، جگە لەخۆیان کەس بۆی نییە هەڵسووکەوت بە ئازادییانەوە بکات .»[٩٠]

رۆسۆ ئازادیی تاکەکانی کردبووە بەردی بناغەی هەموو کاروبەرهەمەکانی، هەرلەبەرئەوەشە بەشێوەیەکی جددیانە پشتگیریی تەواویی لە ئازادیی تاک کردوەو، بە بەشێکی گرنگی کەسایەتی و بوونی مرۆڤی داناوە.

رۆسۆ و ئازادیی گەل

رۆسۆ هەروەک چۆن بە یەکێک لە بەرگریکەرە سەرسەختەکانی بواری ئازادی تاک دێتە ژماردن، بەهەمانشێوەش، بەوپەڕی شێلگیرییەوە، بەرگریی لە ئازادی ئیرادەی گەل کردووە. هەروەک چۆن ئازادیی بۆ تاکەکان گرنگە، بەهەمان شێوەش بۆ گەل شتێکی گرنگ و پڕ بایەخ دێتە ژماردن.

لەمبارەیەوە رۆسۆ لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتییدا دەڵێت:

«گەل شتێکی باش دەکات، کاتێک دەتوانێت دەسەڵاتی ملکەچگەرایی ڕامالێت و بەکردەوەش دەتوانێت ڕایمالێت، چونکە بەو کارە سەربەستی خۆی وەردەگرێتەوە، بەهەمان ئەندازە یان بەهەمان مافێک کەلێی سەندراوە. ئەمە مانای ئەوەش دەگەیەنێت کە هیچ کەسێک نییە بتوانێت مافی ئازادیی لە دەستی دەربهێنێت. «[٩١]

٩٠ هەمان سەرچاوە

٩١ جان جاک رۆسۆ. پەیمانی کۆمەڵایەتی.. وەرگێرانی: محمد صابر. چاپی یەکەم.لە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی ڕێنما. سلێمانی.٢٠٠٥.لاپەڕە.٥٠.

تاک و کۆمەڵگە

یەکێک لە کرۆکی باسەکانی رۆسۆ، ئازادیی تاکەکەسییە و پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەوە. رۆسۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان تاک و کۆمەڵگەی، کردۆتە بابەتی سەرەکی کتێبە بەناوبانگەکەی(پەیمانی کۆمەڵایەتی). هیچ کاتێک رۆسۆ لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، کە مرۆڤ بۆ پاراستنی لە دەستدرێژیی دەرەکی و فەراهەمکردنی سەقامگیریی و ئاسایش، واز لە ئازادییەکانی بهێنێت. لەمەشدا زۆر دژی تێز و بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئینگلیزی» تۆماس هۆبز» بووە، لەبەرئەوە لەمبارەیەوە، زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت:

«ئەوە هەڵەیە وابزانین پەیمانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤەکان ناچار دەکات، کە سازشبکەن و دەستبەرداریی مافەکانیان بن، نەخێر، ئەوەی لەم پەیمان و گرێبەستە دەکەوێتەوە، زیادبوونی ئازادیی مرۆڤەکانە... هەروەها پەیمانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بنەماکانی یەکسانی بچەسپێنێت، وەکو چۆن بنەماکانی ئازادیی جێگیر دەکات. لەلایەکی ترەوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی نابێتە مایەی تێکدانی یەکسانی سروشتی، بەڵکو بە یەکسانییەکی ئەخلاقی شەرعی شوێنی دەگرێتەوە. بەمجۆرە مرۆڤەکان لەبەردەم یاسا و نەریتدا یەکسان دەبن، ئەگەرچی لە ڕووی هێز و زیرەکییەوە جیاوازن .»[۹۲]

دیارە ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی تۆماس هۆبزە، ئەو پێی وابوو، کارێکی ئاساییە گەر مرۆڤ واز لە هەندێک ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی خۆی بهێنێت و خۆی رادەستی دەسەڵاتێک بکات، بەمەرجێک ئەو دەسەڵاتە (ئارامیی و ئاسایش) بۆ تاکەکان دابین

۹۲ ئایزایا بێرلین. ئازادیی و خائینانی. وەرگێرانی: مەنسور تەیفووری. چاپی یەکەم. دەزگای

بـکات .[٩٣]

رۆسۆ لە مبارەیە دەڵێت:

«مـرۆڤ لـە کۆمەڵگەدا ئـازادە. نـەک لەبەرئـەوەی جۆرێـک لـە ئازادیـی و ئۆتۆنۆمـی هەیـە، بەڵکـو لەبەرئـەوەی یاسـا گوزارشـت لـە ئیـرادەی تایبەتـی ئـەو دەکات.»

پاشتریش هەر لەبارەی ئەم خاڵەوە دەڵێت:

«دروسـتکردنی شـێوە یەکێتییـەک، کـە پارێزگاریـی لـە هەمـوو هێـزە بەشداربووەکان بکات و بیانپارێزێت، هەروەهـا بەشداربوو، لـە ژێرسـایەی ئـەو یەکێتییـەدا، لەگـەڵ بەشـداربووەکانی تـردا، تەنهـا گوێرایەڵـی خـۆی دەبێت و بەهەمـان ئـەو ئازادییـەی کـە پێشـتر هەیبـووە، ئـازاد دەمێنێتـەوە .»[٩٤].

واتـە بـوون بـە ئەنـدام لـە کۆمەڵگەیەکـدا، مانـای لەدەسـتدانی هەمـوو ئازادییەکانـی مـرۆڤ ناگەیەنێـت، بەڵکـە بـە بـڕوای ڕۆسـۆ، پێویسـتە ئـەم پەیمانـە کۆمەڵایەتییـە، ببێتـە هـۆی زیادبوونـی ئازادییەکانـی تـاک و ببێتـە پارێـزگار و زامنـی ئازادییەکانـی مـرۆڤ.

لـێ پەیوەندی نێوان تـاک و کۆمەڵگـە، یەکێکـە لـەو کێشـە گەورانـەی کـە هەتاوەکـو ئەمـڕۆش مرۆڤایەتـی پێـوەی دەنالێنێـت. بیرمەنـدی ئینگلیـزی ئایزایـا بێرلیـن دەڵێت:

«ئـەم کێشـەیە دەمانخاتـە دۆخێکـی نائاسـاییەوە: چـۆن دەتوانیـن لـە یەککاتـدا لەگـەڵ خەڵـک یەکبگریـن و جۆرێـک ئەنجومـەن دابمەزرێنیـن کـە دەبـێ شـتێک لـە جەبـر و هێـز بەکاربهێنێـت، کـە تـەواو لەگـەڵ ئازادیـی یـان تاقانەیـی سروشـتی ناکۆکـە و، لەهەمانکاتیشـدا ئـازاد بمێنینـەوە، واتـە

---

٩٣ جـان جـاک رۆسـۆ. پەیمانـی کۆمەڵایەتـی.. وەرگێرانـی: محمـد صابـر. چاپـی یەکـەم. لـە بڵاوکراوەکانـی چـاپ وپەخشـی ڕێنمـا. سـلێمانی.٢٠٠٥.لاپەڕە.٧٠.

٩٤ هەمان سەرچاوە

پێڕەوەی ئەو خەڵکە نەکەین کە لەگەڵیان کۆبووینەتەوە؟ «[٩٥]

بەڵام ڕۆسۆی فەیلەسووف لە کتێبی پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت:

«هەموو مرۆڤێک بە بەختکردنی خۆی بۆ هەموان، خۆی بۆ هیچ کەس بەخت ناکات.»

لێرەدا مەبەستی ڕۆسۆ ئەوەیە، کە هیچ کەسێک ئامادەنییە، خۆی بکاتە ئامرازێک بۆ بەختەوەری خەڵکی تر. واتە کۆمەڵگە نابێت تەنها ئەرک بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێت، بەڵکە پێویستە پێش ئەوەی ئەرکەکانی تاک دیاریی بکات، مافەکانیان دابین بکات.

ڕۆسۆ و یاسا و دەسەڵات

لەهەموو سەردەم و ساتێکدا، تەنانەت هەتاوەکو ئەمڕۆش، قسەوباسی زۆر لەبارەی چۆنێتی حکومڕانییەوە کراوە. بەشێوەیەک هەموو کاتێک ئەم مەسەلەیە، خاڵی سەرەکی بووە لەلای زۆربەی فەیلەسووف بیرمەندانی جیهان.

هەروەک ڕۆسۆش دەڵێت:

«لە هەموو سەردەمەکاندا مشتومڕێکی زۆر، دەربارەی چاکترین شێوەکانی دەسەڵات بەڕێوەچووە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە هەریەکێک لەو شێوانە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا، چاکترین دەبن و لەحاڵەتێکی تردا خراپترین دەبن. «[٩٦]

ڕۆسۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتوون و فەیلەسووفانی تردەوە، تاکە شێوازێکی حوکمڕانی بۆ هەموو سەردەمەکان دانەنا. بەڵکە ئەو پێی وابوو کە بەپێی «کات و شوێن» شێوازی حوکمڕانی دەگۆڕێت. بەڵام

---

٩٥ ئایزایا بێرلین. ئازادیی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسور تەیفووری. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی. ساڵی ٢٠١٠. لاپەڕە.٤٥

٩٦ جان جاک ڕۆسۆ. پەیمانی کۆمەڵایەتی.. وەرگێڕانی: محمد صابر. چاپی یەکەم. لە بڵاوکراوەکانی چاپ وپەخشی ڕێنما. سلێمانی.٢٠٠٥.لاپەڕە١٦٦

لەگەڵ ئەوەشدا، گەڕان بە دوای باشترین و چاکترین دەسەڵات، خاڵێکی گەورەی بیرکردنەوەی رۆسۆ بووە.

ڕۆسۆدەڵێت:

«ئامانج لە دەزگایەکی سیاسیی چییە؟ بریتییە لە پارێزگاری لە ئەندامەکانی و خۆشگوزەرانییان»

لەلایەکی تریشەوە زۆر دژی حوکمڕانی ملهوڕو چەوسێنەر بووە، بگرە خەباتێکی ئێجگار گەورەشی لە دژی حوکمی ملهوڕی پادشاکان کردووە. لەهەمانکاتیشدا لە کتێبە نایابەکەیدا(پەیمانی کۆمەڵایەتی)، زۆر بە جوانی وەسفی فەرمانڕەوای ملهووری بەم جۆرە کردووە:

«فەرمانڕەوای ملهوور، بریتییە لەو پادشایەی کە بەبێ گوێدانە دادپەروەریی و یاساکان، بەزەبروزەنگ دەسەڵات بەڕێوە دەبات، بە واتایەکی تر، ئەو کەسەیە کە بە بێ ئەوەی مافی هەبێت، دەسەڵاتی لە دەستی خۆیدا قۆرخ دەکات. «[٩٧]

لەبەرئەوە رۆسۆ، یەکێک بوو لە هەوادارانی شێوازی کۆماریی و دیموکراسی.

رۆسۆ و شێوازی کۆماریی و دیموکراتی

رۆسۆ پێی وایە (هەموو حکومەتێکی شەرعی، پێویستە حکومەتێکی کۆماریی بێت). دیارە لەو کاتەدا مشتومڕێکی زۆر لەبارەی شێوازی حوکمڕانی و سیستەمی کۆمارییەوە کراوە. لێ گرنگ ئەوەیە کە بزانین، ڕاستە رۆسۆ یەکێک بووە لە بەرگریکەرانی سیستەمی کۆماریی و دیموکراتی، بەڵام ئەو داوای جۆرە حوکمێکی کردووە، کە زۆر جیاوازبووە لەو سیستەمە دیموکراتییەی کە باوەو هەتاوەکو ئەمڕۆش بەرقەرارە.

رۆسۆ دژی ئەوەبووە کە خەڵکی تەنها لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە

---

٩٧ هەمان سەرچاوە لاپەرە ٢٠٠.

بەشداریی دەسەڵات و حوکمڕانی بکەن، بەڵکە ئەو زیاتر دەیویست کە تاک یان هاوڵاتی، تەنها خۆی خاوەنی هەموو بڕیارە سیاسییەکانی و فەرمانڕەوایی بێت. دەتوانم بڵێم، ئەو زیاتر سەرسامی سیستەمی دیموکراتی سویسریی بوو، لە هەمانکاتیشدا دژی شێوازی سیستەمی ئینگلیزیی بوو، کە زیاتر مۆنتسکیۆ پێی سەرسام بوو. لەلایەکی ترەوە ڕاستە ئەو سیستەمی نوێنەرایەتیکردن و هەڵبژاردنی قبووڵ بووە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ڕەخنەی لە سیستەمی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتیکردن هەبووە، چونکە ئەو هەمووکاتێک داوای ئەوەی کردووە، کە هەموو دەسەڵاتەکان لە ژێر کۆنترۆڵی گەل دابێت.

لەمبارەیە ڕۆسۆ دەڵێت:

«پێویستە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مۆنتسکیۆدا هاوڕا بین کە باس لە گرنگی دەسەڵاتەکان دەکات، بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کە دواجار سەروەریی هەر بۆ گەلە»

لەبارەی پڕەنسیبی نوێنەرایتیکردنیشەوە دەڵێت:

«ئەو پڕەنسیبە زۆر ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیبی ئازادی ڕاستەقینە»[٩٨]

دیارە لای ڕۆسۆ زۆرجار ئەو نوێنەرانەی کە خەڵکی هەڵیاندەبژێرێت، لە خەڵکی دوور دەکەونەوەو گەلیش دەسەڵاتی لە دەست نابێت. بگرە گەل تەنها لە ڕۆژی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیدا، ئازادەو مومارەسەی مافی ئازادیی خۆی دەکات.

لەبەرئەوە تیۆریی ڕۆسۆ لە بارەی سیستەمی دیموکراتیی و کۆمارییەوە، ئێجگار تایبەتی بووە، ئەو هەمیشە داواکاریی ئەوەبوو کە هەموو دەسەڵاتەکان لەژێر کۆنترۆڵی گەل خۆیدا بێت و نابێت بەهیچ کلۆچێک، دەسەڵات و ئازادی خۆی، ڕادەستی چەند کەسانێک یان لایەنێکی سیاسی بکات.

---

٩٨ هەمان سەرچاوە

واتـه ئـەو زیاتـر داوای ئەوەیکـردووە، کـە هەمـوو کاتێـک گـەل لـە ڕێگـەی ڕیفراندۆمـەوە، بڕیـارە سیاسـییەکانی خۆیـان بـدەن. دیـارە ئـەم جـۆرە سیسـتەمەش، لـە ڕووی پراکتیزەکردنـەوە زۆر ئاڵـۆز و قـوورس دێتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە، بەتایبەتـی لـە وڵاتـە گەورەکانـدا.

لـە بـارەی یاساکانیشـەوە بەهەمـان شـێوە، تەنهـا گـەل دەکات بـە سـەرچاوەو شـەرعییەتدان بـە یاسـاکان. لەمبارەیـەوە دەڵێـت:

«ئـەو یاسـایانەی میللەتێک کاریان پێدەکات، پێویسـتە لەلایـەن ئەندامانی ئـەو میللەتـەوە دانرابێتن. بۆ هیـچ کـەس نییـە، مـەرجی پێکوەژیـان بۆ ئـەو کەسـانە دابنێت کـە بڕیـاری ژیانـی هاوبـەش دەدەن، بەڵکـو دەبێت خۆیـان ئـەو کارە بکـەن.»

ڕۆسـۆ هەمـوو کاتێـک جەختـی لەسـەر یـەک شـتی بنەڕەتـی دەکـردەوە، ئەویـش ئەوەیـە: پێویسـتە هەمـوو دەسـەڵاتەکان(یاسـادانان، جێبەجێکـردن) تەنهـا وتەنهـا لـە ژێـر دەسـەڵاتی گەلـەوە بێـت. ئـەو زیاتـر ترسـی لەوەبـوو، کـە لـە ڕێگـەی لایەنێکـی سیاسـیی یـان نوێنەرەکانـەوە، گـەل ئازادیـی خۆی لەدەسـت بـدات و ئازادیـی گـەل بکەوێتـە بـەر ڕەحمـی لایەنێـک یـان نوێنەرێکـەوە.

لەبەرئـەوە، ڕۆسـۆ لـەم بـوارەدا خاوەنـی دیدگاییەکـی ئێجـگار تایبـەت بـووە، کـە زۆرجیـاوازە لـە دیـدگای هەمـوو بیرمەنـد و فەیلەسـووفەکانی هـزری دیموکراسـی و کۆماریخوازیـی.

ئیرادەی گشتی

یەکێـک لـەو داهێنانـە نوێیانـەی کـە ڕۆسـۆ لـە بـواری زانسـتی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیدا هێنایـە کایـەوە، چەمکـی ئیـرادەی گشـتی بـوو. مەبەسـتی لـە ئیـرادەی گشـتیش ئەوەیـە، کـە هەمـوو بڕیـارەکان لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلـەوە بدرێـت، واتـە هەمـوو هاوڵاتییـان.

بـەڕای ڕۆسـۆ گـەر ئیرادەی گشـتی لەناوبچێت، ئـەوا کۆمەڵگـە بـەرەو

هەرەسهێنان دەچێت. هەرلەبەرئەوە پێویستە هاوڵاتیان هاوڕابن لەگەڵ ئیرادەی گشتیی و لەگەڵیدا ڕێکبکەون. گەر کەسێکیش سەرپێچیی لە ئیرادەی گشتی بکات، دەبێت لەلایەن هەموو کۆمەڵگەوە ناچاربکرێت مل بۆ ئیرادەی گشتی کەچ بکات.

جێگای گوتنە ئیرادەی گشتی تەنیا کۆبوونەوەی حەزە خۆپەرستانەکان نییە و لەلایەکی تریشەوە هێزێکی دەرەکیش نییە.لەڕاستیدا ئیرادەی گشتی، مەرجێکی پێویستە بۆ هەموو شارومەندێک بۆ ئەوەی هەست بە ماناداریی ژیان بکات. لەم حاڵەتەشدا، هاوڵاتی بە پێڕەوکردن لە خود، وەک ئەوە وایە کە پەیڕەویی لە حاکمیەت بکات .[٩٩]

بۆ نموونە کاتێک ئێمە دەنگ دەدەین نابێت بیر لەوە بکەینەوە، کە دەنگەکەی ئێمە لە ئاڕاستەی پشتڕاستکردنەوەی فلانە پاڵێوراوە، بەڵکە دەبێت دڵنیا بین لەوە کە ئاخۆ ئەوە لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا دەگونجێت یان نا. هەرلەبەر ئەمەشە کەبەشێکی زۆریی بیرمەندان و مێژوونوسان، جان جاک ڕۆسۆ، بەیەکێک لە باوکە مەزنەکانی چەمکی «کۆمەڵگەی مەدەنی» دادەنێن.

مرۆڤ لە دیدگای ڕۆسۆوە

«مرۆڤ شایستەی ڕێزە نەک بەزەیی»

هەتاوەکو سەردەمانێکی زۆر، زۆربەی فەیلەسووفانی جیهان، خۆیان بە پرسی مرۆڤەوە خەریککردبوو. ڕۆسۆ هات پێناسەیەکی ئێجگار جیاوازیی بۆ مرۆڤ دانا. ڕۆسۆ لە ڕستە بەناوبانگەکەیدا(مرۆڤ شایستەی ڕێزە نەک بەزەیی)، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە گەر بمانەوێت لە مانای مرۆڤ بگەین، ئەوا سەرەتا پێویستە لەو ڕاستییە بگەین، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بەڕێزە. ئەو (ڕێزگرتن) لەمرۆڤی پێ

---

٩٩ ڕامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریان.هەولێر.٢٠٠٩. لاپەڕە.٩٢

باشتربوو، لە بەزەیی پێداهاتنەوە. چونکە ڕێزگرتن واتا پێدانی مافێک بە کەسێک. لەبەرئەوەی مرۆڤیش مافی مرۆڤ بوونی هەیە، کەواتە پێویستە ڕێز لە مرۆڤ بوونی بگیرێت، چونکە بەزەیی پێداهاتنەوە، جیاوازە لە ڕێزگرتن. پێدەچێت من ڕۆژێک لە ڕۆژان بەزەییم بە کەسێکدا بێتەوە، بەڵام لەوانەبێت ڕۆژێکی تر هەر هەمان کەس کە بەزەییم پێداهاتبوویەوە، ئەوپەڕی بێ ڕێزیی بەرامبەر بکەم.

مرۆڤ لای ڕۆسۆ کەسێکی بەرپرسە لەکارەکانی خۆیی و توانا بۆ چاکە وخراپە دیاریی دەکات. کەسێکە دەتوانێت ڕێگەی ڕاست یان چەوت بگرێ و ئەگەریش ئازاد نەبێ، جیاوازییکردنی بۆ چاکەو خراپە، ڕاست و چەوت شتێکی بێ مانایە. مرۆڤ گەر ئازاد نەبێت، گەر لەوکارەی دەیکات بەپرس نەبێت، گەر ئەو کارەی دەیکات لەبەر حەز و ویستی خۆی نەبێت، لەبەرئەوە نەبێت، بەم کارە دەگاتە شتێک کە خۆی نەک کەسێکی دیکە دەیەوێت، کەواتە ناتوانین پێی بڵێین ئەو کەسە بوونێکی مرۆیی هەیە، چونکە ئەم کەسە لەوەی دەیکات، بەرپرس نییە. لای ڕۆسۆ ئەم مرۆڤە دەگۆڕێت، بۆ شت، بۆ مانگایەک، بۆ شتێکی بێ گیان، شتێک کە ناتوانیت چاوەڕێی هیچ بەرپرسیاریێتێکی لێ بکەیت. ناتوانیت سەبارەت بە مێز و کورسی و ئاژەڵ، باسی ڕاست و هەڵە بکەیت، چونکە ئەمانە یان هیچ ناکەن، یان نازانن چی بکەن. کار نەکردنیش یەکسانە بە مرۆڤ نەبوون. [١٠٠]

ڕۆسۆ و پرسی یەکسانی

هەروەک لەسەرەتای ئەم وتارەوە باسم لێکرد، کە جان جاک ڕۆسۆ، ژیانێکی زۆر هەژاریی و نەداریی ژیاوە. بەشێوەیەکی واقعیانە، چەندین ساڵ، ئازاری هەژاریی و نایەکسانی کۆمەڵایەتیی بینیوە. ئەمەش

---

١٠٠ ئایزایا بێرلین. ئازادیی و خائینانی. وەرگێڕانی: مەنسور تەیفووری. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریانی. ساڵی٢٠١٠. لاپەڕە.٣٩

خـۆی لەخۆیـدا هاندەرێکـی ئێجـگار گـەورە بـووە، کـە پرسـی یەکسـانی کۆمەڵایەتیـی، ببێتـە باسـێکی گرنـگ و پـڕ بایەخـی نـاو هزریـی ئـەم کەڵـە فەیلەسـووفەی جیهـان. رۆسـۆ بـە پێچەوانـەی بیرمەندانـی تـرەوە، پرسـی یەکسـانی بـە ئازادییـەوە بەسـتۆتەوە. ئـەو پێـی وایـە کـە ئازادیـی بـە بـێ یەکسـانی کۆمەڵایەتـی، هیـچ مانایـەک و بوونێکـی نییـە.

رۆسۆ لەمبارەیەوە دەڵێت:

«دەتانەوێت هۆکاریـی مانـەوەو ئارامیـی بـۆ دەوڵـەت مسـۆگەر بکـەن؟ کەواتـە دەبێت بەپێی توانـای خۆتـان، لایـەن و جەمسـەرە دوور لـە یەکەکان لەیەکتـری نزیـک بکەنـەوە، تـا دەوڵەمەنـدە دەسترۆیشـتووەکان و هـەژارە دەسـتکورت و بـێ ماڵـەکان، نەبنـە بـار بەسـەر دەوڵەتـەوە. لەراسـتیدا ئـەم دوو دۆخـە کۆمەڵایەتییـە کـە لێـک جیـا نیـن، هەڕەشـەیەکی جددیـن بـۆ سـەر بەرژەوەنـدی گشـتی، لەبەرئـەوەی لـە یەکێکیانـەوە سـتەمکاران دروست دەبـن و لـەوەی دیکەشیانەوە قووربانییانی دەسـتی سـتەمکاریی.

لەنێـوان ئـەم دوو چینەشـدا بازرگانـی بەئازادیـی گشـتییەوە دەکرێـت، لەبەرئـەوەی یەکێـک لـەو چینانـەی کۆمەڵگـە، مـرۆڤ دەفرۆشـێت و ئـەوی دیکەشـیان مـرۆڤ دەکڕێت.بەوپێیـەی هێـز هەمیشـە ڕووەو نەهێشـتنی یەکسـانی هەنـگاو دەنێـت، ئـەوا ئەرکـی هێزیـی یاسـادانانە کـە بـە بەردەوامیـی کار بـۆ پاراسـتنی ئـەو یەکسـانییە بـکات «[۱۰۱]

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، رۆسـۆ لـە «وتارێـک لەبـارەی یەکسـانیی» وە، خـۆی لـە وشـەی «گونـاح» دەپارێزێت. لەگـەڵ ئەوەشدا ئاماژە بـەوە دەکات کـە مـرۆڤ لەبـەر جودایـی و لادان لـە ڕێچکـەی دۆخـی ڕاسـتەقینەی خـۆی، خۆشـبەختیی و بەختەوەرییەکـەی دۆڕانـدووە. تاکـە ڕێگەچـارەی لۆژیکیـش ئەوەیـە، کـە مـرۆڤ بانگهێشـت بکرێـت، بـۆ گەڕانـەوەی بـۆ

۱۰۱ د. زەکریا ئیبراهیم. کێشـەی ئازادیی سیاسـی. وەرگێرانی: شـوان ئەحمـەد. چاپی یەکـەم.

دۆخی سروشتیی .[١٠٢]

رۆسۆ و ئایینی مەدەنیی

یەکێک لە تێزە گرنگ و پڕ بایەخەکانی ڕۆسۆ، داهێنانی چەمکی «ئایینی مەدەنیی» یە. ئەم داهێنانەش، بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی دێتە ژماردن. مەبەستی ڕۆسۆش لەم چەمکە نوێیە، خۆ ڕزگارکردن لە تۆندڕەویی مەزهەبیی و ئاینییە، کە لەو سەردەمەدا، شەڕی ئایینی تەواوی کیشوەریی ئەوروپای وێرانکردبوو.

ڕۆسۆ دەڵێت:

«مرۆڤ لەسەرەتادا، جگە لەخودا، نە پادشایەکی هەبووە، نە حکومەتێکی دیش جگە لە حکومەتی ئایینی.»

بەپێی بۆچوونی ڕۆسۆ ئاینەکانی سێ جۆرن :

یەکەم: ئایینی مرۆیی. کە مەبەستی لەو ئاینە ئەوەیە کە بەبێ پەرستگا و پەیکەر و سروتە. واتە لەسەر پەرستنی پڕواپڕیی ناوخۆییانەی خودای گەورە ڕادەوەستێت، هەروەها لەسەر ئەرکە مۆڕاڵییە هەمیشەییەکان. واتە مەبەستی لەو ئایینی سادە وبێگەردەیە، کە خەڵکی ئاسایی پێڕەویی دەکەن.

دووەم:.ئایینی هاوڵاتیی. کەلە تاکە وڵاتێکدا نوسراوەتەوە بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر تەواویی کۆمەڵگەدا سەپێنراوە.

سێهەم : ئایینێکە کە دوو شەریعەت و دوو سەرۆک و دوو نیشتمانی جیاوازیی هەیە. ئەم جۆرە ڕێگە نادات کە لە یەک کاتدا هاوڵاتیی باوەڕداربن و هاو نیشتمانیش بن.

---

١٠٢ ڕامین جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادی. وەرگێڕانی: عەتا جەمالی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی موکریان.هەولێر.٢٠٠٩. لاپەڕە.٩٨

جێگای گوتنە رۆسۆ یەکێک بوو لە داکۆکیکەرانی «لێبوردەیی، تۆلێرانسی ئایینی» هەمیشە بەرگریی لە چەمکی لێبوردەیی لەناو ولاتدا دەکرد. ئەویش وەکو جۆن لۆک و ڤۆلتێر، بە پێشەنگی چەمکی لێبووردەیی دێتە ژمارەن. رۆسۆ پێی وایە کە لێبوردەیی ئایینی و مەدەنیی زۆر گرنگن بۆ کۆمەڵگە و هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان ئەم دوانەدا نییە لەمبارەیەوە دەڵێت:

«بەڕای من ئەوانەی کە لە نێوان لێبووردەیی مەدەنیی و لێبووردەیی ئاینیدا جیاوازیی دەکەن، ئەوانە هەڵە دەکەن، چونکە ئەم دوو جۆرە لێبووردەییە لە یەکدیی جیاناکرێنەوە.»

کاریگەریی رۆسۆ بەسەر شۆڕشی مەزنی فەڕەنسییەوە

یەکێک لەو فەیلەسوفانەی کە کاریگەریی گەورەی بەسەر شۆڕشی فەڕەنسییەوە بوو، جان جاک ڕۆسۆیە. بەشێوەیەک هەموو ڕەوتە جیاوازەکانی شۆڕشی فەرەنسی، هانایان بۆ کتێب و بەرهەمەکانی رۆسۆ دەبرد، بەتایبەتی بۆچوونەکانی لەمەڕ (تاک، کۆمەڵگە، پەروەردە، یەکسانی، ئاشتی).

جێگەی ئاماژەیەرۆسۆ شرۆڤەیەکی نایابی بۆ مێژووی شۆڕشەکان کردووە، بەڕای ئەو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سێ جۆر شۆڕش هەبووە:

یەکەم: یەکەمین شۆڕشی مێژوویی، بەهۆی سود وەرگرتن لە ئامێر بۆ ڕاوکردن، ڕوویدا.

دووەم: بەهۆی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی سوودەکانی کانزاکانەوە ڕوویدا. ئەمەش هەندێک دەرئەنجامی وەکو بەرژوەندیی گەل خۆویستانەی لێکەوتەوە. ئەم قۆناغە بووە هۆی کەوتنەوەی ڕکەبەریی. ئەنجامی ئەم شۆڕشەی دووەم، شەڕو بەربەرەکانی بوو.

سێهەم: تێپەڕبوونی مرۆڤ لە قۆناغی شەڕ بەرەو جۆرێک لە دۆخی کۆمەڵایەتیی، کە لە ڕاستیدا سیستمێکی چەواشەکارانەی سیاسیی

بوو[۱۰۳] .

جێگەی ئاماژەیەسالّی ١٧٩٤، حکومەتی شۆڕشی فەرەنسی، بڕیار دەدات، کە روفاتی جان جاک ڕۆسۆ، بهێنرێتە قەبرستانی «بانتیۆن»، کە زۆربەی کەڵە نووسەران و پیاوانی مەزنی فەرەنسیی تێدانێژراوە.

پێش کۆتایی

دیارە هەروەک پێشتریش گوتمان، قسەکردن لەبارەی ڕۆسۆوە کارێکی ئاسان نییە، لێ هیوادارم تاڕادەیەک خوێنەریی کوردم بە ڕۆسۆ ئاشنا کردبێت. بەدڵنییایەوە چەند لەبارەی ڕۆسۆوە بنووسرێت هەر کەمە. ڕۆسۆ مامۆستای یەکەمی (مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگەی مەدەنیی، ئازادیی تاکەکەس، لێبوردەیی، یەکسانیی، دیموکراسیی) دێتە ژماردن. لەهەمانکاتیشدا لە مێژووی فکری سیاسیدا، شوێن و پێگەی گەورەی هەیە، هەتاوەکو ئێستاش لە تەواوی زانکۆکانی جیهاندا، تێزەکانی دەخوێنرێت.

---

۱۰۳ هەمان سەرچاوە

ڤۆلتێر پێشەوا مەزنەکەی ڕۆشنگەریی

هەر کە باسی قۆناغی ڕۆشنگەریی ئەوروپیمان کرد، یەکسەر بیرمان بۆ چەند ناوێک دەچێت. یەکێک لەو ناوانەی کە هەمیشە بە ڕۆشنگەرییەوە بەستراوەتەوە، ناوی ڤۆلتێرە. هیچ فەیلەسووفێکی فەرەنسی و ئەوروپی، هێندەی ڤۆلتێر، قسەوباس و لێکۆڵینەوەو کتێبی لە بارەوە نەنووسراوە. کەسیان هێندەی ئەو، ناوی بە ڕۆشنگەرییەوە نەبەستراوەتەوە.

ڤۆلتێر تەنها فەیلەسووف نەبوو، بەڵکە شاعیر و ڕەخنەگر و ڕۆماننووس و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیش بوو. لەپاش هەشتاو چوار ساڵی تەمەنی، گەنجینەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندی لە بواریی (ئەدەب و فکر و فەلسەفە) بۆ مرۆڤایەتیی بەجێهێشتووە. زیاتر لە ٩٩ کتێبی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە. ئەمەش گەنجینەیەکی ئێجگار گەورەیە، کتێبخانەی مرۆڤایەتیی لە بواریی فکر و فەلسەفە و ئەدەبدا، دەوڵەمەند کردووە. ڤۆلتێر بە شیعر و ڕۆمان و

نامەنووسین، هەوڵیداوە کار بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی چەمکی ئازادیی و دیموکراسیی و لێبوردەیی بکات.

بەڵام ئاخۆ بۆچی هێندە جیهان باس لە گرنگی و مەزنی ئەم پیاوە دەکەن؟ ئەو سیحرە چییە کەلە نووسینەکانیدا خۆی حەشارداوە؟ بۆچی قەڵەمەکەی هێندە مەزن دەنرخێنرێت؟. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین، تیشکێکی بچووک بخەینە، سەر ژیان و کارو بەرهەمەکانی، ئەم کەڵە فەیلەسووفەی فەرەنسا و جیهان. لەهەمانکاتیشدا، هەوڵ دەدەین بەهەڵدانەوەی لاپەڕە تۆزاوییەکانی مێژوو، خوێنەریی کورد بە هەزر و بۆچوونەکانی ڤۆلتێر ئاشان بکەین.

منداڵە تاقانەکە

ڤۆلتێر ناوی François Marie AROUET بووە، دواتر نازناوی ڤۆلتێری بۆخۆی هەڵبژاردووە، هۆکاری ناوگۆڕینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ڕقی لەناوەکەی بووە چونکە زۆر درێژ بووە. ئەو لە ٢١ی نۆڤێمبەریی ساڵی ١٦٩٤ لە پاریس لەدایک بووە. لە ٣٠ مای ١٧٧٨ لەتەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا کۆچیی دوایی کردووە. ڤۆلتێر برا بچووکی پێنج منداڵ بوو، بەڵام بەداخەوە تەنها ڤۆلتێر لەناویاندا ژیا، ئەوانی تر هەر بە منداڵی بە نەخۆشی مردوون.

باوکی ڤۆلتێر ناوی (فرانسۆ ئارویی) کارمەندێکی بچووک بووە لە وەزارەتی دارایی لە پاریس. دایکی ناوی (ماری مارگرێت دومارت) لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی ناوچەی بواتو بووە .[١٠٤]

ڤۆلتێر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی یەسووعی(مەسیحی) تەواوکردووە، کە ناوی(Collge Louis-le-Grand).لە نێوان ساڵانی ١٧٠٤ تا ١٧١١ لێرە فێریی خوێندن و نووسین بووە. هەروەها شارەزاییەکی باشیشی لە زمانەکانی (لاتینی، ئیسپانیی، ئینگلیزیی)

١٠٤ زينة الربيعي. فولتير. جريدة المدى. الجمعة. ٢٠١١,٠٣,١٨

پەیداکردووە.

خەون بینین بە نووسەرییەوە

لەگەڵ کۆتایی قۆناغی خوێندن لە سەرەتای بیست ساڵییەوە، ڤۆلتێر خەونێکی گەورەی هەبوو، ئەویش بوون بە نووسەر. هەر زوو خۆی تێکەڵی دونیای شیعر وتار نووسین کرد. لێ باوکی دەیویست بچێت کۆلیژی یاسا بخوێنێت و ببێت بە پارێزەر، بەڵام ڤۆلتێر حەزی لە پیشەی پارێزەریی نەبوو، بەڵکو زیاتر شەیدای نووسین بوو.

بۆ ئەوەی خۆی لە فشاری باوکی ڕزگار بکات، بە باوکی گوت لە پاریس لای پارێزەرێک کار دەکات. بەڵام دوایی باوکی پێی زانیی و بە تۆپزیی ناردی بۆ کۆلیژی یاسا و ناردی بۆ زانکۆیەکی دەرەوەی پاریس. پاشان هەر لە ڕێگەی باوکییەوە، توانی لە باڵیۆزخانەی فەرەنسی لە «لاهای» وەکو کارمەند کارێکی بۆ بدۆزێتەوە.

یەکەمین ئەڤین

کاتێک لە هۆڵەندا دەبێت، لەوێندەر تێکەڵی دونیای ئەرستۆکراتی فەرەنسی و ئەوروپی دەبێت و خەڵکانێکی زۆر دەناسێت. هەر لەوێندەر تووشی ئەڤینێکی جوان دەبێت. کچێکی فەرەنسی، کە لە هۆڵەندا وەکو ئاوارە دەژی، ناوی کاترین ئۆلیمب دانویرە. ڤۆلتێر عاشقی ئەم کچە دەبێت و ماوەیەکی خۆش پێکەوە دەبەنە سەر. لێ باوکی بەم چیرۆکی خۆشەویستییە دەزانێت و خۆی دەکاتە (دڕکی مەم و زین) لێیان. باوکی بەم خۆشەویستییە ڕازی نابێت، هەربۆیە بەپەلە ڤۆلتێر دەهێنێتەوە بۆ پاریس. پاشان لە پاریس لە دائیرەی تاپۆ کار دەکات، لێرەش کۆمەڵێک ئەرستۆکراتیی و نەجیب زادەی فەرەنسی دەناسێت.

بەشداریییکردن لە یەکەمین کودەتا دژ بە دەسەڵات

ساڵی ١٧١٧ کە لە تەمەنی بیست وسێ ساڵیدا، ڤۆلتێر بەشداریی کودەتایەکی دژ بە میر «فلیپی دووەم» دەکات، کە دەبووە چێ نشین و وەسی مەلیکی فەرەنسا لویسی پانزە، کە هێشتا منداڵ بوو. ئەم کودەتایە لە مێژوودا ناوی Cellamare conspiracy.

سەرۆکایەتی ئەم کودەتایەش لەلایەن کاردیناڵ جیولیو ئالبرونی بوو، ئامانجی ئەم کودەتایەش، گواستنەوەی عەرشی مەلیکی فەرەنسا لە فلیپی دووەمەوە بۆ مەلیکی ئیسپانیا» ڤلیپی دووەم « کە دەیکردە مامی لویسی پانزە. بەڵام پاشتر ئەم کودەتایە سەری نەگرت و ڤۆلتێریش خرایە زیندانەوە.

یەکەمین ژووان لەگەڵ زیندان

لە ساڵی ١٧١٧ بە تۆمەتی بەشداریکردن لەم کودەتایە و نووسینی شیعری داشۆرین دژ بە وەسی، ڤۆلتێر بۆ ماوەی یانزە مانگ لە زیندانی بەدناویی باستیل، زیندانی دەکرێت. لێ ڤۆلتێر ئەم ماوەیە لە باستیل لە ڕووی ئەدەبییەوە زۆر سوودی دەبێت، لەوێندەر یەکەمین بەرهەمی نایابی ئەدەبی خۆی، بەناوی هینراید The Henriade، کە پەخشانە شیعرێکی درێژە، باس لە گەمارۆدانی پاریس لەلایەن «هنری سێیەم «لە ساڵی ١٥٨٩ دەکات. جێگای گوتنە ڤۆلتێر لە زیندان ڕێگەی پێ نەدەدرا قەڵەم و کاغەز و کتێبی پێ بگات، لەبەرئەوە لەپشتی ئەو کتێبانە شتی دەنووسی کە پێشتر لەگەڵ خۆی هێنابوونی بۆ زیندان.[١٠٥]

---

١٠٥ هەمان سەرچاوە

یەکەمین ناوبانگی ئەدەبی

هەموو نووسەرێک و فەیلەسووفێک، کتێبێکی دەبێتە سەرەتایەکی پرشنگدار بۆی، ڤۆلتێریش شانۆگەری «ئۆدیب» دەبێتە یەکەمین پلیکانە بۆ ناوبانگ دەرکردنی. ئەم شانۆگەرییە سەدایەکی گەورە دروست دەکات، نزیکەی چل و پێنج ڕۆژ لەسەر تەختەی شانۆی پاریس، ئەم شانۆگەرییە نمایش دەکرێت. بەم شێوەیەش ناوی ڤۆلتێر، دەبێتە ئەستێرەیەک و بە ئاسمانی پاریس دا دەدرەوشێتەوە. لە ساڵی ١٧١٨ وە، نازناوی «ڤۆلتێر» بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و ئەم ناوە دەبێتە ناونیشانی قەڵەمە نایابەکەی.

دیسانەوە میوانی باستیل

ڤۆلتێر بەوە ناسراوە کە کەسێکی «قسە لەڕوو» هەندێک جاریش «قسە سوێر بووە» هەرئەمەش وایلێکردووە کە زۆرجار باجی زمانی بدات. لە یەکێک لە شەوەکانی مانگی دیدسەمبەری ساڵی ١٧٢٥ دا، ڤۆلتێر بەشداریی میوانیدارییەکی ماڵێکی ئەرستۆکراتی دەبێت، لەوێندەر(شیفالیە دی روهان شابوت) دەبینێت، کە نەجیبزادەیەکی فەرەنسییە. ئەو دەپرسێت ئەم کوڕە گەنجە کێیە، یەکسەر ڤۆلتێریش لەوێندەر وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: گەورەم ئەمە کوڕێکە ڕقی لە ناوی درێژ دەبێتەوە، [١٠٦] بەڵام بە شەرەفێکی گەورەوە ناوە کورتەکەی هەڵدەگرێت. ئەمەش دەبێتە مایەی تووڕەبوونی ئەم نەجیبزادەیە. هەربۆیە پاش دوو ڕۆژ چەند چەقۆکێشێک دەنێرێتە سەر ڤۆلتێر باشی لێدەدەن، بەڵام پێیان دەڵێت: «سەری ئازار مەدەن، چونکە ئەم هەتیوە

١٠٦ جێگەی ئاماژەیە لەناو نووسەران و شاعیرانی کوردیشدا(هێمن)ی شاعیر ڕقی لەناوەکەی بووە، بۆیە ناوەکەی خۆی گۆڕیوە بۆ، دواتریش لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا دەڵێت: تاکە سوودی شاعیربوونم ئەوەیە، کە ئەو ناوە درێژەی پێشووی لە کۆڵ کردمەوە.

لەوانەبێت لە دوا ڕۆژدا شتێکی گەورەی لێ دەربچێت». دڵی «دی روهان» بەمەش ئاو ناخواتەوە، دەچێت شکاتی لێدەکات و جارێکی تریش دەبێتەوە بە میوانی باستیل .[١٠٧] بەڵام ئەم جارەیان تەنها چەند هەفتەیەک میوان دەبێت، بەو مەرجەی کە فەرەنسا بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئینگیلتەرا. ئەمەش سەرەتایەکی نوێ لە ژیانی ڤۆلتێر دەستپێدەکات و باشترین هەلی پێشکەوتنی بۆ دەرەخسێنێت.

لەبەرئەوە مرۆڤایەتی دووجار قەرزاربارى «دی روهان»ە، یەکەمین لەبەرئەوە نەیکوشت و دووەمینیان لەبەرئەوەی وای لە ڤۆلتێر کرد، فەرەنسا بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئینگیلتەرا، چونکە ڤۆلتێر هەروەک فەیلەسووفی ئینگلیزی «بێرنارد ڕاسڵ» دەڵێت : (ئینگیلتەرا توانی کیشوەرێک لە دەرەوەی فەرەنسا پێشکەش بە ڤۆلتێر بکات، لەوێشەوە توانی فەرەنسا و هەموو کیشوەری ئەورووپا بەرز بکاتەوە.)[١٠٨]

ئینگیلتەرا یەکەمین تاراوگە

ساڵی ١٧٢٦ ڤۆلتێر بەناچاری بۆ ئینگیلتەرا نەفی دەکرێت. بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئینگیلتەرا دەمێنێتەوە. بەڵام ئەم سێ ساڵەی لە ئینگیلتەرا، لە ڕووی فکریی و سیاسیی و ئەدەبییەوە، گەورەترین سوود بە ڤۆلتێر دەگەیەنێت. لەوێندەر بە تەواویی خۆی بۆ کارەکانی شکسپیر تەرخان دەکات و بە قوواڵی شانۆکانی دەخوێنێتەوە. ئەمەش لە ڕووی ئەدەبییەوە، کاریگەری ئێجگار باشی بۆ ڤۆلتێر هەبووە. لە ڕووی سیاسیی و فکریشەوە زۆر سوودی پێگەیاند.

لەوێندەر بە تەواوەتی لە دەستوور و ژیانی سیاسی ئینگیلتەرا ئاگادار بوو، کەوتیشە ژێر کاریگەری کەلتوری ئینگلیزیەوە. لەوێ

---

١٠٧ محمد زکریا توفیق. فولتیر رائد من رواد فلسفة التنویر فی القرن الثامن عشر. سایتی حوار المتمدن .

١٠٨ Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes.die übertragung aus dem Englischen von : Elisabeth Fischer – Wernecke und Ruth Gillischewski. Europa Verlag. 10 Auflage. .2001

بینی کە نووسەرەکان بەوپەڕی ئازادییەوە دەنووسن، ئازادی بیرۆڕا بە شێوەیەکی باش چەسپیوە، کەس لەسەر بۆچوونەکانی ناخرێتە زیندانەوە، زیندانی «باستیل» بوونی نییە. هەروەها مەلیکیش دەسەڵاتێکی ڕەهای نییە، بەڵکە لەژێر کۆنترۆڵی پەرلەمانداید. لە هەمووشی گرنگ تر، ئازادییەکی ئایینی لە ئینگیلتەراهەیە و کەس لەسەر بۆچوونی ئاینی خۆی زیندانی ناکرێت و ئازار نادرێت.

هەر لەئینگیلتەرا توانی، بە تەواوەتی لە کارەکانی فەیلەسووفی ئینگلیزی» جۆن لۆک «بخوێنێتەوە، هەروەها زۆر شەیدای کارەکانی زانای مەزنی ئینگلیزی «ئیسحاق نیوتن» بوو. کە تاماوەیەکی زۆر لە ژیانیدا، هەر خەریکی بۆچوونە زانستییەکانی نیوتن بوو، هەروەها لەبارەیانەوە لێکۆڵینەوەی باشی کردووە.

ڤۆلتێر لەبارەی ئینگیلتەراوە دەڵێت: «گەلێکی زیندوو ئازادە، خاوەنی ڕای خۆیەتی و ئازادییەکی تایبەتمەندییان هەیە، مەلیکیان لەسێدارە داوە، پەرلەمانێکییان دروستکردووە، دەسەڵاتی لە هەموو حاکمەکانی ئەوروپا زیاترە، زیندانی باستیلیان نییە، زیاتر لە ٣٠ ئایین و مەزهەبی جۆراجۆری تێدایە .»[١٠٩]

بە گشتی ئەو چەند ساڵەی کە لە ئینگلتەرا ژیا، زۆرباش بوو بۆ ڤۆلتێر، ئەم سزایە بوو بە خێروبەرەکەت بۆی، چونکە ئەم سێ ساڵە لە تاراوگە، کۆمەڵێک دەرگای فکریی و سیاسیی بۆ کردەوەو توانیشی زۆرێک لە بۆچوونەکانی بۆ سیاسەت و ئەدەب و هونەر بگۆڕێت. هەرلەوێش کۆمەڵێک نووسەریی ناسی لەوانە: «بولنجبروک» و»سویفت» و»بوب» و»کونجریف».

ئەو چەند ساڵەی لە ئینگلتەرا لە کتێبی (نامەکانی ئینگلتەرا) نووسیوە، بە وردی ئەم کارتێکردنە باس دەکات. هەتا کۆتایی ژیانی، ئینگلتەرا نموونەیەکی بەرزی سیاسیی بوو لە لای.

---

١٠٩ فلسفة التعبير عند فولتير. ملحق جريدة المدى.١٨،٠٣،٢٠١٢

گەڕانەوە بۆ پاریس

پاش سێ ساڵ لە تاراوگە، ڤۆلتێر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ پاریس، لێ کاتێک دەگاتەوە پاریس، سەیر دەکات حوکمێکی مەلەکی لە دژی دەرچووە و فەرمانی گرتنیان داوە. ئەویش یەکسەر بەم هەواڵە دەزانێت و دەکەوێتە خۆی. بۆئەوەی جارێکی تر نەکەوێتە ناو زیندانی باستیل و لەگەڵ جرجەکانی ئەوێندەر نەژی، یەکسەر لەپاریس هەڵدێت و دەچێتە دەرەوەی پاریس لە کۆشکی هاوینەی سیریی Chteau de Cirey لەوێ لەگەڵ (ئێمیلی شاتولیە) دەژیی.

کاریگەریی ئێمیلی شاتولیە بەسەر ڤۆلتێرەوە

ئێمیلی شاتولیە مارکیزە ژنی نەجیبزادەیەکی فەرەنسیی بەناوی (مارکیز کلود دو شاتولیە). ئەم ژەنە کۆشکێکی گەورەی هەبوو کە دەکەوتە نێوان هەرێمی شامپانیا و لۆرینەوە. لەوێندەر ڤۆلتێر ئەم ژنە دەوڵەمەندەی ناسیی و پاشان بوونە دڵخوازی یەکتریی، کە بۆ ماوەی شانزە ساڵی ڕەبەق پێکەوەبوون. دەتوانم بڵێم ئەو ماوەیەی کە ڤۆلتێر لەگەڵ ئەم ژنەدابوو، بە پڕبەرهەمترین ساڵانی ڤۆلتێریی دابنێم. لێرە ڤۆلتێر کۆمەڵێک کتێبی مەزنی نووسی، چەند شانۆگەرییەکی تراژیدی و دوو ڕۆمان و هەروەها کتێبێکی مێژووییشی لەبارەی سەردەمی لویسی چواردەوە نووسی، کە بڕوای ڤۆلتێر ساڵانی حوکمی ئەم پیاوە، بەساڵانی گەشەسەندنی هونەر و ئەدەب و فکریی فەرەنسی دابنێین، چونکە ئەم مەلیکە زۆر عاشقیی بابەتی کەلتوریی بووە.

لە لایەکی ترەوە هەر بە هاوکاریی دارایی مارکیزە، توانی نزیکەی ٢٠ هەزار کتێب بکڕێت و لە کتێبخانەکەی خۆی دایبنێت و بیانخوێنێتەوە. لەلایەکی تریشەوە، لەم ماوەیەدا پێکەوە لەگەڵ مارکیزە پێکەوە کەوتنە لێکۆڵینەوە لەمەڕ بۆچوونەکانی نیوتن و لایبنتز. لەمبارەیەوە

ڤۆلتێر کتێبێکی بەناوی (کۆڵەکەکانی فەلسەفەی نیوتن philosophie de Newton Elments de la) دەتوانم بڵێم ئەم کتێبە بەهاوبەشی لەگەڵ مارکیزە نووسیویەتی.

بەڵام ئەستێرەی بەختی ڤۆلتێر بە مردنی ئەم ژنە، جارێکی تر دەکەوێتە خوارەوە. لە ساڵی ١٧٤٩ لە کاتی منداڵ بوونداا، مارکیزە دەمرێت و ڤۆلتێریش بەهەتیوویی دەمێنێتەوە. ئەم ژنە لە ڕووی مرۆڤیی و سۆز و فکریی و ئەدەبییەوە، کاریگەرییەکی زۆریی لەسەر ڤۆلتێر داناوە. بەجۆرێک کەهەندێک ڤۆلتێرناس دەڵێن، گەر مارکیزە نەبوایە ئەوا ڤۆلتێریش هێندە مەزن نەدەبوو.

لەپاش مردنی مارکیزە، ساڵی ١٧٥١ ڤۆلتێر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ پاریس. ماوەیەکی کەم لە پاریس دەمێنێتەوە، لە ترسی دەسەڵات، ناچار دەبێت پاش ماوەیەکی تر پاریس بەجێبهێڵێت و بەرەو «پۆتسدام» لە ئەڵمانیا بڕوات و ببێتە میوانی مەلیکی بروسیا فریدریکی گەورە. لێرەوەشە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ڤۆلتێر دەستپێدەکات.

چوون بۆ لای مەلیک فریدریکی گەورەی بروسیا

یەکێک لەو شتە ئاڵۆزانەی ژیانی ڤۆلتێر، پەیوەندی ئەوە بە مەلیکی بروسیا(فریدریکی گەورە) یە. بەشێکی زۆریی ڕەخنەگرانی ڤۆلتێر، ئەم پەیوەندییەی ئەو، بە هەڵوێستێکی هەلپەرستانەی لەقەڵەم دەدەن. چونکە چ مەلیکی بروسیا و چ مەلیکی فەرەنسا، هەردووکیان دوو مەلیکی دیکتاتۆر بوون. هیچ جیاوازییەکی وایان لە نێواندا نەبووە، بەڵام ڤۆلتێر دژی مەلیکی فەرەنسا(وڵاتەکەی خۆی بووە) کەچی دۆستێکی نزیکی مەلیکی بروسیا بووەو شەوان کۆشکی ئەویی گەرم کردووە. هەرچەندە ئەم پەیوەندییەش سەرەتا بە خۆشی دەستپێدەکات، بەڵام پاشان دەبێتە ناخۆشیی .[١١٠]

---

١١٠ هەمان سەرچاوە

ساڵی ١٧٥١ ڤۆلتێر دەبێتە میوانی مەلیک فریدریکی گەورەو لە هەمانکاتیشدا دەبێتە دۆستێکی نزیکی ئەم مەلیکە. ئەویش کۆشکێکی تایبەتیی دەداتێ و ساڵانەش ٢٠ هەزار فرانکی بۆ دەبڕێتەوە. لەم ماوەیەشدا ڤۆلتێر ژیانێکی پڕ ئاسوودە و خۆشگوزەران دەباتە سەر، لێ دیسانەوە قەڵەم و زمانە تونده‌کەی، هەروەها کاری نەگریسی خێڵی بەخیلان، واز لە ڤۆلتێر ناهێنن و پەیوەندیی لەگەڵ مەلیک فریدریکی گەورە تێک دەچێت.

لێرە ساڵی ١٧٥٢ چیرۆکە مەزنەکەی بەناوی Micromgas دەنووسێت. کە یەکێکە لە کارە نایابەکانی، پاشتر باسی لێوە دەکەم. هەر لەهەمان ساڵدا ڤۆلتێر تووشی شەڕێک دەبێت لەگەڵ سەرۆکی ئەکادیمای بەرلین موبورتوی، کە زانایاکەی ماتماتیک و بیرمەندێکی گەورەی فەرەنسیی بوو. ڤۆلتێر وتارێکی لە دژ دەنووسێت. ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەبوونی مەلیک فریدریکی گەورەو فەرمانی سووتاندنی کتێبەکانی و زیندانیکردنی بۆ دەردەکات .[١١١]

گەڕانەوە بۆ پاریس و ژنێف

پاش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ فریدریکی گەورە تێکدەچێت و فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکرێت، ڤۆلتێر بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە. بەڵام لەو کاتەدا لویسی پانزە، بڕیاری گرتنی بۆ دەرکردووە، لەبەرئەوە یەکسەر پاریس جێدەهێڵێت و دەچێت بۆ ژنێف. لەوێندەر لەسەر دەریای ژنێف، کۆشکێک دەکڕێت. سەرەتا پێشوازیی لێدەکەن، بەڵام پاشان لەبەر بۆچوونەکانی و مەزهەبی ئاینیی، لە ژنێفیش دەریدەکەن. لەوێوە دەچێتە ناوچەی فێرنی لەسەر سنووری فەرەنسا و سویسرا.

١١١ زينة الربيعي. فولتير. جريدة المدى. الجمعة. ٢٠١١،٠٣،١٨

دوا ساتەکانی ژیانی

لە ناوچەی فێرنی کۆشکێکی گەورەو کێڵگەیەک دەکڕێت، زیاتر لە ٤ هەزار ڕووەکی تێدا دەڕوێنێت و کۆمەڵێک ئاوارەش لەلای خۆی وەکو کارمەند دادەمەزرێنێت و ماڵیشیان بۆ دروست دەکات. لەم کۆشکەدا ڤۆلتێر بەشی زۆری کارە مەزنەکانی دەنووسێت، وەکو ڕۆمانی «کاندید» شانۆگەری «ئیرنە«و چەند کارێکی فەلسەفەی تر کە پاشان باسیان لێودەکەین.

ڤۆلتێر ئەو بیست ساڵەی کۆتایی ژیانی لێرە بەسەر دەبات.هەتاوەکو لە فێبرێوەریی ساڵی ١٧٧٨ پاش بیست ساڵ لە دووەم وڵاتی دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، دەسەڵاتی مەلەکی دەڵێن:» بەخێرهاتنەوەی ناکەین بۆ پاریس، بەڵام دژی هاتنەوەشی نین»

پاشتر لەو ماوە کورتەی پاریس، شانۆگەرییە مەزنەکەی (Irene ئیرنە) لە مانگی ئازاردا نمایشکرا. لەوکاتەدا هەموو خەڵکی پاریس ڤۆلتێریان وەکو سیمبۆلێکی مەزن دەبینی، کە پاش ئەو چەند ساڵەی تاراوگە گەڕاوەتەوە بۆ وڵات.

لە ٣٠ ئازاردا کاتێک لەسەر قەڕەوێلەی مەرگ دەبێت و تەمەنی دەگاتە هەشتاو سێ ساڵی، قەشەکان دێن بۆ لایی و داوای لێدەکەن کە شایەتمان بهێنێت، ئەویش دەڵێت: وازم، لێبێنن دوژمنی نوێم بۆ دروست مەکەن، خودا کەریمە«

ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەبوونی کڵێسا و لەبەرئەوە ئامادەنابن لە گۆڕستانی مەسیحی و بینێژن. بەڵام هاوڕێکانی ڤۆلتێر دەیبەن بۆ دەرەوەی پاریس لە سیلیرییە Scellires لە کلێسایەک دەینێژن.

بەڵام ساڵی ١٧٩١ پاش سیانزەساڵ لە مردنی، لەکاتێکدا کە شۆڕشی فەرەنسی لە سەرەتای گڕوتینیدایە، ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیار دەدات، کە تەرمی ڤۆلتێر بهێنرێتەوە بۆ پاریس لە گۆڕستانی بانسیون لەپەنا

جـان جـاک رۆسـۆ و کۆمەڵێـک بیرمەنـدی تـری فەرەنسـیدا بنێژرێـت. جێـگای گوتنـە لەکاتـی هێنانـەوەی تەرمـی ڤۆلتێـر بـۆ پاریـس، نزیکـەی ٦٠٠ هـەزار فەرەنسـی ئامـادەی ناشـتنی بـوون. [١١٢]

ڤۆلتێـر لـە تەمەنیـدا نـە ژنـی هێنـا و نـە منداڵـی بـوو، بـەڵام کۆمەڵێـک بەرهەمـی مەزنـی لەپـاش خـۆی بەجێهێشـت، کەهەتاوەکـو ئەمـڕۆش مرۆڤایەتـی قەرزاریـیەتـی. [١١٣]

بەرهەمەکانی

دیـارە ڤۆلتێـر کۆمەڵێـک بەرهەمـی ئەدەبـی و فکریـی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتـی نووسـیوە. لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیانـدا، ڤۆلتێـر قسـەی خـۆی هەبـووە، لەهەمانکاتیشـدا لـە زۆربـەی ڕووداوە گرنگەکانـی فەرەنسـا و ئەورووپـا، خەڵکـی داوایـان لێکـردووە کـە قسـەی خـۆی بـکات. لەبەرئـەوە ئێمـە خۆمـان لەبـەردەم شـاخێکی بـەرزی نووسـینی هەمـە جـۆردا دەبینینـەوە. لێـرەدا بـە کورتـی باسـی گرنگتریـنیـان دەکەیـن.

شیعر

لەوانەبێت خەڵکانێک پێیـان سـەیر بێت، گـەر کاتێک ئێمـە بڵێیـن ڤۆلتێـر شـاعیر بـووە، چونکـە زیاتـر ئـەو، وەکـو فەیلەسـووفێک ناسـراوە. فەلسـەفە مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداوەکان بەشـێوەیەکی عەقڵانـی دەکات و عەقڵ دەبێتـە سـەنتەری بیرکردنـەوە، لـێ شـیعر لـە ڕووی سـۆزداریـیەوە مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداوەکان دەکات و دڵ دەبێتـە سـەنتەری بیرکردنەوەیـە. بـەڵام ڤۆلتێـر بـە حوکمـی ئـەوەی کەسـێکی فـرە بەهـرە بـووە، لـە ژانـری شیعریشـدا، ئەسـپی خـۆی تـاوداوە، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی لاوییـدا، چەنـد پارچـە شـیعرێکی جوان و باشـی نووسـیوە.

---

١١٢ فولتير زعيم الانوار. جريدة المدى.١٨,٠٣,٢٠١٢

١١٣ زينة الربيعي. فولتير. جريدة المدى. الجمعة. ٢٠١١,٠٣,١٨

لـه تەمەنـی لاویـدا دیوانێکـی شـیعری چاپکـرد، کـه تێیـدا کۆمەڵێـک شـیعری جوانـی تێدایـه، لـێ قەسـیدەی (Henriade)، لەهەموویـان گرنگتـره، لـەم قەسـیدەیەدا بـاس لـه کارەکانـی (فیرجیـل) دەکات، لـەم قەسـیدەیەدا پشـت بـەو «وەزن و قافییەیـه» دەبەسـتێت کـه لـەو سـەردەمەدا بـه (Alexandrine) دەناسـرا. ڕاسـته ڤۆلتێـر هەوڵیـداوه، هەندێـک گۆڕانکاریـی لـه وەزن و قافییەکـه بـکات، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ شـیعرەکەیدا بێتـەوه، لـێ ئـەم گۆڕانکارییـەی زۆر هاکەزایـی بـووه.

بـەڵام لـەم کۆمەڵـه شـیعرەدا، قەسـیدەیەکی تـری تێدایـه بەنـاوی (La Pucelle) نووسـی کـه تێیـدا بـه شـێوازێکی گاڵتەئامێزانـه، هێـرش دەکاتـه سـەر چەمکـی ئاییـنی و مێژوویەکانـی ئـەو کاتـه. لـێ بەگشـتی کاره سـەرەتاییەکانی، لـه ڕووی فکـر و ناوەرۆکـەوه، لەچـاو کارەکانـی پاشـتری، زۆر لاواز بـوون بەتایبەتـی شـیعرەکانی .[١١٤]

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستی

ڤۆلتێر لـه بـواری لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیی و زانستیشدا دەسـتێکی بـاڵای هەبـووه، لـەم بوارەشـدا ئەسـپی خـۆی بـاش تـاوداوه. بـۆ نمونـه ڤۆلتێـر لێکۆڵینـەوەو کتێبێکـی ئێجـگار نایابـی لەبـارەی (ژیـان و بەرهەمەکانـی) شانۆنووسـی گـەورەی فەرەنسـی(مۆلێر) نووسـیوه، کـه بـه یەکێـک لـه کتێبـه نایابـەکان دێتـه ژمـاردن، کـه لـه بـارەی مۆلێرەوه نووسـرابێت. ئـەم کتێبـەی زیاتـر دەچێتـه قاڵبـی لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی و بیۆگرافیـاوه. هەروەهـا ڤۆلتێـر ماوەیەکـی زۆر خـۆی بـه کتێـب و نووسـینەکانی هـەردوو زانـای مەزنـی ئینگلیزی(ئیسـحاق نیوتـن، چارلـز داروێـن) هوه خەریککـردووه. لەسـەر ئـەم دوو کەڵـه زانایـەش، کۆمەڵێـک لێکۆڵینـەوەو کتێبـی لـه بـارەی کتێـب و نووسـینەکانی زانـای مەزنـی ئینگلیزی(ئیسـحاق نیوتـن و داروێـن) نووسـیوه. لەسـەر ئـەم کەڵـه زانایـەش، کۆمەڵێـک لێکۆڵینـەوەو کتێبـی

١١٤ هەمان سەرچاوه

نووسـیوه. بـۆ نموونـه لـه کتێبـی Essai sur la posie pique، هەروەهـا کتێبـی Elments de la philosophie de Newton

هەرچەنـدە ئەمـەی دواییـان، کارێکـی هاوبەشـە لەنێـوان خۆیـی و مارکیـزەی هاوڕێیـدا، کـە زیاتـر بـاس لـە فەلسـەفەکەی نیوتـن دەکات، بەتایبەتـی تیۆریـی (جاذبیـەت، هێـزی ڕاکێشـان). [١١٥]

مێژوو

یەکێـک لـەو بوارانـەی کـە ڤۆلتێـر داهێنێکـی مەزنـی تێداکـرد، زانسـتی (مێـژوو) بـوو. دەتوانـم بڵێـم لـە پـاش ڤۆلتێـر، مێـژوو بەرگێکـی نوێـی پۆشـی و بـوو بـە زانسـتێکی گرنـگ. گـەر سـەیری کتێبـە مێژوویەکانـی پێـش ڤۆلتێـر بکەیـن، دەبینیـن مێـژوو تەنهـا بریتییـە لـە گێڕانەوەیەکـی بێ تامـی حکایەتـی و پاڵەوانێتییەکانـی مەلیـک و سـەرۆکە سـەربازییەکان، مـرۆڤ وەکـو بوونەوەرێکـی ڕاسـتەقینانە، هیـچ بوونێکـی نییـە. لـێ ڤۆلتێـر لەمبارەیـەوە بۆچوونێکـی نوێـی هێنایـە کایـەوەو نووسـینەوەی مێژووی بـە جۆرێکـی تـر دارشـت. هەروەهـا نەخشـەیەکی درامـی بـۆ مێـژوو دارشـت، کـە تەنهـا بـاس لـە شـەڕ و کوشـتارگەکانی مەلیـک و سـەرۆکەکان نـەکات.

ڤۆلتێـر پێـی وابـوو کـە مێـژوو بریتییـە لـە پرۆسـەی گەشەسـەندنی مرۆڤایەتـی، واتـە ئـەو تێڕوانینێکـی مرۆیانـەی بـە مێـژوو بەخشـی، هەرلەبەرئەوەیـە کە زۆرکەس پێیـان وایـە کـە، ڤۆلتێـر باوک و مامۆسـتای مێـژووی نوێیـە [١١٦]

ڤۆلتێـر لـە بـواری مێـژوودا کۆمەڵێـک کتێبـی نایابـی نووسـیوە، گرنگترینیـان بریتییـە لـە :

١. مێژووی چارلزی دوانزە، لە سـاڵی ١٧٣١ دا نووسیویەتی.
٢. لویسی چواردە لە سـاڵی ١٧٥١ دا نووسیویەتی.

١١٥ محمد زکریا توفیق. فولتیر رائد من رواد فلسفة التنویر فی القرن الثامن عشر. سایتی حوار المتمدن

١١٦ هەمان سەرچاوە

٣. هنری حەوتەم. لە ساڵی ١٧٥٤ دا نووسیویەتی.
٤. ئیمپراتۆر پتروسی گەورە، بەشی یەکەمی لە ساڵی ١٧٥٩ دا نووسی، بەڵام بەشی دووەمی لە ساڵی ١٧٦٣ دا نووسی. [١١٧]

دیارە ڤۆلتێر تەنها بە کتێبی مێژوویی باسی مێژووی نەکردووە، بەڵکە لە ڕێگەی شانۆگەرییەکانیشیەوە باسی مێژووی کردووە، بۆ نموونە وەکو شانۆگەرییەکانی (ئەمیری بابل، یان کتێبی The Orphan of China (کەلە ساڵی ١٧٥٤ دا نووسیویەتی یەکەمیان باسی مێژووی شارستانی کۆنی بابلی دەکات و ئەویتریشیان باس لە شارستانی چینی دەکات . [١١٨]

شانۆگەریی

دیارە ڤۆلتێر لە بواری شانۆگەریدا، دەستێکی ئێجگار بالای هەبووە. لەم ژانرە گرنگ و پر بایەخەی ئەدەبیشدا، ئەسپی خۆی تاوداوەو کۆمەڵێک شانۆگەریی جوان و نایابی نووسیوە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لەسەر تەختەی شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێت.دیارە ڤۆلتێر هەوڵیداوە لە ڕێگەی شانۆوە، فەلسەفە و بۆچوونە سیاسیی و فکرییەکانی خۆی نمایش بکات. لەهەمانکاتشدا تیری ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی بیریی کۆنەپەرستی و توندڕەویی ئایینی و ملهوڕیی سیاسیی بوەشێنێت.

ڤۆلتێر لە بواری شانۆدا کۆمەڵێک شانۆیی نووسیوە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٥٠) شانۆگەریی. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم، کە لەو کاتەدا، شانۆ لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب، بڕەوی زیاتر بووەو لە هەمانکاتیشدا، ڕۆڵی کاریگەریتر بووە بەسەر کۆمەڵگەدا.

---

١١٧ زينة الربيعي. فولتير. جريدة المدى. الجمعة. ٢٠١١،٠٣،١٨
١١٨ هەمان سەرچاوە

هەرلەبەرئەمەشـە ڤۆلتێـر، کۆمەڵێـک شـانۆگەریی زۆریـی نووسـیوە، چونکـە کاریگەرتریـن ئامـرازی گەیانـدن و بڵاوکردنـەوەی هزرەکانـی بـووە بـۆ نـاو کۆمەڵگـە.

لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن، نـاوی گرنگرتینیـان بـاس بکەیـن، هەرچەنـدە زۆربـەی شانۆگەرییەکانیشـی، وەکـو کتێبەکانـی تـری گرنـگ و پـڕ بایـەخ بوونـە.

١. Oedipe ئۆدیـب، هـەروەک پێشـتریش باسـمانکرد، ڤۆلتێـر لـە ڕێگـەی ئـەم شـانۆگەرییەوە ناسـراوە. لـە سـاڵی ١٧١٨ لـە زیندانی باستیل نووسـیویەتی، بـۆ مـاوەی چـل وپێنـج ڕۆژ لەسـەر تەختـی شـانۆ پاریـس نمایشـکراوە.

٢. شانۆگەریی Zaire ئەم شانۆگەرییە لە ساڵی ١٧٣٢ نووسیویەتی.

٣. Erphile ئـەم شانۆگەریەشـی هـەر لەهەمـان سـاڵدا نووسـیوە، واتـە ١٧٣٢.

٤. Socrates

٥. Mahomet

٦. Meror

٧. Nanine

٨. The Orphan of China ئـەم شـانۆگەرییە سـاڵی ١٧٥٥ لەسـەر تەختـی شـانۆ نمایشـکرا.

٩. Irene دواییـن شـانۆگەریی ڤۆلتێرە، کاتێک لـە پـاش بیسـت سـاڵ لـە دەربەدەریـی و ژیانـی تاراوگـە گەڕایـەوە بـۆ پاریـس، لـە مارسـی ١٧٧٨ دا، ئـەم شـانۆگەرییە لەسـەر تەختـی شـانۆی پاریـس نمایشـکرا. کـە تێیـدا ڤۆلتێـر لـە تڕۆپکـی ناوبانـگ بـوو، بـە سـەدان کـەس ئامـادەی بینـی ئـەم شـانۆگەرییە و ڤۆلتێـر بـوون[١١٩] ئەمـە و کۆمەڵێکـی تـری کاری شـانۆیی، کـە لـەو کاتـەدا ڤۆلتێـر نووسـیویەتی. جێگای گوتنـە ڤۆلتێـر لـە ڕێگـەی

١١٩ هەمان سەرچاوە

شانۆوە ناوبانگی پەیداکرد و پاسپۆرتی خۆی لەناو جیهانی ئەدیب و ڕووناکبیرانی پاریس دەستکەوت. هەتاوەکو ئەمڕۆش شانۆکانی لە پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکانی جیهان، وەکو وانەی خوێندن دەخوێنرێت، هەربۆیە ڤۆلتێر لە بواری شانۆشدا، بە مامۆستایەکی گەورە دادەنرێت.

چیرۆک و ڕۆمان

ڤۆلتێر لە بواری ئەدەبدا، خاوەنی قەڵەمێکی زێڕین بووە. کەم قەڵەم هێندەی قەڵەمەکەی ئەو، توانیوویەتی خزمەتی ئەدەب بکات. ڤۆلتێر لە پاش خۆی کۆمەڵێک ڕۆمان و نۆڤێلێت و کورتە چیرۆکی بەجێهێشتووە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، مرۆڤایەتی دەیانخوێنێتەوەو چێژی لێوەردەگرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین، ئەو کارە گرنگانەی کەلە بواری ڕۆمان و چیرۆکدا نووسیونی، بە کورتی باسیان لێوە بکەین.

ڕۆمانی Zadig یەکەمین ڕۆمانی ڤۆلتێرە لە ساڵی ١٧٤٧ دا نووسیویەتی.

Micromegas نۆڤلێتێکە کە زیاتر دەچێتە قاڵبی ئەدەبی فەنتازیاوە. دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین ڕۆمانی فەنتازیای زانستی یان وەکو دەگوترێت(science fiction خەیاڵ عیلمی) بوو. تێیدا ڤۆلتێر باس لەوە دەکات، کە سەفیرەکانی کەوکەبێکی تر لەسەر ئەرز، چۆن باس لە دەبەنگییەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن. لێرەدا ڤۆلتێر هانای بۆ فەنتازییا بردووە، بۆ ئەوەی ڕەخنە تونەکانی خۆی، ئاڕاستەی کۆمەڵگەی ئەوکاتی فەرەنسا بکات. جێگای گوتنە ڤۆلتێر ئەم نۆڤلێتەی ساڵی ١٧٥٢ نووسیوە.

ڕۆمانی کانید Candide ناودارترین و گرنگترین کاری ڤۆلتێر لە بواری ئەدەبدا دێتە ژمارەن. ئەم ڕۆمانە هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئەدەبی فەرەنسی و جیهان دادەنرێت و چەندین لێکۆڵینەوەو کتێبی لەبارەوە نووسراوە. ڤۆلتێر لەم ڕۆمانەیدا،

جگە لەوەی بە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی هاتۆتە گۆ، لەهەمانکاتیشدا ناوەرۆکی ڕۆمانەکە لە ڕووی فکریی و فەلسەفییەوە زۆر گرنگە. لەم ڕۆمانەدا ڤۆلتێر بە تۆندی ڕەخنە لە فەلسەفەی گەشبینی (التفاؤل) دەگرێت، زیاتر تیری ڕەخنەی ئاڕاستەی (ڕۆسۆ و لیبینتز) دەگرێت. ڤۆلتێر دەڵێت:

(ئێمە لە عالەمێکدا دەژین، کە هیچ شتێکی ڕێکوپێک نییە، چارەسەری کێشەکانیش، تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵ و زانستەوە دەبێت)

جێگای گوتنە ڤۆلتێر ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٧٥٩ دا نووسیوە، کاتێکیش بڵاوبوویەوە، یەکسەر کەوتە بەر هەڵمەتی سانسۆرکردن و قەدەغەکردنەوە. لەوکاتەدا ڤۆلتێر بە شێوازە گاڵتەئامێزەکەی خۆی گوتی :

(ئەم ڕۆمانە من نەمنووسیوە، بەڵکە ئەوەی کە نووسیویەتی ناوی Captain Demad) بە درۆوە گوتی ئەمە برامە. ئەم قسەیەشی لە ڕۆژنامەی (Journal encyclopedique) بڵاوکردەوە، هەرچەندە جارێکی تریش جەختی لەسەر تێڕوانینی عەقڵانی و جەدەلی کردەوە، هەروەک لە کتێبەکەیدا هاتووە .[١٢٠]

لە ساڵی ١٧٦٤ دا داستانێکی فەلسەفی بەناوی(Ce qui Plait aux Dames) بڵاوکردەوە، کە زیاتر لە کاری فەلسەفییەوە نزیکە تاوەکو ئەدەبی. هەروەها لە ساڵی ١٧٦٧ یشدا داستانی (Lingenu) بڵاوکردەوە، کە ئەویش زیاتر داستانێکی فەلسەفیی بوو.. دیارە ڤۆلتێر دەیویست لە ڕێگەی زمانی ئەدەبییەوە، خۆی بخاتە ناو دەریای فەلسەفە، بەمەش کارێکی جوان و پڕ بایەخی تۆمارکرد.

---

١٢٠ هەمان سەرچاوە

کاری فەلسەفی

لە بواری فەلسەفەدا ڤۆلتێر جێگایەکی مەزنی هەیە، بەتایبەتی لە فەلسەفەی رۆمانسیەتی فەرەنسی. زیاتریش لە جیهاندا، ڤۆلتێر وەکو فەیلەسووفێک ناسراوە. ئەو لە ڕیزی ئەو فەیلەسووفانەیە، کە زۆر جەختیان لەسەر چەمکی (ئازادیی، لێبووردەیی، مافی مرۆڤ) کردۆتەوە. ڤۆلتێر لە بواری فەلسەفیدا چەند کتێبێکی نووسیوە، هەرچەندە زیاتر بیری فەلسەفی ڤۆلتێر، لەنامە تایبەتییەکانیدا دەردەکەوێت.

ڤۆلتێر لە بارەی فەلسەفە وە دەڵێت:

(فەلسەفە ئەو مەشخەڵەیە کە ڕێگەی مرۆڤایەتی ڕووناک دەکاتەوە، ئەم مەشخەڵەش هیچ کاتێک بۆ سووتاندنی ڕووناکبیران بەکارنەهاتووە، هەروەک چۆن «دادگاکانی پشکنین، محاکم التفتیش» ئەم کارەیان کرد .) [١٢١]

ڤۆلتێر لەبواری فەلسەفیدا هەندێک کتێبی هەیە کە بریتین لە :

Lettres philosophiques sur les Anglais نامەی فەلسەفی لە بارەی ئینگیلتەرا، لە ساڵی ١٧٣٣ دا نووسیویەتی. زیاتر کاریگەری ئینگلیتەرا پێوە دیارە، باس لە سیستەمی سیاسیی و فکریی ئینگلیزەکان دەکات.

Dictionnaire philosophique قاموسی فەلسەفی، لە ساڵی ١٧٦٤ دا نووسیویەتی. ئەمەش یەکێکە لە فەرهەنگە فەلسەفیە گرنگەکان کە لە مێژووی فەلسەفیدا نووسرابێت.

جگە لە چەندین نامە و لێکۆڵینەوەو کتێبی تر، کە هەر هەموویان هەتاوەکو ئەمڕۆش مایەی گرنگی پێدانی فەیلەسوفان و بیرمەندانی جیهان [١٢٢]

١٢١ هاشم صالح. مسيرة التنوير الفرنسي من تورغو إلى فولتير. سايتى حوار المتمدن. ٢٠٠٢,١٠,١٩

١٢٢ www.correspondance-voltaire.de

وتاریک لەبارەی لێبووردنەوە لە ساڵی١٧٦٣ دا نووسیویەتی، ئەمەش بە یەکێک لە کارە جوانەکانی ڤۆلتێر دادەنرێت لەرووی فکر و فەلسەفەی سیاسییەوە.

نامە

بەداخەوە لە ئێستادا بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە، ژانری نامە نووسین بەرەو نەمان چووە، بەڵام لە سەردەمانی زووداو، نامە بەشێکی گرنگی ژیانی شەخسی هەموو تاکێکی پێکدەهێنا، بەتایبەتی لای نووسەرو فەیلەسوفان، نامە زۆر گرنگ بوو، بگرە بەشێکی زۆری فکریان لەرێگەی نامە شەخسییەکانەوە دەردەکەوێت.

بیرمەندی گەورەی عەرەب (هاشم صالح)کە یەکێکە لە شارەزاکانی بواری فەلسەفەی فەرەنسی و ڤۆلتێر ناسێکی بەتواناشە، دەڵێت:

(گەر بمانەوێت بەدوای فکر و فەلسەفەی ڤۆلتێردا بگەڕێین، زیاتر لە نامە تایبەتییەکانیدا دەیدۆزینەوە. [١٢٣]

ڤۆلتێر لە تەمەنیدا، هەزاران نامەی نووسیوە، کە سیمایەکی بەرزیی ئەدەبیی پێوە دیاربووە. هەروەها ئەم نامانە پڕیەتی لە فکر و فەلسەفە و قسەی مەنطقی زۆر جوان و گرنگ. لەبەرئەوە ڤۆلتێر لەم ژانرە گرنگەی ئەدەبیشدا، ئەسپی خۆی تاوداوەو بە یەکێک لە سوارچاکەکانی ئەم بوارە دێتە ژمارەن.

ڤۆلتێر و دەسەڵات

بە گشتی ڤۆلتێر بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی دەسەڵاتی پادشایەتی فەرەنسی دادەنرێت. ئەو لە ژیانیدا بە هۆی ڕەخنە توند و گاڵتەئامێزەکانی تووشی «گرتن و ئەشکەنجەدان و ڕاونان و لە

١٢٣ هاشم صالح. مسيرة التنوير الفرنسي من تورغو إلى فولتير. سايتى حوار المتمدن.٢٠٠٢,١٠,١٩

ولّات دەرکردن «هاتووە. ئەو هەمیشە دژی دەسەلّاتی ڕەهای پاشا ملهوڕەکانی فەرەنسا بوو، ئەو زیاتر خەونی بە دەسەلّاتێکی منەوریی، ڕووناکبیریی دەبینی. بەلّام ڤۆلتێر هیچ وەختێک داوای شۆڕش و حکومەتی شۆڕشگێڕیی نەکردووە، هەروەک هەندێک پێیان وایە.

ڤۆلتێر و مەلیک فریدریکی گەورەی بروسیا

لە ناوەڕاستی سالّانی سەدەی بیستەمدا، کتێبێکی ئەلّمانی دەرچوو، کە تێیدا ئەو نامانەی تێدا بلّاوکرایەوە کە لە سەدەی هەژدەدا نێوان ڤۆلتێری فەیلەسوف و فریدریکی گەورەدا گۆڕاونەتەوە. کاتێک چاوم بەو نامانە کەوت سەرم لە دوو شت سووڕما. یەکەم لە شێوازی ماستاوچێتی ڤۆلتێر بۆ ئەم مەلیکە، تەنانەت فریدریکی گەورە، لە دووەم نامەدا بە ڤۆلتێر دەلّێت:(حەزناکەم هێندە بەو شێوازە نامەم بۆ بنووسیت، کە تێیدا زیاتر تۆنێکی ماستاوچێتی پێوە دیارەو زیاد لە پێویستیش بە شانوبالّی منداهەلّدێیت.[١٢٤] خالّی دووەم لەم نامانەدا کە جێگای سەرنجم بوو، زانایی و بەتوانایی ئەو مەلیکەی ئەلّمانیام بۆ دەرکەوت، لەنامەکانیدا زانیارییەکی زۆریی لەبارەی «شیعر و ئەدەب و فەلسەفەو حیکمەتی ژیان «تێدایە.

یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە ڤۆلتێر دەگیرێت، ئەو پەیوەندییە توندوتۆلّەیە کە لەگەلّ مەلیکی بروسیا (فریدریکی گەورە) هەیبووە. لەکاتێکدا ڤۆلتێر وەکو شۆڕشگێڕێکی مەزن دژ بە دەسەلّاتی بۆربۆنی فەرەنسی ناسراو بوو، کەچی دۆستێکی نزیکی مەلیکی بروسیا بوو، هەمیشە میوانی تایبەتی ئەم کۆشکەکانی مەلیک بووە. هەرچەندە پاش ماوەیەک ڤۆلتێر لەگەلّ ئەم مەلیکەش پەیوەندی تێکدەچێت، هەروەک لەسەرەوە باسمانکرد. لێ ئەم پەیوەندییە سەیرەی ڤۆلتێری فەیلەسوف

١٢٤ voltaire Briefwechsel mit Friedrich dem Großen und Katharina II. ausgewält und übersetzt von. Walter Mönch.HansßvonßHugo Verlag Berlin. 1944.S8

و مەلیکی بروسیا، خاڵێکە جێگای سەرنج و تێڕامانی نووسەرانی و لێکۆڵێرەوانی ڤۆلتێرە.

لەهەمانکاتیشدا بە یەکێک لەو رەخنانەش دادەنرێت، کە لە ڤۆلتێر دەگیرێت، چونکە لەوکاتەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان مەلیکی بروسیا و مەلیکی فەرەنسا نەبووە، هەردوکیان ملهوڕ و دیکتاتۆر بوون، ئەوەنەبێت کە فریدریکی گەورە، کەسێکی ڕووناکبیر و زانا تربووە، لەهەمانکاتیشدا زۆر حەزی بە تێکەڵی لەگەڵ فەیلەسوف و ڕۆشنگەرانی سەردەکەی خۆی کردووە.

ڤۆلتێر و چەمکی ئازادی

یەکێک لەو چەمکە فکریانەی کە ڤۆلتێر کاری تێداکردووەو هەروەها پێوەی ناسراوە، چەمکی «ئازادی» ە. ئەو بە یەکێک لە مامۆستا گەورەکانی بیری لیبڕالیزم و ئازادیی سیاسیی و تاکەکەسی دادەنرێت.

دەتوانم بڵێم ڤۆلتێر لە کاتێکدا قسەی خۆی کرد، کە بێدەنگی و ملکەچی باشترین شێوازی ژیان بوو، وەلێ ئەو بە پێچەوانەی خەڵکی تر‌ەوە دەنگی خۆی هەڵبڕیی و دژی دەمارگیریی مەزهەبی، دژی چەوساندنەوەی مەزهەبی، دژی دیکتاتۆریەتیی ملهووریی ڕاوەستایەوە. هەروەها بوو بە پارێزەرێکی گەورەی ئازادیی و ڕادەربڕین.

ڤۆلتێر زیاد لە پێویست جەختی لەسەر ئازادیی و ڕادەربڕینی خەڵکی دەکردەوە. دەتوانین ئەو بەیەکێک لە باوکە مەزنەکانی بیری ئازادیی تاکەکەسی دابنێین، چونکە زۆر گرنگی پێدەدا.

(هەرچەندە لەگەڵتا هاوڕا نیم، بەڵام بە هەموو شێوەیەک پشتگیریت دەکەم، تاوەکو بە ئازادانە بیرڕواکانی خۆت دەربڕیت.)

ئەمە یەکێکە لە وتە بەناوبانگەکانی، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لە جیهاندا دەگوترێتەوە و ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی دیموکراسیی و کۆمەڵگەی پلورالیزمدا گێڕاوە. خۆی لە خۆیدا لەپاش ڤۆلتێر ئەم

وتەیە کرایە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی پلورالیزمی خۆرئاوایی. لێرەدا بە ڕوونی ڤۆلتێر پەیامەکەی خۆی بە جیهان ڕادەگەیەنێت، لە هەمانکاتیشدا وەسفێکی گەورەی ئازادیمان بۆ دەکات و لە مانا و مەبەستی ئەم چەمکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. لەهەمانکاتیشدا پێمان دەڵێت، ئازادی مانای جیاوازی بیروڕا، تۆ چەندە ئازادیت لە باسکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانت، خەڵکانی تریش هەمان مافیان هەیە، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەی کە تۆ قبووڵی رای جیاواز لەخۆت بگریت، ئەمەش کرۆکی سیستمی دیموکراسییە.

ڤۆلتێر یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی قوتابخانەی هومانیزم، ئەو زۆر شێلگیرانە پشتگیریی لە مافەکانی مرۆڤ و پیرۆز ڕاگرتنی کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤ دەکرد. بەتایبەتی زۆر پشتگیریی لە ئازادی ڕادەربڕین دەکرد.

ڤۆلتێر دەڵێت :

(هەر تاکێک بە بیانوی ئەوەی باوەڕێکی پێچەوانەی ئەوی تری هەیە، کەسێکی تر ئازار بدات، درندەیە [١٢٥]

لە ڕووی سیاسیشەوە ڤۆلتێر زۆر جەختی لەسەر بوونی سیستمی کۆماریی دیموکراسی دەکردەوە. ئەو بەپێچەوانەی مۆنتسکیۆ وە، کە داوای سیستمێکی پاشایەتی دەستووری هاوشێوەی ئینگلاندی دەکرد، ڤۆلتێر دژی ئەم بۆچوونە بوو.

لەمبارەیەوە ڤۆلتێر دەڵێت :

(لە نێوان سیستمی حوکمرانی ستەمکاریی کە کار بە هیچ یاسایەک ناکات، لەگەڵ سیستمی حوکمڕانی پاشایەتی کە یاساکان هەر هەمووی تاکە کەسێک دایدەنێت، جیاوازییەکی هێندە گەورە نابینین. بەڵکو ئێمە لەبەردەم دوو سیستمی حوکمڕانی هاوشێوەداین کە زۆر بەیەک

١٢٥ ڕامین جەهانبەگلو.دەسەڵات و ئازادیی.وەرگێڕانی : عەتا جەمالی.دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.چاپی یەکەم.٢٠٠٩. لاپەڕە١١١

دەچن.)[١٢٦]

ڤۆلتێر پێی وابوو ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە، کە ئازادیی و ئاسایش بۆ تاک دابین بکات، لەبەرامبەردا تاکیش پێویستە پشتگیری لە دەوڵەتی خۆی بکات و پێی وەفادار بێت. لەبەرئەوە یاسا و ڕێزگرتن لەیاساش، ڕۆلێکی گەورەی لای ڤۆلتێر هەبوو. بەڵام لەهەمووی گرنگتر لای ڤۆلتێر، مرۆڤ بوو. بە بڕوای ئەو، چەمکی ڕێز و کەرامەتی مرۆیی زۆر بەرزترە لە گشت چەمکەکانی تری وەکو نەتەوە، ئایین، مەزهەب. بە واتایەکی تر هەموو مرۆڤەکان یەکسانن، چونکە هەموویان بە چەشنێکی یەکسان مرۆڤن، کەواتە یەکسانی مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە [١٢٧]

بە دڵنییایەوە ڤۆلتێر لەپێش هەموو شتێکدا، دژی دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی بوو. لەهەمانکاتیشدا تێزەکانی لەبارەی ئازادیی و لێبوردن و سیستمی دیموکراسییەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی لە مێژووی فکر و فەلسەفەی جیهاندا گێڕا.

ڤۆلتێر و چەمکی لێبوردن

دەتوانین ڤۆلتێر بە باوکی چەمکی لێبووردنی دابنێین، هیچ فەیلەسوفی فەرەنسی هێندەی ئەو بەتەنگ چەمکی لێبوردەییەوە نەچووە. دیارە خەباتی ڤۆلتێر لە پێناوی لێبووردن و دژایەتیکردنی بیری دەمارگیری، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لە بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە و نەهێشتنی تووندووتیژی ئاینی و مەزهەبی لە فەرەنسا و ئەوروپادا.

ڤۆلتێر زۆر پشتگیری چەمکی لێبووردن و تۆلێرانسی دەکرد، چونکە پێی وابوو گەر ئێمە لە هەڵەکانی یەکتر نەبووڕین و توانای بەرگەگرتنی یەکتریمان نەبێت، ناتوانین باس لە ئازادی بکەین، چونکە ئازادیی مانای گوێگرتن و قبووڵکردنی ڕای بەرامبەرمان دەگەیەنێت، جا ئەو ڕایەش

---

١٢٦ هەمان سەرچاوە.

١٢٧ هەمان سەرچاوە.

دژمان بێت، ئەوا پێویستە ڕێز لەو بۆچوونە بگرین.

لێرەشدا چەمکی لێبووردن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، چونکە ئێمە ڕۆحێکی لێبوردەییمان تێدا نەبێت، ناتوانین کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیش دروست بکەین. ساڵی ١٧٦٣ پاش چەندین ڕووداوی دڵتەزێن، کەناخی ڤۆلتێر دەهەژێنێت، کتێبێکی مەزن بەناوی (وتارێک لەبارەی لێبووردنەوە دەنووسێت).ئەم کتێبە دەبێتە بەرنامەیەکی دریژخایەن بۆ ڕووژاندنی ڕای گشتی فەرەنسی، بە قازانجی دژایەتیکردنی دەمارگیری و هاندانی خەڵکی بۆ لێبووردەیی و قبوڵکردنی مەزهەب و دیدی جیاواز.

ڤۆلتێر لەبارەی لێبووردەیەوە دەڵێت : «لێبووردن چییە؟ لێبووردن دەرئەنجامێکی لکاوە بە بوونی مرۆڤایەتیمانەوە. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازیین. هەموومان لەرزیوین و هەڵە دەکەین، لەبەرئەوە لێگەڕێ با لە یەکدی ببوورین و لە شێتی یەکدی بەرامبەر بەیەک بە شێوەیەکی دوولایەنە ببوورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشت و بنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ».

هەروەها لەم کتێبەیدا، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کەنیسەی مەسیحی و کاسۆلیکی بەتایبەتی. ڤۆلتێر دەڵێت :

«مەسیحیەت مێژووی شانزە سەدە بەربەیەتە.سەردەمێکی دریژ بەسەر فەرمانڕەوایی مەزهەبی مەسیحیەتدا بەهۆی قووستەنینەوە نەڕۆیشتبوو کە ئاتانازیەکان و ئۆسبیەکان، کەوتنە گیانی یەکدی و لەوساوە تا ئەمڕۆ هەمیشە کەنیسەی مەسیحی لە خوێندا نوقم بووە[١٢٨].»

ڤۆلتێر دەیەوێت سوود لە وانە تاڵەکانی مێژوو وەربگرێت دەڵێت :

(ئەم جیاوازییە ترسناکانە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە، وانەیەکی گرنگە سەبارەت بەوەی ئێمە دەبێت هەڵەکانی یەکدی ببەخشین. جیاوازبوون، بەدبەختی گەورەی مرۆڤەو «لێبووردن» یش تەنها ڕێگە

١٢٨ چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نووسینی : چەند نووسەرێک.وەرگێڕانی، ڕێبین هەردی.

چارەیەتی.[١٢٩]

ڤۆلتێر پەنا بۆ بازرگانی دەبات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە، بۆچوونەکانی بسلەمێنێت.

(لە بۆرسەی ئەمستەردام یان لەندەن یان بەسرەدا، کە زەردەشتی، یەهودی، موسڵمان، کاسۆلیک، پرۆتستانت، ئەرتەدۆکسی، هەر هەموویان مامەڵە پێکەوە دەکەن، خەنجەر بە ڕووی یەکدا هەڵناکێشن بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەویدی بهێنێتە سەر دینەکەی خۆی.کەوابوو بۆچی ئێمە «مەسیحیەکان» پاش ئەنجومەنی نیقیە، بەردەوام کوشتار لەگەڵ یەکیدا دەکەین [١٣٠]

دیارە ڤۆلتێر لەو باوەڕەدا بوو، کە بازرگانی دەتوانێت ڕێگە لە توندوتیژی و دەمارگیری ئایینی بگرێت.کارو خەباتی ڤۆلتێر لە پێناوی لێبووردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە گەشەسەندنی بیری لێبوردن و دامەزراندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و فەراهەمکردنی ئازادی بیرورا.

ڤۆلتێر و مێژوو

زۆربەی فەیلەسوف و مێژوونوسان لەسەرئەوە کۆکن، کە ڤۆلتێر یەکێکە لە مامۆستا گەورەکانی زانستی مێژووی مۆدێرن. ئەو سەرلەنوێ لێکۆڵینەوەی لە مێژووی ئەوروپا و جیهان کرد، پاش ماوەیەکی زۆر قسەی خۆی لەبارەی زانستی مێژووەوە کرد.

ڤۆلتر دەڵێت : (مێژوو جگە لە وێنەیەکی تاوان و کارەساتەکان زیاتر شتێکی تر نییە)[١٣١]

ئەو دژی تێڕوانین و میتۆدی تەقلیدی مێژوو بوو، دەیویست جارێکی تر مێژووی فەرەنسا و ئەوروپاو جیهان بنووسێتەوە، چونکە ئەو

١٢٩ هەمان سەرچاوە.

١٣٠ هەمان سەرچاوە.

١٣١ ویل دیورانت. مژووی فەلسەفە لە ئەفلاتوونەوە بۆ جۆن دیوی. وەرگێڕانی: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی. چاپی یەکەم.خانەی وەرگڕان. سلێمانی. لاپەرە.٢٧٤

ڕەخنەی زۆری لە جۆری نووسینی مێژووی کۆن بوو.

ڤۆلتێر دەڵێت: شەڕ و شۆڕەکان، سوپا و سەرکەوتن و شکست و داگیرکاریی شارو دیسان گرتنەوەیان. ئەمانە کارێکن گشت کتێبە مێژوویەکان تێیدا هاوبەشن، ، ، مێژوو لە پێشکەوتنی عەقڵ و هونەرەکان دامالّە، هیچی تێدا نامێنێتەوە. [١٣٢]

هەربۆیە ئەو دەیەوێت بە شێوەیەکی نوێ مێژوو بنووسێتەوە کە تەواو جیاواز بێت لەوەی پێشوو. (نامەوێ مێژووی شەڕ و شۆڕ و جەنگەکان بنووسمەوە، بەڵکو لە بارەی کۆمەڵگەکانەوە دەنووسم، جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە خەڵک چۆن لەناو خێزان و خانەوادەکانیان ژیاون، ئەو هونەرە هاوبەشانە چی بوون کە گەشەیان پێداون، بابەتەکەی من مێژووی عەقڵی ئادەمیزادە نەک لۆرد و گەورە دەسەڵاتداران، ئەمانە بەلای منەوە گرنگ نین، من دەمەوێت هەقیقەتی ئەو هەنگاوانە بزانم، کە مرۆڤ ناویەتی هەر لەسەردەمەکانی بەربەرییەتەوە تا دەگەنە شارستانییەت)[١٣٣]

هەربۆیە نووسەری گەورەی ئەمریکی ویلی دیورانت دەڵێت : (ڤۆلتێر توانی یەکەم فەلسەفە دەربارەی مێژوو بهێنێتە بەرهەم، یەکەم تەقەللایەکی ڕێکوپێکە لە هۆکارە سروشتییەکانی پەرەسەندنی عەقڵی ئەوروپایی، هەربۆیە ڤۆلتێر بناغەی زانستی مێژووی نوێی دامەزراند)[١٣٤]

ڤۆلتێر لە بواری داهێنان و مۆدێرنیزەکردنی زانستی مێژوودا، ڕۆڵێکی ئێجگار پڕ بایەخ و گرنگی هەیە، هەربۆیە ئەو بە مامۆستای یەکەمی زانست مێژووی مۆدێرن دێتە ژماردن.

---

١٣٢ هەمان سەرچاوە.

١٣٣ هەمان سەرچاوە.

١٣٤ هەمان سەرچاوە.

ڤۆلتێر و دەسەڵاتی ئایینی و توندڕەوی مەزهەبی

دیارە بۆ ئەوەی بە باشی لە فکر و فەلسەفە ڤۆلتێر تێبگەین بەتایبەت لەمەڕ تێڕوانینی بەرامبەر بە توندڕەو مەزهەبی و جەنگی ئاینی، ڕەگەزی «کات و شوێن» یارمەتیمان دەدات.

ڤۆلتێر لە کێشوەری ئەورووپا و وڵاتی فەرەنسا دەژیا، لەهەمانکاتیشدا لەسەدەی هەژدەدا، تەواوی کێشوەری ئەورووپا، خۆیان لەناو جەنگێکی مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەیدا دەبینیەوە. لەوکاتەدا هەزری تونڕەو مەزهەبی و، باڵی بەسەر تەواوی فەرەنسا و ئەورووپای خۆرئاوادا کشابوو. بەتایبەتی جەنگی «کاتۆلیک و پرۆتستانت» تەواوی ئەورووپای وێرانکردبوو.

ڤۆلتێریش ڕۆژانە تراژیدیاکانی جەنگ و تونڕەویی مەزهەبی بە چاوی خۆی دەبینی، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە تەواو مێشکی داگیرکردبوو، کاری جددی لەپێناو دژایەتیکردنی ئەم جۆرە عەقڵیەتەدا کردووە.

ڤۆلتێر دەڵێت : (یەکەم کاهین، یەکەم فێڵباز و ساختەچی بووە، کە چاوی بەیەکەم گەمژەیەک کەوتووە.).ڤۆلتێر جەنگێکی گەورەی دژ بە پیاوانی ئایینی و هزرە تونڕەوییەکەیان بەرپاکرد.

(گەر پیاوانی ئایینی تەنیا ڕێورەسمە ئاینیەکانیان جێبەجێبکردایە و لێبوردەبوونایە بەرامبەر بە ئەوانەی لە ڕێبازیان جیان، ئەوا من گوێم بە باوەڕەکە نە دەدا، بەڵام هەڵوێستی و تونڕەوییان کە لە ئینجیلدا شوێنەوارێکی نییە، بووەتە سەرچاوە ئەم ململانێ خوێناویەی ناو مێژووی مەسیحی، ئەو مرۆڤەی کە پێی دەگوتم وەک من باوەڕبهێنە ئەگینا خوا سزات دەدات، ئێستا هاتووە بە من دەڵێت، وەک من باوەڕ بهێنە، ئەگینا تیرۆرت دەکەم، ئەو تونڕەوییە ئاوێتەی خورافات و نەزانی بووە لە هەموو سەدەکاندا بنەمای بەڵا و نەهامەتی بووە.)[١٣٥]

---

١٣٥ هەمان سەرچاوە.

هەربۆیە ئەو دەڵێت : (مێژووی مەسیحیەت، بریتیە لە شانزە سەدە بەربەرییەت.)[١٣٦]

کڵێسا و هەوڵی کڕینی ژۆلتێر

دیارە پیاوانی ئایین چەندە ڕقیان لە ژۆلتێر دەبوویەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا باش لە پێگەو قەڵەمەکەی ژۆلتێر تێدەگەیشتن، هەربۆیە هەوڵیاندا لەگەڵیدا سوڵحێک بکەن و دەمی چەوربکەن.

کڵێسا بڕیاریدا کە «کڵاوی کاردینالْ» ی بدەنێ، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆئەوەی ژۆلتێر بکڕن و دەمکوتی بکەن. لێ ژۆلتێر زۆر لە پیاوانی ئایینی زیرەکتربوو، ئەو دەیزانی پیاوانی ئایینی لە ڕێگەی ئەم «کڵاوە ئایینییەوە» دەیانەوێت کڵاوی گەمژەیی بکەنە سەر، هەربۆیە ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوەو ڕازی نەبوو، بەڵکە لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی موکڕتربوو [١٣٧]

ژۆلتێر و شۆڕشی مەزنی فەرەنسی

دیارە شۆڕشی فەرەنسی هەرلەخۆرا دروستنەبوو، بەڵکە پێشتر لە ڕووی فکرییەوە، پاشخانێکی باشی هەبوو. ئەوە بۆچوونە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرەکانی فەیلەسوف و بیرمەندانی فەرەنسی و ئەوروپی بوو، کە ئاگری شۆڕشێکی مەزنی جیهانی بەرپاکرد. گەر بیرمەندانی فەرەنسی پێشتر دەستیان بە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئەوکاتی فەرەنسی نەگرتبایە، ئەوا کەس زاتی ئەوەی نەبوو پەلاماری باستیل بدات.

پێش ئەوەی خەڵکی عەوام پەلاماری کۆشکی پادشاکانی فەرەنسای دا، نوخبەی ڕۆشنبیری فەرەنسی لە ڕێگەی کتێب و وتارە گرنگەکانیانەوە، پەلاماری کۆشک و تەلاریی ئەرستۆکراتی فەرەنسیان دا.

---

١٣٦ هەمان سەرچاوە.

١٣٧ هەمان سەرچاوە.

بەڵام نابێت ئەوەشان لەبیربچێت، کە هیچ وەختێک ڤۆلتێر لەگەڵ بیری شۆڕشدا نەبووە، بەڵکە ئەو لەگەڵ ڕیفۆرمی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی علمانی و ئازادو لیبرااڵدا بووە. ڕێک وەکو ئەوەی کە ڤۆلتر زانیبێتی کە لە پاش شۆڕش، دەسەاڵتێکی دیکتاتۆری «ڕۆبسبیر» و پاشانیش «ناپۆلیۆن» دروست دەبێت.

ڤۆلتێر و جەنگ

ڤۆلتێر بەیەکێک پێشەوا مەزنەکانی بیری «ئاشتیخوازی جیهان» دەژمێرێت. ئەو هەمیشە بە نووسین و کتێبەکانی، دژی بیری «شەڕەنگێزی و میلیتاریزمی» بووە.

ڤۆلتێر دەڵێت : (شەڕ هەوێنی گشت تاوانەکانە و لە گەورەترین خراپەکارییەکانە هەر دەوڵەتە و دەیەوێ بەرگ و سیپاڵێکی ڕەوای بکات بە بەرتاوانەکەیدا، کوشتن حەرامە و لەسەردەمی ئاشتیدا هەموو جۆرە کوشتنێک سزا دەدرێ، بەڵام هەر کە فووکرا بە کەڕەناکەدا و شەڕ هەڵگیرسا، ئەوا کوشتنی بەهەزاران ڕەوایە)[١٣٨]

ئەو هەمووکاتێک دژی کوشتنی مرۆڤ بووە بە ناڕەوایەتی، هەربۆیە زۆرجارش ئەو بە یەکێک لەپێشەواکانی «هومانیزم ‹ دێتە ژماردن.

ڤۆلتر دەڵێت:(هەرلەو کاتەی کە مرۆڤ لەسکی دایکیدایە، تا باسک و مەچەکی پتەووتوند دەبێت، بیست ساڵێکی گەرەکە، لە منداڵییەکەیدا زیندەوەرێکە و دوایی دەبێتە گەنجێک و فامدەکاتەوەو ئەقڵی کامڵ دەبێ، بەڵام سێ هەزار ساڵێکی گەرەکە تا لەو بوندیادەی خۆی شارەزا بێت و بۆ ئەبەدیش تا شتێک لە دەروونی خۆی دەزانێت، کەچی یەک چرکە بەسە بۆ کوشتنی)[١٣٩]

جەنگ لای ئەو ناشرینترین و قێزەونترن هەڵوێست و کاری مرۆڤە،

١٣٨ چەند تێکستێکی وەرگێراو. نووسینی : چەند نووسەرێک.وەرگێرانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەم، خانەی وەرگێران.سلێمانی.٢٠١١. لاپەڕە٧٠

١٣٩ هەمان سەرچاوە

لەبەرئـەوە هەمیشـە دژی جەنگـی تایەفەگەریـی و مەزهەبـی و تەنانـەت نەتەوەیـش بـووە. لـە شـۆێنیکی تـردا دەڵێت:

(گـەر شـەڕێک دریـژەی کێشـا، ئـەوا هیـچ ڕەوایەتـی لـەو شـەڕەدا نامێنێتـەوەو هـەردووڵای جەنگەکـە تاوانبـارن)[١٤٠]

دوا قسە

دیـارە ڤۆلتێر چ لـەڕووی هـزری و چ لـەرووی پراکتیشـەوە، هەوڵیـداوە گۆڕانکاریـی لـە بیروهـزری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئایینـی فەرەنسـی و ئەوروپیـدا بـکات. ئـەو هـەر لـە پێنـاوی بۆچوونەکانیشـی ئامادەبـوو خـۆی بخاتـە بـەر ئـازار و جەلادەکانـی زیندانـەکان، ژیانـی غەریبـی و دووڕە وڵاتـی هەڵبژێرێـت، لـەدووڕەوە بـە چاوێکـی ڕەخنەگرانـەوە سـەیری وڵاتـە جوانەکـەی بـکات. دواتریـش دەبێتـە سـەرمەشـقێکی بـاش بـۆ بیرمەنـد و فەیلەسـوف و نووسـەرانی پـاش خۆیـی و شـوێن پێـی ئـەو هەڵدەگـرن.

دیـارە قسـەکردن لەبـارەی فەیلەسـوفێکی مەزنـی وەکـو ڤۆلتێـر زۆری دەوێـت، گـەر بـە پڕکردنـەوەی سـەدان لاپـەڕەش، هێشـتا ناتوانیـن بـە تەواوەتـی وێنەیەکـی پڕواپـڕ بـەم فەیلەسـوفە مەزنـە بدەیـن.

١٤٠ www.bk-luebeck.eu/zitate-voltaire

سەرچاوەکانی فەلسەفەی دەیڤید هیوم

ئاوس حەسەن[١٤١]

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مەعریفە یەکێتی نێوان «خودیی و بابەتیی بوون»ە. مەبەستمان لە چەمکی «خودێتی» هۆش و فکر و هەموو شتێکە کە پەیوەندیی بە بوونمانەوە هەیە. گەرچی بابەتیی بوون، هەموو شتێک دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی خودی مرۆڤدایە، کە ئەمەش لە رێگەی هەستەکان و ئەزموونەوە درکی پێدەکەین. هەرئەمەش وایکرد کە بەشێکی زۆری فەیلەسوفان خۆیان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی خودیی و پەیوەندیی بە بابەتیی بوونەوەخەریک بکەن، لەوانەش فەیلەسوفە عەقڵانییەکان و ئەزموونگەراییەکان لە پێشەنگەکانیشیان فرانسیس بیکۆن و جۆن لوک، بەلای ئەم فەیلەسوفانەوە، عەقڵ دەبێتە چەقی گرنگیپێدان و بیرکردنەوەیان.

رینە دیکارت کە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن دادەنرێت، پێی وابوو کە عەقڵی پەتی، کۆمەڵێک فکری خۆبەخۆی تێدایە، کە لە رێگەی ئەوانەوە دەتوانین بە هەقیقەتی شتەکان بگەین، ئەمەش لە رێگەی کۆمەڵێک هەنگاوی وەکو شرۆڤەکردن و بەڵگەهێنانەوەو تێڕامان و هەستکردنەوە، ئەم هەنگاوانەش هەموویان زانستین و دەچنە ناو میتۆدی بیرکردنەوەی ماتماتیکییەوە. بەڵام جۆن لۆک پێی وابوو کە سەرچاوەی مەعریفە، ئەزمون و هەستپێکردنە، عەقڵیش گوزارشت لە تابلۆیەکی بەتاڵ دەکات، کە ئێمە ئەزموون و هزرەکانمانی تێدا هەڵدەگرین.

---

١٤١ اوس حسن. مصادر فلسفة ديفيد هيوم. سايتى الاوان.

هزری ئاسان و هزری ئاڵۆز

لەلایەکی تـرەوە جـۆن لـوک هزرەکانـی بـۆ دوو بـەش دابەشـکرد کـە ئەوانیـش: هـزری ئاسـان و سـاکار، هـزری ئاڵـۆز.

هـزری ئاسـان بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ لـە شـتەکانەوە دەسـتمان دەکەوێـت، ئـەوەش لـە ڕێگـەی هەسـتەکانەوە، بـۆ نموونـە، ڕەنگـەکان، چێژکردن بـە شـیرینی و مـزری شـتەکان. هـزری ئاڵـۆز، ئـەو هزرانـەی کـە لـە ڕێگـەی هەسـتی ناوخۆییـەوە دەسـتمان دەکەوێـت وەکـو هەسـتکردن بـە تـرس، ئـازار، خۆشـیی. لەلایەکـی تـرەوە جـۆن لـوک پێـی وابـوو کـە هەمـوو شـتەکان کۆمەڵێـک سـیمای گشـتی هاوبەشـیان هەیـە لەوانـە : شـێواز، تۆکمەیـی، بەردەوامـی.

دواتـر بۆچوونەکانـی لـوک لـە بـارەی هەسـتکردن و ئەزمـوون، دەبنـە کلیلـی بیرکردنـەوە بـۆ دەیقیـد هیـوم و فەلسـەفەکەی کـە زیاتـر گرنگـی بـە هـزر و هۆشـی مـرۆڤ دەدات.

نەخشەی هۆش و سنووورداریی زانینی مرۆڤایەتی

دەیقیـد هیـوم «لـە سـاڵی ١٧١١ لەدایـک بـووەو لەسـاڵی ١٧٧٦ کۆچـی دوایـی کـردووە» بـە شـێخی ئەزموونگـەراکان و گومانکـەرەکان دادەنرێـت، ئـەو فەلسـەفەی خۆرئاوایـی لەسـەردەمی رۆشـنگەرییدا بەسـەر یـەک قڵپکـردەوە، عەقڵـی لـە عەرشـی پیرۆزیـی خـۆی هێنایـە خـوارەوە، بەمـەش توانـی لەیـەک کاتدا گورزێکـی کوشـندەو یەکلاکـەرەوە لـە ڕەوتـی میتافیزیکییـەکان و ماتریاڵیسـتەکان بوەشـێنێت.

فەلسـەفەی هیـوم خـۆی لـە هەڵوەشـانەوەو ڕەخنەگرتـن لـە زیهنـی مـرۆڤ چڕکردەوە، ئەمیش بـووە سـەرچاوەیەک بـۆ ئـەوەی ئیمانویل کانتی فەیلەسـوفی ئەڵمانـی، ڕەخنـە لـە عەقڵـی پەتـی بگرێـت، هەروەکوخۆشـی

دەڵێت: دەیڤید هیوم لە بەردەوامبوون لە فکری دۆگماتیکی رزگاری کردم.

مەعریفە لای هیوم

مەعریفە لای هیوم بەبێ زیادکردنی عەقڵ، گوزارشت لە سەرچاوە هەستەپێشبینیکراوەکان دەکات، کە ئەوانیش بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

١/ ئینتیباعکردن لە شتێک کە ئەویش لە هەست و سۆزەکانمان سەرچاوە دەگرێت لەبارەی شتێکەوە کەیەکەمجار هەستیپێدەکەین، وەکو هەستکردن بە چێژ، یان ئازار، یان ترس.

٢/ هزرەکان، ئەمانیش فۆتۆکۆپییەکی خراپی ئینتیباعەکانمان کە سەرچاوەی ئەمانیش «زاکیرە، یادگە» ئەمانەش بەشێوەیەکی لاوازو خراپ ئینتیباعەکانمان ئامادە دەکەن، لەدەرئەنجامی ئەمەشدا سۆزەکانمان دەردەکەون لەوانە خۆشەویستی یان رق لێبوونەوە لە کەسێک.

هیوم پێی وایە کە هەموو هزرێک لە زیهنی مرۆڤدا، ئینتیباعە هەستییەکانن و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، درکە هزرییە لاوەکییەکان لە دەرئەنجامی هزرەکانمان دروست دەبن. هزرەکانیش دوو جۆرن : ئاسان و ئاڵۆزەکان. هزری ئاسان، فۆتۆکۆپییەکە لە درکە ئاسانەکانمان، هزرە ئاڵۆزەکانیش، تێکەڵەیەکەن لە رەگەزەکانی هزرە ئاسانەکان، کە لە درکە یەکەمییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.

بۆ نموونە بۆچوونم لەبارەی رەنگی سوورەوە، لە یەکەم ئینتیباعەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها بۆچوونمان لەبارەی چێژی لیمۆی ترش، لەیەکەمین ئینتیباعمان لە چێژی لیمۆوە بۆ دەرکەوتووە. بەمشێوەیەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیهان لای هیوم گوزارشت لە هەست و ئەزمون دەکات، کە دواتر دەگۆڕێت بۆ ئینتیباع، پاشانیش وەکو هزرێک لە زیهنماندا خۆی جێگیر دەکات، هەر ئەمیش هەڵسووکەوت و سۆزو هەڵچوونەکانمان لە ژیاندا ئاڕاستە دەکات.

بۆ نموونە: کەسی نابینا ناتوانێت فکرەیەکی لەبارەی رووناکیی و رەنگەکان هەبێت، ئیتر ئێمە چەندیش لەگەڵیدا خەریک بین و باسی رووناکیی و رەنگی بۆ بکەین، ئەو ناتوانێت هەستی پێ بکات. بەهەمانشێوەش ئەگەر کەسێک نەبیستێت، زۆر زەحمەتە بتوانیت باسی سیمای دەنگەکانی بۆ بکەیت و بۆی شیبکەیتەوە چۆنن.

باشە گەر ئێمە وامان دانا کە هەموو هزرەکان سەرچاوەیان لە ئینتیباعی هەستییەوە سەرچاوە دەگرێت وەکو هیوم دەڵێت، بەڵام ئایا چی بڵێین لەبارەی ئەو هزرانەی کە پشت بە ئەزموون یان هەستەکان دەبەستێت، بۆ نموونە کاتێک ئێمە باسی چیاییەکی ئاڵتونی یان ئەسپێکی باڵدار دەکەین.؟

هیوم پێی وایە ئەو هزرانەی کە عەقڵمان دروستی دەکات، لەبنەڕەتدا هزری ئاسان بوون ئەمانیش لە یەکەم ئینتیباعمانەوە بۆ شتەکان دروست بوون، ئەم هزرانەش لە عەقڵماندا دووبارە زاکیرەمان ئامادەیان دەکاتەوەو دەیانخاتەوە ناو ئاوەزمان، هەموو هزرێکیش کە لە ئاوەزماندا دروست دەبێت کۆمەڵێک رەگەزی واقعیی و هەستی لە زیهنماندا هەیە، بۆ نموونە بۆچوونمان لەبارەی چیاییەکی ئاڵتونی، لە دوو فکری چڕ دروستبووە کە ئەوانیش: چیا+ ئاڵتون.

ئەگەر وامان دانا کە ئەو بۆچوونە ئامادەکراوەی زاکیرەمان بریتی بووبێت لە «ج»، ئەمیش دەرئەنجامی «أ+ب» دروستبووە، چونکە «أ+ب» یەکدەگرن پەیوەندییەکی ئاڵۆز دروست دەکەن کە دەبێتە هۆی دروستبوونی فکرەی «ج «.

هەربۆیە عەقڵی مرۆڤ لەرێگەی پاڵنەری غەریزییەوە دەجوولێت و ئاڕاستە وەردەگرێت، بۆئەوەی جیهانێک لە وێنەی رێکخراو ڕێژەیی، لە هزرە سادەو ساکارەکان دروست بکات.

هۆکاری دروستبوونی هزرەکان

هیوم پێی وایە کە هزرەکان لە زیهنی مرۆڤدا، دەبنە هۆکار و راکێشانی یەکتر و جۆرە پەیوەندییەکی پتەو ئاڵۆز سەبەبکاریی لەنێوان خۆیاندا دروست دەکەن. هیوام پێی وایە کە ئێمە هەست بە شێوازی کارکردنی عەقڵی مرۆڤ ناکەین، بەڵام ئێمە لەپاش مومارەسەکردنێکی زۆر، ئینجا هەستی پێدەکەین.

لەیەکچوون

هەموو هزرێک تەواوکەری هزرێکی تر‌ە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی زنجیرەک لە هزری جیاواز، بۆ نموونە، کاتێک کەسێکی بێگانە دەبینم، هەست دەکەم، کە لە کەسێکی نزیک و خۆشەویستم دەچێت، کە ماوەیەکی زۆرە مردووە. من لەو کاتەدا کۆمەڵێک یادەوەرییم لەگەڵ ئەو کەسەدا دێتەوە یاد، تەواوی رووداوەکان کە پێکەوە بووین، هەموو ئەو شوێنانەی کە پێکەوە سەردانمان کردووە، زۆر شتی تریش.

خوولانەوە لەناو شوێن و کاتدا

ئەگەر هزرێک دەستەخوشکێکی هاوشێوەی خۆی بێنێتەوە یاد، ئەوا بەهەمانشێوە کاتەکەش دێتەوە یادی. بۆ نموونە کاتێک هاوڕێیەکی مردووم بیردەکەوێتەوە، ئەو کاتەم بیردەکەوێتە کە کەی بوو جەنگ رووید‌ا، هەروەها ئەو ئازارانەشم دێتەوە یاد، کە یەکەمجار هەواڵی مەرگی ئەو هاوڕێیەم بیست و هەڵوێست و کاردانەوەکانم لەو کاتەدا چۆن بووە، کە لە جەنگدا ئەو هاوڕێیەم کوژراوە.

پڕەنسیبی هۆکارگەل لای هیوم

ئوولفەتگرتن(خووگرتن) بەشتێکەوە دەبێتە رابەرێکی گەورە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، ئەوە پڕەنسیبێکە کە وا دەکات ئەزموون سوودی هەبێت بۆمان، هەرئەویش وامان لێدەکات کە پێشبینی زنجیرەیەک رووداو بکەین کە لە داهاتوودا رووبدەن و هاوشێوەی ئەوانەش لەرابردوودا دیومانە یان رووبانداوە.

چەمکی «سببیة، هۆکارگەل» یەکێکە لە گرنگترین و سەرەکیترین چەمکی فکری، کە هیوم باسیکردوون لە کتێبی «پەیامێک لە سروشتی مرۆڤایەتییەوە» لەو کتێبەدا هیوم رووبەڕووی دەکاتەوە کە سەبەبیەت، ژیانمان رێکدەخات و بەرکەوتمان بەرامبەر بە واقع دیاریی دەکات و هەر لەرێگەی ئەویشەوە دەتوانین تەفسیرێکی عەقڵانیی و لۆژیکی بۆ رووداوەکان بکەین.

راستە هیوم لەهەندێک شوێندا چەمکی سەببیەت «هۆکارگەلێ» رەتکردەوە، بەڵام بە تەواوەتی نکوڵی لێنەکرت بەتایبەتی لە سروشتدا، بەڵکو ئەو دژی ئەوەبوو کە بکرێتە زەرورەتێکی عەقڵی.

هیوام پێی وایە کە سەبەبییەت عادەتێکی عەقڵییە کە لە دووبارە بوونەوەو خووپێوەگرتنەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر رووداوی «ا» ببینین و نەزانین هۆکارەکەی چییە، یەکسەر دەڵێین هۆکارەکەی «ب»، ئەمەش چونکە ئێمە چەندینجار تێبینیمان کردووە کاتێک رووداوی «ا» دروست بێت، راست «ب» ی بەدوادا دێت.

لەمەشدا هیوم لە کتێبی «پەیامێک لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە» هاتووە، ئەمەی بە تۆپی بلیارد شوبهاندووە، کاتێک بەر تۆپێکی تر دەکەوێت و ئەوی تر دەجوولێنێت. ئەو دەڵێت: ئێمە تەنها ئەو هێزە دەبینین کە لە تۆپەکەوە دەردەچێت و خۆی بە تۆپەکەی تردا دەدات و دەیجوولێنێت. ئەوەی ئێمە دەیبینین پەیوەندیی پتەو و لێکئاڵانی ئەم

دوو شتەیە.

بۆ نموونە ئێمە زۆرجار دەبینین کە کاتێک ئاگرێک دەکەوێتەوە، یەکسەر لەپاش ئاگرەکە پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە، یان کاتێک وەرەقەیەک لە ئاگرێک نزیک بێتەوە، یەکسەر دەسووتێت. لەم دووبارەبوونەوەیە، جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو فکرەیە دروست دەبێت، بەجۆرێک لەکاتی دەرکەوتنی یەکەمیاندا، راست دەبێتەهۆی دەرکەوتنی دووەمیان، لەبەرئەوە دووبارەبوونەوە یان خووپێوەگرتن بە شتێک، لە زیهنی خۆماندا دروستبووەو بۆتە خوویەکی عەقڵمان.

هەربۆیە هیوم پێی وایە کە پڕەنسیبی هۆکارگەلی، خۆی لەخۆیدا سیمای شتێک نییە، بەڵکو هەمیشە لە ئەزمونی مرۆڤایەتی و هەستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.لەبەرئەوە مەسەلەکە پەیوەندیی بە چاودێرییکردنی رووداوەکان و نزیکبوونەوە لێیانەوە هەیە، بەهۆکارەکان دەڵێت کاریگەر، بە دەرئەنجامەکانیش دەڵێت کارلێکردوو.

زانستی پزیشکی سوودی زۆری لە تیۆرییەکانی هیوم و بۆچوونەکانی لەبارەی پڕەنسیبی سەببیەت وەرگرتووە، بەتایبەتی لەبارەی دیارییکردنی نەخۆشییەکان، هەندێک نەخۆشی هەیە لەرێگەی بۆماوەییەوە تووشمان دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ رۆڵێکی هەبێت لە دروستکردن و پەیدابوونیان لە لەشماندا، بۆ نموونە نەخۆشی شەکرە و ژێرپەنچە.

عەقڵگەرایی

فرانسیس بیکۆن دامەزرێنەری رەوتی ئەزمونگەرییە لە فەلسەفەدا، لە کتێبە ناسراوەکەیدا «ئۆرگانونی نوێ» دا، داوایکرد کە عەقڵ پێشئەوەی خۆی بخاتە ناو هەر ئەزمونێکەوە لە جیهانی دەرەکیی، پێویستە خۆی لە چوار وەهم رزگار بکات.

ئەو چوار وەهمانەش، ئەمانەی خوارەوەن:

١-وەهمی خێڵ

بریتییە لە تێڕوانینی خودیی بۆ «شڕۆڤەکردن و شیکردنەوەی» دیاردە سروشتییەکان و رووداوەکان و بەستنەوەشیان بە هۆکارو ئامانجەکانەوە، لە روانگەی شەخسییەوە.

٢-وەهمی ئەشکەوت

هەموو ئەو نەریت و خووڕەوشتانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ بە میراتی بۆی دەمێنێتەوەو ژینگەو کۆمەڵگە بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێت و کار دەکاتە سەر فکرو بۆچوونەکانی.

٣-وەهمی بازاڕ

ئەو زمانە باوە دەگرێتەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک بۆچوونی پێشوەختە و فکری ناواقعی دەبینێتەوە، بۆ نموونە زۆر وتەو بۆچوونی باو هەیە کە رۆژانە لەلایەن خەڵکییەوە بەکاردێت، گوزارشت لە کۆمەڵێک بابەتی وەهمی دەکات و دووڕە لە هەموو دیقەت و راستییەکەوەو بەدەریشە لە ڕەخنە، یان سەرو ڕەخنەیە.

٤-وەهمی شانۆ

ئەمەیش ئەو بۆچوون و مەزهەبانە دەگرێتەوە کە مرۆڤی ئاسایی لە خەڵکە ناسراو بیرمەندەکانی پێشوو وەریگرتووە، ئەمانەش تاماوەیەکی زۆر بەسەر زیهنی مرۆڤدا بۆ ماوەیەکی زۆر زاڵن، بەبێ ئەوەی مرۆڤ بێت ئەم بۆچوونانە بخاتە ژێرپرسیار و لە راستی و دروستی ئەم فکرو بۆچوونانە بکۆڵێتەوە.

ئەگەر ئەزموونگەراکان و هەستییەکان، لە عەقڵ و پەیوەندیی بە جیهانی دەرەوەو ڕێگەی لەدایکبوونی هزرەکانیان دەکۆڵیەوە، ئەوا فەیلەسوفە مۆدێرنەکان لەپێش هەموویانەوە فەلسەفە شڕۆڤەکارییەکانی لە نموونەی فەیلەسوفی ئینگلیزی بێرتراند راسڵ، لەبارەی شتەکان و هەبووەکانیان دەکۆڵییەوەو وەکو واقعێکی سەربەخۆ لە هۆشیاریی و زیهن دایاندەنان، وەکو زانیارییە هەستییەکانیش پۆلێنیان کردوون.

بیرتراند راسڵ پێڕەویی پڕەنسیبی فرە جیهانی دەکرد و دژی پڕەنسیبی یەک گەردوون بوو لە کۆمەڵێک لقی جیاواز، بەمانایەکی تر ئەو دژی ئەوەبوو کە جیهان تەنها لە یەک سەرچاوە دروست بووبێت، بەڵکە بەلای راسڵەوە جیهان گوزارشت لە کۆمەڵێک هەقیقەت و بابەت و رووداوی بێ کۆتایی دەکات. دەشتوانین شرۆڤەی جیهان بکەین لە ڕێگەی شیکردنەوەی مەسەلە ئاڵۆزەکان بۆ ئاسانترەکان، ئەوەش لەڕێگەی میتۆدی ماتماتیکییەوە. ئەویش ڕێگەی ئاسانکردن و ئامادەکردنی بۆ ساکارترین ڕەگەز کە ناتوانرێت شیبکرێتەوە. چونکە جیهان لە کۆمەڵێک گەردیلە دروست بووە، بەڵام گەردیلەی لۆجیکی نەک فیزیایی.

دوو جۆر مەعریفە

راسڵ مەعریفە دەکات بە دوو بەشەوە: مەعریفەی راستەوخۆ، ئەویش ئەو مەعریفەیەی کە راستەوخۆ لە سۆز و ئیدراکی هەستییەوە دێت بەبێ هیچ وەسیت و وشەیەک.

مەعریفەی دووەمیش، مەعریفەی ناڕاستەوخۆیە، زۆرجاریش بە مەعریفەی وەسفی دادەنرێت، ئەمیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەم مەعریفەیەش پشت بە پێکهاتەکانی عەقڵ دەبەستێت، وەکو خەیاڵات و یادگە و ڕێگەی بەڵگەناندن.

لە دەرئەنجامی پێشوومانداا دەگەینە ئەوەی کە هەست و ئەزموون، هەردووکیان مەرجی سەرەکی و حەتمین بۆ سەرهەڵدانی مەعریفە لە ناو زیهندا، بەپشتبەستنیش بەوان، هزرەکان لەدایک دەبن. لێرەدا خوێنەر پرسیار دەکات و دەڵێت: ئەگەر هەموو فکرێکی ئاسان یان ئاڵۆز، سەرچاوەکەی ئینتیباعی هەستی یەکەم بێت، هەروەها مەعریفەکانیشمان سەرچاوەکەی ئەزموون بێت، کەواتە چۆن سەلماندن بۆ هاوکێشەی ٢+٢=٤ یان هاوکێشەی گۆشە سێگۆشەییەکان ١٨٠ پلە دەکات ؟

ئەرستۆ کە دامەزرێنەری زانستی لۆجیکە لە یەکێک لە دیالۆگەکانیدا دەڵێت: هەرکەسێک بیەوێت سەلماندن بۆ هەقیقەتێکی ئاشکرا بوو بکات، رێک وەکو ئەو کەسەیە کە دەیەوێت بوونی خۆر لەرێگەی چرایەکەوە ئاشکرا بکات.

بەڵام هیوم پێی وایە کە ئەم هزرانە کۆمەڵێک هزری سەربەخۆن و لەناو زیهندا و هیچ بوونێکی سەربەخۆیان لە ئەرزی واقعیدا نییە، بگرە تەنها لەناو زیهنی خۆماندا بوونیان هەیە، هەربۆیە ئەو ئەم حاڵەتە ناودەنێت «بەڵگەی یەقیینی» چونکە پێی وایە، تەنها لەم رێگەیەوە دەتوانین وێنەی ئەو هزرانە بکێشین، دەنا لەرێگەی ترەوە ناتوانین. هەرئەمەش وایکردووە کە هیوم پڕەنسیبی «نا جیاوازی» دروست بکات، ئەمەش ئەو پێوەرەیە کە پشتڕاستکردنەوەی هەر شتێک خۆی لە یەقیندا دەبینێتەوە و دژەکەشی موستەحیلە.

بەڵام بۆ ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندییان بە زانستی سروشتییەوە هەیە، ئەو ناوی لێناون مەسەلە ئەزموونگەرییەکان، ئەم جۆرە مەسەلانەش ناتوانین بە یەقینی قسەیان لەبارەوە بکەین، چونکە لە ناخیاندا دژەکەشی هەڵدەگرێت، ئەمانەش تەنها لەرێگەی سەلماندنی ئەزموونگەرییەوە دەتوانین لە راستیی و هەڵەیان بکۆڵینەوە. چونکە ئەم جۆرە مەسەلانە، ناتوانین یەقین بین بەشێوەیەکی کۆتاییی، مادام ئێمە دەتوانین کە وێنەی دژەکانیان بکەین، ئیتر هیچ پێویست ناکات بکەوینە ناو نامەعقوڵیەتەوە.

بۆ نموونە ئێمە زۆرجار ئەوە دەبینین کە کاتێک وەرەقەیەک بەر پریشکی ئاگرێک بکەوێت، یەکسەر دەسووتێت، ئەمەش بۆتە نەریت و یەقینێکی تەواو لە زیهنماندا، بەڵام هیوم پێی وایە ئەگەر لە حاڵەتێکدا وەرەقەکەش نەسووتێت، ئاساییە یان رێی تێدەچێت، لەمەشەدا لە کتێبی «پەیامێک لەبارەی سروشتی مرۆڤەوە «نموونەیەک لەبارەی خۆرهەڵهاتن و کۆمەڵێک مەسەلەی یەقینی تر دەهێنێتەوە کە دواجار بەرەو دژیەکی هەنگاو دەنێن.

ئەو پێی وایە هەموو مەسەلەکانی عەقڵی مرۆڤ، دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر. پەیوەندیی فک رو واقع، لەوانە زانستەکانی ئەندازیاریی و جەبر و ژمێریاریی، بە واتایەکەی تر هەموو شتێک کە دەکرێت یەقینی بێت ئەوەش لەرێگەی هەستپێکردن و سەلماندنی بەڵگەییەوە.

بەڵام جۆرەکەی تر لە مەسەلەکانی عەقڵی مرۆڤ، ناتوانین بەهەمانشێوەی پێشوو، سەلماندنی راستی بۆ بکەین، کاتک دەڵێین خۆر سبەی هەڵنایەت، ئەمە هیچ نامەعقوڵیی تێدایە نییە هێندەی ئەوەی کە ئێمە سووربین لەسەر ئەوەی هەربڵێین «سبەی هەر خۆر هەڵدێت»

هیوم هەروەک چۆن دژی یەقین دەوەستێتەوە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دیاردەکان دروست دەبێت، کە دەکرێت دژێک لەناخیاندا هەڵبگرێت، لەهەمانکاتیشدا دژی هەموو ئەو مەسەلانە دەوەستێتەوە کە پەیوەندییان بە لاهوت و غەیبیاتەوە هەیە و پێی وایە، هەموو ئەمانە دەچنە قاڵبی سەفستە و کۆمەڵێک هزری خەیاڵییەوە. ئەو پێی وایە ئەگەر بۆ نموونە مەسەلەی «آ» بوونێکی هەبێت، ئەوا یان دەبێت راست بێت یان درۆ، بەبێ ئەم پێوەرە هیچ بوونی نییە، چونکە دووڕە ئیدراکی هەستیی و ئەزموونەوە.

هیوم و زانستی دەروونشیکاری ئەزموونگەریی

هیوم تەنها بە ڕەتکردنەوەی مەسەلەی ئایین و لاهوت نەوەستایەوە، بەڵکو پەلیشی بۆ فەلسەفە هاویشت و نیگەران بوو لەو حاڵەتەی کە هەندێک فەیلەسوف تێیدا بوون کە خۆیان رادەستی ئەوهامی عەقڵ کردبوو، خۆیان نغرۆکردبوو لە قسەکردن لەبارەی کۆمەڵێک شت کە مرۆڤ نەدەیانبینێت و نە هەستیشیان پێدەکات، بۆ نموونە پڕەنسیبی کرۆکی شتەکان، هیوم دژی ئەم پڕەنسیبە وەستایەوەو تەحەدای هەموو فەیلەسوفەکانی کرد، کە بتوانن لەرێگەی هەست و ئەزموونەوە درکی پێبکەن، بەپێی بۆچوونەکانی هیوم بێت، هەموو مەسەلەیەک کە بوونی

نەبێت، ناتوانیت سەلماندن بۆ راستیی و ناڕاستیی بکەین.

بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە دەروون و سایکۆلۆجیەتی مرۆڤیشەوە هەیە، هیوم پێی وایە کە «من» یان ناسنامەی کەسی تاک، هیچ بوونێکی نییە، بەڵگە ئەوەی هەیە بریتییە لە زنجیرەیەک لە هەستی پێشبینیکراو. ناسنامەی کەسێتی گوزارشت لە تەواوی ئینتیباعاتی یەکەمجارمان دەکات بۆ شتەکان و درککردنمان و بۆچوونی ئەوانی تر لەبارەی ئێمەوە. هەندێک شتیش هەیە کە لە نەریتەکانەوە دەستمانکەوتووە و رۆڵیان لە دروستکردنی ناسنامەی کەسیمان هەیە وەکو بیروباوەڕ و ئیمان و نەریتی گشتی و کۆمەڵێک ئەزموونی پێشتر کەلەناو زیهنماندا کۆپی بووە، بەپشت بەستنیش بەوان هزرەکانی ناخمان لەدایک دەبن کە کۆنترۆڵی هەڵسووکەوت و بۆچوونمان بۆ شتەکان و جیهانی دەوروبەرمان دەکەن.

زانستی سروشتی مرۆڤایەتی

هیوم ئاواتەخواز بوو کە زانستێکی نوێی سروشتی مرۆڤی دروست بکات، دەشیویست کە ئەم زانستە بکاتە بنەماو سەرچاوە بۆ هەموو زانستەکانی تر وەکو ماتماتیک و ئایین و ئەخلاق و زانستە سروشتییەکان، بەمەش دەیویست بگاتە دیقەتی زانستی تەواو کە زانستە سروشتییەکان لە بواری بابەت ئەخلاقییەکان پێیگەیشتوون. هەروەها لەرێگەی نزیکبوونەوەی لە میتۆدی ئەزموونگەریی لە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ناخی مرۆڤیی، دەیویست هەمان میتۆدی پزیشکی بەکاربهێنێت، کاتێک دکتۆرێک کاتێک سەیری جەستەی مرۆڤ دەکات و پێی وایە لە کۆمەڵێک رەگەز و دەمار و خان پێکدێت و هەموویان پێکەوە پێکهاتەکانی جەستە پێکدێنن.

هیوم بەچڕیی لێکۆڵینەوەی لەبارەی هەڵسووکەوتی مرۆڤ دەکرد و هەموو ئەو دەرئەنجامانەی دەخستەڕوو کە لە هەست و سۆزەکانەوە

سەرچاوە دەگرێت، ئەو پێی وابوو کە لێکۆڵینەوە لەبارەی پاڵنەری هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤەوە، بەدڵنیاییەوە لە کۆتاییدا بەرەو سۆز و هەڵچوونەکانمان دەبات.

هیوم پێی وابوو کە عەقڵ نابێتە هۆکاری هەڵسووکەوت و ناشبێتە سەنتەری ئیرادە و بڕیار، بەڵکە عەقڵ لای هیوم پادشایەک بوو کە خزمەتی هەڵچوون و هەستەکانی مرۆڤ دەکات. عەقڵی مرۆڤ هیچ سنووریکی ئەخلاقی نییە و هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان رەزیلەت و فەزیلەت یان چاکە و خراپە ناکات، تەنها بەپێی کاریگەریی نەبێت، کە مرۆڤ لە رووداوێک یان یەکێتی تر دەیکات. بەپێی ئەو پشکنینانەی کە بۆ ئەخلاقەکانی مرۆڤ کردوویەتی، هیوم پێی وابوو کە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی ویستێکی باش یان سۆزێکی باشن، بەڵام ئەخلاق شتێکی ڕێژەییە و مرۆڤ بەپێی بەرژەوەندیی خۆیی و سوود و زەرەری شتەکان دیاریی دەکات.

فەلسەفەکەی هیوم دەچێتە قاڵبی ئەزموونگەراییەوە، مرۆڤ وەکو کۆمەڵێک ئامێر و ئەرک سەیر دەکات، ئەو مرۆڤ لەهەموو ئەخلاقێکی باش و جوان و سۆزێکی پیرۆز دادەمالێت، لەهەمانکاتیشدا ئەو فەلسەفەی خۆی لەبەردەم مەسەلەی بوونی مرۆڤ لادەدات و بەکاری خۆی نازانێت. لەبارەی ماهیەتی مرۆڤیشەوە لە جیهان، هیوم پێی وابوو کە مرۆڤ گیانلبەرێکە کە هەمیشە بەدوای چێژدا دەگەڕێت، هەتابۆشی بکرێت خۆی لە ئازار بەدوور دەگرێت، تەنها بە دوای سوودو قازانجی خۆیدا دەگەڕێت.

فەلسەفەکەی هیوم کاریگەری گەورەی بەسەر فەیلەسوفانی بەرژوەندییخوازی دوای خۆی بەجێهێشتووە، لەسەروهەمووشیانەوە جێرمی بینتام، ئەو دێرێکی بەناوبانگیشی هەیە دەڵێت: کاتێک فەلسەفەی هیومم خوێندەوە، هەموو غەش و ساختەیەکی فکری، لەچاوم کەوتە خوارەوەو نەما.

ئارتور شۆپنهاوەر

یەکێک لە فەیلەسوفە ناسراوەکانی ئەڵمانیا ئارتور شۆپنهاوەرە. ئەم فەیلەسوفە لە رووی فکر و فەلسەفە و تێڕوانین بۆ مرۆڤ و ژیان و سروشت، تەواو لە فەیلەسوفانی سەردەمەکەی خۆی جیاوازە. هەروەها لە رووی نوسینیشەوە، لەوانی تر جیاوازە.

ئارتور شۆپنهاوەر لە ساڵی ١٧٨٨ لەدایک بووەو لەساڵی ١٨٦٠ کۆچی دواییکردووە. باوکی بازرگانێکی دەوڵەمەند بووە، دایکیشی لە بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و نەجیبزادە بووە، پاشتریش دایکی ساڵۆنێکی ئەدەبی دەبێت و یەکێکشە لە ژنە نووسەرەکانی سەدەی هەژدە، پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی نووسەرانی ئەڵمانیا هەبووە، بەتایبەتی شاعیری ناسراوی ئەڵمانی، گۆتە. بەڵام پەیوەندییەکی زۆر خراپی لەگەڵ شۆپنهاوەری کوڕی دەبێت، ئەمەش دەبێتە گرێیەکی دەروونی گەورە بۆ ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانییە.

شۆپنهاوەر بە یەکێک لە فەیلەسوفە مەزنەکانی ئەڵمانیا و جیهان دادەنرێت و کاریگەری گەورەی بەسەر فکر و فەلسەفەی جیهان هەبووەو بەشێکی زۆری فەیلەسوفانی پاش خۆی، بە مامۆستای خۆیان زانیوە، بەتایبەتی نیتچە خوێندکارێکی شۆپنهاوەر بووەو زۆر شتی لە فکری ئەو وەرگرتووە. شۆپنهاوەر بەوە ناسراوە کە باوەڕێکی تەواوی بە «ئیرادە» ی مرۆڤ هەبووە هەر ئەویشی بەسەرچاوەی سەرەکی مرۆڤ داناوە، ئەمەش بەروونی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «Die Welt als Wille und Vorstellung » کە ساڵی١٨١٩ نووسیویەتی، بە باشی دەردەکەوێت.

دیارە جگە لە ئیرادە، شۆپنهاوەر قسەی زۆری هەبووە لەبارەی ژیان

و مرۆڤ و دەروبەرەوە، ئەمەش بەرووبی لە کتێبی «حیکمەتی ژیان[١٤٢] «بە باشی دەردەکەوێت. هەربۆیە پێمباشبوو لە رێگەی باسکردنی ئەم کتێبەوە، کۆمەڵێک بۆچوونی ئەم کەڵە فەیلەسوفەی ئەڵمانیا و جیهان بۆ خوێنەری کوردی بخەمە ڕوو.

حیکمەتی ژیان

هەرچەندە شۆپنهاوەر بەوە ناسراوە کە هەڵگری بیرێکی ڕەشبینە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان و دەروبەر، بەڵام لەم کتێبەیەدا باسی حیکمەتی ژیان دەکات، زەحمەتیشە مرۆڤ حیکمەتی ژیان لە کەسێکی ڕەشبینەوە فێر بێت، بەڵام شۆپنهاوەر لەم کتێبەیدا کۆمەڵێک تەوەری گرنگی ژیانی وروژاندووە لەوانە «بەختەوەریی، بەدبەختی، لوتبەرزی، پلەو پۆست، کەسایەتی مرۆڤ» هەربۆیە خوێندنەوەی ئەم کتێبە چێژبەخشە و سوودی هەیە بۆ تێگەیشتن لەحیکمەتی ژیان.

خۆشبەختی یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە، قسەکردنە لە بارەی خۆشبەختی لای مرۆڤ، شۆپنهاوەر پێی وایە پێش هەموو شتێک خۆشبەختی مرۆڤ لە ناخی خۆیەوەیەتی و لە دەرەوە دەستی ناکەوێت. لەمبارەیەوە دەڵێت:

_ ڕاستییەکەی فاکتەری هەموو ژیانێکی مرۆڤ، ئەو شتەیە کەلە ناخی ئەودایە یان لەبوونی ئەودایە، ل

شۆپنهاوەر زۆر جەخت لەسەر بڕوابوون بە بوونی خۆت یان خودناسی دەکاتەوەو بە سەرچاوەی هەموو خۆشبەختیی و بەدبەختی مرۆڤیشی دادەنێت. لەمبارەیەوە دەڵێت:

_ بەدڵنیاییەوە سەرەکیترین فاکتەری خۆشبەتی ئێمە لە ژیانی خۆماندا بریتییە لەوەی کە هەین، واتە کەسێتیمان، چونکە هەمیشە و لە

---

١٤٢ ئارسەر شۆپنهاوەر. حیکمەتی ژیان. وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی. چاپی دووەم. لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون. ٢٠١٩

هەموو بارودۆخێکدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە.

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر جەختی لێدەکاتەوە، مەسەلەی رازیبوون بە بەشی خۆتە لە ژیاندا، ئەو ئەمە بەسەرچاوەی خۆشبەختی دادەنێت. لەمبارەیەوە دەڵێت:

_ کەسایەتی هاوسنەگ دەتوانێت لە بارودۆخی ناخۆشیشدا دڵخۆش بێت، بەپێچەوانەوە مرۆڤی چاوچنۆک و ئێرەییبەر و ڕقن، تەنانەت ئەگەر دەوڵمەندترین مرۆڤی سەرزەمینش بێت، ناتوانێت خۆشبەخت بێت، هەر کۆڵ و داماوە.

لەشساخی سەرچاوەی بەختەوەری

نووسەر زۆرجەخت لەسەر لەشساخی دەکاتەوە، پێی وایە سەرچاوەی سەرەکی هەموو خۆشبەختییەکی مرۆڤ، پێش هەموو شتێک لەشساخییە. هەربۆیە دەڵێت:

_ نەوەد لەسەت، بەختەوەریمان پەیوەستە بەلەشساخیمانەوە، لەشساخی هەموو شتێکە و سەرچاوەی هەموو چێژ و خۆشییەکە، بەبێ لەشساخی، هیچ بەخششێکی دەرەکی نییە چێژبەخش بێت، ل٣٦

_دەتوانین بڵێین هەژارێکی دەستکورتی لەشساخ، زۆر لە پاشایەکی نەخۆش بەختەوەرترە. ل ١٩

سەربەخۆیی دارایی و بەختەوەری

جگە لە لەشساخی، شۆپنهاوەر باسی خاڵێکی گرنگی تری خۆشبەختی مرۆڤ دەکات کە ئەویش، بوونی سامانێکی کەمە کە بتوانێت سەربەخۆیی داراییت هەبێت، ئەمەش بە فاکتەری بەختەوەری دادەنێت.

_ گومانی تێدانییە کە هیچ شتێک هێندەی سەروەتی کەم و لەشساخی زۆر، مایەی شادی نین، بەدبەختیی هەروەک خۆشبەختی

دەبێتە تەوەری سەرەکی ئەم کتێبە، لەبەرامبەریشدا نووسەر باس لە دوژمنەکەی بەختەوەری دەکات کە ئەویش بەدبەختییە. لەمبارەیەوە شۆپنهاوەر دەڵێت:

_ نیگایەکی گشتی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە دوو دوژمنی بەختەوەری مرۆڤ بریتییە لە: ژان و وەڕەسیی.

دواتر قسەی زیاتر لەمبارەیەوە دەکات و مەبەستەکانی روون دەکاتەوەو دەڵێت:

_ هەژاریی و نەداری، ژان و ڕەنجیان لێدەکەوێتەوە، لەکاتێکدا مرۆڤ زیاد لە پێویست لە دۆخێکی خۆشگوزەراندا بژی، ئەوە بێزاریی و وەڕەسی لێدەکەوێتەوە. لەم سۆنگەیەوە، مادام چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە لە ململانێییەکی نەبڕاوەدان لەگەڵ پێویستی و ژان و دەستکورتیدا، ئەوە چینە دەوڵەمەندەکان، ململانێیان لەگەڵ وەڕەسیدایە.

واتە ئەو پێی وایە چینی هەژار بەهۆی سەختی ژیانیەوە ناتوانێت خۆشبەخت و ئاسودە بژی، لەهەمانکاتیشدا چینی دەوڵەمەند بەهۆی بێکاریی و بوونی کاتی زۆر و وەڕەسی، ئەویش ناتوانێت خۆشبەخت بێت.

بلیمەتیی و ڕەشبینی

وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، شۆپنهاوەر بەوە ناسراوە کەسێکی ڕەشبین بووە و گەشبینی لە مەزهەبیدا نەبووە. بگرە ئەو پێی وایە ڕەشبینی شتێکی باشە، چونکە زۆربەی بلیمەتەکان، ڕەشبین بوون. ئەو پێی وایە مرۆڤی بلیمەت ئەو کەسەیە کە هێزە دەماریی یا هەستیارەکانی زۆر بالاّبن. دواتر هانا بۆ وتەیەکی ئەرستۆ دەبات بۆ شیکردنەوەی ئەم قسەیەی و دەڵێت:

_ ئەو تێبینەی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی مرۆڤە پایەدارەکان مرۆڤگەلی خەمۆکین زۆر ڕاستە. «ئەو مرۆڤانەی لە فەلسەفە یا هونەر

یـا سیاسـەت یـا شـیعر دیـار و بەرچـاون، مرۆڤگەلـی ڕەشـبینن، هەمـوو بلیمەتـەکان ڕەشـبینن.

دیارە ئەم بۆچونەشی مایەی سەرنجە دوایی قسەی لێوە دەکەم.

گرنگی کات لای کەسی بلیمەت و گەمژە

شـۆپنهاوەر پانتاییەکـی باشـی بـۆ قسـەکردن لەبـارەی کاتـەوە دانـاوە، هەروەهـا باسـی گرنگـی کاتـی لای کەسـانی بلیمـەت و کەسـی ئاسـایی کردووە، چۆن هەردووکیان دوو ڕوانگەی جیاوازیـان بـۆ مەسـەلەی کات هەیـە. ئـەو لەمبارەیـەوە دەڵێت:

-خەڵکـی ئاسـایی هەمیشـە خەمـی ئەوەیەتـی چـۆن کاتەکانـی خـۆی بەسـەر بەرێـت، بـەڵام مرۆڤـی بلیمـەت خەمـی ئەوەیەتـی چـۆن سـوود لەکاتەکانـی وەربگرێـت.

پاشان دەڵێت:

_ هـۆکاری ئـەوەی بۆچـی هەمیشـە کەسـانی کەمهـۆش هەمیشـە وەڕەس و نیگەرانـن ئەوەیـە، هیـچ شـتێکیان لـە مێشـکدا نییـە جگـە لـەو کەرەسـتانە نەبێ کـە هێزی ئیرادەیـان دەبزوێنێت، جـا بۆئـەوەی سـەرقاڵ بـن پێویسـتە شـتێکی دەرەکـی بـێ بیبزوێنێـت.

لەلایەکـی تـرەوە شـۆپنهاوەر زۆر دژی یارییەکانـی کات بەسـەربردن و جگـەرە کێشـانیش بـووە، ئەمـەی بـەکاری گەمـژەکان دانـاوە. لەمبارەیـەوە دەڵێت:

_ مرۆڤـی کەمهـۆش هیچـی دەسـتنەکەوێت خـۆی پێـوە سـەرقاڵ بـکا، دەچـێ جگـەرە دەکێشـێ وەکـو قەرەبوویـەک بـۆ ڕاهێنانـی و چالاکردنـی بیـر و مێشـکی.، ، لەبەرئـەوە دەبینیـن زۆرینـەی خەڵکـی ولاتـان خۆیـان بـە یـاری کاغەزێنـەوە سـەرقاڵ دەکـەن، ئەمـەش بـۆ خـۆی نیشـانەی بەهـای ئـەو خەڵکـە و ئیفلاسـی فیکـر و هۆشـیانە، چونکـە کاتێـک خەڵکـی بیـرو

هۆشـێکیان نییـه ئاڵوگـۆڕی پێـوه بکـه‌ن، ده‌چـن یـاری کاغـه‌ز ده‌کـه‌ن و هـه‌وڵ ده‌ده‌ن پـاره له‌یه‌کتـری ببنـه‌وه، ئـاه، چه‌نـده گه‌مـژه و گه‌لـۆن.ل ٤٧

نازانـم گـه‌ر شـۆپنهاوه‌ر ئێسـتا لـه ژیاندا بایـه، چـی ده‌گوت به‌رامبـه‌ر بـه فه‌یسـبووک، ئیتنه‌رنێت و یـاری پلـه‌ی سته‌یشـن و شـتی تریش.

خه‌ڵکی گه‌مژه

خاڵێکـی سـه‌رنجراکێشـی تـر رقـی شـۆپنهاوه‌ره لـه خه‌ڵکـی گه‌مـژه، ئـه‌و نـه‌ک لـه‌م کتێبه‌یـدا به‌ڵکـه لـه زۆربـه‌ی کتێبه‌کانـی تریشـیدا، دژی خه‌ڵکـی گه‌مـژه ده‌وه‌سـتێته‌وه. ئـه‌و پێـی وایـه سـه‌دان گه‌مـژه، جێگـه‌ی هاونشـینی یـه‌ک حه‌کیـم و دانـا ناگرێتـه‌وه. هه‌ربۆیـه بوونـی که‌سـانی گه‌مـژه لـه جیهاندا، بـه شـتێکی خراپ داده‌نێت له‌مباره‌یـه‌وه ده‌ڵێت: قسـه‌که‌ی سـه‌نیکا تـه‌واو راسـته کاتێک ده‌ڵێت: گه‌مژه‌یـی بـۆ خـۆی بارقورسـییه. هه‌روه‌هـا ئه‌م قسـه‌یه‌ی یه‌سـوعی کـۆڕی سـیراجیش تـه‌واو دروسـته کـه ده‌ڵێت: ژیانـی گه‌مـژه لـه مـه‌رگ خراپتـره،

خۆییبوون و خۆشبه‌ختی

شـۆپنهاوه‌ریش وه‌کـو سـوکرات بـه دوای ناسـینی مرۆڤـه‌وه بـووه‌و ئه‌ویـش پێـی وایـه، پێویسـته مـرۆڤ سـه‌ره‌تا خـۆی بناسـێت، هه‌مـوو خۆشـبه‌ختییه‌کی مرۆڤیـش لـه‌و خۆناسـینه‌یه. له‌مباره‌یـه‌وه ده‌ڵێت:

خۆییبـون، باشـترین و مه‌زنتریـن سـه‌رچاوه‌یه کـه مـرۆڤ بتوانێـت پێشـکه‌ش بـه خـۆی بـکات، تـا لـه‌م خۆبوونـه‌ش بـه‌رده‌وام بـێ، زیاتـر سـه‌رچاوه‌ی ئـه‌و به‌خته‌وه‌رییـه لـه ناخـی خۆیـدا بدۆزێتـه‌وه، ئـه‌وه به‌خته‌وه‌رتـر ده‌بێـت، ئـه‌وه راسـتییه‌کی گه‌وره‌یـه کـه ئه‌رسـتۆ ده‌ڵێـت: به‌خته‌وه‌ربـوون واتـه پشـت بـه خۆبه‌سـتن. هه‌مـوو سـه‌رچاوه‌کانی دیکـه‌ی به‌خـته‌وه‌ری بـه سـروشـتی خۆیـان جێگـای گوومانـن، کاتـی، پەیوەسـتن بـه به‌خـت و جانسـه‌وه، ته‌نانـه‌ت لـه باوردۆخـی زۆرباشیشـدا ئه‌گـه‌ری

وشکبوویان هەیە. گۆتە زۆر بە جوانی گوزارشتی لێکردوە کە دەڵێت: دواجار هەموو مرۆڤێک خۆی خۆی دروست دەکات. یان وەکو گۆڵد سمیس دەڵێت: ئارامی ئێمە وا لەو شوێنەدا کە لێمان داناوە، بەختەوەری خۆمان، خۆمان دروستی دەکەین یا دەیدۆزینەوە.

کام دەوڵەتە خۆشبەختە

دواتر شۆپنهاوەر لە مرۆڤ تێدەپەڕێت و باسی خۆشبەختی دەوڵەتان دەکات، کە بە بۆچوونی ئەو، ئەو دەوڵەتانەی پشت بە خۆیان دەبەستن و کاڵا هاوردە ناکەن، خۆشبەختترین وڵاتن.

لەمبارەیەوە دەڵێت: وڵاتێک کە بە کەمترین رادە پێویستی بە کەرەستەی هاوردەکراو یان هەر پێویستی نییە، خۆشبەختترین وڵاتە.

خۆبەکەمزانین و ماستاوچێتی

خاڵێکی سەرنجراکێش بەلامەوە، شۆپنهاوەر لەم کتێبەیدا باسی ئەو کەسانە دەکات، کە خۆیان بەکەمدەزانن لەبەرامبەر کەسانی تردا، ماستاوچێتی دەکەن و خۆیان سووک دەکەن.

لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەو کەسەی بتوانێ سەری دانەوێنێ و بە تەواوەتی بچەمێتەوە، ئەوە ئەو کەسەیە کە هەموو شتێکی پێ دەکرێ و تەنها هەر خۆیشی بێ بایەخی و نا لێهاتوویی خزمەتەکەی دەزانێ. ئەگەر ئاغاکانی شتێک دەنوسێ یان قسەیەک دەکا، تەنانەت ئەگەر ئاغاکانی شتێکی پوچیشیان کردبێ، ئەوە ئەمانە ئامادەن وەکو شاگردێک وردو درشتی بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دواجار دەگەیەنە ئەو دەرئەنجامەی کە ڤۆلتێر لەمبارەیەوە دەڵێت: ژیان پێنج و دوو رۆژێکە، هەق نییە بە رێزدانان و ماستاوچێتی بۆ هەندێ خوێرێ و هیچوپوچ و قێزەون بە فێرۆی بددەین.

بۆچوونی خەڵکی

بەڵای شۆپنهاوەرەوە پێویستە مرۆڤ هێندە گرنگی بە بۆچوونی ئەوانی تر نەدات، بگرە زیاتر خۆی بەلاوە گرنگ بێت. بگرە ئەمە بە خەوشێکی گەورەی کەسایەتی مرۆڤیشی دادەنێت.

لەمبارەیەوە دەڵێت: سروشتی مرۆیی خاڵێکی لاوازی تیدایە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی گرنگییەکی زۆر بە دید و بۆچوونی ئەوانی دیکە لەبارەی خۆیەوە دەدات، هەر روبوونەوەیەکی سادە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دید و بۆچوونانەی خەڵکی، جا هەرچییەک بێ، هیچ کاریگەریان بەسەر بەختەوەری ئێمەوە نییە، واوەتر لەوەش، لەبیرو خەیاڵی خەڵکی دیکەدا چی دەگوزەرێ، شتێکە کەهیچ بایەخێکی بەلای ئێمەوە نییە.

-کاتێک دەبینین کۆمەڵێک کەسی گەمژە و ئەحمەق، سووکایەتی بە مرۆڤە مەزنەکان دەکەن، ئەو کات تێدەگەین هەر کەسێک بەهایەکی زۆر بە قسەی خەڵکی بدات، ئەوە بەها و شکۆیەکی زۆری پێبەخشیون.

خۆبەزلزانی

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر ئاماژەی پێداوە مەسەلەی خۆبەزلزانینە. لەمبارەیەوە دەڵێت: پێموایە خۆبەزلزانی رەفتاری ئەو کەسانەیە کە هیچ شتێکیان نییە شانازی پیوە بکەن.

دواتریش لەبارەی خۆبەلزانی گەلانەوە زۆر قسەی جوان دەکات و دەڵێت: پووچترین جۆری خۆبەلزانی بریتییە لە خۆبەزلزانی نەتەوەیی، ئەگەر مرۆڤ خۆی بەنەتەوەوە هەڵکێشا، ئەوە بزانە هیچ شتێکی دیکەی نییە کە خۆی پێهەڵبکێشێت، ئەگەر نا ناچار نەدەبوو، پەنا بۆ شتێک بەرێت، کە ملیۆنان مرۆڤی دیکەی نەتەوەکەی تێیدا هاوبەشن، بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی تایبەمەندی تایبەت لەکەسایەتیاندا هەیە، هەڵە

و کەموکورتی میللەتەکەی رووتر لەوانی دیکە دەبینی، چونکە شکستی نەتەوەکەی بۆتە بەربەرستی بەردەم ئەم. هەر داما و کڵۆڵێک کە هیچی نییە شانازی پێوە بکات، ناچار وەکو دواییین ئومێد پەنا بۆ نەتەوەکەی دەبات کە خۆی یەکێکە لەو نەتەوەیە. ئەم جۆرە کەسانە ئامادەن بە نیکۆک و ددان داکۆکی لە هەڵە و پەڵە و گەمژەیی نەتەوەکەیان بکەن .

شۆپنهاوەر جگە لەم باسانەی سەرەوە، باسی کۆمەڵێک باسی گرنگی تری کردووە لەوانە: ئابڕو پلەو پایە و ناوبانگ، ، هتد.

چەند سەرنجێك

لەپەنا ئەم بۆچوونە باشانەیدا، شۆپنهاوەر کۆمەڵێک بۆچوونی مایەی سەرنج و رەخنەشن، لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێکیش بخەمە سەر ئەو لایەنە.

بۆچوونی راسیزم

دیارە هزری راسیزم لە ئەورووپادا میژوویەکی دێرین و قێزەونی هەیە بەتایبەتی لەئەڵمانیادا، وەکو ئێمیل زۆلای نوسەری ناوداری فەرەنساش دەڵێت: نووسەر بەرهەمی ئەو هەلومەرجەیە کە تێیدا لەدایک دەبێت و گەورە دەبێت. شۆپنهاوەریش لەو سەردەمەدا کەم تا زۆر، کەوتۆتە ژێرکاریگەری هەندێک بۆچوونی راسیزمانەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە رەشپێست و گەلانی تری ئەورووپاوە هەیە. بۆ نموونە لەکاتی باسکردنی زۆربڵێی و کۆمەڵایەتی بوونی خەڵکی دەڵێت:

_رەشپێستەکان کۆمەڵایەتیترین میللەتن، لەبەرئەوەیە دەبینین لەڕووی فکرییەوە لە دواوەن. لە رۆژنامەیەکی فەرەنسیدا خوێندمەوە، رەشپێستەکانی باکووری ئەفریقا، بە ئازاد و کۆیلەکانیشیانەوە، دەخزێنە ژوورێکی بچووکەوەو لەوێ گرد دەبوونەوە، چونکە لە دیتنی لووتە پانەکانی یەکتر تێرنابن.

کاتێک کە ئەم وشانە دەخوێنیتەوە، پڕیەتی لە هەستی راسیزم و بەئاشکرا قسەو سووکایەتی بە رەشپێستەکان دەکات.

هەروەها لەکاتی باسکردنی لوتبەرزی نەتەوەییشدا هێرشێکی ناڕەوا دەکاتە سەر هەموو فەرەنسییەکان و دەڵێت:

_ فەرەنسییەکان پەتایەکیان لەنێودا هەیە کە هەندێکجار لە پوچترین نیاز و پێکەنیناویترین خۆبەزلزانی نەتەوەیی و بێ شەرمانەترین لافلێدان خۆی دەنوێنێ، لەبەرئەوە دەبنە جێی گاڵتەجاری گەلانی دیکە و بە گاڵتەوە پێیان دەڵێن» نەتەوە مەزنەکە»

پێدەچێت هەستی لووتبەرزی لەبەشێکی فەرەنسییەکاندا هەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە تۆ هەموویان بخەیتە یەک سەبەتەوەو بە ئارەزوی خۆت قسەیان پێبڵێیت، دیارە لەم دێرانەدا دەردەکەوێت کە ڕقێکی ئەستوور لە دڵی نووسەردا هەیە بەرامبەر بەفەرەنسییەکان، ئەمەش دەتوانم بڵێم هەتاوەکو ئێستا لەناخی بەشێکی ئەڵمانییەکان بەرامبەر بە فەرەنسا هەیە.

دژایەتی خەڵکی گەمژە

خاڵێکی تر کە نووسەر جەختی لێدەکاتەوەو بەزەقیش دیارە لە بۆچوونەکانی، دژایەتیکردنی خەڵکی عەوام یان ئەوانەی کە ئاستی زیرەکیان کەمە. مەسەلەی خەڵکی گەمژە و سەیرکردنیان وەکو بارقوورسی بۆ خەڵکی، بیرێکی ترسناکە، چونکە لەم بیرەوە راسیزم و نازیەتیش پەیدا بوو. نازییەکانی ئەڵمانیا ئەوانەی کە ئاستی بیرکردنەوەیان لاواز بوو، دەیانخستنە ناو کوورەی ئاگرەوە، چونکە پێیان وابوو کە ئەمانە بارگرانییەن بۆ خەڵکی. دواتر مەسەلەی خەڵکی «گەمژە» و دژایەتیکردنی، هەمیشە هەستی راسیزمی هێناوەتە ئاراوە، پێش چەند ساڵێک تیلۆ زاراتسین کە یەکێکە لە سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، کتێبێکی بڵاوکردەوەو تێیدا داوای

جیاکردنەوەی موسڵمانەکانی لە ئەڵمانەکان کردبوو و لە قوتابخانەکاندا، چونکە بە قسەی ئەوبێت، موسڵمانەکان گەمژەن و خەریکە ئەڵمانەکانیش گەمژە دەکەن. جا تۆ وەرە ئەوەندە دەماغ سست و رووقایم بیت ٥ ملیۆن هاوڵاتی وڵاتەکەی خۆت بە گەمژە دابنێیت و خۆشت بە کەسێکی زیرەک و سیاسەتەمداریش دابنێیت!.

بۆچوونی خەڵکی گرنگ نییە

شۆپنهاوەر لەسەرەتادا زۆر گرنگی بەوە دەدات کە مرۆڤ تەنها دەبێت بۆخۆی بژیی و بۆچوونی خەڵکی تر گرنگ نییە، بەڵام لە باسەکانی دواییدا باس لە گرنگی ئابڕوو، متمانە دەکات، ئەو پێی وایە ئەمانەش گرنگن بۆ کەسایەتی مرۆڤ. باشە گەر کەسێک گوێ نەداتە بۆچونی خەڵکی، ئیتر ئابڕووی بۆچییە؟ یان متمانەی خەڵکی بۆچییە؟ لەبەرئەوە دژبەیەکییەک لەمەدا دەبینیت.

خۆبەلزانین گرنگە یان نا

لەگەڵ ئەوەی نووسەر زۆر دژی کەسانی لووتبەرز و خۆ بەزلزانە و بە کەسانی گەمژە وەسفیان دەکات، کەچی لە لایەکی ترەوە داکۆکی لە بوونی خۆبەلزانی بۆ کەسایەتی مرۆڤ دەکاتەوەو دەڵێت: بێ فیزیی و خاکەڕایی، نەنگی و بێ ڕێزی بەدوای خۆیدا دێنێ، وەکو ڕۆمانییەکان دەڵێن: بەراز بۆتە مامۆستای دانا. ئەو پەندە عەرەبییە جوانەی کە دەڵێت: گاڵتە لەگەڵ کۆیلەدا مەکە، چونکە هەر زوو پاژنەی خۆیت پیشان دەدات.

ئەمەش دژبەیەکییەکی تری بۆچوونەکانی شۆپنهاوەرمان بۆ دەردەخات.

بلیمەتی و ڕەشبینی

وەکو وتم شۆپنهاوەر کەسێکی ڕەشبین بووە، لەم کتێبەشیدا ڕەشبینی بە سیمایەکی باش دادەنێت بەتایبەتی بۆ کەسانی سیاسەتمەدار، فەیلەسوف، هونەرمەند. دیارە ئەمەش ڕاست نییە، جارێک لەپێش هەمووکەسێکەوە، سیاسەتمەدارە زیرەک و قارەمانەکان بەوە ناسراون، کە کەسانی گەشبینن، چونکە گەر باوەڕیان بە دوارۆژ نەبێت، ناتوانن سیاسەت بکەن. بەهەمانشێوەش بۆ هونەرمەندانیش ڕاستە، چونکە کاری هونەری، گوزارشت لەناخی هونەرمەند دەکات، گەر هونەرمەند ڕەشبین بێت، ناتوانێت کارێکی جوان بخولقێنێت.

دەرئەنجام

هەموو ئەو کەسانەی شارەزاییان لە مێژووی فەلەسەفدا هەیە دەزانن کە شۆپنهاوەر کاریگەری گەورەی بەسەر فەلەسەفەی جیهان بەگشتی و ئەڵمانی بەتایبەتی هەبووە، بەتایبەتی لەسەر فەیلەسوفانی پاش خۆی لەپێش هەمووشیانەوە نیتچە. بۆچوونەکانی شۆپنهاوەر لەبارەی گرنگی «ئیرادە، باوەڕ بەخۆبوون، ئایین، دەوڵەت» زۆر گرنگن، بەڵام لەهەمانکاتیشدا زۆرجار نابێت وەکو تووتی هەموو بۆچوونەکانی بەراست بزانین و ببینە دەرویشی، چونکە ئەویش پێش هەموو شتێک مرۆڤ بووە، مرۆڤیش شایستەی هەڵە کردنە.

فەلسەفەی مۆدێرنی ئەوروپا

کارل مارکس

Karl Marx کارل مارکس فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لە ساڵی ١٨١٨ لە شاری تریرەر لەخۆرهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە لەساڵی ١٨٨٣ لە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا کۆچی دواییکردووە. ئەو لەگەڵ فریدریک ئەنگلس، بە باوکی فکری مارکسیزم و سۆسیالیستی مۆدێرن دادەنرێت. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فکری و فەلسەفی و ئابوری گرنگە لەسەروهەموشیانەوە» کتێبی کەپیتاڵ، سەرمایە، کە لە ساڵی ١٨٦٧ یەکەم بەرگی نووسیوە.» بە یەکێک لە کتێبە ئابووریی و فەلسەفەییە گرنگەکانی مێژوو دادەنرێت. هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی تری هەیە لەوانە «ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا، تێزەکانی ڤۆیرباخ، خێزانی پیرۆز. مانیفێستی کۆمۆنیستی.

کاتێک باسی مێژووی فکر و فەلسەفە بکەین، ناچارین باسی مارکسیش بکەین، چونکە کاریگەری گەورەی بەسەر تەواوی مرۆڤایەتیدا هەبووە، بەتایبەتی لەسەدەی پێشوودا.

ئەم وتارەی د، ئارمین پڤاڵ. تراوگبێر، لە کۆمەڵێک سۆنگەی جیاوازەوە، باسی کەسایەتیی و فکرو فەلسەفەی مارکسمان بۆ دەکات، هەربۆیە پێمخۆشبوو ئەم وتارەی ئەم توێژەرە ئەڵمانییە بکەمە بەکوردی، بەو هیوایەی بەرچاوڕوونیەکی نوێ بداتە خوێنەری کورد لەبارەی کارل مارکسەوە.

چەند دێریك لەبارەی نووسەرەوە

Prof. Dr. Armin Pfahl-Traughber، پرۆفیسۆر.دکتۆر. ئارمین پفاڵ تراوگبێر. کۆمەڵناس و پسپۆرێکی سیاسییە، لەساڵی ١٩٦٣ لەئەڵمانیا لە شارۆچکەی شقالم شتاد لە ناوەڕاستی ئەڵمانیا لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٨ لەزانکۆی دیسبورگ زانستی سیاسی و پاشان کۆمەڵناسی خوێندووە. دواتریش لە زانکۆی ماربۆرگ، بروانامەی دکتۆرا و پاشانیش پلەی پرۆفیسۆری وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە وەکو مامۆستا لەزانکۆکانی کۆڵن و بۆن، وانە دەڵێتەوە.

دکتۆر ئارمین ماوەی چەندین ساڵە لە بواری بزووتنەوە رادیکاڵەکان شارەزاییە بەتایبەتی راستڕەوەکانی ئەڵمانیا و ئەورووپا. لەم بوارەدا کۆمەڵێک کتێبی هەیە. جگەلەوەش لە فکری مارکسیزم وبزووتنەوە چەپە ڕادیکاڵەکانیش شارەزایە. ئەو لەبواری فکر و مێژووی راستڕەوەکانی ئەڵمانیا و ئەنتی سمیتیزم» دژایەتیکردنی جوو» چەپی تونڕەو کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوەی هەیە لەوانە : (راستڕەوە پۆپۆلیستەکانی ئەورووپا. مێژووی ئەنتی سمیتیزم لە ئەڵمانیا. مێژووی چەپی رادیکاڵ لە ئەڵمانیا. بزووتنەوەی راستڕەویی و پۆپۆلیستی لەئەڵمانیا، چەندین کتێبی تریش.)

ئەو یەکێکە لە پسپۆرە ناسراوەکانی ئەڵمانیا، کە لە بواری فکری راستڕەوە رادیکاڵەکان شارەزاییە. لە ساڵی ١٩٩٨ تاوەکو ٢٠٠٤، وەکو شارەزا لەبواری فکری بزووتنەوە راستڕەوەکان، لە دەزگای دژایەتیکردنی بزووتنەوە راستڕەوەکان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، کاریدەکرد. هەتاوەکو ئێستاش لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا، وەکو شارەزا و پسپۆرێکی ناسراو بانگهێشت دەکرێت.

ئەم وتارەشی بۆ ئەنستیتوی بەرلین بۆ زانستە سیاسییەکان نووسیوە» Bundeszentrale, fuer politische Bildung.bpb» کەیەکێکە لە ئەنستیتووتە گرنگەکانی ئەڵمانیا. ووتارەکەشی بەناوی «مارکسیزم

لەنێوان ئایدۆلۆژیا و زانستدا .[١٤٣]

مارکسیزم لەنێوان ئایدۆلۆژیا و زانستدا

لە راپرسییەکی کەناڵی BBC بی بی سی بەریتانیادا کە لەسەر سایتەکەی خۆیان لە بینەرانی پرسیبوو، لەبارەی ئەوەی کە گەورەترین فەیلەسوفی جیهان لەمێژوودا کێیە. بۆ ئەم مەبەستەش لیستێکی ١٠٠ کەسیان ئامادەکردبوو. کارل مارکس ڕێژەی ٢٨٪ دەنگەکانی بینەرانی کەناڵەکەی بەدەستهێنابوو، بەمشێوەیش پلەی یەکەمی لیستەکەی بەرکەوتبوو. ئەم راپرسییە لەساڵی ٢٠٠٥ دا سازکرابوو.

هەر لەهەمان ساڵدا گۆڤاری Der Spiegel دێرشپیگلی ئەڵمانیاش لەژمارەیەکی تایبەتیدا لەژێرناونیشانی» تارمایی دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتی نوێی چەپەکان.» ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، ئەو ڕاپۆرتە لەو ساڵەدا زۆرترین فرۆشی هەبوو. بەواتایەکی تر مارکس جارێکی تر دێتەوە مەیدان، ئەمەش بەهەرحاڵ تەنها لەڕێگەی ڕەوتە سیاسییە چەپەکانەوە دەبێت. ئەمەش دوو وێنەی دژبەیەکمان لەیەککاتدا پێ پیشان دەدات:

لەلایەکەوە فەلەسەفەی مارکسیسزم وەکو زانستێکی کۆمەڵناسی کلاسیک دەدردەکەوێت، کەبنەما سەرەکییەکان و تێڕوانییەنەکانی خۆی بە شیکردنەوەو پێشکەوتنی مێژوو، هەروەها بنەما سەرەکییەکانی سیستمی کەپیتالیزم خەریک دەکات.

لەلاکەی تر مارکسیزم وەکو بەرهەمێک دەردەکەوێت کە بریتییە لە ئایدۆلۆژیایەکی بەرز، ئەم ئایدۆلۆژییەی دەبێتە بەرنامەییەکی ڕۆحی بۆ بزووتنەوە چەپە ڕادیکاڵەکان و سیستمە کۆمۆنیستییە دیکتاتۆرییەکان.

ئەم وتارەی بەردەستان، هەوڵ دەدات شیکردنەوەییەکی وورد بۆ بنەما سەرەکییەکان ئەم فکرەیە بکات، لەهەمانکاتیشدا ئەو ڕەخنانە بخاتە ڕوو کە لە توانا ڕادیکاڵیە سیاسییەکانی ئەم فکرەیە دەگیرێت.

---

١٤٣ Der Marxismus zwischen Ideologie und Wissenschaft.www.bpb.de. Prof. Dr. Armin Pfahl-Traughber

کێشە میتۆدییەکانی تێڕوانین و شیکردنەوەکانی مارکس

لێرەدا لەڕووی میتۆدەوە، ڕووبەرووی چەند کێشەیەک دەبینەوە، کە ئەمەش وامان لێدەکات دوو کەرەکتەری دژ بەیەک و جیاواز لەکارو بەرهەمەکانی کارل مارکس و فریدریک ئەنگلس[١٤٤] ببینین و هەستی پێ بکەین.

لەو چل بەرگەی کە بەناوی» کۆبەرهەمی مارکس و ئەنگلس[١٤٥] «هەن، لەو دەستوونا سەدا بەهیچ شێوەیەک یەک ڕێچکەی پێشکەوتن و تێۆرییەکی سیاسی تۆکمە و بەرنامە داڕێژراو نابینین. هەروەها لەو بەرهەمانەدا هیچ ڕێگایەکی ڕێک و دروست دیار نییە، کە مرۆڤایەتی بەرەو سیستمی سۆسیالیستی بەرێت یان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بێ چینی کۆمەڵایەتیی و یەکسانیمان بەرێت. بگرە ئەوان ئەمەیان بەشێوەییەکی لابەلاو لە چوارچێوەیەکی گشتیدا باسی ئەو بابەتانەیان کردووە. هەرئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە بۆچی بۆچوونە سیاسییەکانی مارکس و ئەنگلس دوو وێنەی دژبەیەکی تێدا بەدیدەکرێت.

هەربۆیە دەبینین فەیلەسوفێکی هومانیستی وەکو ئەریک فرۆم[١٤٦]

---

١٤٤ Friedrich Engles فریدریک ئەنگلس، فەیلەسووف و بازرگان و میژوونوسێکی ئەڵمانییە، لەساڵی ١٨٢٠ لەشارۆچکەی بارمن لەڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووەو لەساڵی ١٨٩٥ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دواییکردووە. ئەو لەگەڵ مارکس بە باوکی فکری مارکسیزم دادەنرێت و خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی گرنگە لەوانە: جەنگی جووتیارانی ئەڵمانیا، بنەچەی خێزان و مولکداریی و دەوڵەت، ڕەوشی ژیانی چینی کرێکارانی بەریتانیا. جگە لەوەش لەگەڵ مارکس کۆمەڵێک کتێبیان پێکەوە نووسیوە گرنگترینیان مانیفێستی کۆمۆنیستی، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا. ئەو وەکو فەیلەسووف و سیاستەمدار و میژوونوسێکی دیاری ئەڵمانیاو جیهان دێتە ژماردن.

١٤٥ نووسەر ئەم کۆبەرهەمەی مارکس و ئەنگلس، دەکاتە سەرچاوەی سەرەکی تەواوی بۆچوون و تێڕوانینەکانی و پشتی پێدەبەستێت. ئەم کۆبەرهەمەی مارکس و ئەنگلسیش لە ساڵی ١٩٥٨ لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لەشاری بەرلین چاپکراوە.

١٤٦ Erich Fromm ئەریک فرۆم، فەیلەسوف و دەروونناس و کۆمەڵناسێکی ئەڵمانییە، لەساڵی ١٩٠٠ لەئەڵمانیا لەدایک بووەو لەساڵی ١٩٨٠ لەئەمریکا کۆچی دواییکردووە. ئەو یەکێکە لە

پشت بەدەستنووسەکانی ئەوان دەبەستێت، لەهەمانکاتیشدا دیکتاتۆرێکی تۆتالیتاری وەکو جۆزێف ستالین، [١٤٧] بەهەمانشێوە پشت بە دەستنووسەکانی ماركس و ئەنگلس دەبەستێت. هەروەها لەیەک کاتدا رەوتە سۆسیال دیموکراتخوازەکان و کۆمۆنیستە شۆڕشگێرەکانیش، پشت بەدەستنووسەکانی ئەو دووانە دەبەستن.

رەخنە لە فەلسەفەی ئایدیالیزم و پیشاندانی وەکو دونیابینییەکی ناواقعی

خاڵی بنەڕەتی بۆ گۆڕانکاری فکری بۆ سۆسیالیزم لەلای ئەنگلس دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ژیانی چینی کرێکاران لە بەریتانیا، گەرچی بۆ ماركس دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەگرتن لە دونیابینی و فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەوکاتە، کە لەلایەن فەیلەسوفی ئەڵمانیا «جۆرج ڤیلیەم هیگل، ١٧٧٠,١٨٣١» داڕێژ رابوو . [١٤٨]

فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت. هەروەها بە یەکێک لە مامۆستاکانی هومانیستی سۆسیالیستی نوێ دێتە ژماردن لەبواری فکرو فەلسفەو کۆمەڵناسیی و دەروونناسیدا کۆمەڵێک کتێبی گرنگی هەیە لەوانە: هونەری خۆشەویستی، ترس لەئازادی. کرۆکی مرۆڤ. ..هتد

١٤٧ josef Stalin جۆزێف ستالین دیکتاتۆرێکی روسی/سۆڤێتی بووە. لەساڵی ١٨٧٨ لە شارۆچکەی گۆرگی لە نزیک پەتلیسی پایتەختی جۆرجیا لەدایک بووە. باوکی پینەدۆز بووەو دایکیشی ژنێکی ئیمانداری مەسیحی بووە. لەساڵی ١٩٢٢ لەمۆسکۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەبێتە سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت هەتاوەکو ساڵی ١٩٥٣ حوکمی یەکێتی سۆڤێت دەکات. زەمەنی حوکمداری ستالین- -بە تۆقێنەرترین ساڵانی حکومی روسیا و یەکێتی سۆڤێت دێتە ژماردن و لە ساڵانی حوکمداری ستالیندا، ملیۆنەها هاوڵاتی سۆڤێت زیندانی کران و گوولەباران و دوورخراونەتەوە. ستالین لەمێژوودا بەیەکێک لەدیکتاتۆرە خوێنمژەکانی جیهان دادەنرێت.

١٤٨ Georg Wilhelm Hegel جۆرج ولیەم هیگل فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. لەساڵی ١٨٧٠ لەشاری شتوتگارت لەباشووری ئەڵمانیا لەدایک بووەو لەساڵی ١٨٣١ لە بەرلینی پایتەخت کۆچی دواییکردووە. ئەو بە گرنگترین فەلەسووفی قوناغی رۆشنگەری و مۆدێرنە دێتە ژماردن و بە یەکێک لەباوکەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانیاش دادەنرێت. هەروەها خاوەنی مۆدێرنە کردنی فەلسەفەی دیالکتیک دادەنرێت. کاریگەری گەورەی بەسەر فەیلەسووفانی

ئەمان پێیان وابوو کە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو مێژووی مرۆڤایەتی، بەم فکرەیەوە بەستراوەتەوە. لەمبارەیەوە مارکس و ئەنگلس دەڵێن:

ڕێک بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانییەوە، کە لە ئاسمانەوە بۆسەر زەوی دەکەوێتە خوارەوە، ئەوا لێرە بەپێچەوانەوە لە سەر زەوییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ئیتر چیتر خۆمان بەوەوە خەریک ناکەین، کەخەڵکی دەبێت چی بڵێن، یان چۆن خەیاڵبکەن، یان لەبارەی جۆری قسەکردن و خەیاڵکردن و تێفکرین و خۆنیشاندانی خەڵکییەوە قسە ناکەین، بەڵکە هەوڵ دەدەین بەرەو مرۆڤێکی هەقیقی و کامڵ بڕۆیین، لێرە بەدواوە لەبارەی توانا و چالاکییە هەقیقییەکانی مرۆڤ دەدوێین و هەروەها لەبارەی پرۆسەی ژیانی هەقیقی و گەشەسەندنی ئایدۆلۆژیا و کاردانەوەی ئەم پرۆسەی ژیانە هەقیقە، قسە دەکەین.(MEW Bd. ٣, S. ٢٦f.).

فکری دیالەکتیک وەکو پڕەنسیپ و میتۆدێکی فەلسەفی

خاڵێکی زۆر گرنگ تر کە لە میتۆدی فەلسەفەی هیگڵی لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە بۆ تیۆرییەکانیان بەکارهێنرا، پڕەنسیپی دیالەکتیکییە. لێ ئەمیش وەکو زۆرێک لە تێڕوانییەکانی تریان، تەفسیری جیاواز لە خۆدەگرێت.

بەپێچەوانەی تەواوی ئەو هزرانەی کە بەربڵاون، جیهان لای ئەوان لە کۆمەڵێک شتی تەواوکراو ئامادەکراو دروست نەبووە، هەروەها قۆناغەکانی گەشەسەندی مێژوو، یەک لایەن و هێڵێکی ڕاست و تەریب نییە، بگرە جیهان زیاتر لە پرۆسەیەکی ووردو ئاڵۆزو تێکەڵاو دروست بووە.

پاش خۆی هەبوو بەتایبەتی کارل مارکس و ئەنگلس. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی گرنگ لەوانە «قیمۆنیلۆژیای ڕۆح. سەرەتایەک بۆ ناسینی ئیستاتیکا» جواناسی» زانستی دروستبوون وسەرهەڵدانی ئاوەز...هتد

دیالەکتیک لەم تێڕوانینە تایبەتییەوە» مەبەستی تێڕوانی مارکسییە» دەبێتە زانستێکی گشتی بۆ شیکردنەوەی جوواڵە، هەروەها دەشبێتە یاسایەکی بنەڕەتی بۆ گەشەسەندنی سروشت و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی و فکر. لێرە بەدواوە دژەکان بە بەردەوامی بەریەک دەکەون، کە دەبێت لەکۆتاییدا لەیەک ئاوێتەی بەرزدا تێکەڵ ببنەوە.

بەپێی تێڕوانینی هیگل بێت، هەرتێزێک بەدوای خۆیدا ئەنتی - تێزیک دێنێت، ئاوێتەبوونی ئەم دووانەش سەنتێزێک پێکدێنێت، هەربۆیە سەرلەنوێ تێزێک و ئەنتی تێزێک ئەنجامەکەی دیسانەوە سەنتێزێکی نوێیە، ئەمەش پرۆسەیەکی(پێشڤەچوون) و خۆ نوێکردنەوەی بەردەوامە.

ناونانی ماتڕیالیزم وەکو فەلسەفەییەکی ئەلتەرناتیف

رەخنەکانی مارکس و ئەنگلس لە ئایدیالیزم، ماتڕیالیزمیش دەگرێتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە، هەزرەکان «تێفکرین» دیاردەیەکی سەربەخۆ نین لە عەقڵ» ئاوەز»، بگرە گوزارشت لە رەنگدانەوەی هەلومەرجە ماددییەکانی دەوروبەری مرۆڤ دەکات.

بەڵای ئەوانەوە ئایدیاڵ هیچ نییە جگە لەو شتانەی «کە پێشتر لە مێشکی مرۆڤ دانراون[١٤٩]، لە هەمانکاتیشدا بریتییە لەوەرگێڕانی هەلوومەرجە ماددییەکانی دەوروپشتی مرۆڤ.»

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەلایەکی تردەوە مارکس و ئەنگلس پێیان وایە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چ لە مێژوودا و چ لە ئێستاو داهاتووشدا، بە پلەی یەکەم گوزارشت لە گەشەسەندنی ئابووریی و تەکنەلۆژی دەکەن،

---

١٤٩ لێرەدا مەبەستیان ئەو ئەزموونانەی کە مرۆڤ لەژیانیدا فێری دەبێت، بۆنموونە چۆنێتی لێخورینی ئۆتۆمبیل یان بەرکارهێنانی ئامێرێک یان ناسینی شوێنێک یان رێگایەک. هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لەرێگەی ئەزموونەوە فێریان دەبێت. .و.ک

بەمشێوەیەش هێزە بەرهەمهێنەرەکان «لێرەدا مەبەستیان چینی کرێکارە.» و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەرهەمهێنانداو، بە «پەیوەندییەکی بەرهەمهێنانی نوێ» دەبەسترێنەوە.

خودی مرۆڤ

دواتر خاڵێکی گرنگی تر کەدەبێتە بنەمای سەرەکی بیرکردنەوەو دونیابینی هەردووکیان بریتیی لەوەی خوارەوە :

ئەوە هۆشیاری مرۆڤەکان نییە، کەبوونیان دیاری دەکات، بگرە ئەوە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیانە، کە هۆشیاریان دیاری دەکات.. [١٥٠] پاشتر ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت بۆ شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، شوێن و پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دیاری دەکات، لەکۆتایشدا رۆڵی سەرەکی دەبێت بۆ دیاریکردنی ئینتمای مرۆڤەکان کەسەر بە کام چینی کۆمەڵایەتیین.

پەیوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخانی ئابووری لە کۆمەڵگەدا

لای مارکس و ئەنگلس کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەو شێوەیە یە، کە «ژێرخانی ئابووری» واتە پەیوەندییە ئابوورییەکان و ستەرەکتوورەکانی ئابووریی، دەبنە هۆی دروستبوونی «سەرخانێکی ئابووری»، کە ئەوەش بریتییە لە «کەلتور، مۆرال، سیاسەت وئایین «

---

١٥٠ ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە ناکۆکەکانی مارکس و ئەنگلس لەگەڵ فەلسەفەی هیگل و تەواوی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی، چونکە ئەوان پێیان وایە کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە و بوونی مرۆڤ گوزارشت لەو هەلومەرجە ماددیی و کۆمەڵاتییەی دەروبەری دەکات، هەر ئەو هەلوومەرجەش، بوونی مرۆڤەکان دیاری دەکات. ئەمەش تەواو پێچەوانەی تێڕوانی نەیارانی مارکس و ئەنگلسە، کەپێیان وایە مرۆڤ خاوەنی کائینێکی سەربەخۆییە، لێرە ووتە بەناوبانگەکەی فەیەلسووفی فەرەنسی دیکارت «١٥٩٦، ١٦٥٠»دەهێنێنەوە کە دەڵێت: «من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم» بەڵام مارکسیزم تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە پێی وایە مرۆڤ پێش فکرە، بەڵام ئەوانی تر دەڵێن فکر پێش مرۆڤە.

جیهـان لای ئـەوان بەمشـێوەیە ئاسـان دەکرێتـەوەو پێیـان وایـە، کـە مـرۆڤ لەپێـش هەمـوو شـتێکدا دەبێـت بیـر لـە خـواردن و خواردنـەوەو خانـو جلوبـەرگ بکاتـەوە، ئینجـا دواتـر بیـر لـە سیاسـەت و هونـەرو ئایین بکەنـەوە.

بەمێشـوەیە مارکـس و ئەنگلـس پێیـان وایـە کـە «بەرهەمهێنـان» ماتڕیاڵییەکـی سـەرەکیی و کرۆکییـە بـۆ ژیانـی مرۆڤـەکان، هـەر لەرێگـەی ئەمیشـەوە قۆناغـی گەشەسـەندنی کۆمەڵگەیـەک دیـاری دەکات، کەئەمیـش شـێوازو جـۆری دەسـەڵاتی سیاسـی و یاسـایی و هونـەر و ئایینـی کۆمەڵگاکانـی مرۆڤایەتـی دیـاری دەکات یـان دورسـت دەکات. ئەمـەش تێزی «ژێرخانـی ئابـووری، سـەرخانی ئابـووری دیـاری دەکات» دەهێنێتـە ئـاراوە. ئەمـەش دەمانگەیەنێتـە ئـەو قەناعەتـەی، کـە هـەر گۆڕانکارییەکـی ئابـووری، گۆڕانکارییەکـی سیاسـی دەخوڵقێنێـت.

بـە واتایەکـی تـر : هـەر گۆڕانکارییـەک کـە لـە بنەمـا سـەرەکییەکانی» سـترەکتوور» ئابـووری دروسـت ببێـت، ئـەوا بەتەواوەتـی سـەرخانی ئابووریـی کۆمەڵگەیەکـی مرۆڤایەتیـش دەگۆڕێـت و هەلومومەرجێکـی نـوێ دەهێنێتـە ئـاراوە . [١٥١]

---

١٥١ خاڵێکـی گرنگـی تـر کـە فەلسـەفەی مارکسـیزمی پێـی دەناسـرێتەوە پرسـی «ژێرخـان و سـەرخانی ئابووریـە». مارکـس و ئەنگلـس پێیـان وایـە تـەواوی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـیو قۆناغەکانـی گۆڕانـکاری مێـژووی مرۆڤایەتـی، لەسـەر ئـەم تێـزە بەسـتراوە، کەئەویـش پێـی وایـە، کـە هەلومەرجـی ئابـووری و پەیوەندییـە ئابووریـیەکان لـە بـواری بەرهەمهێنـان، تـەواوی سـەرخانی ئابـووری کۆمەڵگەیـەک پێکدەهێنێـت، سـەرخانی ئابووریـش بریتییـە لـە» فەرهەنگ، هونـەر، سیاسـەت، ئایین، شـێوازی حوکم وبیرکردنـەوەی گشـتی خەڵکی». ئەمـەش خاڵێکـە کەهەمیشـە کەوتوتـە بـەر رەخنـەی نەیارانی مارکسـیزمەوە، چونکـە ئـەوان» نەیارانی مارکسـیزم» پێیـان وایـە کـە مارکسـیزم، هەمـوو رۆڵێکـی کولتـوور بەشـێوە گشـتییەکەی لـە کۆمەڵگەکانـی مرۆڤایەتـی و کاریگـەری بەسـەر مرۆڤەکانـەوە پشتگوێخسـتووە.

جەنگی چینایەتی وەکو خاڵێکی رۆحی و دونیابینی ماتڕیالیزمی مێژوویی

بەمشێوەیەی سەرەوە مارکس وئەنگلس شیکردنەوەی خۆیان بۆ جوواڵەی ئابووریی و سیاسیی لەمێژوودا دەکەن، کە لەدەرئەنجامی کۆتاییدا هەمووی لەسەر جەنگی نێوان چینەکان پێکدێت بۆ دیارییکردنی شوێنی خۆیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان.

مارکس و ئەنگلس دەڵێن:

مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، بریتییە لە مێژووی جەنگی چینایەتی، ئەو جەنگەی کە لە نێوان چینە جیاوازەکان دروستبووە، لەنێوان ئازاد و کۆیلە، دەرەبەگ و جووتیار، ئەرستۆکرات و خەڵکی ئاسایی، چەوساوەو چەوسێنەر، ئەمانە هەموکاتێک لەدژی یەکتری وەستاونەتەوەو جەنگێکی بەردەواماییان هەبووە، هەمووکاتێکیش بەشۆڕشێک کۆتایی هاتووە، کە تەواوی کۆمەڵگەکەی گۆڕیوەو لە قۆناغێکەوە بردوویەتی بۆ قۆناغێکی نوێ تر. MEW, Bd. ٤, S. ٤٦٢).)

چینی کەپیتالیزم و پرۆلیتاریا لە دیدی مارکس وئەنگلسەوە

هەربەمشێوەیەش مارکس وئەنگلس پێیان وایە کە سیستمی سەرمایەداری لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە، کە چینی کەپیتالیزم «یان زۆرجار بە بۆرجوازی ناویان دەبرێت» کە ئەمانە خۆیان بە خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنان دەزانن، لەبەرامبەردا چینی کرێکاران» زۆرجار بە پرۆلیتاریا ناویان دەبرێت» کە ئەمانەش وەکو چینێکی سەربەخۆ لەدژی ئەوان دەوەستنەوە. بۆ مارکس و ئەنگلس، ئەم دوو چینە هەریەکەیان خاوەنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازن. چینی بۆرجوازی هەمووکارو چالاکییەکانی بۆ ئەوەیە کە زۆرترین سوودی لەسەرحسابی کرێکاران دەستبکەوێت، ئەوی تریشیان «واتە چینی کرێکاران» دەیەوێت کرێی

کارەکەی زیاتر بکات لەسەر حسابی خاوەن کارەکان.

چاوەڕوانکردنی لەناوچوونی سیستەمی کەپیتالیزمی وەکو زەروورەتێکی مێژوویی

بۆ مارکس و ئەنگلس بەهای شمەکێک بەوە دەپێورێت، کەئایا تاچەندە هێزی کاری مرۆیی تێدا بەکارهاتووە» ئەمەش پێی دەڵێن یاسای دیاریکردنی بەهای شمەک.». هەرئەمەش وادەکات کە لەسیستمی سەرمایەداریدا، زیاد لەپێداویستی مرۆڤەکان، شمەک بەرهەم بهێنرێت. ئەمەش پێی دەڵێن «زێدەبایی». لێرەشەوە کاپیتالیستەکان دەیانەوێت بەرهەم زیاد بکەن، ئەوەش لەسەر حسابی هێزیکاری کرێکاران. بۆ مارکس و ئەنگلسیش «زێدەبایی «[۱۵۲] دەبێتە خاڵی جەوهەری سیستمی سەرمایەداری، هەرئەمەش رێگاخۆش دەکات، بۆئەوەی سەرمایەدارەکان، قازانجی زیاتر کۆبکەنەوە.

بەڵام چەندە شمەکی بەرهەمهێنراو زیاتریش بێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی بازنەیەکی کێشەدار» گرفتدار» بۆ ئەم سیستمە، چونکە ئەم شمەکە زۆرانە دەمێننەوە کرپاریان» موشتەریان» نییە، هەرئەمەش وادەکات کە لە ناو هەناوی سیستمی کەپیتالیزمیدا، تووشی تەنگەژەی ئابووری بێتەوە. لەئەنجامی ئەم تەنگەژە ئابووریەشەوە، بەشێکی زۆری کۆمپانیا بچووک و ناوەنجییەکان، رووبەروی ئیفلاسی و نەمان دەبنەوە، دواتر کۆمپانیا گەورەکان قووتیان دەدەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمپانیای زەبەلاح و سەنترالبوونی کەپیتاڵ «سەرمایە» لێ دروست دەبێت.

۱۵۲ زێدەبایی، یەکێکە لەو چەمکە ئابووریە گرنگانەی کە مارکس دایهێناوە.

تەنگەژەکانی سیستمی کەپیتالیزمیی و هەنگاونان بەرەو سیستمی سۆسیالیستی

بەبڕوای مارکس و ئەنگلس ئەم تەنگەژە ئابووریییەی کەدروست دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ببێتە چینی کرێکار، کە ئەوان دەستەواژەی «پرۆلیتاریالیزەکردنی کۆمەڵگای بۆ دادەنێن [١٥٣]

هەرئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی هەژاری لە ناو کۆمەڵگەدا زۆرتر بێت، چینی کرێکاریش هەژارتر و چەوساوەتر بێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهای مەعنەوی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە لەناو کۆمەڵگەدا زیاتر دەبێت.

لەمبارەیەوە مارکس دەڵێت:

بەردەوامبوونی ئەم رەوشە وا دەکات، کە رێژەی هەژاری لەناو کۆمەڵگەدا زۆرتر بێت، هەژاریی و برسێتیی و چەوسانەوەو کۆیلایەتیش زۆرتر بێت، لەهەمانکاتیشدا فشارەکان زۆرتر دەبن، هەروەها بەهۆی میکانیزمی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریییەوە، بەشێوەیەکی خۆرسکی، چینی کرێکاران خۆیان رێکدەخەن و یەکدەگرن.

---

١٥٣ لێرەدا مەبەستی مارکس و ئەنگلس ئەوەیە، بەهۆی تەنگەژەی ئابووریەوە بەشێکی زۆری چینی ناوەند و سەرمایەدارە بچووکەکانیش، رەوشی ئابووریان خراپ دەبێت و ئەوانیش دەبنە کرێکار. ئەمەش لەزۆر تەنگژەی ئابووریدا دیومانە بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا، کە زۆرێک لە خاوەن کارە بچووکەکان بۆ نموونە» چێشتخانەکان، دوکانە بچوکەکان یان کۆمپانیا بچووکەکان» پێشتر ئەو کەسانە خاوەن کار بوون، بەڵام بەهۆی تەنگەژەی ئابووریەوە ئیفلاس دەکەن و ناچار دەبن وەکو کرێکارێک بەدوای کاردا بگەڕێن. ئەمەش مارکس وئەنگلس ناویان لێناوە «پرۆلیتاریالیزەکردنی کۆمەڵگا» تاڕادەیەکی زۆر مارکس و ئەنگلس لەم تێڕوانینەیان بۆ سوڕی ئابووری و تەنگەژەی ئابووری لەسیستەمی سەرمایەداریدا راست دەرچووە، کەئەمەش بەشێکی گرنگە لە کتێبە بەناوبانگەی مارکس بەناوی «کەپیتاڵ، سەرمایە»

لەلایەکی تریشەوە مۆنۆپۆڵکردنی سەرمایە. دەبێتە مۆدێلێک و شێوازێکی پرۆسەی بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی سەرمایەداری. سەنترالێکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و بەکۆمەڵایەتییکردنی چینی کرێکاران، [١٥٤] بەرەو خاڵێکمان دەبەن، کە چیتر بازنەی سەرمایەداری بەرگەی ناگرێت و ئیتر لێرەوە رەوشەکە دەتەقێتەوە. بەمشێوەیەش کاتژمێرەکانی تەمەنی کەپیتالیزم و بۆرجوازیەتی کەمدەبێتەوەو لەناودەچێت. پاشانیش بە لەناوچوونی سیستمی کەپیتالیزم، کۆمەڵگە بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت، کە ئەویش سۆسیالیزمە. (MEW, Bd. ٢٣, S. ٧٩٠f.).

رێگا بۆ شۆڕش لە سۆسیالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزم

مارکس و ئەنگلس پێیان وایە گەشەسەندنی ئابووری کەپیتالیزمی کە لەسەر ژیان و چەوسانەوە چینی پرۆلیتالیا دروست دەبێت و دواجاریش دروستبوونی تەنگەژەی گەورەی ئابووری لێدەکەوێتەوە، کە ئەویش کەپیتالیزم دەخاتە بازنەیەکی داخراو جەهەنەمییەوە کە «بەدەستی خۆی، گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت»

لەپاش گەشەسەندنی کێشە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و گەیشتنیان بە لوتکە، تەقینەوە رووەدات و شۆڕش دروست دەبێت، ئەم شۆڕشەش لەلایەن چینی کرێکارانەوە دەبێت و کۆتایی بە سیستمی بۆرجوازی دەهێنێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم شۆڕشەش زەرورەتی دروستبونی» دیکتاتۆری پرۆلیتاریا» دەهێنێتە کایەوە. ئەم دیکتاتۆرییەش کار دەکات بۆئەوەی هەموجۆرە چینایەتییەک نەهێڵێت و کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بێ چینی کۆمەڵایەتی دروست بکات.

لەپاش گەشەسەندنی ئەم قۆناغە، مارکس و ئەنگلس پێیان وایە،

---

١٥٤ لێرەدا مەبەستی مارکس ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ناچارن لەبەر بژیوی ژیانیان ببنە کرێکار.

لەپاش نەمانی سیستمی کەپیتالیزمەوە، هەنگاو دەنرێت بۆئەوەی کۆمەڵگە بەرەو قۆناغی سۆسیالیزم ببرێت و لە کۆتایشدا سیستمی کۆمۆنیستی دروست بکرێت کە دواییین قۆناغی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت.

دواتریش دەڵێن: لەکاتی گەشەسەندنی ئەم جوولّە مێژووییەدا، دەبێت «دەوڵەت» بکرێتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی سیستمی سۆسیالیزم و دەبێت دەوڵەت بمێنێت، بەڵام کاتێک کۆمەڵگە دەگاتە قۆناغی کۆمۆنیزم، ئیتر ئەوکاتە چیتر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێویستی بە بوونی دەوڵەت نامێنێت و لەناودەچێت. «(MEW, Bd. ٢٨, S. ٥٠٨).

وێنەی کۆمەڵگەی بێ چینایەتی بە بێ نامۆبوون

لەکۆتاییدا و کاتێک گەیشتن بە دواییین قۆناغ و ئامانج و تەواوبوونی ئەم پرۆسەی گەشەسەندنە مێژووییە، خۆی لە کۆمەڵگەی بێ چینایەتی دەبینێتەوە، مارکس و ئەنگڵس هیچ وێنەیەکی ڕوونیان لەمبارەیەوە پێشکەش نەکردووە. بەشێوەیەکی گشتی لای ئەوان ئەوەی گرنگە، نەمانی جیاوازی چینایەتی و چیتر هۆیەکانی بەرهەمهێنانیش لەژێر دەستی چینێک نەبێت و نەکرێتە مولّکی شەخسی هیچ کەسێک. بەشێوەیەکی روون لەمبارەیەوە باس لەبوونی جۆرێک لە بەگشتیکردنی کارگە و کۆمپانیاکان دەکرێت، لەمبارەیەوە باس لە چەمکی « دروستکردنی کۆمەڵگەیەک دەکەن کە هۆکانی بەرهەمهێنان بکرێتە مولّکی گشتی»[١٥٥]

لێرەشەوە جۆرە «ئەنجومەنێکی ئازادی بەرهەمهێنان» دروست دەبێت، کەهەموو تاکەکانی کۆمەڵگە پێکەوە کاردەکەن لەژێرناونیشانی «هەرکەسێک بەپێی توانای خۆی، هەرکەسێک بەپێی پێداویستی خۆی کار بکات.» ئەمەش دەبێتە یاساییەکی بنەڕەتی کارکردن لەناو کۆمەڵگەدا.

لەم نێوەندەشدا ئیتر کۆتایی بە نەخۆشی (نامۆبوون)ی خود

١٥٥ لەروسیادا لەکاتی یەکێتی سۆڤێتدا، ووشەی «کۆلۆخۆز» یان دانا، کەمانای ئەوەبوو هەموو کۆمپانیا و کارگەو تەنانەت زەوییە کشتووکاڵییەکانیش، خرایە ژێر چنگی دەوڵەتەوە و کران بە کەرتی گشتی. واتە هیچ شتێک بەناوی کەرتی تایبەتی نەمایەوە.

یان نامۆبوون لای مرۆڤەکان نامێنێت، ئەمەش بەتایبەتی لەپاش نەمانی سیستمی دابەشکردنی کار[١٥٦] و نەمانی سیستمی مولکداری کەپیتالیزمییەوە. ئیتر لێرەوە مرۆڤەکان جارێکی تر دەتوانن بوون و خودی خۆیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، هەروەک مارکس و ئەنگلس دەڵێن.

دواین قسە و دەرئەنجامی کۆتایی

بەدڵنیاییەوە نابێت هزری مارکسیزم تەنها لە توانا سیاسییە رادیکاڵەکانی کورت بکەیەنەوە، هەروەها کاتێک سەیری ئەو ململانێ و شۆڕشە کۆمەڵایەتییانە بکەین کە لە مێژوودا رووياندەوە، شرۆڤە سیاسییەکانی گرنگی خۆیان هەیە.

لەلایەکی تریشەوە هەرچەندە تۆێژینەوەکانی مارکس بۆ سیستمی کەپیتالیزم، چەند هەڵەیەکی تێدایە، بەڵام مارکسیزم باسی کاریگەرییە خراپەکانی سیستمی کەپیتالیزمی کردووە کە لە ئێستادا لە شێوەی گلۆبالیزمدا خۆی دەبینێتەوە، کە بۆتە هۆی دروستبوونی تەنگەژەی ئابووری گەورە، کە مرۆڤایەتی بەرەو هەژاریی و بەدبەختی دەکات. هەربۆیە ناتوانین بەشێوەیەکی گشتگیرانە، تەواوی تێزەکانی مارکس و ئەنگلس رەتبکەینەوە.

خاڵێکی گرنگی تر ئەوەیە، مارکسیزم لەیەک کاتدا راستە سۆنگەیەکی ئایدۆلۆژی هەیە، بەڵام سیمایەکی فراوانی زانستشیانەشی هەیە. بەڵام زۆرجار کۆمۆنیستەکان رەگەزی بابەتی بوونیان بەکاردەهێنا، تاوەکو شەرعیەت بدەنە بۆچوونە سیاسییەکانیان بەتایبەتی لەبارەی چالاکی و

١٥٦ دابەشکردنی کار، یەکێکە لە سیستمەکانی کارکردنی کارگەکان و لەسیستەمی سەرمایداریدا. بە پێی ئەو سیستەمە، کرێکارێک هەموو بەشی شمەکێک دروست ناکات، بگرە تەنها بەشداری دەکات لەبەشێکی دروستکردنی ئەو شمەکەدا. مارکس وئەنگلسیش، پێیان وایە پێویستە لەسیستمی کۆمۆنیزمیدا ئەم سیستمە هەڵبوەشێنرێتەوەو پێویستە کرێکار شارەزایی لە هەموو بەشەکانی کارەکەیدا هەبێت، چونکە لای مارکس و ئەنگلس، یەکێک لەهۆکارەکانی نامۆبوونی کرێکار، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سیستمەی کارکردن لە سەرمایەداریدا.

ڕەوایی سیستەمەکەیانەوە.
لەلایەکی تڕەوە دونیابینی و تیۆزەکانی مارکسیزم، دەبێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی بۆ بزووتنەوە تونـدڕەوەکان و سیستەمە دیکتاتۆرییەکان، بەشێوەیەک چ لە ڕووی فۆرم یان ناوەڕۆکەوە، دەبنە تەواوکەری یەکتری.

سەرچاوەکان:

Marx, Karl/Friedrich Engels: Werke (MEW), Berlin (DDR) 1958–1968.

Arndt, Andreas: Karl Marx. Versuch über den Zusammenhang seiner Theorie, Bochum 1985.

Blumenberg, Werner: Marx, Reinbek 1962.

Euchner, Walter: Karl Marx, München 1982.

Fetscher, Iring: Marx, Freiburg 1999.

Flechtheim, Ossip K./Hans-Martin Lohmann, Marx zur Einführung, Hamburg 2003.

Hornung, Klaus: Der faszinierende Irrtum. Karl Marx und die Folgen, Freiburg 1978

Knzli, Anold: Karl Marx. Ein Psychogramm, Wien-Frankfurt/M.-Zrich 1966

.Rohbeck, Johannes: Marx, Leipzig 2006
Popper, Karl R.: Die offene Gesellschaft und ihre Feinde. Bd. 2:
.Hegel, Marx und die Folgen, Bern 1958

Raddatz, Fritz J.: Karl Marx. Eine politische Biographie, Ham-
.burg 1975
-.Sieferle, Rolf Peter: Karl Marx zur Einfhrung, Hamburg 2007

Szczesny, Gerhard (Hrsg.), Marxismus – ernstgenommen. Ein
Universalsystem auf dem Prfstand der Wissenschaften, Rein-
.bek 1975

فینومینۆلۆژیای هوسڕڵ

ئاوس حەسەن[١٥٧]

پاشئەوەی ململانێی فەلسەفی لە نێوان «خودیی و بابەتی بوون» دا توندتر بوو، ئەو ململانێیەی کە لە سەردەمی رێنیسازەوە دەستپێکرد و هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو. هەتا ئادمۆند هۆسڕڵ فەیلەسوفی چیکی پەیدا بوو .[١٥٨] ئەو کۆتایی بەم ململانێ تونده هێنا و دەستیکرد بە یەکبوونی هەردوو پڕەنسیبەکە کە بریتی بوو لە: پڕەنسیبی ئەزمونگەرایی و عەقڵانیی. هەوڵدان بۆ یەکبوونی هەردوو پڕەنسیپەکە لە یەک پڕەنسیپ، کە چوارچێوەیەکی زانستی هەبێت و لە فەلسەفەشەوە نزیک بێت و رێچکەکەشی بەرەو سەنتەری ئاوەزی مرۆڤ بەرێت و تێیدا لێکۆڵینەوە لە بارەی کاردانەوەکانی هەستی مرۆڤ لە بارەی جیهانی دەرەکیی و شتەکانی دەوروبەری بکات.

لە هەمانکاتیشدا هەوڵیدا کە فەلسەفە بکاتە زانستێکی گشتگیری راست و دروست و ببێتە بنەمایەک بۆ هەموو مەعریفە و زانستەکانی تر، ئەمەش بە پشتبەستن بەو پەیوەندییە مێژوویییەی لە نێوان فەلسەفە و زانستدا هەیە، فەلسەفە کە وێنەیەکی مەبەستداری گشتگیریی هەیە و زانستیش کە دەرەنجامی یەقینی هەیە، هەردووکیشیان کاریگەریی گەورەیان لەسەر مێژوو و داهاتووی مرۆڤایەتی هەیە.

دەکرێت مەعریفە بکرێتە دوو لقەوە:

---

١٥٧ www. Middle east online.com. الفینومینولوجیا عند هوسرل. اوس حسن

١٥٨ هۆسڕڵ فەیلەسوفی چیکی، لە ساڵی ١٨٥٩ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٣٧ کۆچی دواییکردووە.

یەکەم: مەعریفەی کەڵەکە بوو

ئەم جۆرە مەعریفەیەش «فەلسەف و هونەر و ئەدەب» دەگرێتەوە، ئەمانە دەکرێت لە هەموو سەردەم میژوویی جیاوازەکاندا، فکرەکانیان دووبارە بکرێنەوەو لە یەکتریی‌ەوە نزیک بێت. هەندێکجاریش دەکرێت داهێنان بکرێت لە رووی شێواز و ئامڕاز و رێگەچارەکان، ئەمەش بە پێی ئەو سەردەمەی کە تێیدا دەژین.

دووەم: مەعریفەی نا کەڵەکە بوو

ئەم جۆرە مەعریفەیەش زیاتر زانست و داهێنانە زانستییەکان دەگرێتەوە، کە «تازەکە» ئەوەی پێش خۆی لەناو دەبات، ئەمەش زیاتر ئەو مەعریفە نوێیانە دەگرێتەوە کە پێشتر نەمانزانییوەو ئاگامان لێیان نەبووە، لەمەدا ناکرێت ئەو داهێنانە نوێیانە کە لەلایەن زاناکانەوە ئاشکرا کراوە، جارێکی تر لە سەردەمی تردا دووبارە بێتەوە، چونکە ئەو داهێنانە زانستیانە تەنها یەکجارەو ناکرێت دووبارە بکرێنەوە.

ئایا فەلسەفە کۆتایی پێهاتووە؟

ئەگەر هەموو مەسەلەکانی فکری مرۆڤایەتی، فەیلەسوف و بیرمەندەکان لە ماوەی هەزاران ساڵ قسەوباس و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردبێت، بە جۆرێک هیچ دیاردەیەکیان نەهێشتۆتەوە بە بێ ئەوەی قسەی لە بارەوە نەکەن یان لێکۆڵینەوەی ووردی لە بارەوە نەکەن. هیچ هزرێکیش بە بێ لێکۆڵینەوە نییە، هەروەها هیچ کێشەیەکیش بەبێ چارەسەر نییە، جا گەورە بێت یان بچووک، مرۆیی بێت یان سروشتی. لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین: ئایا چی نوێ هەیە کە دەکرێت بخرێتە سەر توراسی فەلسەفی؟ ئایا بەراستی سەردەمی فەلسەفە و داهێنانی بابەتی نوێ لە

بواری فەلسەفەدا کۆتایی پێهاتووە؟

ئێستا زەحمەتە بابەتی نوێ لە بواری فەلسەفەدا زیاد بکرێت، بەشێوەیەک لە تەواوی سەردەمەکانی پێشوودا، لە فکری فەلسەفییدا تەواوی بابەتەکان کۆتاییان پێهاتووە و لەلایەن فەیلەسوف و بیرمەندەکانەوە. هەموو بابەتەکان باسکراون و قسەیان لەبارەوە کراوە. ئەوەی دەکرێت کە لە بواری فەلسەفەدا زیاد بکرێت، رێگەچارەو شێوازی نوێی دروستکردنی پڕەنسیبی نوێیە، چونکە فەلسەفاندان بۆتە هەقیقەت و واقعێک لە فەلسەفەی مۆدێرندا.

فینۆمینۆلۆژیا و کاریگەرییەکانی تری هۆسرڵ

دەکرێت فەلسەفەی هۆسرڵ پێش فینۆمینۆلۆژیابکرێتە سێ قۆناغەوە:

١/ زانستی ژمێریاریی

٢/ زانستی لۆژیک «منطق»

٣/ زانستی دەروونناسیی» سایکۆلۆژی»

تەنها بەمشێوەیەش دەتوانین لە گەشەسەندنی فکریی و فەلسەفی هۆسرڵ پێش فینۆمینۆلۆژیا تێبگەین.

سەرەتا لە قۆناغی ماتماتیکیدا گرنگی زۆری بە کردەی دەروونی دەدات بە مانا پراکتیزەکردنەکەی، پاشان واز لەم قۆناغە دەهێنێت و هەموو گرنگییەکی دەچێت بۆ مەعریفە، کە دەتوانین بە قۆناغی مەعریفەی هۆسرڵ ناوی بەرین، لەم قۆناغەشدا هۆسرڵ لە مانای سەرەکیی و هەقیقی مەعریفە تێدەگات، لەهەمانکاتیشدا درک بە بەهای شتەکان دەکات.

لە قۆناغی «سایکۆلۆژی» زانستی دەروونشیکاری فینۆمینۆلۆژیدا، هۆسرڵ دووانەیەکی لە نێوان منی ئەزمونوگەرایی و منی بالادا، تۆڕی مەعریفەی بالای دروستکرد بوو، هەروەها سنووری ئەزموونگەراییشی فراوانتر کرد بۆ ماهیەتی بالا، کە هەموو رووداو و بوونەکان بگرێتەوە.

میژووی چەمکی فینۆمینۆلۆژیا

دووبـاره گەڕانـەوە بـۆ فینۆمینۆلۆژیـا و پێـش ئـەوەی هۆشـیاریی و زانینـی هۆسـڕڵ لـە بـارەی فینۆمینۆلۆژیـا گەشـە بکات و بیکاتـە پڕەنسـیپ و فکـری بنەڕەتـی خـۆی، دیـارە بـە ماوەیەکـی زۆر پێـش هۆسـڕڵیش وشـەی فینۆمینۆلۆژیـا بوونـی هەبـووە و لـە لایـەن خەڵکـی تـرەوە بەکارهێنـراوەو چەندین مانـای جیـاوازی هەبـووە. لەمبارەیـەوە لالاند مێژووی بەکارهێنانی ئـەم وشـەیە بـە هەمـوو ماناکانییـەوە شـیکردۆتەوەو پێـی وایـە کـە بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٧٦٤ دا وەکـو تیۆرییـەک دەرکەوتـووە، ئەمـەش ناونیشـانی فەسـڵێکی کتێبێکـی نوێـی لاپمیـر ئارگانـون بـووە. لـە پـاش لامپێریـش، کانـت هەمـان چەمکـی لـە زۆر بەرهەمەکانیـدا بەکارهێنـاوە گرنگترینیـان لـە کتێبـی «ڕەخنـە لـە عەقلـی پەتـی» کـە لـە سـاڵی ١٧٨٠ دا نووسـیویەتیی و بـە یەکێـک لـە کتێبـە گرنـگ و ناسـراوەکانی کانـت دەژمێردێـت.

لەپـاش کانتیـش هیـگل هـات و هەمـان وشـەی بەکارهێنـا بـەڵام بـە مانایەکـی جیـاواز تـر، ئەمـەش بـۆ یەکێـک لـە کتێبـە گرنگەکانـی دانـا کـە ئەویـش کتێبـی «فینۆمینۆلۆژیـای ڕۆح» بـوو کـە لـە سـاڵی ١٨٠٧ دا چـاپ و بڵاویکردەوە. لـە پـاش ئەویـش هاملتـون لەوانەکانیـدا لـە بـارەی زانسـتی دەروونناسـی و لۆژیـک و میتافیزیـک بەکاریهێنـا. لـە سـاڵی ١٨٦٩ دا، هەمـان وشـە لـە کتێبێکـی هارتمـان بەکارهێنـرا ئەویـش کتێبـی «فینۆمینۆلۆژیـا و ویژدانـی ئەخلاقیـی». هەمـان وشـەش لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نـۆزدەدا لەبەرهەمەکانـی هـەردوو فەیلەسـووفی فەرەنسـی رافیسـۆن و ئێمیـل بەکارهێنـراوە.

فینۆمینۆلۆژیـا لـە زانسـتی زمانەوانیـدا بـەوە ناسـراوە، کـە زانسـتی دیاردەکانـە یـان لـە دیـاردەکان دەکۆڵێتـەوە، کـە ئەوانیـش بریتیـن لـە شـتەکانی دەروویەـری مـرۆڤ، یـان ئـەو ڕووداوانـەی کـە گوزارشـت لـە هەسـتێکی پەتـی دەکـەن و دەبنـە بابەتێکیش بـۆ دەرک پێکردن و پاشـانیش دەبنـە کۆڵەکـەی بنەڕەتـی بـۆ مەعریفـە. فینۆمینۆلۆژیا لای هۆسـڕڵ زانسـتی سـەرەتا و بنەمـای ڕاسـتییەکانە، کـە هەمـوو مەرجەکانـی مەعریفـە و

زانستی لەسەر بونیات دەنرێت. سەرەتاش لە هەستێکی پاکوبێگەرد دەستپێدەکات و سەربەخۆشە و دووریشە لە هەموو شرۆڤەکارییەکی ماهیەتی شتەکان.

هۆسرڵ دەیویست لە فەلسەفەدا ململانێی پڕەنسیبی نێوانی میتافیزیکیی و ریالیزم خۆی بە دووربگرێت، چونکە ئەو وایکرد کە فینۆمینۆلۆژیا ببێتە پڕەنسیبێک بۆ هەموو زانستێکی گشتی و ببێتە وەسفێکی بااڵش بۆئەوەی جیهانی دەرەکیی وەاڵمی جیهانی خودیی بداتەوە، بۆئەوەی هەموو شتەکانی ناخی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاشکرا بکات و دەرکیش بە ماهیەتی هەموو هەستێکیش بکات.

سێ کۆڵەکەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ

فینۆمینۆلۆژیا لای هۆسرڵ لە سەر سێ کۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە، کە ئەوانیش بریتین لە : ماهیەتی شتەکان. هەڵپەساردنی حوکمدانی شتەکان «ئیپۆخییەت» منی باڵا.

هۆسرڵ فکرەی ماهیەتی بەرجەستەکراوی لە ئەفلاتون وەرگرت، بەاڵم فکرەی وێنە و شتی هەستپێکراوی رەتکردەوە، ئەو پێی وابوو کە ماهیەتی شتەکان لە درکی راستەوخۆی شتەکان و عەقڵەوە دروست دەبێت، بەشێوەیەک لایەنی دەرەکی شتەکان بریتییە لە ماهیەتیان، لێرەدا ماهیەتی شتەکان، هەقیقەتی بابەتی شتەکانن، بەتایبەتیی کاتێک گوزارشت لە سیمایەکی تایبەتی هەستیی بکات. کێشەی سەرەکی لای هۆسرڵ بریتی بوو لە شرۆڤەکردنی چۆنێتی هۆشیاریی بەو هەقیقەتانە و پیشاندانیان وەکو مەبەستی کرۆکی شتەکان.

ئیپۆخییەت Epoche

هۆسرڵ پڕەنسیبی گوماناویی دیکارتی بەکاردەهێنا لە بواری چەمکی ئیپۆخیەت[١٥٩] ئەو زۆر سەرسام بوو بە مەنهەجیەتی دیکارت سەبارەت بە دانانی یاسا و ڕێسا و بنەماکانی یەقینی بۆ مەعریفە، ئەمەش لە ڕێگەی پشتبەستن بە پڕەنسیبی گومانکردن لە جیهانی دەرەکی و هەموو ئەو بوونە ماتڕیاڵانەی کە تێیدایە و دانانی جیهانی دەرەکیش لە نێوان دوو کەوانەدا. بەڵام هۆسرڵ دژی کوجیتۆی دیکارتی دەوەستێتەوە کە ئەویش گوزارشت لە وتە بەناوبانگەکەی دیکارت دەکات کاتێک وتی: «من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم.» چونکە هۆسرڵ هەمیشە دەیویست فکر لە هەموو شتێک جیابکاتەوەو بوونێکی سەربەخۆی هەبێت، چونکە پێی وابوو کە فکر بەرەوە شتێک هەنگاو دەنێت، بەمشێوەیەش کۆجیوتی دیکارت لەم حاڵەتەدا دەبێت بەم شێوەیە بووترێت: من بیر لە شتێک دەکەمەوە.

منی باڵا

ئەوەی پەیوەستە بە چەمکی «منی باڵا»وە هەموو ئەو هەقیقەتەی کە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە، هۆسرڵ ئەم چەمکەی لە فەیلەسوفی ئەڵمانی لایپتز [١٦٠] وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکەی سەربەخۆ و لە فکری میتافیزیکی و گونجاندنی لەگەڵ فکری لاهووتی دابڕیووە .

---

١٥٩ «ئیپۆخیەت، چەمکێکی فەلسەفی کۆنی یۆنانییە، مانای ڕاگرتنی حوکمدانە بەسەر شتێکدا، دەرچوون لە جیهانی زەمەنی و شوێن، لەمەشدا هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفیی بە پێی تێڕوانینی خۆی ئەم چەمکە فەلسەفییە کۆنە بەکاردەهێنێت، ، و.ک»

١٦٠ «لایپتز لە ساڵی ١٦٤٦ لە شاری لایبزیک لەدایک بووەو لە ساڵی ١٧١٦ لە شاری هانۆڤەری لە ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە، فەیلەسووف، ماتماتیک، مێژوونوس، یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارەکانی ئەڵمانیا و بە پێشەنگی فەیلەسوفانی قۆناغی ڕۆشنگەری ئەورووپا دادەنرێت، ، و، ک»

جیاوازی نێوان منی باڵای کانت و هۆسرڵ

لێرەدا گرنگە کە جیاوازی لە نێوان منی باڵای» ئیگۆی ترانسدنتاڵی» لای کانت و منی باڵای هۆسرڵ بکەین. لە لای کانت منی باڵا بەکاردێت بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر وتراوەو زەروری بوون بۆ هەموو مەعریفەیەک یان ئەزموونێکی بەرجەستەکراو. مەعریفە لای کانت پەیوەستە بە هەموو تێڕوانینەکانی پێشووتر و جیاوازیشە لە هەموو شتێکی هەستپێکراو کە دەرفەتی لەدایکبوونی ئەزمونێکی نوێ دەدات، بەم شێوەیەش عەقڵ دەبێتە یاسایەکی سروشتیی، ئەگەرچی ئەو شتێکی ناوخۆییشە.

بەڵام منی باڵا لای هۆسرڵ بەکاردێت بۆ هەموو ئەو کارانەی کە منی باڵای پێی هەڵدەستێت، بەشێوەیەک کە وەکو شتێکی یەقینی پێشوەختە دەردەکەوێت، ئەمەش پاش دوورکەوتنەوە لە جیهانی هەستپێکراویی دەرەکیی و گەڕانەوە بۆ ناو جیهانی هەسپێکراوی ناوخۆیی، ئەمەش بەبێ ئەوەی عەقڵ هیچ رۆڵێکی سەرکردایەتی هەبێت لە سروشتدا.

دابەشکردنی دیاردەکان

هۆسرڵ دیاردەکان بۆ دوو بەش دابەش دەکات:

دیاردە سروشتییەکان: ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە رووی دەرەکی شتەکانەوە دەردەکەون و لە رێگەی هەستەکانیشەوە، مرۆڤ هەستیان پێ دەکات و پاشان ئەمانە دەبنە بابەتی مەعریفەی عەقڵی.

دیاردە عەقڵییەکان: ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە هەستی مرۆڤەوە دەردەچن لە بارەی رووداوە عەقڵیی و دەروونیی و ناوخۆییەکان، ئەمانەش لە رێگەی چاودێریکردن و هەستی ناوەوە دەردەکەون.

بەمشێوەیە دیاردە لای هۆسرڵ خۆی لە خۆیدا هەر شتەکان و رووداوە گۆڕاوەکان لە جیهانی هەسپێکراودا دەگرێتەوەو هەموو

ئەو گۆڕانکاریی و گەشەسەندنانەشی کە بەسەریدا دێت. بەشێوەیەک کە مرۆڤ ناتوانێت بیریبکەوێتەوەو هەستی پێبکات و خەیاڵی بکات، ئەمانەش دواتر لە عەقڵدا دەگۆڕدرێن بۆ بوونی بەرجەستەکراویی یەقینی، ئەمەش لەرێگەی وەڵامدانەوەی هەستی باڵا یان ئەوەی کە پێی دەڵێین فینۆمینۆلۆژیا.

جێگەی ئاماژەیە هۆسرڵ دەیویست پڕەنسیبی دیاردەناسی بەسەر تەواوی زانست و مەعریفەکانی تریشدا پراکتیزە بکات، بەشێوەیەک کە فینۆمینۆلۆژیا ببێتە زانستێکی تەواو دروست و ببێتە بنەمایەکیش بۆ هەموو مەعریفە و زانستێک.

چەمکی مەبەست و هەستی مەبەستدار

بنەما فکری مەبەستداریی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی پەروەردەیی سەدەکانی ناوەڕاست، «مەبەست» یش لای ئەوان، هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە عەقڵ دەیکات بۆئەوەی لە بابەتێک بگات و هەستی پێبکات.

برنتانۆ[١٦١] باشتر چەمکی «مەبەستداریی» شیکردۆتەوەو پێی وایە کە ئەم چەمکە لەسەر بنەمای ئەوە دروستبووە کە هەستە ناوخۆییەکان بەرامبەر بە بابەتە دەرەکییەکان بگوازێتەوە، پێشی وایە کە هەموو ئەزموونێک لایەنێکی دەروونی تێدایە کە ئەویش خۆی لە کردار و لایەنی بابەتی شتێک دەبینێتەوە، هەریەکەشیان بەرەو ئاڕاستەیەکی دەڕۆن و لە کۆتاییشدا یەکتری تەواو دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە بۆچوونەکانی برنتانۆ کاریگەریی گەورەو راستەوخۆیی لەسەر دروستکردنی چەمکی فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ

١٦١ فرانس برنتانۆ، فەیلەسوف و زانایەکی گەورەی بواری دەروونناسی ئەڵمانییە لە ساڵی ١٨٣٨ لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دواییکردووە. لە بواری فیکر و فەلسەفە و زانستی دەروونناسیدا داهێنانی گەورەی کردووە و کاریگەری گەورەشی بەسەر هۆسرڵەوە هەبووە.، ، ، و.ک

هەبووە، نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە هۆسڕڵ خوێندکاری ئەو بووە لەسەر دەستی ئەو فێری فەلسەفە بووەو بەشداری زۆربەی وانەکانی کردووە کە لە ساڵانی ١٨٨٤ بۆ ١٨٨٦ لە زانکۆ وتوییەتییەوە.

چەمکی «مەبەستداریی» لای هۆسڕڵ لەوەدا کورتکراوەتەوە، کە هەموو ئەو شتانەی کە لە جیهانی دەرەکی بوونیان هەیە، بۆئەوە دروستبوون تاوەکو هەست تێیانبگات و بەمشێوەیەش کردار و بابەتەکە یەکتر تەواو دەکەن و دەبنە یەک شت.

باشترین مەبەستداریش بۆ هەست برتییە لە کردار و بابەتێک کە دەرکی پێ بکەیت، هەموو کرداریک لە کرداردەکانی هەستێک، بەرەو بابەتێکی جیاواز هەنگاو دەنێت، پێدەچێت ئەو بابەتە شتێکی ماتریاڵ بێت، یان پێدەچێت ماهیەتێکی عەقڵی بێت، یان پێدەچێت دەرەنجامی هەڵچوونێک یان خەیاڵێک و بیرکردنەوەیەک بێت.

دوو جۆر هەست

هەست لای هۆسڕڵ لەکاتی بەستنەوەی بە چەمکی «مەبەستداریی» دەکرێتە دوو جۆر: هەستی بێلایەن و هەستی موجەرەد.

هەستی بێلایەن: ئەو جۆرە هەستەیە کە هێشتا دەستی نەکردووە بە شڕۆڤەکردنی مەبەستی نێوان بابەت و کردار.

هەستی موجەرەد: ئەو جۆرە هەستەیە کە راستەوخۆ دەستدەکات بە شڕۆڤەکردن و شیکردنەوەی پڕۆسەی دەرەکی مەبەستداریی لە زۆربەی دیاردە مەعریفییەکاندا لەوانە» یادکردنەوە، خەیاڵکردن، ویست و حەزەکان» ئەمەش بە ئامانجی کەشفکردنی کرداری مەبەستدار و بابەتەکەی.

مەبەستی کردار، هەقیقەت و سەرەکیی و بنچینە دەگرێتەوە، لەکاتێکدا مەبەستی بابەت خۆی لەخۆیدا هەقیقەت نییە، بەڵکو پەیوەستە بەوەوە، بۆ نموونە کاتێک دار سێوێکی بەرهەمدار و جوان دەبینیت، لەمەشدا

دەبینین پڕۆسەی دەرککردن بە دارەکە، لەرێگەی کارێکی مەبەستدارەوە کراوە کە ئەویش لە ناوەڕۆکیدا واقعێکی هەقیقییە، دواتر دەستدەکەین بە دروستکردنی بابەتێکی مەبەستدار لەناو هەستماندا کە ئەویش «داڕێکی دەرک پێکراوە» کە خۆی بە تەنها هیچ هەقیقەتێکی سەرەکیی «بنەڕەتی» نییە، بەڵکو دەرەنجامی کرداڕێکی مەبەستدار دروستبووە، ئەمەش لەبەرئەوەی بابەتی مەبەستدار، لەگۆڕانی بەردەوامدایە، بەڵام پاشان بە هۆی کرداڕێکی دەرکپێکراوەوە یەکدەگرێتەوە.

ئەو یەککرتنەوەیەی پێشووی نێوان کرداری مەبەستدار و بابەتەکەی، دەبێتە هۆی دروستبوونی سیمایەکی تری مەبەستداریی کە ئەویش بریتییە لە پڕۆسەیەکی چاودێریکردنی بەردەوام کە تێیدا، هەست بە هەموو کرداڕە دەرکپێکراوەکان دەکەیت و ئامادەشە بۆ وەرگرتنی بابەتە دەرەکییەکانی تر.

فینۆمینۆلۆژیا و سایکۆلۆژیەتی

ئەگەر فینۆمینۆلۆژیا گرنگی بە هەموو ئاگاییەک لەبارەی دیاردەو شتەکانەوە بدات، ئەوا هەموو چالاکییەکی ئاوەز و یادگەش بەشێکە لەم ئاگایی و ڕێچکەکەی، لێرەدا رووبەروی پرسیارێک دەبینەوە، ئەگەر سایکۆلۆژی، لێکۆڵینەوە لە بارەی ئاگایی شتەکان و ڕێگەی دەرککردنیان بکات، ئایا فینۆمینۆلۆژیاش ناچێتە چوارچێوەی مەعریفەی سایکۆلۆژییەتەوە؟

سایکۆلۆژیەتی مەعریفە گرنگی بە حاڵەتە مەعریفییەکان دەدات و وەکو حاڵەتێکی عەقڵانی دایاندەنێت و ئەمانەش پەیوەستن بە ئەرک و سلوکیاتی ئاوەزی مرۆڤەوە، بەڵام فینۆمینۆلۆژیا هیچ گرنگی بەو حاڵەتە عەقڵیی و زیهنییە نادات کە لەگەڵ پرۆسە مەعریفییەکەدا دروست دەبێت، بەڵکو تەنها گرنگی بەو ئامادەکارییە مەعریفیانە دەدات، کە لەناو ناخی مرۆڤدا بوونیان هەیە، ئەوانەی کە دەتوانن مەعریفەی یەقینی

دروست بکەن. ئەم ئامادەکارییانەش هیچ سایکۆلۆژیی نین بەڵکو پەیوەندییان بە ئاگایی تایبەتییەوە هەیە پێش ئەوەی پەیوەندییان بە ئەزمنوونی پراکتیزەکراوەوە هەبێت.

لەبەرئەوە دەبینین کە هۆسرڵ رەخنە ئاڕاستەی هەردوو پڕەنسیپی ئەزموونگەرایی و میتافیزیکی دەکات کە لەو سەردەمەی ئەودا زۆر باویان هەبووە. هەربۆیە لەکاتی خوێندنی سایکۆلۆژیەتدا، هەوڵی ئەوەی دەدا کە سایکۆلۆژیەتی ماهیەتی دروست بکات، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لەبارەی هەستەوە دەدات لە چوارچێوەی وێنە مەبەستداریەکەی، هەروەها ڕۆڵیشی لە پڕۆسەی دەرککردندا دەربخات. هەروەها گرنگیش بە کاری دەرککردنەوە بدات لە جیاتی ئەوەی خۆی بە ناوەڕۆکی دەرککردنەوە خەریک بکات.

سایکۆلۆژیەت زیاتر گرنگی بە «منی باڵا» دەدات، لە جیاتی ئەوەی گرنگی بە «منی ئەزموونگەرایی گۆڕاو» بدات، کە ئەویش بەشێکە لە جیهانێکی گۆڕدراو. هۆسرڵ لە کتێبەکەیدا «تێڕامانە دیکارتییەکان» دا باس لە چۆنێتی گۆڕینی منی دەروونی بۆ منی باڵا دەکات، ئەوەش لەڕێگەی پڕۆسەی ڕاگرتنی حوکمدانەوە، کە تێیدا منی دەروونی خۆی لە بەرامبەر خودی موجەردییەوە دەبینێتەوە.

رەخنە لە فینۆمینۆلۆژیای هۆسرڵ

میکانیزمی سەرەکی کە هۆسرڵ بەکاریهێناوە بۆ ئەوەی بگاتە هەقیقەتی یەقینی بریتییە، لە تێڕامانی «عەقڵی خودیی»، کە فکر لە ناوخۆیدا ڕەنگدانەوەی خۆی تێدا دەکات، بۆئەوەی خۆی بخاتە ناو ئەملاوئەولای هەستی باڵاوە، هەروەها هەستیش بە هەقیقەتە ماتڕیاڵە شاراوەکانیش بکات. مادام ئەم میکانیزمەش سیمایەکی خودیی هەیە و کەسیش ناتوانێت مومارەسەی بکات جگە لە خاوەنەکەی نەبێت، لەبەرئەوە زەحمەتە بۆ خەڵکانی تر بتوانن لێکۆڵینەوە لەبارەی

راستیی و دروستی ئەو دەرەنجامانە بکەن کە هۆسرڵ پێی گەیشتووە. لەبەرئەوەی کە میکانیزمەکانی تەواو جیاوازە لە میکانیزمەکانی پێشوو، تەنانەت ئەگەر هەمان ڕێچکەی تێڕامانیش بەکاربهێنن بۆئەوەی بچنە ناو قوواڵایی خودێتییانەوە، ئەوا ئەوان دەرەنجامی تریان دەستدەکەوێت، کە تەواو جیاوازە لەو دەرەنجامەی هۆسرڵ، ئەمەش بەهۆی جیاوازی خودیی مرۆڤەکانەوە.

دیارە هۆسرڵ تیۆرییە فینۆمینۆلۆژییە قوورسەکەی خۆی پێڕەوکردووە لە دەرهێنانی ماهیەتی هەندێک شتی ئاسان وەکو : «خانو، دار» ئەمانەش بە سروشتی خۆیان شتێکن کە بنەمایەکی ڕاگیر و نەگۆڕیان هەیە و ئاسانیش دەرکیان پێ دەکرێت و فۆرمەکانیشیان لەرووی دەرەوە، بوونی ماتڕیاڵیان، ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام باشە حاڵەتەکە چۆن دەبێت ئەگەر ئێمە بچین لێکۆڵینەوە لە بارەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزەوە بکەین، کە واقیعێکی زیندوویان هەیە و هەمیشەش لە گۆڕانی بەردەوامدان؟.

لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەک ناتوانین فینۆمینۆلۆژیا وەکو زانست دابنێین، هەروەها لە شێوەی زانستیش نییە، بەڵکو لقێکی فەلسەفی دروستکراوە لە بواری مەعریفەدا، هەروەها ناشتوانرێت بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەی زانستی و هەڵسەنگاندنی ئەزموونییەوە، ئەوەش بەهۆی سروشتە فەردانیەت» تاکگەرایی» و پێکهاتە خودێتییەکەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە فەلسەفیانەشی کە هۆسرڵ لەم بوارەدا دای بۆئەوەی بتوانێت هەردوو پڕەنسیپی میتافیزیکی و سروشتی لە یەک پڕەنسیپدا کۆبکاتەوە، بەڵام هەموو هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ دروستکردنی ئەم پڕەنسیبە یان ڕێچکە فکرییە کە پشت بە زانست و مەعریفە دەبەستێت، هەموویان شکستیان هێنا. ئەمەش بەهۆی ئەو مەیلە میتافیزیکیە تونددڕەوی کە لە فکری هۆسرڵ دا هەبوو. بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە ئەزموونی بالا و» من» و بڕوابوونی تەواویشی بەوەی کە هەقیقەت و یەقینی ڕەها لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. بەمەش

رۆڵی دەرەکی پشتگوێ دەخات، کە لەسەر بنەمای گۆڕانی بەردەوام دروستبووە.

جێگەی ئاماژەی هۆسرڵ خۆشی دان بە ئەستەمی ئەزموونی بااڵوە ناوە، هەرچەندە نکووڵی لە میتافیزیکیەتی فەلەسەفەکەی کردووە، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەکەی تەنها وەکو لقێکی جیا لە تێڕامانە عەقڵیی و هەستییەکان دادەنرێت.

هۆسرڵ پێی وابوو کە لقێکی نوێی لە فەلسەفەدا دروستکردووە، هەروەها رێچکەیەکی فکری تایبەتیشی دروستکردووە کە عەقڵ لە هەموو کەلەپوور و وەهمەکانی بەردەمی رزگار دەکات، ئەمەش لە رێگەی تێکەڵکردن و ئاوێتەبوونی فەلسەفە کۆنەکان و مۆدێرنەکان لە یەک فۆرمدا. بەاڵم پاشتر ئەم فۆرمە لەسەردەستی خوێدنکارەکانی هۆسرڵ لەناودەچێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە بزووتنەوەی فەلسەفی بوونگەراییان داهێنا، کە تەوەری سەرەکیان ئازادی مرۆڤ و ئارەزووەکانی بوو لەم جیهانەدا.

جێگەی ئاماژەی زۆربەی فەیلەسوفەکانی بوونگەرایی، دارمانی دەروونی مرۆڤایەتیی و نائارامی و پشێوییان بینوە، کە هەردوو جەنگە جیهانییەکە خوڵقاندبووی کە لە سەرەتا و نیوەی سەدەی بیستەمدا رووێدا، ئەوان نەیانتوانی ئەو ناکۆکییە گەورەیە ببینین، کە لە نێوان خودی ئینسانی و ترسی جیهانی دەرەکی هەیە، چونکە لە لای ئەوان جیهانی دەرەکی هیچ نییە جگە لە عەدەم نەبێت.

مارتین هایدگەر

مارتین هایدگەر» Martin Haidger» یەکێکە لە فەیلەسوفە گرنگ و ناوداڕەکانی ئەڵمانیا و جیهان دادەنرێت. زۆربەی مێژوونوسانی بواری فکرو فەلسەفە لەو باوەڕەدان، کە تەواوی سەدەی بیستەم تارمایی ئەم پیاوەی پێوە دیار بووەو کاریگەری گەورەی بەسەر زۆربەی فەیلەسوفانی سەدەی بیستەمەوە هەبووە بەتایبەتی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و فەرەنسا.

ئەو بە پێچەوانەی فەیلەسوفانی تری ئەڵمانییەوە، چ لە ڕووی فکریی و چ لە ڕووی کەسایەتییەوە، جیاوازییەکی زۆری هەیە. هایدگەر چ ژیانی و چ فەلسەفەکەی، ئاڵۆزییەکی گەورەی پێوە دیارە. هەربۆیە قسەکردن لەبارەی ئەم فەیلەسوفەوە، کارێکی ئاسان نییە بگرە زۆر دژواریشە.

مارتین هایدگەر لە ساڵی (١٨٨٩ لە مێسکیرش لەدایکبووەو ساڵی ١٩٧٦ لە شاری فرایبورگی ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە.) دیارە ئێمەی کورد زۆر درەنگ بە هزر و فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفەی ئەڵمانیا شارەزابووین. بەڵام خۆشبەختانە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند

هەوڵێکی باشدراوە بۆ ناساندنی هزر و فەلسەفەی هایدگەر. یەکێک لەو هەوڵانە کتێبی (لەبارەی مارتین هایدگەر) لە نووسینی کۆمەڵێک هایدگەرناسی ئەورووپییە، کاوە جەلال لە ئەڵمانییەوە، ئەم کۆمەڵە وتارەی کردووە بەکوردیی و لەو کتێبەدا بە چاپی گەیاندووە و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیش چاپی کردووە.

دیارە کارکردن لە بواری فکری هایدگەردا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کاوە جەلال خۆی لە ئەڵمانیادا فەلسەفەی خوێندووەو زمانی ئەڵمانی باش دەزانێت، تاڕادەیەکی باش سەرکەوتووبوە.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەڕێگەی ئەم کتێبەوە، تیشک بخەینە سەر بەشێکی گرنگی فکرو فەلسەفەی هایدگەر، بەو هیوای خوێنەری کورد، کەمێک زانیاری لەبارەی ئەم فەیلەسوفە ناسراوەی ئەڵمانیا و جیهان هەبێت.

فەلسەفەی هادیدگەر

هایدگەر لە ڕووی فکرییەوە توانی، شۆڕشێکی گەورەی فکریی و فەلسەفی لەناو مێژووی فەلسەفەدا چێبکات. ئەو توانی کۆتایی بهێنێت بەو ڕێچکە فەلسەفییەی کە هەزاران ساڵە فەیلەسوفان خۆیان پێوە خەریککردووە. لە پلاتۆنەوە (ئەفلاتون) فەلسەفە خۆی تەرخانکردبوو بۆ ئەوەی بوونەوەر پۆلێن بکات و لەناو کۆمەڵدا ڕێکی بخات. لێ هایدگەر دژی ئەم ڕێچکەیە وەستایەوە، هەموو توانا فەلسەفیەکەی خۆی خستە گەڕ، بۆ گەڕان بە دوای پرسیارکردن لەبارەی بوونەوە، بەتایبەت بوونی مرۆڤ.

ئەو جارێکی تر پێناسەیەکی نوێی بە (میتافیزیک و ئۆنتۆلۆژی» علم الوجود، زانستی بوون»تیۆری بوون) بەخشی. پێشتر فەلسەفە مرۆڤی لە جیهان دادەبڕی و ئینجا لە بوونی جیهان و مرۆڤی دەکۆڵییەوە، لێ هایدگەر بە پێچەوانەوە پێی وایە (جیهان و مرۆڤ بەرانبەر یەک

نەوەستاون، نەخێر، مرۆڤ هەمیشە کەرتێکی جیهانە.)

بوون و کات

یەکێک لە کارە پڕ بایەخەکانی هایدگەر کتێبی «بوون وکات» ە. ئیتر لێرەوە هایدگەر بووە ئەستێرەیەکی گەورەی فەلسەفەی ئەڵمانی و جیهان. هایدگەر لەم کتێبەدا کۆمەڵێک پرسی گرنگ دەوروژێنێت لەوانە : (بوون، مرۆڤ، کات، مەرگ، ویژدان) لێ ناوەرۆکی سەرەکی ئەم کتێبەی بە پرسیار لە «مەغزای بوون» ەوە سەرچاوە دەگرت.

مرۆڤ

مرۆڤ لای هایدگەر پردێکە ڕووەوبوون، چونکە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە پرسیار لەبارەی بوونەوە دەکات، مرۆڤ تێگەیشتنێکی «بوون»ی هەیە، لەبەر ئەم هۆیەشە لەو پێگە پەتییە تێپەڕ دەکات کە «شت «یان «کەلوپەل» هەیەتی. بۆیە مرۆڤ شێوازە بوونێکی تەواو تایبەتی هەیە. ئەمەش هایدگەر ناوی دەنێت دازاین» ل ٢٠

«لە جیهانی بوون» چەمکێکی گرنگی تری هایدگەرە کە لەم کتێبەیدا باسی لێوە دەکات. ئەم چەمکەش مانای پەیوەندییەکانی مرۆڤە بە شتەکانەوە لەلایەک و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە مرۆڤەکانی دیکەوە لەلایەکی دی.

هایدگەر دەڵێت : (مرۆڤ هەردەم خۆی لە دۆخێکدا بەرانبەر شتگەل و مرۆڤەکانی دیکە دەبینێتەوە.ل٢٢) هەرئەمەش یارمەتیەکی گەورەمان دەدات لە تێگەیشتن لە مەغزای بوونی مرۆڤ.

«لەتەک بوون» چەمکێکی تری هایدگەرەو مۆرکێکی دیکەی «لە جیهانی بوون»ە. ئەمەش بریتییە لەو هەقیقەتەی کە مرۆڤ هەرگیز بەتەنیا ناژی، بەڵکو هەمیشە پەیوەستە بە مرۆڤانی ترەوە. «لەتەک

بوون» فۆرمێکی تەواو تایبەتی لەژیانی ڕۆژانەدا وەرگرتووەو بریتییە لە گونجاویی و هاوهەڵوێستی.

«بەربوونەوەVerfallen» یەکێک لەو چەمکە فکریانەی هایدگەرە کە قەناعەتی تەواوم پێیەتی، لەمەدا هایدگەر زۆر جوان شرۆڤەی بوونی مرۆڤ دەردەخات.

هایدگەر دەڵێت : («لە جیهان بوون هەمیشە بەربوونەوەیە». مرۆڤ بۆ نێو جیهان فرێدراوە، نەک ئەو خۆی لەوێ دانابێت.)هەر لێرەشەوە هایدگەر پرسی پەیوەستبوونی مرۆڤ بەو کەلتوورەوە کە تێیدا دەژی یان فرێدراوە، باس دەکات. راستیەکەشی وایە، ئێمە بەویستی خۆمان کورد نین بەڵکە فرێدراوینە ئەو جیهانە یان ئەو کەلتوورەی کە پێیدەڵین «کورد بوون، یان کوردەواری»

ویژدان و گوناح

هایدگەر پێی وایە «بانگی ویژدان» بێداربوونەوەیە لە شێوازی نەریتیانەی ژیانی مرۆڤ. هەروەها مەبەستی ئەو لە «گوناح» ئاگاییە سەبارەت بەوە کە مرۆڤ دەبێت خۆی بکات بە شتێک، ئاگایە لەوەی کە مرۆڤ شتێکی «قەرزاربار» شێمانەکانی دەربوونی خۆیەتی. ل۲۹

کات

ئەرستۆ تێڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەبوو بۆ «کات» و ئەو تێڕوانینەش تا سەردەمانێکی زۆر باوبووە. ئەرستۆ پێناسەی «کات» دەکات وەکو سنووری نێوان ڕابردوو و ئایندە. لایەنی هاوبەشی ئێستا لەتەک ڕابردوودا چیدی نەماوە، هەروەها لەتەک ئایندەشدا کە هێشتا نییە، ئەوەیە کە ئەویش ئەوان نییە.

بەڵام هایدگەر بە پێچەوانەی ئەرستۆوە، پێی وایە «کات» لێکدابڕاو نییە و بەردەواميیەکی هەیە. ئەو پێی وایە کات لە «سەرجەمێتیی

سەرچاوەیی» پێکدێت، ئەم سەرجەمێتییەش لە سێ ڕەهەندەکەی کاتدا شیاوە. تێزی فڕێدراوی پەیوەندی بە ڕابردووەوە دەکەن، بوون ڕووەو مەرگ، پەیوەندی بە ئایندەوە دەکات «ئامادەیی» پەیوەندی بە هەنووکەوە دەکات.

میتافیزیک چییە؟

یەکێک لەکتێبە گرنگ و پڕ بایەخەکانی هایدگەر کتێبی» میتافیزیک چییە؟». هایدگەر ماوەیەکی زۆر کاری لەسەر ئەم پرسە فەلسەفییە کردووەو هەوڵیداوە پێناسەی نوێ بەم چەمکە فەلسەفییە بداتەوە.

هایدگەر دەڵێت : (میتافیزیک مانای ئەوە دەگەیەنێت، پرسیار سەبارەت بە بناغەی شێمانەی ناخەکییانەی سەرجەم کرۆکی مەعریفەی ئۆنتۆلۆژیانە..ل١٥٣)

هایدگەر بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بۆ چەمکی میتافیزیک دەڕوانێت و دەڵێت : (لەبەرئەوەی میتافیزیک هەمیشە پێشبینی بوونەوەر وەکو بوونەوەر دەکات، ئەوا لە خودی بوون ناهزرێت.) دیارە خاڵی سەرەکی بیر و هزری هایدگەریش پرسی «بوون»ە.

چەند ڕەخنەیەک لە فکر و کەسایەتی هایدگەر

یەکێک لەو ڕەخنە گەورانەی کە ڕووبەڕوی هایدگەر دەبێتەوە، مەسەلەی پەیوەندی بە ڕژێمی نازیەتەوەیە. لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیەکی وورد سەبارەت بەم باسە لەلایەن «ڤیلیەم فان راپین» کراوە، کە یەکێکە لە پسپۆرە بەتواناکانی فکری هایدگەر. ئەو بەچەند لێکۆڵینەوەیەک لە پەیوەندی فکری هایدگەر و نازییەکان و هەروەها پرسی ئاخۆ هایدگەر نازیی بووە. هەمووی بە ڕوونی شیدەکاتەوە.

ئەوەی حاشاهەڵنەگرە کە هایدگەر بە شێوەیەکی فەرمی لە پاش ئەوەی لە٢٧ ئایاری ساڵی١٩٣٣ دەبێتە سەرۆکی زانکۆ فرایبوورگ،

پـاش ئـەوەش دەبێتـە ئەندامیـی (پارتـی کرێکارانـی ناسیۆنالسۆسالیسـتی ئەڵمانـی NSDAP..ل١٨٨) واتـە پارتـی نـازی ئەڵمانـی.

هایدگـەر لـەڕووی فکرییـەوە لـە چـەند خاڵێکدا لەگـەڵ نازییـەکان یەکی گرتووە. هایدگـەر دژی سیستمی «کۆمۆنیـزم، لیبرالیزم، پەرلەمانی «بوو. هـەروەهـا دژی جیهانگیریـی و تەکنیک بـووە. ئـەو ڕقـی لـە کۆمـار ڤایمـار دەبـووەو کـە کۆمارێکـی دیموکراتیـی و پەرلەمانـی بـوو، ، هـەروەهـا ئـەو سـۆزی بـۆ سـەرەتاییەکی نوێی نەتەوەیـی و رابەرێکـی بەهێز دەخواست، ئەوسـا بـە تێڕوانینـی ئـەو دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەی گـەل، دیموکراتـی ڕاسـتەقینە ریالیـزە دەکات. تەنانـەت هایدگـەر سـاڵ ١٩٦٦ لـە دیمانەیەکـدا لەگـەڵ گۆڤـاری شـپیگلی ئەڵمانـی، کەلەسـەر داوای خـۆی پـاش مەرگـی بلاوکرایـەوە، بێمتمانەیـی خـۆی بـە دیموکراتـی دەردەبرێت.

هەرلەسـەردەمی ڕژێمـی نازیـدا لـە نۆڤێمبـەری سـاڵی ١٩٣٣ دا ڕایگەیاند : (شۆڕشـی ناسیۆنالسۆسیالیسـتی[١٦٢] وەرچەرخانـی تەواوەتـی دازاینـی ئەڵمانیمـان دەهێنێت.

هەروەهـا نووسـینێکی تایبەتـی هەیـە بـۆ هیتلـەر نووسـیویەتی بەنـاوی «بڕیـاردان بـۆ ئادۆلـف هیتلـەر و دەوڵەتـی ناسیۆنالسۆسیالیسـتی»، لـەم نووسـینەدا دەڵێت : (شۆڕشـی ناسیۆنالسۆسیالیسـتی تەنیـا وەرگرتنـی دەسـەڵاتێکی هەبـووی نێـو دەوڵـەت نییـە لەلایـەن پارتێکـی پێگەییـوەوە بـۆ ئـەو مەبەسـتە، بەڵکـو ئـەم شۆڕشـە وەرچەرخانـی تەواوەتـی دازاییـنی ئەڵمانیمـان دەهێنێت..

لەهەمانکاتیشـدا ئـەو نەتـەوەی ئەڵمـان «جێرمەنـی» بـە درێـژە پێـدەری کەلتـووری نەتەوەیـی «گریکـی، یۆنانـی» دادەنـا. گاڵتەجاریەکـە لەوەدایـە هایدگـەر دەیویسـت لەرێـگای شـانازیکردن و خۆبەسـتنەوەی ئەڵمانـەکان بـە یۆنانـی کۆنـەوە، فەزلـی ئەڵمانـی بوونـی خـۆی دەربخـات، لەکاتێکـدا ئەڵمانییـەکان لـەو سـاڵانەدا بـە دڕندەتریـن شـێوە هێرشـیان کـردە سـەر

١٦٢ ناسیۆنالسۆسیالیسـتی واتـە فکـری نـازی ئەڵمانـی، لـە ئەڵمانیـدا زیاتـر بـەم شـێوەیە لـە نووسـیندا بەکاردەهینرێت.

ولاتی یۆنان و تەواوی ئەو ولاتەیان خاپوورو ویران کرد، هایدگەریش نوتق لەدەمییەوە نەهاتە دەرێ.

لەلایەکی تریشەوە هایدگەر زۆرجار بە سووکی تەماشای رەگەزی جووی کردووە، تەنانەت ساڵی ١٩٥٥ کاتێک مامۆستا جووکان گەڕانەوە بۆ کار لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا، هایدگەرو چەند مامۆستایەکی تر، سکاڵایان لە دەست ژمارەی زۆری پرۆفسۆری جوو کردووە. ل٢٠١

ئایا دەکرێت ئێمە هایدگەر بخوێنینەوە؟

بە بڕوای من کاتێک دەگەینە سەر ئەوەی ئاخۆ دەبێت ئێمە خۆمان بەفکری هایدگەرەوە خەریک بکەین، لەوەڵامدا دەڵێم، بەڵێ، چونکە ڕاستە ئەو بەشێک بوو لە ڕژێمی تاوانکاریی نازییەکان، هەروەها لە ڕووی فکرییشەوە لێیان نزیک بووە، بەڵام ناکرێت بڵێین هایدگەر لە فەلسەفەدا داهێنانی نەکردووە، بەڵکە ئەو بە باوکی فەلسەفە ی «پۆست مۆدێرنیزم» دادەنرێت و کاریگەریی گەورەی بەسەر فەیلەسوفانی سەدەی بیستەمەوە هەبوو بەتایبەتی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و سارتەر و فۆکۆ و دریدا و زۆر فەیلەسوفی تری سەدەی بیستەم.

من بەشێکی فکری هادیگەرم بەدڵە بەتایبەتی تێڕوانینی بۆ «کەلتوور و هونەر و کات و بوون « بە بروای من لەم بوارانەدا، داهێنانی گەورەی کردووە. هەروەها بۆ شارەزایی خوێنەری کورد باشترە بەم فەیلەسوفە ئاشنا بێت، ئاشکراشە مەرج نییە ئێمە لەگەڵ تەواوی بۆچوونەکانی هایدگەردا بین[١٦٣] .

١٦٣ لەبارەی هایدگەرەوە، کۆمەڵە گۆتار. لەئەڵمانیەوە : کاوە جەلال. بڵاوکراوەکانی کۆنسێپت بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێبازی نوێ. ساڵی ٢٠١٢

فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

هەمیشە ئەڵمانیا لانکەی فەیلەسوفان بووە، لەسەدەی بیستەمیشدا دووبارە دەبێتەوە بە لانکەی فەلسەفە ئەوەش لە رێگەی کۆمەڵێک فەیلەسوفەوە لە پێش هەمووشیانەوە فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، کە کاریگەری گەورەیان بەسەر تەواوی فکر و فەلسەفەی سەدەی بیستەم و تا ئێستاش هەیە. بەتایبەتی هەر پێنج فەیلەسوفە ناوارەکەی «هۆکەرهایم، مارکیوز، ئەدرنۆ، ئەریک فرۆم، هابەرماس.»

گەر باسی فەلسەفە لەسەدەی بیستەمەدا بکەین، ناچارین باسی فەیلەسوفانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین، چونکە ئەمانە کاریگەریی گەورەیان بەسەر تەواوی سەدەکە و پاشترێش هەبووە.

لێرەدا ئەم وتارەی نووسەری عەرەبی «ئەشرەف مەنسور «[١٦٤]کۆمەڵێک زانیارییمان دەداتێ لەبارەی فکری ئەم کۆمەڵە فەیلەسوفە و لەهەمانکاتیشدا کاریگەری فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی نیتچەش بەسەر

١٦٤ اشرف منصور. تاثيرات نيتشة على فلاسفة مدرسة فرانكفورت. سايتى ابن خلدون.

ئەمانەوە دەخاتە روو.

ئەم وتارە ئەوەی باشە لەیەککاتدا، باسی نیتچە و ئەو فەیلەسوفانە دەکات، کە کاریگەری گەورەیان بەسەر فکری جیهانیەوە هەبووە. هەربۆیە هەربۆیە پێم باشبوو وەکو بەشێک لەم کتێبەدا بڵاوبکرێتەوە، بەو هیوایەی خوێنەری کورد، کەمێک ئاگاداری لەبارەی فکر و فەلسەفەی نیتچە و ئەم کۆمەڵە فەیلەسوفە مەزنەی جیهان هەبێت.

کاریگەریی نیتچە لەسەر فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، هەڵگری ڕەوتێکی مارکسیانە بوون، ئەمەش لەلایەن ئەندامانی ئەم قوتابخانە تایبەتییەوە، لە ساڵانی سی و چلەکاندا ئاشکرایان کرد. هەروەکو دیارە «هۆکەرهایم و ئەدورنۆ و ماركیوز» بە پێشەنگە دیارەکانی ڕەوتی مارکسی خۆرئاوایی یان مرۆیانە دێنە ژماردن، ئەمان زیاتر جەختیان لە بوارە فەلسەفیی و کەلتوریەکانی فکری مارکس دەکردەوە، هەروەها ئەمان بەرگرییان لەو فکرە مارکسییە دەکرد، کە چوارچێوەیەکی هیگلی جەدەلیانەی هەبوو.

ئەمان لە دژی ئەو قوتابخانە ئەرتۆدۆکسیە مارکسییە دەوەستانەوە، کە زیاتر جەختی لە بواری ئابووریی موبالەغەکراوی مارکسی و سۆڤێتی و لینینی وستالینیی دەکردەوە. هەروەها ئەم قوتابخانەیە زیاتر دەیویست، جارێکی تر «چەپێکی هیگلیانە» دروست بکاتەوە، کە خودی مارکس لەتەمەنی گەنجیدا، هەواداری بوو.

لەڕاستیدا «یورگن هابەرماس» کە نوێنەری نەوەی دووەمی ئەم قوتابخانەیەیە، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی لەبارەی نەوەی یەکەمی قوتابخانەکە نووسیوە، یان دەتوانم بڵێم، کۆمەڵێک تەفسیری نوێی بۆ فکری هەموو ئەندامانی قوتابخانەکە کردووە. ئەوەی کە لە فکری هابەرماسدا نوێکاری هێنایە کایەوە ئەوەبوو، قوتابخانەکەی بەسەر دوو

قۆناغـدا دابەشـکرد :

قۆناغـی یەکـەم : کـە لـە دروسـتبوونی قوتابخانەکـەوە دەسـتپێدەکات، هەتاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمـی جیهانـی، ئـەم قۆناغـەش گوزارشـت لـە دروسـتبوونی ڕەوتێکـی مارکسـی خۆرئاوایـی دەکات.

قۆناغـی دووەم : لـە جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە دەسـتپێدەکات. کـە تێیـدا ئەندامانـی قوتابخانەکـە واز لـە زۆر تیۆرییەکانـی مارکسـیەت و تێڕوانینـە ڕەخنەگرانەکانـی دەهێنـن، کـە زیاتـر لـە دیـدگای ماتریالیزمـی مێژوویـیەوە سـەرچاوە دەگـرت. لەلایەکـی تـرەوە زیاتـر مەیلییـان بـەرەو «ڕەشـبینی و عەدەمییـە» هەنگاو دەنێیت، کـە ئەویـش زیاتـر کاریگەریـی» نیتچـە» یـان بەسـەرەوە هەیـە.

هابەرمـاس لـەم شـرۆڤەیەدا بۆ گۆڕانـی فکری قوتابخانەکە، دەیەوێت ئەوەمـان پێ بسـەلمێنێت، کـە لـە پـاش جەنگـی دووەمـی جیهانییـەوە، ئـەم قوتابخانەیـە «نیتچـە» کاریگەریـی گـەورەی بەسـەرەوە هەبـوو، ئەمـەش لەبەرامبـەر ئـەو کەسـانەیە، کـە زیاتـر دەیانەوێت وا دەربیخـەن بۆ خەڵکی، کەئـەم قوتابخانەیـە، تەنهـا کاریگـەری مارکسـیان لەسـەرەوە بـوو.

هابەرمـاس دەیەوێـت ئـەو بسـەلمێنێت، کـە «نیتچـە» کەسـایەتییەکی بنەڕەتـی و کاریگەریـی ئـەم قوتابخانەیـە بـوو، کاریگەریـی «نیتچـە» زیاتـرە لـە کاریگەریـی «شـۆپنهاوەر» لەسـەر «هۆکەرهایـم» و «کیرکگهـار» لەسـەر «ئەدورنـۆ»، وە «هایدگـەر» لەسـەر «مارکیـوز».

جێگـەی ئاماژەیـە هابەرمـاس لەسـەرەتای ژیانـی فکریـدا، زیاتـر خـۆی بـەو کەسـانەوە سـەرقاڵ کردبـوو، کـە کاریگەریـی نێگەتیڤیـان لەسـەر مۆدێرنیتـە هەیـە، هـەر ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکیی بـووە، بـۆ ئـەوەی هەمـوو کارەکانـی نـەوەی یەکەمـی قوتابخانـەی فرانکفـۆرت بخوێنێتـەوە. هابەرمـاس لەسـەرەتای قۆناغـی لاویـدا، زیاتـر جەختـی لەسـەر مارکسـی کلاسـیکی و ئـەو کەسـە مارکسـیانەی کـە هاوسـەردەمی بـوون دەکردەوە، بەتایبەتـی ئەوانـەی کەسـەر بـە قوتابخانـەی مارکسـی خۆرئاوایـی بـوون، تەنهـا ئـەم کتێبانـەی دەخوێنـدەوە.

لەبەرئەوە لەو قۆناغەدا دەستیکرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانی «لۆکاش، هۆکەرهایم، ئەدورنۆ، مارکیوز» کەهەموویان مارکسی بوون. لێ پاشتر هابەرماس بۆی دەردەکەوێت، کە ئەم کەسانە هێندەی لەژێر کاریگەری «نیتچە» دان، هێندە لەژێر کاریگەری «مارکس» دا نین. بەڕای هابەرماس، کارەکانی ئەم کۆمەڵە فەیلەسوفە، زیاتر لە ڕەخنەیەکی نیتچەیی ڕادیکاڵییەوە لە دژی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەرییەوە نزیکە، تاوەکو لە ماتریالیزمی مێژوویی، یان، بە واتایەکی تر «مارکسیانە».

هابەرماس و نیتچە

دیارە کاریگەری نیتچە لەپشت ئەو ڕەوتە فکریانەوە بوو، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە فەرەنسا دروستبوو، وەکو ڕەوتی فکری « پۆست مۆدێرنیزم «. زۆربەی مامۆستا دیار و پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتە فکریانە، خۆیان بە دووبارە تەفسیرکردنەوەی کارەکانی نیتچەوە خەریککرد و، هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە بۆچوونەکانی نیتچە بخەنە ناو کارەکانی خۆیانەوە، بۆ نموونە وەکو : (میشێل فۆکۆ، باتای، دریدا، دولوز).

هابەرماس لەناو زۆربەی ئەو ڕەوتە فکریانەی کە لەو کاتەدا هەبوون، گرنگی بەم ڕەوتە فەرەنسییە نوێیانە داو، کارەکانیانی خوێندەوە، هەرئەمەش یارمەتیدا، کە لێکۆڵینەوەیەکی وورد و تایبەت لەبارەیانەوە بکات. هابەرماس ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە «نیتچە» خاڵی هاوبەشی کەلتوری ئەم ڕەوتە فکرییە فەرەنسیانە و نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتە و بە یەک ئاست، نیتچە کاریگەری گەورەی بەسەر هەردووکیانەوە هەیە.

هەرئەمەش وایلێکرد کە فەیلەسوفەکانی نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت و فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنە فەرەنسییەکان، بکاتە یەک لێکۆڵینەوەو لەکتێبێکدا باس لە هەردووکیان بکات.

ئەو لەسەرەتاوە بە «نیتچە» دەستپێکرد، تێڕوانینی ئەو بۆ پرۆسەی مۆدێرنیتە، بە بڕوای هابەرماس، ئەمە خاڵی هاوبەشە لە نێوان فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکانی فەرەنسا و نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆت.

«مۆدێرنیتە» بەوە دەناسرێتە کە هۆشیاریی لەبارەی خودی خۆیی و زەمەنەکەیەوە هەیە، بەمانایەکی تر گوزارشت لە قۆناغێکی مێژوویی و شارستانی نوێ دەکات و ئەم هۆشیارییەش، بە سەرچاوەی پێوانە و بەهاکەی دادەنرێت.

نیتچە پێی وابوو کە «مۆدێرنیتە» شتێکی بۆش و بێ ناوەڕۆکە، جگە لە «عەدەمییەت» هیچ شتێکی نوێی بۆ نەهێناوین، لەبەرئەوە نیتچە پێی وابوو کە «مۆدێرنیتە» هەر لەسەرەتاوە وێرانکەر بووە. مۆدێرنیتە موژدەی بە سەرهەڵدانی «ڕاسیۆنالیزم، عەقلانییەت» و گەورەیی عەقڵی دەردەخست، لێ ئەم عەقڵە نەیتوانی جۆرە پاڵانسێگ برەخسێنێت، کەپێشتر «ئایین» کردبووی.

«مۆدێرنیتە» هێرشی کردە سەر ئایین و (عەقڵ و زانستی نوێی) خستە جێگای ئاینەوە، بەبێ ئەوەی بتوانێت وەکو ئایین ئەرکە کۆنەکەی جێبەجێبکات. لێرەدا نیتچە هەنگاوێکی زیاتر لە «هیگل» دەهاوێت، چونکە «هیگل» هەموو کاتێک و بە بەردەوامی بەرگری لە عەقڵ دەکرد و ستایشی ڕۆڵی عەقڵی دەکرد کە دەتوانێت جێگای ئایین بگرێتەوە، لێ نیتچە پشت بە تێڕوانینەکانی هیگل نابەستێت بۆ چارەسەرکردنی تەنگەژەی مۆدێرنیتە، چ تێڕوانینەکانی «فەلسەفە «لەلای هیگلی لاو یان «دەوڵەت «لەلای هیگلی پیر.

هەرچەندە لەپاش ڕۆشنگەری و ڕەخنە تونددەکان لە فکری لاهوتی ئاینی، چیتر ناتوانرێت کەلتووری ئاینی بگەڕێنرێتەوە، لێرەدا نیتچە «ئەفسانە» دەبێتە تاکە هیوای. لێرەوە نیتچە هیوای ئەوە دەخوازێت کە جارێکی تر «ڕۆحی دینوسی، واتە ڕۆحی سەرکێشیی و دەسپێشخەری «سەرهەڵبداتەوە.

دیارە ئەم لایەنەی فکری نیتچە، سیمایەکی مەسیحی بەهێزی پێوەدیارە کە خۆی لە هاتنی خودایەکی ئیلاهی دەبینێتەوە، یان خۆی لە پەیدابوونی ‹ کەسایەتی بالا، سوپەرمان» دەبینێت، کە خاوەنی رۆحێکی دیونیسیە.

بەدڵنیاییەوە ئەم سیما ئاینییەی فکری نیتچە کە لە لایەنی «لاهوتی» کورت دەبێتەوە، واتە ئەو لایەنەی کەخۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە چاوەڕوانی کەسێکی ڕزگارکەر دەکات و بەتەمایە جارێکی تر مەسیح لە دایک بێتەوە، کەئەمەش لە فکری نیتچەییدا خۆی لە رۆحی دیونیسیەت دەبینێتەوە، نەک لایەنی ئەخلاقی و مێژووی ئایین، چونکە نیتچە رەخنەی توندی لەم لایەنەی ئایین گرتووە.

لەلایەکی ترەوە «هونەر» لەلای نیتچە، جێگای نەمانی «میتافیزیکیا» دەگرێتەوە، واتە «هونەر» دەبێتە میتافیزیکیای نوێ، هەرئەمەش پاڵی بە نیتچەوە نا، کە بگاتە ئەو تێڕوانینەی کە پێی وایە: «هونەر « دەتوانێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر بوونی ئەسڵیمان، چونکە نیتچە پێی وابوو کە واقیع بۆتە شتێکی ساختە و وەهم ئامێز.

کاریگەریی نیتچە بەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە لە سێ لایەنەوە بوو:

لایەنی یەکەم : رەخنەگرتن لە مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری.

لایەنی دووەم: ڕەخنەگرتن لە عەقڵ، کە لەلای فەیلەسوفانی قوتابخانەکە ئەم خاڵە بۆ «رەخنەگرتن لە عەقڵی ئامێرئامێزی» دەگۆڕێت.

لایەنی سێهەم: هەنگاونانە بۆ بەرەو «هونەر» بەتایبەتی لەلای «ئەدورنۆ و ماركیوز» کە وەکو شتێکی فریادرەسێک بەکاریانهێنا. هەروەها هەنگاوناییان بەرەو «ئیستاتیکا» کردنی بە ئەلتەرناتیڤێک بۆ خۆیان و لەجیاتی پرۆژە تیۆرییە رەخنەگرییەکان دایبنێن، کە قوتابخانەکە بەیەکجاری وازی لێهێنابوو.

ئەم سێ تایبەتمەندییە وایکرد کە سیمایەکی تایبەتی بداتە قوتابخانەکە لەپاش جەنگی دووەمی جیهان و هەروەها بە ئاشکرا کاریگەری نیتچە دەردەکەوێت و کاریگەریی مارکسیش نامێنێت و لەناودەچێت.

ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنە و ڕۆشنگەری

کاتێک لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا، قوتابخانەی فرانکفۆرت وەکو ڕەوتێکی فکری دەرکەوت، هەتاوەکو ئێستا ڕەخنەی ئابووری سیاسیی مارکسی وەکو چەکێکی ڕەخنەگرانە بەرامبەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد بەکاریدەهێنێت، هەروەها پێشیان وایە کە چارەسەر بۆ کێشەکانی سیستمی سەرمایەداری، گۆڕانێکی شۆڕشگێرانەیە لە بواری پەیوەندییە ئابووریيە باوەکان، پرۆلیتاریاش وەکو ئامانجێک کاردەکات بۆ ڕەخنەگرتن و هەروەها ئامادەی دەکات بۆ ئەرکی گۆڕانکاری.

جێگەی ئاماژەیە تیۆری ڕەخنەگرانەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، ڕووبەڕوی دوو گرفتی سەرەکی و ئاڵۆز بوویەوە :

یەکەمیان : خۆی لەو چارەنووسە خراپە دەبینێتەوە کە مارکسییەت لە ڕوسیادا تووشی بوو، هەروەها ئەو خراپ بەکارهێنانەی کە مارکسیەتیش لەوێندەر تووشی هات.(لێرەدا نووسەر مەبەستی لە خراپ بەکارهێنانی مارکسییەتە لە یەکێتی سۆڤێت، ، ، وەرگێڕ)

دووەمیان : ئیندماج (تێکەڵبوون) ی چینی کرێکار لەناو سیستمی سەرمایەداریدا، کە ئەمەش هەموو هیواکانی شۆڕش وگۆڕانکاریی خستە ناوگۆڕ و لەناویبرد. هەروەها بەهۆی زاڵبوونی سیستمی سەرمایەداری بەسەر ئەو تەنگەژانەی کە بەسەریدا هاتن، ئەویش بە فەزلی دروستکردنی دەوڵەتێکی لیبڕاڵی و دەوڵەتی ڕەفاهیەت «خۆشگوزەرانی»، کە خۆی لە ئابووریيەکی تێکەڵاو دەبینێت.

هەر ئەمەش وایکرد کە «هۆکەرهایم و ئەدورنۆ» تووشی تێروانینێکی «ڕەشبینانە» بن، کە پاشتر ڕەخنەکانیان بەرەو «عەدەمیەت» هەنگاوییان

نا و پاشتریش وازیان له نموونەی رەخنەی «ئابووری سیاسی مارکسی «وەکو پرۆژەیەکی تیۆری ڕەخنەگرانە هێنا و لە جیاتی ئەمەش پشتیان بە تیۆری «ڕەخنەگرانەی عەقڵانی ئامێر ئامێز» بەست، هەرئەمەش دەرگای بۆ «هابەرماس» والا کرد، بۆ ئەوەی کەشفی کاریگەری نیتچە لەسەریان بکات. ئەمەش وای لە «مارکیوز» کرد، کە واز لە پرۆژەی تیۆری رەخنەگرانەی خۆی بهێنێت و پاشانیش واز لە ئینتمای مارکسیانەی پێشووی خۆی بهێنێت، بەهەمان شێوەی موماڕەسەی رەخنەی عەدەمی ڕەشبیانە بکات، کە «هۆکەرهایم و ئەدورنۆ» پێشتر دایاننابوو.

باشترین شت کە مۆدێرنیتە هێنایە کایەوە، پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا بوو. لە ڕاستیشدا مارکس تێڕوانینێکی زۆر پۆزەتیڤانەی لەبارەی هەردووکیانەوە هەبوو (مەبەستی زانست و تەکنەلۆژیایە، ، ، وەرگێڕ)، مارکس پێی وابوو کە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆشیالیستی خێراتر بکات و کار بۆ ئەوە دەکات، کە جۆرە پڕەنسیبێکی نوێ بۆ کار و هۆکانی بەرهەمهێنان بخولقێنێت، کە بتوانێت لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا یەکبگرێتەوە.

بەڵام ئەم پێشکەوتنە تەنها کاری بۆ ئەوە کرد، کە هێندەی تر سیستمی سەرمایەداری بەهێزبکات و سەرکەوێت بەسەر ئەوەی، کە نەهێڵێت چینی کرێکاران ببنە یەک و خاوەنی هۆشیارییەکی تایبەت و سەربەخۆ بن. هەرئەمەش وای لە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کرد، کە بەشێوەیەکی گشتگیرانە، ڕەخنە لە مۆدێرنە بگرن.

لەکاتێکدا فکری قوتابخانەکە لە سالانی سیدا، تەرکیزی لە دەوری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیانە دەگرت، بەو ئامانجەی بەرگری لە بەهاکانی مۆدێرنیتە بگرن، وەکو : (عەقڵ، عەدالەت و ئازادی.) بەڵام لە چلەکاندا ئەم ڕەخنەیە بۆ (ڕەخنە لە عەقلانییەتی میژوویی) گۆڕا، واتە (عەقڵانییەت، ڕاسیۆنالیزم) هەروەک مۆدێرنیتەی ئەوروپی تێگەیشتبوو، بۆ ماوەیەکی

زۆری مێژوویش، مومارەسەی کردبوو.

بەمشێوەیە رەخنە لەلای قوتابخانەکە بۆ «فەلسەفەی مێژوو» گۆڕا، دیارە ئەمەش بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕوون لە ناونیشانی لاوەکی کتێبی (جەدەلی ڕۆشنگەری) دەردەکەوێت، کە (هۆکەرهایم و ئەدورنۆ) پێکەوە نووسیان، جێگەی ئاماژەیە ناونیشانی سەرەکی ئەم کتێبە (چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی هەمەجۆر لەبارەی فەلسەفە لەناو مێژوودا). لەجیاتی ئەوەی هەمان ڕێچکەی نا عەقڵانی لەسەر ماوەیەکی مێژوویی تایبەتی بگرنە بەر، هاتن هەموو مێژووی مۆدێرنیتەی ئەورووپییان، وەکو کاروانێک بەرەو عەدەمییەت وەسف کرد.

هۆکەرهایم و ئەدورنۆ بەدواداچوونیان بۆ ئەسڵی زانستی نوێکرد، هەتا گەیشتنە ئەوەی کە سەرەتاکانی زانستی نوێ بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری دەگەڕێتەوە، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی، کە چەمکی «ڕۆشنگەری» کە بنەڕەتی فکری زانستی نوێ بووە، مەبەستی سەرەکی ئەوەبوو، کە مرۆڤ لە چنگی «ترس» ڕزگار بکاتن.

بەرنامەی بنەڕەتی مۆدێرنەی ئەورووپی کە هەر لەسەرەتادا موژدەی بە دەرکەوتنی زانست دا، وەکو ئەوەی کە زانست دەتوانێت جیهان لە سیما شاراوەو ئاڵۆزەکەی دەربکات، کەئەمیش لە دەرئەنجامی فکری ئایینی و ئەفسانەیی پەیدابوو، بەمشێوەیەش مەعریفەی زانستی جێگای مەعریفەی خەیاڵی دەگرێتەوە.

لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە، کاروانی مۆدێرنە ئەوەی ئاشکرا کرد، کە هێشتا مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی ڕیشەیی نەیتوانییوە لە هزری ئەفسانە ئامێزی ڕزگاری بێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە لەناخیدا کۆمەڵێک ڕەگەزی ئەفسانەیی هەیە. ڕاستە لە هەژمونی کڵێسا ڕزگاری بووە، بەڵام لەجیاتی هەژموونی کڵێسا، هەژمونی دەوڵەت جێگەی گرتۆتەوە، کە ئەویش وەکو شتێکی ئەفسانەیی نوێ دەردەکەوێت.

هەروەها ڕاستە لە فکری غەیبی و لاهوتی ڕزگاری بووە، بەڵام مەیلی زانستی و ئەزموونگەرایی جێگەی گرتۆتەوە، کە ئامانجی ئەم

مەیلەش تەنها زاڵبوونی هەژموونی مرۆڤە بەسەر سروشت و مەبەستی تایبەتییە، هەرلەبەرئەو ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا بۆتە ئەفسانەیەکی نوێ.

گەر فکری ئەفسانەیی پێی وابێت، کە جیهان پڕیەتی لە هێزی شاراوەو غەیبی، هەروەها بەکارهێنانی سیحرکردن بۆ ئەوەی ئەم هێزە بەهێزە ڕازیبکەیت و سروشت بخەیتە ژێر ئیرادەی مرۆڤەوە، ئەوا فکری ڕۆشنگەریش تێڕوانینی بۆ سروشت، تەنها لە سۆنگەی ئەوەبوو، کە ئەم سروشتە پڕیەتی لە وزەو هێز، کە دەکرێت بخرێتە خزمەتی مرۆڤەوە.

لەکاتێکدا کە پێشتر هێزە شاراوەکان کلیلی زاڵبوونی هەژموونی مرۆڤ بوون بەسەر سروشتدا، ئێستا هۆکارو یاساکانی زانست، بوونەتە کلیلی ئەو هەژموونگەریەی مرۆڤ بەسەر سروشت. هەرچەندە ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەش کە ڕوویداوە و لەناخیدا پێشکەوتنێکی گەورەی عەقڵانی و هەڵگرتووە، سیفەتێکی سیحرئامێزییش دەداتە زانست، بەڵام لەبنەڕەتدا هەڵگری هەمان پەیوەندییە بە سروشت و هەمان هەڵوێستی جارانی لەبەرامبەردا هەیە.

ڕەخنەگرتن لە عەقڵ

هۆکەرهایمەر بە کتێبێکی تایبەت دەردەکەوێت، ئەو کتێبەشی لەپاش کتێبی «جەدلیەتی ڕۆشنگەری» نووسی، ناونیشانی ئەم کتێبەش کۆمەڵێک دەلالاتی گرنگی هەیە (لەناوچوونی عەقڵ) لە نێوان عەقڵی تایبەتی و عەقڵی ئەزموونگەری. عەقڵی تایبەتی لای ئەو، سیمایەکی ئەرک ئامێزگری هەیە، واتە بەپێی لێپرسینەوەو وردەکاری لاوەکی و ئامانجی نزیک کاردەکات، لەبەرئەوە کار بۆئەوە دەکات کەبەسەر سروشتدا زاڵ بێت. بۆ ئەم کارەش پشت بە کۆمەڵێک ئامراز دەبەستێت بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی، هەروەها پێی وایە کە مەعقوولیەت لەوەدایە کە ئامراز و ئامانجەکان یەکبگرنەوە. ئەو ئامانجەی کەئەم عەقڵی تایبەتییە

کاری بۆ دەکات بریتییە لە : پاریزگاریکردن لە خود» الذات» بەهاکەشی لەوەدا دەردەکەوێت، کە ئاخۆ ئەو زانستە چ سوودێکی هەیە، بۆ ئەوەی هەژمونی خۆی بەسەر سروشت و مرۆڤەکانی دەوروبەردا بسەپێنێت.

بەڵام عەقڵی بابەتگەری جەخت لەسەر بەها بەرز و سامییەکان دەکاتەوە، وەکو (ژیانێکی خۆشگوزەران و پاکوبێگەرد، هەروەها دەستەبەرکردنی مەعقوولیەت لە ژیانی مرۆڤدا.) پێشتر ئایین و فکری لاهوتی و میتافیزیکی ئەمەیان کردبوویە پاشخانێکی باش بۆ عەقڵی بابەتگەری، ئەم پاشخانەش وایکرد کە ئەرکی تەقلیدی (ئایین) نەمێنێت و فکری میتافیزیکی ڕووبەڕوی ڕەخنە بێتەوە.

دیارە هۆکەرهایم دژی ئەم پاشخانەی فکریەی عەقڵی بابەتگەریەش بوو، چونکە هیچ جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا نەکردبوو، ئەم جیاوازییەنەکردنەش لەناخیدا نیەتێکی زەرەمەند هەیە، کەدەیەوێت لەیەک کاتدا هەژموونی خۆی بەسەر سروشت و مرۆڤدا بسەپێنێت.

لەلایەکی تریشەوە فەلسەفەی عەقڵی بابەتگەریی وەکو ئەفلاتونی و هیگلی، نەیتوانییوە بەشێوەیەکی ڕیشەیی لە میراتی فکری ئەفسانەگەریی و ئاینی ڕزگاری بێت. دیارە ئەفلاتونیەت هەڵگری کاریگەریی فکری ئەفسانگەری یۆنانی پێوەمابوو، هیگلیەتیش کاریگەری لاهووتی مەسیحی پێوە مابوو.

قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو جەدەلە هەمیشەییە ئاشکرا دەکات، کە لە نێوان عەقڵ وەکو ئامانج و عەقڵ وەکو ئامراز هەیە. هەر پێشکەوتنێکی نوێ کە عەقڵ لە بواری ماددیدا دەیکات، دەبێتە هۆی زیادبوونی چەوساندنەوەو هەژموونگەری، لەکاتێکدا دەبوایە بەرەو زیادبوونی ئازادی هەنگاو بنێت. هەموو فراوانبوونێکی زاڵبوون بەسەر سروشتدا، دەبێتە هۆی زاڵبوونی هەژموون بەسەر مرۆڤەکاندا.

هەروەها چەمکی عەقڵ وەکو ئەوەی لە میراتی فەلسەفیدا دەرکەوت، دیار نەماوەو گوم بوە، چونکە ئەم میراتە «مەبەستی میراتی فەلسەفی» کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە، هەروەها لەڕێگای ئەویشەوە مرۆڤ

دەتوانێت خودی خۆی لە کۆیلەبوونی بۆ سروشت ڕزگاربکات.

دیارە تێگەیشتن لەمانای کۆیلەبوونی مرۆڤ بۆ سروشت و پاشان ئازادبوون لێی و زاڵبوونی هەژموونی مرۆڤ بەسەریدا، مانای تێگەیشتن لێی و هەڵمژینی مەنطقی تاییبەتی دەگەیەنێت. لەلایەکی تردەوە عەقڵ هەروەکو فەلسەفە لێی تێگەیشتووە پەیوەندی بە بوونی شەخسی مرۆڤەوە نییە، تەنانەت ژیانیش بەشێوەیەکی گشتی، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە مرۆڤ ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە، کە بەرژەوەندی شەخسی و بایەخدان بە ژیانی باش بۆ کۆمەڵ دەگرێتەوە.

لەگەڵ زاڵبوونی تێڕوانینی ئامڕازگەلی عەقڵییەوە، هەموو ژانرە زهنییەکان بۆ ئەرک دەگۆڕێن، واتە دەبنە جۆرێک لە تەکنیک کە وا پێویست دەکات مرۆڤ لەڕێگای مومارەسەو ڕاهێنانەوە فێری بێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستی بە پسپۆرێک دەبێت کە تەنها لە بەشێکی بچووکی پرۆسێسە عەقڵییەکان شارەزابێت، کەئەمەش وەکو ئەلتەرناتیڤێکە بۆ کەسایەتی مرۆڤێکی کامڵ بوو.

لەپاش ئەوەی کە پرۆسێسە عەقڵییەکان پەرتەوازەدەکرێن و بۆسەر چەند بەشێکی بچووک دابەشدەکرێن، ئەم بەشە بچووکانە دەبنە کەرتی تایبەتی پسپۆرەکان، بەمشێوەیەش عەقڵ تەشویش دەکرێت و دەبێتە ئامێرێک. بەم شێوەیەش عەقڵ لە هێزێکی ڕەخنەگرانەوە، دەبێتە هێزێکی ملکەچ.

ئیستاتیکا وەکو ئەلتەرناتیڤێک بۆ پرۆسەی تیۆری ڕەخنەگرانە

پاش ئەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت» عەقڵانییەت» ی باوی بە عەقڵانییەتی هەژمونگەرایی و کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن وەسفکرد، لەپاش ئەوەی حوکمی بەسەر «زانست» دا، کە ناوەڕۆکەکەی وەکو بنەمایەکی مەنطقی وایە، کە ڕێگاخۆشەکەرە بۆ ئەوەی ببێتە ئامڕاێزێکی هەژمونگەری، هەروەها ڕەخنەی ئەوەیان لە زانست گرت، کە ئاسۆیەکی

هەژمونگەرانەی هەیە، بۆ ئەوەی خۆی بەسەر سروشت و مرۆڤدا بسەپێنێت، لەبەرئەوە ناچاربوون، کە بواریکی تر بۆ خۆیان بدۆزنەوە، کە دووربێت لەم تێڕوانینە، ئەمەشیان لە «هونەر» دا دۆزیەوە.

ئەدورنۆ پێی وابوو، کە فکری «وێناکردن. التصور» (واتە ئەو فکرەی کە لەڕێگای وێناکردنی شتەکانەوە دێتە دی) دەتوانێت نهێنی پەیوەندییە ئامڕازگەلییەکان ئاشکرا بکات، چونکە فکر بەمشێوە دەیەوێت، لەڕێگای «وێناکردنەوە» هەژمونی خۆی بەسەر جۆراوجۆریی شتەکان بسەپێنێت، ئەویش بەهۆی مەنطقی ئامڕازگەلییەوە، کە مامەڵەکردن لەگەڵ شتە ماددییەکاندا ئاسان دەکات.

لەبەرامبەردا ئەو «هونەر» ی وەکو ئەلتەرناتیڤێک بینی بۆ ئەم جۆرە فکرانە، چونکە یەکێتی رەگەزەکانی هونەر، لەسەر بنەمای وێناکان ناوەستێت، بەڵکە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت. هەروەها لەو باوەڕەشدا بوو، کە «هونەر» کار بۆ گشتگیری دەکات، واتە بابەتەکانی سیمایەکی شمولییان پێوە دیارە، چونکە ڕەسانەیەتی ناوخۆیی کارە هونەرییەکان و ئەوەشی کە لەڕێگایەوە هەقیقەتەکان دەردەخات، هەموو ئەمانە دژی گشتگیری عەقڵانییەتی ئامڕازگەلی دەوەستێتەوە، ئەمەش وامان لێدەکات، کە جۆرە هەقیقەتێکی تر دەربخات، کە پێچەوانەی تێڕوانینی ئەزموونگەرایی زانستە.

هونەر دەتوانێت بوونێک فەراهەم بکات، کە بە مرۆڤ نامۆ نییە، هەروەها دەشتوانێت ڕزگاری بکات، لەو شێوە و دیاردە چەواشانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، لەلایەکی تریشەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو، دەتوانێت لەژێر هەژمونی بتپەرستی شمەکە باوەکانی ناو سیستمی سەرمایەداری ڕزگاری بکات.

بەڵام «مارکیوز» هەموو هیواکانی خۆی دەخاتە ناو «هونەر» ەوە، ئەو پێی وایە» هونەر «ئەلتەرناتیڤێکە بۆ «تەکنیک «، وە «هونەر» دەتوانێت بە ڕێگای تایبەت بە خۆی «واقیع» یەک دروستبکات، کە

جیاواز بێت لەو واقیعەی کەتەکنەلۆژیا دروستی کردووە، کەتێیدا «خەیاڵ و عەقڵ» دوو رەگەزی دژ بەیەکن، هەروەها فکری شیعری و زانستیش دژ بەیەک دەوەستنەوە.

لەلایەکی ترەوە «مارکیوز» پێی وایە کە «هونەر» دەتوانێت پڕەنسیبێکی نوێ بۆ «واقیع» دروست بکات، کە جیاواز بێت لەو «واقیعە چەوسێنەرانەی» کە لە تیۆری فرۆیدا هەیە.

بە تێڕوانینی مارکیوز بێت، ئەرکی کەشفکردن و دۆزینەوەی کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی نوێ و ئازاد، ئەرکی «هونەر» ە. ئەو هەستە نوێیەی کە هونەر دەیهێنتە کایەوە، وەکو مومارەسەیەک دەیبینێت، کە پێویستە هەموو مرۆڤێک جێبەجێی بکات. لەلایەکی ترەوە ئەو پێی وایە، کە ئەم هەستە نوێیە، دژی تۆندوتیژی و چەوساندنەوە دەوەستێتەوە و ڕێگای نوێ بۆ ژیان دروست دەکات.

ئەو مومارەسە نوێیەی کە هونەر دەیهێنێتە کایەوە، هەموو سیستمە کۆنەکە کەلەسەر بنەمای «ئەخلاق و کەلتوور» وەستاوە، ڕەتدەکاتەوە، هونەر کار بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەک دەکات، کە «هەژاریی و نەهامەتی «کۆتایی پێ بێت. هەروەها گۆڕانکارییەک دروست دەکات، کە بەهاکانی هەست و یاریی و هێمنی و جواناسی، دەبنە سیمایەکی بوون، هەروەها پاشتریش دەبنە سیمای هەموو کۆمەڵگەکە.

گرامشی

فەیلەسوفێکی شۆڕشگێڕ

ئیتالیا خاوەنی شارستانییەتێکی زۆر گەورەیە، لانکەی زۆرێک لە فەیلەسوف و زانا و هونەرمەندی مەزنی جیهانە، کە جێ پەنچەیان بەسەر مێژووی مرۆڤایەتییەوە دیارە، یەکێکیش لەو فەیلەسوف و کەسایەتییە مەزنانەش ئەنتۆنیۆ گرامشییە. ئەم پیاوە مەزنە لە یەک کاتدا، فەیلەسوف، شۆڕشگێڕ، رۆژنامەنووس، نووسەر و چالاکوانێکی مەدەنی ئێجگار گەورە بووە. داکۆکیکارێکی مەزن بووە لە مافی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لە هەمووشی گرنگتر شۆڕشگێڕێکی مەزن بووە لە دژی رژێمی فاشیستی ئیتالیا، هەر لە پێناوی ئەم بەها جوانانەشدا زیاتر لە دە ساڵ زیندانیکراوە دواجاریش کاتێک ئازاد کرا، هێندە ئازار و ئەشکەنجەیاندابوو، گیانی پاکی لەدەستداوە.

کاتێک دادوەرەکە بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکرد رایگەیاند: ئەوا بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ ئەم عەقڵەمان راگرت. بەڵام وەکو نووسەرێکی ئەڵمانی دەڵێت: ئەو عەقڵە نەک هەر رانەگیرا، بەڵکو هەتاوەکو ئێستاش چالاکە.

گرامشی خاوەنی دیدگایەکی ئێجگار تایبەتە و تیۆری خۆی هەیە لە بارەی کەلتور، رۆڵی رۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەدا، هەروەها بۆچوونێکی رەخنەگرانەی هەیە بەرامبەر بە تێڕوانینی خۆرئاوایی بۆ جیهان و کە خۆی لە فکری سەنترالیزمی خۆرئاوایی دەبینێتەوە. جگە لە کۆمەڵێک تێڕوانینی تایبەتی لە بارەی یەکێتی سۆڤیەت، فاشیزم، سیستمی سەرمایەداری، پارتی شۆڕشگێڕ، خەباتی مەدەنی و سیاسیی، دەوڵەت، ئەدەب و هونەر، کۆمەڵێک بابەتی گرنگی تر.

لێرەدا هەوڵ دەدەم تیشکێک بخەمە سەر ژیان و فکری ئەم کەڵە

فەیلەسوفە و کەمێک بە خوێنەرانی ئازیزی کوردی ئاشنا بکەم.

منداڵێکی هەژار

Antonio Gramsci ئەنتۆنیۆ گرامشی لە ٢٢ یانوەری ١٨٩١ لە دوورگەی سەردینیای ئیتالیا لەدایک بووەو لە ٢٧ ئەپریلی ١٩٣٧ لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا کۆچی دواییکردووە. ئەنتۆنیۆ سەر بە کەمە نەتەوەی Arbresh ئاربیرێش کە کەمە نەتەوەیەکی ئەلبانین لە باشووری ئیتالیا دەژین. لە بنەچەدا بنەماڵەی گرامشی خەڵکی ئیتالیا نین و لە ئەلبانیاوە هاتوون، باپیرە گەورەی بە خۆیی بنەماڵەکەیەوە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە ئەلبانیای بەجێهێشتووە هاتوون بۆ شاری ناپۆلی باشووری ئیتالیا. ناوی گرامشیش لە ناوی شاری «Gramsci گرامش» ی ئەلبانییەوە هاتووە، کە شارۆچکەیەکی بچووکە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەلبانیاوە.

گرامشی لە تەمەنی ٣ ساڵیدا بە دەستی کچە خزمەتکارێکییانەوە دەکەوێتە خوارەوەو پشتی ئازاری زۆری پێ دەگات و ئەمەش هەتا کۆتایی ژیانی کاریگەری گەورەی بەسەر جەستەیەوە بەجێهێشت. بەهۆی ئەمەوە تووشی پشتئێشەی زۆر بووە، لەبەرئەوە نەیتوانییوە زۆر یاری لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی خۆیدا بکات. پاشانیش وایکردووە کە لە رووی گەشەی جەستەییەوە زۆر پێشنەکەوێت و بااڵ کورت و پشت کۆم بێت.

لە رووی ئابووریشەوە سەرەتا رەوشی ژیانیان ئاساییی بووە، باوکی کارمەندێکی ئاساییی حکومی بووە، بەاڵم پاشئەوەی ساڵی ١٨٩٨ باوکی بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی پۆستی حکومی لە کارەکەی الدەبرێت و زیندانی دەکرێت، رەوشی بنەماڵەکەیان لە رووی داراییەوە تێکدەچێت. هەرئەمەش وا دەکات کە لە رەوشێکی زۆر خراپی داراییدا خوێندن تەواو بکات، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، بەرەو

شـاری تورینـۆی باکـووری ئیتالیـا دەڕوات و لێرەشـەوە تێکەڵـی ژیانـی سیاسـیی و فکرییـی ئیتالیـا و ئەوروپـا دەبێت.

سەرەتای تێکەڵبوون لەگەڵ سیاسەت و فکردا

سـاڵی ١٩٢١ لەرێگەی سـتێپێندیۆمێکەوە» دەسـتگیرۆییەکی خوێندنەوە» دەتوانێت لـە زانکۆی تورینـۆ بەشـی ئـاداب بخوێنێت. ئەمـەش دەرگایەکـی گـەورەی فکریـی و سیاسـیی و رۆشـنبیریی بـەرووی گرامشـی گەنجـدا دەکاتـەوە. هەرچەندە وەکو خـۆی پاشـتر باسـی دەکات، لـە رووی بژێوییی ژیانـەوە، زۆر رەوشـی ژیانـی خـراپ بـووەو هەژاریـی و برسـێتی زۆری چەشـتووە. بـەڵام زانکۆ و شـاری تۆرینـۆ دەرگایەکـی فراوانـی جمووجۆڵـی سیاسـیی و رۆژنامەگەریـی و فکری بـۆ دەکەنـەوە.

لـەو سـاڵانەدا لـە تـەواوی ئیتالیـادا بزووتنـەوەی کرێکاریـی و چەپـەکان زۆر بەهێزبـوون، گرامشـی زوو تێکەڵـی ئـەم بزووتنەوەیـە بـوو. لـە سـاڵی ١٩١٧ لـە ئیتالیـاش راپەرینـی گـەورەی کرێکاری دەسـتیپێکرد، لـە شـارەکانی باکووردا بزووتنـەوەی شـورایی لـە نـاو کارگـەکان دروسـتبوو، کـە گرامشـی زۆر داکۆکـی لێدەکـرد. ئـەو لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە لێرەش هاوشـێوەی روسـیا، شۆڕشـێکی کرێـکاری روو دەدات و کۆتایـی بـە سیسـتمی سـەرمایەداری دەهێنرێت و سیسـتمی سۆشیالیسـتی هاوشـێوەی روسـیا دروسـت دەکرێـت، بـەڵام وا دەرنەچـوو.

گرامشـی لـە سـاڵی ١٩١٩ دەبێتـە سـەرنووسـەری رۆژنامـەی سیسـتمی نـوێOrdine Nuovo، لێرەدا زیاتـر داکۆکـی لـە مافـی کرێـکاران دەکات و بەشـێکی زۆری بۆچوونەکانـی خـۆی دەخاتـەڕوو. پاشـان دەچێتـە نـاو ریزەکانـی پارتـی سۆشیالیسـتی ئیتالیـا، دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٢١ دەبێتـە ئەندامـی دامەزرێنـەری پارتـی کۆمۆنیسـتی ئیتالیـا وەکـو سـکرتێری گشـتی حزبیـش هەڵدەبژێرێـت.

بۆچوونە فکرییەکانی

بۆئەوەی لە فکر و فەلسەفەی گرامشی تێبگەین، هەردوو رەگەزی «کات و شوێن» هاوکاری باشمان دەکەن. ئەو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ژیاوە، ئیتالیاش یەکێک بووە لە زلهێزەکانی ئەوکاتی جیهان و کاریگەری گەورەی بەسەر ئەوروپا و جیهانیشەوە هەبووە. لەوکاتەشدا جیهان بەدەست کۆمەڵێک کێشەی گەورەوە دەینالاند، زلهێزەکانی جیهان لە جەنگ و ململانێی سەختدا بوون. بیری سۆشیالیزم و چەپگەرایی لە تەواوی ئەوروپا و جیهاندا زاڵ بووە، لە بەرامبەریشدا فکری فاشیزم و ناسیۆنالیزم و تۆتالیتاریزم زۆر بەهێز بوو، لە ئیتالیا فاشیستەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، لە روسیاش بۆلشەفییەکان دەسەڵاتیان گرتبووە دەست و سیستمی سۆشیالیستیان دامەزراند بوو. ئیتالیاش خۆی لەناو گێژاوێکی گەورەدا دەبینییەوە، هێزە چەپ و راستڕەوەکان لە جەنگ و ململانێی سەختدا بوون. هەموو ئەمانە کاریگەری گەورەیان بەسەر فکر و دونیابینی گرامشیی هەبووە.

ئەو جگە لە جموجۆڵی سیاسیی، لە بواری نووسین و فکر و فەلسەفیشدا، داهێنانی گەورەی کردووە. بەشێکی زۆری فکر و فەلسەفەکەشی لە زیندانەوە نووسیوە کە بە ‹ دەفتەرەکانی زیندان» ناودەبرێن و خۆیان لە ٣٢ دەفتەر دەبیننەوە نزیکەی ٣ هەزار لاپەڕەن. لەم دەفتەرانەدا باسی کۆمەڵێک مەسەلەی گرنگی کردووە لەوانە» رۆڵی رۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەدا، هەژموونی دەوڵەت و کەلتووری سەرمایەداری، ڕەخنە لە فکری سەنتڕالیزمی کەلتووری ئەوروپی. سیستمی دەوڵەت، کۆمەڵی مەدەنی، خەباتی سەندیکایی، دژایەتیکردنی فکری فاشیزم، شۆڕشی روسیا، کێشەکانی ئیتالیا و ئەوروپا. مەسەلەی شۆرش و خەباتی چینایەتی، ، ، «کۆمەڵێک مەسەلەی تر.

بۆچوونە فکرییەکانی گرامشی

خەبات لە دژی فاشیزم

بەشێکی گرنگی خەباتی سیاسی گرامشی بریتییە لە خەبات لە دژی سیستم و فکری فاشیزم، ئەو چ بە قەڵەم یان بە چالاکی مەدەنی دژی رژێمی فاشیزمی مۆسۆلینی دەوەستێتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ ١٩٢٦ چەندجارێک دەستگیر دەکرێت پاشانیش لە ساڵی ١٩٢٦ بە تەواوەتی زیندانی دەکرێت و هەتاوەکو ساڵی ١٩٣٧ لە زیندانی فاشیستەکان دەبێت. لە زیندانیش زۆر ئەشکەنجە دەدرێت، هەربۆیە کاتێکیش ئازادی دەکەن، لە پاش ماوەیەکی کەم بەهۆی نەخۆشییەوە گیان لە دەستدەدات.

ئەو لەڕێگەی نووسینەکانییەوە، دژندەیی و نامرۆیی فکری فاشیزمی خستۆتەڕوو، بەشێک لەکارە فکرییەکانی بۆ دژایەتیکردنی فکری فاشیستی تەرخانکردووە. لەهەمانکاتیشدا پێشبینی بەو کارەساتە گەورانەوە کردووە کە رووبەڕوی ئیتالیا دەبێتەوە بەهۆی رژێمی فاشیستی ئیتالییەوەو بەسەرۆکایەتی مۆسۆلینی.

دوو جۆر رۆشنبیر

گرامشی پێناسەیەکی تایبەتی بۆ رۆشنبیر کردووە کە تاڕادەیەک جیاوازە لە بۆچوونی فەیلەسوفانی پێش خۆی. لەهەمانکاتیشدا هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لە پێناسە گرنگەکان دادەنرێت کە بۆ رۆشنبیر کرابێت. بە بڕوای گرامشی دوو جۆر رۆشنبیر هەیە، یەکەمیان رۆشنبیری تەقلیدیی، ئەمەش ئەو جۆرە رۆشنبیرانە دەگرێتەوە، کە خۆیان لە جەماوەری گشتی خەڵکی بەدوور دەگرن و زیاتر خۆیان بە نوخبەیەک دادەنێن و بە چاوێکی کەمەوە سەیری ئەوانی تر دەکەن و خۆیان لە قەرەی کێشەکانی ناو کۆمەڵ نادەن.

جۆری دووەمی رۆشنبیر ئەوانەیە، کە گرامشی ناوی «رۆشنبیری ئۆرگانی» لێناون. ئەمانە ئەو رۆشنبیرانە دەگرێتەوە کە خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگەکەیان دادەنێن و هەڵگری ئازار و مەینەتییەکانی گەلەکەیانن و داکۆکی لەمافەکانیان دەکەن. لەهەمانکاتیشدا ئەو رۆشنبیرانە دەبنە رابەری بزووتنەوە جەماوەریی و شۆڕشگێڕییەکان و هەوڵی ڕێکخستنی خەڵکی دەدەن، لە هەمووشی گرنگتر هەوڵ دەدەن چینی جووتیار و کرێکاران لە یەکتری نزیک بکەنەوە. هەروەها ئەرکی سەرەکیشیان هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێت و هەوڵدان بۆ دژایەتییکردنی هەژموونی کەلتووری سەرمایەداریە.

لەمەدا گرامشی پێی وایە کە رۆشنبیری ئۆرگانی دەبێت وەکو سەربازێک لە دژی هەژموونی سەرمایەداری بوەستێتەوەو نەهێڵێت ئەو هەژموونە بەسەر تەواوی خەڵکیدا بسەپێت، کە زۆرجاریش ئەم هەژموونە لە ڕێگەی دەزگاکانی دەوڵەت و میدیاکانەوە دەبێت. بۆیە ئەو پێی وایە دەبێت رۆڵی کۆمەڵی مەدەنی بەهێز بکرێت لەمەشدا رۆشنبیر رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

هەژموونگەرایی کەلتوری

خاڵێکی گرنگی تری فکری گرامشی پەیوەندی بە مەسەلەی هەژموونگەرایی کەلتوری بەگشتی و سەرمایەداریی بەتایبەتی هەیە. ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە گرامشی باسیکردووە پێشتر بیرمەندانی تری چەپ بەو شێوەیە گرگنگیان پێ نەداوە. مەسەلەی هەژموونگەراییش دەبێتە خاڵێکی سەرەکی بیرکردنەوەیی و پانتایی باش لە کار و بەرهەمەکانی بۆ تەرخان دەکات. جێگەی ئاماژەیە مەسەلەی هەژموونگەرایی لەرێگەی گرامشییەوە، دەبێتە بابەتێکی گرنگی فەلسەفەی جیهان و لەپاش ئەو کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەندی جیهان خۆیان پێوەی خەریک دەکەن و شڕۆڤەی دەکەن.

چەمکی هەژموونگەرایی بەشێکی زۆری کارەکانی گرامشی داگیرکردووەو هیچ فەیلەسوفێک بەو شێوە چڕوپڕییە قسەی لەمبارەوە نەکردووە، بەتایبەتی هەژموونی کەلتوری. ئەمەش ڕێگەی بۆ زۆر فەیلەسوفی تری جیهان کردەوە، کە لەمبارەیەوە کار بکەن، بۆ نموونە ئێدوارد سەعید لە کتێبەکانی «خۆرهەڵاتناسیی، ئیمپریالیزم و کەلتور»، لە ژێر کاریگەری تێزەکانی گرامشی ئەم کتێبانەی نووسیوە، کە بە یەکێک لە کارە گرنگەکانی ئێدوارد سەعید دادەنرێت.

گرامشی پێی وایە کە سەرمایەداری توانییویەتی تاڕادەیەکی زۆر هەژموونی کەلتوری خۆی بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. هەربۆیە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەم هەژموونە داوا دەکات کە گرنگی زۆر بە ڕۆشنبیرکردنی چینی کرێکار و جووتیار بدرێت، ئەمەش ئەرکی سەرەکی ڕۆشنبیرە کە ئەو بە ڕۆشنبیری ئۆرگانی ناوی دەبات، لە پاشانیش ئەرکی پارتێکی شۆڕشگێڕییە. جێگەی ئاماژەیە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ڕوسیدا زۆر باوەڕی بە یەکێتی سۆڤیەتیی بوو، پێی وابوو کە ئەم شۆڕشە توانیوویەتی چینێکی کرێکاری ڕۆشنبیر و هۆشیاری ڕوسی پێ بگەیەنێت، هەرچەندە پاشان بۆچوونی دەگۆڕێت.

فکری سەنترالیزمی ئەوروپی

خاڵێکی گرنگی تری تێڕوانینی گرامشی پەیوەندی بە ڕەخنەگرتنە لە فکری خۆرئاوایی، کە ئەمەش یەکێکە لە داهێنانە فکرییە گەورەکانی. ئەو پێی وایە ئەو فکرە باوەی کە ئەوروپا بە سەنترالی جیهان دادەنێت و تەواوی کەلتورەکانی جیهانیش بە چاوێکی کەمەوە سەیر دەکات، بۆچوونێکی تەواو هەڵەیە، چونکە کەلتور و شارستانییەکانی تری جیهانیش، هیچیان لە کەلتور و شارستانی ئەوروپا کەمتر نییە و پێویستە ڕێزیش لەوان بگیرێت، چونکە ڕۆڵیان لە پێشخستنی شارستانی مرۆڤایەتی هەبووە. گرامشی یەکەمین کەس بووە کە بەو شێوە

راستەوخۆییە ئەم رەخنەیە لە فکری خۆرئاوایی باو بگرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گەورە بووە. ئەو رەخنانەی گرامشیش دەرگایەکی زۆر باشی کردەوە بۆ زۆر فەیلەسوفی تری ئەورووپایی، کە گرنگی بە کەلتورەکانی تری جیهان بددەن یەکێکیش لەوانە فەیلسوفی ناوداری فەرەنسی لیۆی شتراوس، کە بە یەکێک لە باوکەکانی رەوتی بونیاتگەراکان دادەنرێت، راستە ئەو لە رووی فکرییەوە دوورە لە گرامشی و بەرەی راستی هەڵبژاردووە، بەڵام لەمبارەیەوە ستایشی تێڕوانییەکانی گرامشی دەکات. جگەلەوەش کۆمەڵێک فەیلەسوف و بیرمەندی تری خۆرئاوایی هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتووە لە پێش هەموویانەوە» چۆمسکی و ئێدراورد سەعید، رۆبێرت کۆکس»

دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنی

گرامشی پێی وابوو کە دەوڵەت ئامڕازێکە بۆ سەرکووتکردنی خەڵکی، لەمەشدا تاڕادەیەک بۆچوونی لە ئەنارشیستەکانەوە نزیک بوو بەتایبەتی «باکۆنین»، هەربۆیە زۆر دژی چەمکی تەقلیدی دەوڵەت بوو، کە تەنها خۆی لە هێزە ڕەقەکانی دەوڵەت دەبینێتەوە.

گرامشی دەسەڵات دەکات بە دوو بەشەوە . یەکەمیان ناوی لێناوە» کۆمەڵی سیاسی» کە خۆی لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەوڵەت دەبینێتەوە لە پێش هەموویانەوە» پۆلیس، هێزە ئەمنییەکان، زیندان، سوپا، یاسا» کە ئەمەش زیاتر دەوڵەتی ستەمکار دەگرێتەوە، لێرەدا دەوڵەت رۆڵێکی خراپ لەناو کۆمەڵگەدا دەبینێت و بەرەو دواکەوتن و کارەساتی دەبات.

دووەمیان «کۆمەڵی مەدەنی» کە ئەمەش زیاتر هێزە سیاسیی و ئابووریییەکان دەگرێتەوە. لێرەدا بە پێچەوانەی کۆمەڵی سیاسییەوە، دەبێت لە ڕێگەی رەزامەندییەوە خەڵکی بۆلای خۆت رابکێشێت. لە لایەکی ترەوە گرامشی پێی وایە، ئەوە کۆمەڵی مەدەنییە کە دەتوانێت

ڕێگە لە ستەمی دەوڵەتی بگرێت و نەهێڵێت دەوڵەت لەلایەن چینێکەوە بۆ چەوساندنەوەی چینێکی تر بەکاربهێنرێت. هەربۆیە هەمیشە داکۆکی لە کۆمەڵی مەدەنی دەکرد، کە ئەمەش زیاتر لە پارتی سیاسیی شۆڕشگێر و سەندیکاکان و چالاکی مەدەنیی و سیاسی دەگرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە گرامشی پێی وابوو ئەوە پارتی شۆڕشگێرە کە دەتوانێت ببێتە ڕێگر لە ستەمی دەوڵەتیی و دیکتاتۆریی، هەرئەویشە دەتوانێت چینی کرێکاران و جووتیاران رزگار بکات و شۆڕش بکات، بەڵام لەمەشدا دووبارە پانتایی زۆری بۆ دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینی ناو حزب داناوە. گرامشی دژی ئەو فۆرمە حزبیە بوو، کە ستالین پێڕەوی دەکرد، کە زیاتر فۆرمێکی دیکتاتۆری بوو.

گرامشی و فکری مارکسیی

گرامشی یەکێکە لە فەیلەسوف و بیرمەندە مەزنەکانی چەپی ئیتالیا و جیهان. ئەو خاوەنی ڕێچکەی فکری خۆی بوو، بە هەموو شێوەیەک دژی دۆگماتیزم و پەرستنی شەخسی بوو تەنانەت مارکسیش. لە ساڵی ١٩١٨ وتارێک لەمبارەیەوە دەنووسێت و دەڵێت: مارکس شایستەی پەرستن نییە، ئەو مەسیح نییە. هەروەها بەشێکی زۆری فکر و فەلسەفەکەشی قابیلی گۆڕانکارییە جگە لە رستە بەناوبانگەکەی نەبێت «ئەی کرێکارانی جیهان یەک بگرن»، جگە لەمە هەموو فکری مارکسی شایستەی ئەوەیە کە گۆڕانکاری تێدا بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت.

ئەو فکری مارکسی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردبوو: ١/ ئابووری سیاسی. ٢/ زانستی سیاسیی.٣/ فەلسەفە.

ڕەخنە لە یەکێتیی سۆڤیەت

سەرەتا گرامشی یەکێک بووە لە هەواداڕە سەرسەختەکانی شۆڕشی ڕوسیی و پارتی بۆلشەفی ڕوسیا، لەهەمانکاتیشدا لینینیش بە فکری گرامشی سەرسام بووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٠ لەکاتی کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سێیەمدا، گرامشی ڕاپۆرتێکی بەناوی «لەپێناو نوێکردنەوەی پارتی سۆشیالیستی» نووسی. کاتێک لینین ڕاپۆرتەکەی بینی، زۆر بەلایەوە باشبوو، زۆریش پشتگیری بۆچوونەکانی گرامشی کردووە. بەڵام پاشان بە نەمانی لینین، گرامشی بۆچوونی گۆڕا، بەتایبەتی لەپاش هاتنە سەرکاری ستالین. ئەو پێی وایە ستالین هەموو کۆمەڵی مەدەنی لەناوبردووەو تەنها پشت بە کۆمەڵی سیاسی دەبەستێت کە خۆی لە هێزی ڕەقی دەوڵەت دەبینێتەوە کە ئەوانیش «دەزگا ئەمنیی و هەواڵگرییەکان، پۆلیس، سوپا، یاسا و داگا» دەبینێتەوە. لەهەمانکاتیشدا هیچ بواریکی بۆ کاری کۆمەڵی مەدەنی نەهێشتۆتەوە. هەر ئەم ڕەخنانەشی وایکرد کە تۆمەتی ترۆتسکیزمی بخرێتە پاڵ.

دەرەنجام

گرامشی دووبارە پێناسەیەکی نوێی بۆ رۆڵی رۆشنبیر و پەیوندی بە کۆمەڵگەوە کردەوە، ئەو لەیەککاتدا کەسێکی سیاسەتمەدار، بیرمەند، چالاکوانێکی سیاسیی و مەدەنیی بوو، هیچ سنووریکی بۆ چالاکییە فکرییەکانی دانەنا و خۆی لەناو کتێبخانەیەکدا زیندانی نەکرد. هەروەها ئەو توانی لە ڕێگەی ڕەخنەکانییەوە لە فکری سەنترالیزمی خۆرئاوایی و هەژموونگەرایی، دەرگا بۆ زۆر فەیلەسوف و بیرمەندی تر بکاتەوە کە لەسەر هەمان ڕێچکە، داهێنانی باش بکەن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، ئێمە لە ژیانی گرامشی فێری ئەوە دەبین، کە چەندە رژێمەکان دیکتاتۆر و ستەمکار بن، بەڵام ناتوانن فکر و فەلسەفە لەناوبەرن.

بەدڵنیاییەوە گرامشی یەکێکە لە فەیلەسوفە دیارەکانی جیهان و کاریگەریی تیۆرییەکانی تاکوئێستا بەسەر تەواوی جیهاندا هەیە. [١٦٥]

---

١٦٥ سەرچاوەکان:

سيار الجميل. مفهوم المثقف عند غرامشي. /www.almadasupplements.net

سعد محمد رحيم.غرامشي والهيمنة الثقافية. / www.almadasupplements.net

مصطفى شلش. غرامشي في زمن المظاهرات. /www.almadasupplements.net

www.marx21.de.ANTONIO GRAMSCI: DAS HIRN FUNKTIONIERTE WEITER

فەلسەفەی پراگماتی و جۆن دیوی



یەکێک لە فەیلەسوفە ناسراوەکانی ئەمریکا جۆن دیوی، ئەم پیاوە کاریگەری گەورەی بەسەر فکری سیاسیی و ئیداریی و پەروەردەیی ئەمریکاوە هەبووە. لەهەمانکاتیشدا بەیەکێک لە باوکەکانی فەلسەفەی پراگماتیزم دەژمێرێت.

تێزەکانی لەبواری فەلسەفە و سیستمی پەروەردەدا، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی ئەمریکیی و پاشتریش خۆرئاوایی. گەر بشمانەوێت لە فەلسەفەی پراگماتیی و سیستمی پەروەردەی نوێی خۆرئاوا تێبگەین، ئەوا دەبێت باسی جۆن دیویی بکەین.

ئەم نووسینەی نووسەری عەرەبی محەمەد زەکەریا تۆفیق بە شێوەیەکی گشتگیری باسی ژیانی شەخسیی و کار و فکری ئەم کەڵە فەیلەسوفەی ئەمریکا و جیهان دەکات. هەربۆیە پێمخۆشبوو خوێنەری کورد، لە رێگەی ئەم نووسینەوە بە فکر و تێزەکانی ئەم کەڵە فەیلەسوفە

ئاشنا بێت .[١٦٦]

فەیلەسوف و زانای سایکۆلۆژی «دەروونناسی» و پسپۆری بواری پەروەردە و فێرکردن «john dewey جۆن دیوی» لە ساڵی ١٨٥٩ لە شاری «برلنجتون» لە ویلایەتی «فیرمونت، لە وئلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٢ کۆچی دواییکردووە. جۆن دیوی، لەو ساڵەدا لەدایک بووە کە کارەکانی (جۆن ستیوارت میل و داروین و کارل مارکس) بڵاوبوونەوە.

گرنگی جۆن دیوی لە ڕووی مێژوویییەوە بۆ هزری مرۆڤایەتی لەو سۆنگەیەوەیە، کە ئەو کەسێک بوو توانی خۆیی و خەڵکی تریش لە هزرە باوەکانی ناو کۆمەڵگە ڕزگار بکات، هەروەها هیچ خۆی پابەند نەکرد بە کەلتووری پێش خۆیەوە، هەروەها پشتیشی لەو نەریتە باوەی ناو کۆمەڵگە کرد.

بەڵکو ئەو توانی هەموو ئەو بەها باوانەی کە لە سەردەمەکەیدا هەبوون، بخاتە ژێر پرسیار و ئەزموونیان لە بارەوە بکات و هەڵیانبسەنگێنێت. هەروەها پشکنینیان بۆ بکات، بۆئەوەی بزانێت، ئاخۆ کام لەو بەهایانە سوودیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە. دیارە بۆ ئەم کارەش تەنها پشتی بە چەکێک بەست، ئەویش چەکی لۆژیک و شێوازی زانستی بوو.

پراگماتیزم و ئەزموونگەرایی

جۆن دیوی یەکێکە لە هۆگرانی مەزهەبی «Pragmatism پراگماتیزم «، کە پشت بە پیادەکردن و ڕاهێنان دەبەستێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم مەزهەبە فکرییە لەلایەن هەردوو بیرمەند «چارلز ساندرز بیرس، ولیەم جیمس «دامەزراوە کە هەر دووکیان ئەمریکی بوون. لەلایەکی تریشەوە جۆن دیوی، مەزهەبی فکری (Empiricism) ئەزموونگەرایی زۆر

١٦٦ محمد ذكريا توفيق. جون ديوى و فلسفة البراجماتية. سايتى الاوان.

کاریگەریی تێکرد.

ئەم مەزهەبە فکرییە پێی وایە کە مەعریفە تەنها لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەستمان دەکەوێت. هەروەها مەزهەبی فکری «(Utilitarianism) ئوتیلیترانیزم، » کە پێی وایە هەموو تێۆرییەک یان چەمکێک یان هزرێک، بەو مەرجە وەریدەگرین یان ڕەتیدەکەینەوە، بەوەی ئاخۆ ئەو هزرە یان ئەو تێۆرییە، چەندە سوودی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە هەیە بە شێوەیەکی گشتی.

جۆن دیوی سەردەمی منداڵی خۆی لە ولایەتی فیرمونت بەسەر برد. ئەم ولایەتەش سیمایەکی سادەیی گوند و بێدەنگی و ئارامییەکی زۆری پێوە دیارە. لەلایەکی تریشەوە ئەم ولایەتە، سروشتێکی جوان و دڵرفێنی هەیە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەگشتی عەشقێکی زۆریان بۆ خاک و نیشتمانەکەیان هەیە و ڕێزێکی زۆر لە ئازادی تاک و مافە سروشتییەکانی لە ژیان دەگرن، هەروەها باوەڕیشان بە یەکسانی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی هەیە.

جۆن دیوی پاشخانێکی ئاینی هەبوو، کە زیاتر سیمایەکی لیبڕاڵی ئامێزی هەبوو، لەبەرئەوە لە پشت بەستن بە عەقڵانییەت و بوونی وەکو ڕێچکەیەکی تێفکرین، زۆر زەحمەت نەبوو بۆی. لەلایەکی تریشەوە هەر ئەم پاشخانەش وایلێکرد، کە دژی هەموو هزرێکی خورافی و ئەفسانەیی بوەستێتەوە، کە زیاتر لەو کاتەدا ببووە سیمای فکری ئایینی.

حەزی فەلسەفی

جۆن دیوی لە ساڵی ١٨٧٩ خوێندنی لە زانکۆی «فیرمونت» تەواو کرد. پاش تەواوکردنی زانکۆ، بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو مامۆستایەک لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ولایەتی «پەنسلفانیا» کاری دەکرد. پاشانیش بۆ ماوەی ساڵێک لە ولایەتی فیرمونت، وەکو مامۆستا کاریدەکرد. لێ حەزی زۆری بۆ فەلسەفە، وایلێکرد کە دیسانەوە بگەڕێتەوە بۆ خوێندن.

لە ساڵی ١٨٨٤ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی جۆن هۆبکنز وەرگرت. تێزی دکتۆراکەی لە سەر فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی «ئیمانوێل کانت» بوو. پاشتر دەبێتە سەرۆکی بەشی فەلسەفە و پەروەردە لە زانکۆی «شیکاگۆ».

لە ڕووی خێزانیشەوە دووجار خێزانی پێکەوە ناوە. لە ژنی یەکەمی کەناوی «ئەلیس تشیبمان» بووەو لە ژنی دووەمی کە ناوی «روبرتا گرانت «بووە. خاوەنی شەش منداڵ بووە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە

لە ڕووی هزریەوە، داروین و کارەکانی زۆر کاریان لە جۆن دیوی کردووە. زۆر بە قوولی لە مانا و چەمکی «گۆڕان»ی دەکۆڵیەوە. هەروەها زۆر بەووردیش کاری بە چەمکی «شێوازی زانستی» لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکرد. جۆن دیوی پێی وابوو، مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە، هەروەها دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەوە. لەبەرئەوە دەتوانرێت جارێکی تر کەسایەتی تاک دروستبکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی. لەڕووی سیاسیشەوە پێی وابوو، کە پێویستە دەسەڵاتی یاسادانان «سلطة تشریعیة»، کاری ئەوەیە دژی بەهاکانی ئەمڕۆ بوەستێتەوە، پێشنیازی بەهای نوێ بکات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە بێتەوە، کە کۆمەڵگە پێیدا تێدەپەڕێت.

لێرەوە گرنگی زاستی «کۆمەڵناسی، سۆسیۆلۆژی» دەردەکەوێت، چونکە لە ڕێگەی ئەم زانستەوە دەتوانین لە چەمکی کۆمەڵگە و تاکەکان بگەین، لە لایەکی تریشەوە دەتوانین هەژموونی خۆمانیان بەسەردا بسەپێنین» واتە کۆمەڵگە و تاک، ، وەرگێر، » ڕێک وەکو چۆن لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو زانستی فیزیاوە، دەتوانین بەسەر دیاردە سروشتییەکان سەربکەوین و لە ماناکانی بگەین و هەژموونی خۆمانیان

بەسەردا بسەپێنین.

تەنها ئەزموون دەسەڵاتی باڵای هەیە

جۆن دیوی پێی وابوو، هیچ شتێک نییە ناوی (ڕاستی ڕەها، یان هەڵەی ڕەها» مطلق») لەبەرئەوە پێی وابوو هەموو شتێک ڕێژەییە» نسبي» یە. تەنها ئەزموون دەسەڵاتی باڵای هەیە و دەتوانین پشتی پێ ببەستین.

لەلایەکی ترەوە ئەو پێی وابوو کە کۆمەڵگە تەنها لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەی باشەوە پێشدەکەوێت. سیستمی پەروەردە، کلیلی پێشکەوتن و شارستانی بوونی کۆمەڵگەیە و تەنها لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەشەوە دەتوانین، ژیری ناو کۆمەڵگە ڕێکبخەین. تێڕوانینی زانستی سەرەتا بە سەپاندن دەستپێدەکات، نەک بە دەرئەنجامەکانی، لێ تێڕوانینی دینی بە دەرئەنجامەکان دەستپێدەکات و پاشان بە سەپاندن.

جۆن دیوی پێی وابوو، کە سیستمی دیموکراسی، چارەنووسی مرۆڤایەتییە.یارمەتی هەموو تاکێک دەدات، تاوەکو بتوانێت یارمەتی خۆی بدات. لە ڕووی ئیدارەی حکومیشەوە پێی وابوو، کە کێشەکانی دەوڵەت تەنها لە ڕێگەی ئەزموونی زانستییەوە چارەسەر دەکرێن، نەک لە ڕێگە هەزر و بۆچوونی گشتگیرانە و باق و بریق.

کاریگەریی هیگل

پاش ماوەیەکی تر، جۆن دیوی دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە بارەی هزری فەیلەسوفی ناوداری ئەڵمانی «هیگل» دەکات. بۆچوونەکانی هیگل زۆر کاریگەریان لەسەریکرد، بەتایبەت فەلسەفەکەی هیگل لە بارەی «مێژوو، یەکبوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشت.»

هەر لەژێر کاریگەری فەلسەفەی هیگلدا، پاش ماوەیەک باوەڕی بە فکرەی «ئیزدواجیەت» بیرکردنەوەی دوو لایەنانە» نەما. واتە هزری

«چاکە و خراپە، خودا و شەیتان «لەبەرئەوە پاشان گەیشتە ئەو قەناعەتەی، کە مرۆڤ یەکێتییەکی پێکەوە بەستراوە، کە تێیدا کۆمەڵێک وزەی زۆر باشی تێدایە.

پراکتیزەکردنی هزرەکان

کاتێک جۆن دیوی شوێنی ژیانی گواستەوەو چوو بۆ ولایەتەکانی «مینیسوتا و میشیگن»، بۆی دەرکەوت کە ژیانی تاک لە خۆرئاوا، هەروا بە ئاسانی ئەو ژیانە نییە کە پێشتر ئولفەتی پێوەگرتبوو، چونکە تاکی خۆرئاوایی بە دەست کۆمەڵێک کێشەوە دەنالێنێت، هەروەها شەڕی مانەوە لەگەڵ ژیاندا دەکات، کە ئەمەش کارێکی زەحمەتە بتوانیت تێیبگەیت و دانیپێدابنێیت. لەبەرئەوە دەبێت پشت بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان ببەستیت، کە ئەوانیش پشت بە ئەزموون دەبەستن، بۆ ئەوەی لە سلوکیاتی کۆمەڵگە تێبگەین. هەربۆیە جۆن دیوی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە، تیۆرییەکان بەبێ ئەوەی بخرێنە ژێر بواری ئەزموون و پراکتیزەکردنەوە، هیچ ناتوانێت یارمەتیمان بدات و لە کێشەکان ڕزگارمان بکاتن.

سیستمی نوێی پەروەردە

جۆن دیوی لە بواری سیستمی پەروەردەییدا، لە ساڵانی ١٨٩٤ تاوەکو ١٩٠٤ پشتی بە تێزەکانی فەلسەفەی پراگماتیزمی «ولیەم جیمس» بەست، بەشێوەیەکی عەمەلی پراکتیزەی کرد. سەرەتا لە قوتابخانەیەک لە شاری شیکاگۆوە دەستیپێکرد، کە لەو کاتەدا خۆی بەڕێوبەری ئەو قوتابخانەیە بوو. شێوازی پەروەردەکردنی، تەنها پشتی بە «لەبەرکردن، الحفظ» نەدەبەست، بەڵکە پشتی بە تێگەیشتن و گەیشتن بە ڕاستییەکان لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەبەست. دیارە تەنها لە وانە زانستییەکان ئەمەی پراکتیزە نەکرد، بەڵکە لە وانەکانی مەعریفە و فەرهەنگ و ئەدەب و

هونەریشدا، ئەم تیۆریەی خۆی پراکتیزە کرد.

جێگای ئاماژەیە لەپاش ئەمە، جۆن دیوی ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، نەک تەنها لە ئەمریکا، بەڵکە لە تەواوی خۆرئاوا و روسیا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی دووریش «مەبەستی ژاپۆن و چین، کۆریایە، ، ، وەرگێر» ناوبانگی پەیداکرد. کتێبە بەناوبانگەکەی «مامۆستا و کۆمەڵ «کە لە ساڵی ١٨٩٩ دا نووسی، بە درێژیی و بە ووردی باس لە چیرۆکی ئەم سیستمە نوێیەی پەروەردە دەکات و ئەزموونی خۆی لەم بوارەدا بە جوانی باس دەکات.

هەر لەپاش ئەمەش، بەهۆی چالاکیەکانی لە بواری سیستمی پەروەردە و فێرکردن و داهێنانەکانی لە بواری زانستی «دەروونناسی ئەزموونگەرایی»، ساڵی ١٩٠٤ کرایە سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی «کۆڵۆمبیا» لە شاری نیۆرک. هەر لەم کارەی مایەوە، هەتاوەکو ساڵی ١٩٣٠، کە بە یەکجاری خۆی خانەنشین کرد.

پاش ئەوەی ناوبانگی لە جیهان دا پەیداکرد، لە هەموو وڵاتێکی جیهانەوە بانگهێشتیان دەکرد و بۆ ئەوەی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لەو وڵاتانە بەڕێوەبەرێت. بۆ نموونە لە وڵاتانی «ژاپۆن، چین، مەکسیک، روسیا، تەنانەت لە باشووری ئەفریکاشەوە» بانگهێشت کراوە. ساڵی ١٩٢٩ش بۆ زانکۆی «ئەدینبرا» ی بەریتانی بانگهێشت کرا، بۆ ئەوەی کۆڕێک لە بارەی سیستمی پەروەردەوە پێشکەش بکات.

کەسێکی خاکی

جۆن دیوی، خاوەنی کەسایەتییەکی خاکی و سادەو ساکاریی زانا بوو. لەگەڵ هەموو کەسێکدا گفتوگۆی دەکرد و قسەوباسی دەگۆڕیەوەو ئاستی خۆی دەهێنایە سەر ئاستی مەعریفی ئەو کەسەی کە لەگەڵیدا قسەی لەگەڵدا دەکرد، ئەویش بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێتە بەرامبەر. جا ئەوەی بەرامبەری کەسێکی جووتیار بێت یان مامۆستا

یان دوکاندار یان سەرۆکی بەشێک بێت لە زانکۆ.

لەگەڵ ئەوەی کە کەسێکی خاکی و سادە بوو، لێ هیچ وەختێک ئامادەنەبوو لە مافی خۆی خۆشبێت و سازش لە بۆچوونەکانی خۆی بکات و بە دوای ڕێگە چارەی ناوەڕاستدا بگەڕێت. لەلایەکی تریشەوە هیچ وەختێک موجامەلە و ماستاویی بۆ ئەو کەسانە نەدەکرد کە دژی دەوەستنەوە، جا ئەو کەسە ڕۆژنامەنووس یان باڵیۆز یان وەزیر بوایە. کاتێک بەرگری لەکەسێکی مەزڵوم دەکرد، ڕێک وەکو شێرێکی تورە دەهاتە پێش و هیچ سازشی لە عەدالەت و هەق نەدەکرد.

کەسێکی لیبڕاڵ

جۆن دیوی خاوەنی زیاتر لە٢٥ کتێبە، کە لە بوارەکانی سیستمی پەروەردە و فەلسەفە و زانستی دەروونناسیدا نووسیویەتی. لە ڕووی هزریشەوە کەسێکی لیبڕاڵی بوو، باوەڕی تەواوی بە چەمکی لیبڕاڵی بوو، لە هەمانکاتیشدا لە ڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەوە، کەسێکی دیموکراتی بوو. ئەو پێی وابوو، کە دیموکراسی ڕەوشێکی کۆمەڵایەتییە، تەنها لە ڕێگەی خەباتکردنی بەردەوامەوە دەتوانێت بگاتە ئامانجەکانی خۆی.

گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی هزری فەلسەفی بۆتەوە لە مێژوودا ئەوەیە، زانینی بنەچە و سەرچاوەی فکر و بۆچوونەکانە. ئاخۆ ئەو مەعریفەیەی کە دەستمان دەکەوێت، تەنها لە ڕێگەی باوەڕهێنانەوە دەبێت، یاخود لە ڕێگەی تێڕامان و قوواڵبوونەوە لە دەرئەنجامەکان دەستمان دەکەوێت. بە واتایەکی تر واتە بەکارهێنانی عەقڵ یاخود ئەو مەعریفەی کە لە ڕێگەی بینیەوە دەستمان دەکەوێت.

دژی عەقڵیەتی رەهایی بووە

جۆن دیوی پێی وابوو لە ڕێگەی ئەزموونگەرایی و بینینی کردە سەرچاوەی هەموو مەعریفەیەکە. هەروەها ئەم ڕێگەیەی لە بواری ئایین و ئەخلاقەوە پراکتیزە کرد. ئەم دووانەش هیچ کامیان خاوەنی ڕاستییەکی ڕەها و کاملّبوونی ڕەها نین. جۆن دیوی پێی وابوو، قبوولّکردنی بیری ڕەها و میتافیزکی لە بواری مەعریفە و ئەخلاقەوە، هۆکاری سەرەکی بووە، لە شکستهێنانیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان و نەگەیشتن بە هیچ دەرئەنجامێکی باش.

جۆن دیوی لە بواری ئابووریشدا، پێی وابوو، کە ئەزموون و بینینی شتە پێویستەکان، گرنگن بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و بیناسازیی و باشکردنی زەویی کشتوکاڵی و پیشەسازی، ، ، هتد. لێ بەنیسبەت عەقیدە و ڕەها» مطلق» هوە، پێی وابوو کە شتێک نییە ناوی «ڕەها» بێت. بەڵکە مرۆڤەکان بۆیە پشت بە عەقڵیەتی ڕەها دەبەستن، بۆ ئەوەی «ئاسایش، الامان» یان دەستبکەوێت. لەبەرئەوە جۆن دیوی پێی وایە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش، جۆرێکە لە لاوازی و بێدەسەڵاتی کەسێک پیشان دەدات و هیچ گوزارشت لە بەهێزیی ئەو کەسە ناکات.

کەسێکی پلورالیزم

ئەو پێی وابوو بوونی چەندین ئایین و عەقیدەی جیاواز، لە هەمەڕەنگی و جۆراجۆری مرۆڤەوە سەرچاوەی دەگرێت. هەریەکەش لە ئێمە پێی وایە کە خۆی ڕاستە و ئەوانی تریش هەڵەن. لێ هیچ شتێکیشمان لەبەردەستدا نییە، بۆئەوەی ڕاستی ئەم بۆچوونەمان بسەلمێنین. تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت، کە هەموومان باوەڕمان بە یەک شت هەبێت. لەم حاڵەتەشدا ناچارین کە ئەم ڕێگەیە هەڵبژێرین، ئەویش بە پشت بەستن بە ئیمان و ئومێدبەخشین بەوەی، کە بەڵکو ئەم بۆچوونەی ئێمە ڕاست

دەربچێت.» خودا «لەلای جۆن دیویی، یەکێتییەکی گەورەیە کە هەموو ئەو بەها مەزنانە لە خۆ دەگرێت، کە مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێت.

دەسەڵاتی ئایینی نابێت پشت بە خورافات ببەستێت

جۆن دیوی پێی وابوو کە دەسەڵاتی ئایینی نابێت پشت بە خورافات و عەقڵیەتی ئەفسانەگەرایی ببەستێت، کە زۆر دوورە لە واقعیەوەو لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆمان ناگونجێت، بەڵکە ئەو پێی وابوو پێویستە دەسەڵاتی ئایینی پشت بە ئەزموونی کۆمەڵگە ببەستێت و لەو سەردەمەی کە تێیدا دەژی، بۆ ئەوەی سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت و یارمەتی بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. ئایین تەنها بریتی نییە لە عیبادات و ملکەچکردن بۆ فەرمانەکان و راکردن لە کێشەکان، بەڵکو ئایین زیاتر بریتییە لە پێکەوەگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەکەیی و ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژی.

زانست و ئایین دژی یەک نین

ئەگەر مرۆڤ تێگەیشتنی بۆ بەهاکان «القیم» لە جیاتی ئەوەی پشت بە بۆچوونە باو و چەقبەستووەکانی پێش خۆی ببەستێت، پشت بە ئاکار و چالاکییە عەمەلییەکانی ببەستێت، هیچ کێشەی نابێت لە وەرگرتن و بەرگەگرتنی تیۆرییە زانستییە نوێکان. هیچ کاتێکیش دژایەتی ناکەوێتە نێوان تێڕوانینی ئاینی و زانستییەوە.

جێگەی ئاماژەیە جۆن دیوی دژی ئیمانداری نەبوو، لێ ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە ئایین ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی هزری مرۆڤایەتی، لەگەڵ فەرمانە ڕەبانییەکان و سروشتدا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتری ببنەوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەمین پێشبکەوێت. ئایین لای جۆن دیوی، گوزارشتی لە چالاکی و کارکردن و بەشداریکردن بوو لە ژیان. هەروەها مانای دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ کێشەکانی دەگەیاند. ئایین

تەنها ملکەچی بۆ فەرمانە ئاینییەکان و جێبەجێکردنی سروتە دینییەکانی نەدەگەیاند. بگرە ئەو پێی وابوو کە هەموو ئاینەکان ڕێگەی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی بگەنە ڕاستی ڕەهایی (الحقیقة المطلقة)

دژی سیستمە تەقلیدییەکانی پەروەردەو فێرکردن

جۆن دیوی دژی سیستمە تەقلیدییەکان بوو، کە لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا پێڕەو دەکرا. کە بەپێی ئەو سیستمە کۆنە، هەموو زانیارییەک وەکو شێوەیەکی ئامادەکراو دانرا بوو. ئەو پێی وابوو خوێندنی ڕاستی، تەنها لە ڕێگەی پیادەکردن و پراکتیزەکردنەوە دەستدەکەوێت، بە مانایەکی تر واتە ئەزمونگەرایی و هەڵەکردن. لێرەشەوە گرنگی خوێندن و ڕاهێنان لە کاتی کارێکدا دەردەکەوێت.

چۆن بیردەکەینەوە و چارەسەری کێشەکان دەکەین

جۆن دیوی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «چۆن بیردەکەینەوە و چارەسەری کێشەکان دەکەین «، باس لەم هەنگاوانە دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک :

١ . هەستکردن بە کێشەکە.

٢ . پێناسەکردن و دیاریکردنی کێشەکە.

٣ . دانانی پێشبینی و پێشنیاز بۆ کێشەکە.

٤ . لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی ئەزمونگەراییەوە، واتە تاقیکردنەوە پێشنیازەکان.

٥ . گەیشتن بە تیۆرێک و پاشان گشتگیریکردن «التعمیم».

دەبێت سیستمی پەروەردە و فێرکردن چۆن بێت؟

ئامانجی خوێندن، تەنها نەمانی نەخوێندەواری نییە، بەڵکو خوێندن ئامانجێکە کە هەتا تەواوی ژیانی مرۆڤ پێویستیەتی. وەڵامدانەوەی پرسیاری «بۆچی ؟» گرنگترە لە وەڵامدانەوە پرسیاری «چۆن ؟» خوێندن لە لای جۆن دیوی، تەنها مانای کۆکردنەوەی زانیاری ناگەیەنێت، پاشانیش مرۆڤ واز لە خوێندن بهێنێت و بەوە قەناعەت بکات کە شتی زۆری خوێندوە و بەسە، بەڵکو خوێندن کارێکی بەردەوامییە، لە ڕۆژی لەدایک بوونەوە دەستپێدەکات، هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی دەتخەنە گۆڕەوە، واتە پرۆسەیەکی بەردەوامە.

کاری قوتابخانەکان بریتییە لە دابینکردنی کتێب و ئامێر و ئامۆژگاریی، ئەویتر لە دەرەوەی قوتابخانەوە دابین دەکرێت، ئامانج لە پرۆسەی خوێندن بریتییە، لە دەستکەوتنی ئەزموون و توانا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بە پێی تێڕوانینی جۆن دیوی خوێندن لەبەر خوێندن، هیچ مانایەکی نییە، بەڵکە خوێندن بریتییە لە ڕێکخستنی ئەزموونەکان بە ڕێگەیەک کە بتوانێت تواناکانی و ئەزموونەکانی خوێندکار زیاد بکات.

خوێندن پێویستە بۆ هەموان بێت، بچووک و گەورە، ژن و پیاو. هەروەها دەبێت هەموو ئامڕاز و شێوازێک بەکاربهێنێت لەوانە: قوتابخانە، زانکۆ، پەیمانگە، سەنتەری لێکۆڵینەوە و میدیا، گەشتوگوزار و سەردانی مۆزەخانە و بینینی شانۆ و ئۆپێرا وهتد.»

خوێندنی منداڵان

خوێندنی منداڵان، دەبێت ئامانجی ئەوە بێت کە منداڵ ئامادە بکات بۆئەوەی بتوانێت لەناو کۆمەڵگەدا بژی، ئامانجی خوێندن ئەوە نییە کە مێشکی منداڵ پڕ بکات لە زانیاری لە وزەبەدەر و نادیارو قووڕس. خوێندن دەبێت بەو ئاڕاستەیە کار بکات، کە تاک ڕابهێنێت لەناو

خراپترین ڕەوشدا، لەناو کۆمەڵگەدا بژی. پاشان سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندن بەوە هەڵدەسەنگێنرێت، کە ئاخۆ تاچەندە توانیویەتی ئاکار و کەسایەتی تاک بگۆڕێت، نەک بەوە پێوانە بکرێت، ئاخۆ چەندە زانیاری لەبەر کردووە و دەزانێت.

جۆن دیوی پێی وایە، کە وانەکانی خوێندن دەبێت لەگەڵ ئەو سەردەمەدا بگونجێت کە خوێندکار تێیدا دەژی. پێویستە منداڵ حەز و عیشقی بۆ خوێندن هەبێت. پێویستە وانەکانی خوێندن پراکتیکی بن، هەروەها بە شێوەیەک هاوکاری و بەشداریکردن بۆ خوێندکار بگوازرێتەوە، نابێت لە ڕێگەی لێدان و دەرکردنی فەرمانەوە، خوێندکار فێری خوێندن بکرێت.

ئامانجی جۆن دیوی

ئامانجی جۆن دیوی بریتی بوو لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، هەروەها دۆزینەوەی جۆرە پاڵانسێک لە نێوان بەهاکانی تاک و بەهاکانی کۆمەڵگە، ئەویش لە ڕێگەی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەوە. هەروەها پێی وابوو کە پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان پێشکەوتنی زانستی و سیستمی دیموکراسیدا هەیە.

دیموکراسی لای جۆن دیوی، تەنها مانای سندووقەکانی هەڵبژاردنی نەدەگەیاند، بەڵکو دیموکراتیەت لە ڕێگەی دروستکردنی رایەکی گشتی کاملبووەوە دەستدەکەوێت، کە ئەمەش لە دەرئەنجامی پردی پەیوەندی لە نێوان هاوواڵاتیان و ڕووناکبیران و سیاسییەکانەوە دێتە دیی.

جێگەی ئاماژەیە جۆن دیوی کاریگەریی گەورەی لەسەر سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانا.

ئەمریکا سوودێکی زۆری لە بۆچوون و هزرەکانی جۆن دیوی لە بواری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەرگرت. بەمشێوەیە هەرچی عەقڵ و زاناکانی جیهان هەبوون، هەموویانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و

هێنانی بۆ ئەمریکا.

لە بارەی جۆن دیوی، هیلدا نیتبای لە ساڵی ١٩٥٣ دا گوتی: دیوی بە نیسبەت ئەم سەردەمەی ئێستامان، وەکو ئەرستۆ وایە بۆ سەدەکانی ناڤین.

جێگەی ئاماژەیە جۆن دیوی جگە لەوەی داهێنانی گەورەی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کرد، لە بوارەکانی تریشدا رۆڵی گەورەی گێڕا، بەتایبەتی لە بواری: (ژینگەپارێزی، هونەر، لۆژیک، دیموکراسی، ئاکار(ئەخلاق) و یاسا.

ئەلبێر کامۆ فەیلەسوف و ئەدیبێکی یاخی

یەکێک لە نووسەرو فەیلەسوفەکانی فەرەنسا کە لە سەدەی بیستەمدا، تەواوی جیهانی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو، ئەلبێر کامۆیە. بەتایبەتی گەنجانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بە تەواوەتی کەوتبوونە ژێر هەژمونی فکریی ئەم نووسەرە فەرەنسییەوە. ئەلبێر کامۆ لە ساڵی ١٩١٣ لە جەزائیر لەدایک بووەو ساڵی ١٩٦٠ بە رووداوی هاتوچۆ لە فەرەنسا دەمرێت.

کامۆ لەیەککاتدا فەیلەسوف و رۆماننووس و شانۆنووس بوو، کۆمەڵێک کتێبی ئێجگار نایابی هەیە کە دەچنە لیستی کتێبە گرنگەکانی جیهان لە پێش هەموشیانەوە : رۆمانی کەوتن، تاعون، نامۆ، شانۆگەری گالیگۆلا. مرۆڤی یاخی، کتێبێکی فەلسەفییە کە تێیدا باسی فکری خۆی دەکات. جگە لە سەدان وتاری فکری و سیاسی و ئەدەبی هەمەجۆر.

کامۆ لەگەڵ سارتەر بە باوکی فەلسەفەی بوونگەرایی نوێ دادەنرێت، هەتاوەکو ئەمڕۆش کتێبەکانی، مایەی گرنگی پێدانن. من هەوڵمداوە لە رێگەی باسکردنی رۆمانی کەوتن و هەروەها وەرگێڕانی وتارێکی شاعیر ونووسەری جەزائیری جەلول رەفیق بۆ سەر زمانی کوردی،

ئەویش لە رێگەی ئەم وتارەیەوە، کەمێک باسی فکر و ژیانی ئەم کەڵە فەیلەسوفە دەکات، بەو هیوایەی خوێنەری کوردمان، ئاشنا بێت بە فکر و کارو ژیانی ئەم کەڵە فەیلەسوفەی فەرەنسا و جیهان.

ئەلبێر کامۆ و پرسی شوناس

جەلول رەفیق[١٦٧]

ئەمڕۆ بەشێکی زۆری رۆشنبیران پرسیار لەبارەی شوناس و ئەو کێشە فەلسەفیە قوولانە دەکەن، کە جێگەی بایەخە لای ئەوان، هەر بەهەمانشێوەش بنووسی شانۆگەری «کالیگۆلا»ش، هەمان پرسیار دەکات.

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی ١٩٣١ لە «مەندوفی» سەر بە شاری قوستەنتینیەی جەزائیر لەدایکبووەو هەتا کۆتایی ژیانیشی داکۆکیکەرێکی سەرسەختی مەسەلەی رزگاربونی جەزائیر بوو، بەرگری لە عەدالەت و مرۆڤایەتی دەکرد، لەهەمانکاتیشدا داوای یەکسانی دەکرد لە نێوان هاوڵاتیانی رەسەنی وڵاتی جەزائیر و کۆچبەرە فەرەنسییەکانی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مافی ژیان و ئازادییەوە هەبوو، هەرچەندە هزری زۆربەی جەزائیریەکان لەگەڵ هزری کامۆ زۆر جیاواز

١٦٧ جلول رفيق. البير كامو و الهوية. سايتى المدى.

بوو، بەڵام ئەو پرسیارە کە زۆر گرنگە و لێرەدا بە بێ وەڵام ماوەتەوە ئەوەیە، ئاخۆ ئەلبێر وەکو جەزائیرییەک قبوڵ دەکرێت یان نا؟

لە گەرمەی شەڕی نێوان جەزائیر و فەرەنسا لەسەر شوناسی ئەلبێر کامۆ، کە دوو ساڵ پێش سەربەخۆبونی جەزائیر کۆچی دواییکرد واتە لە ساڵی ١٩٦٠ دا، ئەلبێر لەسەرو ئەوەی کە بەرەگەز فەرەنسی بوو، لێ ژیانی و کتێبەکانی هەردووکیان یەک ڕووی هەقیقەتێکن، یان دەتوانین بڵێین گوزارشت لە یەک سیمای حەقیقەتێک دەکەن، ژیانی ئەو، ژیانی پاڵەوانەکانی ناو کتێبەکانی بوو، چونکە ناتوانین جیاوازی لە نێوان ئەلبێری ئینسان، کە هەموو ئازارەکانی سەردەمەکەی خستبوویە سەرشانی، کەبەوپەڕی ئازایەتی و شەرەفەوە ئەم ئازارەی هەڵگرتبوو، لەگەڵ پاڵەوانەکانی وەکو : (سیزیف و کالییف و میرسۆ و ریۆ) جیاواز نەبوو، چونکە ئەوانیش لەهەمان ڕێگەی ئەمانەت و عەدالەت گرتبوەبەرو هیچ بەلایانەوە گرنگ نەبوو، ئەو ئازارو ناخۆشیانەی کە دێنە بەر ڕێگایان.

ئەلبێر توانی خۆی لەو وەسەتە ڕزگار بکات کە لەو سەردەمەدا زاڵبوو، کە سەردەمی ملاملانێ تونەدکان بوو، سەردەمێک بوو کە سیاسەت لە مۆڕاڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکان جیاکرابوویەوە، لەو سەردەمەدا هەموو بەها پیرۆزەکان بەرەو مەرگ دەچوون، ئەو بەهایانەی کە پێشتر وەکو وەسیتێک وابوون لە نێوان خودا و مرۆڤدا، کە دەیتوانی ئارامی بۆ مرۆڤەکان بهێنێت.

دیارە بۆ تێگەیشتن لەو سەردەمە تەنها بەوە نابێت کە ئێمە بڵێین، بەهاکان بە تەواوەتی هەموو ماناکانی خۆیان لە دەستدابوو، بەڵکە ترسەکە زیاتر لەوە بوو کە هیچ ئەگەرێک نەبوو بۆ ئەوەی جارێکی تر «بەها» کان دروستببنەوەو بەشێوەیەک لە شێوەکان بوونیان بەرجەستە بێتەوە، لەبەرئەوە گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕوی کامۆ بوویەوە ئەوەبوو، دەیویست بەهای نوێ لەناو جیهانێکی دژ بەیەکدا دروستبکات، بەبێ ئەوەی ژیانی ئێستا بە بەها تەقلیدیەکان ببەستێتەوە،

کـه مێـژوو لەناوبردبـوون.

بـەڵام لەبـارەی دونیـای ئەلبیـر کامـۆوە، ئـەوە ئـەو دونیایـە بـوو کـە «میرسـۆ» تێیـدا لـە رۆمانـی نامـۆ ژیـاوە، هـەر ئـەو دونیایەیـە کـە دکتـۆر «ڕیـۆ» تێیـدا ژیـا، چـۆن بەرەنـگاری ئـەو تاعونـە بوویـەوە کـە هێشـتا سروشـتەکەی رەمزێکـی نادیـارە، ئـەو دونیایـەی کەبـە رەمـزی بـەردی تەندروسـتی و حاڵەتـی گەمـارۆدان گوزارشـتی لێکـرد، ئـەو دونیایەیـە کـە هەمـوو تاکـەکان فرێدەداتـە خـوارەوە، هـەروەک چـۆن بەسـەر سـیزیف دا زاڵبـوو، کـە بـەردی بێهودەیـی بـۆ سـەر لوتکـەی شـاخەکە بەرزدەکردەوەو دیسـانەوە فرێیدەدایـەوە خـوارەوە.

بـە هەمـان پلـەی کـە هێمـای دژبەیەکـی یـان وەکـو کامـۆ خـۆی ناویلێناوە «نامـۆ بـوون»، کامـۆ قەناعەتـی بـە فشـارێک یـان تەسـلیبوون نەبـوو، چونکـە ئێمـە لـە فکـری ئـەودا دەریایەکـی گـەورە و زیندانێکـی ترسـناکیش دەبینیـن، کـە ئـەم دووانـە رەمزێکـی بنەرەتـی فکـر و ئەدەبـی ئـەو بـوون.

لەبەرئـەوە ئـەو هەمـوو کێشـەکانی سـەردەمەکەی لەناخیدا هەڵگرتبـوو، کـە دەیتوانـی لـە ڕێگای حەماسـە عاتیفییـە ئاراسـتەکراوەکەیی و هەسـتە ئەخلاقییـە جوامێرەکـەی بەرەنـگاری بێتـەوە. ئـەو دژی هەمـوو کارێـک دەوەسـتایەوە کـە ببێتەهـۆی ئازاربەخشـین بـە مـرۆڤ، لەهەمانکاتیشـدا لەنـاو ناخـی خەڵکیدا چـرای مانـای یەکسـانی و دادپـەروەری و ئەمانەتـی دادەگیرسـاندن، ئـەو کاری بـۆ ئـەوە دەکـرد کـە جارێکـی تـر سیاسـەت بگەڕێنێتـەوە بـۆ نـاو حەرەمـی ئەخـلاق، ئـەو لـە ڕیـزی کەسـە ئەخلاقییـە فەرەنسـییە گـەورەکان بـوو، کەلـە سـەدەی هـەژدەو نـۆزدەدا ژیابـوون، ئـەو وەکـو سـارتەر وەسـفکرد بـوو، سـەر بـە نـەوەی شـاتوبریانە و حەکیمتریـن و ئازاترینیانـە.

ئەلبێـر ژیانێکـی زۆر ناخـۆش ژیـاوە، لـە ژیانیـدا کۆمەڵێـک پیشـەی کـردووەو ناچاریـش بـوو کـە لـە شـارەوانی «تیـزی وزو» دەسـت لـە کارەکـەی بکشـێنێتەوە، پـاش ئـەوەی ڕاپۆرتێکـی نووسـی کـە تێیـدا باسـی

ڕەوشی ژیانی خەڵکی دەڤەرەکەی کردبوو، کە چۆن لە هەژاری و برسێتی و دواکەوتوویدا دەژین، چونکە بەیانییەکیان بە چاوی خۆی بینی، کە چۆن منداڵە جەزائیرییەکان شەڕ لەگەڵ سەگەکان دەکەن لەسەر ئەو پاشەڕۆیە خۆراکەی، کە فەرەنسییە بۆرجوازییەکان فڕێیاندابوویە تەنکەی خۆڵەوە.

پاشان بۆی دەرکەوت کە چەندە جیاوازی لە جۆری ژیانی ئەوان و خەڵکی جەزائیریدا هەیە، هەربۆیە بەوپەڕی ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، کە ئەمە ئەوپەڕی شەرمەزارییە کە ئێمە وامانکردووە جەزائیرییەکان لەگەڵ هەژاری و نەداریدا بژین، هەروەها گەورەترین بەدڕەوشتیشە گەر بێت و بڵێین جەزائیری هەمان هەستی بۆ شمەکەکانی ژیانی کەسێکی ئەوروپی نییە.

پاشان ئەم دەنگە لەناو گوێچکەکاندا جێگەیەکی بۆ خۆی دۆزیەوەو ڕێگادرا بە خەڵکی تاوەکو کتێبەکانی ئەم پیاوە باشە بخوێننەوە کە داوای «یەکسانی و دادپەروەری دەکات لە نێوان عەرەب و فەرەنسییەکان «هەروەها دژی ئەوە بوو کە جەزائیرییەکان لەسەر ئەو خێرو سەدەقەیە بژین کە فەرەنسییەکان پێیان دەدەن، هەروەها دژی ئەو ستەمکارییە بوو کە لە وڵاتێکەوە دەردەچوو کە خۆی وا نمایشدەکات کە دژی زوڵم و ستەمکارییە لە جیهان.

کامۆ ئەم ڕاپۆرتەی بە زنجیرەیەک لە ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی بڵاوکردەوە، کە لە جەزائیر دەردەچوو ناوی «ئالجیری پوبلیکان» بوو، ئەم ڕۆژنامەیە پێکەوە لەگەڵ باسکال بیا لە ساڵی ١٩٣٨ دامەزراند، بەوپەڕی جوامێرییەوە دژی سیاسەتی ڕەسمی فەرەنسی لە جەزائیر دەوەستایەوە، لەهەمانکاتیشدا داوای یەکسانی لە نێوان کۆچبەرە فەرەنسییەکان و جەزائیریەکان دەکرد.

دیارە کامۆ چ لەم ڕاپۆرتە و چ لە وتارەکانی تریشدا، تەنها بە شێوەیەکی بەزەیی پێداهاتنەوە نەبوو بەو کەسانەی کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا زوولمیان لێدەکرێت، بەڵکە شێوەیەکی تەواو جیاواز بوو،

هەروەها تەنها شتێک نەبوو کە خەڵکانێک کەرامەتی مرۆڤێکی تر لەناو دەبەن و بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە و سووکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام کۆچبەرە فەرەنسییەکان کە دەماغیان تووندڕەوی بەسەریدا زاڵبوو، نەیانتوانی لە پەیامەکەی کامۆ تێبگەن، هەروەها نەشیانتوانی چاویان ئەو هەڵانە ببینێت، کە لە وەحشیەت و خۆپەرستیانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوە داوای دوورخستنەوەیان کرد لە وڵاتی جەزائیر، سەرۆکەکانی گوتیان، ئەو راپۆرتە بەشێوەیەکی ئیداری نەنووسراوە، هەربۆیە حاکمی گشتی جەزائیر فەرمانی دەرکردنی لە جەزائیر بۆ دەرکرد و بە زۆرەملێ بۆ فەرەنسا دووریانخستەوە.

بەمشێویە کامۆ بەرەو پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێکەوت، ئەو نامەیەکی باسکاڵی هاوڕێی پێ بوو کە بۆ رۆژنامەی «پاری سواخ» ی ناردبوو، بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بدۆزنەوە، بەمشێوەیە لەوێ وەکو هەواڵسازێک دامەزار، ئەمەش لە ساڵی ١٩٤٠ دا، لەوکاتەی کە جەنگێکی گەورە باڵی بەسەر تەواوی ئەوروپادا کێشا بوو، هێرش و پەلاماری ئەڵمانی هەموو ناوچەکانی گرتبوویەوە وپاشانیش ئەڵمانەکان فەرەنساشیان داگیرکرد.

پاشان رۆژنامەکە بۆ شوێنێکی تر گواستراوە، رۆژنامەی «پاری سواخ» برایە «کلیمۆ فیرۆن» کە دەکەوێتە هەرێمی «ئۆفیرن»، کامۆش جانتاکەی خۆی پێچایەوەو لەگەڵیان چوو، هەروەها دەستنوسی یەکەمین ڕۆمانیشی بەناوی «نامۆ» لەگەڵ خۆیدا برد، کە ئەو پێشتر بەنیازبوو لە پاریس چاپی بکات.

پاشتر کامۆ وازیشی لەم رۆژنامەیە هێنا، چونکە ئامادەنەبوو بچێتە بەرەی حکومەتی «فیشی» زەلیل و ریسواوە، لەبەرئەوەی ئامادەنەبوو کار لەگەڵ حکومەتێک بکات کە لە ناخیدا ڕقی لێدەبوویەوە، بەمشێوەیە رۆژنامەی «پاری سواخ» ی بەجێهێشت و چووە شاری «لیۆن» بۆ ئەوەی شوێنێک و بژێوی ژیانی پەیدا بکات، لەم شارەش ماوەی سێ مانگ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ جەزائیر، بۆ ئەوەی لەگەڵ بنەماڵەکەی

بـژی، کـه ئەوکاتـه لـه شـاری «وەهـران» بـوون، ئـەم شـارەش بـه بـێ پارەیـی و بێکاری و قەدەرێکـی ناخـۆش پێشـوازی لێکرد. پـاش ماوەیـەک جارێکـی تـر سـەفەریکردەوە بـۆ پاریـس، تەنهـا پشـتی بـه تواناکانـی خـۆی بەسـت و چاوەڕوانـی سـەرکەوتنێکی ئەدەبـی دەکـرد، کـه نیشـانەکانی ئـەم سـەرکەوتنەی لێـوە نزیـک دەبوویـەوە.

رۆمانـی «نامـۆ» تـەواو بـوو، هەروەهـا شـانۆگەری «کالیگـۆلا» لەسـاڵی ١٩٣٨ هـوە خـۆی بەسـەریدا سـەپاندبوو، لاپەڕەکانـی ئەفسـانەی «سـیزیف» رۆژ لـەدوای رۆژ زیاتـر دەبـوون، لەهەمانکاتیشـدا داگیرکردنـی فەرەنسـا لەلایـەن ئەڵمانیـاوە درێژتـر دەبێـت و مـاوەی چـوار سـاڵی خایانـد، کامـۆش بەرەنگاری ئـەم داگیرکردنـە دەبوویـەوەو بـه شـێوەیەکی نهێنـی و عەلەنـی دژی دەوەسـتایەوە، ئـەو بەشـێوەیەکی پاکوبێگەردی و تێڕوانینـی هێمـن و وشـەی جوامێرانـەوە بەرەنگاری ئـەم داگیرکـەرە دەوەسـتایەوە.

پـاش ماوەیـەک خاوەنـی دەزگای چـاپ و پەخشـی «گالیمـار» نـاردی بـه دوای کامـۆ دا، پێشـتر کامـۆ رۆمانـی «نامـۆ» ی دابـوو پێیـان، لێـرە کاری هەڵەچنـی و خوێندنـەوەی کتێبەکانیـان پـێ دا. دیـارە کامـۆ بـوو بـه ئەندامـی بـەرەی ڕزگاریخـوازی فەرەنسـی نهێنـی لـه پاریـس، ئـەو بـوو بـه سـەرنووسـەری رۆژنامـەی «کۆمبـا» کـه مانـای «خەبـات» دەگەیەنێـت، دروشـمی ئـەم رۆژنامەیـەش «لـه بەرەنگاربوونـەوەوە بـۆ شـۆرش» بـوو، کامـۆش هەمـوو سـەروتارەکانی دەنووسـی و فەرەنسـییەکانیش هەمـوو بەیانییـەک بەوپـەڕی خۆشـیەوە چاوەڕوانـی وتارەکانـی کامـۆ دەبـوون، کـه فەرەنسـییەکانی هانـدەدا دژی زوڵـم و سـتەمکاری بوەسـتنەوە.

ئـەو داوای لێدەکـردن کـه کار بـۆ دادپـەروەری بکـەن، هەمیشـه ئـەوەی کـه زاڵدەبێـت بەسـەر ناخـی مرۆڤـدا، داوای مەرگـی سـەتمکارانی دەکات، بـەڵام مەزنـی مـرۆڤ لـەوەدا نییـە، کـه خاوەنـی ئیرادەیەکـی بەهێـزی وابێـت کـه بەسـەر قـەدەری بەشـەریدا زاڵبێـت، گـەر قـەدەری مرۆیـی زاڵـم بێـت، ئـەوا هیـچ وەسـیلەیەکی تر لەبەردەمیدا نییـە بـۆ ئـەوەی بەسـەریدا زاڵبێـت، تەنهـا ئـەوە نەبێـت، کـه لـه ناخـی خۆیـدا کەسـێکی دادپـەروەر بێـت.

بەڵام ئەو وڵاتەی کە سیمای قوربانییەکی پیرۆزی بە خۆی بەخشیبوو، پاشتر دەستی بۆ چەقۆ برد، ئەو مەزڵومەی کە بۆ ماوەی چوار ساڵ ستەمکاری توندی بەخۆوە بینی، یەکسەر پاش ئەو چوارساڵە لە جەزائیر و مەدەقەشقەر قامچیی جەلادێکی بەدەستەوە گرت و کەوتە تۆڵەسەندنەوە لەو کەسانەی کە بە تۆمەتی هاوکارییکردن لەگەڵ دوژمندا تۆمەتبار کرابوون .

دیسانەوە گیانی درۆزنی و ئێرەیی و ململانێ لەسەر دەسەڵات لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا، زاڵبوو بەسەر ئاسمانی پاریسدا، زاڵبوون بەسەر دوژمنی دەرەکیدا زۆر ئاسانتربوو، لەسەرکەوتن بەسەر ئەو دوژمنەی کەلەناخی مرۆڤەکاندا هەبوو، ئەمەش پێویستی بە جوامێریی و خوێن و دڵنەوایی زیاتر دەبوو، ئەو لە کتێب و وتار و لێدوان و قسەکانییدا بەرگری لە کەرامەتی رۆحی دەکرد، هەوڵیدەدا لەناخی مرۆڤەکاندا مانای دادپەروەری دروستبکات، لەهەمانکاتیشدا بەوپەڕی ئازایەتییەوە داوای نوێکردنەوەی فکری سیاسی و لێکتێگەیشتن و جوامێری دەکرد.

بەڵام کامۆ بەرەنگاریی ئەو توفانە دەبوویەوە کە لە خۆی گەورەتر بوو، پاش ماوەیەک رۆژنامەی «کۆمبا» راگیرا، کە بۆ ماوەی سێ ساڵی پرشنگدار لەژێر سەرۆکایەتی ئەودا بەردەوام بوو، ئەو هیچ خیانەتی لەو مەسەلانە نەکرد کە خۆی باوەڕی پێیانبوو، پاشان وازی لە کاری رۆژنامەوانی هێنا، هەرچەندە ئەو بە بەردەوامی لەهەموو بۆنەیەکدا بەرگری لە بۆچونەکانی دەکرد و تەداخولی لە کێشە هەنووکەییەکان دەکرد، کە لە کۆمەڵێک وتاردا دەریدەبڕین و پاشتر لە کتێبێکدا بەناوی «کێشە هەنووکییەکان» بڵاوکردەوە، هەموو ئەم وتارانەش لە خاڵێکی جەوهەریدا خۆیان دەگرتەوە کە ئەویش «ئەمانەت» بوو.کامۆ وازی لە هیچ کێشەیەک نەهێنا کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئازاردانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، بەبێ ئەوەی سیاسەت لە ئەخلاق جیابکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەمان لەبەردەستدایە کە شەرعیەت بەوە دەدا کە ئەلبێر کامۆ ناسنامەیەکی جەزائیری هەبووە،

بـەڵام ئێمـە دەڵێیـن، لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئـەو بـە ڕەگـەز فەرەنسـی بـوو، لـە جەزائیـر لەدایکبـوو، بـەڵام ئـەو هەمیشـە بەرگـری لـە عەدالـەت و مرۆڤدۆسـتی دەکردەوە بەتایبەتـی لـە جەزائیـری نیشـتمانی، ئـەو شـوێنەی کەلێـی لەدایـک بـوو گەنجێتـی خـۆی تێـدا بەسـەربرد، هەربۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن کـە کامـۆ لـە ڕووی ناسـنامەوەو جەزائیـری بـووە.

ئەلبێرکامۆ پرسی تاوان و مەرگ و ئازادی خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی کەوتنی ئەلبێر کامۆ

ئەلبێر کامۆ یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی فەرەنسا و جیهان، ئەو جگە لەوەی کە ئەدیبێکی مەزن بووە، لەهەمانکاتیشدا بیرمەند و فەیلەسوفێکی گرنگیش بوو، هەروەک چۆن کارە ئەدەبییەکان گرنگن بەهەمانشێوەش کارە فکری و فەلسەفییەکانیش بە چاوێکی پڕ بایەخ و گرنگییەوە سەیر دەکرێن. کامۆ بەشێکی زۆری هەزرە فەلسەفییەکانی خۆی لە ڕێگەی «رۆمان، شانۆ» ەوە پێشەکەشی خوێنەران کردووە، ئەو بە پێچەوانەی فەیلەسوفانی تر‌ەوە، ئەدەبی کردە ڕێگایەک بۆ ئەوەی بۆچوونە فکرییەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

لەم ماوەیەدا رۆمانی «کەوتن» م بەرچاو کەوت کە لە لایەن کاک «سەیوان محەمەد» کراوەتە کوردی[١٦٨]، کە ئەمەش بە یەکێک لە کارە پڕ بایەخ و گرنگەکانی کامۆ دێتە ژماردن. رۆمانی کەوتن، کامۆ لە ساڵی ١٩٥٦ دا نووسیویەتی، واتە سیانزە ساڵ پاش رۆمانە بەناوبانگەکەی «بێگانە» کە لە جیهاندا دەنگدانەوەیەکی گەورەی نایەوە. لەهەمانکاتیشدا ئەم رۆمانە ساڵێک پێش وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ نووسیوە، جێگەی ئاماژەی ساڵی ١٩٥٧ ئەلبێر کامۆ خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاداب پێبەخشرا.

---

١٦٨ ئەلبێر کامۆ، کەوتن، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: سەیوان محەمەد. چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی، ٢٠١٣.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە

«ژان پاتیست کلیمێنس» پارێزەرێکی فەرەنسیی ئاوارەیە لە یەکێک لە گەڕەکێکی جووی شاری ئەمستەردامی هۆڵاند دەژی. ئەو سەرەتا وەکو پارێزەرێکی ئاسایی لەم شارەدا دەژی و ژیانێکی تاڕادەیەک باشی هەیە. شەوانە دەچێتە باڕی «مەکسیکۆ سیتی» و ئەم باڕە دەبێتە بەشێک لە ڕۆتینی ژیانی. شەوێکیان کەسێکی فەرەنسی دەبینێت لەم باڕەدا، پاشان دەستدەکەن بە قسەوباس لەبارەی ژیانە.

ژان پاتیست وەکو بڵێیت هەنگوینی لەناو داردا دۆزیبێتەوە، واز لەم فەرەنسییە ناهێنێت، هەموو ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە. سەرەتا باس لە ژیانی خۆی دەکات لە پاریس و پاشان چۆنێتی ڕاکردنی لە دەستی ئەڵمانەکان کە ئەو کاتە پاریسییان داگیرکردووە. سەرەتا پەیوەندی کردووە بە خەباتگێڕە فەرەنسییەکانەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە لایەن رژێمی نازی ئەڵمانییەوە بگیرێت و بخرێتە کەمپی زۆرەملێوە. پاش ماوەیەک بەرەو باشووری وڵات ڕادەکات، کە ئەو کاتە لەلایەن حکومەتی فاشی ڤیشیەوە حوکمدەکرا، جێگەی ئاماژەیە ئەم حکومەتە وەکو داردەستێکی ئەڵمانیا وابوو، بەڵام لە ڕووی ئیداریەوە سەربەخۆ بوو.

ژان پاتیست لێرەش دڵی ئاو ناخواتەوە پاش ماوەیەک بەرەو باکووری ئەفریکا دەڕوات و لە شۆرش و خەبات بێزار دەبێت. بەڵام پاش ماوەیەکیش ئەوێندەریش بەجێدەهێڵێت و بەرەو ئەمستەردامی هۆڵاند بەڕێدەکەوێت، لە دواییین وێستگەدا لە گەڕەکێکی جووی شاری ئەمستەردامی هۆڵاندا دەگیرسێتەوە.

وروژاندنی چەند پرسێکی فکری و فەلسەفی گرنگ

وەکو هەموو رۆمان و کارە ئەدەبییەکانی تری، نووسەر لەم رۆمانەشدا کۆمەڵێک پرسی سیاسی و فکری و فەلسەفی گرنگ دەوروژێنێت، کە تێیدا گوزارشت لە تێڕوانینەکانی خودی نووسەر دەکەن.

ئازادی

کامۆ یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زۆر خۆی بە چەمکی «ئازادی» یەوە خەریککردووە، بگرە ئەو لەم بارەیەوە خاوەنی تێڕوانینێکی تایبەت بە خۆیەتی.

(نەمدەزانی ئازادی، نە خەڵاتە نە مەدالیای ڕێزلێنانە تا بە شەمپانیا ئاهەنگی پێوە بگێڕدرێت. نە دیارییە، نە قووتوی چکلێتە تا وات لێبکات زمان بە لێوتدا بهێنێت، نا بە پێچەوانەوە، ئازادی سەرئێشەیە، پێشبڕکێیەکی ماوە درێژە، مرۆڤ بە تەنیا بەشداریی تێدا دەکات، بە ماندوویی، ، ، دەبێت تەنیا بیت لە ژوورێکی خەماویدا، تەنیا بیت لەناو قەفەزی تاوان لە پێش دادوەرەکاندا، تەنیا بیت بۆ ئەوەی لە پێش خۆت یان ئەوانی تردا حوکم بدەیت، ، ، هەربۆیە بەرگەگرتنی ئازادی ئەستەمە.

راستی و درۆ

پرسێکی گرنگی تر کە لەم رۆمانەدا کامۆ خۆی پێوە خەریککردووە، مەسەلەی «ڕاستی و درۆ» یە.

(ڕاستی وەکو ڕووناکییە، چاو کوێر دەکات، بە پێچەوانەیشەوە درۆ خۆرئاوابوونێکی جوانە کە بەهای هەموو شتێک زیاد دەکات.لاپەڕە.١٠٢)

تاوان

«تاوانبار و بێتاوان» پرسێکی تری ئەم رۆمانەیە، کە نووسەر قسەی خۆی تێدا دەکات. ئەو دەیەوێت لە ڕێگەی پیشەکەیەوە «ژان پاتێست، پیشەی پارێزەرە»، قسەی خۆی بکات لەمەڕ پرسێکی گەورەی وەکو «تاوان». ئایا بۆچی مرۆڤ تاوان دەکات؟ تاوانبار و بێتاوان کێیە؟.

(هەمیشە هۆکارگەلێک بۆ کوشتنی مرۆڤێک هەن، بە پێچەوانەشەوە، زۆر ئەستەمە پاساوێک بۆ بەردەوامیدان بە ژیان هەبێت. هەربۆیە تاوان هەمیشە پارێزەری دەستدەکەوێت، بەڵام بێتاوان بە دەگمەن)

(لە راستیدا لە تاوانەکان خۆش دەبین، بەڵام لەبیری ناکەین.)

خودا و پرسی ئایین

لەم رۆمانەدا پرسی بوونی «خودا و ئایین» پانتاییەکی گەورە دەگرێتە خۆ. ئەم پرسەش بۆ نووسەرانی فەرەنسی شتێکی نوێ نییە، هەمیشە ئەم پرسە لە کارەکانیاندا ئامادەبووە.

(باوەڕم پێ بکە، ئایینەکان هەڵەن، ئەو ساتەی بانگەشەی ڕەوشت دەکەن و فەرمان و وەسیەتەکان بڵاو دەکەنەوە. خودا پێویست نییە بۆ دیاریکردنی گوناە و سزا، بۆ ئەوە هاوردەمەکانمان لە مرۆڤ یارمەتیی ئێمەیان بەسە)

دواتر دەڵێت :

(ئازیزم ! ئیمپراتۆرییەتەکان و کەنیسەکان لە ژێر خۆری مەرگدا لەدایک دەبن.)

مەرگ

کامۆ هەمیشە پرسی «مەرگ» جێگەی تێڕامانی بووە، لەبەشێکی زۆری کارەکانیدا ئەم پرسەی ورووژاندووە. لەم ڕۆمانەشدا بەهەمانشێوە، ئەم پرسەی خستۆتە ناو ڕۆمانەکەوە.

(تەنیا مردن هەستەکانمان ڕادەچڵەکێنێت، چۆنمان ئەو هاوڕێیانە خۆش دەوێن، کە جێیان هێشتووین ؟ چۆن سەرسامی ئەو مامۆستایانەمانین کە چیتر نادوێن، دوای ئەوەی خۆڵ دەمی پڕکردوونەتەوە، ، ، بەڵام دەزانی بۆچی هەمیشە دادپەروەرتر و میهرەبانترینن بەرامبەر بە مردووەکان ؟ هۆیەکەی ئاسانە، بەرامبەر ئەوان هیچ ئەرکێک ناچارمان ناکات، ئەوان لێدەگەڕێن ئازاد بین، دەتوانین کاتی خۆمان خۆش بگوزەرێنین، ئەگەر بە شتێکیش ناچارمان بکەن، تەنیا بۆ یادکردنەوە دەبێت، ئێمەیش یادەوەرییەکی کورت نەبێت هیچمان نییە .)

شەهید

کامۆ پێشتر لە دژی ئەڵمانەکان خەباتی کردووە، لە پرۆسەی خەبات دژی ئەڵمانەکانیش، خەڵکانێکی زۆر گیانی خۆیان کردە قوربانی خاک و نیشتمانی فەرەنسا، هەربۆیە پرسی شەهید لای کامۆ بوونی هەیە و ئەو خاوەنی بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی لەم بوارەدا .

(هاوڕێی ئازیزم! شەهیدەکان دەبێت یەک لەم دوو ڕێگەیە هەڵبژێرن: یان لەبیربکرێن و گاڵتەیان پێبکرێت، یانیش بۆ بەرژەوەندی بەکاربهێرێن، لاپەڕە٦٦)

دیارە ئەم مەسەلەیە بەلای کامۆوە زۆر گرنگە و لە چەندین ڕۆمان و کتێبی تریدا باسی دەکات بەتایبەتی لە کتێبی مرۆڤی یاخی، بەشێوەیەکی فکریی و فەلسەفەی باسی شەهید و مەرگ دەکات، کە تاڕادەیەک تەواو

تایبەتە.

کۆمەڵکوژی جوو لە ئەمستەردام

کاتێک نازیە ئەڵمانەکان هەموو ئەوروپایان داگیرکرد، کەوتنە گیانی جووەکان و دەستیان کرد بە کۆمەڵکوژی ئەم گەلە بێدەسەڵاتە، لە جیهانی ئەدەبدا زۆر بەباشی نووسەرانی تر ئەم پرسەیان تەوزیف کردووە، کامۆش بە هەمانشێوە لەم رۆمانەدا، هەوڵیداوە کەمێک لە کۆمەڵکوژییە باس بکات کە ئەڵمانەکان دەرهەق بە گەلی جوو کردوویانە.

– من لە گەڕەکی جووەکان دەژیم، گەڕەکەکەمان ئەو ناوەی هەبوو تا ئەو کاتەی برا هیتلەرییەکانمان بڵاوەیان پێکردن، چ قڕکردنێک بوو! حەفتاو پێنج هەزار جوو، یان دەکوژران یان ڕادەگوێزران، ڕامانێکی ڕاستەقینە بوو.

خۆرهەڵات و خۆرئاوا

بە بڕوای من یۆنان هێندەی لە خۆرهەڵاتەوە نزیکە هێندە لە خۆرئاواوە نزیک نییە، دیارە ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری میژوویی هەیە. لەم رۆمانەدا کامۆ کە خاوەنی چاوێکی تایبەتە، توانیویەتی تیشک بخاتە سەر دیاردەیەک کەلەوانەبێت کەسێکی ئاسایی هیچ گرنگی پێ نەدات. ئەو لەڕێگەی پیشاندانی دیمەنێکەوە، کە باسی یۆنان دەکات، دەیەوێت بچێتە ناو کەلتورێکی تر‌ەوە کە زۆر نامۆیە بە خۆرئاوا.

– یۆنان شارەزایت؟نا؟ زۆر باشترە. لەوێ چی بکەین، لەوێ دەبێت لە دڵەوە پاک بینەوە، دەزانیت هاوڕێ کوڕەکان دەست لەناو دەست بە شەقامەکاندا تێدەپەڕن؟ بەڵی ژنەکانیان لە ماڵەوە دەمێننەوەو زۆرجار پیاوێکی تەمەن ناوەند بە جووتێک سمێڵی قنجەوە، بە ویقارەوە لەگەڵ پیاوێکی هاوڕێیدا، پەنجەکانیان لە هی یەکتر دەئاڵێنن و دێن و دەچن.

ئەم دیمەنەم لەم رۆمانەدا زۆر بەدڵ بوو، چونکە بە ڕاستی ئەمە

دیاردەیەکە کە هەتاوەکو ئێستاش لە خۆرهەڵات باوی ماوە. دیارە کامۆ باسی یۆنانی سااڵنی چل دەکات، کە جیاوازییەکی وای لەگەڵ خۆرهەڵات نەبووە، بە دڵنییایەوە یۆنانی ئەمڕۆ جیاوازە.

تازە چووبومە ئەڵمانیا، ئێمە کۆمەڵێک برادەر بووین کە دەچووینە دەرەوە دەستمان دەخستە ناودەستی یەکتر یان دەستمان دەخستە سەرشانی یەکتر، بەاڵم ئێمە دوایی زانیمان کە لە ئەڵمانیا تەنها «هۆمۆسێکسوێڵەکان، هاوڕەگەزەکان» دەست دەخەنە ناودەستی یەکتر و پیاسە دەکەن، دوایی ئیتر ئێمەش ئەم عادەتەی رۆژهەاڵتمان واز لێهێنا.

دیارە جگە لەم پرسانە، کۆمەڵێک پرسی تری وروژاندوە لەوانە : (خۆشەویستی، سێکس، داوێنپیسی، هاوڕێیەتی، غەریبی، تەنیایی، دانپێدانان «ئیعتراف» ئایینی)

لەاڵیەکی ترەوە زۆر بە جوانی وەسفی «هۆڵەندا و ئەمستەردامی» کردووە، کە نووسەر زۆر شەیدای ئەم شارە بووە.

تەکنیکی نووسین

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم رۆمانە، شێوازی نووسینی رۆمانەکەیە. دیارە نووسینی رۆمان پشت بە کۆمەڵێک رەگەزی تەکنیکی گرنگ دەبەستێت، لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە کامۆ لەم رۆمانەدا پشتی بەرەگەزی «مۆنۆلۆگ» بەستووە.

نووسەر لە ڕێگەی «پاڵەوانی رۆمانەکە» چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، ئەویش بۆ کەسێکی دەگێڕێتەوە کە تەنها گوێی لێدەگرێت. دیارە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە زۆر قوورسە، چونکە لەم رۆمانەدا ئێمە تەنها یەک پاڵەوان دەبینین، لێ ئەوەی وایکردووە کە ئەم رۆمانە خوێنەر تووشی مومیلی نەکات، ئەو چیرۆک و ڕووداوانەیە، کە لە زاری «حکایەتخوان» ەوە باس دەکرێن. کامۆ هاتووە چیرۆکی ژیانی کەسێک دەگێڕێتەوە، لێرەشدا زۆر بەباشی تەکنیکی «فلاش باگ» بەکاردەهێنێت.

نووسەر تەنها زمانێکی پەخشان ئاسا و فکری بەکارناهێنێت،

بەڵکە بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی چنینی چەندین چیرۆک و ڕووداوی هەمەجۆرەوە، وا لە خوێنەر دەکات کە دوای ڕۆمانەکە بکەوێت. ژان پاتێست باس لە چیرۆکە سەیرەکانی ژیانی خۆی دەکات چۆن بوو بە شۆڕشگێر، پاشان چۆن لەلایەن ئەڵمانەکانەوە گیرا، پاشان چۆن ڕووبەڕوی ژیان بۆتەوە، باس لە کۆمەڵێک چیرۆکی ژیانی خۆی دەکات کە بینیویەتی بۆ نموونە، چۆن ڕۆژێک کوێرێک دەپەڕێنێتەوە، پاشتر نازانێت ئاخۆ هۆکاری ئەم کارەی هەستی یارمەتیدان و چاکەخوازی بووە، یان هەستی شەڕەنگێزی، یان چۆن جارێکیان ماتۆڕ سوارێک لەسەر شەقامێک شەڕی پێدەفرۆشێت و ئەمیش ناتوانێت هیچ وەڵامی بداتەوە، دوایی زۆر هەست بە ئازاری دەروونی خۆی دەکات کە هێندە بێدەسەڵات بووە.

جگە لەمەش چیرۆکەکانی کەمپی زۆرەملێی ئەڵمانەکان دەگێڕێتەوە، کە لە وێندەر بە «پاپا» لەلایەن هاوڕێکانیەوە بانگکراوە، چونکە هەمیشە وەکو کەسێکی چاکەخواز خۆی دەرخستووە.

واتە نووسەر نابێت تەنها لە کاتی نووسینی ڕۆماندا، قسە بکات و زمانی پەخشان بەسەر ڕۆمانەکدا زاڵبێت، بەڵکە ئەوە ڕووداوە کە دەتوانێت ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بخوڵقێنێت.

چەند سەرنجێک

دیارە کاری وەرگێر تەنها ئەوەیە کە دەقە ئەسڵییەکە وەرگێڕێتە سەر زمانی خۆی و بۆی نییە هیچ دەستکاری دەقەکە بکات، بەڵام بە نیسبەت پەراوێز دانانەوە، وەرگێر ئازادە . لەم ڕۆمانەدا کامۆ باسی کۆمەڵێک کەسایەتی و شوێن دەکات، کەلە بواری «ئایینی و فەلسەفی و سیاسی و سەربازیدا» لە ئەوروپا و جیهاندا ڕۆڵیان هەبووە، لەوانەبێت بۆ خوێنەرێکی ئەوروپی پەروایز گرنگ نەبێت، چونکە زانیاری باشی

لەبارەی مێژووی فکری و سیاسی خۆیان هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەری کوردی لەوانەبێت زانیاری لەبارەی ئەو کەسایەتی و شوێنانە نەبێت، هەربۆیە ئەمەش وا دەکات کە کەمتر لەمەبەستی نووسەر بگات.

ئێرنست ماندڵ

ئێرنست ماندڵ ئابووریناس و بیرمەندێکی چەپی ناسراوی بەلجیکی و جیهانی بوو. ئەو لەساڵی ١٩٢٣لەدایک بووەو ساڵی -١٩٩٥کۆچی دواییکردووە. ماندڵ ئابووریناسێکی چەپ بوو، لەهەمانکاتیشدا لەناو بیرمەندە چەپەکانی سەدەی بیستەمدا، ناوبانگێکی ئێجگار گەورەی هەبوو، تەواوی ڕەوتە چەپەکان بەتایبەتی تڕۆتسکییەکان لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون کۆمەڵێک کتێبی گرنگی هەیە لەپێش هەموویانە» دەستپێکێک بۆ سۆسیالیزمی زانستی، چەند وانەیەک لەبارەی ئابووری سیاسی مارکسی، دیدگای شۆڕشگێڕیی و دیدگای ریفۆرمیستی.» هەتاوەکو ئەمڕۆش تێروانین و کتێب و وتارەکانی، مایەی گرنگی پێدانن، لەناو ڕەوتە چەکانی جیهاندا.

ئەم وتارەی بەردەستان لە نووسینی د. کریستیۆف لینکەیە، کە نووسەر و چالاکوانێکی چەپی تڕۆتسیکیی ئەڵمانییە. هەوڵێداوە

بەشێوەیەکی گشتگیرانە، باسی ژیان و فکری ئەم کەڵە بیرمەندەی بەلجیکا و ئەوروپا بکات. هەربۆیە پێمباشبوو لە ئەڵمانییەوە بیکەمە کوردی، بەو هیوایە خوێنەری کوردی، ئاگاداری فکر و فەلسەفەی ئەم بیرمەندە چەپە بێت.

چەند دێرێک لەبارەی نووسەرەوە

Christoph Jnke Dr. دکتۆر کریستۆف یونکە، لەساڵی ١٩٦٤ لەدایک بووەو پاشان بەشی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و مێژووی لە زانکۆی کۆڵن خوێندووەو بڕوانامەی دکتۆرای لەمێژوودا وەرگرتووەو لە ئێستاشدا مامۆستای بەشی مێژووە لە زانکۆی بۆخوم. یەکێکە لە ئەکادیمییە مارکسییە تڕۆتسکیستەکان کە خۆی بە مێژوویی چەپی جیهانەوە خەریکردووەو خاوەنی کۆمەڵێک کتێبیشە. لەوانە:

Der lange Schatten des Stalinismus

Jahrhundert .٢٠ Marxistische Stalinismuskritik im

جگەلەوەش لە ناو رۆژنامە و گۆڤارە چەپەکانی ئەڵمانیا، بە بەردەوامی وتار و لێکۆڵینەوەی هەیە.

ئێرنست ماندڵ لە نێوان زانست و ئازادییدا

ئێرنست ماندڵ کە پێش پانزە ساڵ کۆچی دواییکرد، یەکێک بوو لە ڕەسەنترین و پڕ بەرهەمترین بیرمەندی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و چەپی جیهان. زیاتر لە دوو دەرزەن کتێب و ژمارەیەکی بێشوومارە وتاری سیاسیی و ئابووری لە بارەی کەپیتالیزم و تیۆری ئابووری سیاسیی و پرسیار لەبارەی سیاسەت و مێژوویی نێودەوڵەتییەوە نووسیوە، کە بۆ زیاتر لە ٣٠ زمانی جیهان وەرگێڕاون و کاردانەوەیەکی ئێجگار گەورەی لەناو جیهاندا خوولقاندووەو بەشێوەیەکی فراوان لەناو جیهاندا بابەتەکانی چاپ و بلاوکراونەتەوە.

ئەو خاوەنی تواناییەکی بێ وێنە بوو، لە زۆر حاڵەتیشدا دەتوانم بڵێم زۆر وورد بوو بۆ تەرجومەکردنی چەمکەکانی مارکس[١٦٩] لە بارەی رەخنەکانی لە کەپیتالتزم، بەشێوەیەک کە خەڵکی ئاسایی بتوانێت لە بەرهەمەکانی مارکس بگات، لەمەدا دەتوانم پێشەکیەکەی بۆ کتێبی «تیۆری ئابووری مارکسی» کە لە ساڵی ١٩٦٧ چاپیکرد، یان کتێبی پڕەنسیپی مارکس بۆ ئابووری کە ساڵی ١٩٦٨ چاپیکرد بە نموونە بهێنێنەوە [١٧٠]

ئەو لەبەرئەوەی بە رووی فکری مارکسیزمەوە کەسێکی کراوە بوو، هەروەها دووربوو لە فکری دۆگماتیزمی مۆسکۆ و پکین، لە هەمانکاتیشدا خۆی بە دوور دەگرت لە تیۆری سێۆسیال دیموکراتی مۆدێرن. ئەمەش وایکردبوو کە تەنانەت کاریگەری هەبێت بەسەر نەیارە سیاسییەکانیشییەوە بە تایبەتی لیبڕاڵ و کۆنەپارێزەکان، هەموو ئەمانەش وایکردبوو کە کاریگەری گەورە بکاتە سەر دەیان هەزار گەنجی سیاسی و دواتریش ببێتە مامۆستایەک بۆ هەزاران گەنجی ئەکتیفی سیاسیی و پەروەردەیان بکات و پێیان بگەیەنێت، بە تایبەتی لە رووی سیاسی و فکریی و فەلسەفییەوە.

---

١٦٩ Karl Marxکارل مارکس فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لەساڵی ١٨١٨ لە شاری تریەر لەخۆرهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە لەساڵی ١٨٨٣ لە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا کۆچی دواییکردووە. ئەو لەگەڵ فریدریک ئەنگلس، بە باوکی فکری مارکسیزم و سۆسیالیستی مۆدێرن دادەنرێت. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فکری و فەلسەفی و ئابووری گرنگە لەسەروهەموشیانەوە» کتێبی کەپیتاڵ، سەرمایە، کە لە ساڵی ١٨٦٧ یەکەم بەرگی نووسیوە.» بە یەکێک لە کتێبە ئابووریی و فەلسەفەییە گرنگەکانی مێژوو دادەنرێت. هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی تر هەیە لەوانە «ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا، تێزەکانی ڤویرباخ، خێزانی پیرۆز. مانیفێستی کۆمۆنیستی.، ، ، هتد.

١٧٠ لێرەدا نووسەر زیاتر مەبەستی ئەوەیە، کە ئەرنست ماندێل توانیوتی بە زمانێکی ئاسان کەهەموو کەس لێی تێبگات، بەرهەمە فکریی و فەلسەفییەکان مارکس بە خەڵکی بناسێنێت و بە ئاسانی بۆیان شییان بکاتەوە، چونکە بەگشتی مارکس، بە زمانێکی قورسی فەلسەفی کتێبەکانی نووسیوە، کە زۆر زەحمەتە هەموو کەس لێی تێبگات.، ، ، و.ک

رۆشنبیرو چالاکوانێکی بە توانا

بۆ ماندڵ هیچ جیاوازییەک لە نێوان تیۆریی و پراکتیدا نەبوو، راستە لە لایەکەوە میتۆدی مارکسیزم بۆ ئەو مۆدێلێکی کۆنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئامڕازێکە بۆ ئەوەی بتوانیت گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێبکەیت. ئەو لەیەککاتدا رۆشنبیر و ئەنتەلەکتویلێکی» رۆشنبیر» زیرەک و بە توانا بوو، دەیتوانی بە کۆمەڵێک زمانی ئەورووپی بە شێوەیەکی باش قسە بکات و بنووسێت، لەهەمانکاتیشدا چالاکوانێکی سیاسیی ئازاش بوو، ئەو مێشکێکی باشی بۆ کاری بە کۆمەڵ و رێکخراوەیی هەبوو، هەروەها زمانێکی پاراو قسەزانێکی باشیش بوو.

هاوڵاتییەکی ئەورووپیی و جیهانی

ئەم هاوڵاتییە ئەورووپیی و جیهانییە کە خەڵکی بەلجیکایە، پەیوەندییەکی زۆر تایبەتیی و قووڵی لەگەڵ ئەڵمانیا هەبوو، بەتایبەتی چەپە ئەڵمانییەکان، لەمەشدا بنەماڵەکەی و تێڕوانینی سیاسیی و فکری، کاریگەریی هەبوو بەسەر ئەم خاڵەوە، هەروەک نووسەر و مێژوونوسی هۆڵەندی Jan Willem Stutje ژان ڤیلیەم ستوتی لە کتێبی بیۆگرافی ماندڵدا ئاماژەی پێداوە.

بنەماڵەیەکی جووی چەپ

باوک و دایکی جوو بوون و خەڵکی شاری کراکاوسی پۆڵۆنیا بوون لە خۆرهەڵاتی ئەورووپا، پاشان لە سەردەمی لاویدا، ماڵی خۆیان ئەو شارە بەجێدەهێڵن رووەکەنە هۆڵەندا. هێنری باوکی، پیاوێکی دەوڵەمەند بووەو کارگەی ڕستن و چنینی هەبووە. لە هەمانکاتیشدا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بازنەی کۆمۆنیستەکان بەهێز دەکات و کەسێکی چەپڕەو

بـووه. لـەو کاتـدا پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی وەکـو «ولیـەم پێـک، کارل رادێک دەبێت» هەروەهـا لەسـاڵی ١٩١٨ دا دەچێتـە بەرلین، لـە کاتێکدا کـە گیانی شۆڕشـگێڕیی زاڵـە لـەو شـارەدا، لـە ژووری راگەیاندنی رێکخـراوی ئەنتەرناسـیۆنالی کۆمۆنیسـتەکان کار دەکات.

لەوێنـدەر دەمێنێتـەوە هەتاوەکـو پاشـئەوەی هـەردوو سـەرکردەی چـەپ، رۆزا لۆکسـمبورگ و کارل لیبکنێخـت تیـرۆر دەکرێـن، لەپـاش ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری ئەنتوێرپـن لـە بەلجیکا. لەوێنـدەر دووبـارە بەردەوامـی بـە کارو چالاکییـە سیاسـییەکانی دەداتـەوە. بـەڵام پەیوەندییـە گـەرم و گوڕەکانـی لەگـەڵ ئەڵمانیـا دەمێنێتـەوەو هیوایەکـی زۆری بـە بزووتنـەوە سۆسیالیسـتەکەی ئەڵمانیـا هەیـە و پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ چەپـی ئـەم وڵاتـە ناپچڕێنێـت.

منداڵێکی بلیمەت

یەکەمین منداڵی هێنری کە ئێرنسـتە لەسـاڵی ١٩٢٣ لە شـاری فرانکفۆرت ئـەم مایـن لەدایک دەبێت، ئەمـەش شـتێکی ئاسـاییی بـوو بـە لای باوکییـەوە، بـەڵام، ئـەوەی مایەیـی سـەرنج و ئاسـاییی نەبـوو، ئێرنسـت و میخایلی برای، زۆر زیـرەک بـوون، لەیەککاتـدا چەنـد زمانێکیـان زانییـوە، هەروەهـا بـە بەردەوامـی حەزییـان لـە خوێندنـەوەی کتێـب بـووە بـە تایبەتـی فەلسـەفەی کلاسـیکی هۆمانیسـتی، جگـە لـەوەش حـەزو ئارەزوویەکـی زۆریـان بـۆ موزیک و ئەدەب هەبـووە. بـەڵام ئـەم رەوشـە وابـەردەوام نابێت، چونکـە لە کاتـی گەنجیدا، ژیانـی ئێرنسـت زۆر خـراپ دەبێت، ئـەوەش بەهـۆی ئـەوەی، باوکـی بـە هـۆی تەنگـەژەی ئابووریـەوە کـە جیهانـی گرتـەوە، بەشـێکی زۆری سـەرەوت وسـامانەکەی دەدۆرێنێت.

منداڵێکی ڕارایی و خەیاڵی

هەروەک ستوتی دەڵێت: هەر لەمنداڵییەوە ئەوە ئاشکرا بوو، کە ئێرنست کەسێکی میزاجیی و خەیاڵییە. هەر زوو بلیمەتی ئێرنست دەردەکەوێت، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا، نامە بۆ بەشی نامەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکان دەنێرێت و تێیدا باسی یەکسانی و ناعەدالەتیی کۆمەڵایەتی دەکات. هەر لە تەمەنی سیانزە ساڵیشدا بووە، کە ماڵی ماندڵ پڕدەبێت لە ئاوارەو پەناهەندەی جوو کە لە چنگی رژێمی فاشیستی ئەڵمانیا ڕاینا‌کردووەو ماڵی ئەوانیش دەبێتە ئوردوگایەک بۆ ئەو پەنابەرە جوولەکانە.

کاریگەریی جەوی سیاسی ماڵەوەیان

ئێرنستی منداڵیش هەرزوو تێکەڵی ژیانی سیاسی و سیاسەت دەبێت، لە هەمانکاتیشدا کاریگەریی باوکیشی بەسەرەوە بووە، چونکە ئەویش کەسێکی چەپ بووە. بە تایبەتی لەساڵی ١٩٣٦ کاتێک پرۆسەی» دادگاییەکانی مۆسکۆ [١٧١]«دەستپێکرد، لەهەمانکاتیشدا شۆڕشی ئیسپانیاش لە پاش جەنگی ناوخۆوە شکستی هێنا، بنەماڵەی ماندڵ دایک و باوکیشی، ڕۆحێکی دژە ستالینی[١٧٢] بە سەریاندا زاڵبووە. هێنری

---

١٧١ مەبەست لە پرۆسەی دادگاییەکانی مۆسکۆ، لەو پرۆسەی هەڵمەتی ڕاونان و گرتن و کوشتنەیە، کە رژێمی ستالین لە دژی نەیارانی کردی، کە ئەو کاتە بە تروستکییەکان ناویان دەبردن، لەم هەڵمەتەدا کە سێ ساڵی خایاند، سەرو سی ملیۆن کەس بوونە قوربانی.و، ک

١٧٢ Josef Stalin جۆزێف ستالین دیکتاتۆرێکی روسی/سۆڤێتی بووە. لەساڵی ١٨٧٨ لە شارۆچکەی گۆرگی لە نزیک تەفلیسی پایتەختی جۆرجیا لەدایک بووە. باوکی پینەدۆز بووەو دایکیشی ژنێکی ئیمانداری مەسیحی بووە. لەساڵی ١٩٢٢ لەمۆسکۆ دەسەڵات دەگرێتە دەست و دەبێتە سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت هەتاوەکو ساڵی ١٩٥٣ حوکمی یەکێتی سۆڤێت دەکات. زەمەنی حوکمداری ستالین بە تۆقینەرترین ساڵانی حکومی روسیا و یەکێتی سۆڤێت دێتە ژمارەن و لە ساڵانی حوکمداری ستالیندا، ملیۆنەها هاولاتی سۆڤێت زیندانی کران و گوولەباران و دوورخراونەتەوە. ستالین لەمێژوودا بەیەکێک لەدیکتاتۆرە خوێنمژەکانی

باوکی ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی چوارەم بووە[١٧٣] کە لەسەر دەستی ترۆتسکی[١٧٤] دروستبوو، هەر لەو کاتەشدا ئێرنستی مێردمنداڵ بەشداری دانیشتن و کۆبوونەوەکانی باوکی و هاوڕێکانی دەکرد، زۆرجاریش دەچوو بەیاننامەی لە شەقامەکاندا بڵاودەکردەوە، پاشتر چالاکییەکانی زیاتر دەبن و هەموو توانای خۆی بۆئەم رێکخراوە تەرخان دەکات و دەستدەکات بە کاری نووسین بۆ بڵاوکراوەکانیان.

کادیرە گەنجەکە

هەر زوو دەبێتە کادرێکی باشی ئەم رێکخراوە، پێش ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی کۆتاییی پێبێت، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیای نازیەوە دەگیرێت، پاش ئەوەی هەوڵی راکردن لە زیندان دەدات، دووبارە دەستگیردەکرێتەوەو دەنێرێت بۆ ئوردوگا زۆرەملێکانی نازییەکان. ئەمەش نەیتوانی کاریگەری خراپ بکاتە سەر رۆحی گەنجانەی ماندڵ، بگرە بە پێچەوانەوە ئەو پێی وابوو، پێویستە لە ئەڵمانیادا بێت، چونکە لەو باوەڕەدا بوو لەپاش تەوابوونی جەنگ و رووخانی فاشیزم، شۆڕشی

جیهان دادەنرێت.

١٧٣ ئینتەرناسیۆنالی چوارەم، ئەو رێکخراوە بوو کە لە لایەن رابەر و سەرکردەی ناسراوی روسییەوە لیۆ ترۆتسکی لە ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس دامەزرێنرا، ئامانج لەم رێکخراوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو چەپ و کۆمۆنیستانەی جیهان بوون، کە دژی سیاسەتەکانی ستالینیزم و ئیمپریالیزم کاریان دەکرد..

١٧٤ لیۆ ترۆتسکی لەساڵی ١٨٧٩ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٠ لە مەکسیک تیرۆر کراوە. ئەو یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی پارتی بەلشەفیی و شۆڕشی روسیا. هەروەها دامەزرێنەری سوپای سوور و سەرکردەیەکی سەربازی جەنگی ناوخۆش بوو. لەهەمانکاتیشدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بەلشەفی بوو. لە پاش مردنی لینین، لەگەڵ ستالین دەبێتە کێشەیان، پاشان ستالین توانی لە ساڵی ١٩٢٦ لە حزب دووربخاتەوەو پاشانیش لە ساڵی ١٩٢٩ لە روسیا دەریبکات. ترۆتسکی خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی سیاسی و فکری گرنگە لەسەروهەموشیانەوە: شۆڕشی بەردەوام، شۆڕشی لەباربراو، سێ چەمک لەبارەی شۆڕشەوە. مێژوویی شۆڕشی روسیا، چین و پارت و سەرکردە، ، کۆمەڵێکی تر. ترۆتسکی جگە لە روسیا، لە دەرەوەی روسیا و لەجیهانیشدا هەوادارێکی زۆری هەبووە، یەکێکیش لەو هەوادارانەی ئەرنست ماندێل بووە. و.ک

سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا سەرهەڵدەدات.

بێهیوابوون لە شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەڵمانیا

هیچ هیوایەک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئەڵمانیا نەبوو» جگە لەو حکومەتە کاریکاتوورییە دەستکردەیە نەبێت کە لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا یەکیتی سۆڤێت دروستیکرد» بەڵام ئەمەش نەیتوانی ئەم گەنجە تڕۆتسکییە خاو بکاتەوە، بگرە لە کۆتاییی ساڵانی چلەکاندا، دووبارە چالاک بوویەوە، دەستیکردەوە بە نوسین وتارو پاشانیش سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەکانی ئەڵمانیا کرد و لەگەڵ کەسایەتییە چەپەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوادا کۆبۆوە.

پاشان دەستیکرد بە وتار نووسین بۆ ڕۆژنامەی «Rheinischen Zeitung راینیشە تسایتونگ» کە زیاتر لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە نزیک بوو. بەڵام پاشان ساڵی ١٩٥٢ واز لەم ڕۆژنامەیە دەهێنێت و دەچێت لە گۆڤاری «پرۆ ئوند کۆنترا pro und contra کار دەکات و دەبێتە قەڵەمی ڕۆحی ئەم گۆڤارە چەپە.

ساڵی ١٩٥٢ لەژێرناوێکی خوازراوەوە نامیلکەیەک لە دژی بیرمەندی سۆسیال دیموکراتی ڕۆیژینیست «کارل شمید» دەنووسێت، هەر لەوکاتەشدا پەیوەندییەکی قوڵ لەگەڵ کەسایەتییە چەپەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا دادەمەزرێنێت و پەرەیان پێدەدات. بۆ نموونە ماندڵ لەوکاتەدا، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی وەکو «ئەرکادی گورلاند، ڤۆلفگانگ ئابندرۆت و لیۆ کۆفلەر و ڤیکتۆر ئاگتراس» دەبەستێت، ئاگتراس کەسایەتییەکی سەندیکایی ناوداری ئەڵمانیای خۆرئاوابوو، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ تیۆ پریکەر هەبوو، کە کەسێکی چەپی تۆندڕەو بوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٥٤ دا لە کۆڵن لەگەڵ ئەم کەسانەدا کۆبوونەوەو تێیدا باسیان لە دروستکردنی سەندیکایەکی کرێکاری گەورەی ئەڵمانی کردەوە، هەرئەمەش وایکرد کە لە ساڵی ١٩٥٤ ئاگتراس

ببێتە کەسایەتییەکی ناسراوی سەندیکایی لە ئەڵمانیا و پاشانیش ببێتە ناسراوترین کەسایەتیی وسەرکردەی بزووتنەوەی چەپی نوێ لە ئەڵمانیای خۆرئاوادا.

لەکاتێکدا گورلاند، کۆفلەر و ئابندرۆت، بە تێڕوانینی پیکەر، ئەمانە کەسانی بیرۆکراتی و بۆرجوازین لە ناو بزووتنەوەی چەپدا بوونیان هەیە، هەروەها زۆر تاریکبینانە سەیری ئەم کەسانەی دەکرد. بە پێچەوانەی پیکەرەوە، ماندڵ بۆچوونی جیاوازی لەبارەی ئەم کەسانەوە هەبوو، لەهەمانکاتیشدا لە دژی پیکەر وەستایەوە، لەمباریەوە ماندڵ دەڵێت:

ئەو خۆشی نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ئەڵمانییە سەیروسەمەرانە بکات، ئەو دەیویست بگاتە ئاستێکی جیهانی، لە لایەکەوە باسی کاری سەندیکاییی و جەنگی سەربەخۆخوازی دژی کۆڵۆنییاکان و کۆمەڵێک شتی تری دەکرد. ئێمەش باوەڕمان بەو قسانە نەدەکرد، بگرە بۆ ئێمە ئەو شتانە هێشتا کاتییان نەهاتبوو.

ماندڵ بێ ئومێد نابێت و لە کاروچالاکی بەردەوام دەبێت، لە ژێر چاودێری دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای خۆرهەڵات، کە لەو کاتەدا بزووتنەوە ترۆتسکییەکانی وەکو بزووتنەوەیەکی چەپی خیانەتکار وەسفدەکرد، لەناو دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا ژووروێکی تایبەتییان بۆ راونانی ترۆتسکییەکان لە ژێر ناونیشانی « عەمەلیاتی تیمارکردنOperationsvorgang «دروستکردبوو. لەو کاتەدا ماندڵ لەژێرچاودێرییەکەی ووردی ئەو دەزگایەدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا توانی لە ناوەڕاستی ساڵانی پەنجادا، لەگەڵ کۆمەڵێک کەسانی سۆسیالیستی لە شاری کۆڵن و کەسە چەپەکانی ناو بزووتنەوەی سۆسیالدیموکراتەکان و کەسانی چەپی ناو سەندیکاکان، بازنەیەکی باشی سیاسی دروستبکات و هەر خۆشی کاری ڕێکخستنیان بۆ بکات.

ئەو لە وڵاتەکەی خۆی «بەلجیکا» توانی ببێتە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو، هەروەها وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سیاسیش ناوبانگی

دەرکرد، وتارە سیاسییەکانی کە باسی رەوشی سیاسی جیهانیان دەکرد، لەناو رۆژنامە و بڵاوکراوە سۆسیالیست و چەپ و سەندیکاکاندا، ناوبانگی باشی دەرکرد، هەروەها پەیوەندییەکی ئێجگار بەهێزیشی لەگەڵ کەسایەتی سەندیکالیستی بەلجیکی «ئەندرێ ڕێندەر» هەبوو، ئەم پیاوە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا، لە ڕادیکاڵیزەکردنی بزووتنەوەی سەندیکالیستی لە بەلجیکادا.

هەرچەندە بە داخەوە لە کتێبەکەی ڤیلیەم ستوتی «کە لە بارەی ژیاننامەی ئێرنست ماندڵ نووسیویەتی» زۆر کەم باسی ئەو پەیوەندییە قوواڵەی ماندڵ لەگەڵ بازنە چەپەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوادا کراوە، لە هەمانکاتیشدا زۆرکەم باسی پەیوەندییەکانی ماندڵ لەگەڵ کەسایەتییەکانی بەرلینی خۆرهەڵاتدا کراوە.

دەتوانین لەبارەی پەیوەندییە جیهانییەکانی ماندڵ، ڕەخنە لە کتێبەکەی ڤیلیەم ستوتی هۆڵەندی بگرین، بێجگە لەم خاڵە، کتێبەکەی هەتا بڵێیت کارێکی باشە. هەرئەمەش وایکردووە کە ئەلمار ئالتقاتەر بۆ نوسخە ئەڵمانییەکەی ئەم کتێبە، پێشەکییەک لە ژێرناونیشانی «ئێرنست ماندڵ و چەپە ئەڵمانییەکان» بنووسێت، هەرچەندە ئەمیش مافی تەواوی نەداوە بەم مەسەلەیە و کەموکورتی تێدایە. بۆنموونە ئەو پێیی وایە کە ماندڵ لەسەرەتای شەستەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ چەپەکانی ئەڵمانیا هەبووە ئەوەش لە ڕێگەی «ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیالیستی ئەڵمانیا، کە بە SDS» دەناسرێت.

لەم تێڕوانینە هەڵەیەشدا، کۆمەڵێک زانیاری هەڵە لەبارەی نەوەی نوێی سۆسیالیستی ئەڵمانیا خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە نووسەر دەڵێت: گوایە پێیان وابووە، پێویستە جارێکی تر تیۆری مارکسیزم بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا بگەڕێنێتەوە، لە ڕاستیشدا ئەمە نەک نامانخاتەوە سەر خاڵی سفر، بگرە لە خەیاڵیشەوە نزیکە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە نەوەی نوێ لە شەستەکاندا بە تایبەتی گەنجانی سۆسیالیست، زۆر کەم ئاگاداری بۆچوونی مارکسییەکانی

سالانی پەنجاکان بوون لە پێش هەموویانەوە بۆچوونی کەسانی وەکو «ئابندرۆت و بلۆخ و کلۆفەر».

ئەمەش نەک کێشەیەکی سیاسیمان بۆ دەخولقێنێت، بگرە کاتێک سەیری نەوەی نوێ و چەپی نوێ لە ئەڵمانیای خۆرئاوا دەکەیت، ئینجا بۆت دەردەکەوێت کە تاچەندە کەسێکی مارکسی وەکو لیۆ کۆفلەر، چەند کاریگەری گەورەی بەسەر ئێرنست ماندڵی گەنجەوە هەبووە، یان پاشتر کەسێکی وەکو ئێرنست بلۆخە، ئەویش کاریگەری گەورەی بەسەر ماندڵەوە داناوە.

بەڵام وەکو پێشتریش گوتم، بیۆگرافیەکەی ستوتە بێ خەوش و گلەیی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی ئەم کتێبە، چێژی زۆر بە خوێنەر دەبەخشێت، کتێبەکە هەموو ئەو شتانەی تێدایە، کە دەبێت لە کتێبێکی بیۆگرافیدا بوونی هەبێت. ئەو باسی ژیانی خێزانی و سیاسەت و رەوشی جیهانی ئەوکاتە دەکات.

ئەم کتێبە باسی ووردەکارییەکانی ئەزمونە سەرەکییە شەخسییەکان و سیاسییەکانی ئێرنست ماندڵ کردووە، لەهەمانکاتیشدا کاریگەرییەکانی ئەو ئەزموونانەی بەسەر بیرکردنەوەی سیاسی و زانستی ماندڵ دەرخستووە، بەتایبەتی لە هەردوو بەرگی کتێبی «Traitd'conmie marxiste»، تیۆرییە ئابووریەکانی مارکسیزم «، کە دەنگدانەوەیەکی ئێجگار گەورەی هەبوو. لە ساڵی ١٩٦٨ لە ژێرناونیشانی «Marxistische Wirtschaftstheorie» کراوەتە ئەڵمانی و لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی «suhrkamp» بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە هەتاوەکو ئەمڕۆش دەنگدانەوەی خۆی هەیە و دەخوێنرێتەوە.

کتێبە بەناوبانگەکەی

ئەو لەم کتێبەدا زۆرێک لە نووسەرە مارکسییەکانی پێش خۆی تێپەڕاندووە، ماندڵ لەم کتێبەیدا زۆر بە قوواڵی و چڕییەوە کاری لەسەر

زۆر بەرهەم و نووسینی کۆمەڵناسەکانی سالانی چل و پەنچاکان کردووە. لێرەدا ماندڵ زۆر بە وردیی و راستگۆیی و سەرکەوتوویانە، بنەماکانی تیۆری مارکسیزمی خستۆتە ڕوو، لەهەمانکاتیشدا بە شێوەیەکی زۆر ئاسان و سادە، تیۆرییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی مارکسیزمی باسکردووە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش کاتێک دەیخوێنێتەوە، چێژێکی زۆر بەخوێنەر دەبەخشێت.

هەرئەمەش وایکردوە کە لە سالانی حەفتادا، دەزگای چاپ و پەخشی «Suhrkamp › تیراژێکی زۆری لێ چاپبکات، چونکە خوێنەری زۆری هەبوو. جێگەی ئاماژەیە لەم چەند ساڵەی دواییشدا بەشێوەی کتێبی گیرفان دەزگای چاپ و پەخشی «ISP-Verlag «دووبارە چاپیکردەوە، ئەمەش گوزارشت لەوە دەکات، کە هێشتا ئەم کتێبە خوێنەری خۆی هەیە.

ئەوەی جێگەی داخە کە لەو کاتەدا ئەو دەرفەتە نەبووە، کە هەر لەهەمانساڵدا واتە ١٩٦٨ دا ئەو کتێبە نەکراوەتە ئەڵمانی، لە هەمووشی گرنگتر دواییـن فەسڵی ئەم کتێبەیە کە لە ژێرناونیشانی «لەبارەی ڕەگوریشە و پێشکەوتنی ئابووری سیاسییەوە.» نووسیویەتی.

نیوکەپیتالیزم و پۆست کەپیتالیزم

لەمەدا باسی دووبارە نۆژەنکردنەوەی ڕەخنەی مارکسیستەکان لە بارەی ئابووری سیاسەوە دەکات، ئەوەش بە پشت بەستن بە ئەزمونەکانی خۆیی و کتێبە مێژوویەکانی تیۆری ئابووری مارکسیزم «هەروەک ستوتیش لە کتێبەکەیدا دەڵێت» - ماندڵ لە کۆتایی سالانی چلەکانەوە، نەک لە سالی شەستەکانەوە، کە بە سەردەمی ڕێنیسانسی مارکسیزم دادەنرا، ئەو سەرەتای ڕەخنەکانی لە بارەی ئابووری نیو کەپیتالیزمی لەلا دروستبووە. ئەمەش بۆ ئەو هەموو شتێک بوو، هەر ئەمەش وایکرد کە خۆی لە تیۆری نەیارەکانی بەدوور بگرێت، تیۆری

نیو کەپیتالیزمەکان بە ناتەواو وەسف بکات، هەروەها ئەو پێی وابوو کە ئابووری کەپیتالیزمی، کەسایەتییەکی بورکانی هەیە «واتە لەپر هەڵدەچێت و پاشماوەیەک دادەمرکێتەوە».

ئەمەش ڕێگەی بە ماندڵ دا کە لە ساڵانی شەست و حەفتاکاندا گەشەی زیاتر بە تیۆری پۆست کەپیتالیزم بدات، بە تایبەتی بە پشت بەستن بەتیۆرییە ئابووریەکانی پێش قۆناغی ستالینیزم، هەرئەمەش وایکرد کە ئەو یەکەم کەس بێت، پێشبینی ئەوەبکات، کە ئابووری گەشەسەندووی ساڵانی خۆشگوزەرانی پێشکەوتنی ئابووری دوای جەنگی جیهانی بەمزووانە کۆتایی پێدێت.

چەند ساڵی گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی پاش جەنگ، لە راستیدا لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا بەرەو قۆناغی هەڵدێر و پووکانەوە هەنگاوی نا، کە تێیدا کەپیتالیزم کەوتە بەردەم تەنگەژەیەکی سترکتوری ئابووری گەورە، کە بە پێی بۆچوونی ماندڵ بێت، پێدەچێت ئەم شۆکەی کە سیستمەکە تووشی بووە، بەرەو قۆناغێکی نوێ و فراوانگەریی هەنگاو بنێت.

ئەمەش وادەخوازیت کە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی قازانج و فراوانکردنی بازاڕەکان بە بەردەوامی، ڕێگا چارە بۆ کەپیتالیزم بدۆزێتەوە، هەرئەمەش ڕەخنەی بنچینەیی ماندڵ بوو کە لە نیو لبیراڵە رادیکاڵەکانی دەگرت، کە هەمیشە بەرگریان لە بازاڕی ئازاد دەکرد.

ماندڵ هەتا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ١٩٩٥، پێی وابوو، کە ساڵانی داڕمان و پووکانەوەی ئابووری کەپیتالیزم، هێشتا تەواو نەبووەو هێشتا تەنگەژەکە بەردەوامە. بە بۆچوونی ماندڵ، هێشتا چینی بۆرجوازی دەسەڵاتدار، نەیتوانییوە ڕێگاچارە بۆ تەنگەژەکەی بدۆزێتەوە، ئەوان هێشتا لە نێوان دووبارە ڕێکخستنەوەی ئامڕازەکانی هێرشبردن و ڕێکەوتنامەی هاوکاری کۆمەڵایەتی[١٧٥]، گیریان خواردووە نازانن کامیان

١٧٥ مەبەستی نووسەر لە ڕێکەوتنامەی هاوکاری کۆمەڵایەتی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە یە کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپای خۆرئاوا پەیدابوو کە خۆی لە بیمەی بێکاریی

بەکاربهێنن.

ئێمە لەرێگەی کتێبەکەی ستوتییەوە بنەما سەرەکییەکانی تیۆرییە مارکسییەکەی ماندڵ شارەزا دەبین، لە هەمانکاتیشدا لەرێگەی کتێبەکە مۆنۆگرافییەکەی مانوێل کێڵنەریشەوە، شارەزایی و خاڵە سەرەکییەکانی بنەما سیاسیی و زانستییەکانی ماندڵمان بۆ دەردەکەوێت. لەهەمانکاتیشدا گفتوگۆکانمان لە بارەی تەواوی بەرهەمەکانی ماندڵ بەرەوپێش دەبەین.

چ ستوتی و چ کێڵنەریش هەردووکیان خوێندکاری ماندڵ بوون، لەبەرئەوە «خاڵ بە خاڵ زۆر بەووردی کاریان کردووە» ئەمەش هەمان میتۆدی کارکردنی ماندڵ بووە. ئەمەش رێگای خۆشکردووە کە بتوانن لەسەر بنەما سەرەکییەکانی تیۆری ماندڵ کاربکەن.

لەپەنا تێڕوانینی رەخنەگرانەی بۆ سیستمی کەپیتالیزمی، ئامانجی کۆتایی بۆچوونەکانی ماندڵ، گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو، ئەوەش بەپشت بەستن بە هەموو ئەو بنەما و ئامڕازانەی کە دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجە. لە هەمانکاتیشدا بەشێوەیەکی قووڵ و ڕیشەییش، رەخنەی لە «سۆسیالیزمی ریالیزم «[١٧٦] بیرۆکراتی گرتووە، ئەمەش بەشی دووەمی تیۆرییە سیاسییەکانی ماندڵن، کە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی داگیر دەکات. هەروەها بەشێکی تری بەرهەمەکانی باس لە دانانی ستراتیژییەک دەکەن بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری بۆ سیستمی سۆسیالیستی، لە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان.

بەداخەوە بەهۆی بوونی کەسایەتی گۆڕانخوازی ماندڵ، بەشێکی کەمی بەرهەمەکانی ماندڵ لە ناوچوون. لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی لەبەرهەمەکانی ماندڵ بگەیت، زیاتر پێویستیت بە بوونی پاشخانێکی فکریی و زانستی هەیە و کەمتریش پێویستیت بە زانیاریی سیاسی و

و دابینکردنی کارتی تەندروستی بۆهەموان، خانەنشینی و سیستەمی سۆسیال بۆ هەژارەکان. و.ک

١٧٦ لێرەدا مەبەستی نووسەر، ئەو مۆدێلە سۆسیالیستییە کەلە یەکێتی سۆڤێت و ئەوروپای خۆرهەڵات بەرقەرار بوو. و.ک

رۆژنامەوانی هەیە.

فرە بەرهەم و ڕەهەند

جێگەی ئاماژەیە کاروبەرهەمەکانی ماندڵ، فرە ڕەهەندیی پێوەدیارە، چونکە ئەو لە زۆر دەرگای جیاواز داوە. ماندڵ لە ژیانیدا خۆی بە پرسی تەنگەژەی ئابووریی و ڕێگای درێژی کەپیتالیزم، دیالەکتیکی دابەشکردنی کار، دووڕوویی کەسایەتی سەنیدیکاکان، ستراتیژی داواکارییەکانی قۆناغی گۆڕانکاری و کۆمەڵێک مەسەلەی تر خەریکردووە. جگەلەوەش ماندڵ بەوە ناسراوە کە ڕەخنەی تۆندی لە ستالینیزم و سیستمی بیرۆکراتی سۆڤێتیی و هەروەها مەیلی ریفۆرمخوازیی سۆسیال دیموکراتەکان هەبووە. جگە لەوەش ماندڵ قسەی لەسەر میدیا و چەواشەکاریی ناو میدیا هەبووە. لە کۆتاییشدا ئەو خاوەنی تیۆریی ئەنجومەنی سۆسیالیستی بوو، کە تێڕوانینێکی سیاسیی بوو بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای داهاتوو.

دیارە داهێنانی زانستی کە پەل بۆ زۆر تێما» باس» بدات، تەنها حەز و ئارەزوویەکی مێشکی ماندڵ نەبووە، بگرە دەتوانم بڵێم ئەمجۆرە کارکردنە، مۆدێلێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ کارل مارکس، ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە دەیەوێت جۆرە فۆرمێکی نوێ بهێنێتە ئاراوە کە تێیدا تیۆریی و پراکتیک لە یەکتری نزیک بکاتەوەو ئاوێتەی یەکتری بن. ئەمەش بەلای تروتسکییەکانی ترەوە بە شێوەیەکی تر دەرکەوت، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تێڕوانین بۆ شۆڕشی چاوەڕوانکراوەوە هەیە.

چالاکوانێکی تڕۆتسکیستی

ئەوە راستە لەوانەبێت خەڵکانێک تەنها ماندڵ لە ڕێگەی بەرهەمە سیاسیی و فکرییەکانییەوە بناسن و ئاگایان لە چالاکییە سیاسییەکانی نەبێت، خۆشبەختانە کتێبەکەی ستوتی، تیشکی باشی خستۆتە سەر ئەم لایەنە گرنگەی ماندڵ.

دیارە ماندڵ ڕۆڵی سەرەکی هەبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڵمەتی چەواشەکارییە کە دەکرایە سەر بزووتنەوەی تڕۆتسکیستی لە جیهاندا، بەتایبەتی پاشئەوەی «پیاوەپیرەکە»[۱۷۷] لە ساڵی ۱۹٤۰ هوە، لە لایەن ڕژێمی ستالینییەوە لە مەکسیک تیرۆرکرا.

ئەوکەسەی بیەوێت زانیاریی و شارەزایی لەبارەی تەنگەژەو کێشەکانی بزووتنەوەی تڕۆتسکیستی شارەزا بێت، بەتایبەتی لەپاش مردنی تڕۆتسکی، ئەم کتێبەی ستوتی، زانیاریی زۆری لەو بارەیەوە تێدایە.

ئابووری سیاسی

ماندڵ یەکێک بوو لەوانەی کە لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی پێشووەوە، نەک تەنها گۆڕانکاریی و ڕەوشی ئابووری کەپیتالیزمی جیهانی بە تەواوەتی ئەنالیزە کردبوو» شیکردبوویەوە» شارەزای باشی تێدا هەبوو، بگرە لەهەمانکاتیشدا، زۆر بە جوانی گۆڕانکارییەکانی ستراکتوری سیاسیی ئەو سیستمەشی خستبوویە ڕوو.

پێکەوە لەگەڵ هەردوو هاوڕێی دێرینی «Pierre Frank، Livio Maitan پییەڕ فرانک و لیڤیۆ ماتین» جارێکی تر نێومالّی بزووتنەوەی تڕۆتسکی جیهانی ڕێکخستەوەو کۆتایی بەو جیاوازی بیرکردنەوەیەش هێنا لە بارەی شۆڕش لە کۆڵۆنیاکاندا. هەربۆیە لە ساڵانی شەستەکاندا،

۱۷۷ ئەمە نازناوێک بوو کە لە لایەن هەوادارنی تڕۆتسکییەوە بۆیان داهێنا، ، و.ک

دەرگای رێکخراوی «ئەنتەرناسیۆنالی چوارەمی بۆ گەنجەکان کردەوەوە بۆئەوەی چەپێکی نوێ لەدایک بێت.

تێکەڵاوکردن و کۆکردنەوەی چەپی خۆرئاوایی و چەپی جیهانی سێهەم

ماندڵ توانی بزووتنەوەی گەنجان لەگەڵ هەوادارانی شۆڕشی کوبیی و شۆڕشی ئەمریکای لاتینی بە سەرۆکایەتی چێ گیڤارا و هەموو ئەو چەپانەی کە زۆر رادیکاڵانە دژی ستالینیزم بوون و لە دەرەوەی پارتە کۆمۆنیستەکان بوون، هەموویان کۆبکاتەوەو تێکەڵی یەکتریان بکات. هەروەها هەموو بزووتنەوە چەکدارایییەکانی جیهانی سێهەم، لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی خوێندکاران لە خۆرئاوادا کۆبکاتەوە.

ماندڵ و نەوەی نوێ و گەنجان

بە پێچەوانەی نەوەی کۆنی چەپە سۆسیالیستەکانی سااڵنی پەنچاوە، ماندڵ پشتی بە کۆنتاکت» پەیوندی «راستەوخۆ و بازنەی ئینتەلکتوێل» رۆشنبیران» دەبەست.

ماندڵ نوێنەرایەتی نەوەی دووەمی چەپی نوێ دەکرد لە جیهاندا بە ئەڵمانیای خۆرئاواییشەوە. بۆ نموونە ئەو پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ چەند گەنجێکی چالاکی رێکخراوی «SDS « هەبوو لەوانە «رۆدی دۆچکە و هانس، یورگن کراهل «[۱۷۸] هی تریش. هەروەها هەر لەو بازنەیەشدا «گیزلا» ی یەکەم هاوسەری ناسی.

ئەو هەمیشە لە سیمینار و کۆڕەکانی رێکخراوی «SDS «[۱۷۹]

۱۷۸ Rudi Dutschke رودی دوچکە لە سااڵی ۱۹٤۰ لە ئەڵمانیا لەدایک بووەو لە سااڵی ۱۹۷۹ لە دەنیمارک کۆچی دواییکردووە. دوچکە یەکێک بوو لە ناسراوترین و چالاکترین سەرکردەی خوێندکارانی ئەڵمانیا لە سااڵنی شەستەکان و رۆڵێکی گەورەشی هەبوو لە شۆڕشی خوێندکاران لە ئەڵمانیادا.، ، و.ک

۱۷۹ SDS) Sozialistische Deutsche Studentenbund) رێکخراوی خوێندکارانی

بەشداربوو، بە تایبەتی لەساڵانی ١٩٦٨ دا، کە بە ساڵی شۆڕشی خوێندکاران دەناسرێت، ماندڵ وتەبێژی سەرەکی «کۆنگرە ڤێتنام «[١٨٠]بوو لە ساڵی ١٩٦٨ دا.

ماندڵ گرنگی زۆری بەو گەنجانە دەدا زۆرجاریش وەکو ‹ وانەبێژێک» سیمیناری بۆ خوێندکارانی بەرلین دەبەست و باسی پۆست کەپیتالیزمی بۆ دەکردن، ئەمەش بەردەوام بوو هەتاوەکو ئەوکاتەی کە حکومەتی سۆسیال دیموکرات و لیبڕاڵەکان لێی تووڕەبوون. هەرئەمەش وایکرد کە گێشنەری وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٧٢ دا، چیتر ڕێگەی نەدا، کە ڤیزە بدرێت بە ماندڵ و بێتە ناو ئەڵمانیا.

پیاوە ترسناکەکەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا

جێگەی ئاماژەی ئێرنست ماندڵ هەتاوەکو کۆتایی ساڵانی حەفتاکان، بۆی نەبوو سەردانی وڵاتانی یەکێتی سۆڤێت و ئەوروپای خۆرهەڵات بکات، بەهەمانشێوەش بۆی نەبوو سەردانی وڵاتانی خۆرئاوا بکات لەسەروهەموشیەوە، ئەمریکا، فەرەنسا، سویسراو ئوستڕالیا.

لە دانیشتنێکی تایبەتیدا، گشێنەری وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا بە «پیتیەر ڤۆن ئۆرتسن» وەزیری ڕۆشنبیری ولایەتی نیدەرساگسن وتبوو: ئاخ بەڕێز ئۆرتسن، بۆ ئێوە وادەزانن کە من نازانم ئێرنست ماندڵ چی دەنووسێت؟!. هەرئەمەش وایکردووە کە ببێتە پیاوێکی ترسناک. جێگەی ئاماژەیە ئۆرتسن هاوڕێیەکی نزیکی ماندڵ بوو لەساڵی ١٩٥٠ەو ەیەکتریان دەناسی.

سۆسیالیست، ڕێکخراوێکی پیشەیی خوێندکاران بوو، سەر بە پارتی سۆسیال دیموکراتەکان بوو، لە کاتی شۆڕشی خوێندکارانی ساڵی ١٩٦٨ دا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو.

١٨٠ کۆنگرەی ڤێتنام لە بەرلین. لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ پشتیوانیکردن لە خەبات و تێکۆشانی گەلی ڤێتنامی لە دژی داگیرکاری ئەمریکا سازکرا، ئەم کۆنگرەیە لە لایەن ڕێکخراوی گەنجانی سۆسیالیستی ئەڵمانییەوە سازکراو نزیکەی ٥ هەزار کەس بەشداربوون و لە ٤٤ شاند پێکهاتبوو کە لە ١٤ دەوڵەتی جیهانەوە هاتبوون، گەورەترین کۆنگرەی پشتیوانی بووە لە جیهاندا کە بۆ داکۆکیکردن لەگەلی ڤێتنام سازکراوە، ، و. ک

لەو کاتەدا ماندڵ بە تایبەتی لەسەرەتاکانی سااڵنی حەفتاکاندا، کە بە «سااڵنی سوور دەناسرێت». بە بەشێکی دانەبڕاوی بزووتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ دادەنرا، لەوکاتەدا پێیان دەگوتن «Gauchismus گاوشیسم»

رابەرێتی تیۆریی سیاسی نوێ

لەم سااڵنەدا ماندڵ لە ڕووی نووسین و کاری سیاسییەوە گەیشتە لوتکە، بۆ نموونە کتێبی «Der Sptkapitalismus. Versuch einer marxistischen Erklrung » کە لە ساڵی ١٩٧٢ دانووسیوەیەتی، باسی پۆست کەپیتالیزم دەکات. هەروەها کتێبی «Die langen Wellen des Kapitalismus. Eine marxistische Erklrung کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا نووسیوەیەتی «

هەروەها کتێبە ڕەخنە ئامێزەکانی لە بارەی «سیاسەتی ئابووری ئەوروپی» کە لە ساڵی ١٩٧٨ دا نووسیویەتی. هەروەها کتێبی «Revolutionrer Marxismus heute und Trotzki» کە لە ساڵی ١٩٨٢ نووسیویەتی. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئێرنست ماندڵ، رابەرێتی ئەو تیۆرییە سیاسییە نوێیەی دەکرد، کە لە پاش ساڵی ١٩٦٨ هوە لە خۆرئاودا پەیدا بوو.

لەناو ئەم بزووتنەوە چەپە ڕادیکاڵەشدا جۆرە مەیلێکی کاری خۆبەخشانە، لەناخیدا بوونی هەبوو، کە نەک تەنها خەون و ئامانجی بۆ دروستکردنی شۆڕشێکی جیهانی بوو، بگرە وەکو بیرمەندی تڕۆتسکیستی فەرەنسی «دانێل بێنساد» دەڵێت: ئێمە لەسەر شانە لاواز و بچووکەکانمان، بەرپرسیارێتییەکی گەورەمان هەڵگرتبوو، پێمان وابوو، هەریەکەمان لە بەرامبەر پرسی مرۆڤایەتیدا، بەرپرسیارێتی گەورەی لەسەرشانە، بەرپرسیاریەتییەک، کە تابڵێیت قوورسە لەهەمانکاتیشدا نابێت خۆمانی لێبدزینەوە.

پاشتر ستوتی لە کتێبەکەیدا بە ووردی باسی ئەوەمان بۆ دەکات، کە

چۆن ئەو شۆڕشگێڕە گەنجە جیهانییانە، لەرووی شەخسییەوە چەندە تووشی کێشەوگرفتی گەورە بوون، بەتایبەتی کاتێک تەنگەژە سیاسییە جیهانییەکان لە سااڵنی حەفتاوەو بۆ هەشتاکان بازیاندا، هەروەها داڕمان و لەناوچوونی خەونی چەپی نوێ و شۆڕشی جیهان سێهەم، هەموو ئەمانەش پێکەوە لەگەڵ چەند کێشەیەکی شەخسی، ماندڵیان نارەحەت کردووە و قۆناغێکی نوێی ژیانی ماندڵ دەستپێدەکات.

کێشە شەخسییەکانی ماندڵ

ماندڵ نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی گایزلەی خێزانیدا بکات، ئەو نەیزانی کە گایزلەی خێزانی، لە سااڵنی حەفتاوە، لە رووی دەروونییەوە زۆر نەخۆش کەوت، ئەوەش بە هۆی بوونی ئەو هەموو ترس و دڵەراوکێ زۆرانەی کە لە ژیانیدا رووبەرویان بوویەوە، هەموو ئەمانەش لە رووی دەروونیەوە نەخۆشی خست. هەروەکو ستوتی بە شێوەیەکی ڕەق ئاشکرایکردووە:

– ماندڵ نەیتوانی پەیوەندییەکی ئاسایی وتەندروست، لەگەڵ گایزلەی ژنیدا دروست بکات.

سااڵنی هەشتاکان، قۆناغێکی نوێ

لە سەرەتاکانی سااڵنی هەشتاکاندا، شۆڕشی جیهانی نەهاتەدیی، کە رابوونی خوێندکارانی ساڵی ١٩٦٨ خەونیان پێوە دەبینی، لە رووی ژیانی تایبەتیشەوە گایزلەی خێزانی هەتا دەهات نەخۆشتر دەکەوت و دواجار لە سااڵی ١٩٨٢ کۆچی دواییکرد. لێرەشەوە قۆناغێکی نوێی ژیانی ماندڵ دەستپێدەکات.

ستوتی نووسەری بیۆگرافی «ژیاننامە» کەی ماندڵ پێی وایە، ماندڵ لەجیاتی ئەوەی ڕەخنە لە خۆی بگرێت، هەوڵی دەدا تەنها ژیانی ڕۆژانەی بەرێبکات. ستوتی دەشڵێت:

خۆهەڵخەڵەتاندن و پراگماتیزم وەکو دیاردەو رۆتینێکی رۆژانە لە ژیانی ماندڵ دا دەرکەوتن. پەیوەندییەکانیشی زیاتر زانست و سیاسەت بەسەریدا زاڵ بوو، هەروەها کەمتر خۆی بە پرسیاری گرنگ و حەساسەوە خەریک دەکرد.

ئەو کاتێک گەنج بوو، زۆر حەزی بە ژیانی شۆڕشگێڕی و شۆڕش هەبوو، بەڵام لەمەیاندا باوکی بووە ڕێگریی و نەیهێشت ئەو خەونەی بێتەدی. لە ساڵانی دواتریشدا نەیدەتوانی خۆی لە ئۆباڵی ئەو ساڵانەی هەژموونی باوکی رزگاربکات.

پاشەکشە لە سیاسەتی رۆژانە

کەس نازانێت ئاخۆ بە هۆی لەناوچوون و شکستی خەونی بەدیهێنانی شۆڕشی جیهانی بوو، یان بەهۆی ئەو تەنگەژە و کێشە شەخسیەکان بێت کە لە کۆتایی تەمەنیدا ڕووبەڕوی ماندڵ بووەوە، ئەمانە وایانکرد کە لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە، ماندڵ لە مومارەسەکردنی سیاسەتی رۆژانە، کەمێک بکشێتە دواوەو زیاتر خۆی بە کاری نووسینی کتێبەوە خەریک بکات. بۆ نموونە «خۆی بە مێژووی کۆمەڵایەتی نووسینی ڕۆمانی کریمینالەوە خەریک دەکرد، یان تەواوی تواناکانی خۆی بۆ کارکردن لە مێژووی جەنگی دووەمی جیهانەوە دانا.

گەڕانەوە بۆ ناو خەبات و تێکۆشان

بەلام لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا، دووبارە گەڕایەوە مەیدان، ئەوەش بۆ پارێزگاریکردن لە بزووتنەوەی چەپ، کە لەو ساڵانەدا لەتەنگەژەی گەورەدا بوو، بەتایبەتی لە پاش ڕووخانی ئەزموونی «ریال سۆسیالیزم، مەبەستی ئەزمونی یەکێتی سۆڤێتە» ئەمەش لە ڕێگەی کتێبێکەوە کە لە ساڵی ١٩٨٨ / ١٩٨٩ دا نووسی، تێیدا شڕۆڤەی ئەزمونی گۆرپاتشۆڤی کردبوو، تێیدا ئەنالیزی» شڕۆڤە» باشی بۆ ئەزموون

و سیاسەتی ریفۆرمخوازی لە یەکێتی سۆڤێت لە سایەی حوکمی گۆرباتشۆفدا کردبوو. لەم کتێبەدا داکۆکی لە پڕەنسیبە سەرەکییەکانی تیۆری سۆسیالیزم و ڕەخنەکانی ترۆتسیکی لە سیستمی ستالینیستی کردبوو.

ئەو لە تەواوی ژیانیدا کات و تواناییەکی زۆری بۆ ڕەخنەگرتن لە مۆدێلی «دیکتاتۆری سۆسیالیستی «تەرخانکردبوو، لە کۆتایشدا هەموو ئەو کارانەی لە کتێبکدا لە ساڵی ١٩٩٢ کۆکردەوە کە یەکەمجار بە زمانی ئینگلیزی بڵاوبوویەوە پاشان لە ساڵی ٢٠٠٠ کرایە ئەڵمانی ئەوەش لە ژێرناونیشانی» Macht und Geld. Eine marxistische Theorie der Brokratie، دەسەڵات و پارە، تیۆرییەکی مارکسیانە بۆ بیرۆکراتی» لەم کتێبەدا تیشکی خستۆتە سەر ڕەگوریشەی کۆنی بیرۆکراتیزەکردنی بزووتنەوەی کرێکاران، یان لەناو سۆسیال دیموکراتەکان و ستالینیست و پۆست ستالینیستەکانیش، کە چۆن بیرۆکراتی تا لووتکەیان هاتووەو بۆتە بنەمایەکی بنەڕەتی بۆیان. ماندڵ پێی وابوو، پێویستە سیمایەکی مۆدێرن و بنەڕەتی دابنرێت، بۆئەوەی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا پێکەوە خەبات لە دژی کەپیتالیزمی جیهانی و سیستمە بیرۆکراتییەکانی جیهان، دەستپێبکرێت.

دواین جەنگ

دواین جەنگی ماندڵ، هەروەک نووسەری بیۆگرافییەکەی ناوی لێناوە، خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگی سیاسیی جیهانییە کە لە ئەڵمانیا پێی دەڵێن «Showdown Deutschland» [١٨١] ئەمجارەیان شوێنی ئەو جەنگە بەرلینی خۆرهەڵاتە. لە کتێبەکەدا فۆتۆیەکی تێدایە، کە کاریگەریی زۆر لە چەندین لاپەڕەی ڕەشکراو زیاترە. لەو وێنەیەدا ماندڵ پاڵتۆیەکی

١٨١ مەبەست لەم چەمکە، ڕووخانی دیواری بەرلینە لە ساڵی ١٩٨٩، کە کۆتایی بە سنووری نێوان بلۆکی خۆرهەڵات و خۆرئاوا هێنا و بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی سیاسی جیهان دادەنرێت. و.ک

سـپی لەبەردایـە و رێکەوتـی فۆتۆکـەش ٤ نۆڤێمبـەری ١٩٨٩ یـە، کـە لەنـاو ئاپـۆرەی جەماوەردایـەوە وخۆپیشـاندانێکی جەمـاوەری گەورەیـە لەبـەردەم «مەیدانـی کۆمـاری «لـە بەرلین. ئـەم گەڕانـەوە بـۆ بەشداربوون لـە مێـژووی سیاسـەتی جیهانیـی، لـە لای سـتوتی کارێکـی بـەرزەو لـەو بارەیـەوە دەڵێت : - - ئەمـە گوزارشت لـە زیرەکی نائاسـایی و لەحزەیەکـی ئەدەبـی بـەرز دەکات.

دوا ساتەکانی

مانـدڵ لـە دوا سـاتەکانی ژیانیـدا لـە سـاڵی ١٩٩٣ کتێبـی «ئەرکـی داهاتـووی مارکسـیزم Die zuknftige Funktion des Marxismus » دەنووسـێت. لەمەشـدا مێـژوو و ئێسـتای پێکـەوە گرێـدراوە، ئـەوەی گرنگـە لـەم کتێبـەدا، مانـدڵ شـرۆڤەیەکی وورد و گرنـگ بـۆ پرۆسـەی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی زانستی جیهانی کردووە، لـە رێگـەی ئەویشـەوە توانیویەتـی تیشـک بخاتـە سـەر پرۆسـەی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتـی.

ئامانجیـش لـەم شـرۆڤە زانسـتییە ئەوەیـە، کـە بتوانرێـت رێگایـەک بدۆزینـەوە کـە جیهانێکـی باشـتر بخوڵقێنیـن و تێیـدا بژیـن.

بـە گشـتی ئـازادی و زانسـت، دوو بنەمـای زۆر گرنـگ و گرێـدراوی مارکسـیزمن، ئەمـەش بـە تایبەتـی هێنـدەی تـر ئێرنسـت ماندڵـی شـکۆدارو رێزدارتـر کـردووە لـە لامـان.

سەرچاوەکان:

Gregor Kritidis, Intellektuelle zwischen P olitik und .Wissenschaft
Peter von Oertzen, Manuel Kellner und Christoph Jnke, «Kein Gott, kein Kaiser, kein Tribun». Peter von Oertzen ber Ernest Mandels politische Theorie und Praxis und die ٥٠er gemeinsame Arbeit in der SoPo-Redaktion der Jahre

بێرتراند ڕاسڵ، فەیلەسوفێکی خەباتگێڕ



یەکێک لە فەیلەسوفە ناوداڕەکانی بەریتانیا لە سەدەی بیستەمدا بێرتراند ڕاسڵە. ئەو لە یەک کاتدا فەیلەسوف و چالاکوانی مەدەنیی و ئاشتیخواز بوو. بۆچوونەکانی لەبارەی «دەسەڵات، تاکگەرایی لە کۆمەڵگەی خۆرئاوایی، ئایین، دەوڵەت، ئاشتیخوازیی و شەڕەنگێزیی، ژینگەپارێزیی» مایەی گرنگی پێدانی جیهانە و کتێبەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕاون.

بۆ تێگەیشتن لە فکر و کارەکانی ئەم کەڵە فەیلەسوفەی بەریتانیا و جیهان، پێمباشبوو وتارێکی نووسەری عەرەبی موحەمەد نەبیل، [۱۸۲] وەکو بەشێک لە ژیانی و بەرهەمی ڕاسڵ، بۆ ئەم کتێبە زیاد بکەین.

فەیلەسوف و زانای ماتماتیکی بەریتانی بێرتراند ڕاسڵ، نزیکەی سەدەیەک ژیاوە(۱۸۷۲ بۆ ۱۹۷۰). لە ژیانیدا نزیکەی ۷۰ کتێب و چەندین نووسینی زانستی نووسیوە، لەسەرو ئەمانەشەوە، ئەو لە

۱۸۲ محمد نبیل. بیرتراند راسل. .assafir.com.www ڕۆژنامەی السفیر لوبنانی

ژیانیدا ڕووبەڕوی ململانێ و کێشمەکێشی زۆربوویەوە، بۆ ئەوەی بەوپەڕی ئازادییەوە بۆچوونە سیاسی و هەڵوێستەکانی خۆی دەربببڕێت، هەر لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکانیشی، نرخێکی زۆریداوە. ڕاسڵ لە تەمەنی چوار ساڵییەوە هەتیو دەکەوێت، پاشان لەلایەن باپیرانییەوە بەخێودەکرێت، بەتایبەتی یەکێکیان وەزیر بووە لە حکومەتی بەریتانیدا.

زۆرکەس ڕاسڵ وەکو خەباتگێرێکی بێ وێنە و تایبەتمەند دادەنێن، کە پێشتر شتی وا ڕووینەداوە، بەڵام ئەوەی حاشا هەڵنەگرە کە ڕاسڵ مەزنترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەم دێتە ژماردن.

ئەو لەپاش بینینی فەیلەسوف «لودفیگ فدکنشتاین»، ئیتر لەوکاتەوە ناوی بە فەلسەفەوە لکاوە. ڕاسڵ لەپاش خۆی کۆمەڵێک کاری گرنگی لەبوارەکانی «میتافیزیک، ئەپستمۆلۆژیا، مۆراڵ، فەلسەفە» بەجێهێشتووە. ڕاسڵ توانی لۆژیکی شرۆڤە بۆ تەشکیلە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان بدۆزێتەوە، هەرئەمەش وایلێکرد کە ببێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی «فەلسەفەی شیکاری.»

گەورەترین تێهزرینیش کە لەم بوارەدا کردبێتی، پەیوەستە بە بواری «مەعریفە» ەوە: ئایا مرۆڤ لەبارەی هەرشتێکەوە مەعریفەی تەواوەتی هەیە؟ ئاخۆ لەناو جیهانی مەعریفەدا هەقیقەتێک بوونی هەیە، کە هیچ گومان لە ڕاستی و دروستی نەکرێت.؟

تیۆری مەعریفە لای ڕاسڵ لەسەر دوو چەمکی سەرەکی دامەزراوە:

یەکەمیان.، مەعریفەی ڕاستەوخۆیە، واتە ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوان پێشبینی و ڕووداوێکی دیاریکراودا هەیە.

دووەمیان، زانینی مەعریفە لە ڕێگەی وەسفکردنی شتێکەوە، واتە ئەو شتەی کە ڕاستەوخۆ نایزانین، بۆ نموونە کوشتنی «سیزار» *.

بۆ ئەوەی ئەو خوێنەرانەی کە هێشتا ئاگاداری بەرهەمەکانی ڕاسل لەبواری «فەلسەفە و زانستدا» نین، زانکۆی «لافال» لە وڵاتی کەنەدا(کە دەکەوێتە هەرێمێکی فرانکۆفۆنی/ فەرەنسی) وە، هەموو بەرهەمەکانی ڕاسڵیان بۆ سەر زمانی فەڕەنسی وەرگێراوە، بەمشێوەیەش ڕێگەیان

خۆشکرد بۆ ئەو کەسانەی کە زمانی ئینگلیزی نازانن، ئاشنایی لەگەڵ هزری ڕاسڵدا بکەن.

گەر بمانەوێت لەبارەی بەرهەمەکانی ڕاسڵەوە قسە بکەین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای کارەکانی کە لە بواری «ڕەگەزی زانستی ئەندازیاری» کردوویەتی، ئەمەش بە سەرەتای کارە زانستیەکانی ڕاسڵ دادەنرێت. هەر لەو کاتەشدا لە پەنا ئەم کتێبانەدا، چەندین کتێبی هەمەجۆری لە بواری زانست، مەنطق، سیاسەتدا نووسیوە.

کارەکانی ڕاسڵ لە بوارەکانی فەلسەفە و زانستدا زۆر زۆرن، ئەو لەهەموو بوارەکاندا نووسیویەتی. ئەو توانی بەشداری بکات لە دروستکردنی «فەلسەفەی شیکاری» هەروەها لە دامەزراندنی «چەند چەمکێکی بنەڕەتی لە بواری تیۆری سیمۆبۆلیزم و ڕەگەز»دابنێت، جگە لەمەش لە چەندین بواری تر جێپەنچەی ڕاسڵ دیارە، لە بونیاتنانی دروستکردنی نەریتێکی نوێی فەلسەفی لە جیهاندا.

سەرچاوە کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی ڕاسڵ، زۆر دەوڵەمەندە و لە دەرئەنجامی کۆتاییدا گوزارشت لە کەسایەتی ئەم تیۆریزان و خەباتگێڕە دەکات، کە هیچ وەختێک نەوەستاوە لە نووسین لە بوارەکانی پرسگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵکە بە پێچەوانەوە تێکەڵاوی جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بووە، بۆ داکۆکیکردن لە پرسە پێشکەوتنخوازیەکان لەسەرو هەموشیانەوە پرسگەلی وەکو : (ئاشتی، دژایەتیکردنی بەکارهێنانی چەک و شەڕەنگێزی، مافی ژنان) چەندین پرسی تر.

هەستی خەباتگێری و حەماسی سیاسی لای ئەم فەیلەسوفە، بوونە هۆی ئەوەی کە دووجار بخرێتە زیندانەوە. یەکەمیان ساڵی ١٩١٨ بۆ ماوەی شەش مانگ خرایە زیندانەوە، چونکە داکۆکی لە ئاشتی دەکرد و دژی جەنگ بوو، بەتایبەتی لەکاتی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

دووەمجاریش ساڵی ١٩٦١ بوو، کە بۆ ماوەیەکی کورت زیندانی کرا، لەو کاتەدا تەمەنی ٨٩ ساڵ بوو، بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی

ئاشتیخوازیدا کرد، دژ بە «پیتاندنی یۆرانیۆم».

ساڵی ١٩٦٧ دادگاییەکی تایبەتی دامەزران، بۆ دادگاییکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەهۆی جەنگ دژ بە گەلی ڤیتنام، ئەم دادگاییە لەکۆتاییدا، بڕیارێکی دەرکرد، کە تێیدا ئیدانەی ئەمریکا کرا بەوەی، کە تاوانی جەنگی دژ بە گەلی ڤیتنامی کردووە.

دروستکردنی ئەم دادگا تایبەتییە کە ڕاسڵ دروستیکرد، بۆ داکۆکیکردن لە پرسە گەورەکانی جیهان، هەرئەمەش وایلێکرد کە ببێتە گەورەترین ئۆپۆزسیۆنی هەردوو سیستمی سەرمایەداری و کۆمۆنیستی، کە ئەو سەردەمە حوکمی هەموو جیهانیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاسڵی کرد بە یەکێک لە دۆستە گرنگەکانی ڕێگەی ئازادی لە جیهاندا.

کتێبی «دەسەڵات» بە گەورەترین بەرهەمی ڕاسڵ لە بواری تیۆری سیاسیدا دێتە ژمارەن. لەم بوارەدا ڕاسڵ زۆر دژایەتی مەیلی ناسیۆنالیستی مۆدێرنی دەکرد، هەربۆیە دەستیکرد بە تێڕامان لە سروشت و سنووری دەسەڵاتی سیاسی. لەم کتێبەیدا سێ فاکتەری سەرەکی بۆ دەسەڵات داناوە:

یەکەمیان : رۆڵی بۆچوون لە دروستکردن و لەناوبردنی دەسەڵات.

دووەمیان : دەسەڵات لەناو ڕێکخراوە مۆدێرنەکاندا.

سێیەمیان: هۆیە ئەخلاقی و پەروەردەییەکان کە دەتوانن کاربکەنە سەر چەوساندنەوە و ملکەچی دەسەڵات.

بەگشتی بێترانڕاسڵ عەلامەیەکی فەلسەفی گەورەیە لە مێژووی فکر و فەلسەفەی جیهاندا، لەهەمانکاتیشدا ئەو هێمای فەیلەسوفێکی خەباتگێڕە، کە بەشداربووە لەهەموو جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، خاوەنی هەڵوێستی تایبەتی خۆی بووە بەرامبەر بە زۆربەی ئەو پرسە گرنگانەی کە لە سەردەمەکەی خۆیدا هەبوون، بەتایبەتی پرسە سیاسیەکان.

ئەفسانە لە دیدی فەیلەسوفی فەرەنسی کلۆد لیڤی شتراوسەوە

هەتاوەکو ئێستاش هەر کە باسی فەلسەفەی بوونیادگەریی بکەین، یەکسەر خەیاڵ و هزرمان بۆ چەند ناوێک دەڕوات، یەکێکیش لەو ناوانە فەیلەسوفی فەرەنسی «Claude Lvi-Strauss کلۆد لیڤی شتراوس» ئەم پیاوە لە جیهاندا کۆمەڵێک نازناوی هەیە لەوانە:» شێخی بوونیادگەراکان، یان سەرمەشقی بوونیادگەراکان» هۆکاری ئەمەش بۆ کار و بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە، کە لەم بوارەدا نووسیویەتی، بەتایبەتی لە رووی ئەنترۆپۆلۆژیاوە.

کلۆد لیڤی شتراوس» یەکێکە لە فەیلەسوفە ناودارەکانی فەرەنسا و جیهان. لە ساڵی ١٩٠٨ لەدایک بووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دواییکردووە. شتراوس چ لە بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفیدا، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، یەکێک

بوو لەو ناوانەی کە لەناو بازنەی فکر و فەلسەفی جیهاندا پێگەی تایبەتی خۆی هەبوو. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی گرنگە لەوانە: تەوتەویزم لەمڕۆدا، ئەنترۆپۆلۆژیای بوونیادگەری، رەگەزومێژوو» جگە لە کۆمەڵێک کتێبی گرنگی تر لە بارەی ئەفسانەوە.

یەکێکیش لە کتێبە گرنگەکانی «ئەفسانە و مانا»یە کە لە ساڵی ١٩٧٨ دا بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی. ئەم کتێبەش لە لایەن «سەلاح حەسەن پاڵەوان «کراوە بە کوردی و دەزگای جەمال عیرفان چاپی کردووە.[١٨٣] دیارە وەرگێڕانی کتێبەکانی شتراوس کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاک سەلاح ماوەیەکی زۆرە لە بواری فەلسەفە و ئەفسانەدا کار دەکات، بۆیە باش توانیویەتی دەقەکە بە خوێنەری کوردی بگەیەنێت. جگە لەوەش کتێبەکەی لە زمانی ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی، واتە لە زمانی یەکەمەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. لە رێگەی ئەم کتێبەشەوە ئێمە بە کۆمەڵێک بۆچوونی فکریی ئەم کەڵە فەیلەسوفە ئاشنا دەبین.

ناوەڕۆکی کتێبەکە

شتراوس یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە گرنگی باشی بە ئەفسانەکان و رۆڵیان لە ناو کۆمەڵگە داوە، هەربۆیە ماوەیەکی زۆر خەریکی لێکۆڵینەوەو پشکنین بوو لە ئەفسانەکانی جیهان، ئەم کتێبەش بەرهەمی ئەو چەند ساڵەی لێکۆڵینەوەیەتی. لەم کتێبەدا خوێندنەوەی خۆی بۆ ئەفسانەکان، ماناکان و پەیوەندییان، هەروەها پەیوەندییی ئەفسانە بە «زمان و هونەر بەگشتی و موزیک بەتایبەتی و مێژوو» باسکردووە. لەهەمانکاتیشدا رۆڵی ئەفسانەکان بەسەر کەسایەتی تاک دەرخستووە. هەروەها کۆمەڵێک بۆچوونی خۆی لەبارەی زمان و هونەر و نەتەوەو

١٨٣ کلۆد لیڤی شتراوس. ئەفسانە و مانا. لە ئینگلیزییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان. دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان. چاپی یەکەم.سلێمانی. ٢٠٢٠

کەلتـور دەرخسـتووە.

وەکو وەرگێڕیش دەڵێت:

نووسـەر لـەم کتێبـەدا هـەوڵ دەدات لـە کەنـاردا بمێنێتـەوە، لەوێـوە بگەڕێـت بـە دوای ڕێچکەیـەک و لەوێـوە بڕێـک زانیـاری بخاتـە زەینـی خوێنـەرەوە، ئـەو دەزانێـت خوێنـەر بـەم کەمـە زانیاریـیە تینوێتـی ناشـکێت و ناتوانێـت هەمـوو درز و کەلێنەکانـی بیـری ئەفسـانەیی دابـڕاو لـە ناخـی مـرۆڤ پـڕ بکاتـەوە، بـەڵام هـەوڵ دەدات. ل ١٢

هەروەهـا نووسـەر دوو بابەتـی زۆر گرنگـی تریشـی باسـکردووە، ئەوانیـش قسـەکردن لـە بـارەی ئـەو گەلانـەی کـە زمانـی نووسـینیان نییـە، کـە زۆرجـار بـە نـاڕەوا بـە گەلانـی سـەرەتایی» زۆرجاریـش دواکەوتـوو، وەحشـی» وەسـفکراون، بەڵام شـتراوس دژی ئـەم بۆچوونە دەوەسـتێتەوە. هەروەهـا شـتراوس بـەوە ناسـراوە، کـە خاوەنـی پڕەنسـیپێکی تایبەتـە لـە بـواری پێناسـەکردنی «کەلتـور» دا، لەمەشـدا تێڕوانینەکانـی زۆر هومانیسـت و نـا غەرەبزەدەییـە، چونکـە غەربـزەدەکان هەمیشـە خۆرئـاوا بـە سـەنتەر دادەنێـن و نکوولّـی لـە کەلتـوری نەتەوەکانـی غەیـرە ئەوروپـی دەکـەن، شـتراوس دژی ئەمەشـە، هەربۆیـە ئـەم فەیلەسـوفە بۆچوونەکانـی لای مـن مایـەی ڕێـزو خۆشەویسـتین.

ئەفسانە

نووسـەر لـەم کتێبەیـدا بـە چڕی باسـی ئەفسـانە و ڕۆڵـی بەسـەر مـرۆڤ و کۆمەڵگـەوە دەکات. لـە پێشـەکی کتێبەکەیـدا دەڵێـت: ئەفسـانەکان لای مـرۆڤ بیرۆکـەکان بەجـێ دەهێڵـن، بەبـێ ئـەوەی مـرۆڤ خـۆی هەسـت بەمـە بـکات ل٢١

دەشـڵێت: ئەفسـانە دەبێـت لـە هەمـوو لایەکـەوە بناسـرێتەوە، مانـای بونیـادی ئەفسـانە لـە زنجیـرەی یەکبەدوایەکـی ڕووداوەکانـدا خـۆی حەشـار

نەداوە، بەڵکو لە کۆی گشتی هەموو رووداوەکان جێگەی تێگەیشتنە، ئەفسانە کەم تا زۆر دەبێت وەک تۆنای ئۆکسترایەک بخوێنرێتەوە، نەک خوێندنەوەی پارچە پارچە، بەڵکو دەبێت هەمووی پێکەوە بناسرێت، ل٨٧

دواتریش هەر ئەمەش وا دەکات نووسەر قسەی زیاتر لە بارەی پەیوەندیی و نزیکایەتی ئەفسانە و موزیک بکات.

پەیوەندیی موزیک و ئەفسانە

بابەتێکی گرنگی تر کە نووسەر قسەی لە بارەوە دەکات، پەیوەندییی و نزیکایەتی نێوان ئەفسانە و موزیکە. بەتایبەتی لە رووی تێگەیشتن و خوێندنەوەوە، نووسەر پێی وایە ئەم دووانە زۆر لە یەکترییەوە نزیکن. شتراوس دەڵێت: لە نێوان ئەفسانە و موزیکدا نەک یەک پەیوەندیی هەیە، بەڵکو دوو پەیوەندیی جیاواز هەیە: یەکێکیان پەیوەندیی نزیکایەتیی، هاوسێیەتی» Contiguity, «ئەوی تریان هاوشێوەیەتییە «Similarty «هەروەها ئەوەشم بۆ ئاشکرا بوو کە ئەم دوو پەیوەندییییە لە بناغەدا یەکن، بەڵام لەسەرەتای کارمدا لەم شتە بێ ئاگا بووم. ل ٨٦

خاڵێکی سەرنجراکێشی تریش بەلای منەوە، پەیوەندیی بە خوێندنەوەی دەقی ئەفسانەیی و موزیکەوە هەیە.

شتراوس دەڵێت: ئەفسانە لە چەپەوە بۆ راست ناخوێنرێتەوە، بەڵکو دەبێت وەکو نۆتای ئۆکسترایەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە بخوێنرێتەوە، تەنها بەمشێوەیە دەتوانین بەتەواوەتی لە مانای ئەفسانەکە بگەین. ل ٨٨

پەیوەندیی ئەفسانە و موزیک و زمان

بابەتێکی گرنگی تر پەیوەندیی ئەفسانەیە بە زمانەوە، ئەمەش پانتایی باش لە کتێبەکە داگیر دەکات و نووسەر بەوپەڕی زانستییەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەم بابەتەی داوە. بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان زمان و ئەفسانە و موزیک زۆر بە جوانی باسی دەکات. شتراوس پێی وایە:

موزیک و ئەفسانە هەردووکیان لە زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام لە چەند ڕێڕەوێکی جیاواز و پارچە پارچەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لە حاڵەتێکدا موزیک جەخت لەسەر لایەنی دەنگ دەکات کە ڕەگی لە زماندایە، کەچی میتۆلۆژیا جەخت لەسەر لایەنی هەست دەکاتەوە، کە ئەویش لە نێو زماندا ڕەگی داکوتاوەو لێی جیا نابێتەوە. لە موزیکدا ڕەگەزی زاڵ دەنگە و لە ئەفسانەدا ڕەگەزی زاڵ مانایە، ، ل١٠١-١٠٢

دواتریش دەڵێت: کاتێک زانیم کە موزیک و ئەفسانە هەروەک دوو خوشکن و لە زمانەوە سەرچاوەیان گرتووەو هەریەکەشیان بەلایەکدا ڕۆیشتووە، ل١٠٣

زانست و ئەفسانە

شتراوس بە پێچەوانەی بەشێکی زۆری فەیلەسوفان و کۆمەڵناسانەوە پێی وایە کە زانست و ئەفسانە دژی یەکتر نین، شتراوس دەڵێت: لە ڕاستیدا زانست و ئەفسانەکان لە یەکتری جیا نین، تەنها ئەم بارەی ئێستای نێو زانستە کە ئەو توانایەمان پێ دەبەخشێت تا ئەوەی لە ئەفسانەدا هەیە لێی تێبگەین، ل ٥٠

دواتریش هۆکاری ئەم بۆچوونە دەخاتەڕوو و دەڵێت: لە ڕاستیدا ئەم دابڕانە لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ڕووی دا، ئەوکاتە لەگەڵ بیکۆن، دیکارت، نیوتن و کەسانی تر ڕووی دا، بۆ زانست پێویست بوو بە شێوەیەکی پتەو پایەکانی خۆی دابکوتێت بۆ ئەوەی سەخت بێت لە ڕووبەڕوبونەوە بەرامبەر بە بیرکردنەوەی کۆنی وەکو بیرکردنەوەی ئەفسانەیی و جادووگەری، ل ٣٣

بیرکردنەوەی زانستی

بابەتێکی گرنگی تر کە شتراوس قسەی زۆری لە بارەوە دەکات مەسەلەی زانست و بیرکردنەوەی زانستە، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیی بە

ئەفسانەوە. نووسەر پێی وایە ئەفسانە جۆرێکە لە رێکوپێکی، زانستیش بەهەمانشێوە. شتراوس دەڵێت: هەموو دەستکەوتە عەقڵییەکانی رەگەزی مرۆڤ بەو جۆرەی لە سەرانسەری جیهاندا پارێزراوە، هەمیشە سەر بەیەک شتی هاوبەش بوون و ئەو شتەش پیشاندەری جۆرێک لە رێکوپێکی بووە.ل٣٤

دواتریش لەبارەی کاملّی زانستەوە دەڵێت:

من ناتوانم مەزندەی ئەوە بکەم رۆژێک دێت، زانست دەبێتە زانستێکی کامڵ و دەگاتە هەموو شتێک، هەمیشە گرفتی نوێ دەردەکەون، زانست هەرگیز ناتوانێت هەموو وەڵامەکان بداتەوە، ئەوەی دەتوانین هەوڵی ئەنجامی بدەین، ئەوەیە زۆر بە هێواشی ژمارە و جۆرایەتی وەڵامەکان زیاد بکەین، ل ٣٦

باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی شتراوس، ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بینیمان مرۆڤایەتی ماوەی ساڵێکە خەریکە بەم ڤایرۆسەوەو هێشتاش زانست نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەواوەتی بەسەر ئەم ڤایرۆسەدا زاڵ بێت، جێگەی ئاماژەیە شتراوس ئەم قسەیەی پێش ٤٣ ساڵ کردووە، هێشتا ئەم ڤایرۆسە پەیدا نەبووە، بەڵام ئەو وەکو فەیلەسوفێک زانیویەتی کە ئەو قسانەی دەکرێت بە ناوی زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا، یان زاڵبوونی زانست بەسەر کێشەکان، قسەیەکی راست و دروست نییە.

پێناسەی مانا

هەر لە ناونیشانی کتێبەکەوە دیارە کە «مانا» پانتایەکی باش لەم کتێبە داگیر دەکات، نووسەر هەوڵ دەدات کە پێناسەیەکی تایبەت بە «مانا» بکات، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیی لەگەڵ: ئەفسانەدا دەردەخات. نووسەر دەڵێت: وشەی «مانا» واتە توانای هەر جۆرێک لە زانیاری بکرێت بۆ زمانی هەمەچەشن وەربگێڕدرێت، مەبەستم لە زمانی

هەمەچەشن فەڕەنسی یان ئەڵمانی نییە، بەڵکو مەبەستم وشەی جیاواز لە ئاستی جیاواز.

کەلتور

وەکو لە پێشیشدا ئاماژەم پێدا، شتراوس یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە گرنگییەکی زۆری بە کەلتورەکانی جیهان داوە، بگرە ئەو توانی پێناسەیەکی نوێ بۆ کەلتور دابنێت کە دەتوانین بڵێین تاڕادەیەکی زۆر هومانیست بوو، هەروەها چیتر تەنها کەلتوری ئەوروپی بە سەنتەر دانانێت، بگرە بەچاوی رێزەوە سەیری کەلتوری جیهان دەکات. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە، دان بە بوونی جیاوازی کەلتورەکانی جیهان دادەنێت و بەکارێکی باشیشی دادەنێت.

شتراوس دەڵێت: تۆ ناتوانیت یەک جار هەموو توانا عەقڵییەکانی هەموو مرۆڤایەتی گەشە پێ بدەیت، دەتوانیت سوود لە بەشێکی بچووکی وەربگریت و ئەم بەشەش بە پێی کەلتور یەکسان نییە.

دواتریش دەڵێت: بڕوا ناکەم کەلتورەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک یان بە میتۆدی تایبەت هەوڵی ئەوەیان دابێت خۆیان لە یەکتری جیابکەنەوە، لەراستیدا ئەوەیە لە ماوەی سەدان هەزار ساڵ گرووپگەلی مرۆیی بچووک لە گۆشە و جێگەکانی جیهان بە دابڕاوی لەسەر ئەم زەوییە دەژیان، بۆیە ئاسایی بووە تایبەتمەندییە تایبەتییەکانی خۆیان گەشە پێ بدەدن و لە یەکتری جیاواز بن، ئەمە شتێک نەبوو بەدەستی ئەنقەست کرابێت، بەڵکو ئەوەی رووی دا دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە بوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ بەربڵاوبوو بوو.ل٤٥

پاشانیش باسی خاڵێکی گرنگی تر دەکات کە ئەویش پەیوەندیی بە «رەسەنایەتی کەلتورەکان» هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: لە پێناوی ئەوەی کەلتورێک رەسەنیی خۆی بپارێزێت و لەهەمانکاتیشدا بەرهەمهێنەری شتێکیش بێت، دەبێت کەلتور و تاکەکانی ئەو کەلتورە بڕوایان بە

ڕەسەنی خۆیان هەبێت، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەش بڕوایان بە باڵادەستی کەلتورەکەی خۆیان هەبێت بەسەر کەلتورەکانی تردا، ل٤٦

هەرچەندە شیکردنەوەی خراپیش بۆ ئەم قسەیە دەکرا، گوایە شتراوس هانی فاشیزم بدات، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە شتراوس مەبەستی هاندانی فاشیزم بێت، چونکە ئەو دژی زاڵبوونی یەک کەلتور بووە بەسەر جیهاندا، شتراوس دژی ئەم بۆچوونەش دەوەستێتەوەو دەڵێت: من بڕوا ناکەم ئەمە ڕوو بدات، چونکە ئارەزووە ناچوونیەکەکان هەمیشە لە ئارادان و کاری خۆیان دەکەن، لە لایەکەوە بەرەو یەکشێوەیی و لە لایەکی ترەوە بەرەو جیاوازی نوێ دەڕۆن. تا زیاتر شارستانییەکان بەرەو یەکشێوەیی بڕۆن، ئەوە زیاتر خاڵە ناوخۆییە جیاوازەکان ئاشکراتر دەبن، ئەوەی لە ئاستێکدا بەدەست دێت، یەکسەر لە ئاستێکی تردا لەناودەبرێت.

نەتەوە سەرەتاییەکان

بەشێکی زۆری کۆمەڵناس و فەیلەسوفەکانی ئەورووپا بە چاوێکی کەمەوە سەیری ئەو گەلانەیان دەکرد کە زمانی نووسینیان نییە، ئەمانەیان بە نەتەوەی سەرەتایی زۆرجاریش بە دواکەوتوو یان وەحشی وەسف دەکرد، لێ شتراوس بەشێوەیەکی زانستیانە دژی ئەم بۆچوونانە دەوەستێتەوە.

شتراوس دەڵێت: شێوازی بیرکردنەوەی لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە ئێمە هەمیشە بە هەڵە پێیان دەلێێن «سەرەتایی» یان ئەو نەتەوانەی نووسینیان نەزانییوە یان بێ نووسین بوون، چونکە من بڕوام وایە لە ڕاستیدا ئەمە ئەو فاکتەرەیە ئێمە لەوان جیا دەکاتەوە، بەدوو شێوازی جیاواز لێکدراوەتەوە، بە بڕوای من هەردوو شێوازەکە بەهەمان ڕادەی چوونیەک هەڵەن.

نووسەر

پاشانیش باس لە رۆڵ و کاریگەری نووسەر دەکات بەسەر خوێنەرەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت:

هەر نووسەرێک، بەهەر شێوەیەکی تایبەت کە بیردەکاتەوە یان دەنووسێت، ڕوانینێکی نوێ بە رووی مرۆڤدا دەکاتەوە.

دوا قسە

بە دڵنیاییەوە ئەم کتێبە هەرچەندە لە رووی قەبارەوە بچووکە، بەڵام لەرووی مانای فەلسەفی و فکرییەوە، زۆر گەورەیە و بە یەکێکیش لە کتێبە گرنگەکانی شتراوس دادەنرێت، لەهەمانکاتیشدا ئەم کتێبە ئاشنامان دەکات بە بەشێکی زۆری لە بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسوفە.

فەلسەفەی سیاسی هانا ئارێنت

ئەو قسەیە راست نییە کە دەگوترێت فەلسەفە تەنها کاری پیاوانە و ژنان لە بواری فەلسەفیدا دەسترەنگینیان نییە، چونکە لەناو کتێبخانەی فەلسەفی جیهاندا، کۆمەڵێک ناوی جوانی فەیلەسوفی ژنانمان هەیە، یەکێکیش لەوانە ژنە فەیلەسوفی جووی ئەڵمانی هانا ئارێنتە.

ئارێنت لە ساڵی ١٩٠٦ لە بنەماڵەیەکی جووی ئەڵمانی لەدایک بووە، هەر لەوێش خوێندنی تەواوکردووە، بەڵام بەهاتنە سەرکاری نازییەکان لە ئەڵمانیا، ناچار وڵات بەجێدەهێڵێت بەرەو ئەمریکا دەڕوات و هەتا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ١٩٧٥ لەوێ دەژی. هانا ئارێنت یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسوفە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم، خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی زۆر گرنگە لەوانە «بنچینەکانی تۆتالیتاریزم» کە لە ساڵی ١٩٥١ نووسیویەتی، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بوو لە بارەی رژێمە دیکتاتۆرەکانی ستالینی و نازیی ئەڵمانی، هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لە کتێبە باشەکانی جیهان دادەنرێت لەبارەی لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکاری لەبارەی سیستمی دیکتاتۆرییەوە. هەروەها کتێبی دۆخی مرۆیی کە لە ساڵی ١٩٥٨ نووسیویەتی، کە ئەویش یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی بواری فەلسەفی سیاسی.

لەماوەی پێشوودا کتێبێکم بەناونیشانی«فەلسەفەی هانا ئارێنت» بەرچاو کەوت، ئەم کتێبە لە نووسینی «ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیس» و لەلایەن کاک ئارام محەمەد کراوە بە کوردی و دەزگای ئایدیاش چاپی کردووە .[١٨٤] ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشەکان، کە لە بارەی فەلسەفەی هانا ئارێنتەوە نووسراوە، نووسەر هەوڵیداوە، پوختەیەک لە

---

١٨٤ ماوریزیۆ پاسرینو دێنترێڤیس. فەلسەفەی هانا ئارێنت. وەرگێڕانی: ئارام مەحمد. دەزگای ئایدیا. چاپی یەکەم. ٢٠١٧

فکـری سیاسـی و فەلسـەفەی ئـەم ژنـە فەیلەسـوفەمان بـۆ دەربخـات و زانیـاری بـاش بـدات بـە خوێنـەر.

مێژوو

هانـا ئارێنـت بۆچوونێکـی تایبەتـی بەرامبـەر بـە مێـژوو هەیـە و پێـی وایـە خوێندنەوەیەکـی رەخنەگرانـەی مێـژوو، سـوودی زۆری دەبێـت بۆمـان. لەمبارەیـەوە پێـی وایـە: دووبـارە بەسـتنی پەیوەندی لەگـەڵ ڕابردوو تاقیکردنەوەیەکی دێرینەناسـییانە نییـە، بـە پێچەوانـەوە بەبـێ گەڕانەوەیەکی رەخنەگرانـە بـۆ رابـردوو، ئاسـۆی زەمەنـی ئێمـە لەیـەک هەڵدەوەشـێت و تێکدەشـکێت.ل٢٢

هەروەهـا ئارێنـت پێـی وایـە پێویسـتە ئـەو سـاتانەی رابـردوو زیندوو بکەینـەوە کـە شـایانی پاراسـتنن و ئـەو بەشـەی گەنجینـەی رابـردوو رزگار بکەیـن کـە بـۆ ئێمـە گرنگـە.

مۆدێرنە

بەپێچەوانـەی بەشـێکی زۆری فەیلەسـوفانی ئەڵمانیـا و خۆرئـاواوە، هانـا ئارێنـت بۆچوونێکـی تاڕادەیـەک نەرێنـی بەرامبـەر بـە مۆدێرنـە هەیـە، ئەمـەش بەتایبەتـی لـە کتێبـی «دۆخـی مرۆیـی» دا بـە جوانـی دەردەکەوێـت. بـە بۆچوونـی ئارێنـت، مۆدێرنـە بەلەدەسـتدانی جیهـان وەسـف دەکرێـت، چونکـە دەبێتـە هـۆی سـنووردارکردن و نەهێشـتنی فـەزای گشـتی کـردار و جیهانـی تایبەتـی و بەرژەوەندییـە ئابووریـیەکان زاڵ دەبـن. هەروەهـا پێـی وایـە کـە مۆدێرنـە سـەردەمی بەرێوەبردنـی بیرۆکراسـی و رەنجـی بـێ ناونیشـانە نـەک سیاسـەتی کـردار، سـەردەمی دەسـەڵاتی نوخبـەکان و دەسـتکاریی رای گشـتییە، سـەردەمێکە تێیـدا فۆڕمـە تۆتالیتاریەکانـی

حکومەت وەکو نازیەت و ستالیزنیم، لە ئەنجامی جێکەوتنی تۆقاندن و توندوتیژییەوە دەرکەوتوون.

پێشی وایە کە گۆشەگیریی و تەنیاییش، هاوپشتی مرۆیی و تێکڕای فۆرمە خۆڕسکەکانی ژیانی بە کۆمەڵی داڕزانداووە و تاکەکان پێوەر و بەها نەریتییەکان لە دەست دەدەن.

تۆتالیتاریزم

وەکو لە پێشیشدا ئاماژەم پێدا هانا ئارێنت بە یەکێک لەو فەیلەسوفانە دەناسرێت، کە بە زانستیترین و باشترن شێوە، میتۆد و بنەماکانی تۆتالیتاریزمی شیکردۆتەوە. ئارێنت پێی وایە کە سیستمی تۆتالیتاریزمی هاوشێوەی ستالینیزم و نازیەت و فاشیزم، بەرهەمێک یان منداڵی مۆدێرنەن، ئەمجۆرە سیستمانە نامۆن بە مێژوویی مرۆڤایەتی. ئەو لە کتێبی «بنچینەکانی تۆتالیتاریزم» دا دەڵێت: دیاردەی تۆتالتالیزم بەردەوامێتی مێژووی خۆرئاوایی پچڕاندووەو زۆربەی کاتیگۆرییە ئەخلاقی و سیاسییەکانی ئێمەی بێ واتا کردووەل٢٠

پێشی وایە کە سیستمی تۆتالیتاریزم توانای تاکەکان بۆ حوکمدان لەبارەی دەوروبەرو رووداوەکانەوە لەناوبردووەو پێوەرە پەسەندکراوەکانی ئێمەی بۆ حکومدان و کاتیگۆریە باوەکانی ئێمەی بۆ شیکاری و هەڵسەنگاندن و ئەخلاقی و سیاسی لەناوبردووەل٦٧

جگە لەوەش پێی وایە کە سیستمی تۆتالیتاریزم کاری سەرەکی ئەوەیە کە چەمکی «فەزای گشتی و دیالۆگ و هاوڵاتیی بوون لەناوبەرت».

بەگشتی هەرکەسێک بیەوێت لە سیستمە تۆتالییەکانی جیهان تێبگات، ناچار دەبێت ئەو کتێبەی هانا ئارێنت بخوێنێتەوە کە لە بارەی تۆتالیتاریزمەوە نووسیویەتی.

سیاسەت

هانا ئاریەنت تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەبووە بۆ سیاسەت و ژیانی سیاسی کە زیاتر دەتوانین ناوی هومانیزمی لێبنێین. بە بۆچوونی ئاریەنت، سیاسەت پەیوەندیی بە پشکداری هاوڵاتییان لە جیهان و فەزایەکی هاوبەشی دەرکەوتنەوە هەیە، بۆئەوەی نیگەرانییە گشتییەکان بتوانن لە روانگە جیاجیاکانەوە دەربببڕدرێن. پێشی وایە تەنها ئازادی رادەربڕین گرنگ نییە بەڵکە دەبێت تاکەکان بتوانن یەکتر ببینن و لەگەڵ یەکتر بدوێن، لە فەزای گشتی–سیاسیدا یەکتر ببینن بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان و خاڵە هاوبەشەکانیان دەرکەون و ببێتە جێی گفتوگۆی دیموکراتی.

لەلایەکی تر‌ەوە ئاریەنت پێی وایە: چالاکی سیاسی ئامرازێک نییە بۆ ئامانجێک، بەڵکو خۆی ئامانجە، تاک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی خۆی کاری سیاسی ناکات، بەڵکو ئەم کارە بۆ هێنانەدی ئەو بنەمایە ئەنجام دەدات کە خودی ژیانی سیاسین، لەو بنەمایانەش: ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی و هاوپشتی.

واتە ئاریەنت زیاتر باوەڕی بە ئازادی تاکەکان هەبووە بۆ دەربڕین رای خۆیان و لەهەمانکاتیشدا مافی گردبوونەوەو خۆپیشاندانیش بە مافێکی سروشتی هاوڵاتیان دادەنێت، کە ئەمەش رێگا خۆش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دوو چەمکی گرنگی تر کە ئەو باسیان لێوە دەکات کە ئەوانیش رای گشتی و فەزای گشتی.

رای گشتی و فەزای گشتی

ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە کە هانا ئاریەنت دژی چەمکی رای گشتییە، چونکە ئەو پێی وابوو کە «رای گشتی» کۆدەنگی کوێرانەی جەماوەرە. ل٩٤. ئاریەنت پێی وایە کە بیروڕا سیاسییەکان هەرگیز ناتوانن

بـه شـێوەیەکی تایبەتـی دروسـت ببـن، بەڵکـو تەنیـا لـه زەمینـەی گشـتیدا بـاس و گفتوگـۆ فـۆڕم وەردەگـرن و تاقـی دەکرێنـەوەو پـەرە دەسـێنن.

بـه بۆچوونـی ئاڕێنـت سیاسـەت مانـای بەشـداری چالاکانـی خەڵکییـه لـه دیبەیتـه گشـتییه جۆراوجۆرەکاندا کـه تێییاندا بڕیـاری کاریگـەر لەسـەر کۆمـەڵ دەدرێـن. لەبەرئـەوە سیاسـەت شـتێکە پێویسـتی بـه شـوێنێکه لـه جیهاندا و تەنیـا دەتوانرێـت لـه فـەزای گشـتیدا رووبدات، بۆیـه ئەگـەر تـاک لـەم فەزایـەدا ئامـادە نەبێـت، لەبنچینـەدا دەرگیـری سیاسـەت نییـه.ل٩٥

گرنگی دیالۆگی سیاسی

لەلایەکـی تـرەوە ئاڕێنـت جەخـت لەسـەر چەمکێکـی تـر دەکاتـەوە کـه ئەویـش دیالـۆگ و گفتوگۆیـه بەتایبەتـی سیاسـی. ئـەو پێـی وایـه گفتوگـۆ جەوهـەری ژیانـی سیاسـی پێکدەهێنێـت، پێشـیوایه کـه هێـزی بیرکردنـەوەی ئێمـه تەنیـا لـه گۆڕەپانـی گفتوگـۆدا دەتوانێـت دەربکەوێـت، ئـەو پێـی وایـه ئێمـه کاتێـک لەگـەڵ کەسـانی تـردا گفتوگـۆ دەکەیـن، لەرێگـەی دەربڕینـەوە بیرکردنەوەکانمـان بـۆ ئـەوان دەگوازینـەوە، بەهەمانشـێوە ئەوانیـش بیرکردنەوەکانیانمـان بـۆ ئێمـه دەگوازنـەوە.

دواتـر پشـت بـه وتـەی مادیۆسـن دەبەسـتێت کاتێـک دەڵێـت: عەقڵـی مرۆڤ، هـەروەک مرۆڤ خـۆی، کاتێـک بەتەنیایی دەمێنێتـەوە، ترسـنۆک و خۆپارێـزە، بـەڵام کاتێـک لەگـەڵ چەنـد کەسـێکی تـردا کۆدەبێتـەوە، هەسـت بـه دڵنیایـی و بـاوەڕ بـه خۆبـوون دەکات.

هاوڵاتییبوون

یەکێتـی تـر لـەو چەمکانـەی کـه ئاڕێنـت کاری زۆری لەسـەر کـردووە «هاوڵاتیـی بوونـه» ئـەم مەسـەلەیە مایـەی گرنگـی و بایەخێکـی زۆری ئاڕێنـت بـووە. ئـەو داوای جۆرە هاوڵاتییەکـی «ئـازاد و سـەربەخۆ» دەکات، لەهەمانکاتیشـدا هاوڵاتییەکـی چـالاک و بەشـداریی چالاکـی سیاسـی بـکات.

لەهەمووشـی گرنگتـر ئاریـنـت پێـی وابـوو کـە شوناسـی نەتەوەیـی یـان مەزهەبـی یـان نـەژادی پەیوەندیـی بـە شوناسـی تـاک وەکـو هاوڵاتییـەوە نییـە و هەرگیـز نابێـت ببێتـە بنەمـای هاوڵاتیـی بـوون لـە جڤاتـی سیاسـیدا. ل٩٢

ئـەم بۆچوونـەی ئاریـنتیـش لـە ئێسـتادا بۆتـە بـەردی بناغـەی هەمـوو سیسـتمێکی دیموکراسـی و مەدەنـی مۆدێـرن، زۆرێکیـش ئـەم تێـزە وەکـو چارەسـەرێک بـۆ کێشـەکانی کەمەنەتـەوە و ئاینییەکانـی جیهـان دادەنێـن و بـە یەکێـک لـە کۆڵەکـە سـەرەکییەکانی دەوڵەتـی سـەرکەوتوو دادەنرێـت، چونکـە یەکێکـە لـە هۆکارەکانـی دەوڵەتـی فاشـیل، نەبوونـی ناسـنامەیەکی دروسـتە بـۆ هاوڵاتییـان.

هاوڵاتیبوونیـش بـە بـڕوای ئاریـنت پەیوەسـتە بـە دوو رەهەندی گرنگەوە کـە ئەوانیـش یەکـەم: فـەزای دەرکەوتـن و فـەزای ئـازادی و یەکسـانی. واتـە کاتێـک هاوڵاتیـان بەشـێوەیەکی هەماهەنـگ و بـە کۆمـەڵ، لـە رێگـەی وتـە و قایلبوونـەوە کـردە دەنوێنـن و دەتوانـن خۆیـان بکەنـەوەو دەربکـەون. دووەمیـان: جیهانـی هاوبـەش و دامـەزرا و رێکخراوە گشـتییەکانە. ئەمـەش زەمینەیەکـی پایـەدار دەرەخسـێنێت کـە فـەزا گشـتییەکانی کـردە و راوێـژ دەتوانـن لێیـەوە دروسـت ببـن. لەمەشـدا زیاتـر مەبەسـتی لـە پاراسـتنی هاوڵاتییانـە لەرێگـەی دەسـتوور و دامـەرزاوە حکومییەکانـەوە، ئـەو پێـی وایـە دەبێت ئـەم دامەزراوانـە لـە خزمەتـی ئـازادی و یەکسـانی و کەرامەتـی هاوڵاتیانـدا بـن نـەک بـە پێچەوانـەوە کـە لـە سیسـتمە تۆتالیتارییـەکان لـە دژی خەڵکـی بەکاردەهێنرێـن.

دیموکراسی

ئاریەنت لەهەموو فەیلەسوفەکانی تری سەدەی بیستەم، زیاتر جەختی لە سیستمی دیموکراسیی و ئازادی دەکردەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئاریەنت دژی سیستمی دیموکراسی نوێنەرایەتی بووە، واتە خەڵکی نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. ئاریەنت پێی وابوو: نوێنەرایەتی وەکو جێگرەوەیەکی دەستێوەردانی راستەوخۆی هاوڵاتییانە، کە وەکو ئامرازێکە لە رێگەیەوە جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و شوێنەکەوتووانیان سەرلەنوێ خۆی دەنوێنێتەوەو زیاتریش خۆی دەچەسپێنێت.ل٩٩

دەسەڵاتی شورایی

ئاریەنت لەبری دیموکراسی نوێنەرایەتی، ئەلتەرناتیڤی خۆی پێیە و شێواز یان فۆرمی «فیدراڵی ڕاوێژکاری یان شورایی» پێشنیاز دەکات. ئەو پێی وایە لەو رێگەیەوەو هاوڵاتییان دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر، کاروباری سیاسی خۆیان دیاری بکەن. پێشیوایە تەنیا لە رێگەی بەشداری سیاسی راستەوخۆوە» واتە لە رێگەی کردەی هاوبەش و راوێژی بەکۆمەڵەوە» دەتوانین سەرلەنوێ هاوڵاتییوون کارا بکەینەوەو بکەری سیاسی کاریگەر بهێنینەوە سەر شانۆ. ل٩٩

جێگەی ئاماژەیە ئەمجۆرە فۆرمەی دیموکراسی لە ئەدەبیاتی مارکسیدا بە «دیموکراسی شورایی، یان جەماوەری» ناودەبرێت و زیاتر «لیۆ تڕۆتسکی» رابەری شۆڕشی روسیا جەختی لێدەکردەوەو پێی وابوو لە رێگەی دەسەڵاتی شوارییەوە سۆسیالیزم بەرقەرار دەبێت هەربۆیە دروشمی «هەموو دەسەڵاتێک بۆ شووراکان» ی بەرزکردەوە. هەرچەندە لەرووی ئامانجەوە لەگەڵ ئاریەنت جیاوازن، چونکە ئاریەنت داوای سیستمێکی دیموکراسی دەکرد و تڕۆتسکیش داوای سیستمێکی سۆسیالیستی دەکرد.

دوا قسه

بەدڵنییایەوە هانا ئارێنت یەکێکە لە ژنە فەیلەسوفە ناودارەکانی سەدەی بیستەم و هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری تێزەکانی، بە گرنگییەوە باس دەکرێت، بەتایبەتی لەسەردەمی نوێدا، بەشێکی زۆری ئەو شتانەی کە ئەو باسیکردوەو داوایکردووە، بۆتە بابەتی سەرەکی زۆربەی رێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکانی جیهان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خراپی سیستمی تۆتالیتاریزم و هاوڵاتی بوون و بەشداری سیاسیی و ئازادی سیاسییەوە هەیە.

میشێل لیوڤە

ئێمە بەگشتی کاتێک باسی چەپی ئەمریکای لاتین دەکەین، تەنها چێ گیڤارا و کاسترۆ دەناسین، بەڵام لەراستیدا لەم کیشوەرە مەزنەدا، کۆمەڵێک بیرمەند و رووناکبیر و نووسەری بەتوانای چەپی تێدایە، کە کارو بەرهەمەکانیان نەک لە ئەمریکای لاتین بەڵکە لە تەواوی جیهاندا، مایەی گرنگی پێدانن. یەکێکیش لەو بیرمەندە چەپانە میشێل لیوڤە، کە خەڵکی بەرازیلە و لەساڵی ١٩٣٨ لە شاری ساوپاوڵۆ لەدایک بووە. مامۆستای زانکۆیە و یەکێکیشە لە بیرەمەندە چەپە ناسراوەکانی بەرازیل و ئەمریکای لاتین و خاوەنی کۆمەڵێک کتێبە لە پێش هەموشیانەوە : مارکسیزم و ئەمریکای لاتین، کە لە ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوە. مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتی، کە لە ساڵی ١٩٩٠ چاپکراوە.

لێرەدا پێمخۆشبوو ئەم وتارەی نووسەری چەپی ئەڵمانی مانوێل

کێلنەر[١٨٥] وەک بەشێک لەم کتێبە دابنێین، کە تێیدا تیشکی خستۆتە سەر ژیان و کار و بەرهەمەکانی ئەم کەڵە بیرمەندەی جیهان، بەو هیوایەی خوینەری کوردی ئاشنا بێت بە فکری نوێی چەپ لە جیهاندا.

بۆ یادی هەشتا ساڵەی میشێل لیوڤە

گوڵی شینی رۆمانتیک و یۆتوبیا

کتێبەکانی، لێکۆڵینەوەکانی، وتارەکانی مشێل لیوڤە کە لە ٨ مای ١٩٣٨ دا لە شاری ساوپاوڵۆ لە بەرازیل لەدایک بووە، بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێراوە. خۆشبەختانە بۆ خوێنەرانی زمانی ئەڵمانیش، کۆمەڵێک کتێبی گرنگی لیوڤە لە کتێبخانەی ئەڵمانیدا دەستدەکەوێت.

کتێبەکانی بە ئەڵمانی

ئەو کتێبانەی میشێل لیوڤە کە هەتاوەکو ئێستا کراون بە ئەڵمانی ئەمانەی خوارەوەن:

Che Guevara چێ گیڤارا، کە لە ساڵی ١٩٨٧ چاپکراوە.

ئینتەرناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم.

مارکسیزم و ئەمریکای لاتین کە لە ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوە.

مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتیی، کە لە ساڵی ١٩٩٠ چاپکراوە.

مارکسیزم و ئایین کە لە ساڵی ١٩٩٠ چاپکراوە.

شۆڕش بە بێسنور، کۆمەڵێک تێۆرییە بۆ شۆڕشی پەرلەمانیزم کە لە ساڵی ١٩٨٧ چاپ و بڵاوکراوەتە.

وتارەکانی بە ئەڵمانی

لە لایەکی ترەوە خۆشبەختانە کۆمەڵێک وتاری لیوڤە بە زمانی ئەڵمانی هەیە بە تایبەت لە گۆڤاری «SoZ »

---

١٨٥ Manuel Kellner . Michael Löwy zum ٨٠.de.sozonline.www .Geburtstag/

١ . چەند وتارێکی لیوڤە بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.[١٨٦] لەوانە :

Das Reich der Freiheit. Protestantische Arbeitsethik, Verkrzung ٢٠١٧/٥ des Arbeitstags, bedingungsloses Grundeinkommen», SoZ

جگە لەوەش لە چاپکراوەکانی رێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم[١٨٧] و هەروەها لە بڵاوکراوەکانی(Inprecor und International Viewpoint) وتاری بە ئەڵمانی هەیە. جێگەی ئاماژەیە لیوڤە ماوەیەکی زۆر خۆی یەکێک بووە لە سەرکردەکانی رێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی چوارەم و کاری لەگەڵدا دەکردن.

تەنها نیوەی ئەو کتێبانەی کە لەبەردەستماندان، دەتوانن گوزارشت لە گرنگیی و قوواڵی ئەم نووسەرە بکەن. لێرەدا دەتوانم نموونەیەکی بچووک بهێنمەوەو ئاماژە بە وتارێکی بکەم کە لە ساڵی ١٩٨٣ پێکەوە لەگەڵ رۆبێرت سایرە بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە. وتارەکە لە ژێرناونیشانی: شێوەکانی رووبەروبونەوەی ئەنتی کەپیتالیزمی رۆمانسی، کراوەتە ئەڵمانی.

کەپیتالیزمی رۆمانسی

لێرەدا پێمخۆشە باسی کورتەیەک لەو وتارە بکەم:

– ببووڕە دەڵێن چی؟ ئەمە لەکەیەوە رۆمانتیک بۆتە شتێکی «ئەنتی کەپیتالیزم؟!» ئایا ئەمە هەڵوێستێکی کۆنەپەرست و گەڕانەوە نییە بۆ دواوە؟! هەمووکاتێک هەڵوێستی کۆنەپەرستانە خزمەتی ئەو ڕەوشە

١٨٦ Sozialistische zeitung.SOZ. سۆسیالیستیشە تسایتوونگ، گۆڤارێکی سیاسی و فکریی چەپە تڕۆتسکییەکانی ئەڵمانیایە، جگە بە شێوەی کاغەز، لەسەر سایتی ئەلکترۆنیش بڵاودەکرێتەوە. یەکێکە لە گۆڤار و سایتە بڵاوەکانی چەپە تڕۆتسکییەکانی ئەڵمانیا. و. ک

١٨٧ ئینتەرناسیۆنالی چوارەم، ئەو رێکخراوە بوو کە لە لایەن رابەر و سەرکردەی ناسراوی روسییەوە لیۆ تڕۆتسکی لە ساڵی ١٩٣٨ن لە پاریس دامەزرێنرا، ئامانج لەم رێکخراوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو چەپ و کۆمۆنیستانەی جیهان بوون، کە دژی سیاسەتەکانی ستالینیزم و ئیمپریالیزم کاریان دەکرد..

خراپەی ئێستا دەکات و دژی هەموو گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێرانە دەوەستێتەوە، یان بەلایەنی کەمەوە رێگای لێدەگرێت بۆئەوەی نەهێڵێت هەنگاو بۆ ژیانێکی باشتر بنێت.

جێگەی ئاماژیە هەردوو نووسەر باش لەم رستانەیان دەگەن، بەڵام دەیانەوێت روونکردنەوەی زیاتر بە خوێنەر بدەن، بۆ ئەوەی باشتر لە بابەتەکە بگەن و دەڵێن:

لە راستیدا رۆمانتیک لە کۆمەڵێک رەوتی جیاواز پێکدێت و هەر یەکەشیان هەڵگری ئامانجێکی تەواو دژ و جیاوازە بۆ نموونە «رۆمانتیکی شۆڕشگێر و دژە شۆڕش، رۆمانتیکی کۆسمۆپۆلیتیک و ناسیۆنالیست، ریالسیت» واقعی» و فەنتاستیکی، ریاکسیۆنێر و یۆتۆپیدی» خەیاڵیی»، دیموکراتخواز و دژە دیموکرات، کۆماریخواز و مۆنارشیست «شا پەرست»، ئایینی و عیلمانی. بەڵام لەناو ئەم رەوتانەدا، رەوتێکی تێدایە کە قوواڵتر بیر دەکاتەوەو خاوەنی هەڵوێست و تێڕوانینێکی تایبەتە بەرامبەر بە جیهان.

لۆکاش[188] ناوی ئەمانەی پێکەوە نابوو «رەوتی ئەنتی کەپیتالیزم» هەروەها لە شرۆڤەکانی لای مارکس و ئەنگلیش[189] هەمان شت

---

۱۸۸ Georg Lukcs جۆرج لۆکاش فەیلەسوف و رەخنەگرێکی ئەدەبی هەنگارییە، لە ساڵی ۱۸۸۵ لە بودابێستی پایتەختی هەنگاریا لە دایک بووەو لە ساڵی ۱۹۷۱ کۆچی دوایی کردووە. لۆکاش یەکێکە لە فەیلەسوفە مارکسییە نوێکان و لە سەدەی بیستەمدا لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گرامشی و ئێرنست بلۆخ، رابەرێتی فەلسەفەی مارکسیزمی مۆدێرنیان دەکرد. جگە لەوەش لە بواری ئەدەبیشدا خاوەنی کۆمەڵێک کتێب و لێکۆڵینەوەی گرنگە و بە رەخنەگرێکی مەزنی سەدەی بیستەم دێتە ژماردن و کتێبەکانی بە تایبەتی «تێۆرییەکانی رۆمان، تۆماس مان» بە یەکێک لە کتێبە گرنگە کانی رەخنەی ئەدەبی دادەنرێن. هەروەها لە بواری فەلسەفەشدا کۆمەڵێک کتێبی گرنگی هەیە لەوانە «هەستی چینایەتیی و مێیژوو، هیگڵی لاو، رۆح و فۆرم، ، هتد.

۱۸۹ Karl Marx کارل مارکس فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لە ساڵی ۱۸۱۸ لە شاری تریەر لەرۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووە لەساڵی ۱۸۸۳ لە شاری لەندەن پایتەختی بەریتانیا کۆچی دواییکردووە. ئەو لەگەڵ فریدریک ئەنگلس، بە باوکی فکری کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی مۆدێرن دادەنرێت. خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فکری و فەلسەفی و ئابووری گرنگە لەسەرووهەموشیانەوە» کتێبی کەپیتاڵ، کە لە ساڵی ۱۸٦۷ یەکەم بەرگی نووسیوە.»

دەدۆزینەوە، لە کار و بەرهەمەکانی بەلزاک و کارلییە و سیسمۆندیش هەمان شت دەدۆزینەوە. هەرچەندە بەشێکی زۆری مارکسییەکانی سەدەی بیستەم، تەنها سەیری لایەنی کۆنەپەرستی رۆمانتیکیان دەکرد. ئەوان پێیان وابوو کە رەوتی رۆمانتیکی مانای هانا بردن بۆ سەدەکانی پێشوو گەڕانەوە بۆ قۆناغی پێشتر و کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەیەکی ئەفسانە ئاسا و ئایدیالیست و ناواقعی دەگەیەنێت.

بۆ نموونە لە رۆمانەکانی بەلزاکدا[۱۹۰] ریالزیم «واقعیەت» بەسەر رۆیالیزم «شاپەرستی» زاڵ دەبێت، ئەمەش بە هۆی ئەو وەسفکردنە وورد و جوان و دروستەی، کە بەلزاک بۆ ئەو هەژاریی و نەداریییەی دەکات، کە زاڵبووە بەسەر کۆمەڵگەی فەرەنسایدا لەو کاتەدا.

بە پێچەوانەوە لە رەوتی فەنتازیی و سوریالیزمدا بۆ نموونە لە

بە یەکێک لە کتێبە ئابووریی و فەلسەفەییە گرنگەکانی مێژوو دادەنرێت. هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی تر هەیە لەوانە «ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا، تێزەکانی ڤۆیرباخ، خێزانی پیرۆز. مانیفێستی کۆمۆنیستی.، ، ، هتد.

Friedrich Engles فریدریک ئەنگلس، فەیلەسوف و بازرگان و مێژوونوسێکی ئەڵمانییە، لە ساڵی ١٨٢٠ لەشارۆچکەی بارمن لەرۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەدایک بووەو لە ساڵی ١٨٩٥ لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆچی دواییکردووە. ئەو لەگەڵ مارکس بە باوکی فکری کۆمۆنیزم دادەنرێت و خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی گرنگە لەوانە: جەنگی جووتیارانی ئەڵمانیا، بنەچەی خێزان و مووڵکداریی و دەوڵەت، رەوشی ژیانی چینی کرێکارانی بەریتانیا. جگە لەوەش لەگەڵ مارکس کۆمەڵێک کتێبیان پێکەوە نووسیوە گرنگترینیان مانیفێستی کۆمۆنیستی، ئایدۆلۆژیای ئەڵمانیا. ئەو وەکو فەیلەسوف و سیاستەمدار و مێژوونوسێکی دیاری ئەڵمانیاو جیهان دێتە ژمارەن.

١٩٠ Honoré de Balzac هونۆر دو بەلزاک لە ٢٠ مای ١٧٩٩ لە شارۆچکەی Tours ی فەرەنسا لە دایک بووە. باوکی مووچەخۆرێکی حکومی بووە، دایکی لە خێزانە ناسراوەکانی پاریس بووە. لە ساڵی ١٨٢٩ یەکەمین رۆمانی بەناوی Les Chouans, ou La Bretagne en ١٧٩٩). بڵاودەکاتە . بەلزاک لەپاڵ مۆلێر و ڤیکتۆر هۆگۆ، بە باوکی ئەدەبی فەرەنسی دەژمێرێت. لە هەمانکاتیشدا ڕابەری قۆناغی رۆمانتیک بووە. بەهێزترین بەرهەمی بەناوی Comdie Humaine (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)ساڵی ١٨٤٢ نووسیویەتی. بەشێوەیەکی تەنزئامێز، ڕەخنە لەکۆمەڵگای فەرەنسی دەگرێت . بەلزاک پڕ بەرهەمترین نووسەری فەرەنسیە، کەزیاتر لە ١٣٧ چیرۆک و رۆمانی نووسیوە. هەموشی لە ڕووی ئەدەبی و فکری و مێژوویەوە، بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە. بەلزاک لە ١٨ ئابی ١٨٥٠ لە شاری پاریس کۆچی دوایی کردووە.

کارەکانی « E.Th.A.Hoffmann und Andr Breton » دەرئەنجامەکە پێچەوانەی ریالیزمە، لێرەدا هێزی خەیاڵ بەسەر واقیعدا زاڵ دەبێت .

لەلایەکی ترەوە زاڵبوونی هەستێکی نامرۆیانە و ناتەندروست بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، وایکردووە، کە تەنها مرۆڤەکان بیر لە پارە و قازانجی ماددیی و بەهای شتەکان بکەنەوە و هەموویان لە یەکتری دابڕێن و هەرکەسە و بۆ خۆی بژی و گیانێکی شەڕەنگێزیی و مونافەسەیەکی ناشیرین بەسەر ئەم پەیوەندییانەدا زاڵبێت و ژیانیشیان هیچ تامێکی خۆشیی تێدا نەمێنێت و ببێتە شتێکی بەتاڵ و پووچ. لەمجۆرە هەلوومەرجەشدا، مەیلی ئەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤەکان حەز بە جۆرێک لە ژیانی تر بکەن و کەتێیدا سەرنجراکێش و خۆشبێت و دووربێت لە ژیانی ناوخۆش و مومیلی ئێستایان.

ئەم هەلومەرجەش پێویستیی و زەروریەتی گەڕان و راکردن و هانا بردن بۆ ژیانێکی نوێ دەبات، کە دەتوانرێت رەگەزەکانی لە رێگەی شتی خەیاڵیی و رابردووی کۆن و شوێنە دوورە دەستەکانەوە بخولقێنرێت، بە دڵنیاییەوە ئەمەش وا دەکات کە بزووتنەوەیەکی گەورەی راکردن لە ژیانی هەقیقی دروست بێت کە بە «Eskapismus »[۱۹۱] ناودەبرێت، کە مرۆڤەکانی سەردەمی مۆدێرنە لە رێگەی ئەمەوە» ئێسکاپیسزم» دەتوانن خۆیان لە ژیانی رۆژانەیان رزگار بکەن.

بە دڵنیاییەوە گەڕان بەدوای نەمامی گوواڵی رۆمانتیکدا بەرەو دوورترمان دەبات و لە قۆناغی سۆسیالیستە یوتۆپییەکان نزیکمان دەکاتەوە، چونکە سۆسیالیستە یوتۆپییەکان «خەیاڵییەکان» ئەوان بوون بەردی بناغەی سۆسیالیزمی نوێیان داڕشت و خەباتیان دەکرد بۆ دروستکردنی جیهانێکی شایستە بە مرۆڤایەتی «ئەمەش بە ڕوونی

---

۱۹۱ Eskapismus ئیسکاپیزم مانای راکردنە لە ژیانی واقعی و پشت بەستن بە ژیانێکی خەیاڵی و دوورکەوتنەوە لەو ژیانە ناخۆش و مومیلەی کە ئەو کەسە هەیەتی، ئەمەش زیاتر لەناو دەروونناسیدا بۆئەو کسانە بەکاردێت، کە تووشی خەمۆکیی دەبن یان ژیانیان ناخۆشە.و.ک

دەتوانین لە کارەکانی ڤالتەر بنیامین دا ببینین و هەرئەمەشی کردبووە سیمای سەرەکی هەموو کارەکانی، کاتێک داوای گەڕانەوەی بۆ قۆناغی جووە میسانیزمەکانی» جووە سۆڤییەکان» دەکرد و بە ماتریالیزمی مێژوویی‌شەوە دەیبەستەوە .[۱۹۲]

سەردەمی رۆشنگەریی ئەو منداڵدانەی کە مۆدێرنەی لێ لەدایک بوو، لە سەرەتادا پشتی بە فکری ئایینی و رۆمانتیک دەبەست، لە هەمانکاتیشدا خاوەنی تۆنێکی شڵەژاو بوو، بەڵام ئەمەش پەیوەست بوو بە زەرورەتی پێشکەوتنەکانی عەقڵ، لە هەمانکاتیشدا دەیویست خۆی لە بێ ئومدێری سەردەمەکانی پێشوو رزگار بکات.

پێشکەوتنی تەکنیکی و پیشەسازی کەپیتالیزمیش، پەیوەست بوو بە لەناوبردنی تەواوی میراتی سەردەمی سەدەکانی ناڤین، دەبوایە هەموو هەلوومەرج و بۆچوون و نەریتەکانی سەردەمی ناڤین لەناوببات و خۆی لێیان رزگار بکات.

لەبەرئەوە هەر زوو کارل مارکس کاتێک بوو بە کەسێکی کۆمۆنیست، یەکسەر بۆچوونەکانی خۆی گۆڕی، دژی یاسا گشتییەکانی فەلسەفەی هیگل وەستایەوە. (ئەو یاسا فەلسەفییانەی کە پێشتر هیگل[۱۹۳] بۆ

---

۱۹۲ ڤالتەر بێندیکس شونەفیڵس بنیامین لە ساڵی ۱۸۹۲ لەدایک بووەو لە ساڵی ۱۹٤۰ کۆچی دوایی کردووە. ئەو فەیلەسوف و کۆمەڵناس و وەرگێرو رەخنەگرێکی مارکسی و جووی ئەڵمانی بوو. یەکێکە لە بیرمەندە گەورەکانی ئەڵمانیا و بە یەکێکیش لە فەیلەسوفە ناودارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێت. هەروەها وەرگێرێکی بەتواناش بووە هەموو کارەکانی هونری بەلزاک و مارسێل پرۆست و بۆدلێری لە فەرەنسیەوە کردووە بە ئەڵمانی. جگەلەوەش خاوەنی تیۆرییەکی تایبەت بە خۆی بووە لە بواری ئەدەبی و فەلسەفەیدا، ئەو زیاتر دەیویست سۆفییە سەرەتاییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی جوو، بە رەوتی ماتریالیزمی مێژوویی‌یەوە ببەستێتەوە. کارەکانی لە بواری فکرو ئەدەب و فەلسەفە و جواننناسیدا، بە گرنگ دادەنرێن. و.ک

۱۹۳ Georg Wilhelm Friedrich Hegel جۆرج ڤیلییەم فریدریش هیگل ناسراوترین فەیلەسوفی ئەڵمانیا و جیهانە و بە باوکی ئایدیالیزم و فەلسەفەی مۆدێرنی ئەڵمانیا دێتە ژماردن. هیگل لە ساڵی ۱۷۷۰ لە شاری شتوتگارتی باشووری ئەڵمانیا لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۸۳۱ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە. کار و بەرهەمەکانی لە بواری فەلسەفەدا بە گرنگ دادەنرێت و هەتاوەکو ئەمڕۆش زۆربەی کتێبەکانی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی جیهاندا

فەلسەفەی دانابوون.)

نۆستالۆژیی و یوتۆپی

هونەر و بیرکردنەوەی کۆنەخوازیی وەکو یوتۆپییە رۆمانتییکەکان یەک خاڵی دەستپێکیان هەیە، کە لە ئێستادا ئەو خاڵەش بەهاکانی خۆی لەدەستداوە. هونەرێکی مرۆیانە و کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندییەکی بەهێز و دانەبڕاوی بە سروشتەوە هەیە، لە هەماناکتیشدا توانستی ئەوەی هەیە، کە دەرفەت لەبەردەم داهێنان و ئەفراندنەکانی مرۆڤدا فەراهەم بکات و رۆحی مرۆڤایەتی باشتر تێیدا دەربکەوێت. هەروەها دەتوانێت پەیوەندی تاک بە کۆمەڵەوە باشتر بکات. دەتوانێت ژیانێک دروست بکات، کە تێیدا ئەفراندن و ئەزموونەکان، سیمباییەکی مرۆییان هەیە و خەندە بەخشن، بەدڵنیایشەوە بە بێ ئەم هەلوومەرجەش، هیچ کاتێک ناتوانین بەختەوەری بۆ منداڵان دابین بکەین. لەبەرئەوە یوتۆپیا و نۆستالۆژیا، پەیوەندییەکی ریشەیی و قوواڵیان پێکەوە هەیە و زۆر لە یەکترییەوە نزیکن.

بە دڵنیایەوە لیوقە و سایرە زۆر بەجوانی شرۆڤەیەکی ووردو دروستیان بۆ چەمکی رۆمانتیک کردووە، لەوپەڕی بەرەی فاشیزم و راستڕەوە بۆ رەوتی شۆڕشگێڕیی، ئەوانەی کە خەبات دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی مرۆیانە زاڵبێت و کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی لە چەوسانەوە و ستەمکاریی و جوداکاری رزگار بکەن و چیتر خۆیان بە ژیانێکی یوتۆپی و دووڕە دەستییەوە سەرقاڵ نەکەن.

ئەوان «مەبەستی لیوقە و سایرە» نیقاشێکی وردو قوواڵیشیان لەبارەی ئەو پرسیارەوە کردووە، کە ئایا رۆمانتیک چ بنەمایەکی چینایەتی

دەخوێنرێت. ئەو توانی پڕەنسیپی دیالکتیکی مێژووی پەرە پێبدات، کتێبەکانی بە تایبەتی «فینۆمۆلۆژیای- -ڕۆح، ڕەگ و ریشەی فەلسەفەی هەق، سەرەتایەک بۆ زانستی جواناسی، ، هتد . هیگل کاریگەریی گەورەی بەسەر تەواوی فەیلەسوفانی تری جیهانەوە هەبووە لەوانە «مارکس، هایدگەر، سارتەر، زۆری تریش. و، ک

هەیە؟ دژی هەموو ئەو تێڕوانینە نازانستیی و دۆگمایانەش دەوەستنەوە، کە لە لایەن ئەرستۆکراتیی و بۆرجوازیی و وورده بۆرجوازییەوە بۆ ئەم رەوتە دەکرێت و دەیانەوێت بە خۆیانەوە ببەستنەوە، چونکە ئەوانە هەرکاتێک بزانن سامانەکەیان یان شێوازی ژیانی لە مەترسیدایە، واز لە هەموو شتێک دەهێنن و رادەکەن، دیارە ئەمەش سیمای گشتی ئەوانە و ناگۆڕێت.

هەردوو نووسەر جەختیش لەسەر ئەو خاڵە دەکەنەوە کە کارل مانهایم[١٩٤] ناوی لێناوە» زیرەکی ئازاد و رۆشنبیر» کە بنەچەی کۆمەڵایەتییان جیاوازەو زیاتر جەخت لە سەر بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی کەلتوریی دەکاتەوە.

ئەمان» مەبەستی تۆێژی هونەرمەند و نووسەر و رۆشنبیرە، ، وک» کەمتر گرنگیی و بایەخ بە جیاوازیی و ململانێی چینایەتی دەدەن، بەڵام لە ژێر فشاری کەپیتالیزمدا، ئەوان ناچارن، کار و بەرهەم و داهێنانەکانیان بفرۆشن، بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەمانە زۆرجار رۆحی بەرەنگاریی بەسەریاندا زاڵە.

دیارە راستە ئەم تۆێژە ژمارەیان لەناو کۆمەڵگەدا زۆر نییە، بەڵام جەماوەری زۆریان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەوەش بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک ئامڕازی جۆراوجۆری میدیایی، کە ئەوان دەتوانن لە ڕێگەیەوە کاربکەنە سەر خەڵکی.

لەبەر رۆشنایی ئەو هەلوومەرج و سروشتە قوورسەی کە بەرهەمی کەپیتالیزمی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، بۆتە هۆی ئەوەی هەموو بەهایەکی مرۆیی و سروشتیش لەناوببرێت، دیارە ئەمەش پەیوەندی نییە بە

---

١٩٤ Karl Mannheim کارل مانهیام فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی هەنگاریی بووە، لە ساڵی ١٨٩٣ لە بودابێستی پایتەختی هەنگاریا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٧ لە لەندەن کۆچی دواییکردووە. -مانهایم بە باوکی کۆمەڵناسیی مۆدێرن دادەنرێت و کار و بەرهەمەکانی بە تایبەتی کتێبەکانی «ئایدۆلۆژیی ویوتۆپیی، مرۆڤ و کۆمەڵگا لە سەدەکانی ناڤین، ، هتد هەموو کتێبەکانی، گرنگیی و بایەخی گەورەیان لە بواری فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا هەیە.

دیاردەی توندڕەویی ئاینیی، یان هەستی ڕۆمانسیەتی خەیاڵیی و ڕاکردن لە واقع و هانا بردن بۆ ژیانی یوتۆپی یەوە، بگرە هەموو ئەمانە لە ئێستادا بوونەتە ناسنامە و سیمایەکی سەردەمی ئەمڕۆمان و بوونەتە بەشێک لە ژیانمان.

جیهان و کێشەکانی لە

دیدی فرانسیس فۆکۆیاماوە

لە کۆتایی ساڵانی هەشتادا ناوی «فرانسیس فۆکۆیاما» تەواوی جیهانی داگیرکردبوو، بەتایبەتی پاش بڵاوبونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی «کۆتایی مێژوو» لێرەوە ئیتر فۆکۆیاما بووە ئەستێرەیەکی گەشی بیرمەندانی ئەمریکا و جیهان، ئەو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە جارێ لەناوچوونی سیستمی سۆسیالیستی و موژدەی بڵاوبوونەوەی سیستمی لیبڕاڵی و مۆدێلی ئەمریکی بەجیهاندا راگەیاند. لەو کاتەدا تەواوی چەپەکانی جیهان دژی ئەم بۆچوونەی وەستانەوە و ئێمەش لەژێر کاریگەری چەپی عەرەبی و ئێرانیدا دژی فۆکۆیاما وەستاینەوە، بەبێ ئەوەی هێشتا کتێبەکەیمان خوێندبێتەوە. من پاش ١٠ ساڵ کاتێک

گەیشتمە ئەڵمانیا، ئەو کتێبەم بە زمانی ئەڵمانی خوێندەوە، بینیم کابرا ئەو شەیتانەش نییە کە ئێمە لە مێشکی خۆماندا وێنەمان کێشابوو.

هەرچەندە لە ماوەی پێشوودا لە دیدارێکی تایبەتیدا فۆکۆیاما دانی بەوەدا نا، کە هەندێک لە بۆچوونەکانی ئەو کتێبەی وادەرنەچوون بەتایبەتی لەبارەی چین و ئێران و سەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە گێتی عەرەبی ئیسلامیدا.

بەهەرحاڵ لە ماوەی پێشوودا چاوم بە یەکێک لە کتێبە نوێ و هەرە باشەکانی ئەم بیرمەندە کەوت کە ئەویش کتێبی «رەگو ریشەی سیستمی سیاسی « لەلایەن «ئاوات ئەحمەد سوڵتان» کراوەتە کوردی. کتێبەکە لە دوو بەرگ پێک دێت بەرگی یەکەم نزیکەی ٧٠٠ لاپەرەیە و بەرگی دووەمیش نزیکەی ٩٠٠ لاپەرەیە.

کاتێک کتێبەکەم خوێندەوە، تەواو تووشی سەرسامیی کردم، ئەم کتێبە یەکێک بووە لەو کتێبە فکرییە باشانەی کە لە ماوەی پێشوودا خوێندوومەتەوە، لە زۆر رووەوە زانیاری زۆری پێبەخشێم لەهەمانکاتییشدا پێداچوونەوەو راستکردنەوەیەکی گرنگیش بوو بۆ هەندێک دید و تێڕوانینم، وەکو دەڵێن ئەبدەیتێکی فکریی و سیاسی لە مێشکمدا خولقاند.

فۆکۆیاما لەم کتێبەدا کۆمەڵێک باسی ئێجگار گرنگی وروژاندووە، بۆ من هەندێکیان زۆر نوێ بوون، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە رەگوریشەی سیستمی سیاسی ئەمریکا، چۆنێتی گەشەسەندنی سیستمی دیموکراسیی و لیبراڵی لەم وڵاتە، هەروەها گرنگی جەنگ، چینی ناوەند، دەوڵەتی ناوەندی، باج وەرگرتنی حکومەت لەسەر خەڵکی، بۆ گەشەسەندنی وڵاتان. لە هەمانکاتیشدا نووسەر شرۆڤەیەکی ئێجگار قوولی لە بارەی گەندەڵی لە سیستمە سیاسییەکانی جیهان کردووە، مێژوویی ئەم گەندەڵییە لە ئەورووپا بەتایبەتی لە وڵاتانی «بەریتانیا، ئیتالیا، یۆنان، هەنگاریا، فەرەنسا» و جیهانیش باسکردووە، لە هەمووشی نوێتر لە ئەمریکا چۆن بووە، لە لایەکی تریشەوە گرنگی

ئایین بەسەر کۆمەڵگەکانەوە باس دەکات، شۆڕشەیەکی زۆر جوانی بۆ هۆکاری پێشکەوتنی سیاسیی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا کردووە، زۆر بە باشی لە ئەزموونی چین، ژاپۆن، دەنیمارک، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەمریکا، هیندستان، روسیا، ئەمریکای لاتین و وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا و گێتی عەرەبی باسکردووە.

هەروەها هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی گەندەڵی، دارمانی سیاسی باسکردووە، بۆچی گەلانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین وڵاتە عەرەبییەکان، ناتوانن سیستمێکی تۆکمەی سیاسی و دیموکراسی و لیبراڵ و شەفاف دروست بکەن، هۆکاری دواکەوتنی ئەمان و پێشکەوتنی تەواوی جیهان باس دەکات. لەهەمانکاتیشدا باسی گرنگی رۆڵی پێگەی جوگرافی و دیمۆگرافی بەسەر دەوڵەتان باس دەکات. ئەمە و کۆمەڵێک باسی گرنگی تر، کە بە بڕوای من هەرکەسێک بیەوێت لە دونیای سیاسەتی ئەمڕۆ و کێشەکانی گەندەڵی و دارمانی سیاسی یان ئەوەی پێیدەڵێن «دەوڵەتی فاشیل» تێبگات، دەبێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، چونکە زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی لە شێوازی حوکمی دەوڵەتان بگەیت. لە کانگای دڵمەوە حەز دەکەم، هەرچی بەرپرسی کوردستان و عیراق هەیە، ئەم کتێبە بخوێننەوە، چونکە ئەم کتێبە رێگا چارەی گونجا و هۆکاری کێشەکانی ئەمڕۆمان بۆ باس دەکات.

جگە لەوەش لەم کتێبەدا، فۆکۆیاما تەواوی بۆچوونە فکریی و سیاسییەکانی خۆی لەبارەی مرۆڤ و جیهان وکێشەکانی دەرخستووە، هەربۆیە گەر بتەوێت لە فکری ئەم فەیلەسوفە بگەیت، دەبێت ئەم کتێبەی بخوێنیتەوە، چونکە یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی نووسەر.

لەپاش خوێندنەوەی پێمخۆشبوو بە چەند دێرێک لە بارەی ئەم کتێبەوە بنووسم، لە لایەکەوە بۆ ناساندنی ئەم کتێبە گرنگە، لە لایەکی تریشەوە بۆ تێگەیشتن لە فکری نوێی فۆکۆیاما.

حوکمی بنەماڵەیی یەکەم شێوازی ڕێکخستن

نووسەر لە کتێبەکەیدا گەڕاوەتەوە بۆ ڕەگوریشەی ڕێکخستنی کۆمەڵگەکان لە مێژوودا، ئەوەش بەپشت بەستن بە دیدوبۆچوونی کۆمەڵێک ئەنترۆپۆلۆژی پێش خۆی. نووسەر لەو باوەڕەدایە، یەکەمین شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە شێوازی حوکمی خێزانیی یان وەکو خۆی ناوی لێناوە «باندە بەراییەکان» ئەو پێشی وایە، حوکمی خێزانی پێش دروستبوونی خێڵ بووە.

لەمبارەیەوە دەڵێت:

ڕێکخستنە خێڵایەتییەکان دوای دەرکەوتنی کۆمەڵگە نیشتەجێکان و گەشەکردنی کشتوکاڵ لە دەوروبەری نۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر دروستبووە، کۆمەڵگە ڕاوچیی _ خۆراکچنەکان کە پێش کشتووکاڵییەکان هاتوون، ماوەی دەیان هەزار ساڵ لەوەوبەر لەشێوەیەکی سادەدا ڕێکخرابوون، لەسەر بناغەی گرووپی بچووکی خێزانی کۆچەریی کە لە قەبارەدا هەر ئەوەندەی باندە بەراییەکان دەبوون ل ٧٨. بەرگی یەکەم

لە بارەی سیماکانی ئەم جۆرە ڕێکخستنەش دەڵێت:

لەناو گرووپی باندە بەراییەکاندا هیچ شتێک نییە لە ئاڵوگۆڕی ئابووریانەی مۆدێرن بچێت، هیچ شتێک نییە ئاماژە بێت بۆ تاکگەرایی هاوچەرخ. لەم قۆناغەدا گەشەسەندنی سیاسیدا هیچ دەوڵەتێک نەبوو ستەم لە خەڵکی بکات، ئەمەش ئەنترۆپۆلژیستی کۆمەڵایەتی «ئێرنست گێڵنەر» بە (ستەمکاری ئامۆزاکان) ناوی دەبات واتە، جیهانی کۆمەڵایەتی کورت بۆتەوە بۆ بازنەیەک لە خزمان لە دەورت، ئەوان بڕیار دەدەن چی دەکەیت، لەگەڵ کێ زەماوەند بکەیت و چۆن پەرستشەکانت بکەیت، هەموو شتێکی ژیانت ئەوان بڕیاڕی لەسەر دەدەن.

پاشان زیاتر شیدەکاتەوەو دەڵێت:

لە کۆمەڵگە باندییەکاندا یەکسانییەکی زۆر هەیە، جیاکارییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان لەسەر تەمەن و رەگەز دامەزراون، پیاوان راو دەکەن و ژنان خۆراک دەچنن، هیچ سەرکردایەتییەکی هەمیشەیی نییە. سەرکردایەتی دەدرێت بە تاکەکان لەسەر بناغەی تواناکانیان وەکو گورۆتین، زرنگی، هەروەها متمانەداریی. ل ٧٩ بەرگی یەکەم

بەڵام پاشان کۆمەڵگەکان کاتێک قۆناغی خۆراکچنی و راوکردن بەجێدەهێڵن و هەنگاو بەرەو قۆناغێکی تر دەنێن، کە ئەویش قۆناغی کشتوکاڵیی و جێگیرییە، لێرەش شیوازێکی نوێ لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت کە جیاوازە لە شێوازی خێزانی، ئەویش «خێڵایەتی» یە.

خێڵ

خێڵ یەکێکە لە شێوازە کۆنەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کە هەتاوەکو ئێستاش لە زۆر وڵاتی جیهاندا ماوە بەتایبەتی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا. ئەمجۆرەش لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە گەشەسەندنی مرۆڤایەتییەوە هەیە بەتایبەتی لە ڕاگواستنیەوە لە قۆناغی خۆراکچنی و ڕاوچێتییەوە بۆ قۆناغی کشتوکاڵی، وەکو نووسەریش دەڵێت :

گەشەکردنی کشتوکاڵ وایکرد گوێزانەوە لە ئاستی کۆمەڵگەی باندەوە بۆ کۆمەڵگەی خێڵەکی، کارێکی شیاو بێت. ل٨١

هۆکاری دروستبوونی خێڵ

خێڵ وەکو دامەزراوەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، شیوازێکی نوێی ئیداریە، لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵێک هۆکار هەبوون کە وای لە مرۆڤ کردووە کە پشت بەمجۆرە ڕێکخستنە ببەستێت. فۆکۆیاما پێی وایە دوو هۆکار بوونەتە هۆی دروستبوونی خێڵ ئەوانیش بریتین لە: کشتوکاڵکردن، چڕی دانیشتوان . لەمبارەیەوە دەڵێت:

ماڵیکردنـی گژوگیـا و تـۆوە کێوییـەکان ووردبـووەو هاوشـانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بووە . بـە پشت بەستن بـە باردووخۆی کەشـوهەواو، چـڕی دانیشـتوانی کۆمەڵگـە راوچـی و خۆراکچنـەکان، لـە ٠,١٪ بـۆ ١٪ کەسـە بـۆ هـەر کیلۆمەتـر دووجایـەک. لـە کاتێکدا داهێنانـی کشـتوکاڵ چـڕی دانیشـتوانی بەرزکـردەوەو بـۆ ٤٠ بـۆ ٦٠ کـەس لـە کیلـۆ مەتـر چوارگۆشـەدا، ئێسـتا پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤـەکان زۆر بەرینتـرە، هەربۆیـە ئەمـەش پیویستی بـە فۆرمێکی جیاوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەیـە.

لێرەشـەوە مـرۆڤ هەنـگاوی گەورەتـر دەنێـت و سـنووری خێـڵ تێدەپەڕێنێـت و بـەرەو فۆرمێکـی نوێـی ڕێکخسـتن هەنـگاو دەنێـت کـە ئەویـش دەوڵەتـە.

دەوڵەت

دەوڵـەت تـەوەری سـەرەکی ئـەم کتێبەیـە، نووسـەر زۆر بە چڕی لەسـەر مێژوو، هـۆکاری دروستبوون، شـێوازی حوکمڕانـی قسـەی کردووە. دیارە لـە ئێسـتادا پرسـی دەوڵـەت و سیسـتمی ئیداریـی و سیاسـی، یەکێکـە لـە پرسـە گرنـگ و پڕ بایەخەکانـی جیهـان. نووسـەریش لـەم کتێبەیدا زۆر بـە قوولـی خـۆی بـەم پرسـەوە خەریکردووە.

هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەت

دیارە بـۆ دروستبوونی دوڵـەت نووسـەر شـیکردنەوەی خـۆی کردووە لەهەمانکاتیشـدا گەڕاوەتـەوە بـۆ تێڕوانیـن و بۆچوونـی دوو فەیلەسـوفی گـەورەی جیهـان کـە ئەوانیـش «ڕۆسـۆ و هۆبـز». لەڕێگاشـدا زوو زوو ڕەخنـە لـە دیدوبۆچوونەکانـی مارکس و ئەنگلس دەگرێت.

لای ڕۆسـۆ هـۆکاری سـەرەکی دروسـتبوونی دەوڵـەت «پەیمانێکـی کۆمەڵایەتییە» کە تاکەکان لەسـەری ڕێکەوتوون، گەرچی لای هۆبز، مرۆڤ دەسـتبەردارى مافـی «ئـەوەی چـی پێخۆشـە بـکات بـووە» لەبەرامبـەردا

دەوڵەت لە رێگەی قۆرخکردنی هێزەوە، ئاسایشی بنەڕەتی بۆ هەر هاوڵاتییەک زامن دەکات، هەروەها دەشتوانێت مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت، ڕێگاوبان، دراو، بەرەنگاربوونەوەی مەترسی دەرەکی، هەموو ئەم مافانە بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، لەبەرامبەرێشدا هاوڵاتی دەبێت «باج بددەن، هەروەها سەربازگرتنیش ئەرکی دەوڵەتە.

دەوڵەت وەکو دەرئەنجامێکی توندوتیژی

خاڵێکی تر کە فۆکۆیاما زۆر گرنگی پێداوە، ڕۆڵی توندوتیژیی و جەنگە لە دروستبونی دەوڵەت، فۆکۆیاما پێی وایە، دەوڵەت بەرهەم یان دەرئەنجامی سروشتی توندوتیژی مرۆڤە، دواییـن لوتکەی توندوتیژیش جەنگە، دەوڵەت لە ئەنجامی دروستبوونی جەنگەکانەوە لەدایک بووە. لەلایەکەوە گەلان لە ترسی داگیرکاری بیانی هەوڵیانداوە لە ڕووی سەربازیی و ئیداریـیەوە خۆیان باشتر ڕێکبخەن، لە لایەکی تریشەوە داگیرکردنی وڵاتان، هاندەربووە تاوەکو پێگەکانی دەوڵەت بەهێزتربێت لە پێش هەموویانەوە سوپا.

«توندوتیژی و زۆرەملێ» هەیە، یان «جەنگ» هۆکارێکی گرنگی دروستبوونی دەوڵەت دادەنرێت. هەمیشە مرۆڤایەتی هەوڵیداوە گیانی خۆی لە هێزێکی داگیرکەر بپارێزێت، جەنگ و توندوتیژیش بەشێک بوون لە مێژووی مرۆڤایەتی. فۆکۆیاما دەڵێت:

توندوتیژی وەکو سەرچاوەیەکی حاشاهەڵنەگری پێکهێنانی دەوڵەتە. بوونی مەترسی داگیرکردنی لەلایەن خێڵێکی بیانییەوە، هانی گرووپە خێڵییەکان دەدات، بۆ دامەزراندنی فۆرمێکی دڕێژخایەنتر و ناوەندیتری فەرمان و کۆنترۆڵکردن .

هۆکاری توندوتیژی

بەلای فۆکۆیاماوە هۆکاری توندوتیژی و جەنگ، تەنها لە سروشتی مرۆڤەوە نەبووە وەکو تۆماس هۆبز دەڵێت، بەڵکە دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم کردارەی مرۆڤەوە بوون. یەکەمیان: دزین و تاڵانی. دووەمیان شکۆمەندی. دزین و دەستگرتن بەسەر سەرەوت و سامانی خەڵکیدا، هەمیشە هاندەری یەکەم بووە، بەڵام شکۆمەندی و ئازایەتیش و پاڵنەرێکی تر بووە تاوەکو خەڵکی ئامادەبێت گیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە.

ئاوەدانی

هۆکارێکی تری دروستبوونی دەوڵەت بەلای فۆکۆیاماوە، ئاوەدانییە، خۆی ئەم خاڵەی ناوناوە «ئەندازەی هایدرۆلیکی» فۆکۆیاما پێی وایە، زۆربەی پرۆژە گەورە ئاوەدانییەکان، کاتێک دروستبوون کە دەوڵەتەکان لە دایک بوون، بۆ نموونە کەناڵی گەورەی چین یان دیوارە مەزنەکە، ئەمانە کاتێک دروستبوون، کە دەوڵەتێکی بەهێز پشتگیری کردوون. واتە دەوڵەت وەکو پرۆژەیەکی ئاوەدانیش لە دایک بووە.

کشتووکاڵ

یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی دەوڵەت، لە دایکبوون و گەشەسەندنی کشتووکاڵە. فۆکۆیاماش پێی وایە، گواستنەوە مرۆڤ لە قۆناغی راوچێتی و خۆراکچنیەوە بۆ قۆناغی کشتوکاڵی، هۆکارێکی گرنگی تری دروستبونی دەوڵەت بووە.

چڕی دانیشتوان

هۆکارێکی تریش بۆ دروستبوونی دەوڵەت چڕی دانیشتوانە، نووسەر پێی وایە چڕی دانیشتوان پاڵنەرێکی گرنگ بووە بۆ داهێنانی تەکنەلۆژیا، بۆ نموونە زۆربەی شارستانە دێرینەکان لە نزیک رووبارەکان کۆبوونەوەو خەڵکی زۆر تێیدا ژیاوە، هەروەها لە میسر و میزۆپۆتامیا و چین، سیستمی کشتوکاڵی ئاڵۆزیان داهێناوە، وەکو ئاودێری فراوان، بەرهەمی نوێی بەهادار. هەربۆیە نووسەر لەو باوەڕەدایە کە بوونی دانیشتوان هانی پێکهێنانی دەوڵەت دەدات بۆ ڕەخساندنی بوار بۆ تایبەتیکردن و دابەشکردنی کار لە نێوان گروپە دەستەبژێر و خانەدانەکان.

بەڵای فۆکۆیاماوە، چڕی یان زۆربوونی دانیشتوان پاڵنەر بوون بۆ دروستوبی دەوڵەت و کتشوکاڵ و تەکنەلۆژیا.

ئایین

پاڵنەرێکی تر پەیوەندی بە دروستبوونی دەوڵەتەوە هەیە ئەویش ئاینەکانە، ئاینیش ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە دروستبوونی دەوڵەتەکان، لەمبارەیەوە فۆکۆیاما دەڵێت:

ئایین ڕۆڵێکی وەزیفەیی گرنگ دەبینێت لە ئاسانکارییکردنی فراواندا بۆ کردەی پێکەوەیی. هەروەها ئایین ڕۆڵێکی گرنگیش هەیە لە دروستبوونی کەسایەتی کاریزمایی. ل ۹۰. بەرگی یەکەم

جیاوازی خێڵ و دەوڵەت

خێڵ و دەوڵەت دوو ڕێکخستنی جیاوازی کۆمەڵگەن، هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژوویدا، زەرورەتێک هێناویەتە بەرهەم. لە ئێستاشدا تێکەڵاوییەک لە نێوان ئەم دوو دامەزراوەدا هەیە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەکانی ئاسیا و ئەفریقادا. نووسەر لەم کتێبەیدا بە قوواڵی خۆی بەم پرسەوە خەریککردووە، بنەما و کۆڵەکەکان و هۆکاری دروستبوونی هەردووکیانی دیاریکردووە، لەهەمان کاتیشدا خاڵی جیاواز و ناکۆکی دەرخستوون، لەمبارەیەوە فۆکۆیاما دەڵێت:

باندەکان و خێڵەکان، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان لەسەر بناغەی خزمایەتی دامەزراوە، ئەوانە تا ڕادەیەک کۆمەڵگەی یەکسانین، بەپێچەوانەوە ئەمارەتەکان و دەوڵەتەکان، سیستمێکی هەرەمیان هەیە و لە بری خزمایەتی، مومارەسەی دەسەڵات لەسەر هەرێمەکانی خۆیان دەکەن.

پاشان زیاتر ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: بەگشتی دەوڵەتەکان زۆر لە کۆمەڵگەکانی خێڵ ڕێکخراوتر و بە دەسەڵاتترن، یان ئەوەتا خێڵەکان داگیر دەکەن یاخود هەڵیاندەلوشن . ١١٦ بەرگی یەکەم

بە بروای فۆکۆیاما چوار خاڵی سەرەکی خێڵ و دەوڵەت لە یەکتری جیا دەکاتەوە:

١/ دەوڵەت سەرچاوەیەکی ناوەندی دەسەڵاتی هەیە چ لە شێوەی پادشا، سەرۆک، دەتوانن یاساکان بەسەر هەموو کۆمەڵگەکاندا بسەپێنێت.

٢/ ئەو سەرچاوەی دەسەڵاتە «پادشا یان سەرۆک» لە ڕێگەی قۆرخکردنی ئامرازە ڕەواکانی ناچارکردنەوە لە فۆرمی «سوپا، یان پۆلیس، دەزگا ئەمنییەکان» پشتیوانی لێدەکرێت.

٣/ دەسەڵاتی دەوڵەت هەرێمایەتییە نەک خزمایەتی، لەبەرئەوەی

ئەندامێتی دەوڵەت پشت بە خزمایەتی نابەستێت، بۆیە دەتوانێت زۆر لە خێڵ زیاتر گەورە بێتەوەو گەشە بکات.

٤/ دەوڵەتان زیاتر چینایەتین و نایەکسانی زیاتریان تێدایە، لێرەدا فەرمانڕەواو ستافە کارگێڕییەکەی زۆرجار خۆیان لە باقی کۆمەڵگە جیادەکەنەوە.

٥/ دەوڵەت بە هۆی کۆمەڵێک فۆڕمی باوەڕە ئاینییەکانەوە زۆر بەرچاوترە، کە چینێکی تایبەتی ئایینزاکان دەبێتە پاسەوانیان. هەندێکجاریش ئەو چینە ئاینزایە راستەوخۆ دەسەڵات وەردەگرێت، لەم حاڵەتەدا دەوڵەتەکە دەبێتە دەوڵەتێکی ئایینی «تیۆکراسی» .

خراپی دەوڵەتی خێڵەکی

پاشان نووسەر باسی جۆرێکی خراپی دەوڵەت دەکات، کە ئەویش دەوڵەتی خێڵگەراییە، کە لەسەر بنەمای خێڵەکی دامەزراوەو بە جۆرێکی زۆر خراپی دەوڵەت دایدەنێت. لەمبارەیەوە دەڵێت: دەوڵەتێک لەسەر بناغەی خێڵ دامەزرابێت، ئەوە هەر بە سروشتی خۆی لاواز و ناسەقامگیرە، سەرکردە خێڵەکییەکان بەوە ناسرابون بە ئاسانی نایەنە ژێر بار، زۆرجار لە دوای دەمەقاڵەیەکی بچووک، لەگەڵ خزماندا خۆیان وندەکەن. ل ٢٧١. بەرگی یەکەم

بەڵام هەروەک نووسەریش ئاماژەی بۆ کردووە، هێشتا لە زۆر شوێندا، بنەماکانی خێڵگەرایی زاڵە لەمبارەیەوە دەڵێت: کاتێک کۆمەڵگەکان ئاستی خێڵ توانیان بگەنە ئاستی کۆمەڵگەی دەوڵەت، پیاوانی خێڵ بەئاسانی بزر نەبوون، لە چین، هیندستان، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسەر لوتکەی دامەزراوە خێڵایەتییەکان دامەزران و پێکەوە ماوەیەکی درێژ لە حاڵەتێکی هاوسەنگی نارەحەتدا مانەوە، خەباتکردن بۆ جێگرتنەوەی سیاسەتە «خێڵەکییەکان» بە فۆڕمی زیاتر ناشەخسی پەیوەندییە سیاسییەکان، لەسەدەی بیست وێەکیشدا هەر بەردەوامە.

بۆچوونی هۆبز و رۆسۆ لە تەرازووی زانستدا

وەکو پێشتریش باسمکرد نووسەر لەم کتێبەیدا زیاتر جەختی لە سەر بۆچوونەکانی هەردوو فەیلەسوف «جان جاک رۆسۆ، تۆماس هۆبز کردووە» . خیلافی فکری سەرەکی لە نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە لەوەدابووە، کە هۆبز پێی وابوو. توندوتیژی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ ئەو بە «حالەتی سروتی «وەسفکردووە. گەرچی رۆسۆ دژی ئەم بۆچوونە دەوەستایەوە پێی وابووە، کە توندوتیژی بەرهەمی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە مرۆڤەکان لێی لەدایک دەبن» تارادەیەکی زۆر مارکسیش هەمان بۆچوونی هەبوو». بەڵام بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوەکانی هەردوو ئەنترۆپۆلیژیست «لاورانس کیبڵی و ستیڤن لابانکی» ئەوە دەسەلمێنێت لە لێکۆڵینەوەکان کە بۆ ٩٠ خێڵی بەرایی کراوە، لە ماوەی پێنج ساڵی پێشوودا هەر خەریکی شەڕو جەنگ بوون لەگەڵ یەکتری، ل١٠٤ بەرگی یەکەم

لەلایەکی ترەوە نووسەر پێی وایە، مەسەلەی جەنگ و توندوتیژی زیاتر پەیوەندی بە خێڵە راوکەرەکانەوە هەیە، لەمەدا باسی شامبازییەکان دەکات کە هەمیشە لە راوی مەیمونەکاندان، لەرێگەی ئەوانیشەوە ئەم توندوتیژییە بۆ مرۆڤ گوازراوەتەوە. گەرچی رێژەی توندوتیژی لەناو خۆراکچنەکان کەمترە.

دەوڵەتی مۆدێرن و فاشیل

لە ئێستادا لە تەواوی جیهاندا قسەوباسی زۆر لەبارەی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەتی فاشیل دەکرێت، بەتایبەتی لە پاش رووداوەکانی ئەم دوایەی گێتی عەرەبی کە بە «بەهاری عەرەبی» دەناسرێت، کۆمەڵێک دەوڵەت بەرەو نەهامەتی و کارەسات رۆیشتن. فۆکۆیاما لەم کتێبەدا پانتاییەکی گەورەی بۆ چۆنێتی و هۆکاری دروستبونی دەوڵەت بەگشتی

و دەوڵەتی مۆدێرن تەرخانکردووە، لەهەمانکاتیشدا هۆکاری شکستی نەتەوەکان لە دروستبوونی دەوڵەتێکی پتە و باسکردووە بەتایبەتی لە گێتی عەرەبی و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین. فۆکۆیاما پێی وایە:

کاتێک سیستەمە سیاسییەکان ناتوانن خۆیان لەگەڵ باردوخە گۆڕاوەکاندا بسازێنن، ئیتر داڕمانی سیاسی روو دەدات. ل ١٥ بەرگی یەکەم

لەمەدا فۆکۆیاما باشی پێکاوە، تەواوی کێشەکانی ئەم ناوچەیەش هەر ئەمەیە کە نووسەر باسی لێوە دەکات .

سێ بنەمای سەرەکی دیموکراسی مۆدێرن

بە بڕوای فۆکۆیاما دیموکراسی مۆدێرن لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە کە ئەوانیش بریتین لە :

١/ دەوڵەت

٢/ سەروەری یاسا

٣/ حکومەتی بەرپرسیار

پاشان نووسەر گرنگی ئەم سێ کۆڵەکەی باس دەکات و دەڵێت: دەوڵەت تەکیز دەکاتە سەر بەکارهێنانی دەسەڵات بۆئەوەی خەڵک ملکەچ بکات بۆ یاساکانی و لە بەرامبەر دەوڵەتانی دیکە و هەڕەشەی دیکەدا، داکۆکی لە خۆی بکات. سەروەری یاسا و بەرپرسیارێتی حکومەتیش، دەتوانن دەسەڵاتی دەوڵەت سنوردار بکەن، یەکەم لە رێگای ناچارکردنی بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی بە پێی ژمارەیەک یاسای گشتی و شەفاف، پاشان لە رێگای زامنکردنی ئەوەی کە دەوڵەت ملکەچە بۆ ویستی گەل.

سەقامگیریی سیاسی رۆڵی بۆ بەهێزبوونی هاوڵاتیبوون

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر جەختی لەسەر دەکات و بە گرنگی دادەنێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن، بوونی هەستی هاوڵاتیبوون یان نیشتمانپەروەرییە. لەمبارەیەوە چین بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: سەقامگیری سیاسیی هەتا بڵێی گرنگە بۆئەوەی هاوڵاتی واهەست بکات کە دەوڵەت رەوایی هەیە و هەستوسۆزی نیشتمانپەروەریی لە لایەدا ببێت و ئەزموونی بکات. پارتی کۆمۆنیستی چینی، راستە بەهۆی چالاکییە ئابووریییە بەرچاوەکەیەوە رەوایی بەدەستهێناوە، بەڵام خاڵێکی بەهێزی دیکەشی هەیە ئەویش ئەو پەراوێزەیە کە تێیدا وەک بەرجەستەکەری ناسیۆنالیزمی چینی دەردەکەوێت. ل ٣٣٢ بەرگی دووەم

ناسیۆنالیزم

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە مەسەلەی «ناسیۆنالیزمە» . لەمبارەیەوە دەڵێت: ناسیۆنالیزم یەکێکە لە فۆرمە دیارەکانی سیاسەتی شوناس کە یەکەمین گوزارشتی بەرچاوی خۆی لە شۆڕشی فەرەنسادا بینییەوە، لە دیدی ناسیۆنالیزمەوە، دەبێت سنووری سیاسییەکان دەوڵەت لەگەڵ سنووری کەلتووریەکاندا بسازێن، کە ئەویش لە بنەڕەتدا بە زمان و کەلتووری هاوبەش پێناسە دەکرێت.

پاشان هانای بۆ دیدی تایلۆری فەیلەسوف دەبات و دەڵێت: خەبات لە پێناوی شوناسدا هەر بە سروشتی خۆی سیاسییە، چونکە داوای دانپێدانران دەکات، مرۆڤەکان بونەوەرگەلێک نین کە تەنها بە سەرچاوە ماددییەکان ئاسوودە ببن، لە پاش ئەوەشدا داوا دەکەن خەڵکانی تر دانیان پێدابنێن، بیاننناسنەوە، کەرامەت و شکۆیان پارێزراو بێت، لەگەڵ ئەواندا یەکسان بن، هەر لەبەرئەمەشە، ئالا، کورسی نەتەوە یەکگرتووەکان لای ناسیۆنالیستەکان بە گرنگ وەردەگرن و بایەخی

پێـدەدەن .

ناسیۆنالیزم و مۆدێرنە

خاڵێکـی گرنگـی تـر کـە نووسـەر جەختـی لێدەکاتـەوە، پەیوەنـدی نێـوان ناسـیۆنالیزم و مۆدێرنەیـە. لەمەشـدا پشـت بـە بۆچوونـی هـەردوو فەیلەسـوفی ناودار «ئەندرسـۆن و گیلنەر» دەبەسـتێت و دەڵێت: ئەندرسـۆن و گیلنـەر ناسـیۆنالیزم دەبەسـتنەوە بـە مۆدێرنـەوە، لـە راسـتیدا کۆمەڵگـە پێـش مۆدێرنـەکان، شـوناس وەکـو گرفتێـک دەرناکەوێـت،

جیاوازی حوکمی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەتی خزمەگەرایی

ئەوەی کە زۆر بەلامەوە گرنگ و پڕ بایەخ بوو، مەسەلەی شیکردنەوەی جیـاوازی نێـوان دەوڵەتـی مۆدێـرن و دەوڵەتـی نامۆدێـرن یـان خزمگەرایـی . لەمبارەیـەوە نووسـەر دەڵێـت: حکومەتـە مۆدێرنـەکان، سـتافی خۆیـان لـە سـەر بناغـەی لێوەشـاوەیی و شـارەزایی هەڵدەبژێـرن، کارەکانیشـیان لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی گشـتیدا دەبێـت، دەوڵەتـی خزمەگەرایـی نـوێ تەنهـا شـێوەی دەرەوەی لـە هـی مۆدێـرن دەچێـت، دەسـتووری هەیـە، سـەرۆک و سـەرۆک وەزیـران و سیاسـەتی یاسـایی، هەمـوو ئەمانـەی هەیـە و خۆی وا نمایش دەکات کە نا کەسیانە کاروبارەکانی رادەپەڕێنێت، بەڵام لـە ڕاسـتیدا، خەریکـی بەخشـینەوەو تەخشـان و پەخشـانکردنی سـەروت و سـامانی وڵاتـە بەسـەر کەسـوکارو دۆسـتەکانی خۆیـدا. ٤٩٨ بەرگـی دووەم.

رۆڵی یاسا لە بونیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرن

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسـەر ئاماژەی پێداوە، گرنگی رۆڵی یاسـایە لـە بونیاتنانـی دەوڵەتـدا. سـەروەری یاسـا رۆڵێکـی ئێجگار گـەورەی هەیـە

بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتێکی مۆدێرن لە دەوڵەتێکی خێڵەکی.
یاسای گشتی بۆیە پێی دەگوترێت گشتی، چونکە تایبەتگەرا نییە. ل ٣٥٢ بەرگی یەکەم
لەمباریەوە نووسەر دەڵێت: یەکێک لە خاسییەتە تایبەتییەکانی بونیاتنانی دەوڵەت لە ئەورووپا ئەوەبوو، هەر زوو دەوڵەت پشتی بە یاسا دەبەست، هەربەهۆی ئەمەشەوە بوو کە دامەزراوەکانی دەوڵەت گەشەیان کرد. ل ٣٦٨ بەرگی دووەم
زۆرینەی خەڵکی لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازانەدا ملکەچن بۆ یاسا نەک لەبەرئەوەی لە زەینی خۆیاندا لێکدانەوەی عەقڵانیانە دەکەن لە بارەی تێچوون و قازانجەکانەوە یان لە سزا دەترسن، ئەوانە گوێڕایەڵی دەکەن، چونکە باوەڕیان وایە کە یاسا لە بنەڕەتدا داپەروەرە، لە رووی ئاکارییەوە مەیلیان لە پێڕەوکردنیەتی، خۆ ئەگەر لەو باوەڕەدا بوونایە کە یاسا دادپەروەر نییە، ئەوا زۆر کەمتر دەخوازن گوێڕایەڵی بن. ل ٣٥٤ بەرگی دووەم

داڕمانی سیاسی

پرسێکی گرنگی تر کە نووسەر لە بەرگی دووەمدا بە چڕی باسی لێوە دەکات، مەسەلەی داڕمانی سیاسییە، لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: داڕمانی سیاسی بریتییە لە ناتوانایی دامەزراوەکان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکاندا بەتایبەتی سەرهەڵدانی گرووپە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و داواکارییە سیاسییەکایان، ل ٧٨١بەرگی دووەم
هەروەها گەلێک لە دامەزاروە سیاسییەکان سست بوون و ئەرکی خۆیان راناپەڕێنن، بکەرە سیاسییەکان لە شوێنی خۆیاندا چەقیون، ڕێگاش نادەن وڵاتەکە چاکسازییان تێدا بکات، ئەنجامدانی چاکسازیی دامەزراوەیی کارێکی هەتا بڵێی سەختە، هیچ زامنێک نییە بۆئەوەی کە ئەنجام بدرێت بێ ئەوەی سیستمە سیاسیەکە بخرێتە لەرزە. ل ٧٨٨

بەرگی دووەم.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو دارمانێکی سیاسی خراپ بێت، بگرە هەندێکجار کارێکی باشە، تاوەکو دووبارە چرۆی سیستمێکی سیاسی نوێ لەدایک بێت. لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: دارمانی سیاسی لە زۆر رووەوە مەرجێکە بۆ گەشەکردنی سیاسی، پێویستە کۆن هەرەس بهێنێت و جێگا بۆ تازە چۆڵ بکات، بەڵام لەوانەبێت ئەم گوێزانەوەیە پڕبێت لە پشێویی و توندوتیژی، هیچ زامنێک نییە بۆئەوەی کە دامەزراوە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و خۆبەخۆ باروودۆخە تازەکان قبووڵ بکەن.

هەموو سیستمێکی سیاسی دەروخێت

زۆرجار وا دەزانین کە سیستمە سیاسییەکان ماوەیەکی زۆر جێگیر بوون ئیتر ترسی رووخانیان نییە، بەڵام نووسەر دژی ئەم بۆچوونەیە و دەڵێت: هەموو سیستمێکی سیاسی «رابردوو و ئێستاش» هەموویان قابیلی دارمانن . سیستمێک هەرئەوندەی سەرکەوتوو بوو، دیموکراسییەکی لیبراڵی سەرکەوتووی هەبوو، ئیتر مانای ئەوە نییە کە هەتا هەتایە هەروا دەمێنێتەوە. ل ٧٦٦ بەرگی دووەم

دیموکراسی

لەماوەی پێشوودا قسەوباسی زۆر لە بارەی دیموکراسییەوە دەکرێت بەتایبەتی نەک لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا، بگرە لە ئێستادا لە خۆرئاواش ترسی دارمانی سیستمی دیموکراسی هەیە. نووسەریش پانتایی زۆری لە کتێبەکەیدا بۆ پرسی دیموکراسی داناوە، بەتایبەتی ئایندەی دیموکراسی لە خۆرئاوادا

لەمبارەیەوە نووسەر : ئایندەی دیموکراسی لە وڵاتانی پێشکەوتوو پشتدەبەستێت بە توانای ئەوان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتی لەناوچوونی

چینی ناوەڕاستدا، دوای قەیرانە ئابووریەکە گرووپە پۆپۆلیستەکان لە ئەمریکا و ئەوروپا سەریهەڵدا .

دواتریش دەڵێت: دەشێت دیموکراسی خۆی ببێتە سەرچاوەیەکی هەرەسهێنان و پووکانەوە ل ٧٨٠ بەرگی دووەم

بەهێزبوونی هێزە پۆپۆلیستەکان

بەهێزبوونی هێزە پۆپۆلیستەکان، کێشەیەکی گەورەیە کە ئەمڕۆ لە خۆرئاوادا بۆتە پرسێکی گەرم و گرنگ. نووسەریش خۆی بەم کێشەیەوە خەریکردووە، بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە لە هۆکار و سیما و ئامانجەکانی ئەم رەوتە پۆپۆلیستانەی کۆڵیوەتەوە. لەمبارەیەوە دەڵێت:

ئەوەی هەموویانی یەکخستووە باوەڕبوونە بەوەی دەستەبژێرانی وڵاتەکانیان خیانەتیان لێکردوون، لە زۆر رووشەوە لەسەر هەقن، ئەو دەستەبژێرانەی کە کەشووهەوای هزری کەلتووری وڵاتە پێشکەوتووەکانیان خستۆتە سەرپێ، خۆیان لە کاریگەرییەکانی داڕمانی چینی ناوەڕاست بەدوورن، هەوڵیکیش نادەدن بۆ گێڕانەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی.

تاکە چارەسەر چییە؟

پاشان باسی چارەسەرەکان دەکات بۆ ئەم کێشەیە و دەڵێت: تاکە چارەسەر بۆ مەودای دوور سیستمێکی پەروەردەیی وەهایە بتوانێت زۆرینەی هاوڵاتیان بەرەو ئاستە بەرزەکانی خوێندن و پسپۆریی و شارەزایی ببات. یارمەتی هاوڵاتیان بدات تا نەرم بن و خۆیان لەگەڵ باروودۆخە گۆڕاوەکانی کارکردندا بسازێنن، هەروەها دەبێت دەوڵەت و دامەزراوە تایبەتییەکانیشی بەهەمانشێوە نەرمیان تێدا بێت. خاسیەتی دیموکراتی پێشکەوتوو ئەوەیە، بە تێپەڕینی کات کۆمەڵێک چەقبەستن و

بەستەڵەکی لەخۆی کەڵەکە کردووە کە هەوڵدان و گونجاندن و راهێنانی دامەزراوەییان هەتا بێت قوورستر دەبێت . ٧٦٦ بەرگی دووەم

حکومەتی مۆدێرن چییە؟

نووسەر وەسفێکی جوانی حکومەتی مۆدێرن دەکات و دەڵێت: حکومەتی مۆدێرن و کارا، هاوسەنگی گونجاو دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکەی هەم بەهێز بێت و هەم کاراش بێت، دامەزراوەکانی یاسا و بەرپرسیارێتی وەها وەگەر دەخات کە دەوڵەت سنووردار دەکەن و ناچاری دەکەن لە بەرژەوەندی هاوڵاتیاندا هەڵبسورێت. ل ٨٥٣ بەرگی دووەم.

رۆڵی خراپ تەکنەلۆژیا

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و کاریگەرییە خراپەکانی، پرسێکی گرنگە و لە ئێستادا لە تەواوی جیهاندا، نووسەرو بیرمەند و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە، خۆیان پێوە خەریکردووە. نووسەریش لەم کتێبەیدا، پانتاییەکی باشی بۆ ئەم بابەتە داناوە.

بەتایبەتی لایەنی نێگەتیفی تەکنەلۆژیا کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی کاری کرێکارەکان، ئەمەش دەبیتە هۆی بەهێزبونی نا یەکسانی کۆمەڵایەتی. لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: هەمیشە نا یەکسانی لە ئارادا بووە چونکە بەشێوەیەکی سروشتی جیاوازی لە نێوان بەهرەو لێهاتووەیەکانیدا هەبووە، بەڵام تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ، ئەم جیاوازییە زۆر گەورە دەکاتەوە، ٧٥٩ بەرگی دووەم

ترسی تەکنەلۆژیا

پاشان نووسەر باسی ئەو ترسە دەکات، کە تەکنەلۆژیا لەسەر کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دروستیکردووەو دەڵێت: ئەگەر گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان نەیانتوانی قازانجی ئابووری فراوان و هاوبەش بەدیبهێنن، یاخود ئەگەر سست بوو، ئەوە کۆمەڵگە مودێرنەکان دەکەونە بەر هەڕەشەی گەڕانەوە بۆ جیهانی مالتۆسی، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر مانەوەو بەردەوامبوونی دیموکراسی دەبێت، ٧٦٢ بەرگی دووەم

رۆڵی چینی ناڤین لە شۆڕشەکان و دیموکراسیدا

هەموو کاتێک چینی ناڤین رۆڵی گرنگی هەبووە لە ناو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، نووسەریش لەم کتێبەیدا زۆر بە قوولی لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستاوە، بەتایبەتی رۆڵی ئەم چینە لەناو کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئێستادا لە هەموو جیهاندا. لەمەشدا تەنها پشتی تەنها بە دیدوبۆچوونی خۆی نەبەستووە بەڵکە هانای بۆ چەند بیرمەندێکی تر بردووە بەتایبەتی ساموێل هینگتۆن، لەمبارەیەوە دەڵێت: چینەکانی ناوەڕاست بۆ گۆڕانی سیاسی زۆر گرنگن.

دەشڵێت: شۆڕشەکان هەرگیز لە لایەن هەژارترینی هەژارانەوە هەڵناگیرسێنرێن، چونکە ئەوانە نە سەرچاوەیان لەبەردەستە و نە ئەوەندەشیان خوێندووە کە بتوانن بە شێوەیەکی کارا خۆیان رێکبخەن، بە پێچەوانەوە چینەکانی ناوەڕاست گرووپی زۆر لەبارترن، زۆر بە خێرایی پێگەی کۆمەڵایەتییان زیادیکردووە و فراوان بووە، بۆیە رووبەروی ئەو نا ئومێدییە بونەتەوە، چونکە رێگای جوولەیان لێگیراوە، بۆشایی نێوان داواکارییەکانی ئەوان و واقیع دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی. ل ٧٣٢ بەرگی دووەم

گرنگی چینی ناڤین

پاشـان گرنگـی و رۆڵـی چینـی ناڤیـن لـه کۆمەڵگـه مۆدێرنـەکان بـاس دەکات و دەڵێت: بوونـی چینـی ناوەڕاسـتی فـراوان نـه بەسـه بـۆ هێنانـه کایـەی دیموکراسـی و لیبراڵـی، نـه مەرجێکیـی پێویستیشـه بـۆی، بـەڵام یاریدەدەرێکـی زۆرباشـه بـۆ هێشـتنەوەی و پاراسـتنی، ل ٧٥٦ بەرگـی دووەم.

رۆڵیان لە بەهاری عەرەبی

بـه بۆچوونـی نووسـەریش چینـی ناڤیـن رۆڵـی سـەرەکی هەبـووه لـه شۆڕشـەکانی عەرەبـی کەبـه بەهـاری عەرەبـی ناسـراوه، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجه نووسـەر هاتووه لێکچوونێکی لـه نێوان بەهـاری عەرەبی سـاڵی ٢٠١١و بەهـاری ئەوروپـی سـاڵی ١٨٤٨ کـردووه، پێـی وایـه تاکـه خاڵـی هاوبـەش نێوانیـان بەشـداربوونی رۆڵـی ئەکتیفی چینـی ناوەڕاسـته. ل ٧٣٢ بەرگـی دووەم

مەرج نییە چینی ناڤین پشتگیری شۆڕش بکەن

لـه لایەکـی تـرەوه نووسـەر باسـی خاڵێکـی گرنگـی تـری کـردووه، کـه ئەویـش ئەوەیـه، مـەرج نییـه هەمووکاتێـک چینـی ناڤیـن پشـتگیری شـۆڕش و هێـزه دیموکرات و لیبراڵـەکان بکـەن، نووسـەر لەمبارەیـەوه دەڵێت:مـەرج نییـه گرووپـی چینـی ناوەڕاسـت پشـتیوانی لـه لیبـڕاڵ و دیموکراسـی بکـەن، دەتوانـن لەگـەڵ هێـزه کۆنزێرڤاتیڤەکانـدا ببنـه هاوپەیمـان نـەک بـۆ فراوانکردنـی دیموکراسـی، بەڵکـو قەدەغەکردنـی ئـەو هێـزه میلییانـەی کـه هەڕەشـەن بـۆ سـەر بەرژەوەندییەکانیـان، ئەمـەش لـه سـاڵانی شەسـت و حەفتـاکان و هەشـتاکان لـه ئەمریـکای لاتیـن پێڕەویـان کـرد، هەروەهـا

تورکەکانیش لـە نەوەتـەکان وایانکـرد. ل ٧٣٥ بەرگـی دووەم

دەسەڵاتی ناوەند

لـە کاتێکـدا نووسـەر لـە زۆر شـوێندا گرنگـی بـە بوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـد دەدات، بـەڵام لەهەمانکاتیشـدا هەرخـۆی بۆمـان رووون دەکاتـەوە بەهێزبوونـی ئـەم دەسـەڵاتی ناوەنـدەوە زەرەریشـی هەیـە.

وەکـو نووسـەریش دەڵێت: بەهێزبوونـی دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ناوەنـدی فەرەنسـا لـە سـەدەی هـەژدەدا بووەهـۆی پێشـێلکردنی مافـی تاکـەکان، سـەرەتا و پێـش هەمـوو شـتێکیش مافەکانـی مرۆڤایەتـی.

ترس لە نەبوونی دەوڵەتی ناوەندی

لەلایەکـی تـرەوە نووسـەر درێـژە بـە لێکۆڵینەوەکانـی دەدات لـە سیسـتەمە ئەوروپییـەکان و هەنگاریـا بـە نموونـە دەهێنێتـەوە، لێرەشـەوە سـێ باسـی گرگـی وروژانـدووە ئەویـش ئازادیـی و یەکسـانی کۆمەڵایەتـی و شـۆڕش. هەروەهـا ترسـی نایەکسـانی کۆمەڵایەتـی کـە دەبێتـە هەڕەشـەیەکی گـەورە بۆسـەر هەرەسـهێنانی دەوڵـەت و ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ئـەو گەلانـەی خاوەنـی دەوڵەتێکـی بەهێزنیـن، ببنـە پارووییەکـی ئاسـان بـۆ هێـزە بێگانـەکان و وڵاتەکانیـان داگیربکـەن، لەمەشـدا نموونـەی هەنگاریـا دەهێنێتـەوە.

نووسـەر لەبارەی هـۆکاری لەناوچوونـی دەوڵەتـی مۆدێرنـە لـە هەنگاریا وە دەڵێت:

ئـازادی بـۆ یـەک چیـن، بـە واتایەکـی تـر، نەبوونـی ئـازادی بـۆ هەمـوو کەسـێکی دیکـە، بـووە هـۆی لاوازکردنـی دەوڵەتەکـە لەنـاو کۆمەڵێـک دەوڵەتـی بەهێـزدا. ل ٥٠٢ بەرگـی یەکـەم

شار و ئازادی

خاڵێکی گرنگی تر کە نوسەر ئاماژەی پێداوە، گرنگیی بوونی شارەکانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی، لەمبارەیەوە دەڵێت: بوونی شارە ئازادەکان بووە هۆی ئەوەی سیستمی خاککۆیلە «ئەو جووتیارانەی کە هەموو شتێکیان دۆراندووەو تەسلیمی ئاغاکان بوون» بە زەحمەت بەرێوەببرێت، ئەوانە «شارەکان» سنوری ناوخۆیی وەهابوون کە خاک کۆیلەکان دەیناتوانی بۆیان هەڵبێن و ئازادی خۆیان ببەنەوە، لێرەشەوە ئەو پەندە هاتووە «هەوای شار ئازادت دەکات ل ٥٠٦ بەرگی یەکەم

سوود و زیانی کۆمەڵگەی مەدەنی

خاڵێکی گرنگی تر کە نووسەر باسیکردووە، بوونی کۆمەڵگەیەکی بەهێزی مەدەنییە کە بتوانێت فشار بخاتە سەر دەسەڵاتە بەهێزەکان، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بوونی کۆمەڵگەیەکی بەهێزیش، مەرج نییە بە سوود بۆ گەلان بگەڕێتەوە، لەمەشدا نموونەی هیندستان و هەنگاریا دەهێنێتەوە، لە هیندستان کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر لە دەوڵەتی ناوەندی بەهێزتربووە، ئەمەش وایکردووە کە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی دروست نەبێت، هەربۆیە زۆرجار هیندستان بەرهێرشی داگیرکەران کەوتووە. لە ئەوروپاشدا نموونەی هەنگاریای هێناوەتەوە دەڵێت: مەرج نییە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزی یەکانگیری باش، ئازادی سیاسی بهێنێتە دی . لە هەنگاریا پاشئەوەی دەوڵەتی ناوەندی لاوازکرا، بووە هۆی ئەوەی کە تورکەکان بتوانن وڵاتەکە داگیربکەن . ل٥١٤

ئەزموونی گەلان لە بواری حوکمڕانیدا

نووسەر هەوڵیداوە مێژووی سیاسی زۆربەی وڵاتانی جیهان شیبکاتەوەو قسەی لەبارەوە بکات، بەتایبەتی مێژووی دەوڵەتداری لە «چین، هیندستان، جیهانی ئیسلامی، ئەورووپا، ئەفریقا، ئەمریکا»

هۆکاری دواکەوتوویی ئەفریقا

کیشوەری ئەفریقا یەکێکە لە کیشوەرە گەورەکانی جیهان، لەهەمانکاتیشدا خاوەنی سەروەت و سامانێکی ئێجگار گەورەی سەرزەویی و بن زەوییە، لێ ئەم کیشوەرە مەزنە ماوەی چەندین ساڵە بەدەست «داگیرکاریی، هەژاریی، برسێتی، دواکەوتوویی، گەندەڵی، شەڕو جەنگی ناوخۆ و نا ئارامی، دیکتاتۆری» یەوە دەنالێنێت. فۆکۆیاما لەم کتێبەیدا پانتایی گەورەی بۆ ئەفریقا داناوە، شرۆڤەیەکی زۆر قوولی بۆ کردووە.

فۆکۆیاما ئاماژەی بۆ پێنج هۆکاری گرنگ کردووە کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: کەمی ژمارەی دانیشتوان، هەرچەندە رەچەڵەکی مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە بۆ کیشوەری ئەفریقا، بەڵام بە پێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان بێت، ژمارەی دانیشتوانی ئەفریقا لە چاو کێشوەرەکانی تر کەمتر بووە، ئەفریقا تەنها لە ساڵی ١٩٧٥ ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە ئاستی ئەورووپا. لە ساڵی ١٩٩٠دا لە ژاپۆن ١١٨ کەس بۆ یەک کم چوارگۆشە ژیاون، کەچی لە بیابانی ئەفریقا، ٤,٤ بۆ هەر کم چوارگۆشە.

دووەم : دواکەوتوویی تەکنەلۆژیا، هەر لەدێر زەمانەوە کشتوکال پشتی بە باران بەستوەو هەوڵیان نەداوە ئاودێریی پێشبخەن و ئاگایان لە پیشەسازی ئاسن نەبێت.

سێهەم : جوگرافیا، بە پێچەوانەی ئەورووپا و ئاسیاوە، دەوڵەتە

بەهێزەکان بۆیە سەریانهەڵد، ا چونکە ئەو ناوچەیەی داگیریان کردبوو، تەخت بوو، بە پێچەوانەوە لە ئەفریقا بوونی دارستانێکی ئیستوایی گەورەو بیابانی گەورەو فراوان، رێگری گەورە بوون لە دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی، تەنها لەو ناوچانە دەوڵەتی بەهێز دروستبوون، کە دەتوانرێت ئەسپ و حوشتر تێیدا بەکاربهێنرێت. هەروەها زۆربەی رووبارەکان جگە لە «نیل» ئەوانی تر بەکەڵکی کەشتیوانی نایەن، هەربۆیە شارستانی کۆنی میسری لە پەنا نیل دا دروستبووە.

چوارەم: زاڵبوونی خێلایەتی بەسەر ئینتمای نیشتمانی، هەتاوەکو ئێستاش ئەم هەستە زاڵە، تەنانەت نووسەر پێی وایە، بەشێکی زۆری نەژاد و نەتەوە ئەفریقییەکان، زیاتر خێڵن، نەک نەتەوەو ئێتنی.

پێنچەمیش؛ هێزە کۆڵۆنیالیستەکانی ئەوروپا، هیچیان نەکردووە بۆ ئەوەی بنەمایەکی دەوڵەتی مۆدێرن لەم کیشوەرە دروست ببێت. ل ٥١٠. بەرگی دووەم .

سیمای دەوڵەتە ئەفریقییەکان

نووسەر زۆر بە ووردی باسی سیمای ئێستای حوکمداری لە کیشوەری ئەفریقا دەکات، کە زیاتر دەوڵەتی فاشیلن، دوورن لە دەوڵەتی مۆدێرنەوە. لەمەشدا بە ووردی باسی سیماکانی ئەو دەوڵەتانە دەکات و دەڵێت:

١/ بە کەسییکردن حکومەتەکان لە ئەفریقا، سەرکردەکان نێرینەن، خۆیان لە وێنەی باوکدا دەبینن، وەکو سەرۆکێکی مافیا وان.

٢/ لەناو حزبەکاندا ئایدۆلۆژیا هیچ رۆڵی نییە، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەوروپاوە.

٣/ دەسەڵاتی سەرۆک زۆرە، هیچ بەسەر یاسادانەران، دادگاکان، یان وەزارەتەکان دابەش نەکراوە، دەستووریش هیچ رۆڵی نییە.

٤/ بەکارهێنانی سامانی دەوڵەت بۆ پەیداکردنی پشتیوانی سیاسیی کە ئەنجامەکەی تەشەنەکردنی دەستەگاریی و چڵکاوخۆرییە.

دامەزراندنی خەڵکی وەکو مووچەخۆری حکومەت، بۆ نموونە لە کۆنگۆ دا ١٩٩٠ لەسەردەمی دیکتاتۆر مۆبۆتۆ سیسیکۆنی ١٦٥ هەزار مووچە خۆری هەبوو.

٥/ نەبوونی سیستمی بیرۆکراسی، زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەکان لە رووی سیستمی بیرۆکراسی دەوڵەتییەوە لاوازن .

٦/ خراپی سیستمی باج وەرگرتنی حکومی لە کیشوەری ئەفریقا .

٧/ نەبوونی خزمەتگوزاری «پەروەردە، تەندروستی» تەنها لە دەوروبەری شارەکان هەیە و لەدەرەوەی شارەکان لاوازە یان هەر نییە..

٨/ دەوڵەت دەسەڵاتی تەواوەتی بەسەر هەموو ناوچەکان نییە.

ئەمریکا

لە کۆتاییشدا فۆکۆیاما دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی «ئەمریکا» و لێرەش کۆمەڵێک حکایەتی مێژووی سیاسی و فکری ئەم وڵاتەمان بۆ باسدەکات. گەشەسەندنی سیستمی سیاسی ئەمریکا پانتایی گەورەی لەم کتێبە داگیردەکات، نووسەر مێژووی سیاسی ئەمریکا زۆر گرنگی پێداوە، هەر کەسێک بیەوێت لە سیستمی سیاسی و ئیداری ئەمریکا تێبگات، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، چونکە نووسەر زانیاری زۆری لەمبارەیەوە پێیە و خۆیشی پێشتر بەشێک بووە لە سیستمی سیاسی ئەمریکا و هەتاوەکو ئێستاش لە بڕیاری سیاسییەوە نزیکە.

کێشەکانی سیستمی سیاسی ئەمریکا

بە بڕوای نووسەر لە ئێستادا سیستمی سیاسی ئەمریکا رووبەروی کۆمەڵێک گرفتی سەرەکی بۆتەوە کە ئەوانیش بریتین لە :

١/ بێمتمانەیی خەڵکی بە حکومەت.

٢/ بەهێزبوون و گەشەسەندنی رۆڵی لۆبییەکان لە ناو کۆنگرێس و حکومەتدا.

٣/ خراپی یاسای باج دان.

٤/ گەڕانەوەی حوکمی بنەمەڵەکان وەکو «کەنەدی، بوش، کلینتۆن».

٥/نەبوونی هۆشیاری سیاسی و بەشدارینەکردنی خەڵکی لە پرۆسەی سیاسی ئەمریکا.

٦/گەڕانەوەی جەمسەرگەریی و ئەوەی کە نووسەر ناوی لێدەنێت «ڤیتۆکراسی».

هەموو ئەمانەش وا دەکەن کە سیستمی سیاسی ئەمریکا لاواز بێت یان لەناوبچێت.

ئەگەری لەناوچونی سیستمی سیاسی ئەمریکا

لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: ئەمریکا وەکو یەکەمیین و پێشکەوتووترین دیموکراسی لیبڕاڵ لە جیهاندا لە هەموو سیستمە سیاسییە دیموکراسییەکانی دیکە زیاتر بەدەست گرفتی داڕمانی سیاسییەوە دەنالێنێت . ل ٨٠٨بەرگی د ووەم

یان دەڵێت : لەگەڵ تێپەڕینی کات سیستمی سیاسی ئەمریکا بەرەو هەڵدێر و داڕمان چووە، چونکە سیستمە کۆنەکەی پشکنین و هاوسەنگکردن قوولتر بۆتەوە و تا دێت زیاتر چەقدەبەستێت لەگەڵ بوونی جەمسەرگیرییەکی توندا ئەم سیستمە ناسێنتەرییە کەمتر و کەمتر دەتوانێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی زۆرینە بکات، بەڵکو دەبێتە نوێنەری

دید و بۆچوونی گرووپەکانی بەرژەوەندی و ڕێکخراوە چالاکەکان، کە پێکەوە ناتوانن سەروەری گەلی ئەمریکا بەدیبهێنن.٨٤٨ بەرگی دووەم

یەکەم حکومەتی نا شەخسی لە ئەمریکا

ئەوەی بەلای منەوە زۆر نوێ بوو، مێژووی سیاسی ئەمریکایە، نووسەر لەم کتێبەدا زانیاری زۆری نووسیوە. هەتاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدە، ئەمریکاش جۆرە حکومەتێکی هەبووە، کە ڕێک وەکو حکومەتە فاشیلەکانی ئێستای ئاسیا وخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین وابووە.

یەکەمین هەوڵیش بۆ دوورخستنەوەی دەزگای حکومی لە هەژمونی دەستەگەرایی و خزمخزمێنە ساڵی ١٨٨٣ بووە، ئەوکاتە دائیرەی دارستان دەبێتە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی ناشەخسی و نا دەستەگەرایی لە ئەمریکا، ئەمەش پاش کێشەی سووتاندنی دارستانەکەوە دروست بووە.

لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: حکومەتی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدە سیستمێکی دەستگەرایی هەبوو، تێیدا پۆستە گشتییەکان بە دەست پارتە سیاسیەکانەوە بوون و ئەوانیش بەپێی خزمخزمێنە و وەکو بەرتیل و دەمچەوەرکردن دابەشیان دەکردن ٧٦٩، بەرگی دووەم

خاڵێکی گرنگی تر کە زانیارییەکی نوێ بوو بەلای منەوە، ژمارەی ئێستای کارمەندنای حکومی ئەمریکایە. ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی کارمەندانی حکومەت ١,٨ ملیۆن کارمەند بووە، ل ٧٧٩. بەرگی دووەم

واتە ژمارەی مووچەخۆرەکانی ئەوان کەمێک لە هی ئێمە زیاترە، لەکاتێکدا ئەمریکا زلهێزێکی جیهانییە و ئێمەش هێشتا نەبووینەتە دەوڵەت!!

ئیسلامی سیاسی

مەسەلەی بەهێزبوون و گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی، پانتایی گەورەی لەم کتێبەدا هەیە، نووسەر چ لەبەرگی یەکەم و چ لەبەرگی دووەمدا، لێکۆڵینەوەی ووردی لەبارەوە کردوون و قسەی خۆی لەو بارەیەوە هەیە. نووسەر پێی وایە: سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە لە زۆر رووەوە وەکو فۆرمێکی شوناسی سیاسی ببینین نەک مەسەلەی بوژاندنەوەی ئایین لە خۆیدا. ل ٧٣٢ بەرگی دووەم

هۆکاری دروستبوونی ئیسلامی سیاسی

پاشان لەبارەی هۆکارەکانی دروستبوون و گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسییەوە فۆکۆیاما دەڵێت: بۆ ماوەی نەوەیەک دوای سەربەخۆیی لە کۆڵۆنیالیزم، ناسیۆنالیزمی عەلمانی وەکو سەرچاوەی شوناس کاریکردووە، بەڵام لە حەفتاکاندا و بەهۆی نشوستییەکانی لە گەشەی ئابووریی و دابەشکردنیدا، هەروەها دۆڕاندەکانی لە پرسی وەکو ململانێی ئیسرائیل و فەلەستینەکاندا، کەوتە پاشەکشەکردن. ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی ڕەوتە ئیسلامییەکان. ل ٧٣٢ . بەرگی دووەم

ئایین جێگای شوناس دەگرێتەوە

دواتریش باسی هۆکارێکی گرنگی تر دەکات و دەڵێت: ئایین ئەو بۆشایەی پڕکردەوەو بوو بە سەرچاوەیەکی ڕوونتری شوناس بۆ ئەو خەڵکانەی تازە هاتوونەتە شارەکان و لە ئێستاشدا سەتەلایت و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتیان لەبەردەستدایە، یەکێک لە هۆیەکانی گۆڕ و تینی ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ ئەوەیە، کە دەتوانێت لە یەک کاتدا، باس

لە پرسەکانی شوناس، ئایین، هەروەها چینی کۆمەڵایەتی بکات . ل ٧٣٣ بەرگی دووەم .

کورد

لەم کتێبە دوو بەرگییەدا نووسەر تەنها بەیەک دێر باسی کورد دەکات، ئەوەش کاتێک باسی رۆڵی جوگرافیا دەکات لە مانەوە گەشەسەندنی رۆحی خێڵگەرایی . لە ١٣٠ بەرگی یەکەمدا دەڵێت:

چیاکان مانەوەی فۆرمەکانی ڕێکخستنی خێڵایەتی لەگەلێک ناوچەی جیهاندا لێکدەدەنەوە، وەکو ئەفغانستان، هەرێمی کوردەکانی تروکیا و عیراق و ئێران و سوریا.

چەند سەرنجێک

دیارە نایشارمەوە ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشە فکرییەکان کە لەم چەند ساڵەی پێشوودا کراوەتە کوردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من وەکو خوێنەرێک چەند سەرنجێکم هەبوو، لێرەدا بە کورتی باسیان لێوە دەکەم.

دیدێکی نا غەرەبزادەیی

یەکێک لەو خاڵە جوانانەی فکری فۆکۆیاما ئەوەیە بە تێڕوانینێکی غەرەبزادەییەوە سەیری جیهان ناکات، لەوانەبێت لەمەشدا بنەچەی خۆی رۆڵی هەبێت چونکە ئەو لە ئەسڵدا ژاپۆنییە، لە لایەکی تریشەوە بەرزی ئاستی ئەکادیمی وایلێکردووە کە بە تێڕوانینێکی مرۆڤانە و ئەکادیماینەوە سەیری مێژووی جیهان بکات. هەمیشە بیرمەندە خۆرئاواییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، خۆرئاوایان بە سەنتەری جیهان داناوە، وایان لە جیهان گەیاندووە هەمیشە ئەوە خۆرئاوایە کە سەرچاوەی فکر و

فەلسەفە و هونەر و زانست و ئیداری دەوڵەت بووە، بەڵام لە راستیدا ئەمە توندڕەوییەکی ناشیرینە، چونکە مێژووی مرۆڤایەتی لەهەموو شوێنێکدا هەوڵی دەوڵەمەندەکردنی دراوە.

ئێمە کە باسی فکرو سیاسەت دەکەین، زیاتر یۆنانی کۆن و رۆمان بە سەرچاوە دادەنرێت، بەڵام لە راستیدا کۆمەڵێک شارستانی تری جیهان، لە پێش ئەوروپییەکانەوە لە هەموو رووبەکی ژیانەوە، ئەزمونی باشیان هەبووە بەتایبەتی هیند و چین. نووسەریش لەم کتێبەیدا بە دیدیکی ئەکادیمیانەوە ئەزمونی ئەم دوو شارستانییەی باسکردووە.

تارمایی مارکس

دیارە فۆکۆیاما یەکێکە لە بیرمەندە لیبراڵەکان و لەهەمانکاتیشدا یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە هەمیشە دژی فکری مارکسیزم بووە، لەم کتێبەشیدا هەر لە سەرەتای کتێبەکەوە هەتا کۆتایی کتێبەکە، تارمایی مارکس دیارە و نووسەر بە چەپ و راست، ڕەخنە لە بۆچوونەکانی دەگرێت و زۆرێک لە بۆچوونەکانی مارکس ڕەت دەکاتەوە بەتایبەتی بۆچوونەکانی لەبارەی دروستووبین دەوڵەت، خێزان، مولکایەتی، جەنگ، یەکسانی کۆمەڵایەتی، شۆڕش.

باس نەکردنی شارستانییە کۆنەکان

هەرچەندە نووسەر هەوڵێکی زۆریداوە کە تێگەیشتن لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسی جیهان، بەڵام تاکە خاڵی لاواز بەلای منەوە ئەوەیە، کە نووسەر خۆی بە مێژووی شارستانییە کۆنەکان خەریک نەکردووە بەتایبەتی شارستانی میزۆپۆتامیا و میسری کۆن، چونکە ئەم دوو شارستانیەتەش، مێژوویەکی گەورەیان لە سیستمی سیاسی و ئیداریدا هەبووە، دەتوانین تەنها باسی یاساکانی حامورابی بکەین، کە سەرچاوەی سەرەکی زۆربەی یاساکانی جیهان بووە، لێ نووسەر

هیچ باسی شارستانی سۆمەری، بابلی، ئاشووری، ئەکەدی، میدیایی و فیرعەونی نەکردووە.

لەرووی چاپیشەوە دیارە پێمخۆشە سەرەتا دەستخۆشی لە کاک ئاوات بکەم، چونکە ماندووبونی زۆری کێشاوە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە، هەروەها دەزگای دواڕۆژیش کارێکی باشیکردووە کە ئەم کتێبەی چاپکردووە، بەڵام ئەم کتێبە چ لە رووی قەبارە و چ لە رووی کێشەوە زۆر قوورس و گەورەیە، باشتربوو لە چەند کتێبێکدا چاپ بکرایە، بەمشێوەیە باشتر بوو بۆ خوێنەر .

دوا قسە

جگە لەو بابەتانەی کە باسمکردوون، کۆمەڵێک بابەتی گرنگی زۆر لەم کتێبەدا باسکراون، کە هەموویان بۆ تێگەیشتن لە سیستمی سیاسی گرنگن. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشەکان کە لەبارەی سیستمی سیاسی و ئیدارییەوە نووسرابێت، مێژوویی سیاسی زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهانی تێدایە، هەروەها باسی کۆمەڵێک کێشەی گەورەی کردووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێوەی دەنالێنێت بەتایبەتی «گەندەڵی، دەوڵەتی فاشیل، سیستمی ستەمکاری، بەهێزبوونی رەوتە ئیسلامییەکان و پۆپۆلیستەکان، ، ، هتد» هەربۆیە زۆر گرنگە و بەلای منەوە پێویستە هەموو ئەوانەی خۆیان بە ژیانی سیاسییەوە خەریکردووە ئەم کتێبە بخوێننەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەم کتێبە دواییین بۆچوونە سیاسیی و فکرییەکانی فۆکۆیامای تێدایە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە فکری سیاسیی و کێشەکانی مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەربۆیە گەر بمانەوێت بە فکری نوێی فۆکۆیاما شارەزابین، ئەم کتێبە زۆر هاوکاریمان دەکات.

سەرچاوە:

١/ فرانسیس فۆکۆیاما. رەگو ڕیشەی سیستمی سیاسی. لە سەردەمی پێش مرۆییەکانەوە تا شۆڕشی فەرەنسا. وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد سوڵتان. چاپی یەکەم. دەزگای دواڕۆژ بۆ روناکبیری و راگەیاندن. سلێمانی. ٢٠١٦.

٢/ فرانسیس فۆکۆیاما. سیستمی سیاسی و داڕمانی سیاسی. لە شۆڕشی پیشەسازییەوە بۆ بەجیهانیکردنی دیموکراسی. وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد سوڵتان. چاپی یەکەم. دەزگای دواڕۆژ بۆ روناکبیری و راگەیاندن. سلێمانی. ٢٠١٨.

مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە دیدی فەیلەسوفی ئیسرائیلی یوڤال نوح هەراری

هەمیشە فەیلەسوفەکان دونیابینینمان بۆ ژیان زیاتر دەکەن، هەربۆیە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان، کارێکی گرنگ و زەروورییە. هەرچەندە زۆرجار فەلسەفە بەوە تاوانبار دەکرێت، کە تەنها کاری نوخبەیە و دوورە لە خەڵکی ئاسایی و پێداویستی رۆژانە، بەڵام من دژی ئەم تێڕوانینەم، چونکە هیچ کاتێک ژیان بەبێ فەلسەفە نەبووەو نابێت.

لە ماوەی پێشوودا لە جیهاندا فەیلەسوفێکی نوێ دەرکەوتووە، کە خاوەنی تێڕوانین و دیدگایەکی تەواو تایبەت و جیاوازە لە فەلسەفە و بیرکردنەوە، ئەویش فەیلەسوفی ئیسرائیلی «یوڤال نوح هەراری «. دەتوانم بڵێم گەنجترین فەیلەسوفی جیهانە و ساڵی ١٩٧٦ لە ئیسرائیل لەدایک بووەو مامۆستایە لە زانکۆی قودس. بەداخەوە لەناو کوردستاندا درەنگ بەرهەمەکانی بە دیدی خوێنەران گەیشتن، هەرچەندە لە جیهاندا

کتێبەکانی ئەم فەیلەسوفە مایەی گرنگی پێدانن بەتایبەتی کتێبەکانی «هۆشمەندەکان و٢١ وانە بۆ سەدەمی نوێ». خۆشبەختانە لەماوەی پێشوودا بەشێک لە کتێبەکانی کراون بە کوردی، یەکێکیش لەو کتێبە جوان و گرنگانەی هەرارری «هۆشەندەکان» کە لە لایەن کارزان کاوسێن کراوە بەکوردی .[١٩٥]

لەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، پێمخۆشبوو چەند دێرێک لەبارەی ئەم بەرهەمە بنووسم، بەو هیوایەی کەمێک زانیاریی بە خوێنەری کورد بدەدم.

مێژووی مرۆڤایەتی لە نیاندەرتاڵەوە تاوەکو مرۆڤی مۆدێرن

تایبەتمەندی ئەم فەیلەسوفە ئەوەیە، شارەزاییەکی ئێجگار باشی لە بارەی مێژووی کۆنی مرۆڤ هەیە، دەتوانم بڵێم پێش ئەوەی فەیلەسوف بێت کەسێکی ئەنترۆپۆلۆژیستە و شارەزاییەکی زۆرباشی لە بارەی مێژووی دروستبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان هەیە، هەر بۆخۆشی مامۆستای بەشی مێژووە لە زانکۆی قودس. ئەمەش هێز و توانای زۆر باشی بەم فەیلەسوفە داوە، تاوەکو شرۆڤەکانی لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی باشتر بێت.

سێ شۆڕشی گرنگ

ئەم کتێبە باسی سێ شۆڕشی مێژوویی گەورە دەکات و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. هەروەکو نووسەر دەڵێت: سێ شۆڕشی گرنگ ڕەوگەی مێژوویان پێکهێنا، نزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی درکپێکردن تەکانی دەستپێکی دایە بەر مێژوو. شۆڕشی کشتووکاڵی پێش ١ هەزار ساڵ گورێکی دایە بەر. دەشێ

١٩٥ یوڤاڵ نوح هەرارری. هۆشمەندەکان، بوختیەک لە مێژووی مرۆڤ. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، کارزان کاوسێن. چاپ و پەخشی ڕێنما. چاپی دووەم. ٢٠٢٠

شۆڕشی زانستی کە تەنیا پێش ٥٠٠ ساڵ کەوتە گەڕ، ئەم کتێبە چیرۆکی چۆنایەتی کاریگەری ئەم سێ شۆڕشە لەسەر مرۆڤەکان و زیندەوەرە هاوەڵەکانیان دەگێڕێتەوە.ل ١٦

لە راستیشدا ئەم کتێبە پیاسەیەکی خێرایە بەناو کۆمەڵێک شۆڕش و داهێنان و رووداوی گرنگ، کە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتییان گۆڕیوە. لەبەرئەوە بۆ من ئەم کتێبە مایەی خۆشحاڵییەکی زۆر بوو، چونکە پێشتر کەمێک زانیاریم لەبارەی ئەم بابەتانەوە هەبوو، بەڵام ئەم کتێبە دووبارە ئەوەی بیرم چووبو بیری هێنامەوەو زانیاری نوێتریشی پێ بەخشیم.

کۆمەڵێک زانیاری گرنگ

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر لەبارەی رووداو قۆناغە مێژوویییە گرنگەکانی مرۆڤایەتییەوە، زانیاریی و داتای زۆر گرنگی کۆکردۆتەوە. ئەمەش هێز و توانای زیاتری بەم فەیلەسوفە و دونیابینی بەخشیوە.

بۆ نموونە دەڵێت: نزیکەی ١,٥ ملیارد ساڵ لەمەوبەر ماددە، وزە، کات و بۆشایی لەو شتەدا کە پێی دەوترێت تەقینەوە گەورەکە هاتە بوون. نزیکەی ٣٠٠ هەزار ساڵ پاش دەرکەوتنیان، ماددە و وزە دەستیانکرد بە تۆپەڵبوون بە شێوەی بونیادی ئاڵۆز کە پێیان وترا گەردیلە. نزیکەی ٣,٨ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لەسەر هەسارەیەک کە پێی دەوترێ زەوی، چەند گەردێک تۆپەڵە بوون بۆ پێکهێنانی بونیادی بەدیاریکراوی گەورە و ئاڵۆزکا و کە پێیان دەوترا زیندەوەرەکان «organisms» چیرۆکی زیندەوەرەکان پێی دەوترێت بایۆلۆژیا. نزیکەی ٧٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرە، زیندەوەرەکانی توخمی مرۆڤە هۆشمەندەکان، بەرەبەرە بوون بە بونیادی چڕوپڕتر کە پێی دەگوترا کەلتور، بەرەو پێشچوونی یەک لە دوای یەکی ئەم کەلتورە مرۆییانە پێی دەوترێت مێژوو. ل ١٥

شۆڕشی کشتوکاڵیی

نووسەر لەم کتێبەیدا پانتایی باشی داوە بە شرۆڤەو قسەکردن لەبارەی شۆڕشی کشتووکاڵییەوە، ئەو پێی وایە : شۆڕشی کشتووکاڵی یەکێکە لە ڕووداوە هەر مشتومڕئامێزەکانی مێژوو، هەندێ لە لایەنگرانی دەڵێن مرۆڤایەتی خستە سەر ڕێگای کامەرانی و پێشڤەچوون، ئەوانی تر جەخت دەکەنەوە لەوەی کە بەرەو هەڵدێری بردووە، ئەوان دەڵێن ئەمە خاڵی وەرچەرخان بوو لەو شوێنەدا کە مرۆڤی هۆشمەند کارلێکی گەرمو گوڕی لەگەڵ سروشت وەستاند و بەرەو چاوچنۆکی و دابڕان پەلی هاویشت.

کوردستان شوێنی لەدایک بوونی شۆرشی کشتوکاڵی و شارستانی

یەکێک لە خاڵە جوانەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، نووسەر لە زۆر شوێندا باسی کوردستان دەکات، کە لە زۆر داهێنانی مێژوویدا ڕۆڵی هەبووە لە هەموشی گرنگتر کە لە کوردستانەوە «شۆڕشی کشتوکاڵی» دروستبووە. ئەمەش هێندەی تر ئەم نووسەرەی لام خۆشەویست کرد، چونکە دوژمنانمان زۆرجار هەوڵیانداوە، مێژووی دێرینان پشێوێنن.

نووسەر پێی وایە لە دەوربەری ٩٥٠٠ بۆ ٨٥٠٠ پێش زایین لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرئاوای ئێران کشتوکاڵ دەستپێکردووە، ل ١٣٠

کە ئەمەش دەکاتە کوردستانی خۆمان، دیارە ئەمەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی مێژوویی .

دواتر دەڵێت: نزیکەی ٩٠٠٠ ساڵ پ.ز. گەنم و بزن ماڵیکران، بازالیا و نیسک نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ پ.ز. ماڵیکرا. زەیتوون لەدەروبەری ٥٠٠٠ پ.ز و ڕەزی تری ٣٥٠٠ .پ.ز هەندێک ئاژەڵی وەکو حوشتر و جەرەسی کاشۆ دواتر ماڵیکراون.

پێشی وایە لە دەوربەری ٣٥٠٠ .پ.ز شەپۆلی سەرەکی ماڵیکردنی کۆتایی پێهاتووە.

بۆچی شۆڕشی کشتووکاڵی لە خۆرئاتی ناڤین ڕوویداوە؟

نووسەر خۆی بەم پرسیارەوە خەریک دەکات و دەڵێت: بۆچی شۆڕشە کشتووکاڵییەکان لە خۆرهەڵاتی ناڤین و چین و ئەمریکای ناوەڕاست بەڵام نەک لە ئوستڕالیا و ئالاسکا یان باشووری ئەفریقا سەریان هەڵدا؟

هەر خۆی وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: هۆکارەکەی سادەیە، زۆربەی تۆخمی ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان ماڵی ناکرێن لەو ناوچانانەدا. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەیانتوانی دوومەڵانی بەتام لە زەوی دەربکەن و مامۆتی توکن ڕاو بکەن، بەڵام دەستەمۆکردنی هەر کامێک لەو تۆخمانە ئەستەم بوو. ڕووەکەکان دووڕە دەست بوون، چوارپێ زەبەلاحەکانیش زۆر درندە بوون لەو شوێنانەدا. لەو هەزاران تۆخمەی کە پێشینانمان ڕاویان کرد و کۆیان کردەوە، تەنیا چەند دانەیەکیان پاڵێورای گونجاو بوون بۆ کشتیاریی و ماڵیکردن. ئەو چەند تۆخمانەش لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا دەژیان و ئەو شوێنانە بوون کە تێیایدا شۆڕشی کشتووکاڵی ڕوویدا. ل ١٣٢

شۆڕشی کشتوکاڵی گەورەترین ساختەکاری مێژوو

بە پێچەوانەی زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندانی جیهانەوە، نوح هەراری بۆچوونێکی تەواو جیاواز و تایبەتی بەرامبەر بە شۆڕشی کشتووکاڵی هەیە، ئەو پێی وایە کە ئەم شۆڕشی کشتووکاڵییە لایەنی نێگەتیفی زۆرتربووە تاوەکو پۆزەتیف.

لەمبارەوە دەڵێت: شۆڕشی کشتوکاڵی گەورەترین ساختەکاری مێژوو بوو، ئەم شۆڕشە ژیانی خەڵکی قوورستر کرد تا ئاسانتر، بۆ نموونە تێکڕای هەر جووتیارێک سەرسەختر لە تێکڕای هەر خۆراک دۆزەرەوەیەک کاری دەکرد و لەبەرامبەریشدا خۆراکی خراپتریشی

دەستدەکەوت.

دواتریش پێی وایە کە شۆڕشی کشتووکاڵی، ئازادی لە مرۆڤەکان سەندۆتەوەو فێری ملکەچی کردوون.

«کێ بەرپرس بوو؟نە پادشاکان، نە قەشەکان، نە بازرگانەکان، تێوەگلاوەکان بریتی بوون لە کۆمەڵە تووخمێکی ڕووەکی، لەوانەش گەنم، برنج، پەتاتە. ئەم ڕووەکانە مرۆڤە هۆشمەندەکانیان دەستەمۆکرد، نەک بە پێچەوانەوە.»

نووسین سیستەمی تۆمارکردنی یادەوەری

خاڵێکی تر کە نووسەر پانتایی باشی لەم کتێبەدا بۆ داناوە قسەکردنە لەبارەی نووسینەوە. لەمەشدا نووسەر بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و پێی وایە نووسین زیاتر داهێنانێکی مرۆڤ بووە بۆ «تۆمارکردن» یادەوەریی و داتاکان. لەهەمانکاتیشدا نووسین لە سەرەتادا بۆ کاروباری بازرگانی بەکارهێنراوە. جگە لەوەش باسی سەرەتای دروستبوونی نووسینی کردووە. نووسەر پێی وایە: نووسین میتۆدێکی پاشەکەوتکردنی زانیارییە لە ڕێگەی نیشانە ماددیەکانەوە. پاشان دەڵێت: سۆمەرییەکان نووسینیان بۆ ئەوە دانەهێنا تا زمانی قسەکردن کۆپی بکەن، بەڵکو زیاتر بۆ کردنی ئەو شتانە بوو کە زمانی قسەکردن نەیتوانی بیانگەیەنێت، ل١٩٧

دواتر نووسەر باسی یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤ دەکات لە بواری نووسیندا دەکات، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە و تاڕادەیەکیش شتێکی نوێ بوو بۆ من، کە یەکەمین دەقی نووسین کە ٥ هەزار پێش زایین دۆزراوەتەوە لەسەردەمی شارستانی سۆمەرییەوەو بە خەتی بزماری نووسراوە، ناوەڕۆکی نووسینەکە باس لە مامەڵەیەکی بچووکی بازرگانی نێوان دوو کەس دەکات، ئەمەش ئەو قسەیەی مارکسم بیردەکەوێتە کە دەڵێت» بازاڕ زمانی دروستکردووە». دواتر نوح حەراریش دەڵێت:

یەکەمین تێکستەکانی مێژوو هیچ تێڕامانێکی فەلسەفی، شیعر، ئەفسانە، یان یاساکان و سەرکەوتنە پادشایەتییەکان ناگرێتە خۆ، بەڵکە ئەمانە دۆکۆمێنتی ئابووریی کڕچوکاڵ، ڕیکۆردی پارە، باج، کەڵەکەبووی قەرزەکان و خاوەندارێتی مولّکین. ل؛ ١٩٦

لە کۆتاییشدا نووسەر پێی وایە کە نووسین بۆتە هۆی پێشخستنی بیرۆکراسی و سیستمی کۆمپیوتەری، کە لە داهاتوودا دەبنە ترسی گەورە بۆ مرۆڤایەتی، لەمبارەیەوە دەڵێت: نووسین وەکو نۆکەری مرۆڤ لەدایک بوو، بەڵام پەیتا پەیتا بووە سەرگەورەی، ئەمەش لەرێگەی کۆمپیوتەرەکانەوە، ل ٢٠٦

سێ هۆکاری گەورە کە مرۆڤایەتییان یەکخست

نووسەر کۆمەڵێک شرۆڤەی ئێجگار جوانی بۆ مێژووی مرۆڤایەتیی کردووە، یەکێکیشیان لەوانە، کە چۆن مرۆڤایەتی لە دەوری یەکتری کۆبوونەوەو پەیوەندییان بە یەکترییەوە کردووە،

لەمبارەیەوە نووسەر دەڵێت: بازرگانەکان، داگیرکاران، پێخەمبەرەکان، یەکەمین کەسانێک بوون کە لە دابەشبوونی دوانەی لە مێژییەنەی»ئێمە و ئەوان» دا پەرینەوەو پێشبینی یەکبوونی مرۆڤایەتیان کرد. بەلای بازرگانەکانەوە سەرانسەری جیهان تاکە بازارێک بوو کە هەموو مرۆڤەکان گونجاو بوون بۆئەوەی ببنە کڕیار. بۆ داگیرکارانیش تەواوی جیهان تاکە ئیمپراتۆریەتێک بوو، هەموو مرۆڤاکانیش گونجاو بوون بۆ ئەوەی ببنە ڕەعیەت. بۆ پێخەمبەرانیش، سەرانسەری جیهان هەڵگری تاکە هەقیقەتێک بوو، هەموو مرۆڤەکانیش گونجاو بوون بۆ ئەوەی ببنە کەسانی باوەڕدار. ل٢٦٠

بەشێکی زۆری کتێبەکەشی بۆ قسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم بابەتە تەرخان کردووە، بەراستی زۆربەی بۆچوونەکانیش مایەی تێڕامان و سەرنجن.

بازرگانی و پارە

نووسەر تیشکی زۆری خستۆتە سەر رۆڵی بازرگانە لە شارستانی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتی لە پێشخستن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان. خاڵی گرنگ یان هۆکاری سەرەکی ئەم پەیوەندییەش «پارەیە»

نووسەر پێی وایە پارە ئامرازێکی گەردوونییە بۆ ئاڵۆگۆڕ کە توانا دەداتە خەڵکی کە بە هەموو شێوەیەک و هەموو شتێک بگۆڕنەوە. ل ٢٧٠

پارە واقیعێکی ماددی نییە، بەڵکو چەمکێکی سایکۆلۆژییە، کە بە گۆڕینی مادده بۆ ئەقڵ کار دەکات، ل ٢٧٢

پارە جیهانیترین و کاراترین متمانەی دوولایەنەیە، تاکو ئێستا داهێنرا بێت.٢٧٣

مێژووی پارە داهێنان

دواتر باسی مێژووی دۆزینەوەی پارە دەکات ئەوەش دووبارە لەناوچەی میزۆپۆتامیا بووە. یەکەمین جۆری پارە بۆ دەوروبەری ٣ هەزار پێش زایین دەگەڕێتەوە لە سەردەمی سۆمەریدا «جۆ» یان وەکو پارە بەکارهێناوە، هەموو شتێک بە «جۆ» فرۆشراوە. یەکەمین سکەی پارەش لە دەوربەری ٦٤٠ پێش زایین کە پادشای ئەلیات یان لیدیا دایهێناوە. ل ٢٧٦

زیان و سوودەکانی پارە

نووسەر بە شێوەیەکی گشتگیرانە لە پرسی پارە دەکۆڵێتەوەو تێیدا سوود و قازانجەکانی ئەم داهێنانەی مرۆڤ باس دەکات. لەبارەی

سوودەکانی پارەوە دەڵێت: پارە لە زمان، دەوڵەت، یاساکان، کۆدە کەلتوورییەکان، باوەڕە ئایینیەکان، خووە کۆمەڵایەتەییەکان، ئەقڵی کراوەترە. پارە تاکە سیستمی متمانەیە لەلایەن مرۆڤەکانەوە دروستکرابێت کە دەتوانێت هەر کەڵێنێکی کەلتوری پڕبکاتەوەو لەسەر بنەمای ئایین، رەگەز، تەمەن، روانگەی سێکسی، جیاکاری ناکات. لەسایەی پارەدا ئەو کەسانەشی کە یەکتر ناناسن و متمانە بە یەکتری ناکەن، دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتر بکەن. ٢٨١

دواتر نووسەر باسی خراپیی و زیانەکانی پارە دەکات بەسەر مرۆڤایەتییەوەو دەڵێت: ئەم پڕەنسیبە بە ڕواڵەت نەرمونیانە دیوێکی تاریکیشی هەیە. کاتێک هەموو شتێک قابیلی گۆڕینەوە بێت و کاتێک متمانە بەندە بە پارەوە، ئەوا پەیوەندی گەرموگوڕ و بەها مرۆییەکان وێران دەکات و بە یاسا ساردەکانی دابینکردن و داوا، شوێنیان پڕ دەکاتەوە، ، ، ، ل٢٨٢

پاشانیش دەڵێت: ئێمە متمانە بە غەریبەکان، دراوسێکانمان ناکەین، ئێمە تەنها متمانە بەو پارەیە دەکەین کە پێیانە، ئەگەر ئەوان پارەیان لێ ببڕێت، ئەوا متمانەمان نامێنێت، لە کاتێکدا پارە شیرازەکانی کۆمەڵ و ئایین و دەوڵەت دادەڕمێنێت، ئەمڕۆ جیهان لەمەترسی ئەوەدایە کە ببێتە بازاڕێکی گەورەی بێ دڵ، ، ، ل ٢٨٣

ئەمەش بە بڕوای من مەترسییەکی گەورەیە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوی زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهان دەبێتەوە.

ئیمپراتۆریەتییەکان

نووسەر لەپاش ڕۆڵی پارە، باس لە گرنگی ڕۆڵی ئیمپراتۆریەتییەکان دەکات لە مێژوودا، لەمەشدا هەڵسەنگاندنی ووردو درشتی بۆ ئەم داهێنانەی مرۆڤ کردووە باس لە مێژوو و سوود و زەرەرەکانی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتییەکان دەکات لە مێژوویی مرۆڤایەتیدا.

یەکەمین ئیمپراتۆریەت لە مێژوودا

نووسەر باس لە دروستبوونی یەکەمین ئیمپراتۆریەت دەکات لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە ئەویش ئیمپراتۆریەتی ئەکەدییە بەسەرۆکایەتی سارگۆنی ئیمپراتۆر لە ناوچەی میزۆپۆتامیادا. کە لە ساڵی ٢٢٥٠ پێش زایین دروستبووە، کە ئەمەش یەکەمین شێوازی ئیمپراتۆیەتی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە لە پاش ئەویش ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشوریی و بابلی و هیتییەکان و دواتریش فارسەکان دێن، هەرهەمووشیان سارگۆنیان وەکو سەرمەشق بۆ خۆیان داناوە. ل٢٩٦

ئیمپراتۆریەت چییە؟

نووسەر هەوڵیداوە پێناسەیەکی وردوودرشت بۆ ئیمپراتۆریەت بکات و بنەما و کۆڵەکە سەرەکییەکانی باس بکات. نووسەر پێی وایە ئیمپراتۆریەت سیستمێکی سیاسییە کە دوو تایبەتمەندی هەیە، یەکەم: دەبێت حوکمی ژمارەیەکی گرنگی گەلانی جیا جیا بکات، کە هەریەکەیان خاوەنی شوناسی کەلتوری جیاواز و لەسەر زەمینێکی جیاواز بژین. دووەم: ئیمپراتۆرەیەتییەکان دەتوانن نەتەوەو سەرزەمینی زۆر و زۆرتر داگیربکەن و بەبێ ئەوەی شوناس یان ستەرەکتووری بنچینەیی بگۆڕن. ل٢٨٨

باشیی و خراپی ئیمپراتۆریەتییەکان

پاشان نووسەر وەکو پێشتر دێت باس لە باشیی و خراپی ئیمپراتۆریەتییەکان دەکات، ئەوی پێی وایە ئیمپراتۆریەتییەکان ئامڕازگەلی ستانداری بریتیی بووە لە جەنگەکان، بەکۆیلەکردن، کۆچی زۆرەملێ، جینۆساید، ل ٢٩٣

دەشڵێت: بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریەتییەکان لەسەر خوێن بونیاد نراون و هێزی خۆیان لە ڕێگەی سەرکوتکردن و جەنگەوە بەرقەرار کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆری کەلتورەکانی ئەمڕۆ، لەسەر بنەمای ئیمپریالییەکان بونیاد نراون. ل ٣٠٨

دواتریش دەڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیمپراتۆریەتەکان لە سەرئەنجامدا هیچ شتێکی بەهادار جێناهێڵن، ڕەتکردنەوەی ئیمپراتۆریەتەکان و نکوڵیکردنیان، بە مانای ڕەفزکردنی بەشی زۆری کەلتوریی مرۆییە، ، ، بەشێکی گرنگی دەستکەوتی کەلتوری مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەکاربردنی دانیشتوانە داگیرکراوەکان، (تاج مەحەل) لە هیندوستان بونیاد نەدەنرا بە بێ سامانی کەڵەکەبوو، بە بەکاربردنی ڕەعییە هیندییەکان لەلایەن مەغۆلەوە، ، ، ل ٢٩٤

پاشانیش باسی خاڵێکی گرنگی تر دەکات کە ئەویش لەناوبردنی گەلانی لاواز و توانەوەیان لەناو بۆتەی ئیمپراتۆرییە گەورەکان و زۆرجاریش لەبیرکردنەوەی مێژووی خۆیان، لەمبارەیەوە دەڵێت: میسرییەکانی ئەمڕۆ بە زمانی عەرەبی دەدوێن، وەکو عەرەب بیر لە خۆیان دەکەنەوەو لە دڵەوە هاوسۆزییان هەیە لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆریەتە عەرەبەی کە لەسەدەی حەوتەمدا میسری داگیرکرد و بە مشتەکۆڵەی ئاسنین ڕاپەڕینە چەندباربوەوەکانی دامرکاندەوە کە لە دژی حوکمی داگیرکەران سەریان هەڵدا، ل٢٩٥ دواتریش دەڵێت: دەوڵەتی هیندوستانی مۆدێرن، منداڵی ئیمپراتۆریەتی بەریتانییە.

ئەمەش پێی دەوترێت لەبیرچوونەوەی بیرەوەری نەتەوە لاوازەکان لەبەرامبەر نەتەوە بەهێزەکان.

ئایین

پاشـان نووسـەر دێتـە سـەر سـێهەمین هـۆکار و ئامـراز کـە هەمـوو مرۆڤایەتـی یەکخسـتەوە، ئەویـش رۆڵـی ئایینـەکان بەتایبەتـی ئایینەکانـی مەسـیحی و ئیسـلام و بـودی و هیندۆسـی.

هـەراری دەڵێـت: ئاییـن سـێهەمین ئامـرازی گـەورەی یەکخسـتنی مرۆڤایەتییـە، لەبەرئـەوەی هەمـوو هـەڕەم و سیسـتمە کۆمەڵایەتییـەکان وێناکـراون، هەموویـان ناسـکن و چەنـدەی کۆمەڵگاکـە گەورەتـر بێـت، ئەوەنـدەش ناسـکترە. ل٣١٦

پاشـان باسـی رۆڵـی گرنگـی ئاییـن دەکات و دەڵێـت: رۆڵـی مێژوویـی گرنگـی ئاییـن ئـەوە بـووە کـە شـەرعیەتی سـوپەر مـرۆڤ بداتـە ئـەم سـترەکتۆرە ناسـکە، ئاییـنەکان جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـە یاسـاکانمان دەرئەنجامـی گۆڕانـی میزاجـی مـرۆڤ نیـن، بەڵکـو دەسـەڵاتێکی رەهـا و بـاڵا ئاڕاستەکراون، ئەمـەش یارمەتیدەرە بـۆ داناناى لانـی کەمـی هەندێک یاسـای بنەڕەتـی و زامنکردنـی سـەقامگیری کۆمەڵایەتـی.

دواتریـش دەڵێـت: ئاییـن دەبێـت تایبەتمەنـدی سـوپەر مرۆڤـی و گەردوونـی هەبێـت، دەبێ سیسـتمێکی سـوپەر مرۆڤـی و گەردوونـی پێڕەو بـکات کـە هەمیشـە و لـە هەمـوو شـوێنکدا راسـتە، ل ٣١٧

شۆڕشی کشتوکاڵی و ئایین

نووسـەر پێی وایە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شۆڕشـی کشـتوکاڵی و ئاییندا هەیـە، لەمبارەیـەوە دەڵێت: پێدەچێت شۆڕشـی کشـتوکاڵی، شۆڕشـی ئایینـی بـەداوادا هاتبێت، ، ، یەکـەم کاریگـەری دینـی شۆڕشـی کشـتوکاڵی، گۆڕینـی ڕووەک و ئـاژەڵ بـووە لـە ئەندامانـی یەکسـانی مێزگردێکـی رۆحییـەوە بـۆ مولـک، ل ٣١٩

مێژووی دروستبوونی ئایینەکان

نووسەر شارەزاییەکی ئێجگار زۆری لەبارەی مێژووی ئایینەکانەوە هەیە بەتایبەتی ئایینەکانی «جوو، مەسیحی، ئیسلام، بودی، هیندۆسی، کۆنفۆشیۆس» هەروەها چۆنێتی دروستبوونی بتپەرستیی و فرە خوایی و بۆ یەکتاپەرستی، هەموو ئەمانەشی لەم کتێبەیدا بە درێژی باسکردووە. یەکەمین فکری ئایینی یەکتاپەرستیش لە میسر ساڵی ٣٥٠٠ پێش زایین لەلایەن فیرعەون ئەخناتون بووە، یەکێک لە خوداوەندە لاوەکییەکانی کۆمەڵە خوداوەندی میسری، خوداوەند ئاتونە، کە هێزی بااڵی فەرمانڕەوایی گەردوونە، ئەمەش سەرەتای بیری یەکتاپەرستی بووە، دواتریش جوو، مەسیحی و ئیسلام پەیدا بوون. ل ٣٢٨

لەلایەکی ترەوە هەراری پێی وایە کە ئایینەکان بەتایبەتی ئایینە یەکتا پەرستییەکان، لە زۆر رووەوە پەیوەندی بەهێزیان بە یەکتریەوە هەیە، لەمبارەیەوە دەڵێت: سەرکەوتنی مەسیحیەت بووە مۆدێلێک بۆ ئاینێکی یەکتاپەرستی تر کە لە سەدەی حەوتەم لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا دەرکەوت، کە ئەویش ئیسلامە، ل ٣٢٩

رەخنەکانی لە فکری ئایینی

نووسەر کەسێکی سیکولارە، لەم کتێبە و لە کتێبەکانی تریشدا بەشێوەیەکی سیکولارانە و زانستییانە بیر دەکاتەوە، بۆیە زۆرجار رەخنە لە جۆری بیرکردنەوەی ئایینی دەگرێت، نووسەر لەپەنا لایەنە باشەکانی ئایینداا کە هەوڵیان بۆ یەکخستنی مرۆڤایەتی داوە، بەاڵم لەهەمانکاتیشدا باسی ئەو جەنگە خوێناویانە دەکات کە بەهۆی ئایینەوە بەرپابوون، لەمبارەیەوە دەڵێت: ڕۆمە فرە خواگەراکان زیاتر لە چەند هەزار مەسیحییان نەکوشتووە، کەچی بە درێژایی ١٥٠٠ ساڵی دواتر،

مەسیحییەکان بە ملیۆنان مەسیحی و خەڵکی تریان کوشتووە بۆ بەرگریکردن لە تەفسیری جیاوازی ئایینی.٣٢٦

ئایینی مرۆڤ پەرستن

لە پاش باسکردنی ئایینە ئاسمانیەکان، نووسەر پێی وایە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنیسانس، مرۆڤ دەبێتە چەقی بیرکردنەوەو بایەخی هەموو بیرو باوەڕەکان، ئەمەش ئەو ناوی لێناوە «پەرستنی مرۆڤ»

نووسەر دەڵێت: ئەگەر ئایین سیستمێکی ڕێسا و بەها مرۆییەکان بێت کە لەسەر بنەمای باوەڕ بە سیستمی سوپەر مرۆڤ بونیاد نراوە، ئەوا کۆمۆنیزمی سۆڤێتی بە بەروارد بە ئیسلام لە ئایین کەمتر نییە. ئایینە باوەڕدارەکان تەرکیز دەکەنە سەر پەرستنی خوداکان، ئایینە هومانیستەکان، مرۆڤایەتی دەپەرستن یان دروستر بڵێین مرۆڤە هۆشمەندەکان دەپەرستن. ل ٣٤٤

دواتریش دەڵێت: هەموو هومانیستەکان مرۆڤایەتی دەپەرستن، بەڵام لەسەر پێناسەکەی کۆک نین. هومانیزم بەسەر سێ ڕێبازی رکابەردا دابەش بووە. یەکەمیان هومانیزمی لیبڕاڵ. دووەمیان هومانیزمی سۆسیالیستی. سێهەمیان هومانیزمی نازیەت یان فاشیەت.ل٣٤٧

نووسەر بەدرێژی باسی ئەم سێ قوتابخانە فکرییە دەکات و خاڵی هاوبەش و جیاوازیی نێوان دەردەخات و دواتریش سەرنج و تێبینی خۆی لەبارەی هەرسێکیانەوە نووسیوە.

مێژوو

کتێبەکە پانۆرامایەکی درێژە بەناو مێژووی مرۆڤایەتی، لە شارستانییە کۆنەکانەوە هەتاوەکو ئەمڕۆ نووسەر قسەی لەبارەوە کردووە. نووسەر پێی وایە: مێژوو ناتوانرێ بەشێوەی حەتمیگەرایی ڕوون بکرێتەوەو ناکرێ پێشبینی بکرێ چونکە پشێوییە. هێزگەلێکی زۆر لە کایەکەدان

و کارلێکەکانیان ئەوەندە ئاڵۆزە کە گۆڕانی تەواو بچوک لە توانای هێزەکان و شێوازی کارلێکردنیاندا، جیاوازی گەورە لە دەرئەنجامەکاندا بەرهەم دەهێنن. بۆ نموونە لە ساڵی ٦٠٠ زایینداا، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە باندێکی عەرەبی بیابانشین بەزوویی پانتاییەکی درێژبووەوە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیەوە بۆ هیندوستان داگیربکەن. لەراستیدا ئەگەر سوپای بێزەنتی بیتوانیبایە بەرپەرچی هێرشە سەرەتاییەکە بداتەوە، ئەوا لەوانە بوو ئیسلام هەروەکو بیروباوەرێکی تەماوی بمایەتەوەو تەنیا چەند کەسێکی خاوەن زانیاری لێی بەئاگا بوونایە.

دواتریش دەڵێت: بە پێچەوانەی فیزیا یان ئابووریییەوە، مێژوو ئامڕازێک نییە بۆ ئەنجامدانی پشبینی دەقاودەق. ئێمە تاووتوێی مێژوو دەکەین نەک بۆ زانینی ئایندە، بەڵکو بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانمان.ل٣٦٣

شۆڕشی زانستی

نووسەر لە بەشەکانی دواییدا باسی سەرکەوتنەکانی مرۆڤ دەکات لە بواری شۆڕشی زانستیدا، ئەو پێی وایە ئەم شۆڕشە لە پاش ساڵی ١٥٠٠ەوە دەستپێکردووەو هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە. نووسەر پێی وایە سەرەتا هەموو داهێنانێکی زانستی بە چەکی «ئیگنۆرامۆس» دەستپێدەکات کە مانای «نازانین» ە. پێشی وایە زانست لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد نراوە. دەشڵێت: شۆڕشی زانستی شۆڕشێکی زانین نەبووە، لەسەروو هەمووبەوە شۆڕشێکی نەزانی بووە. ئەو دۆزینەوە گەورەیەی کە بووە هۆی شۆڕشی زانستی، ئەو دۆزینەوەیە بوو کە مرۆڤەکان وەڵامەکانی پرسیارە هەر گرنگەکان نازانن. ل . ٣٧٧ . ئامادەیی داننان بە نەزانی، زانستی مۆدێرنی لە هەر نەریتێکی پێشووی زانین دینامیکیتر و فراوانتر کردووە.

زانست و دەسەڵات

لەبەشێکی تردا نووسەر باسی پەیوەندی ریشەیی و توندوتۆڵی نێوان زانست و دەسەڵات دەکات، لەهەمانکاتیشدا چۆن زانست رۆڵی لە بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەتییەکان و هەڵگیرساندنی جەنگدا هەبوو، لەهەمانکاتیشدا چۆن زانست رۆڵی بەرچاوی لە جەنگەکاندا هەبووە هەتاوەکو ئەمڕۆ. ئەو یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەورووپا بەسەر جیهاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە دەسەڵاتی زانستی خۆی پێشخت.

شۆڕشی پیشەسازی

نووسەر بە درێژی باسی هۆکاری دروستبوونی و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی دەکات، لەهەمانکاتیشدا بە رووڕی شیدەکاتەوە بۆچی ئەم شۆڕشە لە بەریتانیا سەریهەڵداو لە شوێنەکانی تردا سەری هەڵنەدا. ئەو پێی وایە شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشێک بووە لە وەرگۆڕینی وزەدا. لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت:شۆڕشی پیشەسازی، پێش هەموو شتێک دووەم شۆڕشی کشتوکاڵی بوو، چونکە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بوونە بناغەی کشتوکاڵ، رووەکەکان و گیانلەبەران بە میکانیکی کرا.

رەخنە لە مۆدێرنە

نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا رەخنەی تووند لە مۆدێرنە دەگرێت، بەتایبەتی لە شێوازی بەخێوکردنی گیانلەبەران و پێی وایە مرۆڤ بە درندەترین شێوە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکان دەکات و جینۆسایدیان دەکات. هەروەها مەترسی ژینگە پیسبوون و زاڵبوونی تەکنەلۆژیا بەسەر

مرۆڤدا، دەبێتە ترسێکی گەورە کە رووبەروی مرۆڤایەتی دەبێتەوە.

هەراری دەڵێت: وێرای ئەو شتە سەرسوورهێنەرانەی مرۆڤەکان دەتوانن بیکەن، ئێمە هەر نادڵنیا دەبین لە ئامانجەکانمان و پێدەچێ وەکو هەمیشە نابەدڵ و ناڕازی بین... ئێمە لە بەلەمی تەختەی سادەوە گەیشتینە بەلەمی چارۆکەدار و لەوێوە بۆ کەشتی هەڵمی و کەشتی ئاسمانی، بەڵام کەس نازانێت ئاخۆ ئێمە بەرەو کوێ ڕێدەکەین، ئێمە لە هەر کاتێکی تر بەهێزترین، بەڵام بیرۆکەیەکی وەهامان نییە لەبارەی ئەوەی چی لەو هەموو هێزە بکەین، لەهەمووشی خراپتر پێدەچی مرۆڤەکان لەهەر کاتێکی تر نابەرپرستر بن، ، ل ٦٣٠

چەند سەرنجێک

بەدڵنیاییەوە ئەم کتێبە بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە دەردەخات، بەشێکی زۆری بۆچوونەکانی مایەی بایەخ و گرنگی پێدانم بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپاش خوێندنەوەی کۆمەڵێک سەرنج و تێبینیم لا دروست بوو، لێرەدا پێمخۆشە باسی هەندێکیان بکەم.

پێش هەموو شتێک جیاوازی ئەم فەیلەسوفە لە چاو فەیلەسوفانی تری مۆدێرندا ئەوەیە، کە شارەزاییەکی ئێجگار زۆری لەبارەی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەیە، خۆشی لەم بوارەدا پسپۆرە، ئەمەش بەرچاوروونی و دونیا بینی فراوانتر کردووە، چونکە چەندە لە مێژووی مرۆڤایەتی شارەزا بیت، هێندەش باشتر دەتوانیت دونیای ئەمڕۆ بخوێنیتەوە و پێشبینیش بۆ دوارۆژ بکەیت، هەرچەندە ئەم فەیلەسوفە پێی وایە، پێشبینیکرد بۆ داهاتوو، کارێکی ئەستەمە بەتایبەتی لەمڕۆدا. راستە فەیلەسوفانی پێش ئەو لە مێژوودا شارەزابوون لەوانە هیگل و مارکس و ڕۆسۆ و فۆکۆیاما و زۆری تر، بەڵام ئەم هەوڵیداوە جگە لە شارەزایی خۆی لە مێژوویی کۆنی مرۆڤ، سوود لە هەوڵی ئەنترۆپۆلیژستەکانی تر بکات و بەرهەمی ئەوانیش بۆ خۆی بەکاربهێنێت.

خاڵێکی گرنگی تریش پەیوەندی بە کاریگەری گەورەی کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسوفی جیهانی بەسەر هەرارییەوە هەیە، بەتایبەتی «ئەریک فرۆم، مارکس، شۆپنهاوەر، بێرتراند راسڵ، لیڤی شتراوس، فۆکۆیاما»

بۆ نموونە کاتێک باسی خراپی کۆمەڵگەی مۆدێرن و بەرخۆر دەکات، پێش سەد ساڵێک دەبێت کە ئەریک فرۆم باسی مەترسی ئەم کێشانەی کردووە. کاتێکیش باسی پەیوەندی نیوان دەوڵەت و جەنگ دەکات، پێش ئەویش هەریەک لە مارکس و فۆکۆیاما باسی ئەمەیان کردووە، مارکس پێی وابوو کە جەنگ بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستمی سەرمایەداری. فۆکۆیاماش پێی وایە کە جەنگ هۆکاری سەرەکی دروستبوونی دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتەکان بووە.

لەرووی کاریگەری ئەفسانەشەوە پێشتر کۆمەڵێک فەیلەسوفی جیهان لەپێش هەموویانەوە کلۆد لیڤی شتراوس، باسی کاریگەری گەورەی ئەفسانەی بەسەر مرۆڤایەتییەوە کردووە. . کاتێکیش باسی کاریگەری کەلتووری داگیرکەران بەسەر وڵاتی داگیرکراوەوە دەکات، ڕێک هەمان بۆچوونی فەیلەسوفی ئەمریکی- فەلەستینی ئێدوارد سەعید دووبارە دەکاتەوە کە لە کتێبی «ئیمپریالیزم و کەلتور» باسی کاریگەریی دەوڵەتە بەهێزەکان بەسەر لاوازەکاندا دەکات.

لەکاتی باسکردنی خۆشبەختیدا ئەو پێی وایە کە خۆشبەختی پێش هەموشتێک پەیوەندی بە ناخی تاکەوە هەیە، هەروەها ژیانکردنە لەو ساتە واقعییەی کە تێیدا دەژی. ئەمەش هەمان بۆچوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی شۆپنهاوەرە کە پێش سەد ساڵێک دەبێت لە بەرهەمەکانیدا باسی کردووە. جگەلەوەش پێش ئەویش هەرچی عاریفی ڕۆژهەڵاتیش هەیە، باسی ئەوەیان کردووە کە سەرچاوەی هەموو خۆشبەختییەک ناخی مرۆڤ خۆیەتی.

لە رووی دەسەڵاتی زانستیشەوە، بەهەمانشیوە پێشتر بێرنارد راسڵ لەکتێبی دەسەڵات و تاکدا باسیکردووە. جگە لەمانە کاریگەری کۆمەڵێک

بیرمەندی تری بەسەرەوە دیارە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر بەهیچ شێوەیەک ئەمە لە نووسینەکانیدا باس ناکات.

دوا قسە

بەدڵنیاییەوە یوڤاڵ نوح هەراری لەم کتێبەدا کۆمەڵێک زانیاریی و بۆچوونی نوێی پێشکەش بە خوێنەران کردووە، گەشتێکی خێراشی بە مێژووی کۆنی مرۆڤدا کردووە، لەهەمانکاتیشدا هەوڵیداوە تێگەیشتنێکی واقعییانە بۆ دونیای ئەمڕۆمان بکات و لەکێشەکانی مرۆڤایەتی باشتر تێبگەین. لەهەمووشی گرنگتر لە ئێستادا هەراری بە یەکێک لە فەیلەسوفە ناودارەکانی جیهان دادەنرێت و بەرهەمەکانی مایەی گرنگی پێدانن، هەربۆیە پێویستە ئێمەش ئاگاداری فکری ئەم فەیلەسوفە مۆدێرنە بین.

کێشەکانی مرۆڤایەتی
لە دیدی فەیلەسوفی ئیسرائیلی
یووڤاڵ نوح هەراری – یەوە

لە بەشی پێشوودا لەبارەی فەیلەسوفی ئیسرائیلی یووڤال نوح هەراری، باسمان لە کتێبی «هۆشمەندەکان» کرد، لەم وتارەشدا باس لە کتێبێکی گرنگی تری ئەم فەیلەسوفە دەکەم کە ئەویش» ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١»[١٩٦] . ئەم کتێبەشی بە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی دەژمێرێت و وەکو کتێبەکانی تری، لێوانلێوە لە زانیاریی و شیکاریی جوان، لەهەمانکاتیشدا هەوڵێداوە تیشک بخاتە سەر ئەو کێشە گەورانەی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مۆدێرنی مرۆڤایەتی بەدەستییەوە دەنالێنێت. هەروەها رەخنەکانی خۆی لە سیستەمە سیاسییەکانی جیهان دەگرێت، لە پێش هەمووشیانەوە دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەمەش بۆ من مایەی سەرنج و گرنگی پێدان بوو، چونکە ئەم فەیلەسوفە بە عەقڵیەتێکی ناسیۆنالیستی و تەسکەوە سەیری وڵاتەکەیی و جیهان ناکات، هەر ئەمەش وایکردووە کە خاوەنی دونیابینییەکی فراوان بێت و لەناو جیهانیشدا کاروبەرهەمەکانی مایەی گرنگی پێدان بن.

وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

هەراری لەم کتێبەیدا هەوڵێداوە باس لە کۆمەڵێک کێشەی گەورە بکات لەوانە: پیسبوونی ژینگە، زاڵبوونی تەکنۆلۆژیا بەسەر مرۆڤدا، تیرۆر، جەنگ و پشێویی، بەهێزبوونی بزووتنەوەی توندڕەوی ئایینی

١٩٦ یووڤاڵ نووح هەراری. ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١ . وەرگێڕانی: ئاری رەشید. دەزگای جەمال عیرفان. سلێمانی. ٢٠٢٠

و نەتەوەیی، حکومەتی گەندەڵی. لەهەمانکاتیشدا وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیار کە لە کتێبەکانی پێشوویدا لەلایەن خەڵکییەوە لێیکراوە.

سێ هەڕەشەی گەورە

بە بڕوای هەراری ئەمڕۆ مرۆڤایەتی رووبەڕوی سێ کێشەی گەورە دەبێتەوە کە ئەوانیش بریتین لە : جەنگی ناوکی، تێکچوونی ژینگە و دابڕانی تەکنۆلۆژی. هەراری دەڵێت: ئەم سییانە هەڕەشەن بۆ سەر داهاتووی شارستانی مرۆیی، بەڵام هەرسێکیشیان پێکەوە قەیرانێکی بێوێنەیی و وجودی دروست دەکەن، بەتایبەتی لەو سۆنگەیەوە کە دەتوانن یەکتر بەهێزتر بکەن و ئاوێتەی یەکتر ببن.

چیرۆکی سەدەیەکی نوێ

هەراری پێی وایە هەر قۆناغە و خاوەنی چیرۆکێکی خۆیەتی لە داهێنان و گەشەکردن، لەوانە چیرۆکی شۆڕشی کشتوکاڵی، شۆڕشی پیشەسازی. هەراری دەڵێت: ئێمە لەبەردەم ئەرکی داهێنانی چیرۆکێکی نوێداین بۆ جیهان، رێک بەهەمانشێوە کە شۆڕشی پیشەسازی بووە هۆکاری دەرکەوتنی ئایدۆلۆژیاکانی سەدەی بیستەم، شۆڕشی داهاتووش لە زیندە – تەکنۆلۆژیا و تەکنۆلۆژیای زانیاریدا پێویستی بە جیهانبینینی نوێتر هەیە.ل٤٣

پێکهێنانی مۆدێلێکی سیاسی نوێ

هەراری پێی وایە هەر قۆناغە فۆرمێکی فکری تایبەت بە خۆی هەڵدەگرێت، بۆ قۆناغی داهاتووش، داوای مۆدێلی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ دەکات. لەمبارەیەوە دەڵێت: پێویستە یەکەمین کاری دەیەکانی داهاتوو بریتی بێت لە گەڕانێکی ورد بە دەروونداو و پێکهێنانی مۆدێلێکی

کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ، بەجۆرێک ئەو دەیەیە بەوە بناسرێتەوە.
هەراری پێی وایە لە ئێستادا مۆدێلی لیبڕاڵی کە لە بەشێکی زۆری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، کێشەی گەورەی هەیە.

لیبڕالیزم

نووسەر پانتایی باش بۆ قسەکردن لەبارەی لیبڕاڵیزم و کێشەکانی ئێستای داناوە. هەراری دەڵێت: چیرۆکی لیبڕاڵ، ئازادی مرۆڤ وەکو بەهای ژمارەیەک دەناسێنێت، باوەڕی وایە لە کۆتاییدا هەموو دەسەڵاتەکان لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرن و ئەو «ئازادییە» لە هەست و حەز و هەڵبژاردنەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. لیبڕاڵیزم بڕوای وایە دەنگدەران لە هەموو کەسێک زیاتر تێدەگەن و هەرلەبەرئەمەشە کە هەڵبژاردنی ئازاد بەرز دەنرخێنێت.ل٩١
خاڵی نوێ بەلای منەوە، بۆچوونی هەراریە لەبارەی هەڵبژاردنەوە ئەو پێی وایە: هەڵبژاردن و گشتپرسییەکان پێوەندییان بەوەوە نییە کە ئێمە چۆن بیردەکەینەوە، بەڵکو پێوەندیییان بەوەوە هەیە کە ئێمە چۆن هەست دەکەین و هەستمان چۆنە؟ل٩٣

کێشەکانی لیبرالیزم

نووسەر پێی وایە سیستمی لیبڕاڵیزم لە کێشەی قوولّدایە و لەمبارەیەوە دەڵێت: مێژوو وەکو هەمیشە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەرگەڕا و ئێستا لیبڕالیزم پاش داروخانی فاشیزم و کۆمۆنیزم، لەبارودۆخێکی دژوار دایە .
دواتریش دەڵێت: لیبڕالیزم ڕەوایی خۆی لە دەست دەدات و شۆڕشە دوانییەکانی «تەکنۆلۆژیای زانیاریی و بایۆتەکنۆلۆژی» دەستوپەنچە لەگەڵ گەورەترین ئاڵنگارییدا کە جۆرەکەمان تا ئێستا بەخۆیەوە بینیبێت، نەرم دەکەن.

کێشە گەورەکانی کە رووبەروی لیبرالیزم و مرۆڤایەتی دەبێتەوە

دواتر نووسەر باس لەو کێشە گەورانە دەکات کە سیستمی لیبڕاڵی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمڕۆماندا رووبەروی دەبنەوەو دەڵێت: تێکەڵبوون و یەککرتنی ئەم دوو تەکنۆلۆژیایە بە زوویی دەتوانێت ملیۆنان مرۆڤ لە بازاڕی کاردا بکاتە دەرەوەو شۆڕین بە بونیادی ئازادی و یەکسانی لێژ بکات. داتا ئۆلگۆریتمە گەورەکان دەتوانن دیکتاتۆریەتی ژمارەکان دروست بکەن و هەموو دەسەڵات و هێزەکان لە دەستی ژمارەیەکی کەمی بژاردەدا کۆببنەوە، لەکاتێکدا زۆرینەی خەڵکی نەک تەنها ئازار لەبەکارهێنان دەبینن، بەڵکو ئازار لە شتێکی خراپتر لەبەکارهێنانیان دەبینن، ئەویش ئازارە لە نا پێویستی.ل ١٤

دواتریش دەڵێت: سیستمی لیبڕاڵیزم لەسەردەمی پیشەسازیدا شکلی گرت بۆ ئەوەی جیهانێک لە مەکینە هەڵمینەکان و پاڵاوگە نەوتییەکان و تەلەفزیۆنەکان ببات بەرێوە، بۆیە زۆر گرانە بتوانێت رووبەروی شۆڕشەکانی تەکنۆلۆژیا زانیاریی و زیندە تەکنۆلۆژیا ببێتەوە، چونکە راستییەکەی لیبڕاڵیزم بۆ وەها دونیاییەک دروست نەبووە، ل٢٦

دواتریش بە درێژی باسی ئەو کێشانە دەکات کە رووبەروی سیستمی لیبڕالیزم دەبنەوە لە پێش هەموویانەوە بێکاریی و نایەکسانی.

کار

بابەتێکی گرنگی تر کە پانتایی باشی لەم کتێبەدا داگیرکردووە، مەسەلەی لەدەستدانی «کار»ە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە. نووسەر پێی وایە ئەگەری زۆری هەیە گەر رەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، مرۆڤایەتی رووربەروی قەیرانی گەورە بێتەوە. پێشی وایە، مرۆڤی نوێ بەشێوەیەکی ترسناک پشت بە تەکنۆلۆژیا دەبەستێت لە هەموو بوارەکانی ژیان» کارکردن، تەندروستی، هاتوچۆ، خواردن،

هەڵبـژاردن، شـتکڕین، » هـەر ئەمـەش وادەکات کـە هـەراری «مرۆڤـی نـوێ، بـە «مرۆڤێکی هاندیکەپ، کەمئەندام» ناوبەرێت، چونکە لـە ئێستادا مـرۆڤ بەشـێوەیەکی زۆر پشـت بـە تەکنۆلۆژیـا دەبەسـتێت و کەمتر پشـت بەخـۆی دەبەسـتێت»

لەمبارەیـەوە دەڵێت: ئەگـەری هەیـە شۆڕشـی تەکنۆلۆژیـا بـە زوویـی ملیـاران کـەس لـە بازاڕەکانـی کاردا بکاتـە دەرەوە، چینێکـی گـەورەی بێبەرهـەم بهێنێتـە ئـاراوە و ببێتـە هـۆی سـەرچاوەی وەهـا هەڵچوونێکـی کۆمەڵایەتی و سیاسـی، کـە هیـچ ئایدۆلۆژیاییـەک نەتوانێت رایبگرێت. ل ٤٥

هـەراری دەڵێت: رەنگـە داهاتـووی زۆرێـک لـە خەڵکـی هاوشـێوەی داهاتـووی شـۆفێرانی گالیسـکەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم نەبێت، کـە دواتـر بـوون بـە شـۆفێری تەکسـی، بەڵکـو هاوشـێوەی ئەسـپەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم بێت، کـە بـە شـێوەیەکی هەڵکشـاو هەرهەموویـان لـە بـازاڕی کار کرانـە دەرەوە. ل٦٧

ترس لە تەکنۆلۆژیا

بابەتێکـی تـر کـە پانتایـی گـەورە لـەم کتێبـەدا داگیـر دەکات ترسـە لـە گەشەسـەندنی تەکنۆلۆژیـا، دیـارە ئـەم ترسـەش پێشـتر مایـەی سـەرنج و شـرۆڤەی زۆر بیرمەنـدی تـر بـووە، بـەڵام هـەراری خاوەنـی تێروانینـی خۆیەتـی. لـە هەمـووی گرنگتر نووسـەر باس لـەو پشتبەسـتنە زۆرە دەکات، کـە مرۆڤـی ئەمـڕۆ بـە تەکەنۆلۆژیـا دەیبەسـتێت. ئـەو ئەمـەی ناونـاوە «ژیـری دەسـتکرد» . لەمبارەیـەوە دەڵێت: کاتێک ژیـری دەسـتکرد بتوانێت لـە بـارەی پیشـە، یـان تەنانـەت پەیوەندییەکانـەوە لـە ئێمـە باشـتر بڕیـار بـدات، ئـەوا پێویسـتە تێگەیشـتمان لەبـارەی مـرۆڤ و ژیانـەوە بگۆڕێـت.

دواتریش زیاتـر دەڕوات و دەڵێت: کاتێک دەسـەڵات لـە مرۆڤەکانەوە بۆ ئۆلگۆریتمـەکان دەگوازرێتـەوە، ئـەوا چیدی ناتوانین دونیـا وەکـو شـوێنێک بـۆ بڕیاردانـی دروسـت لەلایـەن مرۆڤـە سـەربەخۆکانەوە تەماشـا بکەیـن،

لەبری ئەوە پێویستە وەکو شەپۆلێک لە داتا و زانیاری تەماشای کۆی گەردوون بکەین.

دیارە ئەم پشت بەستنە بەتەکنۆلۆژیا بەرەو ترسێکی ترمان دەبات، کە ئەویش سەپاندنی سیستمی دیکتاتۆریەتە.

دیکتاتۆری و تەکنۆلۆژیا

هیچ کاتێک نەمدەزانی هێندە پەیوەندی نێوان سیستمی دیکتاتۆریی و تەکنۆلۆژیا بەهێزە، نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەهێزبوونی تەکنۆلۆژیا، تەمەنی سیستمە دیکتاتۆرییەکان زیاتر و زیاتر دەکات.

نووسەر دەڵێت: کاتێک ئۆلگۆریتمەکان زۆر بە باشی هەموو شتێکمان لەبارەوە بزانن، ئەوا دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەهایان بەسەر هاوڵاتییەکانی خۆیاندا هەبێت، تەنانەت زیاتر لە ئەڵمانیای نازی و بەرگرییکردن لە بەرانبەر وەها سیستمێکدا کارێکی نەکردەیە. رژێمی دەسەڵاتدار نەک تەنها بە وردی دەزانێت چ هەستێکت هەیە، بەڵکو وا دەکات بەو شێوەیە هەست بکەیت کە ئەو دەیەوێت.ل ١٢٩

جگە لە سیستمە دیکتاتۆرەکان، نووسەر باسی هەژموونی بەهێزی کۆمپانیا گەورەکانیش دەکات و پێی وایە هەژموونی ئەوانیش بەهۆی پشت بەستنی زۆرمان بە تەکنۆلۆژیاوە دەمێنێتەوە، بگرە بەهێزتریش دەبێت.

هەتا زانیاری زیاتر و زیاتر لە جەستە و میشکتانەوە لە لایەن وەرگرەکانی بایۆمەتریەوە بۆ ئامێرە ژیرەکان بگوازرێتەوە، ئەوا کۆمپانیا و دامەزراوە حکومییەکان ئاسانتر دەتوانن بتانناسن و بەکارتانبهێنن و لەبری خۆتان بڕیارتان بۆ بدەن.

ترس لە گوگڵ و ئینتەرنێت

لەئێستادا کەم کەس هەیە رۆژانە یان هەفتانە ئینتەرنێت یان سایتی گوگڵ نەکاتەوەو بە دوای زانیارییەک یان بابەتێک نەگەڕێت. لە هیچ سەردەمێکیشدا شتی وا نەبووە، کە مرۆڤایەتی بۆ دەستگەیشتن بە زانیاریی، پشت بە ئامێرێکی تەکنۆلۆژی ببەستێت. ئەم مەسەلەیە دەبێتە ترسێکی گەورە لای نووسەر و قسەی زۆری لەبارەوە دەکات و دەڵێت:

گوگڵ دەیەوێت بگاتە خاڵێک کە بتوانین هەموو پرسیارێکی لێبکەین و ئەویش باشترین وەڵامی دونیامان دەست بخات.

دواتریش دەڵێت: رەنگە مرۆڤ و ئامێرەکان بەشێوەیەک تێهەڵکێشی یەکتر بن، کە ئەگەر مرۆڤەکان پەیوەندییان لەگەڵ تۆڕی ئینتەرنێتدا ببچڕێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەک نەتوانن بمێننەوە،

جەنگی زانیاریی

دواتر نووسەر باس لە یەکێک لە جەنگە شاراوەو گەرمەکانی نێوان کۆمپانیا و زلهێزە جیهانییەکان دەکات، کە ئەویش جەنگی کۆکردنەوەی زانیارییە. لەمبارەیەوە دەڵێت: پێشبڕکێ بۆ خاوەندارێتی زانیاری هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردووەو لەلایەن ناوەندە زەبەلاحە زانیارییەکانی وەکو «گوگڵ، فەیسبووک، بایدو «بەڕێوە دەبرێت. ئەوان بە دابینکردنی زانیاری خۆڕایی، خزمەتگوزاری و بابەتگەلی سەرگەرمی، سەرنجمان رادەکێشن و پاشان بە ناوەندەکانی پەخش و ڕیکلام دەیفرۆشنەوە.

هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی تر کە ئەویش نایەکسانییە.

نایەکسانی

بابەتی «نایەکسانی» مایەی گرنگی پێدانی تەواوی فەیلەسوفان و بیرمەندانی جیهان بووە، هەراریش پانتایی باش بەم بابەتەی داوە، قسەو باسی زۆرەوە لە بارەوە کردووە، لەهەمانکاتیشدا نووسەر گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی نایەکسانی و دواتریش باسی رەوشی ئێستای نایەکسانی دەکات.

هەراری دەڵێت: نایەکسانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین، سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا گرووپی راوچی «خۆراکخۆرەکان» هەندێک لە ئەندامەکانیان لە گۆڕی رازاوەو گرانبەها دفن دەکرد و پڕیان دەکرد لە مووری عاج، بازن.، خشڵ و بابەتی هونەری، لەکاتێکدا ئەندامانی دیکە دەبوو لە چاڵێکی رووتی زەویدا دفن بکرێن.

دواتریش دەڵێت: سامان پێشمەرجی نایەکسانی درێژماوەیە. لەپاش شۆڕشی کشتوکاڵی، سامان چەند هێندە زیادییکرد، ئەوەندەش هاوڕێ بوو لەگەڵ نایەکسانیدا. کاتێک مرۆڤەکان خاوەندارێتی زەوی و ئاژەڵ و دەرەخت و ئامڕازەکانیان بەدەستهێنا، هیرارکیەتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز دروستبوو، کە تێیدا بژاردەیەکی بچووک نەوە لە دوای نەوە، زۆرینەی سامان و دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد. ل١٣٩

دواتریش دەڵێت: بەدڵنیاییەوە جیهانگیری سوودی بە بەشێکی گەورەی مرۆڤایەتی گەیاندووە، بەڵام نیشانەکانی گەورەبوونی نایەکسانی لە نێوان کۆمەڵگە و کۆمەڵگەکانیشدا دەبینرێت. لەئێستادا لە سەدا یەکی دەوڵەمەندترینەکان، خاوەنی نیوەی سامانی جیهانن. لەوەش مەترسییدارتر ئەوەیە کە سامانی سەد کەس لە دەوڵەمەندترین کەسەکان، لەسامانی زیاتر لە چوار ملیارد هەژارترین کەسەکان زیاترە.

دواتر پێشبینی خراپبوونی رەوشەکە دەکات و دەڵێت: رەنگە لە سەدا یەکی دەوڵەمەنترینەکان لە ساڵی ٢١٠٠ دا، نەک تەنها خاوەنی زۆرینەی

سامانی جیهان بن، بەڵکو زۆرینەی جوانییەکانی جیهان و داهێنان و تەندروستیش بن.

ناسیۆنالیزم

هەراری لەم کتێبەیدا زۆر دژی بیری تەسکی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوە دەوەستێتەوەو پێی وایە، کە ئەمانە نەک ناتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن، بەڵکە خۆشیان لە ئاکامدا دەبنە کێشەی گەورە بۆ مرۆڤایەتی.

دژی ناسیۆنالیستەکان دەوەستێتەوەو دەڵێت: شەپۆلی ناسیۆنالیستی لە سەرەتاسەری دونیادا ناتوانێت کات بۆ ساڵی ١٩٣٩یان ١٩١٤ بگەڕێنێتەوە.تەکنۆلۆژیا بە دروستکردنی کۆمەڵە هەڕەشەیەکی جددی جیهانی، هەموو شتێکی گۆڕیوە، بەشێوەیەک کە هیچ نەتەوەیەک بە تەنیایی ناتوانێت رووبەرویان بێتەوە، ل٢١٤

دواتر دەڵێت: هیچ یەکێک لەو هەزاران چیرۆکەی کە کەلتورە جیاوازەکان و ئایین و خێڵەکان بە درێژایی مێژوو دایانهێناوە، راستەقینە نین و هەموویان تەنها کۆمەڵە داهێنراوێکی مرۆیین. ل٤٤٢

دەشڵێت: گەڕانی زۆرینەی مرۆڤەکان بە دوای شوناسدا هاوشێوەی گەڕانی منداڵەکانە بە دوای گەنجینەدا، ئەوان تەنها ئەو شتە دەدۆزنەوە کە دایکوباوکیان پێشتر لەبەرچاویاندا شاردوویانەتەوە. ل٤٤٣

تێڕوانینی گەردوونیانە

هەراری دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە هیچ کاتێک ناتوانین لەناو بۆتەی نەتەوەیەکدا، چارەسەری کێشە گەردوونیەکان بکەین.

لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت هەڵبژاردنێکی عاقڵانە لەبارەی داهاتووی ژیانەوە بکەین، ئەوا پێویستە ڕوانگەی ناسیۆنالیستی تێپەڕێنین و لە دیدگایەکی جیهانی و تەنانەت گەردوونییەوە سەیری

شـتەکان بکەیـن.

رۆڵی ئایین

دواتر نووسـەر دێتـە سـەر باسـی رۆڵـی ئایین لەمڕۆماندا و پێی وایـە کـە زەحمەتـە ئایینـەکان بتوانـن وەڵامـی تـەواوی کێشـەکانی مرۆڤایەتـی بدەنـەوە.

لەسـەرەتادا نووسـەر دەڵێت: بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئایینە نەریتییەکان لـە دونیـای سـەدەی بیستویەکدا پێویستە سێ جۆری گرفت لەیـەک جیا بکەینـەوە: ١/ گرفتـە تەکنیکییـەکان. بـۆ نموونـە چـۆن ئایینـەکان مامەڵـە لەگـەڵ وشکەسـاڵیدا دەکـەن، کـە بەهـۆی گەرمبوونی زەوییـەوە ڕووبـەڕوی جیهـان بۆتـەوە. ٢/ گرفتـە سیاسـییەکان. بـۆ نموونـە کێشـەی ژینگـە چـۆن دەبێـت چارەسـەر بکرێـت. ٣/ گرفتـە شوناسـییەکان. چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی کۆچبـەر و هاوڵاتی بـوون دەکـەن. ل٢١٩

ئەمانـە ئـەو پرسـیارە گرنگانـەن کـە نووسـەر لـە بـارەی رۆڵـی ئایینـەوە دەیـکات و هەوڵیش دەدات وەڵامێکیان بـۆ بدۆزێتـەوە.

هـەراری پێـی وایـە سـەرکەوتنە زانسـتییەکان هێنـدە تێروتەسـەل بـوون، کـە تێڕوانینمانـی بـۆ ئایین گۆڕیـوە، چیـدی ئایین بـە کشـتوکاڵ و پزیشـکییەوە نابەسـتینەوە. ئایینـە نەریتییـەکان ڕەوایەتییەکـی زۆریـان لـە دەسـتداوە، چونکـە لـە بـواری کشـتوکاڵ و تەندروسـتیدا بەرهەمێکـی ئەوتۆیـان نەبـووە.ل٢٢١

رۆڵی خراپی ئایین و ناسیۆنالیزم

هـەراری پێـی وایـە لـە ئێسـتادا هێـزە ناسـیۆنالیزم و ئایینـەکان نـەک ناتوانـن کێشـەکان چارەسـەر بکـەن، بەڵکـە بوونەتـە کێشـەش بـۆ مرۆڤایەتی. لەمبارەیـەوە دەڵێـت: ناسـیۆنالیزم و ئایین هێشـتاش شارسـتانیەتی مرۆڤایەتـی بـۆ ئـوردوگای جیـاواز و زۆرجاریـش دژ بەیـەک دابەش دەکـەن،

ئـەم بەرکەوتنـەی نێـوان کێشـە جیهانییـەکان و شوناسـە ناوچەییـەکان خۆی لـە کۆمەڵـە قەیرانێکدا دەردەخـات کـە لـە ئێستادا یەخـەی گەورەترین کۆمەڵـەی فـرە کولتـووری یەکێتـی ئەورووپـای گرتـووە. ل ٢٣٥

یەکێتیی ئەورووپا و کێشەکانی

یەکێتـی ئەورووپـا وەکـو مۆدێلێکـی سیاسـی و ئیـداری و کەلتـووری، مایـەی گرنگی پێدان و زۆرجاریش هەست دەکـەم کە مایـەی سەرسـامیی نووسـەرە. لەپەنائەوەشـدا نووسـەر نایشـارێتەوە کـە ئـەم ئەزموونـە سیاسـییەش کەوتۆتـە بـەردەم کۆمەڵێـک کێشـەی گـەورەوە.

لەمبارەیـەوە دەڵێـت: یەکێتـی ئەورووپـا لەسـەر بەڵێنـی تێپەڕاندنـی جیاوازییـە کەلتوورییەکانـی نێـوان فەرەنسـایی، ئەڵمانـی، ئیسـپانی، یۆنانـی دروسـت بـوو، بـەڵام ئەگـەری هەیـە نەتوانێـت جیاوازییـە کەلتوورییەکانـی نێـوان ئەورووپاییـەکان و کۆچبـەرە ئەفریقایـی و خۆرهەڵاتییـەکان لـە خـۆ بگرێـت و هـەرەس بهێنێـت. ل ٢٣٦

دواتـر بـاس لـە یەکێـک لـە کێشـە گەورەکانـی ئەورووپـا دەکات کـە ئەویش «کۆچ» ە کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی بەهێزبوونـی رەوتـە فاشیسـت و ناسیۆنالیسـتەکان.

مەسەلەی کۆچ

پرسـێکی گرنگـی تـر کـە نووسـەر تیشـکی خسـتۆتە سـەر مەسـەلەی «کۆچ» ە کـە لـە ئێسـتادا ئەورووپـا پێـوەی دەنالێنێت. نووسـەر هەوڵیـداوە لـە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە سـەیری ئـەم کێشـە گەورەیـە بـکات.

ئەگـەر ئەورووپـا کۆچبەرانێکـی زۆر لـە خۆرهەڵاتـی ناویـن وەربگرێـت، لـە ئاکامـدا هاوشـێوەی خۆرهەڵاتـی ناوینـی لـێ دێـت.ل٢٤٢

دیـارە لـە ئێسـتادا دوو بۆچوونـی دژ بەیـەک لـە ئەورووپـادا لەبـارەی پرسـی کۆچبەرانـەوە هەیـە، هەندێـک لەگـەڵ کردنـەوەی دەرگاکان و

هەندێکێش دژی ئەوەن دەرگا بەرووی کۆچبەراندا بکرێتەوە. وەکو نووسەریش دەڵێت: ئەمە باسێکە لە نێوان دوو تێڕوانینی سیاسی ڕەوادا کە پێویستە لە ڕێگەی ڕوانگە ستانداردە دیموکراسییەکانەوە بە ئەنجام بگات. ل ٢٥٩

دواتریش نووسەر بەگرنگییەکی زۆرەوە سەیری چۆنێتی پرسی کۆچ لە ئەورووپادا دەکات و بە پێوەرێکی گرنگی دادەنێت بۆ سەرکەوتنی مۆدێلی لیبراڵی و دیوکراسی لە جیهاندا.

نووسەر دەڵێت: لە ئێستادا دیار نییە ئەورووپا بتوانێت ڕێگەیەکی نێوانبڕ بدۆزێتەوە کە بتوانێت سنووورەکانی بە کراوەیی بە ڕووی بێگانەکاندا بهێڵێتەوە، بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەو کەسانەوەی کە لە بەهاکاندا هاوبەش نین، ڕووبەروی ناسەقامگیری نابێتەوە، ئەگەر ئەورووپا لە دۆزینەوەی وەها ڕێگەیەکدا سەرکەوتوو بێت، ڕەنگە بکرێت لە ئاستێکی جیهانیشدا سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆژەیە شکست بهێنێت، دەکرێت نیشاندەری ئەو ڕاستییە بێت کە باوەڕبوون بە بەها لیبراڵییەکانی ئازادی و لێبوردەیی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ کەلتوورییەکانی جیهان و یەکخستنی مرۆڤایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی جەنگی ناوکی و تێکچوونی ژینگەیی و دابڕانی تەکنەلۆژی، ئەوا شانسی مرۆڤەکان لە زاڵبوونی بەسەر ململانێ زۆر قوواڵترەکانی دیکەدا کە شارستانیەتە جیهانییەکانی گرتووەتەوە، دەبێت چەندە بێت؟!.

مەسەلەی جەنگ و دژایەتیی تیرۆر

پاشان هەراری باسی کێشەیەکی گەورەی تر دەکات، کە ئەمڕۆ جیهان پێوەی دەنااڵێنێت، ئەویش تیرۆرە. لەمبارەیەوە ئەم نووسەرە خاوەنی بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی، کە تەواو جیاوازە لەگەڵ بۆچوونی زۆربەی بیرمەندانی تری جیهان، ئەو بە شێوەیەکی زانستیی و بە پشت بەستن بە زانستی دەروونشیکاریی و ئاماری کوژارو بریندارەکان

لـه جیهانـدا، شـرۆڤەی خـۆی لەمبارەیـەوە دەخاتـە ڕوو. کـە تاڕادەیـەک جیـاوازە لـە هـی بیرمەندانـی تـر.

نووسـەر بـە پشت بەسـتن بـە کۆمەڵێک ئامـاری گرنگ، پێی وایـە کـە لـە ئەمرۆماندا، تووندوتیژی هێنـدە مەترسـی بـۆ سـەر مرۆڤایەتـی نییـە، هێندەی مرۆڤەکان بـە نەخۆشـی دەمـرن، کەمتر بـە جەنگ و تووندتیژی دەمـرن.

لەمبارەیـەوە دەڵێت: ئـەم چەند دەیـەی دوایـی ئاشـتیانەترین قۆناغـی مێـژووی مرۆڤایەتـی بـووە. لـە کۆمەڵگـە کشـتوکاڵییە سـەرەتاییەکاندا تووندوتیژی مرۆیی لـە ١٥٪ ی خەڵکی کوشـتووە، لـە کاتێکدا ئـەم ڕێژەیە لە سـەدەی بیسـتدا ٥٪ بـووە، ئەمـڕۆ تەنهـا لـە١٪ خەلکی بەهـۆی تووندوتیژی مرۆییـەوە گیـان لـە دەسـتەدەدەن.

دەشڵێت: ١,٢٥ ملیـۆن کـەس بەهـۆی ڕووداوی هاتوچـوو مـردوون، ٣,٥ ملیـۆن کـەس بەهـۆی نەخۆشـی شـەکرە. بەهـۆی پیسـبوونی ژینگـە ٧ ملیـۆن کـەس مـردوون .

دواتریـش قسـەی زیاتـر لەبـارەی تیـرۆرەوە دەکات و دەڵێـت: تیـرۆر چەکـی پەراوێزخـراو بەشـە لاوازەکـەی مرۆڤایەتییـە.

ئەگەرچی تەحەداکان بێپێشینەن و ئەگەرچی ناکۆکییەکان بەهێزن، بەڵام ئەگـەر بەسـەر ترسـەکانماندا زاڵ بین و کەمێک لەبـارەی بیروڕاکانمانـەوە خاکـەڕا بین، ئـەوا مـرۆڤ دەتوانێت بەسـەر ئەواندا زاڵ بێت و بارودۆخـی خـۆی باشـتر بکات.

لە هەمووشی گرنگتر بۆمن، بۆچوونیەتی لەبارەی تیرۆریستانەوە:

تیرۆریسـتەکان مامۆسـتای کۆنترۆڵکردنـی مێشـکن، ژمارەیەکـی کـەم دەکـوژن، بـەڵام تـرس دەخەنـە دڵـی ملیۆنـان کەسـەوەو بونیادەیڵێکـی هاوشـێوەی پەیمانـی ئەورووپـا بەزاڵـە دێنـن. ل ٢٦٣

تیرۆریسـتەکان وەکـو جەنەڕاڵـی سـووپاکان نـا، بەڵکـو هاوشـێوەی شانۆنووسـەکان بیردەکەنـەوە. ئەوانەشـی ڕووبـەڕوی تیرۆریـزم دەبنـەوە، پێویسـتە زیاتـر وەکـو شانۆنووسـەکان بیربکەنـەوە، نـەک جەنەڕاڵێکـی

سووپا.

مانای دەقیقی وشەی تیرۆریزم، بریتییە لە ستراتیژییەکی سەربازی کە هیواخوازە لە بری ژیانی مادی لە ڕێگەی دروستکردنی ترسەوە بارودۆخی سیاسی بگۆڕێت.

بۆچی زلهێزەکان جەنگ ناکەن؟

نووسەر شارەزاییەکی زۆرباشی لە بارەی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە، ئەمەش سوودێکی زۆرباشی بە نووسەر بەخشیوە، تاوەکو باشتر لە دونیای ئەمڕۆمان بگات. نووسەر پێی وایە لە ئەمڕۆماندا جەنگ لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان کارێکی ئەستەمە ئەوەش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، گرنگترینیان ئابووریییە. لە ئێستادا ژێرخانی ئابووری جیهان بەو شێوەیەی جاران نییە، کە هێزێکی داگیرکەر بێت و دەست بەسەر خیروبێری وڵاتان بگرێت.

هەراری دەڵێت: ئەمریکییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەداگیرکردنی کانە زێڕەکانی کالیفۆرنیا و کێڵگە کشتووکالییەکانی تەکساس، بڕەویان بە خۆیان دا، بەڵام ئەو ڕێگەیە لەسەدەی بیستویەکدا تەنها دەستکەوتێکی زۆر کەمی هەیە، ئەمڕۆ سەرچاوەی سەرەکی ئابووری، زانستی و تەکنۆلۆژی و دامەزراوەییە نەک گەنم و تەنانەت کێڵگەی نەوتیش، تۆ ناتوانیت لەڕێگەی جەنگەوە زانست بەدەستبهێنێت.

دوو هۆکاری تریش ئەگەری جەنگ لە نێوان زلهێزەکان کەم دەکەنەوە ئەوانیش پەیوەندییان بە بوونی چەکی ئەتۆمی و بوونی جەنگی سایبیرییەوە هەیە.

پرسیار لەبارەی ژیان و مەرگەوە

مەسەلەی ژیان، بابەتێکی گرنگی تری ئەم کتێبە پێکدەهێنێت و قسەی زۆر جوان لەبارەی ژیان و مەرگەوە دەکات.

کاتێک خەڵکی پرسیار لەمانای ژیان دەکەن، چاوەڕێی ئەوەن کە چیرۆکێکیان بۆ بگێڕێتەوە، مرۆڤی ژیر ئاژەڵێکی چیرۆکخوانە، کە لە چوارچێوەی چیرۆکدا بیردەکاتەوە، نەک لە ژمارە و هێڵکاریدا و بڕوای وایە کە بوون، هاوشێوەی چیرۆکێک دەجوولێتەوە کە لێوانلێوە لە پاڵەوان و خراپەکار و ململانێێی چاکاسازی، خاڵی لووتکە و کۆتاییەکی خۆش.

دواتریش دەڵێت: ئەگەر دەتانەوێت لەمردن تێبگەن، پێویستە لە ژیان تێبگەن.

سیستمی پەروەردەو فێربوون

نووسەر پانتایی باش بۆ سیستمی فێربوون دادەنێت و بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی دادەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان و دەڵێت:زۆرێک لە شارەزایانی پەروەردەو فێرکردن بڕوایان وایە پێویستە قوتابخانەکان چوار مەرجیان تێدابێت کە بریتین لە: بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، پێوەندی، هاوکاریی و داهێنان. پێویستە قوتابخانەکان ئاستی هونەرە تەکنیکییەکان کەم بکەنەوەو جەختێکی زیاتر لەسەر ئامانجە گشتییەکانی هونەرەکانی ژیان بکەنەوە،

سەردەمی مێتا حەقیقەت

چەمێکی نوێی تر کە هەراری دایهێناوە(مێتا حەقیقەت)ە. لەمەشدا تەکنەلۆژیا رۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت، بۆ سەرلێشواندنی مرۆڤ و

زاڵبوونی درۆ بەسەر راستیدا.

لەمبارەیەوە دەڵێت: ئەم سەردەمە نوێیەی تێیدا دەژین، سەردەمێکی ترسناکی «مێتا حەقیقەت»ە، کە تێیدا چواردەورمان بە تەواوەتی بە درۆ و ئەفسانە گیراوە.

ئەگەر کوشتن لەبەر خاتری دادپەروەریی کارێکی دروست بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە درۆکردنیش کارێکی دروستە.

ئەگەر هەزاران کەس بۆ ماوەی مانگێک بڕوا بە چیرۆکێکی دروستکراو بکەن، ئەوا ئەو چیرۆکە دەبێت بە هەواڵێکی درۆینە، کاتێک ملیاردێک کەس بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بروا بەو هەواڵە بکەن، ئەوا ئەو چیرۆکە دەبێت بە ئایین، دواتریش ئامۆژگاری دەکرێین کە بە «هەواڵی درۆینە «ناوی ئایین نەبەین، بۆ ئەوەی هەستی ئیماندارەکان بریندار نەبێت یان تووڕە نەبن. ل ٣٧٥ دواتر باس لە قسەیەکی جۆزێف گۆبڵزی وەزیری پروپاگەندەی نازییەکان دەکات و دەڵێت:

ئەگەر درۆیەک یەکجار بگوترێت، وەکو درۆیەک دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر درۆیەک هەزارجار بگوترێتەوە، دەبێتە حەقیقەت.

ئامانجی هێز گۆڕینی واقیعە، نەک بینینی حەقیقەت بەو شێوەیەی کە هەیە، کاتێک چەکوشتان بە دەستەوەیە، هەموو شتێکتان وەکو بزمار دێتە بەرچاو، کاتێک خاوەنی هێزیکی زۆرن، هەموو شتێکتان وەکو بانگهێشتکردن بۆ دەستێوەردان دەبینن.

هێزێکی مەزن وەکو چاڵێکی رەش کار دەکات، کە فەزای دەوروبەری خوار دەکات.

سیاسەتمەدار

زۆر بیرمەند قسەی لەبارەی کەسایەتی سیاسەتمەدارەوە کردووە، لێ هەراری لەمەشدا خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی و دەڵێت: هەرکاتێک سیاسەتمەدارەکان لەناو کۆمەڵێک دەستەواژەی نهێنیئامێزدا

قسەیان کرد، ئاگادارین، رەنگە لە هەوڵی ئەوەدابن ئازاری راستەقینە بە لەفافی دەستەواژەی ناڕوون بشارنەوە. ئاگاداری وشەکانی خوارەوە بن: قوورباني، نەمری، پاکی، ڕزگاری، ، بیستنی هەریەک لە مانە حوکمی زەنگی مەترسی هەیە.

پێشبینیکردن بۆ داهاتوو زەحمەتە

خاڵێکی سەرنجراکێشی تر مەسەلەی پێشبینیکردنە بۆ ژیانی داهاتوو یان ژیانی پەنجا ساڵی تر. لەمەدا نووسەر خاوەنی بۆچوونێکی تایبەتە. هەراری دەڵێت: ئەگەر کەسێک لە ساڵی ١٠١٨ دا لە چین بژیبایە دەیزانی ڕێی تێدەچێت ئیمپراتۆریەتی سۆنگ لە ساڵی ١٠٥٠ دا بڕووخێت و ئەگەری هەیە کە تاعون ملیۆنان کەس بکوژێت، لەهەمانکاتیشدا چینییەکان لە ساڵی ١٠٥٠ هەر خەریکی کاری کشتوکاڵ و چینین بن، بەڵام لە بەرانبەردا ئەمڕۆ هیچ نازانین کە چین و سەرباقی دونیا ساڵی ٢٠٥٠ دا بە چ شێوەیەک دەبێت؟ نازانین خەڵکی چۆن دەژین؟ سوپا و دیوەخانەکان چۆن دەجووڵێنەوە.

هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە: ئێمە لە سەدەی بیستویەکدا ڕووبەڕوی حەجمێکی زەبەلاحی زانیاری دەبینەوەو تەنانەت سانسۆرکارانیش هەوڵ نادەن ڕێگەیان لێ بگرن، بەڵکو لە بری ئەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی زانیاری هەڵەن، یان بە بابەتی بێ پێوەندییەوە سەرقاڵمان دەکەن..

یۆگا وەکو رزگارکەر

لە هەمووی سەیرتر بەلامەوە دەرئەنجامی بیرکردنەوەی هەراریە، کە پێی وایە مرۆڤ لە ڕێگای «یۆگاوە» دەتوانێت بەسەر کێشەکانی ناخیدا زاڵ بێت. جێگەی ئاماژەیە مەسەلەی «میدیتەیشن» ماوەیەکی زۆرە لەناو جیهاندا برەویی هەیە، جاران تەنها لە هیندوستان خەڵکی

گرنگی پێدەدا، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا، لە تەواوی جیهاندا گرنگی بەم وەزرشە عیرفانییە دەدرێت.

هەراری دەڵێت: وێڕای هەموو ئەو کتێبانەی خوێندبوومەوەو ئەو هەموو بەشدارییەی وانەکانی زانکۆ، بە نزیکەیی هیچ شتێکم لەبارەی هزری خۆمەوە نەدەزانی و کۆنترۆڵێکی زۆر کەمم بەسەریدا هەبوو. ل٤٨٧

دواتریش دەڵێت: میدیتەیشن بۆ من، هەرگیز دژی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبووە، بەڵکو هاوشێوەی ئامڕازێکی بایەخداری دیکە لە کۆمەڵەی ئامڕازە زانستییەکاندا کاریکردووە، بەتایبەتی کاتێک هەوڵ دەدەین لە هزری مرۆیی تێبگەین. زانست لە ڕاڤەکردنی نهێنییەکانی مێشکدا کێشەی گەورەی لە پێشدایە، چونکە ئامڕازی پێویستمان لە بەردەستدا نییە.

میدیتەیشن لە بنەڕەتدا میتۆدێکە بۆ تێبینیکردنی ڕاستەوخۆی هزری خۆت.

دوا قسە

دامنابوو قسەی زیاتر لەبارەی ئەم کتێبەوە بکەم، بەڵام پێمباش نییە باسی بەشێکی زۆری ئەم کتێبە بۆ خوێنەران بکەم، باشترە خۆیان بچن کتێبکە بخوێننەوە، زانیاریی و چێژی زیاتری لێوەردەگرن.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم، هەراری لە ئێستادا خاوەنی تێڕوانینێکی زۆر جوانە بۆ ژیان و مرۆڤایەتی، هیوادارم لە جیهاندا بڕەوی زیاتر بە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی بدرێت، بەتایبەتی لە کوردستاندا.

سەرچاوەکان

١-ئیبن روشد. کتێبی فەسلول مەقال. سەبارەت بە سەلماندنی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و شەریعەت. وەرگێڕانی: مەریوان عەبدول. پێداچوونەوەی ڕێبوار ئەحمەد و عادل عەبدوڵڵا. چاپی دووەم. ناوەندی ڕەهەند. سلێمانی. ٢٠١٩

٢- شهاب الدين السهروردي. حكمة الاشراق. مراجعة و تقديم: إنعام حيدورة. دار المعارف الحكيمة. ٢٠١٠

٣- المنطق الإشراقي عند شهاب الدين السهروردي، محمود محمد علي. دار مصر العربية للنشر و التوزيع.١٩٩٩

٤- محمود محمد علي. السهروردي المقتول.. رائد المنطق الإشراقي. www.almothaqaf.com

٥- یەحیا یەسریبی. قەلەندەر و قەڵا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە : ئازاد بەرزنجی. ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ٢٠٢١

٦. Jose Punnamparambil. Rabindranath Tagore. Dichter, Philosoph, Maler, Sozial – und Bildungsreformer.www.nrhz.de

٧. رابندرانات تاغور.. البيت و العالم.ترجمة، د. شوكري محمد عياد. الطبعة الاولى. دار الهلال. مصر. ١٩٧٧.

٨. رابندرانات تاغور. ذكرياتي. ترجمة. صلاح صلاح. منشورات المجمع الثقافي. الطبعة الاولى.ابو ظبي. الامارات العربرية المتحدة. ١٩٩٥

٩.رابندرانات تاغور.روائع في المسرح و الشعر. ترجمة: بديع حقى. الطبعة الاولى.دار المدى للثقافة و النشر. ديمشق. ١٩٩٨.

١٠. رجاء النقاش.شعراء العالميون. الطبعة الاولى. دار اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي. ٢٠٠٧

١١.. Jose Punnamparambil. Rabindranath Tagore.

Dichter, Philosoph, Maler, Sozial und Bildungsreformer. www.nrhz.de

١٢.طارق طيب الامين. طبيعة الوجود - حديث بين رابندرانات تاغور وآينشتاين.سايتى دائرة المعرفة.

١٣. Tagore-Rabindranath Sprchewww.gratis-spruch. /de

١٤. Rabindranath Tagore.www.Zitate-online.de

١٥. Jiddu Krishnamurti. www.uni-protokolle.de

١٦. Jiddu Krishnamurti spricht ber die Liebe.\ www. doormann.tripod.com

١٧.ديمتري أفييرينوس. أضواء على فكر كريشنامورتي. www. ٥٠megs.com.maaber

١٨..أفكار متفرقة – كريشنا مورتي. ٠٠٢ wordpress.com.ahlam www.

١٩.كريشنا مۆرتى. يەكەمين و دواييىن ڕۆژگارى، وەرگێرانى سەعيد سەيدى. چاپى يەكەم، دەزگاى توێژينەوەو بڵاوكردنەوەى موكريانى. هەولێر. ٢٠٠٩.

٢٠. كريشنا مۆرتى. چاكە و خراپە. وەرگێڕانى، ئازاد بەرزنجى. چاپى يەكەم. دەزگاى چاپو بڵاوكردنەوەى سەردەم. سلێمانى. ٢٠١٤

٢١. ئۆشۆ. نهێنييەكانى ژيان. وەرگێڕانى لە ئينگليزييەوە: ئازاد بەرزنجى. چاپ و بڵاوكردنەوەى ئەندێشە. سلێمانى. ٢٠١٣.

٢٢. ئۆشۆ. حكايەتەكانى ئۆشۆ. وەرگێڕانى: محەمەد كەريم. چاپى يەكەم. دەزگاى چاپو پەخشى سەردەم. ٢٠١٦. سلێمانى.

٢٣. داريوش شايگان. ئاسيا لەبەرامبەر خۆرئاوا. وەرگێرانى لەفارسيەوە: شۆڕش جوانڕۆيى، مامەند رۆژە. چاپى يەكەم. خانەى وەرگێڕان. سلێمانى.٢٠٠٤

٢٤. Susanne Haiden.Wo und warum entschtand Philosophie www.univie.ac.at
٢٥. Griechische Philosophen: Alles durchdacht. /www. geo.de
٢٦.الفلسفة: العوامل التي ساعدت في ظهورها، ولماذا اليونان؟. www. sotor.com
٢٧.ویل دیورانت. قصة حضارة. ترجمة : محمد بدران. الجزء السادس. دار الجبل. بیروت. ١٩٨٨
٢٨. طالیس ملطي. قصة فلسفة.ترجمة من فرنسية: السید عبدالله حسین.الطبعة الاولی. مکتبة الثقافة الدینیة. قاهرة. ٢٠٠٧.
٢٩.دیف روبنسون. جودي جروفز. اقدم لکم الفلسفة. ترجمة : امام عبدالفتاح امام. مجلس الاعلی للثقافة. ٢٠٠١
٣٠.وێل دیورانت.سەربردەی فەلسەفە. بەرگی یەکەم. وەرگێرانی «تاریق کاریزی. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی. چاپی یەکەم.٢٠٠٧..
٣١. Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes. Die bertragungaus dem English.Elisabeth Fischer –Ruth Gillischwski. Europa verlag.١٠.Auflage .٢٠٠١. Wien
٣٢.د. کەمال پولادی. مێژووی هزری سیاسی لە خۆرئاوا. وەرگێرانی. ئازاد وەلەدبەگی، سیروان جەبار زندی. دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم.هەولێر. ٢٠٠٥.
٣٣.ئەفلاتون. پۆزش.وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە. ئاوات ئەحمەد. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.چاپی یەکەم.٢٠٠٢.
٣٤.رجاء النقاش.فلاسفة و فنانون.دار اطلس للنشر و الاعلام.الطبعة الاولی.٢٠٠٥.
٣٥.رجاء النقاش.شخصیات و تجارب. دار اطلس للنشر و الاعلام. الطبعة الاولی. ٢٠٠٤.

٣٦.پـاش دووهـەزار پێنـج سەدسـاڵ سـوکرات بـێ تـاوان دەرچـوو. سـایتی سـبەی.٢٨,٠٥,٢٠١٢
٣٧... محمـد زکریـا توفیـق. ارسطو.سـایتی الحـوار المتمـدن. www. ahewar.org
٣٨. د. محمـد زکریـا توفیق.فکـر و فلسـفة ارسـطو. سـایتی الحـوار المتمـدن. www.ahewar.org
٣٩.د. محمد توفیق زکریـا. أرسطو، فکر تحتاجه بلادنـا. سایتی الحوار المتمدن.
٤٠. ویـل دیورانـت. مێـژووی فەلسـەفە لـە ئەفلاتوونـەوە بـۆ جـۆن دیـوی. وەرگێرانـی: ئەحمـەد سـەیید عەلـی بەرزنجـی. چاپـی یەکەم.خانـەی وەرگێـڕان. سـلێمانی.
٤١. Jahre Luther-Bann: Neuer ٥٠٠ .www.dw.com/de Anlauf derkumene
٤٢. de.www.luther٢٠١٧ .
٤٣. Jahre__٥٠٠/www.ard.de/home/wissen Reformation__Luther_und_die_Revolutionaere
٤٤ . Barbara Beuys.Luthers Glaube und seine Erben. ١٩٨٢.Rowohlt Verlag. Hamburg
٤٥. مارتن لوثر، الإصلاحي. سایتی.www.deutschland.de/ar
٤٦. هاشـم صالح.من الإصـلاح الديني إلى التنوير الفلسـفي. رۆژنامـەی «شرق الاوسط» الجمعة – ١٥ ذو الحجة ١٤٣٥ هـ – ١٠ أكتوبر ٢٠١٤ مـ رقم العدد [١٣١٠٠]
٤٧. Luther der Groe. /www.faz.net .
٤٨. / ٥٠٠ سـنة علـى انشـقاق مارتـن لوثـر عـن الكنيسـة الكاثوليكيـة. رۆژنامـەی النهـاری لوبنانـی newspaper.annahar.com
٤٩. Julia Knig. Judenfeindschaft von der Antike bis zur Neuzeit. www.bpb.de

٥٠. www.zeno.org/Soziologie/M/max weber/ .
٥١. Die protestantische Ethik und der Geist des Kapitalismus. Max Weber. c.h.beck verlag ٢٠١٣.
٥٢. هاشم صالح. ديكارت و معركة خطرة مع الذات. سايتى الاوان.
٥٣. احمد العلمي. سيبونزا و ابن رشد. سايتى الاوان
٥٤. هاشم صالح. كانط... أكبر فيلسوف في العصور الحديثة؟. المبادئ التي دعا إليها أصبحت مبادئ للشعب الألماني والشعوب الأوروبية رۆژنامەی الشرق الاوسط. الخميس - ٢ شهر رمضان ١٤٣٩ هـ - ١٧ مايو ٢٠١٨ مـ رقم العدد [١٤٤١٥]
٥٥. هاشم صالح. محطات الكبيرة في فلسفة الاوروبية. سايتى الاون.
٥٦. هاشم صالح. ذكرى مرور ٣٠٠ عاما على مولد ديدرو. سايتى الاوان.
٥٧. د. عبدالجبار المنديل. روسو و عصر التنوير في اوربا. ڕۆژنامەی المدى. ٢٠١٢,٠٦,١٩ .
٥٨. دينا مندور. فيلسوف تنوير في عشر الكلمات. ڕۆژنامەی المدى. ٢٠١٢,٠٦,١٩
٥٩. ڕامين جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادى. وەرگێڕانى: عەتا جەمالّى. چاپى يەكەم. دەزگاى چاپ و پەخشى موكريان.هەولێر.٢٠٠٩.
٦٠.د. زەكريا ئيبراهيم. كێشەی ئازادیی سياسى. وەرگێڕانى: شوان ئەحمەد. چاپى يەكەم.خانەی وەرگێران. سلێمانى.٢٠١١..
٦١. ئايزايا بێرلين. ئازادیی و خائينانى. وەرگێڕانى: مەنسور تەيفورى. چاپى يەكەم. دەزگاى چاپ و پەخشى موكريانى. سالّى٢٠١٠.
٦٢.نصير الخزرجي. مفهوم الحرية من الفلسفة اليونانية الى جان جاك روسو. ڕۆژنامەی المدى. ٢٠١٢,٠٦,١٩

٦٣. جان جاك رۆسۆ. پەيمانى كۆمەڵايەتى.. وەرگێڕانى: محمد صابر. چاپى يەكەم.لە بڵاوكراوەكانى چاپ وپەخشى سەردەم.

٦٤. زينة الربيعي. فولتير. جريدة المدى. الجمعة. ٢٠١١,٠٣,١٨
٦٥.محمد زكريا توفيق. فولتير رائد من رواد فلسفة التنوير فى القرن الثامن عشر. سايتى حوار المتمدن.
٦٦. Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes.die bertragung aus dem Englischen von : Elisabeth Fischer –Wernecke und Ruth Gillischewski. Europa Verlag ١٠ .Auflage.. ٢٠٠١
٦٤.فلسفة التعبير عند فولتير. ملحق جريدة المدى.١٨,٠٣,٢٠١٢
٦٥.www.bk-luebeck.eu/zitate-voltaire
٦٦.فولتير زعيم الانوار. جريدة المدى.١٨,٠٣,٢٠١٢
٦٧. هاشم صالح. مسيرة التنوير الفرنسي من تورغو إلى فولتير. سايتى حوار المتمدن.١٩,١٠,٢٠٠٢
٦٨. voltaire Briefwechsel mit Friedrich dem Groen und Katharina II. ausgewlt und bersetzt von. Walter Mnch.HansvonHugo Verlag Berlin. ١٩٤٤ S٨.
٦٩. چەند تێکستێکی وەرگێراو. نووسینی : چەند نووسەرێک.وەرگێرانی، ڕێبین هەردی. چاپی دووەمم، خانەی وەرگێران.سلێمانی.٢٠١١. لاپەرە ٦٩
٧٠. www.correspondance-voltaire.de
٧١.. اوسن حسن. مصادر فكر ديفيد هيوم. سايتى الاوان.
٧٢.ئارسەر شۆپنهاوەر. حیکمەتی ژیان. وەرگێڕانی ئارام ئەمین شوانی. چاپی دووەم. لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون. ٢٠١٩
٧٣. Der Marxismus zwischen Ideologie und Wissenschaft.. www.bpb.de.Prof.Dr.Armin Pfahl-Traughber
٧٤. www. Middle east online.com. الفينومينولوجيا عند هوسرل
٧٥. لەبارەی هایدگەرەوە، کۆمەڵە گۆتار. لەئەڵمانیەوە : کاوە جەلال. بڵاوکراوەکانی کۆنسێپت بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێبازی نوێ. ساڵی ٢٠١٢

٧٦. اشرف منصور. تاثيرات نيتشة على فلاسفة مدرسة فرانكفورت. سايتى ابن خلدون.
٧٧. / سيار الجميل. مفهوم المثقف عند غرامشي. /.www almadasupplements.net
٧٨/ سعد محمد رحيم.غرامشي والهيمنة الثقافية. / .www almadasupplements.net
٧٩/ مصطفى شلش. غرامشي في زمن المظاهرات. /.www almadasupplements.net
٨٠/ . . www.marx21.de.ANTONIO GRAMSCI: DAS HIRN FUNK- TIONIERTE WEITER
٨١. محمد ذكريا توفيق. جون ديوى و فلسفة البراجماتية. سايتى الاوان.
٨٢. ئەلبێر كامۆ، كەوتن، وەرگێرانى لە ئينگليزيەوە: سەيوان محەمەد. چاپى يەكەم، ناوەندى غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە. سلێمانى، ٢٠١٣.
٨٣. Wissenschaft und Emanzipation: Ernest Mandel. www.sopos.org. Christoph Jnke
٨٤. محمد نبيل. بيرتراند راسل. .assafir.com.www رۆژنامەى السفير لوبنانى.
٨٥.كلۆد ليڤى شتراوس. ئەفسانە و مانا. لە ئينگليزييەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان. دەزگاى رۆشنبيرى جەمال عيرفان. چاپى يەكەم. سلێمانى. ٢٠٢٠
٨٦. ماوريزيۆ پاسرينو دێنتريڤيس. فەلسەفەى هانا ئاريێنت. وەرگێڕانى: ئارام مەحمد. دەزگاى ئايديا. چاپى يەكەم. ٢٠١٧
٨٧. Manuel Kellner. Michael Lwy zum ٨٠.Geburtstag. /www.sozonline.de
٨٨ فرانسيس فۆكۆياما. رەگو ڕيشەى سيستمى سياسى. لە سەردەمى

پێش مرۆییەکانەوە تا شۆڕشی فەرەنسا. وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد سوڵتان. چاپی یەکەم. دەزگای دواڕۆژ بۆ روناکبیری و راگەیاندن. سلێمانی. ٢٠١٦.

٨٩. فرانسیس فۆکۆیاما. سیستمی سیاسی و داڕمانی سیاسی. لە شۆڕشی پیشەسازییەوە بۆ بەجیهانیکردنی دیموکراسی. وەرگێڕانی : ئاوات ئەحمەد سوڵتان. چاپی یەکەم. دەزگای دواڕۆژ بۆ روناکبیری و راگەیاندن. سلێمانی. ٢٠١٨.

٩٠. یوڤاڵ نوح هەراری. هۆشمەندەکان، بوختیەک لە مێژووی مرۆڤ. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، کارزان کاوسێن. چاپ و پەخشی ڕێنما. چاپی دووەم. ٢٠٢٠

٩١. یوڤاڵ نووح هەراری. ٢١ وانە بۆ سەدەی ٢١ . وەرگێڕانی: ئاری ڕەشید. دەزگای جەمال عیرفان. سلێمانی. ٢٠٢٠

بەرهەمەکانی نووسەر

١. ژنە مۆدێرنەکە. کۆمەڵە چیرۆک. کتێبخانەی سۆران. هەولێر. ٢٠٠٤.

٢. چەند دێڕێک لەسەر ولیەم ڕایش، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە، ژیاننامە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠٠٦.

٣. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. بزاڤی ڕۆشنبیریی سلێمانی. ٢٠٠٦.

٤. فەرەنسییە ڕۆمانسییەکان. ڕۆمان دەزگای ئاوێنە. ٢٠٠٨.

٥. چین زلهێزی نوێی جیهان. لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، ئابووریی ولاتی چینە، دەزگای ئاراس. ٢٠١٠/. ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن دەزگای ڕەهەندەوە چاپی دووەمی کرایەوە.

٦. دۆستیۆڤسکی لە قومارچییەکەوە بۆ پێغەمبەرێکی گەورەی ئەدەب. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١١.

٧. فاشیزم لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا. لێکۆلینەوەی سیاسی و مێژوویی لەبارەی چەمکی فاشیزم. دەزگای ئاراس. ٢٠١٢.

٨. خۆشەویستێکی ترسناک. هاروکی مۆراکامی، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. ڕۆمان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٢. ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن دەزگای ڕەهەندەوە چاپی دووەمی کرایەوە.

٩. لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. هاشم ساڵح. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٢.

١٠. جەوهەری مرۆڤ. ئەریک فرۆم. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە. دەزگای موکریان. ٢٠١٣. ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن دەزگای ڕەهەندەوە چاپی دووەمی کرایەوە.

١١. گەشتێک بەناو کولتووری ژاپۆنیدا. لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و میژوویییە لەبارەی وڵاتی ژاپۆن. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی. ٢٠١٣.

١٢. سۆناتای لەخاچدراو. تۆلستۆی. ڕۆمان. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. خانەی وەرگێڕان. ٢٠١٣. ساڵی ٢٠١٩ لە لایەن دەزگای ڕەهەندەوە چاپی دووەمی کرایەوە.

١٣. سەفەرنامەی نیبور لە سەدەی هەژدەدا بۆ عێراق و کوردستان. سەفەرنامە. وەرگێڕانی لە عەرەبی و ئەڵمانییەوە. دەزگای موکریان. هەولێر. ٢٠١٣.

١٤. دیالۆگ لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. کۆمەڵێک چاوپێکەوتن و دیداری فکری و ئەدەبییە، لە ساڵی ٢٠١٣ لە دەزگای سەردەم چاپ کراوە.

١٥. پیراندللۆ. چەند دێڕێک لەبارەی شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنووسی ئیتالی/نووسینی: عوض شعبان/ وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە. دەزگای سەردەم. ٢٠١٤.

١٦. تاوانەکەی کۆلینی، فێردینارد ڤۆن شیراخ. ڕۆمان. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٥.

١٧. ئێمیل زۆلا.جەژنەکەی کۆکوفیل. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠١٨.

١٨. ڕازی هۆرامی. کۆمەڵێک کورتە چیرۆک بە شێوەزاری هۆرامی. ٢٠١٨.

١٩. نەجیب مەحفوز، نووسەرێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. چاپی یەکەم. ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی. ٢٠٢٠.

٢٠. ئێمیل زۆلا. نووسەر و ڕووناکبیر و چالاکوانێکی مەدەنیی گەورەی فەرەنسا و جیهان. ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی. ٢٠٢٠

٢١. ئایا ڕوسیا دەبێتەوە بە زلهێزەکەی جاران. لێکۆڵینەوەیەکی

هەمەلایەنەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی تایبەت بە ڕوسیایە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی. ٢٠٢٠.
٢٢. ئێمیل زۆلا. لافاو. وەرگێڕانی: ئەردەڵان عەبدوڵڵا. نۆڤلێت.چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.سلێمانی.٢٠٢١
٢٣. ئەردەڵان عەبدوڵڵا. دواییـن ئاهەنگی شاهانە. ڕۆمان. چاپخانەی پاندا. سلێمانی. ٢٠٢٣
٢٤. بێرنارد شلینک. کچەزاکەم. ڕۆمان . وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. دەزگای چاپ و پەخشی ڕەهەند. ٢٠٢٤
٢٥. ئێمیل زۆلا. نانا. ڕۆمان. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. ناوەندی ڕۆمان بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە. سلێمانی.٢٠٢٤
٢٦. شتێڤان تسڤایک . ئەو منداڵەکەی کوشت ؟. نۆڤلێت . وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە. ناوەندی ڕۆمان بۆ پەخش و بڵاوکردنەوە. سلێمانی.٢٠٢٥

بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
لە ساڵی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)

ز	ناوی کتێب	نوسەر و وەرگێڕ	ساڵی چاپ
١	الدولة الفاشلة	عدنان منصور	٢٠٢٤
٢	پێکهاتنی ژیانی حزبایەتی لەجیهاندا	محمد فاتح	٢٠٢٤
٣	مواقف و آراء	جلال طالباني	٢٠٢٤
٤	شۆڕشی نوێ لە پراکتیکدا	جەلال تاڵەبانی	٢٠٢٤
٥	الهم الوطني	اعداد: محمد شيخ عثمان	٢٠٢٤
٦	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانی دژ بە تیرۆر	فەرید ئەسەسەرد	٢٠٢٤
٧	پۆپۆلیزم و دیدگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان	ڕێکەوت اسماعیل	٢٠٢٤
٨	بیرەوەرییەکانم	نەجمەدین گلی	٢٠٢٤
٩	دەرکەوتن لە میدیا ڕێنمایی سەرەتایی بۆ کاندید	بەهێز حسێن	٢٠٢٤
١٠	سنورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان	د. ئەکرەم میهرداد	٢٠٢٤
١١	بەشێک لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکان – بەرگی یەکەم	سامی قادر	٢٠٢٤
١٢	(تۆماری سەروەری (٨ بەرگ	ئازاد سەراوی	٢٠٢٤
١٣	جەنگی سارد	ڕێکەوت ئیسماعیل	٢٠٢٤
١٤	ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی دووەم	گۆران سەلام محمد	٢٠٢٥

١٥	ڕەهەندی تەندروستی ـ بەرگی سێهەم	گۆران سەلام	٢٠٢٥
١٦	الشرارة – دوو بەرگ	پرۆژەی هاوبەش – بنکەی ژین	٢٠٢٥
١٧	ڕاگەیاندن و هونەر لە شۆڕشی نوێدا	عەباس عەبدولڕەزاق	٢٠٢٥
١٨	شۆڕەشەک ژ هەلەمورا شۆڕەشەکێ کاروانێ ٣٨ شۆڕەشگێڕان	ن: بلند شالی کوردیکرن: محسن عەبدلڕەحمان	٢٠٢٥
١٩	پارتیزانەکانی دوای ئەنفال	محمد تەقی	٢٠٢٥
٢٠	فەرهەنگی سیاسی	برایم جەلال	٢٠٢٥
٢١	سەروەرانی زیندانیانی موسڵ	ئامادەکردنی: ئەمیرە محمد	٢٠٢٥
٢٢	شۆڕشی نوێ و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ	محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی	٢٠٢٥
٢٣	في ادبيات حركة الكردايتي	ن: ستران عبدالله ترجمه: علي شمدين	٢٠٢٥
٢٤	کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد	جەلال تاڵەبانی	٢٠٢٥
٢٥	یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەیدا	دەقی عەرەبی:جەلال تاڵەبانی وەرگێڕان: شاسوار جەلال	٢٠٢٥
٢٦	سەنگەر و خوێن	:ئامادەکردنی ئەمیرە محەمەد	٢٠٢٥

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یۆردی هۆشیاری